سیروان کاوسی

# مێژووی (500) ساڵەی دەسەڵاتدارێتی و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی (شیعە)!

## لە ئیمپراتۆریی سەفەوییەوە
## تا ئیمپراتۆریی ڕۆحوڵڵا خومەینیی!

بەرگی
(1) و (2)

سیروان کاوسی

# مێژووی (500) ساڵەی دەسەڵاتدارێتی و

# هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی (شیعە)!

## لە ئیمپراتۆریی سەفەوییەوە

## تا ئیمپراتۆریی ڕۆحوڵڵا خومەینیی!

**بەرگی**

**(1) و (2)**

ناوی پەرتۆک:

میژووی (500) ساڵەی دەسەڵاتداریتی و

هەرەسهینانی ئیمپراتۆریی شیعە لە ئیران!

نووسەر: سیروان کاوسی

تایپ و رازاندنەوەی بەرگ: سیروان کاوسی


چاپی یەکەم، لە چاپخانەی Digital Printservice AS, Oslo

مانگی جۆزەردانی ساڵی 2010، لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە.

ئەژمار: 1000 دانە

لەلایەن کتیبخانەی نیشتمانیی وڵاتی نۆرویژ ژمارەی:

ISBN 978-82-998231-1-1 دراوەتێ.


● ❊ ❊ ❊

بەرگی (2) مانگی ریبەندان ساڵی 2023

نووسەر: سیروان کاوسی

تایپ و رازاندنەوەی بەرگ: سیروان کاوسی

لە شاری کۆنکان- باکووری تایلاند لە شیوازی پەرتۆک ئامادە کراوە.


مافی چاپکردنی تەنێ بەدەست نووسەرە!

# نێوەرۆك


چەند وشەیەک بۆ چاپی بەرگی (1) ........................................ 9

پێشەکی مامۆستا کامیل ژیر ............................................ 11

پێشەکی مامۆستا جەمال نەبەز.............................................. 16

چوونە نێو باس ...................................................... 19

رەگەز و رەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەویی.................................. 25

بۆچی بنەماڵەی شێخانی سەفەویی کە سوننە بوون، بوون بە شیعە؟ ....... 29

ئیسماعیل میرزای سەفەوی و دامەزراندنی یەکەمین ئیمپراتۆریی شیعە..... 33

شاتاماسپی سەفەویی رێ بۆ دەسەڵاتی چینی ئاینیی خۆشدەکات!............ 46

شا ئیسماعیلی دووەم ................................................... 49

شا عەباس پەرە بە دەسەلاتی ئیمپراتۆریی شیعە دەدات.....................52

شاعەباسی سەفەویی (سەگی بەر دەرگەی مەزاری ئیمام عەلی) ............ 57

سۆفییەکانی مرۆڤخۆری شاعەباسی سەفەویی ................................. 59

شا عەباس عێراقی داگیر کرد ........................................... 60

هێرشی ئەفغانەکانی سوننە و، رووخانی ئیپمراتۆرێی سەفەویی! ........... 62

سەرهەڵدانی نادر قولی کوردی خۆراسان و، لەنێوبردنی دەسەڵاتی ئەفغان.. 68

نادر قولی کێ بوو!؟ ..................................................... 70

بە دەسەڵاتگەیشتنی کەریمخان و دامەزراندنی حکوومەتی کوردیی زەند...... 76

رووخانی حکوومەتی زەند و دامەزرانی حکوومەتی ترکانی قاجاڕ ......... 83

حکوومەتی فەتحعەلیشای قاجاڕ و بووژانەوەی دەسەلاتی چینی ئاینیی ..... 92

حکوومەتی ناسرەدینشا و پەرەسەندنەوەی دەسەلاتی چینی ئاینیی ........110
پاشایەتیی موزەفەردینشا و سەرهەڵدانی شۆرشی نوێخوازیی لە ئێران ... 124
بەربەرەکانێی خوێناویی لە نێوان حکوومەتی قاجارٍ و ئازادیخوازان.......162
ململانێی نێو پەرلەمان لە بارەی یاسای بنچینەیی ولات ................ 167
یەکەمین جێژنی ساڵڕۆژی شۆرشی مەشرووتە ............................ 172
فەرمانی حەمەعەلیشا بۆ داگیرکردنی پەرلەمان .......................... 177
ئازادکردنی شاری تاران و هەڵاتنی حەمەعەلیشا ........................ 195
چارەنووسی ئەحمەدشا دوایین شای قاجارٍ و چارەنووسی شۆرشی نوێخوازیی 209
هەرەسهێنانی حکوومەتی قاجارٍ و، دامەزراندنی رژێمی پەهلەویی ........ 213
حکوومەتی حەمەڕەزاشا و رۆڵی کۆلۆنیالیزمی جیهانی لە پەرەپێدانی ئاین و ئاینزاکان........................................................ 233
بزافی دوکتۆر محەمەد موسەدق و دەرکردنی ئینگلیز لەئێران ............ 261
نەخشەی سێ کوچکەی بریتانیا، ئەمریکا و مەلاکان .................... 266
هۆکاری دژایەتیی چینی ئاینیی لە گەڵ "شۆرشی سپی" کە شا دایهێنا..... 274
روانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی رۆحوڵڵا خومەینیی لە سەردەمی پەهلەویدا 281
شا پەرە بە توانای سەربازیی دەدا و ئێران دەبێتە ژاندارمی نێوچەکە.... 293
هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و سیاسیی لە سەردەمی شا... 302
ئامانجی حەمەڕەزاشا لەپێکهێنانی "حزب رستاخیز" چی بوو؟ ............ 311
بارودۆخی ئۆپۆزسیۆنی دژ بە رژێمی شا لە نێوخۆ و لە دەرەوەی ئێران .. 316
تووشبوونی حەمەڕەزاشا بە نەخۆشیی شێرپەنجە روانگەی هاوپەیمانەکانی ..... 332

بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوا سالی تەمەنی رژێمی حەمەڕەزاشا. 346

گەرانەوەی ئایەتۆڵڵا خومەینی لە پاریسەوە بۆ ئێران .................. 360


## بەرگی (2)


پێشەکیی بۆ بەرگی (2) مامۆستا حیسامەدین (هیوا) خاکپوور ........... 363

دامەزرانی دەوڵەتی کاتیی بە فەرمانی ئایۆتۆڵڵا خومەینیی ............ 367

نەورۆزی خوێناویی سنە و، دەسپێکی گفتوگۆی نێوان رژێم و کورد ........ 373

جێنۆسایدی شار و هەرێمی نەغەدە و هۆکارەکانی ....................... 379

پاکتاوکردنی نەیارانی نێوخۆ، یەکالاکردنی دەسەڵات لە لایەن چینی ئاینی و

فەرمانی جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد.................................... 387

شەڕی دووەمی کوردستان و دووەم فتوای خومەینی لە دژی نەتەوەی کورد ..421

هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی شیعە و رێیەک بۆ چارەسەری پرسی کورد...... 438

ژێدەرەکان ......................................................... 450

وێنە ................................................................. 484

سەرچاوە ............................................................. 498

بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر ............................................ 502

## چەند وشەیەک بۆ چاپی ئەم بەرهەمە!

بیری نووسینی ئەم پەرتۆکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2000ی زایینیی، کە لە گۆڤاری "کۆنگرە" دا دەستمدابووە نووسینی زنجیرەوتارێک لە ژێر ناوی "ململانێی نێوان دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کوردەوە". سەرەڕای ئامادەکردنی گۆڤارەکە بە تەنیا باڵی و ئەنجامدانی چەندین ئەرکی دیکە تاکوو ساڵی 2007ی زایینیی توانیم سەرجەم 23 بەشی لێ بڵاوبکەمەوە. نێوەرۆکی بابەتەکەش وەک لەنێوەکەیڕا دیارە، تایبەت بوو بە نووسینەوە و شیکردنەوەی بیروباوەڕ و ئامانج و کردەوەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئیران و، لێکدانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئیرانەوە تاکو ئەوڕۆ.

ماوەیەک دوای بڵاوکردنەوەی چەند بەشێکی بابەتەکە، دڵخۆش بووم بەوەی کە لەلایەن خوێنەرەوەی گۆڤارەکەوە، پێشوازیکرا و گەلێک لە هاوبیران و نووسەران و مامۆستایانی دڵسۆز کە ژمارەکانی کۆنگرە دەگەیشتە دەستیان، داوایان دەکردلێم، کۆی ئەو زنجیرە بابەتە لە پەرتۆکێکدا بڵاوبکەمەوە.

لە کاتی ئامادەکردن و پێداچوونەوەی کۆبەرهەمەکە بۆ چاپ، سەرنج و بیرم ڕاکێشرایە سەر بابەتێکی گرنگتر، ئەویش ئەوە بوو بە پێویستمزانی بەرلە هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕ و کردەوەی دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەبێ لاپەڕەکانی مێژووی کۆنی سەدان ساڵی ڕابردوو هەڵبدەمەوە کە زەوینەخۆشکەربوون بۆ ئەوەی لە کۆتایی سەدەی بیستەم ڕژێمێک بە بیروباوەڕی بنچینەگرانەی ئیسلامییەوە، دابمەزرێت.

کورد گوتەنی، دیتم ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەبا، بەڵام چارم ناچاربوو، دەستمدابووە کارێک کە ڕێی گەڕانەوەم نەبوو. ئەوە بوو هەر لە سەرەتای ساڵی 2007 ەوە روومکردە پەرتۆکخانەی نێوەندیی شاری ئۆسلۆ، هەروەها لە

پەرتۆکفرۆشیی بریتانیا و ولاتی سوێد چەندین سەرچاوەی مێژوویيم دەسکەوت، یان لە پەرتۆکخانەی ئەو دوو وڵاتە بە ئەمانەت وەرمگرتن، دەستم بەخوێندنەوەیان کرد، دوای دووساڵ تێڕامان و شەنوکەوکردنی لاپەڕەکانی مێژووی کۆن و نوێی پێوەندیدار بە بابەتەکەوە، توانیم بەرگی (1) پێبگەیەنم و پێشکێشی خوێنەرەوەی هێژا و وڵاتپارێزی نەتەوەکەمی بکەم.

لەم پێوەندەدا سوپاسێکی گەرمی برای گەورەم، هاوڕێ و هاوبیری خۆشەویست مامۆستا دوکتۆر حسێنی خەلیقی دەکەم، کە چەند سەرچاوەیەکی بە نرخی ناساندپێم.

هێژای گۆتنە دوای تەواوبوونی بەرگی یەکەم، ناردم بۆ هاوبیرانی هێژام مامۆستا جەمال نەبەز و، مامۆستا کامیل ژیر، بۆچوون و سەرنجی خۆیان بە نووسراوە نارد بۆم، کە وێڕای سوپاسی گەرمم بۆیان، دەقی نووسینەکەیان وەک خۆی لە گەڵ ئەم پەرتۆکەدا بڵاو دەکەمەوە.

هیوامواية ئەم پەرتۆکە لە سووچێکی پەرتۆکخانەی کوردیدا جێی بێتەوە و خزمەتێکی بچووکم بە رۆشنبیریی کوردی کردبێت.

سیروان کاوسی

11/6/2010

## وتەیەک لەبارەی ئەم پەرتووکەوە!

**کامیل ژیر**

**سلێمانی: 1/8/2010**

ئەم پەرتووکەی هاوبیری هێژام مامۆستا سیروان کاوسی جگە لەوەی بەهایەکی زۆری مێژوویی هەیە و گەلێ زانیاری ئەوتۆی تێدایە کە ئەشێ لای ژمارەیەک رەمەکی خەڵک و رۆشنبیریش نەزانراوبێ، گەلێ وانەی نەتەوەییانەی ئەوتۆشمان ئەداتێ کە پەند و ئامۆژگارین بۆ نەوەکانی ئەمڕۆی نەتەوە ستەمدیدەکەمان و چراوگی رووکەرەوەی کاروانی خەباتی کوردایەتیمانن،

لەوانە:

1– نووسەر ئاماژە بۆ رۆڵی کۆلۆنیالیزمی جیهانی ئەکات لە پەرەپێدانی ئاینزای شیعەگەرێتیدا. راستییەکەی، کۆلۆنیالیزمی جیهانی هەر تەنیا لە پشتی پەرەپێدانی شیعەگەرێتییەوە نییە، بەڵکوو لەپشتی پەرەپێدانی هەموو ئاین و ئاینزاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوەیە. مەبەستیش لەم کردەوەیە جگە لە دژایەتیکردنی بەرەی چەپ لەسەردەمی سۆڤێتیدا، دانیشتوانی ئەم ناوچانە، زیاتر بۆ ئەو دنیای هەتا هەتایی بژین (بەپێی ئاین) و ئەوەندە بایەخ بە ئەم دنیای کاتی نەدەن. بەوەش ئەم کۆمەڵگا ئاینیانە، هەمیشە لە کەش و هەوای نەزانیندا، تەمەنە کورتەکەی ئەم دنیا بەسەر ئەبەن و بەلای زانست و تەکنەلۆجیادا ناچن. واتا، زانست و تەکنەلۆجیا کە کۆڵەکەی هەرە ئەستووری ئابووریی

ڕۆژاڤایە هەر پاوان ئەبێ بۆ خۆیان. بازاڕەکانی ولات و ناوچە ئاینییەکانیش، بازاڕی فرۆشتنی کاڵا و بەروبوومی زانست و تەکنەلۆجیایان ئەبێ. بەڵگە نەویستیشە کە سەرچاوەی دەسەلاتی سیاسی و هێزی سەربازیش لەمڕۆدا، هەر زانست و تەکنەلۆجیایە. بۆ ڕاستیی ئەم دید و بۆچوونەش، ئەگەر سەرنج بدەین، ئەبینین، هەتا ئەم چەرخی بیست و یەکەمینەش هیچ کام لە کۆمەڵگا ئاینییەکان، بە بێ مەکینە و ئامێر و ئەندازیار و شارەزای ڕۆژاڤا دەرزییەکیان بۆ دروستناکرێ، ئەوە لە کاتێکدا کە لە کۆمەڵگاکانی خۆیاندا، نەدەسەڵاتی سیاسی کەنیسەیان هێشت، نە ڕۆڵێکی ئەوتۆشیان بۆ ئاین هێشتەوە لە فەرمانڕەواییکردنی ولات و ئاراستەی کۆمەڵگەکانیاندا.

2– کاک سیروان، ئەوەی پێشانداوە کە نزیکەی هەشت سەدە لەمەوبەر، **تورکمانەکانی ئێران**، یاریدەدەری **مەغۆلەکان** بوون بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تیا نیشتەجێبوون و کوردیان لە زێدی باوباپیرانیان دەرکردووە، لەوانە: ئەو ئازەبایجانەی لە مێژووی کۆندا بە وڵاتی مادی گەورە دەناسرا. ئەمە پەندێکە، وریامان ئەکاتەوە کە ئەبێ هەمیشە بە ئاگابین لەو کەمینانەی لە کوردستاندا ئەژین. ئینجا خۆ ئەم وڵاتانەی دنیا هیچیان بە بێ کەمینە نین، بەڵام جیاوازی لەنێوان کەمینەیەک و کەمینەیەکیتردا هەیە. ڕاستییەکەی هەموو کەمینەیەک هەمیشە دڵی بۆ نەتەوە دایکەکەی خۆی لێئەدا. کوردیش هەروایە، لەهەر جێگەیەکبێ. ئەمە تایبەتمەندییەکی

سروشتییه له مرۆڤدا و ئاساییه، بەڵام کاتێک سنووری ئەو نەتەوەی دایکه نووسابێ بە سنووری ئەو وڵاتەی کەمینەی تیایه، مەترسییەک دروست ئەبێ. ئەگینا کەمینەیەک کە لە ولاتێکی دووردا بژی، مەترسییەکی نابێ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو ولاتە. بۆ نموونە: کەمینە فرەجۆرەکانی کە لە بەریتانیا ئەژین و ئەمڕۆ خەریکە لە پایتەختێکی وەک لەندەندا زۆرینەی دانیشتوانی ئەو پایتەختە پێکئەهێنن، مەترسییەکیان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بەریتانیا نییە. چۆنکە سنووری هیچکام لە هێندستان و پاکستان و عەرەبستان و ئەفریقا، بەسنووری بەریتانیاوە نەلکاوە. بەڵام کەمینە تورکمان و عەرەب و فارسەکان لە کوردستان، جێگەی مەترسین و پێویستە ڕێگەیان نەدرێ سیخوڕی ونۆکەری و چاوساغی بۆ نەتەوە دایکەکانیان بکەن.

3- نووسەر، ئەوەمان پێئەڵێ: بنەچەی سەفەوییەکان، نەتەوەی کورد بووە. بەڵام ئەو سەرچاوانەی لەسەردەمی شاکانی سەفەویدا نووسراون، بنەچەی سەفەوییەکان ئەبەنەوە سەر پەیامبەری ئیسلام و ئەسحابەکانی و ئیمامی عەلی، بەبێ هیچ بنەمایەکی زانستی. بەوەش، ئەگەر وابێ. واتا بنەچەی سەفەوییەکان، نەتەوەی عەرەبە. ئینجا وەنەبێ هەر سەفەوییەکان، بەڵکو هەرچی بنەماڵەی شێخ و سەید لە کوردستاندا هەیە، شەجەرەکەی خۆیان بردۆتەوە سەر پەیامبەری ئیسلام. بەو پێیە، نزیکەی نیوەی کوردستان کە بە

شێخ و سەید ناو ئەبرێن، ئەبێ عەرەب بن!! کە ئەوە هیچ ڕاستییەکەی تێدا نییە، بەڵکو (وەک کاک سیروانیش ئەڵێ) لەو سەردەمانەدا، ئەو بنەماڵانە ویستوویانە لای خەڵکی ڕەشوڕووتی کوردستان، وەک بنەماڵەیەکی پیرۆز خۆیان بنوێنن، هەر یەکە و بۆ مەبەستێک. ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستبووە، ویستوویانە سەرپێچیکردن لە بڕیارەکانیان بە سەرپێچیکردنی لە فەرمانی خوا لەقەڵەم بدەن! ئەوانەشی دەسەڵاتیان بەدەست نەبووە، ویستوویانە لەسەر ڕەنجی خەڵکی ڕەشوڕووت بژین، بەوەی ئەو خەڵکە هەمیشە زیارەتی تەکێکانیان بکەن و دیارییان پێشکێش بکەن و کوڕنۆشیان بۆ بەرن. ڕاستییەکەی هیچ بنەماڵەیەکی شێخ و سەید لە کوردستاندا، ناچنەوە سەر عەرەب، بەم بەڵگانە:

إ – لەپەیدابوونی پەیامبەرەوە، ئەندامەکانی نەتەوەی عەرەب، خۆیان بە هاوڵاتی پلە یەک زانیوە و بێزیان نەهاتووە خۆیان لەناو نەتەوەکانیتر بتوێیننەوە.

ب – نەتەوەی کورد لەپەیدابوونی ئەو پەیامبەرەوە، دەولەت و دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆی نەبووە تا ئەو ژمارە عەرەبە، کە گوایە ئەبنە باپیرانی شێخ و سەیدەکان، لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە. بەپێچەوانەوە، ئەو عەرەبانەی بەناوی فەتح و غەزاوە هاتوونەتە کوردستان، هەنگاو بە هەنگاو، زەوی کوردیان داگیرکردووە، یان کوردەکانیان قەڵاچۆ کردووە و ڕاوناوە، یان ئەو داماوانەی مابنەوە، تەعریبیان کردوون. نەک

هەر ئەوانە، بەڵکو هەزارانی وەک شەوقی و عەقاد و زەهاوی و هەموو نەتەوەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی و ... هتد لەناو عەرەبدا تواونەتەوە.

ج- تا ئێستا و لەم سەردەمی عەولەمەیەشدا، ماڵە کوردێک کچی خۆی نادا بە عەرەبێک. کە واتە ئەو دیاردەی شێخێتییە، لەڕێگەی ژنخواستنیشەوە نەبووە. ئینجا ئەگەر تاکوتەرایەک کچی کورد شووی بە عەرەبێک کردبێ، مەرج نییە ئەو عەرەبە لە نەوەی پەیامبەر بووبێ.

من نامەوێ لەمە زیاتر، لە گەوهەرەکانی ئەم پەرتووکە بدوێم ئەوەی ماوە، بەجێیدەهێڵم بۆ سەرنج و بیروهۆشیاریی خوێنەرەوە خۆشەویستەکانی ئەم بەرهەمە.

لە کۆتاییدا، دەسخۆشانە و پیرۆزبایی لە کاکە سیروان کاوسی ئەکەم بۆ ئەم بەرهەمەی و بۆ ئەو هەموو بەرهەمە بیرمەندییانەیتری لە نێوان هەوڵە زۆرەکانی بۆ کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان و تێکڕا وشە و ڕێبازی کوردایەتی.

هەر سەرکەوتووبێ.

# چەند وشەیەک لەبارەی ئەم بەرهەمەوە

**جەمال نەبەز**

**بەرلین** 15/8/2010

ئەم باسەی لەم پەرتۆکەدا جێیکراوەتەوە، کورتە مێژوویەکی هاتنەکایەی فەرمانڕەوایەتیی ئاینزای شیعەیەتییە لە ئێراندا، کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی سەفەوییەکانەوە دەستیپێکرد. سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە، زانا موسڵمانەکانی کورد لە ماوەی سەتساڵێکدا بوونە هۆی دامەزراندنی دوو ئیمپراتۆریێتیی ناکوردی. **ئیدریسی بیتلیسی** بە کۆکردنەوەی میرەکوردە سونییەکان لە دەوری سەرۆکهۆزی عوسمانی، بنکەی بەهێزبوون و فراوانبوونی خەلافەتی بنەماڵەی ئۆسمانی ئامادەکرد و شێخ سەفیش کە شێخی دەروێش و سوننی بوو، لە باشووری کوردستانەوە روویکردە رۆژهەلاتی کوردستان کە ئەو دەمە **ئەردەوێڵیشی** (*) دەگرتەوە و، لەڕکی ترکە عوسمانییەکان، خۆی کرد بە شیعە و، بەزۆری زۆردارەکی، ئاینزای شیعەی بەسەر سونییەکاندا سەپاند، کە ئەودەمە زۆربەی زۆری خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان و عێراق سوننی بوون.

شتێکی راستە کە فارسەکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ئەمەوییەکان و عەباسییەکاندا ئاینزای شیعەیەتییان بەکارهێنا، وەک سپێرێک بەرامبەر زۆرکاریی عەرەبەکان. بەڵام ئەم

ئاینزایه، لەلایەن فارسەکانەوە دانەمەزرا، ئەگەرچی فارسەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، گەلێک درۆ و دەلەسەیان خستەپاڵی کە تەنانەت ئاخوندێکی وەک مەلاباقیری مەجلیسی هەزاران حەدیسی هەڵبەستراوی دایە پاڵ پەیامبەری موسڵمانان. لەگەڵ ئەوەشدا بنچینەی **"تەقییە" (التقیة)** واتە، دەرنەبڕینی بیروڕا و هەستی خۆ لەکاتی مەترسیدا و داپۆشینی لە کاتی تەنگانەدا لە حەدیسێکی پەیامبەردا هەیە کە دەبێژێ: **"استعینوا علی قضاء حواعجکم بالکتمان، فان کل ذی نعمة محسود"**، ئەگەرچی ئەمە بەو شێوەیە نییە، کە بگاتە ئەوەی کەسێک هیچ لە مەترسیدا نەبێ و بچێ درۆ بکات لەگەڵ خەڵک.

لەساڵی 1970دا و، لەو باسەدا کە بەزمانی ئەڵمانی لەبارەی میری کۆرەوە (پاشاکۆرەی رەواندز) بڵاومکردەوە دوو کەسایەتیی ئاینیی کوردم لەگەڵ یەک بەراورد کرد، میری کۆرە کە دەیویست دەوڵەتیکی ئیسلامیی سوننی لە کوردستاندا دابمەزرێنێ و لەژێر ئالای سوننەیەتیدا شەڕی سوڵتانی عوسمانی دەکرد و، سەرینەگرت بۆی و، شێخ سمایل لەژێر ئالای شیعەیەتیدا شەڕی سوڵتانی عوسمانی دەکرد و توانی دەسەلاتی خۆی رابگرێ و پەرەبدا پێی و، هۆیەکانیشم رۆنکردەوە. وابزانم لەو سەردەمەدا کەم کەس هەبوون کە بزانن بنەماڵەی سەفەوییەکان کورد بوون.

وا دیارە کورد زۆر وەستان لە دامەزراندنی دەوڵەت بۆ خەڵکی دی. ئەوە نییە پاش ئەوەی دەوڵەتی عێراق رووخا و لە گرێژنە دەرچوو، سەرکردەی حیزبەکان دەوڵەتیان بۆ عێراقییەکان دروستکردەوە و، کوردیش سفر، سفر بەدەستەوە؟!

هاوبیری هێژا و برای بەڕێز و تێکۆشەر سیروان کاوسی بە شێوازێکی جوان و کوردییەکی ڕەوان، لاپەڕەیەکی ئەم مێژووەی خستووەتە بەرچاو، هیوام وایە پەرە بە کارەکەی بدا و هەر سەرکەوتووبێ.

(*) – سەرنج:

وشەی "ئەردەوێڵ" کە فارسەکان کردوویانە بە "اردبیل" "ئار – دەوێرە". "ئار" وێنەیەکی دیکەی "ئاگر" ە. "دەوێر" "دەڤەر" ە کە لە کوردی باکووردا بەکاردەبرێ و مانای شوێن و جێیە. وشەی "دەوار" یش کە بەجێی مەڕ و ماڵات و گا و مانگا دەگوترێ، هەر لەمەوە هێنراوە. "وار" و "وێر" بەمانای شوێنی نیشتەجێبوونە.

هەروەها "ئەربیل" کە وێنەیەکی دیکەی وشەی "هەولێر" ە، ئەویش لە ئار – بیل (ئار – ویل) (دەنگی و/ ڤ دەبێتە ب)، (ئار – ویر) "ئار" (ئاگر) و "ویرە" وار (شوێن) واتە شوێنی ئاگر. ئەربیل لە "ئاربارئیلۆ" واتە (چوار خوا) وە نەهاتووە، هیچ کاتێکیش لە هەولێر چوار خوا نەبووە.

هەولێر (ئەولێر) (ئەورێر) (ئاور+ێر، ئاور) (ئاگر) ە، ێر (جێ/ شوێن).

## چوونە نێو باس

لە بارەی مێژووی سەرهەڵدان و چۆنێتیی هۆکاری راستینەی سازبوونی دووبەرەکی لە نێوان سوننە و شیعەدا بیروراکان یەک نین و هەرلایەنێکیان رەوایەتیی (شرعیت) بە رێبازەکەی خۆیدەدا و لایەنەکەی دیکە بە لادەر و هەڵە و ناراست نێوناس دەکات. هەموو ئەو سەرچاوانەی لەلایەن زانایانی شیعەوە نووسراون، چاوکانیی ناکۆکیی نێوانیان لە گەڵ پێڕەوانی سوننە، دەبەنەوە بۆ چاخ و سەرەتاکانی ئیسلام. گەڕان بە دوای هۆکاری راستینەیان شرۆڤەی جیاواز و تایبەت بە خۆیان دەوێ و، دایدەنێین بۆ لێکۆڵەوەر و زانایانی سەر بە هەردوو رێبازەکە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە و دەمانەوێ لە سەری بدوێین، هۆکارەکانی پەرەسەندنی دەسەڵاتدارێتیی ئاینزای شیعەیە کە لە سەفەوییەوە دەسپێدەکا، تا هاتنەکایەی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و رۆڵی ئاین لە سیاسەتی دەوڵەتەکانی زلهێزی جیهان لە نێوچەکە و دواتریش دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی لە ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەم لە ئێران.

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەی پێدەکەن بەر لە بە دەسەڵات گەیشتنی بنەماڵەی سەفەویی کە رێبازی شیعەگەرێتیی کردە ئاینی فەرمیی لە ئێران و وڵاتانی بندەستی، لە هێندێ شار و نێوچەی ئێران، لەوانە لە قۆم و کاشان و لە مازندەران و گێلان و تەنانەت لەنێو ترکمانەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئێران بە رێژەیەکی کەم پێڕەوانی شیعەیان لێ ژیاوە، بەڵام زۆرینەی

دانیشتووانی پەلاتی ئێران بە هەموو گەل و رەگەزی جیاجیاوە، موسڵمانی سوننە بوون. لەبەر ئەوە بۆچوونێکی هەڵە و نابابەتانە دەبێت ئەگەر دامەزراندنی حکوومەتی سەفەوی بە سەرەتای بیری شیعەگەرێتیی لە ئێران دابنرێت. دواتر لەسەر ئەم بابەتە زیاتر دەدوێین، بەڵام جارێ با بزانین، بنەماڵەی سەفەویی، خەڵکی کوێ بوون و، لە چ رەگەز و تیرەیەک بوون.

پێش چوونە نێو کاکڵی بابەتەکەمان لەبارەی بنەماڵەی سەفەویی، پێویستە سەرەتا هێندێک لەبارەی لەشکرکێشی مەغۆل و ترکمان بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان بدوێین، چۆنکە هاتنی مەغۆل و ترکمان بۆ ئازەربایجان (کوردستانی ئەوکات)، پێوەندیی بە باتەکەمانەوە هەیە.

چەنگێزخانی مەغۆل، سەرۆکی هۆزی مەغۆل ساڵی 616ی هەتاوی بەرامبەر بە (1237ی زاینی) بەرەو پەلاتی ئێران هێرشێکی گەورەی خستەڕێ و دوای شکانی سوپای خوارەزمشا (نێوەکە کوردییە و واتای شای ئازا و دلێر و خودێی نەبەردیی دەگەیەنێت!) ئێرانی داگیرگرد و هەرچی شار و گوند و حەشیمەت و زیندەوەر هاتەسەر رێی، لەنێویبرد و دەستیکرد بە سووتاندن و وێرانکردن و تالانکردنی سامانی دانیشتووانی شار و گوندەکان. چەنگێز دوای داگیرکردنی ئێران گەڕایەوە بۆ مەغۆلستان، لەوێ کۆچیدوایی کرد و، پاش مردنی، ولاتانی داگیرکراو لەنێوان چوار کوڕەکەیدا دابەشکران. کوڕە گەورەکەی (ئۆکتای) بوو بە جێنشینی و لە گەڵ سێ براکەی و سەردارەکانی سوپای مەغۆل،

بڕیاریاندا بۆ تەواوکردنی هێرشەکەی چەنگیز، هێرش بۆ دوولایەن بەرن. لایەکیان هێرش بەرنە سەر وڵاتی **چین**، سوپاکەی دیکەش بەرەو داگیرکردنی **باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان (ئازەربایجانی ئێستا)** هێرش بەرێت. نێوی ئەو سەرکردەی سوپای مەغۆل، کە بۆ هێرشکردنە سەر **ئازەربایجان** دەستنیشانکرا **جرماغون نویا** بوو. **جرماغون** لە ئەنجامی چەندین شەڕ و پێکداداانی گەورە و گران و خوێناویی توانی بە سەر سوپای کورد و ئەو نێوچانەی فارسیان لێدەژیا سەرکەوێ و هەموو ئێران و سەرتاسەری ئازەربایجان و بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستانی ئێستا داگیر بکات و لەوێشەوە **ئەرمەنستان و گورجستان و ئاسیای بچووک (ترکیای ئێستا)** بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. **سوپای مەغۆل** لەگەڵ داگیرکردنی هەر شار و نێوچەیەک، بەوپەڕی دڕندەییەوە دانیشتووانەکەیان قڕدەکرد، سەتان هەزار مرۆڤیان لەنێو برد و سەروەت و سامانی گەلانیان بەتاڵان بردن. جرماغون شاری **تەورێزی** کردە پیتەخت کە لەو سەردەمەدا یەکێک بوو لە شارە گەورەکانی کوردەواری و زۆرینەی دانیشتووانی لە کورد پێکهاتبوون. بەشێکی زۆر لە خێڵ و هۆزە ترکمانەکان و، هۆزەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئێران بە حەشیمەت و چەکی خۆیانەوە، چوونە نێو سوپای مەغۆل و لە ژێر فەرماندەیەتیی سەردارانی مەغۆلدا رۆڵی گرنگ و سەرەکییان لە داگیرکردنی وڵاتاندا گێڕا.

**دەسەڵاتدارێتیی مەغۆل لە ئێران و کوردستان بە مردنی دوایین پاشای مەغۆل (سوڵتان ئەبوو سەعید) لە شاری تەورێز لە ساڵی 736ی هەتاوی کۆتایی هات کە بۆ ماوەی 120 ساڵ حوکمڕانیی سەرتاسەری ئاسیایان دەکرد. لە دوای هۆزی مەغۆل ئیمپراتۆریی "تەیمووریی" لەلایەن "تەیموور" نێویکەوە کە بە (تەیمووره شەل) ناسرابوو دامەزرا و، بۆ ماوەی پتر لە سەت ساڵ لەلایەن خۆی و کوڕ و نەوەکانییەوە بەسەر هەموو کوردستان و ئێران و، بەشێکی زۆر لە ئاسیادا حکوومەتیان کرد. تەیموور و کوڕ و نەوەکانی، بە ڕچەڵەک مەغۆل و لە نەوەی جۆغتای (ئۆکتای)، کوڕەگەورەکەی چەنگێز بوون. بە درێژایی حکوومەتی مەغۆل و تەیمووریی، ڕەگەزەکانی ناکوردی وەک مەغۆل و ترکمان و، خەڵکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە هۆی دەوڵەمەندیی نێوچەکە لە ڕووی ئاو و بەروبووی کشتوکاڵی و جوانی سروشتییەوە، روویان لە ئازەربایجان و ترکیای ئێستا و وڵاتانی دیکە کرد و دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو نێوچانەیان قڕکرد ئەوەشی کە مایەوە، لەسەر خاک و زێدی خۆی بوو بە کرێکار و بەردەست و کەنیژەکی داگیرکەرانی و لە درێژخایەندا بە هۆی زاوزێ و گۆڕینی زمان و کولتوورییەوە لە نێویاندا توایەوە.**

**لە ساڵانی کۆتایی سەدەی حەوتەمی هەتاویدا دوو هۆزی ترکمانی، قەرەقویوونلوو (پەزی ڕەش) و ئاققویوونلوو (پەزی سپی)، بەرە بەرە هەموو ئێران و، بەشیکی زۆر لە خاکی کوردستانیان خستە ژێردەسەڵاتی خۆیانەوە.**

هەروەک ئاماژەمان کردپێی، ترکمانەکان پێشتر لەنێو سوپای مەغۆلدا، رۆڵ و دەوری بەرچاویان گێڕابوو. دواتریش لە سەردەمی حکوومەتی بنەماڵەی **"ئال بویە"** دا، **سەرۆکی خێڵی قەرەقویوونلووی ترکمان، کە نێوی "قەرە محەممەد"** بوو، بەخۆی و هۆزەکەیەوە، خزمەتی گەورەیان بە بنەماڵە و پارێزگاریکردن لەدەسەڵاتی **ئالبویە** کردبوو. سوڵتانی ئالبویەش لە پاداشی ئەم چاکەیە، فەرمانڕەوایەتیی ئازەربایجانی دایەدەستی قەرە محەممەد و خێڵەکەی کە سەر بە رێبازی شیعە بوون. ئەوە بوو قەرە محەممەد لەگەڵ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ئازەربایجان، دەسەڵاتەکەی پەرەپێدا و گوشاری خستەسەر دانیشتووانی نێوچەکانی ژێردەستی، کە ببن بە پێرەوی ئاینزای شیعە. پاش مردنی قەرە محەممەد، کوڕەکەی بەنێوی قەرە یۆسف و کوڕەزاکەی، تا ساڵی 872ی هەتاوی شاری تەورێز و دەسەلاتی هەموو ئازەربایجانیان بە دەستەوە بوو. لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی ترکمانەکان کۆچی هۆزی ترکمانی لە نێوچەکانی خۆیانەوە بەرەو ئازەربایجان، زیاتر پەرەیسەند. دوای نەمانی دەسەڵاتی هۆزی **"پەزی ڕەش"**، ئەوجا هۆزی **"پەزی سپی"** کە موسڵمانی سوننە بوون، ئێرانیان خستە ژێردەستی خۆیانەوە و، دژایەتیی پێڕەوانی شیعەیان دەکرد.

بە کورتی، ئەمە مێژووی راستینەی ئازەربایجانە و، نێزیک بە هەشت سەدەیە رەگەزی **مەغۆل و ترکمان**، لە **وڵاتی کوردستان** نیشتەجێ بوونە و، بەرە بەرە، جێ پێی خۆیان قایمکردووە و

کوردیان له گەلێک نێوچەی بەپیت و بەرەکەتی باوباپیرانی، لەوانە ئازەربایجان راماڵداوە، ئەو ئازەربایجانەی کە لە مێژووی کۆندا بە ولاتی "مادی گەورە دەناسرا!". پاش ئەم رۆنکردنەوەیە، دەگەڕێینەوە سەر درێژەی باسەکەمان لە بارەی بنەچە و ڕەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەوییەوە.

## ڕەگەز و ڕەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەویی!

لە بارەی ڕەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەویی، سەرچاوەکانی ئێرانی بە تایبەتی هەموو ئەو سەرچاوانەی لە سەردەمی شاکانی سەفەویدا نووسراون، بنەچە و ڕەچەڵەکیان بردووەتەوە سەر بنەماڵەی پەیامهێنەری ئیسلام و، ئەسحابەکانی پێڕەوی ئیمامی عەلی، بەلام ئەو سەرچاوانە، لای زانایان و پسپۆڕانی بواری مێژووناسی و، ئێرانناسیی، هەمیشە جێی شک و گومان بوون، چۆنکە هیچ بنەمایەکی زانستییان نەبووە و، پاشاکانی سەفەوی لەو سەردەمەدا ویستوویانە لای خەڵکی ڕەشوڕووت، وەک بنەماڵەیەکی پیرۆز جێبکەون، کە جێنشینی پەیامهێنەری موسڵمانان و، ئیمامەکانی شیعەن لەسەر ڕووی زەوین و، سەرپێچیکردن لە فەرمان و، بڕیارەکانیان، بە سەرپێچیکردن لە فەرمانی خودێ و پیاوچاکانی خودێ بدرێتە قەلەم.

بەپێی دوایین لێکۆڵینەوە زانراوە کە ئەم بنەماڵەیە لە کوردەکانی "کۆیە"ی باشووری کوردستانن کە بەرەو ئازەربایجان و نێوچەی "ئەردەوێڵ" کۆچیان کردووە. کەسایەتیی گەورەی بنەماڵەکە ناوی "شێخ سەفیەدین" بووە. شێخ سەفییەدین شێخی دەروێشان بووە، نێوبانگی پاکی و ڕاستی و خودێپەرستی و ژیانی سادە و ساکاری بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەتەوە. شێخ سەفی بۆ سەردانی دەروێش و پێڕەوانی بەرەو ئازەربایجان کۆچدەکا. کاتێک دەگاتە شاری "میانە"ی ئازەربایجان کە ئەوڕۆکە بە (گرمرود) ناو دەبرێ و، لە سەرچاوە کۆنەکاندا بە

وڵاتی ماد ناسراوه، سەدان هەزار کەس لە هەموو ئازەربایجانەوه بۆ بینینی شێخ سەفی روو لەو شاره دەکەن. شێخ دەچێتە سەربانی ماڵێک و لەوێوه سەدان گوریس لە یەکدیی گرێدەدەن، درێژاییەکەی دەگاتە چەند هەزار مێترێک. ئەوجا شێخ سەرێکی گوریسەکە بەدەستەوه دەگرێ و، حەشاماتەکەش لە شوێنی خۆیانەوه دەستدەگرن بە گوریسەکەوه، ئەو دۆعا و پاڕانەوه ئاینییەی شێخ دەخوێنێتەوه لە ڕێگەی نوێنەر و خەڵیفەکانییەوه لەنێو خەڵکەکەدا بەدەنگی بەرز دەوترێنەوه و تێکڕای خەڵکەکەش دۆعا و وتەکانی شێخ دووپاتدەکەنەوه. لە کۆتاییدا گوریسەکە لەتوپەت دەکرێ و وەک نووشتە و دیارییەکی پیرۆزی شێخ سەفی هەر کەسە هێندێک لە گوریسەکە بۆخۆی دەبات. شێخ لە سەفەرەکەی بەردەوام دەبێ، دەگاتە شاری ئاردەوێڵ (اردبیل). لە ماوەیەکی کەمدا دەیانهەزار کەس دەبنە دەروێش و پێڕەوی ڕێبازەکەی. دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک ڕادەی لایەنگیرانی شێخ لە تەکیە و خانەقا بە ڕادەیەک زۆر دەبێ، بۆ ئاگادارکردنی خەڵک لە کاتی خواردنی جەمی شێو، یان فراوین، لە دەهۆڵ و کەڕەنایان دەدا.

واپێدەچی هۆی کۆچکردنی شێخ سەفی و بنەماڵەکەی لە باشووری کوردستانەوه بەرەو ئازەربایجان، بە هۆی داوا و تکای دەروێش و پێڕەوانییەوه بووبێت کە نیشتەجێی ئازەربایجان بوون، هەروەک لەم سەردەمەشدا زۆرجار شێخەکانی کوردستان، لە سەر داوا و تکای خەڵیفە و دەروێشەکانیان، یان بە پێی

هەڵسەنگاندنی خۆیان، بە باش و گونجاویان زانیوە شوێنی نیشتەجێبوونیان بگۆڕن و بەرەو نێوچەیەکی دیکە کۆچ بکەن. شایانی باسە لەو سەردەمەدا جگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێ، تێکڕای دانیشتووانی ئازەربایجان موسڵمانی سوننە و کورد بوون...

شێخ سەفییەدین، ساڵی 650ی هەتاوی (1271ی زاینی) هاتووەتە دنیاوە و، لەساڵی 735 ی هەتاوی لە شاری ئەردەوێڵی ئازەربایجان کۆچیکردووە و، ئێستاش مەزارەکەی لەو شارەیە. "حەمدوڵڵای مستەوفی" کە لە سەردەمی شێخ سەفیدا ژیاوە و، سەردانی کۆشک و بارگەی میر و سەردارانی سەردەمی خۆی کردووە و مێژووی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی نووسیوە، لەبارەی شێخ سەفییەوە دەڵێ:

زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی شاری ئەردەوێڵ و دەوروبەری موسڵمانی سوننە و، پێڕەوی "ئیمامی شافعی" ن. زۆرینەی موسڵمانانی دەڤەرەکە دەروێشی شێخ سەفین و، بەڕێزیان بە پێشەوای ئاینی و گەورەی خۆیان دەزانن و، ڕێزێکی بەرز و تایبەتی لای هەمووان هەیە. شێخ سەفی خۆشەویستی هەموو لایەکە، بە گەورە و بچووک و، ڕەبەن و زەنگین و سەردار و سوڵتانەوە. شێخ سەفی تا کاتی مردنی، هەموو ژیانی بە ساکاری و پاکی و ڕاستی و دوور لە ماڵپەرستی و بانگهێشتنی خەڵک بۆ خودێناسی و خودێپەرستی بردە سەر.

دوای مردنی **شێخ سەفییەدین**، کوڕەکەی **(شێخ سەدرەدین مووسا)** بوو بە جێنشینی. لە سەردەمی شێخ سەدرەدین دا، خەڵکێکی زیاتر بوونە دەروێش و تۆبەکار و، نێوچە و سامان و سنووری لایەنگران و پێڕەوانی بنەماڵەکەی بەرینتر و فراوانتر کرد.

## بۆچی بنەماڵەی شێخانی سەفەویی کە سوننە بوون، بوون بە شیعە؟

ماوەیەک دوای مردنی **شێخ سەدرەدین** کوڕ و کوڕەزاکانی ئیدی نێوبانگی شێخایەتییان بۆ خۆیان بەکەمدەزانی. **شێخ برایم کوڕە گەورەی شێخ عەلی، کوڕی شێخ سەدرەدین**، داوای لە دەروێش و دەستوپێوەندەکانی کرد تا بە ئاشکرا و لەنێو خەڵکدا، نێوی بە **"شا ئیبراهیم"** بهێنن. لەوەبەدوا کوڕ و کوڕەزاکانی **شێخ ئیبراهیم**، بە **"شێخ شا"** نێویان دەبرا و، ئەوانیش هەوڵیاندەدا پلە و پایەی خۆیان و نێوبانگی بنەماڵەیان بەکاربێنن بۆ دەسەلاتی زیاتر. کوڕە گەورەی **شائیبراهیم** بەنێوی **جونەید**، نێوی سوڵتانی ئەردەوێڵی لەخۆی نا. ئەوجا کوڕەکەی **جونەید**، کە نێوی **حەیدەر پاشا** بوو، کاتێ بوو بە جێنشینی باوکی، ڕێکخراوەیەکی ئاینیی دامەزراند و ناوی لێنا **"ڕێبازی ئاینی حەیدەرییە"**. چاوکانیی بیری ئەم ڕێکخراوەیە لەسەر ڕێبازی **شیعەگەرێتیی توندڕەوانە و دژ بە ئاینزای سوننە**، دامەزرا.

لێکۆڵەوەران و مێژووناسان، زۆربەیان لەسەر ئەوە ڕێک و هاودەنگن کە سەرهەڵدانی بیری **شێعەگەرێتیی** لەنێو بنەماڵەی سەفەویدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکات کە **سوڵتان حەیدەر** بوو بە جێنشینی باوکی و بوو بە شیعە و، بە ئاشکرا دەستیکرد بە دژایەتیکردنی سوننە بەڵام تاکوو ئەوڕۆ هۆکارەکەی نازانرێ لە ژێر کاریگەرێتی چ کەس و لایەنێکدا بوو بە شیعە؟!

سوڵتان حەیدەر سوپایەکی ڕێکوپێکی لە دەروێش و پێڕەوانی پێکهێنا و **"کڵاوی سۆر"** کە تایبەت بوو بە ترکمانەکان، کرد بە کڵاوی فەرمیی سوپاکەی. ئیدی لەوەبەدوا سوپای سوڵتان حەیدەر بە "قزڵباشەکان" (سەرسۆرەکان) نێوبانگیان دەرکرد. سوڵتان حەیدەر سێ کوڕی بوو، بەنێوی **"سوڵتانعەلی، ئیبراهیم و ئیسماعیل"**. سوڵتان حەیدەر ویستی پەرەی زیاتر بدات بە دەسەلاتی و، سنووری حوکمڕانێتییەکەی فراوانتر بکات، ئەوە بوو لەساڵی 1472ی زاینیی، هێرشیکردە سەر نێوچەی بندەسەلاتی ترکمانەکانی ئاققویوونلوو، کە موسڵمانی سوننە بوون. **شێخ حەیدەر** لەو هێرشەیدا شکستی خوارد سەریان بڕی و لەنێو گۆڕەپانی شاری تەورێزدا لاشەکەیان هەڵواسیی. ئەوجا ژن و کۆڕەکانی (**سوڵتانعەلی و ئیبراهیم و ئیسماعیل**) یان برد بۆ شیراز و ماوەی چوارسال زیندانیکران. پاشان نێردرانەوە بۆ شاری تەورێز. کاتێک حاکمی تەورێز کە نێوی **"ڕۆستەم بەگی ئاقوویوونلوو"** بوو، ئاگادار دەبێت خەڵکی شار و نێوچەکە ڕێزی زۆر لە سوڵتانعەلی دەگرن و، سوڵتانعەلی مرۆڤێکی ئازا و نەترسە، بڕیار دەدات سوڵتانعەلی و براکانی لەنێو ببات، بەڵام دەروێش و سۆفییەکانی بنەماڵەکەی سەفەویی بە نەخشەکە دەزانن و درەنگانێکی شەو بەرەو ئەردەوێڵ دەربازیاندەکەن. **ڕۆستەم بەگی ترکمان**، کۆمەڵێک چەکدار دەنێرێت بە شوێنیاندا و لە ڕێگەدا سوڵتانعەلی پێشیان لێدەگرێ و، تێکیاندەشکێنێت، بەڵام تیرێک بەر دڵی دەکەوێ و، گیانی لە دەستدەدات. دەروێش

و سۆفییەکان بە پەلە ئیسماعیل میرزا و ئیبراهیم میرزا دەگەیەننە ئەردەویڵ. بەڵام لەوێش گیانیان لە مەترسیدا دەبێ، لەبەر ئەوە پاش چل رۆژ شاردنەوەیان لە ئەردەوێڵەوە بەرەو دارسانەکانی رەشت و گێلان دووریان دەخەنەوە. لەوێشەوە لەسەر بانگێشتی "کارکیا میرزاعەلی" حاکمی لاهیجان، دەیانبەن بۆ شاری لاهیجان. کارکیا میرزاعەلی، پێڕەوی ئاینزای شیعە و لە پێڕەوانی بنەماڵەی شێخ سەفی دەبێت. لەبەر ئەوە رێزی زۆریان لێدەنێ و، دەیانداتە دەست یەکێک لە زانایانی بەنێوبانگی شیعە بەنێوی مەولانا شەمسەدینی لاهیجانی کە پەروەردەیان بکات. مەولانا شەمسەدین، زمانی فارسی و عەرەبی و قورئان و، هەروەها بناخەکانی بیروباوەڕی شیعەگەرێتیان فێردەکات. لەڕێگەی پەروەردە و، رێنوێنییەکانی مەولانا شەمسەدینەوە، ئیسماعیل میرزا هەر لە منداڵییەوە دەبێتە پێڕەوێکی توندڕەوی ئاینزای شیعە.

جگە لە مەولانا شەمسەدین لە لاهیجاندا حەوت سۆفی هەبوون کە لە پێڕەوانی نێزیکی بنەماڵەی شێخەکانی سەفەویی بوون و لە زۆربەی جەنگەکاندا بەشدارییان کردبوو. ئەمانە بە "حەوت سۆفییەکەی لاهیجان" بەناوبانگ بوون و ئەرکی مامۆستایەتی و پەروەردەکردنی "ئیسماعیل میرزا" یان گرتە ئەستۆی خۆیان، هەموو شێوەکانی جەنگیان فێردەکرد. کەسێکی دیکە بە ناوی ئەمیر نەجمی زێرینگەر خەڵکی ئەردەویڵ بوو لە کاتی هەڵاتنی ئیسماعیل و براکەی بۆ رەشت و لاهیجان لەگەڵیان

بوو. ئەم کەسەش مامۆستای ئیسماعیل بوو هیچکاتێک بەجێینەدەهێشت.

شایانی باسکردنە، باکووری ئێران و لێوارەکانی زەریاچەی مازندەران و گێلان، بەلای باشوورییەوە، ریزە شاخی رژد و بەرز و هەڵەموتی بەناوبانگی "ئەلبۆرز" ی لێهەڵکەوتووە و بەرزایی چیاکانی لە هێندێ شوێن لە چوار – پێنج هەزار میتر تێدەپەڕێ. سەرتاسەری نێوچەکە بە درێژایی سەتان کیلۆمەتر بێشە و دارسانی چڕوپڕن و کەسێک زۆر شارەزای نێوچەکە و دارسانەکانی نەبێت، ناوێری سەر بەنێویدا بکات. لە کاتی هێرشی سوپای عەرەب و داگیرکردنی ئێران، ئەو ئێرانییانەی کە دژی دەسەڵاتدارێتیی عەرەب بوون و نەیاندەوێرا بە ئاشکرا دژایەتییان بکەن، بەشێکیان بەرەو هێندستان کۆچیان کرد، بەشێکی دیکەش بوون بە شیعە، ئەوەش ڕاستەوخۆ، بیانوویەک بوو بۆ دژایەتیکردنیان لەگەڵ عەرەب کە سوننە بوون و بە دەگمەن شیعەیان تێدابوو. لەکاتی روودانی هەر مەترسییەک بۆ سەر گیانیان، بەرەو نێو ئەم دارسانەکانی باکووری ئێران رایاندەکرد. عەرەبەکانیش شارەزایی و ئەزموونی شەڕی نێو جەنگەڵیان نەبوو، نەیاندەوێرا قەرەی دارسانەکان بکەون. لەبەر ئەوە نێوچەکە، ببووە مەکۆ و حەشارگەی نەیاران و یاخیبووان لە دژی دەسەڵاتدارانی عەرەب. ئەوە بوو دەروێشەکانی سەفەویی بۆ رزگارکردنی ئیسماعیل و ئیبراهیم، بەرەو قووڵایی هەرێمەکانی گێلان و مازندەران دووریان خستنەوە

## ئیسماعیل میرزای سەفەوی و

## دامەزراندنی یەکەمین ئیمپراتۆریی شیعە

ئیسماعیل میرزا، مانگی جۆزەردانی ساڵی 1487ی زاینیی لە دایکبووە. کاتێک ئیسماعیل گەیەندرایە رەشت و لاهیجان تەمەنی 8 ساڵ بوو، ئیسماعیل میرزا، هەتاکو تەمەنی 13 ساڵی لە گێلان مایەوە. لە ساڵی 1499ی ز کاتێک ناکۆکی کەوتە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی ئاقوویوونلوو و هۆزەکانی دیکەی تورکمان، "حەوت سۆفییەکەی لاهیجان" بارودۆخەکەیان لەبارو گونجاو زانی بۆ راماڵدان و لەنێوبردنیان. دەسیانکرد بە کۆکردنەوەی هێز و بەرە بەرە توانییان حەوت هەزارکەسێک کۆبکەنەوە و هێرش دەسپێبکەن. لە یەکەم شەڕ و پێکداداندا لە قەڵای گوڵستان سوپای فەرۆخ یەساریان تێکشکاند کە خاوەنی سوپایەکی 26 هەزار کەسی بوو. شاری "باکۆ" قەڵای فەرۆخ یەسار داگیرکرا و، سەدان کەسیان کوشت و هەرچییەک شتومەکی بەنرخیان دەسکەوت تاڵانیان کرد، شارەکەشیان کاول و وێرانکرد. شائیسماعیل پاش ئەم سەرکەوتنە گەورەیە لە تۆڵەی خوێنی باوک و برای کوژراوی و وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی لە دەسچووی باوباپیرانی بەرەو ئازەربایجان کەوتەڕێ. کاتێ پێینایە خاکی ئازەربایجانەوە هەزارانهەزار دەروێش و لایەنگرانی بنەماڵەکەیان پشتیوانییان کردلێی لەماوەیەکی کەمدا توانی هەموو ئازەربایجان بگرێتەوە و کۆتایی بە دەسەلاتی ترکمانەکانی ئاقویوونلوو بهێنێت کە بۆ ماوەی دووسەت ساڵ بەسەر ئێران و

هەموو کوردستان و چەندین نێوچە و ولاتی دیکەشدا حکوومەتیان کرد. هۆزە ترکمانەکەی دیکە کە نێوی قەرەقویوونلوو (پەزی رەش) بوو شانبەشانی سوپای شائیسماعیل، لەرووخان و تێکشکانی حکوومەتی ئاقویوونلووی تورکمان بەشدارییانکرد. وەک پێشتریش باسمان کرد ئەم هۆزە شیعەبوون و، بەرامبەر پێڕەوانی سوننە، زۆر بێبەزەیی بوون و، لە هێرشەکانیاندا، تەنانەت منداڵی نێولانکی سوننەشیان دەکوشت. هۆزی قەرەقوویوونلوو، لە نێو سوپای شائیسماعیلدا، لەبڵاوکردنەوەی ئاینی شیعە لە ئێران و لە نێوچەکە، رۆڵێکی گەورە و گرنگیان گێڕا .

ئیسماعیل پاش چەند رۆژێک، هەموو ئەو فەرماندە و سەرۆکهۆز و کەسایەتییانەی شاری کۆکردەوە کە لە کوشتنی باوک و براکەیدا دەسیان هەبوو، یارمەتی ترکمانی سوننەیان دابوو، ئەوجا چەند سەت ژنی لەشفرۆشی خستە پێشیانەوە و، بۆ سووککردنیان سواری کەریان کردن و، بەنێو شاردا گێڕایانن. بەدەیان سەرۆکهۆز و سەرداری تورکمانی سەربڕی. هەروەها فەرمانیدا، ئەو سەردار و کەسایەتییانەی دیکەش کە لە تەورێز و نێوچەکە دەژیان، نەماون و مردوون و کاتی خۆی پشتیوانییان لە هۆزی ئاقویوونلوو کردووە، ئێسک و پروسکیان لە گۆڕەکانیان بهێننە دەرەوە و لەگەڵ زیندووەکان لە گۆڕەپانی شاردا هەڵیانواسن. ژنەکان و کچان و کوڕانی مێردمنداڵیشیانی بەخشی بە فەرماندە و سەربازەکانی سوپاکەی. بۆ خۆشی

دەستدرێژیی کردە سەر کوڕی ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی شار کە تەمەنیان لەنێوان 13 و 16 ساڵدا بوون. پاشان فەرمانیدا، دایکی بهێننە گوڕەپانەکەوە، بەدەستی خۆی بە شمشێر سەری دایکی لە لەشی جیاکردەوە، چۆنکە پاش کوژرانی باوکی، مێردی بە یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای ترکمان کردبوو. **شێخ ئیسماعیل** لە **تەورێز** ماوەی چەندین رۆژ بە کاری تۆڵەسەندنەوە لە ترکانی **ئاقویوونلوو** و دەسدرێژی و چەسپاندنی دەسەڵاتی سەرقاڵبوو. ئەوجا کەسایەتی و ردێنسپییەکانی شاری کۆکردەوە و، گوتی پێیان:

**"ئێوەم بۆیە بانگێشت کردووە، تا پێتانی بڵێم، هەموو دانیشتوانی تەورێز دەبێ ببن بە شیعە!".**

کەسایەتی و گەورەکانی شار کەوتنە تکا و پارانەوە و داوایان کردلێی، لە بڕیارەکەی خۆی پەژیوان ببێتەوە، چۆنکە جگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێ، هەموو دانیشتووانی شار و دەوروبەری موسڵمانی سوننەن! بەڵام شائیسماعیل لە وەرامیاندا گوتی:

**"خودێی گەورە و ئیمامەکانی شیعە رایانگەیاندووە پێم، داوا لەخەڵک بکەم ببن بە شیعە. سەرپێچیکردن لە فەرمانی من، سەرپێچیکردنە لە فەرمانی پیرۆزی خودێ و پیاوچاکان و، ئیمامانی ئیسلام. لەبەر ئەوە ناچارم بێئەملا و ئەولا، فەرمانی خودێ و، گەورەکانی ئیسلام جێبەجێ بکەم!".**

**شێخ ئیسماعیل**، پاش ئاگادارکردنی خەڵک لە مەبەستەکەی، ئەوجا کەوتە جێبەجێکردنی پلانەکەی، هەزاران کەسی هەڵواسی،

یان بەشمشێر سەری بڕین. زۆربەی دانیشتووانی شار وگوندەکان لە ترسی سەربڕین و لە ناچاری بوون بە شیعە. بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان، ژمارەی دانیشتووانی شاری تەورێز لەو کاتەدا (300000) کەس بووە.

شێخ ئیسماعیل، لەرۆژی 11ی مارتی ساڵی 1507ی ز، لە تەمەنی 15 ساڵیدا لە تەورێز، نێوی" شا ئیسماعیل" ی بۆ خۆی هەڵبژارد و، لەرێوڕەسمێکی تایبەتدا لەشآری تەورێز، تانجی پاشایەتیی کردەسەری خۆی.

شائیسماعیل، لەنێو فەرماندە و سوپا و دەروێش و پێرەوانی بنەماڵەکەیدا زۆر خۆشەویست بوو، چۆنکە جگە لەئازایەتیی لەرادەبەدەری، هەروەها لەبنەماڵەی شێخانی گەورەی سەفەوی بوو. گەڕۆکی بەنێوبانگی ئۆتریشی کە ناوی (کاترینۆ زینۆ) یە و، لە نێزیکەوە رووداوەکانی ئەو سەردەمەی شاری تەورێز و نێوچەکەی بەچاوی خۆی بینیوە و، لە پەرتۆکێکدا بەنێوی "سەفەرنامە" تۆماریکردوون، نووسیویەتی:

(زۆربەی شەڕکەرانی شائیسماعیل، لەشەڕەکاندا، زرێ و جلکی تایبەتی جەنگ لەبەر ناکەن و، ئامادەن بکوژرێن، چۆنکە دەڵێن، دەبن بە "شەهید". لەبەرئەوە بە پەلە و راکردن بەرەو سوپای دوژمنیان هێرش دەبەن و، لەمردن سڵناکەنەوە. لەکاتی هێرشکردنیشدا، هاوار دەکەن "یا شێخ ئیسماعیل!". لێرە، خەڵک نێوی خودایان لەبیر چووەتەوە! ئەگەر کەسێک لەسەر ئەسپەکەی بکەوێتەخوارەوە، هاوار دەکا "یا شێخ ئیسماعیل فریام کەوە!". موسڵمانان لە وڵاتانی دیکەدا دەڵێن: "لااله الاالله - محەمەد رسول الله"، بەڵام ئێرانییەکان

دەڵێن: "لا اله الا الله - ئیسماعیل رسول الله". شا ئیسماعیل دوای ئازەربایجان، ئەوجا بیرەکەی لەهەموو ئێران پەرەپێدا و بە نواندنی زۆروزەنگ و ترساندنی خەڵک، ڕێبازی شیعەگەرێتیی بەهەموو ئێراندا بڵاوکردەوە).

تا پێش بەدەسەڵاتگەیشتنی شائیسماعیل، شینگێڕانی مانگی "محرم" و ڕێوڕەسمی تایبەت بە "عاشورا و تاسوعا" و کوژرانی ئیمام حسێن و ئەندامانی بنەماڵەکەی، لەنێوان پێرەوانی ئاینی شیعە لە ئێران، بەنهێنی و، لەنیو ماڵان بەڕێوە دەچوو بەڵام لە سەردەمی بەدەسەلاتگەیشتنی شائیسماعیل شینگێڕانی ئیمام حسێن و ڕێوڕەسمی مانگی "محرم" ئاشکراکرا و هێنرایە نێو کۆڵان و شەقام و گۆڕەپانی شارەکان و، بەرەبەرە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی زیاتری خەڵک بۆنە ئاینییەکە، بە ڕێخستنی دەستەی سنگوەشێن و قەمە و زنجیروەشێن و گۆرانی و مووزیکەوە تێکەڵکرا.

دژایەتی بێسنووری شائیسماعیل لەگەڵ ئاینزای سوننە و کوشتن و تاڵانکردنی ماڵ و سامانیان زەوینەی خۆشکرد لەبەردەم هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە و گران لەنێوان سوپای سوڵتان سەلیمی عوسمانی و سوپای سەفەویدا. سوڵتان سەلیمی عوسمانی بەڕواڵەت بەنێوی تۆڵەسەندنەوە، بەڵام لەنێوەڕۆکدا، بەئامانجی داگیرکردنی خاک و وڵاتانی زیاتر، دەستیکرد بە قەڵاچۆکردنی پێڕەوانی شیعە و، لە هێرشێکیدا چل هەزار شیعەی کوشت. لەگەڵ پەرەسەندنی جەنگی نێوان عوسمانی و سەفەوی چینی مەلا لە هەردوولاوە بوون بە زوڕناژەنی دەسەڵات و بە

ناوی ئاینەوە " **فتوای جیهاد**"یان لە دژی لایەنەکەی دیکە دەرکرد، ئاگری شەڕەکەیان زیاتر خۆشدەکرد، هانی خەڵکی رەش و ڕووتیان دەدا بۆ بەشداریکردن لە جەنگ. کوردستان کرا بە گۆڕەپان و نێوەندی ئەو جەنگە ماڵوێرانکەرە و زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی لە خەڵکەکەی درا. لە ئەنجامدا لە شەڕی بە ناوبانگی **چاڵدێران** کە ساڵی 1514ی زاینی روویدا، سوپای **شائیسماعیل** شکستی خوارد و، سنووری نێوانیان بەڕەسمی دیاریکرد و **کوردستانیان** لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد.

دوای ئەو دابەشکردنەی کوردستان هەردوولایان بە ئەنجامی رێککەوتنەکە رازینەبوون. سوڵتانی عوسمانی بەردەوام دنەی کوردی سوننە و ئەمارەتەکوردەکانی دەدا کە دژی دەسەلاتدارێتیی سەفەویی شیعە راپەڕن و لەهەوڵی ئەوەدابوو ولاتی ئێرانیش داگیربکات. شائیسماعیلی سەفەویش بە شکانی سوپاکەی لەجەنگی **چاڵدێران** زۆر پەشێو و خەمبار بوو. لە هەل و دەرفەت دەگەڕا، قەرەبووی شکستەکەی بکاتەوە. لەبەر ئەوە، سەرلەنوێ هێرشیانکردەوە سەر یەک. جەنگ و پێکدادانی نێوانیان پاش مردنی **سوڵتان سەلیم** و **شائیسماعیل**، لەلایەن کوڕ و نەوەکانیانەوە، بۆ ماوەی 120 ساڵ درێژەیکێشا و سوڵتانێکی عوسمانی کە ناوی "**سوڵتان مورادی چوارەم**" بوو، سوپای ئێرانی سەفەویی لە **بەغدا** تێکشکاند و، بەغدای داگیرکرد و لە شاری **قەسری شیرین**، لە ساڵی **1639ی زاینی**، جارێکیدیکە پەیمانی راوەستانی شەڕ و، دیاریکردنی سنووری نێوانیان مۆر

کردەوە. بەپێی پەیمانی قەسری شیرین، باشوور و باکوور و ڕۆژاڤای کوردستان بەر عوسمانی کەوت ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەر ئێران. چیای بەرزی ئاگری و، زنجیرە چیای سەرکێشی (زاگرۆس)یش وەک هێڵی سنووری نێوانیان دەسنیشانکرا. سنووری نێوان ترکیا و ئێران، تاکوو ئەوڕۆش هەر بە پێی پەیمانی "قەسری شیرین"ە. پەیمانی قەسری شیرین، لە مێژووی نەتەوەی کورددا بە دووەمین دابەشکردنی فەرمیی دەژمێردرێت، کە بە هۆیەوە کوردستان، کرا بە دوو پارچەوە.

**شائیسماعیل**، خۆی وەک نوێنەری خودێ لەسەر ڕووی زەوین دەبینی و خۆی لە سەرووی هەموو کەسایەتییەکی ئاینییەوە دادەنا. دوای بەدەسەڵاتگەیشتنی، ئاینی شیعەی کرد بە ئاینی فەرمی و، فەرمانیدا، بانگبێژ و، پێشنوێژی مزگەوتەکان، ناوی ئیمام عەلی کوڕی تالب تێکەل بە بانگی نوێژ بکەن و، بڵێن "اشهد ان علیأ ولی الله و حی علی خیر العلم". ئەوجا فەرمانی بە جارچییەکانی دا، بەنێو شارەکاندا بگەڕێن و داوا لە خەڵک بکەن بە دەنگی بەرز، جنێو بە سێ خەلیفەی موسڵمانان (ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان) بدەن. هەر کەسێکێش سەرپێچی کرد سەری ببڕن. هەزاران موسڵمانی سوننە کە ئامادە نەبوون، فەرمانەکە جێبەجێ بکەن، سەریان بە بڕین چوو. لە بەر نەبوونی پەرتۆک و نەبوونی مەلا و کەسانی شارەزا لە بواری ئاینزای شێعە، شائیسماعیل کۆمەڵێک مەلای شیعەی لە بەحرێن و کوفە و جبل عاملی لوبنانەوە هێنا بۆ ئێران، بە

ناوبانگترینیان کەسێک بوو ناوی "**شێخ نوورەدین کەرکی**" بوو. ئەوجا بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی هەموو کاروباری ئاینی و پەرەپێدانی ئاینزای شیعەی دایە دەستی، ڕێنوێن و مامۆستاکەی (**قازی شەمسەدینی لاهیجانی**). ئەم مەلایە، بۆ هەر نێوچەیەک و بۆ سوپای هەر مەڵبەندێک، نوێنەرێکی دەسنیشانکرد کە چاودێریی پێڕەوکردنی دەستوورەکانی ئاینزای شیعە بکەن.

**شائیسماعیل** بەردەوام بوو لە داگیرکردنی شار و وڵاتان و هێرشیبرد بۆ **شیراز**، هەزاران پێڕەوی سوننەی لەو شارە لەنێوبرد. پاشان **کازرون** و **یەزد** و **کرمانیشی** گرت و وەک شێراز، دەسیکرد بە کوشتنی مەلاکانی سوننە و پێڕەوانی سوننە. ئەوجا چوو بۆ شاری **کاشان** کە زۆربەی دانیشتوانەکەی شیعەبوون، پێشوازییەکی گەورەی لێکرا و، ماوەیەک لەنێویاندا بە خۆشی ڕایبوارد. لەوێشەوە سەردانی شاری **قۆم**ی کرد کە وەک **کاشان** شیعەی زۆری لێدەژیا و، سەدان ساڵ بوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی عەرەب و سوننەکانەوە بێڕێزییەکی زۆر بەرامبەریان کرابوو، بۆ یەکەمجار شادی و خۆشی لەو شارە سەریهەڵدا. **شائیسماعیل** ساڵی 1518ی زاین شاری **بەغای** داگیر کرد و دواپێگەی حکوومەتی **ئاقویوونلووی ترکمانی** لەنێوبرد و، کۆتایی بە حکوومەتەکەیان هێنا. لە بەغدا کوشتوبڕێکی گەورەی سوننەی خستەڕێ و ژن و منداڵ و گەورە و بچووکی هۆزی پۆرناکی قەلاچۆکرد. ئەوجا فەرمانیدا مەزاری **ئەبوو حەنیفە کوفی** کە لای موسڵمانانی سوننە شوێنێکی پیرۆز بوو، هەڵیکەنن

و بیکەن بە ئاودەست بۆ شیعەکان. هەر شیعەیەکیش دەچووە ئاودەستخانەکە، پێنج دینار پاداشی وەردەگرت. **شائیسماعیل** لە بەغداوە چوو بۆ شارەکانی **نەجەف** و **کەربەلا** و مافوور و زێڕ و زێوی زۆری پێشکێش بە مەزاری ئیمامانی شیعە **(عەلی و حسێن)** کرد. پاش ماوەیەک لە باشووری عێراقەوە، بەرەو **خوزستان** لەشکریکێشا و، هەموو خوزستانیشی داگیرکرد و لەوێش بەزۆری شمشێر دانیشتوانەکەی کرد بە شیعە.

**شائیسماعیل** تا کۆتایی زستانی ساڵی 1509ی ز، **سەرتاسەری ئێرانی ئەو زەمان و، دیاربەکر و بەغدا و شێروان و، زۆربەی خاکی کوردستانی** خستە ژێردەسەڵاتیەوە. پاشان ئاگادارکرا کەسێک بەنێوی **"شەیبەگخان"** لە نێوچەی **خۆراسان** سەریهەڵداوە و، دەستیکردووە بە شیعەکوژی و خەڵکی شار و هەرێمەکان هاندەدات تا لە دژی شائیسماعیل و سوپاکەی و پێڕەوانی شیعە راپەڕن. **شائیسماعیل** بەپەلە بەرەو **خۆراسان** رۆی و پاش چەند جەنگێکی گران و دژوار، سەرەنجام لە قەلای شاری **مەرڤ** هێزەکەی **شەیبەگ خانی** تێکشکاند و، **شەیبەگ خان** بە دیلی کەوتە دەستی شائیسماعیلەوە.

**شائیسماعیل** بەدەستی خۆی **شەیبەگ خانی** کوشت، ئەوجا روویکردە سوپاکەی و گوتی: **"هەر کەسێک منی خۆشدەوێت، دەبێ لە گۆشتی دوژمنی من بخوات"**. لە گەڵ بیستنی قسەکانی **شائیسماعیل**، دەروێش و سەربازەکان پەلاماری لاشەکەی **شەیبەگ خانیان** دا و، بە خەنجەر و چەقۆ و. چنگ و ددان،

بەربوونە لێکردنەوەی گۆشتی لەشی و، لەسەر رفاندنی گۆشت و پێشە و پەلانەکەی بوو بە شەڕ و، چەندین دەروێش و سۆفی و سەرباز بەدەستی یەک بریندار بوون. هێندێک لە سۆفی و سەربازەکان زێڕ و پارەیان دەدا بە یەک بۆ ئەوەی تۆزێ لە گۆشتەکەیان بەرکەوێ. هێزەکەی سەفەویی، دوای کوشتن و خواردنی گۆشتی شەیبەگ خان، ئیدی لە گەڵ خواردنی گۆشتی دیل و کوژراوانی دوژمنیان راهاتن. لەوە بەدواوە هێندێک لە دیلەکان بە زیندوویی دەکرانە کەباب و دەیانخواردن، هێندێکی دیکەیان بە دارەوە شۆڕ دەکردەوە، بە زیندوویی کەوڵیاندەکردن، ئەوجا پارچە پارچەیاندەکردن و لەسەر ئاور دەیانبرژاندن. هێندێک کەسی دیکەشیان لە مەنجەڵی گەورە دادەنا و دەیانکوڵاندن. ئەو دیلانەش کە پیر بوون و، کەڵکی خواردنیان نەبوو لە جێگەی بەرزەوە شۆڕیاندەکردنەوە و بەردێکی گەورەشیان دەبەست بە ملیانەوە.

سەرەنجام **شائیسماعیل**، دوای 23 ساڵ پاشایەتی لە تەمەنی 38 ساڵەیدا مرد. دوای مردنی دەروێش و پێڕەوانی، تەرمەکەیان برد بۆ ئەردەوێڵ و لە تەنیشت گۆڕی شێخ سەفیی باپیرییەوە ناشتیان.

بە خستنەڕووی کورتەی ژیان و بەسەرهاتی شێخ ئیسماعیل، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، کە چۆن مێردمنداڵێکی تەمەن 14 ساڵ، لەخۆی رادیت، لەنێو بێشە و دارسانەکانی باکووری ئێران، چەند هەزار چەکدارێک لەگەڵ خۆی بخا بۆ رزگارکردنی

**ئازەربایجان و سەندنەوەی تۆڵە لە هۆزی ئاقویوونلووی ترکمان کە باوک و برایان کوشتبوو؟ چۆن توانی لە ماوەی چەند ساڵێک نە تەنێ ئازەربایجان، بەڵکوو هەموو ئێران و کوردستانی ئێستا و بەغداش بگرێت و، دەیان نەتەوە بخاتە ژێر رکێفییەوە؟!**

بۆ زانینی وەرامی راست و دروستی ئەم پرسیارە، دەتوانین بڵێین، دوو هۆکاری سەرەکیی لە بەدەسەڵاتگەیاندنی **شێخ ئیسماعیل** دا، رۆڵ و کارکردیان هەبوو:

**یەکەم**، وەک پێشتر ئاماژەمان کردپێی، **شێخ ئیسماعیل** نەوەی شێخی گەورە و بە ناوبانگ (**شێخ سەفییەدین**) بوو کە پاش مردنی گۆڕەکەی ببوو بە شوێنی زیارەت و نەزرگەی ملیۆنان دەروێش و سۆفی و پێڕەوانی و، لە ئازەربایجان و هەموو وڵاتانی دەوروبەر دەچوون بۆ سەر گۆڕەکەی. لەبەر ئەوە بنەماڵەی شێخانی سەفەویی لەنێو خەڵکدا خۆشەویست بوون و رێزی تایبەتیان لێدەگیرا و، وەک بنەماڵەیەکی پیرۆز تەماشایان دەکرا. هەر ئەو رێز و خۆشەویستییەش بوو، کاتێک **شێخ حەیدەر** و کوڕە گەورەکەی لە شەڕی **"ئاققوویوونلوو"** ترکمانیدا کوژران، بەشێک لە دەروێش و سۆفییەکان، **شێخ ئیسماعیل** و براگچکەکەی ئیسماعیلیان شاردەوە و بردیانن بۆ نێو دارسانەکانی باکووری ئێران، بۆ ئەوەی نەکەونە دەستی ترکمانەوە. **شێخ ئیسماعیل**، لە باکووری ئێران، لە کاتێکدا هێشتا 6 ساڵی بوو، لەلایەن مامۆستاکەیەوە، (**شەمسەدینی لاهیجانی**)، بە بیروباوەڕی شیعەگەرێتیی پەروەردەکرا. هەروەها

لەلایەن چەندین مامۆستای دیکەوە فێری هەموو جۆرەکانی شەڕ و جۆری هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵک و دەرویش و سۆفی و پێڕەوانی بنەماڵەکەیان کرا. ئەم کارانە بە تێکڕا، لە پێگەیاندن و ئامادەکردنی لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و توانای جەستە و کەسایەتیی **شێخ ئیسماعیل** کارکردی زۆریان بوو.

**دووەم**، بێگومان، کەسایەتییەکی وەک **شەمسەدینی لاهیجانی** و هەموو ئەوانەی بیریان لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی شێخ ئیسماعیل کردبووەوە، تەنێ مەبەستیان ئەوە نەبووە، بۆ دەربڕینی وەفا و خۆشەویستییان، خزمەتی منداڵەکانی بنەماڵەی سەفەویی بکەن، بەڵکو، ئەو خزمەتکردنە ئامانجێکی گەورەتری سیاسی و نەتەوەیی لە پشت بووە. چۆنکە بە درێژایی چەند سەدەیەک، داگیرکەرانی عەرەب کە سوننە بوون، لە ئێران و وڵاتانی بندەستیاندا هەزاران تاوانی گەورە گەورەیان ئەنجام دابوو. دەیان راپەڕینی گەورە و بچووک لە دژی دەسەلاتدارێتیی عەرەب لە ئێران و کوردستان وەک سەرهەڵدانی **مەنسووری حەلاج** و **سۆرەبەردی کورد** و، **ئەبوو موسلم (بێزادان) کوردی خۆراسان** و **پاپەکی خۆرمدین (کورد)** هەڵگیرسابوون. هێندێک لە خاوەنبیرانی ئێرانیی لەو سەردەمەدا، بیریان لە پەرەپێدانی ئاینزای شیعەگەرێتیی لە ئێران کردەوە کە بتوانێ وەک رێچارەیەکی گرنگ لە دەرکردنی داگیرکەری بێگانە لە ئێران بەکار بهێنرێت. لەبەر ئەوە منداڵێکی وەک ئیسماعیلیان پاراست و پەروەردەیانکرد و بیروباوەڕی خۆیانبردە مێشکییەوە بۆ

ئەوەی لە ڕێگەی بنەماڵەی سەفەوییەوە بە ئامانجی خۆیان بگەن، کە سەرکەوتن و بە ئامانجی خۆیان گەیشتن و بۆ چەندین سەدە، ئێرانیان لە ژێر هەڕەشە و هێرشی دەرەکیی پاراست و دەسیاندرێژکرد بۆ داگیرکردنی وڵاتانی دیکەش لەوانە کوردستان.

زۆربەی ئەو هۆز و گەلانەی کە پاش لەشکرکێشیی سوپای عەرەب بوونە موسڵمان، تەنانەت پێڕەوانی ئاینەکانی دیکەی وەک دیان و، جوولەکەش، ئاینەکەیان خستە خزمەتی گەیشتن بە دەسەڵات و پاراستنی کیان و هۆز و گەلی خۆیان و، داگیرکردنی وڵاتانی دیکە. بەڵام ئەو بیرە لەنێو کورددا چەکەرەی نەکرد و کەسێک، یان کەسانێکی وا هەڵنەکەوتن کە هەوڵبدەن بۆ پەرەپێدانی ئاینێکی جیاواز لە ئاینی دراوسێکانی کورد، کە ببێتە هەوێن و دینەمۆ و هاندەرێک بۆ سازکردنی دەولەت و، پارێزگاریکردن لە خۆیان و ئاین و کولتووره جیاوازەکەیان.

کورد کاتێک ڕوویکردە ئاینی ئیسلام، وەک ترک و فارس و عەرەب و گەلانی دیکە نەیتوانی سوودی لێوەربگرێت، لە بری ئەوە هات بە درێژایی سەدان ساڵ شەڕی نێوان موسڵمانان و خاچپەرستەکان، یان شەری نێوان سوننە و شیعەی سەفەوی و عوسمانلی کرد بە شەڕی خۆی و، بوو بە چۆخەسۆری بەر لەشکر و، کەوتە پێش لەشکری ترک و عەرەب و ترکمان و فارسی موسڵمان و لەو نێوەدا بە ملیۆنان کورد تێداچوون و، کوردستانەکەش کاول و تاڵان و داگیرکرا، بێئەوەی سوودێکی لێ وەرگرێت.

## شاتاماسپی سەفەویی،
## ڕێ بۆ دەسەڵاتی چینی ئاینیی خۆشدەکات!

پاش مردنی شائیسماعیل، کوڕەگەورەکەی بەنێوی **تاماسپ میرزا**، لە تەمەنی دەساڵیدا بوو بە شای ئێران. ساڵانی منداڵی ومێردمنداڵیی، لەلایەن مەلاکانی شیعەوە پەروەردەکرا. لە تەمەنی 19 ساڵیدا، (ساڵی 1533ی ز)، کەسایەتیی ناوداری ئاینزای شیعە **"شێخ زێنەدینی ئەبولحەسەن عەلی"** لە شاری **"نەجەف"** ەوە بانگێشتی ئێران کرد. کاتێک شێخ زێنەدین هاتە ئێران، **شاتاماسپ** فەرمانێکی ڕەسمی دەرکرد و، ناردی بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵەی کۆشکی پاشایەتی و وەزیران و سەردارەکانی سوپا و تێکرای جەماوەری خەڵک.

شا نووسیبووی: "شێخ زێنەدین، زانای گەورەی زەمان و نوێنەر و جێنشینی مەهدی (ئیمام زەمان) ە و تێکڕای دانیشتوانی وڵات بە گەورە و بچووکەوە، دەبێ پێڕەویی لەم بەڕێزە بکەن. کەس نابێ بە تەمابێت، حەزرەتی شێخ سەردانی بکات، بەڵکوو بۆ جێبەجێکردنی هەر کێشە و گرفتێک، دەبێ بچنە خزمەتی بەڕێزیان و داوای لێبکەن ڕێنوێنی و ئامۆژگارییان بکات. نابێ چ کەسێک سەرپێچی لە فەرمان و وتەی بەڕێزتان بکات". پاشان بەشێکی زۆر لە کێڵگە و گوندەکانی عێراقیشی کرد بە نێویەوە.

بە فەرمانی شێخ زێنەدین، لەوە بە دواوە نوێژی ڕۆژانی هەینی بەجماعت لە مزگەوت دەکرا.

تا کاتی پاشایەتیی **شاتاماسپ**، خواردنەوی شەراو و مەی حەرام نەبوو. دەڵێن **شاتاماسپ**، کاتێک تەمەنی دەگاتە بیست ساڵ، **ئیمام رەزا** دێتە خەوی، کە یەکێکە لە دوانزە ئیمامەکانی شیعە و، مەزارەکەی لە شاری مەشهەد لە ستانی خۆراساندایە. پاش بەخەبەرهاتنی بڕیار دەدا تۆبە بکا. رۆژێک دواتر، فەرماندەدا دەرکەی هەموو مەیخانەکان دابخەن و، لەوە بە دواوە نابێت کەس مەی بخواتەوە، چۆنکە حەرامە و هەر کەسێکیش سەرپێچی بکات، سزا دەدریت!

**ئاشکرایە شاتاماسپ خەونێکی واینەدیبوو، ئەم چیرۆکە لەلایەن شێخ زێنەدین (نوێنەری ئیمام زەمان) سازکرا و رۆڵەکەش سپێردرا بە شاتاماسپ، چۆنکە شای ولاتە و کەس ناوێرێ بە قسەی نەکات، یان خەونەکەی بەڕاست نەزانێت!**

**شاتاماسپ** لە ساڵی 1568ی زاین فەرمانی بە مەلای هەموو مزگەوتەکاندا دەبێ لەوە بە دواوە لە کاتی نوێژی **"جماعت"** لەبارەی پیرۆزی و بەسەرهاتی **دوانزە ئیمامەکانی شیعە** بۆ خەڵک بدوێن. لەو رێکەوتەوە مانگی محرم و رووداوی کوژرانی **ئیمام حسێن**، بە فەرمیی بوو بە مانگی ماتەم و شینگێڕان و، خوێندنەوەی شیعر و لە خۆدان. رێ لە بەردەم بڵاوکردنەوەی موسیقا و گۆرانی گیرا. تەنیا ئامێرێکی مووسیقا کە مایەوە، **نقارە (سێ تەپڵە)** بوو لە مانگی رەمەزان و لە بۆنە ئاینییەکاندا لە سەربانی مزگەوتەکان و مەزارە پیرۆزەکانەوە لێدەدرا. **شاتاماسپ** مرۆڤێکی لە رادەبەدەر کۆنەپەرست و دواکەوتوو

وشکەسۆفییەکی کەموێنە بوو. ئامادە نەبوو لەگەڵ دەوڵەتانی ئۆروپا پێوەندیی بگرێ، دەیگوت، کافر و بێدینن. کاتێک "ئانتۆنی جەکسۆن"ی ئینگلیزی لەلایەن مەلەکە و فەرمانڕەوای مۆسکۆوە سەردانی ئێرانی کرد و چووە کۆشکی شاتاماسپ لە شاری قەزوێن، شاتاماسپ، لێی نێزیک نەبووەوە، چۆنکە دەترسا لەشی گلاوبێ و، تووشی گوناح بێت. کاتێکیش ئانتۆنی جەکسۆن لە کۆشک چووە دەرەوە، شاتاماسپ فەرمانیدا شوێن پێی جەکسۆن بە ئاوی گوڵاو بشۆنەوە بۆ ئەوەی ئاسەواری بۆنی لەش و شوێن پێلاوی گڵاوی جەکسۆن لە نێو کۆشک و دەوروبەریدا لە نێو بچێت!

## شائیسماعیلی دووەم

پاش مردنی **شاتاماسپ**، کوڕە گەورەکەی **شائیسماعیلی دووەم** لە ساڵی 1579ی ز، جێی باوکی گرتەوە و لەشاری **قەزوێن** چووە سەر تەختی پاشایەتیی. **شائیسماعیلی دووەم** لە سەردەمی پاشایەتیی باوکیدا، ماوەی بیست ساڵ لە قەڵای **قەهقەهە** لە **خۆراسان** زیندانیکرابوو، چۆنکە بە هاودەستیکردن لەگەڵ چەند میرێکی **قزڵباش**، ویستبووی باوکی لەسەر تەختی شایەتیی لاببا و خۆی بچێتە جێی، کە پیلانەکەی ئاشکرا دەکرێ و، ماوەی بیست ساڵی ڕەبەق لە زیندانی قەڵادا دەبی. لەنێو زینداندا لەگەڵ کۆمەڵێک لە زیندانییەکان کە سوننە دەبن، بەتایبەتیی لەگەڵ کەسێک بەنێوی "میرزا مەخدوم"، دەبێت هاوڕێ. میرزا مەخدوم توانیبووی شائیسماعیلی دووەم لە ڕێبازی شیعەگەرێتیی هەڵگێڕێتەوە و بیکات بە پێڕەوی ئاینزای سوننە. کاریگەریی وتە و ڕێنوێنییەکانی میرزا مەخدوم و، کوێرەوەری و بارودۆخی تاڵ و دژواری نێوزیندان لە ماوەی بیست ساڵدا کەسایەتییەکی توورە و سەرکێش و، مێشکئالۆز و بێبەزەیی لێدروستکردبوو. هەر لە یەکەم مانگی بەدەسەڵاتگەیشتنیەوە میرزا مەخدوم دەکات بە وەزیر و راوێژکاری و، هەموو دەسەڵاتێکیش دەداپێی. پاشان هەموو ئەو وەزیر و کاربەدەستانەی کە لە خزمەتی باوکیدا بوون، لادەبا، یان دەیانکوژێت. ئەوجا براکانی و کەسوکاری خۆی و، هەموو ئەو کەسانە لەنێو دەبات کە گۆممانیان لێدەکات رۆژێک بەربەرەکانێی بکەن، لەوانە، **مستەفا میرزا** تەمەن 20

سالّ، مەحموود میرزا 18 سالّ و ئەحمەدمیرزا 16 سالّی کوشت. براکەی تری عەلی میرزای کوێر کرد. لەنێوان برا و خزمەکانیدا تەنیا محەممەد میرزای برای هێشتەوە، کە ئەویش زگماکی کوێر بوو.

**شائیسماعیلی دووەم**، داوای لە کاربەدەست و سەردارەکانی کرد دانیشتوانی وڵات ئاگادار بکەن نابێ لەوە بەدواوە جنێو و قسەی ناشێرین بە خەڵیفەکانی ئیسلام (ئەبووبەکر و عەمەر و عوسمان) بدرێت. مووچەی مەلای مزگەوتەکانی بڕی و، بە تەما بوو بەرە بەرە یاساوڕێسا و داونەرێتی شیعەگەریی لە وڵاتدا نەهێڵێت. کەسایەتییەکانی شیعە و مەلا گەورەکان لە دژی کەوتنە پیلانگێڕان و لەنێویانبرد. **شائیسماعیلی دووەم** پیاوێکی نێرباز بوو، دەزگیرانەکەی کوڕە ترکمانێکی جوانی مێردمنداڵ بوو بە ناوی **حەسەن بەگی هەلواچی ئۆغلی**. هەموو شەوێک جلوبەرگی کۆنیان دەکردە بەریان بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە، پێکەوە دەچوونە نێو شار. ئیسماعیلی دووەم هەروەها، گیرۆدەی **"فلۆنیا"** بوو، کە تێکەڵاوێک بوو لە تلیاک و حەشیش و مادەی بێهۆشکەری دیکە و وەکو حەب دروستدەکرا و لە قوتووی بچووکدا ساز دەکرا بۆی. سەری قوتووەکان هەموو ئێوارەیەک لەلایەن **حەسەن بەگی** دەزگیرانییەوە لاک و مۆر دەکرا. ئێوارەیەک **پەریخانمی شاژن** بە پێشنیازی چەند کەسێک لە سەردار و وەزیرەکانی شا داوای لە کەنیژەکێکی نێزیک و باوەڕپێکراوی خۆی کرد ژەهر لە حەبەکانی نێو قوتووەکەوە

وەربدا. **شائیسماعیل و حەسەنبەگی دەزگیرانی** وەک هەموو شەوانی دیکە دەچنەوە نێو شار و تا درەنگانێکی شەو، سەرقاڵی رابواردن دەبن و بە خواردنی حەبەکان سەرخۆشدەبن، بەڵام بەهۆی کاریگەریی ژەهرەکە پێش هەڵهاتنی هەتاو، شائیسماعیل بەدەم ئێش و ئازاری زۆرەوە دەمرێ. **شائیسماعیل لە کاتی مردنیدا تەمەنی 43 ساڵ بوو.**

# شا عەباس پەرە بە دەسەلاتی ئیمپراتۆریی شیعە دەدات

شاعەباسی سەفەویی، بە وێنەی باپیری (شائیسماعیل) جگە لەوەی کە رۆڵی گەورەی لە پەرەپێدانی ئاینزای شیعەگەرێتیدا گێڕا، هەروەها سنووری ژێردەسەلاتی حکوومەتەکەی فراوانتر کرد و ئیمپراتۆرییەکی لەنێوچەکەدا پێکهێنا کە ئەوەش راستەوخۆ کارکردی لەسەر بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتیی لەنێو گەلی فارسدا گێڕا. چۆنکە ئەگەرچی نێوی حکوومەتەکە بەنێوی بنەماڵەی سەفەوییەوە بوو، بەڵام زمانی فەرمیی کۆشکی پاشایەتی و هێز و داوودەزگەکانی حکوومەت، زمانی فارسی بوو. نێوەندی دەسەڵاتدارێتیی، بۆ ماوەیەک لە تەورێز بوو، بەڵام دواتر گوێزرایەوە بۆ قەزوێن و، ئەسفەهان کە دوو شاری کۆنی فارسزمانن.

شاعەباس لەساڵی 1591ی ز، چووە سەر تەختی پاشایەتیی. سەرەتا لە تۆڵەی کوشتنی دایکی (خێرولنسا) و براکەی (هەمزە میرزا)، باوکی خۆی خستەزیندانەوە و حەوت کەس لە میرەکانی گەورەی سوپای سەربڕی. لە ساڵی 1595ی ز دوو برا و برازایەکی خۆی کوێر کرد. پاشان مورشد قولیخان گەورەترین سەرداری سوپای ئێرانی کوشت، کە یارمەتی زۆری خۆی دابوو، ببێ بە شای ئێران. شاعەباس بڕوای بە هیچیەکێک لە وەزیر و سەردار و کاربەدەستانی پێشوو نەبوو. لە بەر ئەوە، فەرماندەیەتیی سوپا و بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەتەکەی

سپارد بە نەتەوەکانی گورجی و چەرکەس و ئەرمەنی کە لە جەنگەکاندا بەدیل گیرابوون. دەسەڵاتی بەخشی بە زۆرێک لە هۆزەکانی کورد. لە لۆڕستانەوە تاکوو بەختیاری و کرماشان نێوی "خان" و "سوڵتان"ی پێدان و هەموو دەسەڵاتێکی داپێیان. شاعەباس ئاگاداری پێشکەوتنی پیشەسازیی جەنگیی بوو لە وڵاتانی "فەرەنگ" (ئۆرووپا) و بە پێویستیزانی سوپایەکی مۆدێڕن سازبکا کە بتوانێ تۆپ و تفەنگ بەکار بهێنێ و، هێزوتوانای سوپاکەی پێشبخات. لەبەر ئەوە لەگەڵ دوو برا و گەڕۆکی ئینگلیزیی (ئەنتۆنی سێرلی و رابێرت) کە نێردراوی حکوومەتی بەریتانیا بوون لە شاری ئەسفەهان کەوتە وتووێژ لەگەڵیان. لە ئەنجامدا هەردوولا رێککەوتننامەیان مۆر کرد و بە پێی ئەوە، ئینگلیز سوپایەکی مۆدێرن و هێزێکی تۆپخانە بە پێنجسەت تۆپ و شەستهەزار چەکداری بۆ ئێران سازکرد و، سەردار وەردیخان خاوەنی ئەیالەتی فارس (شیراز)ی بۆ فەرماندەیەتیی هەموو سوپای ئێران دەسنیشانکرد.

شاعەباس موسڵمانێکی توندئاژۆی ئاینزای شیعە بوو. پێنج فەرزە نوێژی نەدەفەوتا. بڕوای زۆری بە خەون و سێحر و فاڵگرتنەوە هەبوو. دەستی بۆ هەر کارێک ببردایە، پرسی بە قورئانخوێن و فاڵچی دەکرد. کاتێک دەچووە شەڕ، کراسێکی درێژی سەوزی لە بەر دەکرد کە هەمووی بە ئایەی قورئان نەخشێنرابوو. لە پێشدا دەستنوێژی دەگرت و لە خودێ دەپارایەوە یارمەتی بدا لە جەنگەکەیدا سەربخات. هەموو

**سالێک  لە ڕۆژی 19 تا ڕۆژی 27ی ڕەمەزان و لە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی "محرم" بە فەرمانی شاعەباس و مەلا گەورەکان، لە ڕۆژانی عاشوورا و تاسووعا و ڕووداوی کوشتنی ئیمام عەلی، لە سەرتاسەری وڵاتدا، ڕێپێوان و ڕێوڕەسمی شینگێران و لە خۆدان و خوێندنەوەی شیعری ئاینی بەڕێوە دەچوو.**

**شاعەباس**، ڕێزی تایبەتی لە مەلاگەورەکان و شارەزایانی ئاینزای شیعە وەک **شێخ بەهادین محەمەد عاملی و میر محەمەدی باقر داماد** دەگرت. لە سەردانیدا بۆ وڵاتان، چەند کەسێک لە مەلا گەورەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد و، بەردەوام گوێی بۆ زانیاری و راوبۆچوونیان رادەگرت. لە مانگی ڕەمەزان و، کاتی شکاندنی ڕۆژوودا، بەسەدان مەلای گەورە و بچووک و فەقێی بانگێشیتی کۆشک دەکرد و، لەگەڵیان نانی دەخوارد و، لەگەڵیان دەکەوتە گفتوگۆ و لێداوانەوە سەبارەت بە ئاین و، وتەی ئیمامەکانی شیعە و  بەسەرهاتەکانیان.

**شێخ بەهادین محەمەد عاملی ناسراو بە شێخی بەهایی، نێزیکترین دۆست و راوێژکاری شاعەباس بوو. شێخی بەهایی، کوڕی شێخ عەبدولسەمەد لە "بعلبک" ی لوبنان هاتبووە دنیاوە و لەسەردەمی حکوومەتی شاتاماسپ دا لە "جبل عامل"ی لوبنانەوە بنەماڵەکەیان هاتبوونە ئێران. شێخی بەهایی لەلایەن** شاعەباسەوە، نازناوی "**شێخولئیسلام**" ی پێدرا و ماوەیەک کرا بە بەرپرسیاری هەموو کاروباری ئاینیی وڵات بەڵام پاش ماوەیەک بە ڕەزامەندیی **شاعەباس**، وازی لە کارەکەی هێنا و،

لەماڵەکەی خۆی دەستیکرد بە نووسینی پەرتۆک و لێکۆڵینەوەی ئاینیی.

**شاعەباس**، پێش ئەوەی ببێ بە شا، **"نەزر"** دەکات، ئەگەر **ئیمام رەزای خۆراسان**، پشتیبگرێ و، ببێت بە شای ئێران، هەتا سەر مەزارەکەی بە پێ دەڕوات. جا بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنە کە دابووی بەخۆی، لە پێتەختەکەیەوە **ئەسفەهان**، بڕیار دەدات بەرەو شاری **مەشهەد** ملی رێ بگرێتە بەر. لەشکر و هۆردوو لەگەڵی دەکەونەڕێ و لەگوندێکی نێزیکی ئیسفەهان بەنێوی **"دەوڵەت ئاوا"**، **شاعەباس**، روو دەکاتە لەشکرەکەی و پێیاندەڵێ: **من نەزرم کردووە و، ئێوە ناچارنین بەپێ ئەم رێیە بپێون. جا سواری هەسپ دەبن، یان بە پێ لەگەڵم دەکەون، ئەوا بڕیار بەدەست خۆتانە!**

لە هەموو ئەو لەشکرەی لەگەڵ شاعەباس بوون، تەنێ سێ کەس توانییان تا **مەشهەد** بەپێ بڕۆن، ئەوانی دیکە لەپێ کەوتن، بە سواری هەسپ درێژەیان بە رێپێوانەکەدا. کەسێک بە ناوی **مەلا جەلالەدین محەمەدی یەزدی** کە ئەستێرەناسی شا بوو، لەڕێدا حیسابی درێژیی رێگەی بە فرسەخ دەکرد و، بۆی دەرکەوت، **شاعەباس**، رۆژی شەش فرسەخ رێدەپێوێت. **کاتێک گەیشتنە شاری مەشهەد، مەلا جەلالەدین بە شا دەڵێ: "قوربان، پاش بڕینی 199 فرسەخ رێگە، لەماوەی بیست و حەوت رۆژدا، نەزرەکەی خۆتان بەجێهێنا!".**

**شاعەباس**، ماوەی چەند مانگ لە شاری **مەشهەد** دەمێنێتەوە و هەموو رۆژێک دەچێتەسەر گۆڕی ئیمام رەزا و حەوشە و بەردەرکی مەزارەکەی گەسک دەدا و دەیشۆاتەوە. هەموو جارێک پاش تەواوکردنی نوێژ، ماوەیەکی زۆر دۆعا دەخوێنێ و لە خودێ دەپاڕێتەوە کە خۆی و دەسەلات و وڵاتەکەی بپارێزێت. ئێواران شەمی نێو هۆدەکان و سەر مەزارەکەی هەڵدەکا و، ئەو ماوەیەی لە مەشهەد دەمێنێتەوە، جگە لە پەرستکاری و خزمەتی مەزاری **ئیمام رەزا**، هیچ کارێکی دیکە ئەنجامنادات

## شاعەباسی سەفەویی
## (سەگی بەر دەرگەی مەزاری ئیمام عەلی)

ڕێز و خۆشەویستیی شاعەباس بەرامبەر ئیمامی عەلی، لە خۆشەویستییەکی ئاسایی تێپەڕاندبوو، گەیشتبووە ڕادەیەک کە فەرمانیدا لە سەر مۆری فەرمیی پاشایەتیی بنووسرێت "شاعباس کلب آستان علی"، (شاعەباس سەگی بەر دەرگەی ماڵی عەلی). لە ساڵی 1016ی کۆچی – مانگیدا زۆربەی موڵک و کێڵگە و باخ و داهاتی خۆی لە مەڵبەندەکانی قەزوێن و کاشان و ئەسفەهان، بەخشی بە ئیمام عەلی و ڕایگەیاند: هەرچییەک داهاتی ئەم مەڵبەندانەیە، تەرخانبکرێت بۆ خزمەتی بژێویی ژیانی زانایانی ئیسلام و مەلاکانی وڵات و چاککردنی مەزاری ئیمامەکانی شیعە و پەرەپێدانی ئاینزای شیعە. ساڵی 1017ی کۆچی-مانگی، بەشێک لە زێڕوزێوی نێو کۆشکی خۆی نارد بۆ شاری نەجەف بۆ پەرەپێدان و ڕازاندنەوەی مەزاری ئیمامی عەلی. لە خۆشەویستی شاری نەجەف، گوندێکی لە نێزیکی ئەسفەهاندا سازکرد و، ناویلێنا "نەجەف ئاباد".

شاعەباس ساڵی 1603ی زاین بەرەو ئازەربایجان لەشکری کێشا و لە کۆتایی وەرزی بەهاردا هۆردووی تورکانی لە تەورێز شکاند و لە هەموو ئازەربایجان دەریپەڕاندن و شوێن لەشکری شکاوی عوسمانی کەوت و، توانی ئەرمەنستان و وان و دیاربەکر و هەموو باکووری کوردستان لە ژێرچنگی عوسمانی بێنێتەدەر و داگیریان بکات. ئەوجا لە ساڵی 1608 دا گەورەترین قەڵای ترکانی لە مەڵبەندی "شێروان" گرت. پاش داگیرکردنی ئەو

**مەڵبەند و وڵاتانە، دەستکرا بە پرۆپاگەندەکردن بۆ ئاینزای شیعە و، هانی خەڵکیان دەدا، ببن بە شیعە.**

**سیاسەتی شاعەباس بەرامبەر نەیاران و دوژمنەکانی زۆر دڕندانە و بێبەزەییانە بوو. کوێرکردن، بڕینی گوێ و زمان، کەوڵکردنی مرۆڤ بە زیندوویی، هەڵواسین، لەسێدارەدان، زگهەڵدڕین بە شمشێر، کەبابکردنی لەش و سووتاندن و ... هتد، لەریزی ئەو شێوازە کوشتنانە بوون شاعەباس بەرامبەر دوژمنەکانی خۆی و بەرامبەر هەر کەسێک ئەنجامیدەدا کە بیویستایە قسە لە قسەیدا بکات. بۆ نموونە پاش داگیرکردنی گورجستان هەزاران کەسی لێکوشتن، ژمارەیەکی زۆریشی لێ بەدیلگرتن و لە مازندەران نیشتەجێی کردن. ئەوجا فەرمانیدا حاکمی گورجستان کەوڵکرا و، پێستەکەیان پڕکرد لە "کا" و بەسواری هەسپ، بەنێو شار و گوندی مەڵبەندەکانی گورجستان و مازندەران و گێلان دا گێڕایان.**

# سۆفییەکانی مرۆڤخۆری شاعەباسی سەفەویی

ژمارەی بکوژ (جەللاد) ەکانی شاعەباس، پێنجسەت کەس بوون. دەستەیەک لەنێو ئەم پێنجسەت کەسەدا هەبوون کە پێیاندەگوتن: "چیکیین" (گۆشتی کاڵخۆر). ئەمانە گۆشتی مرۆڤی زیندانیکراو و دوژمنەکانی شایان بە کاڵی دەخوارد. ئەم شێوازی لەنێوبردنی نەیارانی شا لە سەردەمی مەغۆلەکان و لە سەردەمی باپیری شاعەباس، واتە شائیسماعیلەوە بە میرات مابووەوە. کاتێک تاوانباران و دوژمنەکانی شاعەباسیان تەسلیم بە حاکمی زیندان دەکرد، لەسەر خواردنی گۆشتەکی گەلێکجار لەنێو سۆفییەکانی شکەنجەکار و بکوژەکانی نێو زینداندا دەبوو بە شەڕ و لێکدان. دیلەکانیان یەکە یەکە دەهێنا و وەک گەلەچەقەڵ و کەمتیار بە ددان و بەگاز لووت و گوێ و سنگ و ران و گۆشتی لەشیان لێدەکردنەوە و، دەیانخواردن.

جەلالەدین محەممەدی یەزدی ئەستێرەناسی تایبەتی شا عەباس بوو لەبارەی نموونەی خواردنی مرۆڤ بە زیندوویی نووسیویەتی: لە ساڵی 1602ی ز، لە دەوروبەری شاری "بەلخ" سەربازەکانی شاعەباس بە فەرماندەیەتیی "یار محەمەد میرزا"، چەکدارێکی حاکمی ئۆزبەکستانیان بە دیلگرت و چەند پرسیاریان کردلێی بەڵام چەکدارەکە سەریداخست و وەرامیانی نەدایەوە، هەڕەشەی کوشتنیان کردلێی، بەڵام دیسان ئامادە نەبوو زاری بکاتەوە. بە فەرمانی سەردار یارمحەمەد میرزا، سەربازەکان رژان بە سەریدا و بە زیندوویی خواردیان!

# شاعەباس عێراقی داگیر کرد

شاعەباس لەساڵی 1022ی قەمەری (1615ی ز) دا، کوژرانی سوڵتان عوسمانخان-سوڵتانی عوسمانیی بە هەلزانی بۆ داگیرکردنەوەی شاری بەغدا کە لە سەردەمی شاتاماسپەوە، کەوتبووە دەستی ترکەوە. لە ماوەی چەند رۆژێکدا بەغدای داگیرکرد و، لەوێوە چووە شاری نەجەف بۆ سەردانی مەزاری ئیمامی عەلی. ماوەی دەرۆژ لە بارگە و مەزاری ئیمام عەلی بە کاری گەسکلێدان و نوێژخوێندن و پەرستکارییەوە بردەسەر. سەرتاسەری حەوشە و گومەز و نێو مەزار و هۆدەکانی بە مافوور و زێڕ و زێو و چرای رەنگاورەنگ رازاندەوە. پاشان فەرمانیدا ئەو جۆگە ئاوە خاوێن بکرێتەوە کاتی خۆی لە سەردەمی باپیری (شائیسماعیل) دا لە چۆمی فوراتەوە کێشرابوو بۆ شاری نەجەف و، بە لم و چەو و بەرد پڕ کرابووەوە. فەرمانی شاعەباس جێبەجێکرا و، پاش ساڵانێکی زۆر دیسان ئاوی فۆرات بەرەو نەجەف و کوفە راکێشرایەوە. شاعەباس ماوەی دەساڵ لە عێراق مایەوە. لەو ماوەیەدا مەزاری ئیمامەکان و مزگەوتی شیعەکانی لە نەجەف و کەربەلا و، کازمین و سامرە چاککردەوە. پارە و زێڕێکی زۆریشی بەخشی بە مەلاکان و، خەڵکی هەژار و رەشوڕووتی شیعە.

لە ساڵی 1622ی زاینیدا، چەند پاپۆڕێکی جەنگیی سەر بە وڵاتی پرتەقاڵ (portugal)، لێوارەکانی شاری گومبرۆن و جاسک و دوورگەی "قشم"یان داگیرکرد کە لە کەنداو

هەڵکەوتووە. **شاعەباس**، خاوەنی هێزی زەریایی نەبوو، لەبەر ئەوە بۆ دەرکردنی هێزەکەی وڵاتی پرتەقاڵ، داوای یارمەتی لە دەوڵەتی **بەریتانیا** کرد و،داوای لێکردن، با هێزی بەریتانیا لە جێی هێزی **پرتەقاڵ** لەو شوێنانەدا نیشتەجێ بێ، بە مەرجێ هێزەکەی **پرتەقاڵ** لە کەنداو راماڵ بدا! **بەریتانیا** بە مەرجەکەی **شاعەباس** رازیبوون و لە ماوەیەکی کورتدا هێزەکەی پرتەقاڵیان دەرپەڕاند و خۆیان لە شوێنیان نیشتەجێبوون. بەم شێوەیە بەریتانیا هەر لەسەرەتای سەدەی شانزەوە لە نێوچەی کەنداو سەریهەڵداوە. پاش ئەو سەرکەوتنە بەسەر پرتەقاڵییەکاندا، **شاعەباس**، نێوی **"گۆمبرۆن"** (کە ناوێکی کوردییە) گۆڕی و نێوی **"بندر عباس"**ی لەسەر دانا.

**شاعەباس، لەساڵی 1630ی زاینیی، لە تەمەنی شەست ساڵیدا کۆچی دواییکرد. پاش مردنی شاعەباس، کوڕەکانی کە ناویان شاسەفی و شاعەباسی دووەم و شاسلێمان بوو، بە کوشتنی برا و کەسانی نێزیکی خۆیان و پیلانگێڕانی ئەندامانی بنەماڵە لە دژی یەکدیی، درێژەیان بە دسەڵاتدارێتیی سەفەویی دا.**

## هێرشی ئەفغانەکانی سوننە و،
## رووخانی ئیپمراتۆرێتی سەفەویی!

**سوڵتان حسێن** لەساڵی 1694ی زاینیدا بوو بە شای ئێران. مامۆستای تایبەتی سەردەمی منداڵیی **سوڵتان حسێن**، ناوی **شێخولئیسلام محەممەد باقری مەجلسی** بوو. دوای ئەوەی **سوڵتان حسێن** لە تەمەنی 26 ساڵیدا بوو بە شا، **محەممەد باقر مەجلسی** کرا بە سەرۆکی زانایانی شیعە و هەموو کاروباری ئاینیی وڵات. **باقر مەجلسی**، لەماوەی ژیانیدا پتر لە شەست بەرهەمی نووسی. **"بحارالانوار"** لە (26 بەرگ)، **"حلیة المتقین"**، **"حیات القلوب"** و **"زادالمعاد"**، لەڕیزی ئەو پەرتۆکانە بوون کە نێوبانگیان لەنێو کۆڕوکۆمەڵی ئاینزای شیعەدا بڵاوبووەوە و، بۆ وانەی قوتابخانەکانی ئاینیی لە **ئێران** و شارە پیرۆزەکانی شیعە لە **عێراق** دەسنیشانکران. لەسەردەمی سوڵتان حسێندا، بەوێنەی سەردەمی شائیسماعیلی یەکەم، هێرش و سووکایەتیکردن و کوشتنی لایەنگرانی ئاینزای سوننە و ئاینەکانی دیکەی وەک مەسیحی و جوو و زەردەشتی دەستیپێکردەوە. بە هەزاران توندڕەوی شیعە، هەموو رۆژێک پەلاماری پێڕەوانی ئاینەکانی دیکەیاندەدا، مزگەوت و کلێسەیان دەڕووخاندن و ناچاریاندەکردن ببن بە شیعە. هەزاران زەردەشتی بە زۆری دار و شکەنجە لە ئاینی خۆیان وازیان هێنا و، بوون بە شیعە. حاکمی دەستنیشانکراوی **سوڵتان حسێن** لە ئەفغانستان **(گورگین خان)** لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵە و، سەردارەکانی، ڕێیان

له پێڕەوانی ئاینزای سوننە دەگرت بۆ چوونە مزگەوت و، جنێو و لەحنەتیان دەنارد بۆ خەڵیفەکانی ئیسلام (**عومەر و ئەبووبەکر و عوسمان**). سووکایەتییان بە پیاو و ژن و منداڵیان دەکرد، ئەمەش زەوینەی خۆشکرد بۆ پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و سەرهەڵدانی جەماوەریی.

سەرۆکهۆزی **غەلجای ئەفغان** ناوی **میروەیس غەلجایی بوو**، سەرۆکایەتیی ڕاپەڕینی خەڵکەکەی گرتەدەستی و توانی لە ساڵی 1121 ق دا **گورگین خان** بکوژێت و هەموو هێزی چەکداری ئێران لە مەڵبەندەکەی ڕاماڵدا و سەربەخۆیی **ئەفغانستان** ڕابگەیەنێت. پاش مردنی **میروەیس** براکەی **عەبدولعەزیز** هاتەجێی بەڵام برازاکەی (**مەحموودخان**) بە پشتیوانیی کۆمەڵێک لە میرەکان و سەرۆکهۆزەکانی ئەفغان، بوو بە جێنشینی **میروەیس غەلجایی** و **عەبدولعەزیزیان** لەنێوبرد. هۆی ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، **عەبدولعەزیز** لەگەڵ شای ئێراندا پەیمانی ئاشتی بەستبوو، کە ئەمەش بە دڵی **ئەفغانەکان** نەبوو. ئەفغانەکان بە سەرۆکایەتیی **مەحموودخان** هێرشیانکردە سەر خاکی دەوڵەتی سەفەوی و لەماوەی دوومانگدا سەرتاسەری **خۆراسانیان** داگیرکرد. خەڵکی **داغستان** ڕاپەڕین و نێوچەی خۆیان ڕزگارکرد و هێرشیانکردە سەر شاری **شێروان** و تالانیان کرد. دەولەتی **عوسمانلی** دۆخی شێواوی حکوومەتی **سەفەویی** بە هەلزانی و سەرلەنوێ **ئازەربایجان و تەوریزی** داگیر کردەوە و هەزاران پێڕەوی ئاینزای شیعەی لەنێوبرد. **مەحموودخانی ئەفغان** لە **خۆراسانەوە**

ڕێکەوت و یەکبەیەکی شارەکانی ئێرانی داگیر کرد و، لە مانگی ڕەشەممەی ساڵی 1722ی زاینیدا گەیشتە پشت دەروازە و شوورە و خەنەقەکانی چواردەوری ئەسفەهان و پێتەختی حکوومەتی سەفەویی گەمارۆدا. گەمارۆدانی شاری ئەسفەهان نێزیکەی هەشت مانگی خایاند. لە ماوەی ئەو هەشت مانگەدا، ئەفغانەکان ڕێگەیان لە هاتنی خواردەمەنیی بۆ نێو شار گرت. بەرە بەرە برسێتی و قاتوقڕیی کەوتە نێو شارەوە.

کەسێکی ئەرمەنی بەناوی "پۆترۆس دی سەرکیس گیلانتز" لە کاتی گەمارۆدانی شاری ئەسفەهاندا لەوێ بووە و، ڕووداوەکانی نووسیوە و، دواتر لەلایەن "دوکتۆر کارۆ میناسیان"ەوە لە ئەرمەنییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و ساڵی 1344ی هەتاوی (1965ی ز) یش، لەلایەن محەممەد مهریارەوە کراوەتە فارسی، لە چاپخانەی ئەسفەهان لە چاپدراوە.

"پۆترۆس دی سەرکیس گیلانتز" باسی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی بەم شێوەیە خستووەتەڕوو:

"ڕۆژی 21ی مارسی 1722 مەحمووی ئەفغان لەگەڵ لەشکرەکەی کە دەهەزار کەس بوون گەیشتنە نێزیکی ئەسفەهان. لە پێشدا، هەموو ڕێگەکانی بردنی خواردەمەنییان بۆ نێو شار گرت. لە مانگی جۆزەرداندا هیچ دانەوێڵەیەک لە شاردا نەما و هەمووی خورا. خەڵکەکە بەرەبەرە ڕوویانکردە سەربڕینی مەڕ و مانگا و هەسپ و وشتر. مانگێک دوای ئەوە بۆ ڕزگاربوون لە برسێتیی، دەستیانکرد بە خواردنی گۆشتی کەر و سەگ و پشیلە

و مشک و هەر گیانداڕێک بەردەستیان بکەوتایە. ئەوانەی کە هیچ خواردنێکیان دەستنەدەکەوت، پێستی حەیوانی مردوو، یان پێلاوی کۆنیان دەکوڵاند و دەیانخوارد. دەیان بنەماڵە منداڵی ساوا و بچووکی خۆیان لە مەنجەڵدا دەکوڵاند، یان دەیانکردن بە کەباب و دەیانخواردن. شاحسێن دوای راوێژکردن لەگەڵ چەند کەسێک لە سەردارەکانی، تەتەرێکی نارد بۆ لای مەحمووخانی ئەفغان و، ئاگاداریکرد:

"شاحسێن ئامادەی ئاشتییە و، بۆ نیشاندانی نیازپاکیی، سەد هەزار تمەن پووڵ و هەرێمی کرمان و خۆراسان دەدات پێتان. هەروەها شاحسێن کچێکی دەدات بە میری ئەفغان، بەمەرجێ پێکەوە ئاشتی بکەین و ئەم شەڕو خوێنڕشتنە لە نێوانماندا نەمێنێ!"، بەڵام مەحموودخان پێشنیازەکانی شاحسێنی قبووڵ نەکرد، داوای لە شاحسێن کرد خۆی بدات بەدەستەوە و حکوومەتەکەشی تەسلیم بکات. دوای چەند رۆژ شاحسێن ملیدا و لە رۆژی 25ی گەلاڕێزان مەحموودخان پێینایە شاری ئەسفەهانەوە. بەشێک لە چەکدارەکانی ئەفغان لە پێش مەحمووخانەوە بە سواری هەسپ بەرەو کۆشکی شاحسێن دەڕۆیشتن و، جنێویان بە شاحسێن و، ئاینزای شیعە دەدا. بەو چەشنە، لەساڵی 1722ی زاینیی، دوای 215 ساڵ، ئیمپراتۆریی سەفەویی بە هێرشی ئەفغانەکانی سوننە بە سەرۆکایەتیی مەحمووخانی ئەفغان هەرەسیهێنا و رووخا.

مەحمووی ئەفغان ڕێیدا شاحسێن لەگەڵ چوار لە ژنەکانی و سی و پێنج منداڵی لە کۆشکی پاشایەتیدا بمێنێتەوە، هاوکات خستیانییە ژێر چاودێریی بەردەوامی خۆی و سەردارەکانییەوە. مەحمووی ئەفغان، یەکێک لە کچەکانی "سوڵتان حسێن"ی لە خۆی مارەکرد. دوانزە خوشک و ژن و کچی دیکەی شاحسێن، لەگەڵ دەیان کەنیژەکی کۆشکی سەفەویی، بەسەر میر و سەردارەکانی ئەفغان دابەشکران. مەحمووخان دوای دابەشکردنی ڕەگەزی مێینەی کۆشکی سەفەویی، ئەوجا دەرگەی خەزێنەی حکوومەتی کردەوە و، دەسیگرت بەسەر چوار هەزار تمەن پووڵ و هەزاران کیلۆ زێڕوزیو و شتومەکی بەنرخ.

حکوومەتی سەفەویی دوای تێپەڕبوونی پتر لە دوو سەدە رووخا و هەزاران ئەفغان لە ئەسفەهان و شارەکانی پێشووی بندەسەڵاتی سەفەویی نیشتەجێکران زۆربەی کەسایەتی و ئایەتۆڵڵا و مەلاکانی شیعە بۆ ئەوەی نەکەونە دەست لەشکری ئەفغانەوە، بەرەو عێراق هەڵاتن، سەرەڕای ئەم شکستە گەورەی ئیمپراتۆریی سەفەویی کە هاوکات شکستێ گەورەش بوو بۆ چین و پێرەوانی ئاینزای شیعە، لێ بە هۆی چالاکیی بێوچانی چینی ئاینیی لە ماوەی (200) ساڵێکدا بیروباوەڕی شیعەگەرێتیی بە ڕادەیەک ڕەگ و ریشەی لەنێو فەرهەنگ و داونەرێتی کۆمەڵگەی بندەسەلاتی سەفەویدا داکوتابوو هیچ هێزێک نەیدەتوانی ئاین یان ئاینزایەکی دیکەیان بەسەردا بسەپێنێت. سووکایەتی و بێڕێزیکردنی ئەفغانەکان بەرامبەر پێڕەوانی شیعە و داگیرکردنی

سامانیان و رفاندنی کچ و ژنەکانیان زەوینەی خۆشکرد بۆ ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریی لە دژی دەسەلاتداریێتیی مەحموودخانی ئەفغان. لەم پێوەندەدا مەلاکانی شیعە، دەوری گرنگیان لە هاندانی خەڵک دژی ئەفغانەکان دەگێڕا. لە مانگی جۆزەردانی ساڵی 1724زاینیی، کوڕی سێیەمی **سوڵتان حسێن** (**تاماسپ میرزا**) لەگەڵ دەستەیەک لە جەنگاوەر و پاسەوانی لە ئەسفەهان رایکرد و خۆیگەیاندە قەزوێن و، لەوێ لەنێو ئاپۆرەی خەڵکدا، بە ناوی شای سەفەوییەوە گوتاریدا.

مەحمووخان، ترسی لێنیشت و، دەیزانی کە ناڕەزایەتیی شارەکانی ئێران لە دژیان، دەبێتە هۆی گەرانەوەی سەفەوییەکان بۆ سەر دەسەلاٌت. لەبەر ئەوە، فەرمانیدا جگە لە **شاحسێن**، هەموو شازادەکانی بنەماڵەی سەفەویی سەرببڕن کە ژمارەیان 33 کەس بوون.

مانگێک پاش قەلاچۆکردنی بنەماڵەی سەفەویی، سەردارەکانی ئەفغان بە سەرۆکایەتیی "**ئەشرەف**" کە ئامۆزای مەحمووخان بوو، لە مانگی گەلاویژ (**ئەگۆستی ساڵی 1724ی زاینیی**)، کودەتایەکیان لەدژی مەحموودخان ئەنجامدا و، **ئەشرەف** بە دەستی خۆی، لە تۆڵەی خوێنی باوکی، بە شمشێر سەری مەحموودخانی بڕی.

## سەرهەڵدانی نادر قولی هەوشار (افشار)ی کوردی خۆراسان و، لەنێو بردنی دەسەڵاتدارێتیی ئەفغانەکان!

هاوکات لەگەڵ بەدەسەڵاتگەیشتنی "ئەشرەفی ئەفغان" و بەرزبوونەوەی نارەزایەتیی جەماوەریی لە دژی دەسەڵاتی ئەفغانەکانی سوننە، چەندین شەڕ و پێکدادانی گەورە لە نێوان **تاماسپ میرزا** کوڕی شاحسێن و، **ئەشرەفی ئەفغان** روویدا. لە یەکێک لەم شەڕانەدا کە لە **تاران** روویدا، **تاماسپ میرزا** شکستی هێنا و هەڵات. لەم کاتەدا، لاوێکی دانیشتووی کوردستانی خۆراسان بەنێوی **نادر قولی**، توانی ژمارەیەک لە پیاوانی هۆزی **هەوشار و جەلایر** لەخۆی کۆبکاتەوە و، پاش راماڵدانی **ئەفغانەکان** لە مەڵبەندەکانی دەستکرد و **کەلات و ئەیبورد** کە دانیشتوانەکەی **کورد بوون**، ببێ بە حاکم و دەسەڵاتداری نێوچەکە. **تاماسپ میرزای سەفەویی** کاتێک ئازایەتی و لێهاتوویی نادرقولی کەوتە بەرگوێی، داوایکردلێی یارمەتی بدا کە بتوانێت بەسەر ئەفغانەکاندا سەرکەوێت. نادرقولی داواکەی **تاماسپ میرزای** پەسندکرد و، یەکەم شوێنیک بڕیاریاندا ئازادی بکەن شاری **مەشهەد** بوو کە شارێکی گەورەی بازرگانی بوو، هەروەها بە هۆی مەزاری **ئیمام رەزا** لە شارەکە، بۆ شیعەکانیش شارێکی پیرۆز بوو.

**نادر قولی و شاتاماسپ**، دڵنیابوون دانیشتوانی شاری مەشهەد لە بەرامبەر ئەفغانەکاندا پشتگیرییان لێدەکەن. لە ساڵی 1726ی ز پێشبینییەکەی **نادرقولی** راستدەرچوو، بە

**پشتیوانیی خەڵک، هێزی ئەفغانیان لە شاری مەشهەد تێکشکاند و هەموو خۆراسان رزگارکرا. پاشان لە زنجیرەیەک شەڕوشۆری بەردەوام کە سێ ساڵی خایاند، لە هەموو بەرەکاندا هێزەکانی ئەفغان شکستی خوارد، لە دوانەبەردی گەورەشدا کە لە نێزیکی ئەسفەهان روویدا نادر قولی بە سەریاندا سەرکەوت و، لە ساڵی 1729ی زایندا، کۆتایی بە دەسەڵاتداریێتیی حەوتساڵەی ئەفغانەکان هێنرا.**

# نادر قولی کێ بوو؟

نادرقولی، کوڕی ئیمامقولی لە بنەمالەیەکی جۆتکار لە هۆزی "هەوشار" لە ساڵی 1688ی زاینی هاتە دنیاوە. هۆزی هەوشار، لە دوو تیرەی کوردی قاسملوو، ئەرخلوو پێکهاتوون و لە بنەڕەتدا دانیشتووی پارێزگەی ورمێن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. شاعەباسی یەکەمی سەفەویی، تیرەی ئەرخلوو و چەند هۆزێکی دیکەی لە گەڕووسی بیجاڕ و نێوچەکانی دیکەی کوردستانەوە ڕاگواست بۆ خۆراسان و مازندەران کە لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران هەڵکەوتوون بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لە هاتنی هۆزەکانی ئۆزبەک و تورکمانەکان بکەن و سنووری حکوومەتی سەفەویی بپاریزن. وشەی هەوشار بە مانای "چالاک و شارەزای ڕاو و شکارە". ئەوڕۆکەش ئەم هۆزە لە خۆراسان و مازندەران و، لە نێزیکی شاری تیکاب و لە نێوچەی هەوشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها لە دەروبەری پاریزگەی ورمێ لە ڕۆژهەڵات نیشتەجێن.

نادرقولی دوای تێکشکانی ئەفغانەکان، هەموو ئەفغانستانی داگیرکرد و ئەشرەفی ئەفغانی لە بەلوچستان کوشت و هەموو ئێران و ئەفغانستانی خستە ژێر دەسەڵاتییەوە، ئەوجا لە ساڵی 1728ی ز، بەرەو هێندستان لەشکری کێشا و ئەو وڵاتەشی داگیرکرد و، کارەساتێکی گەورەی بەسەر دانیشتوانەکەیدا هێنا و پتر لە سەت و بیست هەزار ژن و منداڵ و لاو و پیری هێندستانی قەڵاچۆ کرد و 800 سەرکردەی پێشووی ئەفغانی لە شاری دێلهی

لە سێدارەدا کە بۆ هێندستان رایانکردبوو. سەدان کۆشک و پەرستگەی وێران کرد و، پاش تالانکردنی زێڕوزیو و کەل و پەلی بە نرخی هێندییەکان، چوو بۆ ئەسفەهان.

نادر قولی لە گەڕانەوەیدا بۆ شاری ئەسفەهان، نەخشەی کێشا کە بۆخۆی ببێت بە شای ئێران، لەبەر ئەوە بە نهێنیی و بە یارمەتیی کوڕەکەی (رەزاقولی)، شاتاماسپی دووەمی سەفەوییان کوشت و، کۆتایی بنەماڵەی سەفەویی هێنا. ئەوجا بەرەو ئازەربایجان لەشکری خستەڕێ و، ساڵی 1731–1732 سوپای عوسمانیی لە هەموو ئازەربایجان دەرپەراند و، گورجستانیشی داگیرکرد. ئەوجا بەرەو بەغدا رۆیی و پاش تێکشکاندنی سوپای عوسمانی بەغدا و هەموو عێراقی داگیرکرد.

لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1735ی ز، نادرقولی، هەزاران سەرکردەی هۆزی گەلان و سەرۆک و پێشەوای ئاینەجیاوازەکانی لە دەشتی "مۆغان" کۆکردەوە و، سەبارەت بە ژیان و رابردووی خۆی و دامرکاندنەوەی ئاژاوە و لەنێوبردنی هێرشی دوژمنان بۆ سەر وڵاتی سەفەویی قسەیکرد بۆیان، لە کۆتاییدا گوتی، دەیەوێت واز لە دەسەڵات بهێنی و داوای لە هەموو کەسایەتییەکان کرد، کەسێک هەڵبژێرن بە شای وڵات کە بتوانێ لەمە بە دواوە پارێزگاریی لەو کیشوەرە بکات کە پێی دەسپێردرێت. تێکرای بەشدارانی کۆڕەکە، تکایان کردلێی خۆی ببێت بە شا، چۆنکە جگە لە ئەو چ کەسێکی دیکە شایانی ئەو پلە و پایە نییە. نادر لە وەرامیاندا گوتی: "باشە قەبووڵی

دەکەم، بەڵام مەرجێکم هەیە، ئەگەر دەتانەوێ من ببم بە شای ئێران، دەبێ شەڕ و خوێنڕشتن لە نێوان شیعە و سوننە کۆتایی پێ بهێنرێت!". تێکرای بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە مەرجی نادر رازیبوون و، نادر تانجی پاشایەتیی کردە سەر و، بوو بە شای وڵات.

لە مێژووی پاشاکانی کۆن و، لەسەردەمی نادرقولی خۆیدا، ئەمە یەکەمجار بوو، کەسێک لە ڕێگەی راپرسی و هەڵبژاردنەوە ببێت بە شای وڵاتێک. نادر بەو کارەی نەتەنێ پیرۆزیی بنەماڵەی شا و شازادە و میرەکانی وڵاتانی شکاند، بەڵکوو لە دەسەلاتی مەلاکانیشی دا کە لە کۆمەڵگەی ئێرانی ئەوسادا، بۆ ماوەی پتر لە دوو سەدە، شاکانی سەفەویی لە باوکەوە بۆ کوڕ، لەلایەن مەلاکانەوە پەروەردە دەکران و، فێردەکران پارێزگاریی لە بەرژەوەندیی چینی ئاینی و حکوومەتی شیعە و پەرەپێدانی ئاینزای شیعەبکەن.

نادرشا ئەگەرچی بە پشتیوانیی بەرینی لایەنگرانی حکوومەتی رووخاوی سەفەوی و دەیانهەزار پێڕەوانی ئاینزای شیعە بە دەسەڵات گەیشت، بەڵام بۆخۆی بڕوای بە ئاین نەبوو. پاش ئەوەی بوو بە شا هەموو ئەو بووجە و سەرچاوە ئابوورییانەی پشتگوێخست کە لە سەردەمی سەفەویدا بۆ چینی مەلاکان تەرخانکرابوو. ئەوەش بە دڵی مەلاکانی شیعە نەبوو، بەردەوامبوونی دەسەڵاتی نادر و ئەندامانی بنەماڵەکەی، زیانی گەورەی لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان دەدا،

لەبەر ئەوە مەلاکان، کەوتنە پرۆپاگەندەکردن و پیلانگێڕان لە دژی نادرشا.

**هەڵەی گەورەی نادرشا ئەوەبوو، دوژمنایەتییەکی بێسنووری لەگەڵ هۆزەکوردەکانی خۆراساندا دەکرد، چۆنکە هۆزەکانی خۆراسان، کە لە سەردەمی حکوومەتی سەفەویی ئازاری زۆریان چەشتبوو، هاوکاریی نادر و، شاتاماسپی دووەمیان نەکرد بۆ لێدانی ئەفغانەکان و شامەحموودی سیستانی.** هەروەها بە هۆی ئەوەی کە نادرقولی کوڕە جۆتکارێکی هەژار بوو، سەرۆکهۆزە کوردەکانی خۆراسان کە لە نێوخۆیاندا بەرە و یەکێتییەکی پتەویان سازکردبوو ئامادە نەبوون بچنە ژێر رکێفی نادرەوە، **ئەمەش شەڕ و ناکۆکیی نێوان نادر و هۆزە کوردەکانی خۆراسانی لێکەوتەوە، لە کوردستانیش هۆزەکانی بلباس و موکریان و بەختیاری و لوڕ، تا کوژرانی نادرشا، لەگەڵ هێزەکانی نادر لە شەڕدا بوون.**

ساڵی 1746 راپەڕینێکی مەزن لەلایەن کوردی خۆراسان بە سەرۆکایەتیی **"حەمەحسێنخانی زەعفرانلوو"** لە دژی ستەم و ئازاری کاربەدەستان و سوپای نادرشا هەڵگیرسا و، لە ماوەیەکی کەمدا "رادکان" و "قۆچان" و هەموو خۆراسانی گرتەوە. هەزاران سەربازی کورد و، دەیان هۆزی گەورەی کورد، سوپای نادریان جێهێلا. **نادرشا** لەو کاتەدا چووبوو بۆ **رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەرکوتکردنی هۆزەکانی کەلهوڕ و لوڕ و بەختیاریی،** لەترسی رووخانی حکوومەتەکەی و داگیرکرانی

شاری **مەشهەد** لەلایەن کوردانەوە بە پەلە گەڕایەوە بۆ **خۆراسان** بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینەکە. لەگەڵ گەیشتە **خۆراسان** دەستیکرد بە کوشتنوبڕین و سووتاندنی گوندەکان. بۆ داگیرکردن و لەنێوبردنی دانیشتوانی شاری قۆچان، لە نێزیکی ئەو شارە هۆردووی لێدا، بەڵام پێش ئەوەی بە مەبەستی بگات، لە شەوی یەکشەمەی مانگی خەزەڵوەری ساڵی 1747ی ز، **لە "فەتحئاوا" ی قۆچان، کە لە نێوچەی کوردەکانی خۆراسان** هەڵکەوتووە، چەند سەردارێکی کورد بۆ کۆتاییهێنان بە کوشتوبڕی گەلەکەیان لەلایەن نادرەوە، رژانە نێو خێوەتەکەیەوە و بە خەنجەر و شمشێر ئەنجن ئەنجنیان کرد و سەریان لە لەشی جیاکردەوە و سەری براویشیان نارد بۆ **شامەحموودی سیستانی** کۆنە دوژمن و نەیاری **نادرشا**.

دوای کوژرانی **نادرشا**، یەکێک لە سەردارەکانی بە ناوی **ئەحمەدخانی درانی** بەنیازی سەندنەوەی تۆڵەی خوێنی **نادرشا**، بە سوپایەکی دەهەزار کەسیی کە لە ئەفغان و ئۆزبەک پێکهاتبوون، هێرشیکردە سەر هۆزەکانی کوردستانی خۆراسانێ، بەڵام شکستی گەورەی هێنا و، هەزاران سەربازی لەنێو چوون و بۆ خۆشی بەرەو شاری **"قەندهار"ی ئەفغانستان** رایکرد.

**نادرشا** لە ماوەی 12 ساڵ حکوومەتیدا ئیمپراتۆرییەکی گەورەی سازکرد. سەرەڕای هەموو خراپەکارییەک کە **نادرشا** بەرامبەر بە نەتەوەکەی خۆی ئەنجامیدا، لێ نێوبانگی ئازایەتی و لێهاتوویی نادر وەک کوردێکی هۆزی هەوشاریی بوو بە هۆی

ئەوەیکە بڕوا بەخۆبوون و هەستی مەزنیخوازی و دەوڵەتداریی لە نێو میر و سەردار و سەرۆکهۆزی کورد بەگشتیی پەرە بستێنێت. هەر ئەو هەستەش بوو کە پاش مردنی نادر، یەکێک لە سەردارە کوردەکانی بە نێوی کەریمخانی زەند، لەخۆی رابینی جێی بگرێتەوە و ببێ بە فەرمانڕەوای خاکی سەفەویی.

## بەدەسەڵاتگەیشتنی کەریمخان و،

## دامەزراندنی حکوومەتی کوردیی زەند!

دوا بە دوای کوشتنی نادرشای هەوشاریی، ئاژاوە و پشێویی هەموو وڵاتی گرتەوە و، ئەو گەلانەی وا خاکەکەیان لەلایەن نادرشاوە داگیرکرابوو، لەدژی فەرمانڕەوای دەستنیشانکراوی نادر و سوپاکەی راپەڕین. هاوکات بە مەبەستی بەدەستەوەگرتنی حکوومەتەکەی، ناکۆکی و شەڕ و لێکدان کەوتە نێوان سەردارەکانی نادرەوە. دزی و راوڕووت و کوشتنوبڕین و تاڵانکردن، شار و مەڵبەندەکانی گرتەوە. لە نێو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، یەکێک لە سەردارەکانی نادر بەنێوی **کەریمخانی زەند** توانی بەسەر هەموو سەردارەکانی پێشووی نادردا سەرکەوێ و، بناخەی حکوومەتێکی نوێ بەنێوی حکوومەتی "زەند" دابڕێژێت.

بنەماڵەی **کەریمخان** و هۆزی زەند لەسەردەمی حکوومەتی سەفەویدا، لەرۆژهەڵاتی کوردستانەوە گوێزرابوونەوە بۆ **خۆراسان** و بۆ سنووری **ئەفغانستان**. کەریمخان کوڕی **ئیناق** لە هۆزی زەندی سەر بە تیرەی گەورەی **لەک** و، مەڵبەندی نیشتەجێبوونیان شاری **ماڵئاگر** (ملایر) بووە. تاکاتی مردنی **نادرشا**، **کەریمخان** و هۆزەکەی ناسراو نەبوون، لەبەر ئەوە هیچ زانیارییەکمان لە بارەی ساڵ و مانگ و رۆژی لە دایکبوونی کەریمخانەوە نییە. دوای کوژانی نادر، ترکەقاجارەکانی شیعە دەسیانگرت بە سەر هەرێمەکانی مازندەران و گێلان و خۆراسان و کەریمخان لەگەڵ هۆزەکەی گەڕایەوە بۆ کرماشان و بە نیازی بە

دەستەوەگرتنی دەسەڵات لەگەڵ دوو سەرۆکهۆزی گەورەی کوردی بەختیاریی بەنێوی عەلیمەردانخانی بەختیاری و ئەبولفەتحخانی بەختیاریی، کۆبووەوە و هەرسێکیان پەیمانیان بەست کە خیانەت لە یەکدیی نەکەن شانبەشانی یەکدیی تێبکۆشن، ترک و ترکمان و ئۆزبەک و ئەفغان لە سنووری حکوومەتی پێشووی نادرشادا راماڵبدەن و، پێکەوە بناخەی حکوومەتێکی کوردیی دابڕێژن. ئەوە بوو لەماوەی 16 ساڵ شەڕ و لێکدانی بەردەوامدا، بە یارمەتی و پشتیوانیی هەموو هۆزەکانی کوردی لۆڕستان و کرماشان و کوردەکانی خوراسان، تێکڕای هۆزەکانی ترک و ئەفغان و ترکمان و ئۆزبەکیان راماڵدا و حکوومەتی کوردیی "زەند" دامەزرێندرا. کەریمخان، بە نیشانەی رێزگرتن لە نادرشای هەوشاری، ئەیالەتی خوراسان و شاری "مەشهەد" (پێتەختی نادرشا) ی بەخشی بە نەوەی نادر، (شارۆخ میرزا). دوو سەرکردە هاوپەیمانەکەی کەریمخان، (ئەبولفەتحخانی بەختیاریی بوو بە فەرمانڕەوای ئەسفەهان و عەلیمەردانخانی بەختیاریش بوو بە جێگری کەریمخان). غەفوورخانی زەند کرا بە سەرۆکی شاری تاران. بەهۆی مەترسییەک کە کەریمخان بووی لە هێرشی ترک و ترکمانەکان بۆ سەر حکوومەتەکەی، پێتەخت و شاری دەسەڵاتدارێتییەکەی گواستەوە بۆ شاری شیراز کە لە کۆنەوە شارێکی فارسنشینە و لە بەشی خوارووی ئێران هەڵکەوتووە.

به وتەی مێژوونووسان لە پاش هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ ئێران و کوردستان، تاکە میر و پاشایەک کە بڕوای بە ئازادیی بووبێت و ڕێزی لە بیروڕای خەڵک گرتبێت، تەنیا کەریمخانی زەند بووە. لە زەمانی کەریمخاندا پێڕەوانی هەموو ئاین و ئاینزاجیاوازەکان، وەک جوولەکە و دیان و زەردەشتی و سوننە بێ هیچ کێشە و ترسێک و بە سەربەستیی تەواوەوە، پەرستکاری و ڕێوڕەسمی ئاینیی خۆیانیان دەبرد بەڕێوە. ئەگەرچی کەریمخان بۆخۆی پێڕەوی ئاینزای شیعە بوو، مۆری فەرمیی حکوومەتەکەی نێوی ئیمامی زەمان (ئیمامی دوانزە) بەسەرەوە بوو، بەڵام بووجەی تایبەتی بۆ مزگەوت و پەرستگەی هەموو ئاین و ئاینزاکانی دیکەش دیاریکرد. کەریمخان هەروەها بایەخی زۆری بە خۆشگوزەرانی و ئاسایشی خەڵکەکەی دەدا. مووسیقای بە تەواوەتیی ئازاد کرد و جگە لە تەرخانکردنی چەند بنکەیەک بۆ کۆکردنەوەی هونەرمەندان و خوێندنی گۆرانی، هەروەها داوای لە موسیقاژەن و گۆرانیبێژەکان کرد شەوان بە نێو شەقام و کۆڵانەکاندا بگەڕێن و مووسیقا بۆ خەڵک بژەنن. جگە لە گۆرانیبێژی پیاو، هەروەها چەندین گۆرانیبێژ و هونەرمەندی ژن سەریانهەڵدا. کەریمخان هەموو شەوێک لەگەڵ دەستەیەک لە پاسەوانەکانی لە ماڵەکەی دەچووە نێو شار و لە هەر ماڵێکدا دەنگی مووسیقا و خۆشی و پێکەنینی گوێ لێنەبوایە، لە دەرگەی ماڵیانی دەدا، ئەگەر کێشەیەکیان بوایە، چارەسەری دەکرد بۆیان، ئەگەریش هەژار بوایەتن، پارمەتیدەکرن. لە وتەکانیدا و

**لەکاتی ئاخاڤتن لەگەڵ خەڵکدا، بەردەوام پێیانیدەگوت: "من شا نیم، من خزمەتکار و هاوڕێی جۆتکار و هەژارانی وڵاتم".**

**لە جەنگەکاندا، داوای لە فەرماندە و سەربازەکانی دەکرد ژنەکانیان لەگەڵ خۆیان بهێنن. ڕێگەی بە هیچ چەکدارێک لە سوپاکەی نەدەدا لەکاتی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، دەستدرێژیی بکەنە سەر ژن و کچەکانیان. لە باتی تانج و پۆشینی جلوبەرگی پاشایەتیی، هەمیشە جلوبەرگی ئاسایی کوردیی لەبەر دەکرد. مرۆڤێکی بێ فیز و خۆڵینە و بە بەزەی و بەخشندە بوو.**

**لەڕاستیدا، بەڕێوەبردنی حکوومەت و کۆمەڵگە بەو شێوازە نوێیە و ڕێزگرتن لە بیروڕای جیاوازی ئاینیی لە دووسەتساڵ بەر لە ئێستا، پشتیوانیکردن لە چینی هەژار و بندەستی کۆمەڵگە، ئەویش لە قۆناخی دەرەبەگایەتیی پتر لە دوو سەدە بەرلە ئیمڕۆ، کە دەرەبەگ، دەسەڵاتی ماڵ و گیان و ئاوڕووی جۆتکارەکانیان بەدەستبوو، لەسەردەمێکی وادا کە لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی جیهان، چینی بندەست و جۆتکار، کۆیلە بوون و وەک مرۆڤ چاویان لێنەدەکرا، لە کاتێکدا ئەوڕۆکەش هێشتا کوشتوبڕ و سەربڕین و خۆتەقاندنەوەی لەنێو وڵاتانی ناوچەکە بەردەوامە، دەربڕینی هەڵوێست و بیروباوەڕی وا بەرز و مرۆڤانە، لەلایەن کەریمخانی زەندەوە، مەزنی و لێهاتووی و ڕەوشتبەرزی و کەسایەتیی هەرە مەزنی ئەو کەڵە پیاوەی هۆزی "لەک" پێشاندەدات...**

کەریمخان جگە لە هەوڵدانی بۆ دابینکردنی ئاسایش و خوشگوزەرانیی خەڵکەکەی، هەروەها ڕێیگرت لە کارکردنی زۆرەملی و بێگاریی. دەستیکرد بە ئاوەدانکردنی وڵات و پێشخستنی لە ڕووی پیشەسازییەوە. 12هەزار وەستا و پسپۆڕی پیشەسازیی دامەزراند و مووچەی مانگانەی بۆ بڕینەوە و، بازاڕی گەورەی لە شیراز و ئەسفەهان و شارەکانی دیکە بۆ دروستکردن، بۆ ئەوەی هەر دەستە و گروپێکیان پەرە بە پیشە و کاری خۆیانبدەن و، لەڕێی ئەوانیشەوە قوتابی و وەستای دیکە پێبگەن. کوردێکی لێهاتوو و شارەزای ئابووریی بە نێوی تورابخانی چێگێنی کرد بە وەزیری کاروباری دارایی وڵات و گەشەی پیشەسازیی، کە پێیاندەگوت "مستۆفی". لەوەوە کەل و پەلی بازرگانی و پیشەی دەستکرد پەرەی سەند و، بازرگانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین و ئۆروپا، پۆل پۆل روویان لە وڵاتی کەریمخان کرد.

کەریمخان، بۆ پارێزگاریکردن لە حکوومەت و وڵاتەکەی، سوپایەکی ئامادە و شەڕکەری 45 هەزار کەسیی پێکهێنا. 24 هەزار سەربازی لە کرماشان و، بروویەرد (بروجرد) و هەمەدان دانابوو تێکڕایان لە لاوەکان و شۆڕەسوارانی گۆران و کەلهۆڕ و لۆڕ و کوردی فەیلی پێکهاتبوون، سوپایەکی 12 هەزار کەسیی تێکەڵاو لە کورد و فارسی پێکهێنابوو، لە شارەکانی قۆم و کاشان و یەزد و ئەسفەهان و ئابادە دایناابوون. هێزێکی دیکەی 14 هەزار کەسیی تایبەتی دامەزراند لە ئازاترین رۆڵەکانی کورد

ئەرکی پارێزگاریکردنی پێتەختی پێسپاردبوون. هەروەها تیپی پاسەوانی کۆشک لە 1000 کەس پێکهاتبوون، پاسەوانی تایبەتی خۆی بوون و عەلیمەردانخانی زەند سەرپەرشتی دەکردن.

به کورتی کەریمخان خۆشەویست و جێی ڕێزی خەڵکی ڕەشوڕووتی وڵاتەکەی بوو. ناوبانگی مرۆڤدۆستی و خێرخوازی و دادپەروەرییەکەی بە ولاتانی دیکەشدا بڵاوبوو هاوکات دوژمنیشی زۆر بوون، دەوڵەتی عوسمانی و هۆزەکانی تورک و تورکمان و ئەفغان و ئۆزبەک بە تێکڕا کەریمخانیان بە دوژمنی گەورەی خۆیان دەزانی. چۆنکە جگە لە سەرکوتکردنی هەموویان، هەروەها ئازەربایجان و بەشێکی گەورەی کوردستان و شاری بەسرە و باشووری عێراقی ئێستای لەنێوان ساڵەکانی 1769–1775 لە دەستی ئیمپراتۆری عوسمانی هێنابووە دەرەوە و، پاشەکشەی بە هێزەکانی عوسمانی کردبوو. سەرباری ئەمانەش لەنێو سنوورەکانی بندەسەڵاتیشیدا، چینی مەلاکانی شیعە، بیروباوەڕ و شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیان لە لایەن کەریمخانەوە لاپەسند نەبوو، چۆنکە کەریمخان مووسیقا و گۆرانیچڕینی ئازاد کردبوو. خەڵک لە شارەکان، لە ماڵان و سەیرانگەکاندا لەگەڵ ڕێخستنی شای و هەڵپەڕکێ و گۆرانی، شەراویان دەخواردەوە. لە ڕوانگەی چینی ئاینییەوە، بەردەوامیی ئەم شێوە ژیانە کۆمەڵگەی لە ئاینی ئیسلام دوور دەخستەوە و، زیانی لە کولتوور و بیروباوەڕی ئاینیی دەگەیاند. ترسی

سەرەکیی مەلاکان، لەدەسدانی بەرژەوەندیی ئابووری و لە دەسدانی پێگەی کۆمەڵایەتییان بوو! ئەمە لەلایەک، لە لایەکی تریشەوە بەشێکی بەرچاو لە سوپای کەریمخان، لە نەتەوەی فارس پێکهاتبوون و میر و سەرداره کوردەکان فەرمانیان بە سەردا دەکردن. بنەماڵەی میر و سەردار و بەگزادە و دەسەلاتدارانی پێشووی فارس، پێیان ناخۆشبوو، کوردێکی بێ نێوونیشانی نەخوێندەوار حوکمڕانیان بێت. چۆنکە کەریمخان جگە لە کوردبوونەکەی هەروەها نەخوێندەواریش بوو، هەتا لە ژیاندا بوو، فێر نەبوو نێوی خۆی بنووسێت. هەموو ئەم لایەنانە وەک باسمانکرد رقیان لێیبوو، بەڵام بەهۆی ئازایەتی و پێگەی بەهێزی جەماوەریی کە لە نێو خەڵکدا هەیبوو، هیچ کەس و لایەنێک نەیدەوێرا بە ئاشکرا دژایەتیی بکات، هەرهەموویان چاوەڕوانی مردنی کەریمخانیان دەکرد تا بە ئامانجیان بگەن...

## رووخانی حکوومەتی زەند و دامەزرانی حکوومەتی ترکی قاجاڕ، بە سەرۆکایەتیی ئاغا محەممەدخان

سالّی 1779ی ز، کەریمخان مرد، وەک چاوەڕواندەکرا شەڕ و ئاژاوە لەنێو ئەندامانی بنەماڵەکەی و میر و سەردارەکانیدا سەریهەڵدا. لەو نێوەدا یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی **قاجار** بە نێوی **"ئاغا محەممەدخانی قاجار"**، کە لە **شیراز** دەژیا و لەلایەن کەریمخانەوە دەسبەسەرکرابوو، دوای مردنی **کەریمخان**، لە **شیراز** رایکرد و خۆیگەیاندە شاری **"گورگان"** لە **باکووری** رۆژهەلاّتی ئێران شوێنی لە دایکبوونی لە ماوەیەکی کەمدا ترکە قاجارەکانی کۆکردەوە و لەشکری خستەڕێ بۆ داگیرکردنی هەرێمەکانی خۆراسان و مازندەران و گێلان.

بنەچە و رەچەڵەکی هۆزی قاجار سەر بە رەگەزی "مەغۆل" ن و لە سەردەمی هێرشی **چەنگیزخانی مەغۆل** بۆ سەر پەلاتی ئێران، یەکێک لە سەردارەکانی چەنگیز بەنێوی **"قاجار نۆیان"** سەرۆکی تیرەی قاجار بووە. لەگەڵ هێرشی مەغۆل و، لە سەدەکانی دواتردا، بەرە بەرە هۆز و تیرەکانی مەغۆل بۆ ئاسیای نێوەڕاست و باکووری رۆژهەلاّتی ئێران و ئازەربایجان شۆڕبوونەوە، بەلاّم نیشتەجێبوونی هۆزی قاجار لە هەرێمی مازندەران، بە فەرمانی **شاعەباسی** یەکەمی سەفەویی بوو کە رێیداپێیان لەو هەرێمە بمێننەوە.

**ئاغا محەممەدخانی قاجار کوڕی محەممەدخانی قاجار** سالّی 1742ی ز لە مازندەران هاتە دنیاوە. پاش مردنی نادرشا بۆ بە

دەستەوەگرتنی دەسەلات و حکوومەت، چەندین شەڕوشۆڕی گەورە و خوێناویی لە نێوان لەشکری کورد بە سەرۆکایەتیی **کەریمخانی زەند**، لە دژی هۆزەکانی **ترکمان و ئەفغان** و، هۆز و نەتەوەکانی دیکە روویاندا، لە ئاکامدا ترکمانەکان تێکشکان و، **محەمەد حەسەنخانی قاجار** لەلایەن یەکێک لە سەردارەکانی کەریمخان کە ناوی **"سەوزعەلی بەگ"** بوو سەری بڕا و کوڕەکانیشی بەدیلی کەوتنە دەستی کەریمخانەوە. لەبەر ئەوە، تا مردنی کەریمخان لە شیراز، ئاغامحەممەدخانی قاجار، وەک بارمتە راگیرابوو، بۆ ئەوەی هۆزی قاجار نەتوانن سەر لەنوێ ئاژاوە هەڵگیرسێننەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئاغامحەممەدخان لە شیراز وەک دیل چاوی لێنەدەکرا و بە ئارەزووی خۆی دەچووە راو و بە نێو شار و بازاڕدا دەسووڕایەوە. هەروەها لەلایەن کەریمخانەوە رێزی تایبەتی لێگیراوە، گەلێک جاریش کەریمخان وەک راوێژکاری نێزیکی خۆی پرس و راوێژی لەگەڵدا کردووە و، هەموو کاتێکیش بەنێوی خوازراوی **"پیران وەیسە" وە بانگی کردووە (پیران وەیسە، نێوی سەردار و راوێژکاری گەورەی ئەفراسیاو پاوشای تۆرانییەکان بووا).** ئاغا محەممەدخانیش توانیبووی بە چەشنێک هەڵسوکەوت بکات، کەریمخان بەتەواوەتیی بڕوا و متمانەی پێبکا و وەک ئەندامێکی بنەماڵەی خۆی لێی بڕوانێت.

وەک ئاماژەمان کردپێی پاش مردنی کەریمخان و گەیشتنەوەی ئاغامحەممەدخان بە هەرێم و زێدی لە دایکبوونی بۆ ستاندنەوەی

تۆڵەی باوکی کوژراوی و رووخاندنی حکوومەتی زەند، هۆزەکانی ترکمانی لەخۆی کۆکردەوە و هەرێمەکانی مازندەران و گێلانی داگیر کرد.

عەلیمەردانخانی زەند جێنشینی کەریمخان، کوڕە گەورەکەی لەگەڵ 12 هەزار چەکداری کورد نارد بۆ رزگارکردنی مازندەران، بەڵام سەرنەکەوت و بەرەو چیاکانی دەماوەندی تاران کشایەوە. پاش بیستنی ئەم هەواڵە، عەلیمەردانخانی زەند، بە هێزێکی زۆرەوە خۆیگەیاندە تاران و چەندین لەشکری نارد بۆ رزگارکردنی باکووری ئێران، بەڵام بە هۆی زۆریی ژمارەی هێزی دوژمنەوە نەیانتوانی سەرکەون. ئاغا محەممەدخانی قاجار بە پەلە و بێوەستان لە هێرشەکانی بەردەوامبوو، پاش چەندین شەڕی گەورە و خوێناویی، تاران و دواتر ئازەربایجان و کرماشانی داگیرکرد. لەم کاتەدا، کوڕەکانی کەریمخان و، ئەندامانی بنەماڵەکەی، لەباتی ئەوەی بکەونە کۆکردنەوەی لەشکر و، هاندانی خەڵک بۆ بەرگریکردن لە هێرشی قاجارەکان، لەنیو خۆیاندا ناکۆک و ناتەبا بوون و بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی شیراز و جێنشینیی کەریمخان، شەڕی یەکدییان دەکرد، ئەوەش رۆڵێکی گاریکەری هەبوو بۆ سەرکەوتنی یەک لەدواییەکی ئاغا محەم١مەدخانی قاجار، کە بتوانێ بەرە بەرە لە باکووری ئێرانەوە بگاتە شیراز و پێتەختی حکوومەتی زەند داگیر بکات. لەکاتی داگیرکردنی شیراز لەلایەن ئاغا محەممەدخانی قاجاڕەوە، داڕۆغەی شار نێوی حاجی برایمی کەلانتەر بوو،

**ڕۆڵی گەورەی گێڕا لە بەدەستەوەدانی شار. حاجی برایمی کەلانتەر کوڕی حاجی هاشم لە پێشدا جوولەکە بوون، دوایی بوونە موسڵمان. حاجی هاشم لەلایەن کەریمخانەوە دەسەلاتی پێدرا و کوڕەکەشی لە سەردەمی حکوومەتی عەلیمەردانخاندا کرا بە دارۆغە (شارەدار) ی پێتەخت. ئەم حاجی برایمە، بە دزی و لە ژێرەوە لەگەڵ سەرۆکهۆزە فارسەکانی هەرێمەکە ڕێککەوتن پشتی ئاغا محەمەدخانی قاجاریان گرت و خیانەتی لە بنەماڵەی زەند کرد. پاش بە دەستەوەگرتنی دەسەلات لەلایەن ئاغامحەمەدخانی قاجاڕەوە، حاجی برایمی دارۆغە کرا بە سەرۆکوەزیران و، هەموو کاروباری سیاسی و لەشکری و، سەرپەرشتیی کۆشکی پاشایەتیی پێسپێردرا و، کەسایەتی و سەرداره ترکەکان و، هەر کەسێکی دیکە بیانویستایە چاویان بە شای قاجاڕ بکەوێت، دەبوو ئیزن لە حاجی برایمی کۆنە دارۆغە وەربگرن.**

**ئاغا محەممەدخانی قاجاڕ، لەساڵی 1794ی زاینی لە شاری کرمان، سوپای لوتفعەلیخانی زەندی تێکشکاند و کۆتایی بە دەسەلاتی 46 ساڵەی کوردی زەند هێنا و، بناخەی دەسەڵاتی ترکی قاجاری داڕشت و، شاری "تاران"ی کردە پێتەختی حکوومەتەکەی. ئەگەرچی هۆکارەکانی بەدەسەڵاتگەیشتن و ڕووخانی حکوومەتی زەند لەگەڵ نێوەرۆکی ئەم پەرتۆکە ناگونجێ و لێکۆڵینەوەی تایبەت بەخۆی دەوێت، لێ ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ دەکەم کە لە ڕووخانی حکوومەتی زەندا ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا:**

**یەکەم:** هەڵبژاردنی شاری شیراز بۆ پێتەختی حکوومەتی زەند کە هەر لە مێژووی کۆنەوە بە وڵاتی فارس ناسراوە و چەند جارێک لە سەدە جیاوازەکاندا فارس حکوومەتی لێدامەزراندووە، ئەوە بوو دوای رووخانی ئیمپراتۆریی مادیش ئەم شارەیان کرد بە نێوەند و پێتەختی ئیمپراتۆریی فارسی هەخامەنشی، لەبەر ئەوە، دەبوو کەریمخان پێتەختەکەی خۆی لە **کرماشان**، یان لە **لۆڕستان** دانێت، کە ئەو دوو نێوچەیە بە لایەنی سیاسی و لەشکری و کۆمەڵایەتیی و رەگەزییەوە پشتیوانی سەرەکیی حکوومەتی زەند بوون.

**دووەم:** راگرتنی **ئاغا محەممەدخانی قاجاڕ** بە منداڵی لە کۆشکی پاشایەتیی **کەریمخان** و پەروەردەکردنی لەلایەن بنەماڵەی زەندەوە هەڵەیەکی گەورە بوو. بەزەیی پێداهاتن و بەخێوکردنی منداڵێک کە تێکڕای ئەندامانی بنەماڵەکەی لەلایەن کەسی بەخێوکەری منداڵەکەوە کوژرابێتن، ئاکامەکەی ئەو پەندە کوردییەیە کەدەڵێ: **"ماری سڕ گەرمی کەیتەوە، پێتەوە دەدات!"**.

هۆزی قاجار پێرەوی ئاینزای شیعە بوون. **ئاغا محەممەدخان** هەروەک شاکانی سەفەویی، رێیکردەوە بۆ بەشداریکردنی مەلاکان لە سیاسەت، رێوڕەسمی مانگی محرم و شینگێڕان بۆ ئیمام حسێن (عاشورا و تاسوعا)، لە شار و شارۆچکەکاندا وەک سەردەمی سەفەویی دەسپێکرایەوە. ئاغا محەممەدخان بۆخۆشی کورد گۆتەنی: **"سەری بڕۆیشتایە، نوێژی نەدەڕۆیی"**. لە کاتی شەڕوشۆر و هێرشبردندا، سەرەڕای ماندووبوونی زۆر بۆ نوێژی

بەیانی هەڵدەستا و، نوێژی خۆی دەخوێند. هەتا ماوەیەکی زۆریش دۆعای دەخوێند و لە خودێ دەپارایەوە. لە دانیشتنەکانیدا، مێوانداریی کەسایەتی و شارەزایانی ئاینزای شیعەی دەکرد و، گوێیدەگرت بۆ ڕێنوێنی و راوبۆچوونەکانیان سەبارەت بە ئیمامەکانی شیعە و رەوایەتیدان بە ئاینزای شیعە، لە بەرامبەر سوننەدا. بە چەندین هەزار کیلۆ زێڕی لای وەستای زێڕینگر دا بە دروستکردن بۆ دەوری مەزاری ئیمام عەلی لە نەجەف و، لە ڕێوڕەسمیکی تایبەتدا تەسلیم بە مەلاکانی شیعە لە نەجەف کرا.

ئاغا محەممەدخان، بە پێچەوانەی رێزلێنان و خۆشەویستیی زۆری بۆ چینی مەلاکان، بەرامبەر بە خەڵک و دەستوپێوەند و، تەنانەت بەرامبەر ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆشی، لە رادەبەدەر بێبەزەیی و دڵرەق و دڕندە بوو. لەسەر بچووکترین شت، بڕیاری کوشتنی دەدان. لەکاتی داگیرکردنی شاری شیرازدا، فەرمانیدا "کێر" ی یەکێک لە نەوەکانی کەریمخان و، کوڕی لوتفعەلیخانی زەند ببڕن، ئەمەشی بۆیە کرد، چۆنکە کاتێک خۆی لە تەمەنی شەشساڵیدا بوو، پاش کوژرانی باوکی و سەرکوتکردنی هۆزەکەی لەلایەن لەشکری کوردەوە، یەکێک لە سەردارە کوردەکان گونی بڕیبوو. ئاغا محەممەدخان، ساڵانێکی زۆر چاوەروان بوو، تا هەلی بۆ بڕەخسێ و تۆڵەی خۆی و بنەماڵەکەی بکاتەوە. پاش داگیرکردنی شیراز، فەرمانیدا تەرمی کەریمخان لە گۆڕەکەی بهێننە دەرەوە و، لەسەر رێی

ئاودەسخانەی کۆشک داینێن، بۆ ئەوەی هەرکات دەچێتە ئاودەست، بەشەق هەڵدا لە ئێسک و پرووسک و کەلەسەری.

رۆژێکیان سەدکەس لە شۆڕەسوارانی هۆزی هەوشار بانگێشتدەکا و لێیاندەپرسێت: ئێوە تا چ رادەیەک خۆشەویستیتان هەیە بۆ لوتفعەلیخانی زەند؟. ئەوانیش لە وەرامیدا دەڵێن: پتر لە گیان و چاوی خۆمان ئەومان خۆشدەویست! ئاغا محەممەدخان تووڕە دەبێ و، دەڵێ بۆ رزگارکردنی خۆتان دەبێ لەگەڵ یەکدیی بەشەڕ بێن! بەڵام سەت شەڕکەرەکەی هۆزی هەوشار ئامادە نابن شەڕی یەک بکەن، لەپێش چاوی ئاغا محەممەدخان و وەزیر و سەردارەکانی، بە شمشێر خۆیان دەکوژن.

سیخوڕەکان و بەکرێگیراوانی ئاغا محەممەدخان لە نێو شاری شیرازدا بڵاودەبنەوە و هەر کەسێک لە بنەماڵە و هۆزی زەند دەدۆزنەوە، سەریدەبڕن و، ماڵ و سامانیشی تالان دەکەن. پاش داگیرکردنی شاری کرمان، ئاغا محەمەدخان بۆ تۆڵەسەندنەوە لە دانیشتوانی شار کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە یارمەتیی لوتفعەلیخانی زەندیان کردبوو، فەرمانیدا هەرچی رەگەزی مێینە هەیە لە گۆڕەپانی شاردا کۆیان بکەنەوە. ژمارەیان گەیشتە هەشت هەزار ژن و کچ، هەموویانی بە نێو سوپاکەیدا دابەشکرد. ئەوجا رەگەزی نێرینەش کۆ کرانەوە ژمارەیان گەیشتە بیست هەزار پیاو و کوڕی هەرزەکار و مێردمنداڵ، فەرمانیدا چاوی هەموویان دەربهێنن و، کوێریان بکەن. لە ماوەی رۆژێکدا هەموو

ڕەگەزی نێرینەی شارەکەیان کوێر کرد و ژنەکانیشیان برد بۆخۆیان. لوتفعەلیخان لە شاری کرمانەوە بەرەو شاری "بەم" رایکرد، بەڵام لەلایەن حاکمی شار کە سەرۆکهۆزێکی فارس بوو گیرا و تەسلیم بە محەممەدخانی قاجاڕ کرا. ئاغامحەممەدخان بە دەستی خۆی هەردوو چاوی لوتفعەلیخانی دەرهێنا و، ژمارەیەک لە سەربازە ترکمانەکانی بانگێشتکرد، داوای کردلێیان لەبەر چاوییەوە بێڕێزیی پێبکەن، جلەکانی لەبەر داکەنن، دەستدرێژیی بکەنە سەری...

پاش کوژرانی لوتفعەلیخانی زەند کە بەوێنەی باوکی لەنێو کوردان و، تەنانەت لەنێو بەشێکی زۆر لە نەتەوەی فارسیشدا، بە سەرکردەیەکی ئازا و جوانچاک و بەخشندە و دادپەروەر بەنێوبانگ بوو، لە مانگی محرم لە مزگەوتەکان، خەڵکی هەرێمەکە لەکاتی شینگێڕان بۆ ئیمام حسێن، لە شیعرەکاندا نێوی لوتفعەلیخانیان دەهێنا و، دەگریان بۆی.

ئاغا محەممەدخان هەر دوژمنی کوردان نەبوو، لە کاتی داگیرکردنی شاری تفلیس و وڵاتی بۆلغارستاندا، هەزاران مەلای مەسیحیی سەربڕی، سەدان کەسی لە چۆمی "گۆرا" دا خنکاند. کەنیسە و مەزارە پیرۆزەکانی ئاینی مەسیحی وێرانکرد و، پاش تاڵانکردنی سامانی دانیشتووانەکەی، پانزە هەزار ژن و کچی لێ بە دیلگرتن و داوای لە سوپاکەی کرد بیانبەن بۆ خۆیان.

سەرەنجام ئاغامحەممەدخانی قاجاڕ دوای لە نێوبردنی حکوومەتی زەند و کوشتنی دەیانهەزار مرۆڤ، لە تەمەنی (63)

**ساڵی و پاش نۆزدەساڵ شەڕ و خوێنڕشتنی بەردەوام، لە ساڵی 1798ی زاینیی، لە لایەن چەند پاسەوانێکی خۆیەوە لە نیوەی شەودا کوژرا.**

**پاش کوژرانی ئاغا محەممەدخانی قاجاڕ بۆ ماوەیەک پشێویی وڵاتی داگرت. هەزاران سەرباز سوپایان جێهێڵا و بۆ مەڵبەند و زێدی خۆیان گەڕانەوە. بەڵام ئەوجارەش حاجی میرزا برایمی کەڵانتەر هات بە هانای هۆزی قاجارەوە هانی هەموو کەسایەتی و سەرۆکهۆزە فارسەکانیدا لەسەر وەسیەتی ئاغا محەممەدخان، پشتگیریی لە "باباخان" ی برازای بکەن، ببێت بە شای ئێران. میرزا برایمی کەڵانتەر، باباخانی برازای ئاغا محەممەدخانی بردە تاران و، لەوێ تانجی پاشایەتیی کردەسەری. باباخان لە تاران نێوی خۆی گۆڕی و، نێوی باپیری (فەتحعەلەشا)ی لەسەر خۆی دانا.**

**بەپێی فەرمانی فەتحعەلیشا، تەرمی ئاغا محەممەدخان برا بۆ شاری تاران لە تەنیشت مەزاری "شاعەبدولعەزیم" (گۆڕی ئەسحابەیەکی بەنێوبانگی شیعەیە!) نێژرا. ئەوجا پاش رازیکردنی دەوڵەتی عوسمانیی، تەرمەکەی ئاغا محەممەدخان بەسواری درۆشکە لەگەڵ شەست قورئانخوێنی دەنگخۆش و کۆمەڵێک لە خزم و دەستوپێوەندی کۆشکی پاشایەتیی، بەرەو عێراق کەوتنەڕێ پاش گەیشتنیان بۆ شاری نەجەف، تەرمەکەیان لە نێزیکی مەزاری "ئیمام عەلی" یەوە ناشت.**

## حکوومەتی فەتحعەلیشای قاجاڕ و،
## بووژانەوەی دەسەلاتی چینی ئاینیی!

دەسپێکی حکوومەتی فەتحعەلیشای قاجاڕ لە ساڵی 1799ی ز، هاوکاتبوو لەگەڵ ناکۆکی و ململانێی نێوان وڵاتانی گەورەی کۆلۆنیالیستیی لە ئاستی هەموو جیهان و پەلهاوێشتنیان بۆ داگیرکردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین. لە باکووری ئێرانەوە، ئیمپراتۆریی تزاری رووسیا بە بیانووی رزگارکردنی وڵاتی گورجستان کە پێشتر لەلایەن ئاغا محەممەدخانی قاجاڕەوە داگیرکرابوو، لەشکری خستەڕێ بەرەو داگیرکردنی چەندین نێوچەی بەپیت و بەرەکەتی وەک گەنجە، شیروان، تاڵش و باکۆ کە لە دەوروبەری زەریای مازندەران هەتاکوو زەریای رەش هەڵکەوتوون. لە ئاکامی هێرشی سوپای رووسیادا، گورجستان و هەروەها ئەو نێوچانەش داگیرکران کە لەسەرەوە نێویان هێنرا.

لەنێوخۆی وڵاتیشەوە، چەندین راپەڕینی گەورە لەلایەن سەرۆکهۆزە کوردەکانەوە لەدژی دەسەلاتی قاجاڕی بەرپاکران. لە نێوچەی ورمێ، کوردەکانی ئێزیدی و شکاک و سبیکی. لە کرماشان و هەمەدان، هۆزەکانی سۆنقۆڕ و کولیایی، لە خوارووی کوردستانیشەوە، یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی کەریمخانی زەند بۆ زیندووکردنەوەی حکوومەتی زەند، راپەڕینێکی گەورەی سازکرد و، هۆزەکانی لۆڕ و بەختیاری و مەمەسەنیی لە دەوری کۆبوونەوە و، لە ماوەیەکی کەمدا دەستی بەسەر هەرێمەکانی کازروون و کرمان داگرت و بە مەبەستی

رزگارکردنی ئەسفەهان رووی لەو هەرێمە کرد. لە خۆراسانەوە، مەمەشخانی کورد، هۆزە کوردەکانی کۆکردەوە و بۆ بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی هەموو خۆراسان و دەرکردنی سوپای قاجاڕ راپەڕینێکی گەرەی سازکرد. بەڵام ئەو راپەڕینە گەورانە، لەلایەن هێزەکانی ترک و ترکمانەوە بەربەرەکانێی توندکران و پشتیوانیکردنی گەرموگوڕێ کەسایەتی و سەرۆکهۆزە فارسەکان و هەروەها پێشەوایانی ئاینزای شیعەی فارس لەشار و لە گوندەکان بە ناوی پارێزگاریکردن لە ئاینزای شیعە، جەماوەریان هاندا بۆ پشتیوانیکردن لە حکوومەت و سوپای قاجاڕ، راپەڕینی کوردان سەرکوتکران و کوشتوبڕ و تاڵانوبڕۆ و ماڵوێرانییان بەسەر دانیشتوانی هەرێمە جیاجیاکانی کوردستاندا سەپاند.

هەروەک لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان کردپێی، دوای رووخانی حکوومەتی سەفەویی، بۆ ماوەی دوانزە ساڵ دەسەڵاتی ئەفغانەکان و دوانزە ساڵ حکوومەتی نادرشا و سی و شەش ساڵ حکوومەتی زەند کە دەکاتە (60) ساڵ، چینی مەلاکان، لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی دوورکەوتنەوە، ئەوەش پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییانی لاواز کرد. کۆچکردن و هەڵاتنی بەشێکی زۆر لە کەسایەتییە گەورەکانی شیعە و ئایەتۆڵلاکان و بنەماڵە ناسراوەکانی شیعە لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتیی ئەفغانەکان، کە شەپۆلی شیعەکوژییان لە شارەکانی ئێراندا خستەڕێ و دەیان هەزار شیعە و سەدان کەسایەتیی نێوداری شیعە لەنێوبران،

بەشێک لە ئایەتوڵڵاکان و مەلاکان لە شارەکانی کاشان و ئەسفەهان و قۆم و خۆراسانەوە، هەڵاتن و خۆیان گەیاندە شارە پیرۆزەکانی شیعە – وەک نەجەف و کەربەلا و کازمین لە عێراق و، ئەو شوێنانەیان کردە نێوەندی خۆرێکخستنەوە و نێوەندی پەروەردەی هەزاران مەلا و فەقێ کە هەموو ساڵێک لە هەرێمەکانی شیعەنشینەوە روویان لەو شوێنانە دەکرد.

یەکێک لەم مەلا کۆچەرییانە نێوی مەلا محەممەد باقر مەجلسی بوو. مەلا باقر مەجلسیی، بنەماڵەکەی و برا و کەس و کاری هەڵگرت و خۆیانگەیاندە شاری نەجەف. لە نەجەف لای ئایەتوڵڵا سەید محەممەد تەباتەبایی برووجردی و سەید سەدرەدین رەزەویی قۆمی، خوێندنی ئاینیی تەواو کرد. باقر مەجلیسی بە هەوڵ و تێکۆشینی زۆر و لە ماوەی پتر لە بیست و پێنج ساڵدا توانی بەسەر هەموو لایەنەکانی ناکۆک لەنێوخۆی ئاینزای شیعە بە نێوی "اخباری" و "اصولی" دا سەرکەوێ و بناخەیەکی پتەو بۆ چوارچێوەی بیری شیعەگەرێتیی و وەلی فقیە دابرێژێت. باقر ماجلیسی توانی بە داڕشتینی رێبازەکەی، پێڕەوانی ئاینزای شیعە بێنێتە سەر ئەوەی بڕوای تەواویان بە "وەلی فەقیە" هەبێ و وەلی فەقیە وەک نوێنەری ئیمامی دوانزە (مەهدی) لەسەر رووی زەوین تەماشا بکەن. بەکورتی، دەتوانین بڵێین، لەپاش رووخانی ئیمپراتۆریی سەفەویی، محەممەد باقر مەجلسی یەکەمین پێشەوای شیعەیە، کە لەسەردەمی خۆیدا،

**گەیشتە پلەی "وەلی فقیە" و توانی ڕێکخستنێکی بەربڵاو لەنێو چینی مەلاکاندا سازبکات**

پاش دامەزراندنی حکوومەتی قاجاڕ، محەممەد باقر مەجلسی گەڕایەوە بۆ ئێران و، لەشاری بێبەهان نیشتەجێ بوو. شاری بێبەهان لەباشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران هەڵکەتووە و، لەکۆندا نێوی "ئەرگان" بووە و، دانیشتوانەکەی کوردی لوڕن. ئەم شارە لە کۆنەوە بە شار و مەڵبەندی گەورەی ئاینزای شیعە ناسراوە و، شیعەکانی دوورگەی بەحرێن و وڵاتانی کەنداو، کە جارجارە دەکەوتنەبەر هێرشی وەهابی و سوننەکانی سعوودی و کەندا، خۆیاندەگەیاندە شاری بێبەهان. لە سەردەمی ئیمپراتۆریی سەفەویی ئەم شارە نێوەندێکی گەورەی پەروەردە و پرۆپاگەندەی ئاینزای شیعە بوو.

بڕوا و پێبەندبوونی لە ڕادە بەدەری فەتحعەلیشا بۆ ئاینزای شیعە، زەوینەیەکی لەباری ڕەخساند کە ئایەتوڵڵا باقر مەجلسی، نوێنەرەکانی خۆی بنێرێ بۆ ئەو وڵات و هەرێمانەی کە زۆرترین پێڕەوانی شیعەیان لێدەژیا. کوڕەکەی نێوی ئایەتوڵڵا محەممەد عەلی بوو، ناردی بۆ شاری کرماشان. سەید بەحرلعلووم بۆ نەجەف، سەید موحسینی ئەعرەجی بۆ کازمین، مەلاحاجی ئەحمەدی نەراقی نارد بۆ کاشان، مەلا سەید دڵدار عەلی بۆ وڵاتی هێند، میرزا عەبدولقاسمی قۆمی نارد بۆ شاری قۆم، مەلامیرزا مەهدی خۆراسانی نارد بۆ شاری مەشهەد، ئایەتوڵڵا میرزا مەهدی شارستانیی نارد بۆ کەربەلا. هەروەها

ژمارەیەکی دیکە لە کەسایەتییەکانی گەورەی ئاینی و لە ئایەتوڵڵاکان وەکو شێخ جەعفەری نەجەفی ناسراو بە کاشف ئەلغەتا، شێخ جەعفەری مەزن، سەید جەواد عاملی، شێخ محەممەد تەقی ئەسفەهانی، میرزا محەممەد تەقی قازی تەباتەبایی تەورێزی کە خوێندنیان لە لای محەممەد باقر مەجلسی تەواو کردبوو، لە سەرتاسەری خاکی پێڕەوانی ئاینزای شیعەدا، بیروباوەڕی بنچینەگرانەی ئایەتوڵڵا محەممەد باقر مەجلسییان بڵاودەکردەوە.

هێندێک لەم مەلا و ئایەتوڵڵایانە لە شار و مەڵبەندی پێسپێردراویان ئاستی رێز و گەورەیی خۆیان لای جەماوەر گەیاندە لووتکە و بانگەشەی دیدار لەگەڵ "ئیمامی زەمان" یان بڵاوکردەوە. لەم بارەوە نووسینی قوتابییەکی ئایەتوڵڵا بەحرلعلووم بە ناوی مەلا زەینولعابدینی سەلماسی بە نموونە دەهێنمەوە کە لە پەرتۆکی وەحید بێبەهانی ئاماژەی پێدەکا و دەڵێ:

"ئەز و چەندین کەسی دیکە، لە خزمەتی زانای گەورەمان بەحرلعلوومدا بووین. کەسێک پرسیاری لە بەڕێزیان کرد: تاکو ئێستا کەسێک توانیویەتی بەچاوی خۆی ئیمامی زەمان ببینێت؟! زانا بەحرلعلووم لەو کاتەدا خەریکی قلیانکێشان بوو. ئێمەش هەموو بێدەنگ بووین و چاوەڕوانی وەراممان کرد. بەحرلعلووم بۆ چەند ساتێک بێدەنگبوو، پاشان سەری نەوی کرد و، بە ئەسپای و لەبەر خۆیەوە گوتی: "ئەی خودا، چ وەرامێک بدەمەوەپێی؟ چۆن دەتوانم ئەو

**نهێنییه لای خه‌ڵک ئاشکرا بکه‌م، که ئیمامی زه‌مان هاته‌لام و، له‌ئامێزی گرتم و، سنگی توند نووساند به سنگمه‌وه؟؟!".**

له گه‌ڵ دامه‌زرانی حکوومه‌تی قاجاڕ وه‌ک سه‌رده‌می حکوومه‌تی سه‌فه‌ویی جگه له داهاتی مه‌زاری ئیمامزاده و ئه‌سحه‌به‌کان و وه‌رگرتنی سه‌رفیتره و زه‌کات و پێشنوێژی و سه‌رخۆشی و ...هیتد که مه‌لاکان له ڕێگه‌ی خه‌ڵکی ئاسایی شار و گونده‌وه ده‌سیانده‌که‌وت، هه‌روه‌ها له‌لایه‌ن پاشاوه، بووجه‌ی تایبه‌ت بۆ ئایه‌تۆڵلاکان و، نێوه‌نده‌کانی ئاینیی دیاریکرا. **فه‌تحعه‌لیشا** بۆ په‌روه‌رده و پێگه‌یاندنی زیاتری خه‌ڵک به بیروباوه‌ڕی ئاینیی، زۆربه‌ی نوێنه‌ره‌کانی له شاره‌کان و نێوه‌ندی شاره‌کان له نێو چینی مه‌لاکان هه‌ڵبژارد. فه‌تحعه‌لیشا، بڕوای زۆری به جادوو و فاڵگرتنه‌وه و بیروباوه‌ڕی کۆنه‌په‌رستانه‌ی وه‌ک جندۆکه و درنج و شه‌وه و هتد.. بوو. بۆ هه‌ر کار و بڕیارێکی گرنگی سیاسیی له پێشدا رای ئه‌ستێره‌ناس و فاڵگره‌وه‌ی وه‌ر ده‌گرت. له حکوومه‌تی **شاتاماسپ** بۆ یه‌که‌مجار نێو و لێکدانه‌وه‌ی **"وه‌لی فقیه"** له‌لایه‌ن **شێخ زه‌ینه‌دین عه‌لی کوڕی ئه‌لعال جه‌به‌ل عاملی،** هاته ئاراوه و، تا به ده‌سه‌ڵاتگه‌یشتنی فه‌تحعه‌لیشای قاجاڕ، نێوی **وه‌لی فه‌قیه** له کووله‌که‌ی ته‌ڕیشدا نه‌مابوو. له‌م سه‌رده‌مه‌دا سه‌رله‌نوێ بیرۆکه‌ی **وه‌لی فه‌قیه** وه‌ک پێویستییه‌ک بۆ کۆمه‌ڵگه‌ی شیعه، له‌لایه‌ن یه‌کێک له قوتابییه‌کانی **ئایه‌تۆڵلا محه‌مه‌د باقر** به‌نێوی **"حاجی مه‌لا ئه‌حمه‌دی نه‌راقی"** له په‌رتۆکی **عوائد الایام**دا بڵاوکرایه‌وه. حاجی مه‌لا ئه‌حمه‌دی نه‌راقی، له په‌رتۆکه‌که‌یدا

پلەی وەلی فقیە وەک کۆڵەکە و مەرجی سەرەکیی ئاینزای شیعە نێو بردووە و، دەڵێ: بە بێ بوونی وەلی فەقیە، ئاینزای شیعە ناتەواوە! بۆ سەلماندنی بیروباوەڕەکەشی پشتیبەستووە بە کۆمەڵێک لە وتەکانی پەیامبەری ئیسلام و ئیمامەکانی شیعە بەتایبەتی وتەکانی ئیمام جافری سادق و شیکردنەوەی چەند ئایەتێکی قورئان. نێوەرۆکی بیروباوەڕەکە دەڵێ: وەلی فقیە نوێنەری خودا و پەیامبەری ئیسلام و ئیمامەکانی شیعە و ئیمام مەهدی (ئیمامی دوانزە) یە لە سەر زەوین. هەموو ئەو دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییانەی ئەوان لە سەردەمی خۆیاندا هەیانبووە، جێگرەوە و، نوێنەرەکەیان هەیەتی کە نێوی وەلی فەقیە.

بە پێی ئەم بیرۆکەیە، دەسەڵاتی وەلی فەقیە لە سەرووی دەسەڵاتی شا و هەموو کاربەدەستێکی گەورەی وڵاتەوە دانرا. بە کورتی سەردەمی فەتحعەلیشا، سەردەمی بووژانەوەی ئاینی و سەردەمی پەرەپێدانی دەسەڵاتدارێتیی ئاینییە و ئەم سەردەمە بە قۆناخێکی هەرە گرنگ و مێژوویی دەژمێردرێ و گوێڕایەڵ بوونی فەتحعەلیشا بەرامبەر ئایەتوڵڵاکان دەرفەتی مێژوویی رەخساند بۆیان هەوڵبدەن بۆ بە هێزترکردنی پێگەی سیاسی و کۆمەلایەتییان.

لەو نێوەدا، جگە لە هەوڵ و تێکۆشینی مەلاکان، هەروەها کەسایەتی و سەرۆکهۆزە فارسەکانیش هەوڵیاندەدا دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بە هێزتر بکەن. حاجی برایمی کەلانتەر کە لە

ڕووخانی حکوومەتی کەریمخان و دامەزراندنی حکوومەتی قاجاڕەکاندا ڕۆڵی سەرەکیی بینیبوو بە نازناوی ئێعتمادەلدەولە بانگدەکرا، خۆی لە ژمارەیەک کەسایەتیی ئاینیی نێزیک کردبووەوە کە پتریان فارس بوون و جێباوەڕ و متمانەی خۆی بوون. سەرۆکایەتیی زۆربەی مەڵبەند و هەرێمەکانی وڵاتیشی لە نێوان کوڕ و خزمەکانی خۆیدا دابەش کردبوو. ئەوەش سەرۆکهۆزەکانی ترکی خستە گومانەوە فەتحعەلیشایان تێگەیاند کە حاجی برایمی کۆنە دارۆغە نیازیوایە بە خشکەی و لە نێوخۆی حکوومەت و سوپاوە، دەسەلاتداریێتیی سیاسیی لە قاجاڕەوە بگوێزێتەوە و بیخاتە ژێردەستی هۆزەکانی فارسەوە. فەتحعەلیشا، کە هەر لە سەرەتاوە بەگومانبوو لێی، بانگێشتی کرد بۆ تاران، دوای فەلاقەکردنی، هەردوو چاوی دەرهێنا و بە کوێریی ناردی بۆ شاری قەزوێن. ئەوجا فەرمانیدا بۆ گرتن و کوشتن و کوێرکردنی کوڕەکانی و هەموو ئەندامانی بنەماڵە و خزمەکانی و دەستیگرت بەسەر سامان و داراییاندا. بەڵام لە نێوچوونی حاجی برایمی کەلانتەر و قەلاچۆکردنی ئەندامانی بنەماڵەکەی، نەبووە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی گەلی فارس لەنێو حکوومەت و لەشکر و دەزگەکانی سەر بە حکوومەتی قاجاڕ و، ئەوە هۆزی قاجاڕ و هۆزەکانی دیکەی ترکزمان بوون کە بەرە بەرە لە نێو زمان و کولتووری فارسیدا توانەوە و زمانی فارسیی لە سەردەمی فەتحعەلیشاوە، بوو بە زمانی فەرمیی نێوکۆشکی پاشا و دیوەخانی کەنیژەک و دەزگەکانی سەر بە حکوومەت.

ئەوجا هەڵبژاردنی شارۆچکەی **تاران** بۆ پێتەختی حکوومەتی **قاجاڕ** کە لە نێو جەرگەی نەتەوەی فارسدا هەڵکەوتووە هۆکارێکی دیکە بوو کە ڕەوتی **"بە فارسبوونی قاجاڕ"** لەنێو هۆزی قاجاڕیدا خێراتر کرد.

بە پێچەوانەی **ئاغامحەممەدخانی قاجاڕ**، کە ڕەچەڵەکی خۆی دەبردەوە سەر **"هۆزی مەغۆل"** و شانازیی بە هۆز و ڕەچەڵەکی خۆیەوە دەکرد، جێنشینەکانی هەستی ئێرانیبوون و، بیری پارێزگاریکردن لە سنوورەکانی ئێرانیان کردە ئامانجی سیاسییان و، ئایەتوڵڵا گەورەکانیش ئامۆژگاری و ڕێنوێنییان دەکردن وەک سەردەمی حکوومەتی سەفەویی کار بکەن، ئەرکی گەورەی حکوومەتەکەیان پێڕەویکردن بێت لە ئاینزای شیعە و، ڕێزگرتن بێت لە زانایانی ئیسلام و، پارێزگاریکردن لە خاک و ماڵ و سامان و پێڕەوانی شیعە و، سنوورەکانی ئێران.

هەر لە سەرەتای 1800ی زاینەوە ئیمپراتۆریی ڕووسیا نەخشەی داگیرکردنی ئەو هەرێمانەی ئیران کەوتە مێشکییەوە لە سەروو، یان دەوروبەری زەریای **مازندەران** هەڵکەوتوون. ئەوە بوو بەرەو **گورجستان و قەفقاز و داغستان و لێوارەکانی زەریای مازندەران (خەزەر)** لەشکری خستەڕێ و شەڕشۆڕێکی دە ساڵەی لێکەوتەوە. چینی مەلاکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە هاندانی جەماوەری ئێران بۆ بەرەکانی شەڕ لەدژی سوپای ڕووسیادا گێڕا. ئایەتوڵڵاکان لەوانە، **شێخ جەعفەری نەجەفی (کاشف الغطاء)** و **سەید عەلی صاحب ریاض و میرزا ئەبولقاسمی**

جابڵقی، به دەرکردنی فتوای جیهاد له دژی رووسەکان و، پشتیوانیکردنی ئاشکرا له فەتحعەلیشا و بنەماڵەی قاجاڕ، بەشداریکردنی خەڵکیان بۆچوونه شەڕ، به جیهاد و ئەرکێکی پیرۆزی ئاینیی نێو دەبرد.

ئەنجامی شەڕی دەساڵه، نەک هەر بووه هۆی شکانی گەورەی سەربازی و زیانی گەورەی گیانی و ئابووریی بۆ ئێران، هەروەها حکوومەتی ئێران لەساڵی 1813ی ز، ناچارکرا، دەقی رێککەوتننامەیەک مۆر بکا و بەشێکی گەورە له هەرێمەکانی دەور و بەری زەریای مازندەران که ژمارەی دانیشتووانی دەگەیشته سێ ملیۆن، بدات به رووسیا. ئەو رێککەوتنەی نێوان رووس و ئیران به رێککەوتننامەی "گوڵستان" نێوبانگی دەرکرد و نوێنەری بەریتانیا وەک چاودێر بەشدار بوو. شایانی باسه، هەر له ساڵی 1807ی زاینەوە، به پێی رێککەوتنێکی نهێنیی که له نێوان ئینگلیز و رووسیا مۆرکرابوو، ولاتی ئێران له نێوان هەر دوو لایاندا دابەش کرابوو. باکوور تا نێوەڕاستی ئێران، بۆ رووسیا و، له نێوەڕاست تا باشووری ئێران بۆ بەریتانیا بوو.

مۆرکردنی پەیماننامەی گوڵستان هێندەی دیکه دەوڵەتی رووسیای خسته تەماحەوە که له ناکارامەیی و لاوازیی حکوومەتی ئێران و شپرزەیی سوپاکەی کەڵکوەربگرێ و، هەوڵبدات شار و هەرێمی زیاتر له ئێران دابب‌ڕێنێت و، بیانخاته نێو سنوور و خاکی خۆیەوە. ئەوە بوو، لەساڵی 1826 ەوە سەر له نوێ شەڕ دەستیپێکردەوە، بەڵام جەنگی ئەمجاره زۆری

نەخایاند، چۆنکە سوپای رووسیا، دوای ئەوەی شکستی بە هێرشی ناپلیۆن بۆ سەر خاکی رووسیا هێنابوو، بە ورەیەکی زیاتر و، نەخشەی سەربازیی رێکوپێکترەوە بەرەو رووی لەشکری لاوازی ئێران بووەوە کە سەبازەکانی ماوەی چەند مانگێک بوو بەهۆی خراپبوونی باری دارایی وڵاتەوە مووچەی مانگانەیان وەرنەگرتبوو. ئەوە بوو سوپای رووسیا بێگرفت، لە چۆمی "**ئاراس**" پەڕییەوە و، لە ماوەی چەند رۆژێکدا گەیشتە **تەورێز** و هەموو ئازەربایجانی داگیرکرد. لە داگیرکردنی شاری تەورێزدا، کەسایەتی و ئیمامی گەورەی شار بەنێوی **مەلا میرفەتاح**، لە ژێرەوە لەگەڵ دەرەبەگەکانی شاری مەرەند پێوەندیی گرت و پێکەوە هاوکاریی سوپای رووسیایان کرد. پاشان **مەلا میرفەتاح** درێژەی دا بە هاوکاریی لەگەڵ رووسەکان و، لەگەڵ هەموو دەرەبەگەکانی **ئازەربایجان** کۆبووەوە، داوای کردلێیان شەڕی رووسیا نەکەن و، دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتی گەورەی رووسیادا بکەن. ژەنەڕاڵی رووسی بە نێوی "**پاسکیویچ**" لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: **مەلا میرفەتاح**، رێز و خۆشەویستییەکی زۆری لەنێو جەماوەری خەڵکدا هەیە و ئێمە توانیومانە لەسایی پشتیوانیی ئەوەوە، ئاسایش و هێمنی لە شاری **تەورێز** و هەرێمەکەدا بپارێزین. لەبەر ئەوە ناتوانین قەرەبووی چاکە و خزمەتی گەورەی ئەم بەڕێزە بدەینەوە کە تاکوو ئێستا بەرامبەر دەولەتی گەورەی رووسیا ئەنجامیداوە". ژنەرال **پاسکیویچ** پاش داگیرکردنی **ئازەربایجان** بە مەبەستی داگیرکردنی **تاران** لەشکری خستنەڕێ.

پاش ئەوەی حکوومەتی قاجاڕ لە هاتنی سوپای رووسیا بەرەو تاران ئاگادار بوو، داوای ئاگربڕی کرد و رایگەیاند، بە هەموو مەرجەکانی دەوڵەتی رووس رازییە. شاندی هەردوو وڵات لە گوندی "ترکمانچای" دا کۆبوونەوە کە لەسەر رێگەی تەورێز – میانە هەڵکەوتووە. لەو گوندەدا هەردوولا لەڕێکەوتی 10ی فێبریواری ساڵی 1828ی ز، رێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد کە لە مێژوودا بە رێککەوتننامەی ترکمانچای نێوبانگی دەر کردووە. رێککەوتننامەکە بریتیبوو لە 16 مادە و 9 گرێبەندی بازرگانیی. شایانی باسە، لەکاتی مۆرکردنی رێککەوتننامەکەدا، وەکوو رێککەوتنەکەی گوڵستان، نوێنەری بەریتانیا وەک چاودێر لەوێ ئامادە بوو. هەردوولایان رێککەوتن لەسەر ئەوەی هەموو ئەو هەرێمانەی ئێران کە سوپای رووسیا لە شەڕەکانی تازە و پێشوو داگیریکردوون لەمە بەدواوە خاکی رووسیان و دەبن بە بەشێک لە خاکی رووسیا. حکوومەتی ئێران هەروەها دەبێ قەرەبووی هەموو زیانەکانی جەنگ بدات بە ڕووسیا کە دەکاتە دە کروور تمەن (بەرامبەر بە بیست ملیۆن روبل). لە پێوەندی بازرگانییشدا بازرگانەکانی رووس سەربەست دەبن لە هەر شار و هەرێمێک بیانەوێ خانوو یان زەوی بکڕن و، دەبن بە خاوەنی هەتاهەتایی ئەو شوێنەی کڕیویانە. لەکاتی تێپەڕبوونی کاربەدەست و فەرماندە و ئەفسەرەکانی رووسیا لە نێو خاکی ئێران، لە هەر شار و شارۆچکەیەک ویستیان پشوو بدەن، دەبێ بە شێوەی فەرمیی لەلایەن کاربەدەستان و فەرماندەکانی سوپای ئێران و،

نوێنەری شای ئێران و کۆشکی شا، پێشوازیی بکرێن. لە هەر شار و مەڵبەندێک دەولەتی رووسیا بە پێویستی بزانێت، کۆنسولگەری و مەڵبەندی بازرگانیی دەکاتەوە.

سەپاندنی ئەم مەرجانەی سەرەوە و زۆرێک مادە و تێبینیی دیکە بەسەر حکوومەتی ئێراندا، وڵاتەکەی تا ئاستی وڵاتێکی ژێردەستە و کۆلۆنیکراو هێنایە خوارەوە. لە باشووری ئێرانیش، سوپای بریتانیا حاکم و دەسەڵاتدار بوو. نوێنەر و کاربەدەستی هەردووولاشیان لە تاران، سیاسەت و بەرژەوەندیی دەوڵەتی خۆیان بە سەر شا و وەزیرەکانیدا دەسەپاند، تەنانەت بڕیاردەر بوون لە هەڵبژاردن و دەسنیشانکردنی شای داهاتووی ئێران. هەروەک لە مادەی (6)ی رێککەوتننامەی تورکمانچای دا، دەڵێت: دەوڵەتی ئیمپراتۆریی رووسیای گەورە بەڵێن دەدات کە بە پێی ئەم رێککەوتننامەیە، شازادە عەباس میرزا بە جێگر و جێنشینی شای ئێران دەناسێ و بەڕێزیان لە دوای فەتحعەلیشا، دەبن بە شای ئێران.

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی تێکشکانی سوپای ئێران و ئاگاداربوونی جەماوەری خەڵک لە نێوەرۆکی رێککەوتننامەی ترکمانچای، بەرە بەرە دەنگی ناڕەزایەتیی لە نێو رۆشنبیران و نیشتمانپەروەران و چینەکانی بازرگان و ئاینی و کۆمەڵایەتیی سەریهەڵدا. چینی ئاینیی کە بە دەرکردنی فتوای جیهادی یەکلەسەر یەک و ناردنی بەلێشاوی جەماوەری موسڵمان، نەیتوانیبوو پێش بە لەشکرکێشیی ئیمپراتۆریی رووسیا بگرێت،

سەقامگیربوونی دەسەلاتی رووسیای بە مەترسییەکی گەورە دەزانی بۆ سەر پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی خۆی. لەبەر ئەوە، لە رێککەوتننامەی **ترکمانچای** بەدواوە، بەرە بەرە، ناکۆکیی کەوتە نێوان شای **قاجاڕ** و چینی ئاینییەوە. یەکەم کەسایەتیی ئاینیی کە هانی خەڵکیدا لەدژی دەسەلاتی بێگانە و، ملکەچکردنی حکوومەتی قاجاڕ بەرامبەر دەسەڵاتی بێگانە، **راپەڕن میرزامەسیحی ئەسترئابادی بوو. ئەم کەسە جەماوەرێکی زۆری لەخۆی کۆکردەوە و پەلاماری باڵەخانەی وەزیرموختاری رووس و فەرمانبەران و پاساوانەکانیاندا و لەنێویان بردن. فەتحعەلیشا** فەرمانی گرتن و کوشتنی **میرزا مەسیحی ئەسترئابادی** دەرکرد، بەڵام **میرزامەسیح**، توانی خۆی دەرباز بکا. کاتێک خەڵک ئاگاداری هەڵاتنی **میرزامەسیح** بوون، پشێوی و سەرهەڵدانەکە نیشتەوە، بەڵام ئەم رووداوە بوو بە رچەشکێن و سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی گەورەتر و بەربڵاوتر.

**سەرەنجام فەتحعەلیشای قاجاڕ، دوای 37 ساڵ و 8 مانگ پاشایەتیی لە 20ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1834ی ز، لە تەمەنی 68 ساڵیدا کۆچی کرد و لە شاری قۆم نێژرا. فەتحعەلیشا 158 ژن و 260 منداڵی لە پاش بەجێما. دوای مردنی محەمەد شای قاجاڕ جێیگرتەوە.** لە ماوەی 14 ساڵ پاشایەتیی محەمەدشادا جگە لە سیاسەتی داگیرکاریی **بریتانیا و رووس** لە **ئێران**، هەروەها بێگاری و چەوساندنەوەی چینی جۆتکار و سەپانی گوندەکان لەلایەن چینی دەرەبەگ و چەوساندنەوەی چینی هەژار و

کەمدەرامەتی شارەکان لەلایەن چینی بازرگان و دەسەلاتدار و بەرتیلوەرگرتن و ملهۆڕیکردنی هێزی چەکداری رژێم بەرامبەر بە خەڵک، بارودۆخێکی گەلێک دژواریان بۆ خەڵکی شار و گوند بەتێکرا پێکهێنابوو. ئەم دۆخە تا دەهات زەوینەی هەڵچوون و ناڕەزایەتیی سەرتاسەریی لە شار و لە دێ خۆشدەکرد. حەمەشا، کە هەر لە منداڵییەوە لەلای سۆفییەکی بە نێوبانگ بە ناوی **حاجی میرزا ئاقاسی** پەروەردە کرابوو، لە گەڵ بوو بە شا، بوو بە لایەنگیری سۆفیگەرێتیی. شارەزای و زانیاریی لەبارەی گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوکاتی ئۆرووپا نەبوو، هەروەک فەتحعەلیشا، دوای چەند ساڵێک **قائممقام فەراهانی وەزیر و راوێژکاری گەورەی خۆی کوشت**، لە کاتێکدا خزمەتی زۆریشی بە بنەماڵەی شای **قاجاڕ** کردبوو.

سیاسەتی داگیرکاریی **بەریتانیا** و **رووسیا** و دەستێوەردانی ئەو دوو ئیمپراتۆرییە لە کاروباری سیاسی و ئابووریی ئێراندا، بووە هۆی لە دەستدانی باوەر و متمانەی خەڵک بەرامبەر حکوومەتی **قاجاڕ**. لەنێو رۆشنبیراندا رەخنە و ناڕەزایەتیی سەریهەڵدا و چینی ئاینیی بەهۆی پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتییەوە کە هەیبوو، دەیویست بە تەواوەتیی سوود لە بارودۆخەکە وەرگرێ و بیخاتە خزمەتی بەهێز کردنی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی. مەلاکان کە بە وردی شارەزای داوونەرێت و ئاستی هۆشیاری فەرهەنگیی ولات بوون مزگەوتەکان و نێوەندەکانی ئاینی و مەزاری ئیمام و ئیمامزادەکانیان کردە پێگە

و سەکۆیەک بۆ پرۆپاگەندەی سیاسی و ئاینیی. ڕێوڕەسمی مانگی **محرم** و ڕۆژانی **تاسوعا و عاشورا**، هەروەکوو سەردەمی **سەفەویی**، هاتەوە نێو کۆڵان و شەقام و بازاڕەوە. لەم سەردەمەدا، **ئایەتوڵڵا حاجی میرزا حسێنی نووری** پەرتۆکی **"فصل الخطاب فی تحریف الکتاب رب الارباب"**ی بڵاوکردەوە و، تێیدا ئاماژەی بە لەنێوچوونی دوو سورەی **النوران و الولایە** لە قورئانی **خەڵیفە عوسمان** و **حەجاج ئیبنی یووسف** کردبوو. مزگەوت و حوجرە و ماڵی ئایەتوڵڵا گەورەکان بوون بە نێوەندی بڕیاردانی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشەکۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە، لە شاری **ئەسفەهان** ئایەتوڵڵا **سەیدشفتی**، جەماوەری خەڵک و توێژی **پاڵەوانەکان لوطی** یەکانی شاری هاندا کۆنترۆڵی شار بگرنە دەستی خۆیان، بۆ ماوەی چوارمانگ بەڕێوەبردنی شاری ئەسفەهان ڕاستەوخۆ لە ژێردەستی **ئایەتوڵڵا شفتیدا** بوو. ئەوە بوو **محەمەدشا** ناچار بوو بە پشتیوانیی ئەفسەرەکانی **ئینگلیز**، هێزی قەزاق بنێرێت بۆ **ئەسفەهان** و دەسەڵاتی حکوومەت بەسەر شارەکەدا داسەپێنێتەوە. ساڵی 1848ی ز **محەمەد شای قاجاڕ** بەهۆی نەخۆشییەوە مرد و **ناسرەدین شا** جێیگرتەوە.

دەوڵەتی **بریتانیا**، جگە لەوەی بە ناوی ڕێککەوتننامەی بازرگانی لەگەڵ حکوومەتی **قاجاڕ**، دەستی بەسەر داهات و خێر و بێری باشووری ئێران لە کەنداودا گرتبوو، هەروەها ولاتانی هێند و عێراق و چەندین ولاتی دیکەشی لە **ڕۆژهەڵاتی ناڤین**

داگیر کردبوو. شاره پیرۆزەکانی شیعە لە **عێراق** وەک **نەجەف** و **کەربەلا** و **کازمین** کە هەزاران ئایەتوڵڵا و مەلا و فەقێ لە نێوەندەکانی ئاینیی ئەو شارانەدا دەژیان و، دەیانخوێند، لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە بووجە و مووچەی مانگانەیان بۆ دیاری کرابوو. وابەستەبوونی ئابووریی ئایەتوڵڵاکان بە ئینگلیزەوە لە **عێراق**، هەلێکی گەورەی رەخساند بۆ دەوڵەتی **ئینگلیز** کە بتوانێ لەنێو مەلاکاندا دۆست و لایەنگر و گوێڕایەڵی خۆی بدۆزێتەوە و، لەڕێگەی مەلاکانەوە سیاسەتی داگیرکاریی خۆی لە ئێران وعێراق بەرێتە پێشەوە. داهاتی ئایەتوڵڵاکان لە عێراق کە بە **موقوفات هند** بە نێوبانگ بوو، هەموو ساڵێک دوانزە هەزار رۆپیە بە چاودێریی سەرکۆنسولی **بریتانیا** لە عێراق دەدرا بە **ئایەتوڵڵا سەید محەممەدی موجاهد** کە لەو سەردەمەدا رێبەری موسڵمانانی شیعە بوو. پاش مردنی **سەید محەممەدی موجاهد**، نیوەی ئەم پووڵە دەدرا بە بنەماڵەکەی و نیوەکەی دیکەشی دەدرا بە بنەماڵەی **ئایەتوڵڵا حاجی میرزا عەلی تەقی تەباتەبایی و سەید عەبدولقاسمی حوجەت**. هەروەها لە شاری **نەجەف**، دەدرا بە بنەماڵەی **بەحرالعلوم** کە لە گەڵ بنەماڵەی **ال صاحب ریاض** خزمایەتیی لە نێوانیاندا بوو. پاش مردنی **میرزا عەلی نەقی و ئایەتوڵڵا سەید عەبدولقاسمی حوجەت**، شەڕ و ئاژاوە بۆ وەرگرتنی پووڵی **موقوفاتی هێند** لە نێوان کوڕەکانیاندا هەڵگیرسا. سەدان فەقێ و لایەنگیریان بەردایە گیانی یەک، وایلێهات نوێنەری **ئینگلیز** لە **بەغدا**، بوو

به نێوبژیوان وئاشتی کردنەوە و بڕیار درا لەوە بەدواوە ئەو بووجەیە لەنێوان دە کەس لە ئایەتۆڵڵا گەورەکاندا دابەش بکرێت، کە ناسراون و، پێگەی جەماوەرییان هەیە!

## حکوومەتی ناسردینشا و،
## پەرەسەندنەوەی دەسەلاتی چینی ئایینیی!

ناسردینشا ناسراو بە سوڵتانی ساحێبقەران لە رۆژی 22ی مانگی خەرمانانی ساڵی 1227ی هەتاوی (13/9/1848) لە تەمەنی 17 ساڵیدا لە کۆشکی پاشایەتیی لە تاران تانجی پاشایەتیی کردەسەری و بوو بە شای ئێران. ناسردینشا نێزیکەی 50 ساڵ پاشایەتی کرد و زۆربەی سالانی ژیانی بە راوکردن و، رابواردن لە گەڵ ژنان و کچان تێپەڕ کرد. 85 ژنی رەسمیی مارەکراوی هەبوو. ژمارەی کەنیژەک و ژنی سیغەکراو (مزیار) و تێکڕای ئەو ژنانەی لە نێو کۆشەکانیدا دەژیان و بە اندرونخانە نێودەبران گەیشتبوونە سێهەزار ژن. ناسردینشا بۆ ژنانی پلەیەکی کەشخە و جوان، مانگی 750 تمەن، بۆ ژنانی پلە دوو مانگی 500 تمەن، بۆ ژنانی "مزیار" (سیغەکراو) یش 100 تا 150 تمەنی بۆ بڕیبوونەوە.

دەسپێکی پاشایەتیی ناسردینشا هاوکات بوو لەگەڵ دەستێوەردانی زیاتری رووسیا و ئینگلیز لە کاروباری نێوخۆی ئێران و، بەرە بەرە کێبەرکێ و ناکۆکیی کەوتە نێوان ئەو دوو دەوڵەوتە زلهێزەوە کە هەر یەکەیان بە جیا هەوڵیدەدا حکوومەت و وڵاتی ئیران بە تەواوەتیی بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە، لە ژێر گوشاری ئینگلیزدا وڵاتی ئەفغانستان لە ئێران جیاکرایەوە و لە باشووری ئێرانیش لە کەنداو، هێزی زەریایی ئینگلیز دوورگەی خارک و شارەکانی ئەهواز و ئابادان و بووشەهری

داگیرکرد. لە سەرووی ولاتیشەوە، سوپای رووسیا چەند نێوچەیەکی دیکەی خاکی ئێرانی داگیرکرد کە لە باکوور و باکووری رۆژهەڵات هەڵکەوتبوون و خستنیە ژێردەسەلاتی خۆی. ناسرەدینشا لەبەر بێدەسەلاتیی هەموو ئەم داگیرکردنە یەک لەدواییەکانەی سوپای ئینگلیز و رووسیای بەڕەسمیی دەناسی. سەرۆکوەزیرانی ناسرەدینشا بە نێوی میرزا تەقیخانی فەراهانی ناسراو بە "ئەمیر کەبیر" (میری گەورە) تەنیا کەسێک بوو کە دەیویست لەلایەنی دارایی و پیشەسازی و خوێندەواری و پەروەردە و سوپاوە، ولاتی ئێران پێش بخا و، دەستێوەردانی ولاتانی کۆلۆنیالیستی لە سەر حکوومەت و سامانی ئێران نەهێڵێت. لەماوەی سێ ساڵ و نۆ مانگ کە سەرۆکوەزیران بوو، چەند پڕۆژەیەکی ئابووری و پەروەردەی بەڕێوە برد. شا لە سەرەتاوە زۆر ڕێزی لێدەگرت، بەڵام لە دواییدا بە هۆی دووزمانی و پیلانگێڕانی دەستوپێوەندکانی شا لە دژی و، پیلانی دەوڵەتەکانی ئینگلیز و رووسیا، توانییان شای لێهەڵگێڕنەوە و، سەرەنجام لە مانگی جۆنی 1852ی زایینیی بە فەرمانی ناسرەدینشا لە شاری کاشان کوژرا. پاش کوژرانی ئەمیر کەبیر، میرزا ئاقاخانی نووری بوو بە سەرۆکوەزیران کە سەر بە دەوڵەتی ئینگلیز بوو.

داگیرکردنی نێوچە بەپیتوبەرەکەتەکانی ئێران لەلایەن ولاتانی گەورەی کۆلۆنیالیستی جیهانی و ناکارامەی و کورتبینی و دواکەوتوویی شا و وەزیرەکانی حکوومەتی قاجاڕ و، زۆر و

زەنگی هێزی قەزاق بەرامبەر خەڵک، پەرەسەندنی هەژاری و گرانی و چەوساندنەوەی لە رادەبەدەری جۆتکار و گوندنشینەکان لەلایەن چینی دەرەبەگەوە بوون بە زەوینەی بێزاری و ناڕەزایەتییەکی بەرین لەنێو کۆمەڵگەی ئێران. لەم نێوەدا چینی مەلاکان، کە سیاسەتی داگیرکاریی ئینگلیز و رووسیایان بەزیانی بەرژەوەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆیاندەزانی، لە مزگەوت و مینبەر و قوتابخانە ئایینییەکانەوە دەستیانکرد بە پڕۆپاگەندەکردن لە دژی سیاسەتەکانی دەولەتی قاجاڕ و وڵاتانی بێگانەی داگیرکار.

یەکەم بەرەنگاربوونەوەی ئاشکرای چینی مەلاکان لە دژی حکوومەتی قاجاڕ، لە سەردەمی ناسردینشاوە دەستیپێکرد، ئەویش بەهۆی رێککەوتننامەی نێوان حکوومەت و کۆمپانیای ژری یەوە بوو، کە لە مانگی مارسی 1880دا لە نێوان ناسردیشا و مەیجێڕ جراڵد تالبۆتی ئینگلیزیدا مۆر کرابوو. بە پێی ئەو رێککەوتننامەیە سەرپەرشتیکردنی چاندن و داهات و فرۆشتنی تووتن بۆ ماوەی (50) سال، دەکەوتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیاوە. چەند مانگێکی نەبرد، ناڕەزایەتیی خەڵک لە دژی پەیماننامەکە شارەکانی ئەسفەهان و تەورێز و مەشهەد و تارانی گرتەوە. مەلاکان لە مزگەوتەکانەوە، رایانگەیاند لەمە بەدواوە کێشانی قلیان و تووتن حەرامە. پێشەوای ئاینزای شیعە، ئایەتوڵڵا میرزا محەمەد حەسەنی شیرازی لە چەند وشەیەکدا ئەم فتوایەی دەرکرد: بسم الله الرحمن الرحیم کێشانی تووتن بە واتای

دژایەتی و سووکایەتیکردنە بە ئیمامی زەمان!. پاش بڵاوبوونەوەی فتواکە خەڵک بە جارێ وازیان لە جگەرە و قلیانکێشان هێنا. جێبەجێکردنی فتواکە بە رادەیەک بوو ئایەتوڵڵا سەید عەبدوڵڵای بێبەهانی، جگەرەی دەکێشا و بە بێ سیگار گوزەرانی نەبوو، بە ناچاری پەنای بردەبەر باڵوێژخانەی عوسمانی بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی جگەرە بکێشێت. خەڵک زانییان و کەوتە بەر نەفرەت و توورەیی ئایەتوڵلاکان و خەڵکەوە. لەگەڵ گەیشتنی فتوای ئایەتوڵڵا شیرازی و پرۆپاگەندەی بەردەوامی مەلاکان، بازاڕی شارەکان داخران. ئاستی پێشوازیی خەڵک لە فتوای مەلاکان بە ڕادەیەک بوو، تەنانەت ژنەکانی ناسردینشا و، دەستپێوەندەکانیشی وازیان لە قلیان و جگەرەکێشان هێنا! دەوڵەتی رووسیاش، دەوڵەتی ئێرانی خستبووە ژێر گوشارەوە کە پەیماننامەکە لەگەڵ ئینگلیزەکان هەڵوەشێنێتەوە. بۆ یەکەم جار بوو مەلاکان رێبەریی ناڕەزایەتی جەماوەریی دژ بە حکوومەتیان گرتبووەدەستی خۆیان و لە بەرامبەر شادا راوەستابوون.

لە رۆژی 4ی مانگی جۆنی ساڵی 1892دا، ناسردینشا نامەیەکی نارد بۆ ئایەتوڵڵا حاجی میرزاحەسەنی ئاشتیانی و، داوایلێکرد، ئەگەر بڕیاری نەکێشانی توتن هەڵنەوەشێننەوە، دەبێ لە شاری تاران بچێتە دەرەوە! نێوەرۆکی نامەکە بەمجۆرە بوو:

"جنابا، بعضی احکام بود خواستم با یک نفر برای شما پیغام بدهم مفصل بود بهتر دانستم بنویسم و بعد از آن که این دستخط را ملاحظه کردید جواب عرض نموده و عین دستخط را پس بفرستید به حضور. در فقره عمل دخانیات هیچ کس عقل کل نیست و احاطه کلی در بشریت منحصر است به وجود پاک پیغمبر ما علیه السلام و صلوة. در همین عمل دخانیات مدتی بود که می خواستم انحصار داخله را از کمپانی فرنگی سلب نمایم و به جناب امین سولْتان دستور عمل داده بودم که کم کم با فرنگی ها حرف زده طوری بکند که هم عمل داخله انجام گیرد و هم آنها نتوانند ایرادی بگیرند و از دولت خسارات عمده مطالبه کنند و مردم هم آسوده از این مداخله داخلیه فرنگیان که الحق مضر بود، بشوند. مشغول و در تدارک بودیم که این انتشار حکم میرزای شیرازی در اصفهان یا جعلا تا حقیقتاً بروزکرد و کم کم به تهران رسید و شما که علماء عاقل هستید بدون اطلاع دادن به دولت به دهن خواص و عوام انداختید که قلیان را ترک نمایند و این همه قال و مقال و اسباب بی نظمی را در پایتخت فراهم آورده، آیا بهتر نبود که متفقاً یا تنها عریضه می کردید و در رفع عمل....؟ بعد از آن از جاجرود به جناب امین سلطان و نایب السلطنه حکم، مجلسی از علما و وزرا را فراهم بیاورند سؤال شود که خلاف شریعت درین قرارنامه در کجاست بنمایند تا رفع شود. مجلس اول همه حاضر شدند بجز شما که تمارض کرده بودید. جهت و معنی را نفهمیدم. مجلسی که به حکم ما شما را برای همچو کاری احضار بکنند و حاضر نشوید. مجلس دیگر که حاضر شدید بعضی عبارات گفته بودید که هیچ ربطی به عمل نوشته نداشت.مثلا راه آهن و غیره را عنوان کرده بودید. بعد از آن عرایض حسابی شما در باب دخانیات به ما رسید، آن بود که حکم فرمودیم جناب امین سلطان به شما قول بدهد که

موقوف خواهد شد. در داخله کتبأ و تلگرافأ اظهار تشکر و مسرت عامه به عرض رسید مگر از شما. معنی این را نفهمیدیم که یعنی چه و عمل صحیح به قاعده با احتراز و فتنه آن بود که بعد از موقوفی عمل دخانیات فورأ شما می رفتید در مسجد و منبر به مردم رحمت و التفات ما را اعلان می کردید.. چرا این کار را نکردید؟ سبب و جهتش را هیچ نفهمیدم و مثل این است که ابدأ دولت در موقوفی این کار اقدام نکرده باشد. این طور قرار نبود بکنید به عوام کالانعام یعنی چه؟ آیا عوامفریبی به نظر شما رسیده یا مسند خود را می خواهید به واسطه رونقی بدهید؟ و باز هم در مجالس و محافل خودتان در عوض تحسین و تمجید بر ضد دولت و اولیای دولت حرف می زنید یعنی چه؟ من شما را آدم فقیر و شخص ملا بی غرض و دولت خواه می دانستم، حالا بر ضد آن می بینیم که اقتباس به مجتهد تبریز و آقا نجفی اصفهانی و غیره می کنید. آیا نمی دانید که کسی نمی تواند بر ضد دولت برخیزد؟ خلاصه چون خیلی لازم بود محرمانه این دستخط را برای شما نوشتم دیگر خود دانید یک دفعه نصیحت لازم است و عجب خدمتی به ملت و مردم می کنید...".

کوردییەکەی:

(بەڕێز! چەند فەرمانێک هەبوون کە ویستم لەڕێگەی کەسێکەوە ڕابگەیەنم پێت، ئەگەرچی وتەکانم درێژبوون بە باشمزانی بیاننووسم. پاش ئەوەی نووسراوەکەی ئێمەت خوێندەوە، دەقی دەسنووسەکە لەگەڵ وەرامی نامەکە بنێرەوە خزمەتمان. لە بابەتی ڕێککەوتننامەی "تووتن" ەوە، بێگومان هەموو مرۆڤێک سەهو و هەڵە دەکا، ئەوەی کە لە دنیا هەڵەناکا و لە هەموو کەس زاناترە، تەنێ پێغەمبەری ئێمەیە کە سەلام و

سەڵواتی خودای لەسەر بێ... سەبارەت بەم پەیماننامەی تووتنە، ماوەیەک بوو دەمویست سەرپەرشتیکردنی داهات و فرۆشی نێوخۆ لە کۆمپانیا ئۆروپاییەکە بستێنمەوە، ئەم بابەتەم لەگەڵ بەڕێز ئەمین سوڵتان باسکرد و دەستوورم داپێی بە شێوەیەک ئەم بابەتە لەگەڵ کۆمپانیاکە بهێنێتە گۆڕێ، کە بتوانین فرۆشی نێوخۆ لە دەستی ئەوان بهێنینە دەرەوە، هاوکات کۆمپانیاکەش نەتوانێت ئێمە بە پێشێلکردنی رێککەوتننامەکە سووچبار بکا و داوای قەرەبوو نەکات لێمان. ئەوجا خەڵکیش سەبارەت بە نەهێشتنی دەستێوەردانی بێگانە و بەستنی ئەم رێککەوتننامەیە دڵنیا و دڵخۆش بکەین کە بەڕاستیی، زیانی زۆری بە وڵاتەکەمان دەگەیاند. ئێمە سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەم کارە بووین، کاتێکمانزانی فتوای ئایەتوڵڵا میرزای شیرازی لە شاری ئەسفەهان بڵاوبووەوە کە بە تەواوەتیی دڵنیانیم فتوای ئەو بووبێت. بڕیارەکەی دەم بە دەم گەیشتە تاران. ئەوجا ئێوە کە زانایەکی خاوەنهزرن، بە بێ ئاگادارکردنی دەولەت، ئەم بیرەتان خستە نێو زار و مێشکی خەڵکەوە کە قلیان نەکێشن. پاشان ئەم هەموو ئاژاوە و پشێوی و قسەوقسەلۆکەت لەنێو پێتەختدا بڵاوکردەوە. ئایە باشتر نەبوو لەگەڵ ئێمە کۆبیتەوە یان بە نووسینی نامەیەک سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکە، بۆچوونی خۆت بناردایە بۆمان؟ پاشان من لە "جاجروود"ەوە (جاجرورد سەر بە پارێزگەی تارانە و لە باکووری رۆژهەلاتی تاران هەڵکەوتووە و سەیرانگەی تایبەتی و شوێنی راوکردنی

ناسرەدینشا بوو! "س.ک.")، فەرمانمدا بە ئەمین سوڵتان و جێگری سەڵتەنەت کۆبوونەوەیەک لە زاناکانی ئاینی و وەزیرەکان پێکبهێنن و پرسیار بکرێت لێیان رێککەوتننامەکە بخوێننەوە و هەر جێیەکی بە پێچەوانەی رێوشوێنی ئاینی ئیسلام دەزانن ئاماژەی پێبکەن و بیسڕینەوە. کۆبوونەوەی یەکەم هەموو ئامادەبوون جگە لە ئێوە کە بیانووتان هێنایەوە گوایە نەخۆشن. کۆبوونەوەیەک کە بە فەرمانی من پێکبێت و ئێوە بانگێشت بکرێن بۆ پرسێکی ئەوتۆ و ئامادەنەبن!! لە واتا و هۆی ئەم کارەتان تێنەگەیشتم. لە کۆبوونەوەی دووەمدا ئامادەبوون، بەڵام ئەو وتانەی دەرتبڕیبوون هیچ پێوەندییەکیان بە بابەتی کۆبوونەوەکەوە نەبوو. وەک باسی بانک و جادەی شەمەندەفەر و ... پاشان تکا و داخوازییەکانی ئێوە سەبارەت بە کێشەی رێککەوتننامەی تووتن گەیشت، فەرمانمدا بەڕێز ئەمین سوڵتان بەڵێنتان پێبدات، ئەو رێککەوتننامەیە هەڵوەشێنێتەوە. لە نێوخۆی وڵاتەوە، لە گەورە و بچووک برووسکەی سوپاس و شادییان گەیشتە دەستمان، بەڵام لە تۆوە هیچان پێنەگەیشت. لە هۆی ئەم کارەتان تێنەگەیشتم! کردەوەی راست و یاسایی، کردەوەیەک کە دوور بێت لە بێڕوشتی و پیلانگێڕیی! چاوەڕوان بووین پاش ئاگاداربوونت لە بڕیاری ئێمە بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەکە یەکسەر بچوویتایە بۆ مزگەوت و رێز و مێهرەبانی ئێمەت بۆ خەڵک باسبکردایە، بۆچی ئەم کارەت نەکرد؟ لە هۆی ئەم کارەتان تێنەگەیشتم. وەک ئەوە وایە

دەوڵەت بۆ ڕاگرتنی ڕێککەوتننامەکە هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتبێ. نەدەبوو ئەمەت بکردایە، ئەم پرسە چ پێوەندییەکی بە ڕەشەخەڵکەوە هەیە؟ ڕەنگە کەسێکی ئاژاوەچی ئێوەی خراپ تێگەیاندووە، یان هۆی ئەم کارەتان ئەوەیە، دەتانەوێ بەم ئاژاوە نانەوەیە پلە و نێوبانگی خۆتان لەنێو خەڵکدا بەرنە سەرێ؟ لە کۆبوونەوە و کۆڕوکۆمەڵی تایبەت بە خۆتان لە باتی ستایشکردنی دەولەت، دژی دەوڵەت و گەورەکانی ولات قسە دەکەی!؟ مانای ئەم کارانە چین؟ من وامدەزانی ئێوە مەلایەکی دڵپاک و بێئازار و لایەنگری دەوڵەتن، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە دەبینم تۆ پێڕەوی لە ئایەتۆڵلای تەوریز و بەڕێز نەجەفی ئەسفەهانی و ... هتد دەکەی. ئایە نازانی کەس ناتوانێ دژایەتیی دەوڵەت بکات؟ بە کورتی، پێویستبوو بە نهێنیی ئەم شتانەت بۆ بنووسم ئیدی خۆتدەزانی. ئامۆژگاریکردن بۆ جارێک پێوسیتە... چاک خزمەتی نەتەوە و خەڵکت دەکەیت!).

نامەکەی ناسردینشا ئاماژەیەکی روون بوو بۆ دووبەرەکی و ناکۆکیی نێوان شا و چینی ئاینیی، هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم ناکۆکییەش وەک لە سەرووتر ئاماژەماندابێی پەرەسەندنی سیاسەتی داگیرکاریی رووس و ئینگلیز بوو کە لە گەڵ بەرژەوەندیی چینی ئاینیی لە ئێران یەکیاننەدەگرتەوە. هاوکات سەرهەڵدانی ئەم ناکۆکیيانە بوون بە هۆی سەرهەڵدانی جەماوەریی لە شارە گەورەکان بە تایبەتیی لە تارانی پێتەخت، ئەمەش لەلایەک سوودی بۆ مەلاکان هەبوو کە کورد گوتەنی

لەغاوی نارەزایەتیی جەماوەریی بخەنە دەستی خۆیان و هەست و بیری باوەڕ بەخۆبوونی لەنێو چینی مەلاکاندا بە هێز کرد، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەم یەکگرتووییەی خەڵک دژی دەسەلاتی وڵاتانی کۆلۆنیالیستیی هۆیەکی کاریگەر بوو بۆ پەرەسەندنی بیری ناسیۆنالیزمی فارس.

**ئایەتوڵلا حاجی میرزا حەسەنی ئاشتیانی**، پاش خوێندنەوەی ئەم نامە پڕ لە گلەی و هەڕەشە **و** تانە و تەشەر لێدانەی **ناسردینشا**، کەل و پەلی نێومالی پێچایەوە **تاران** بە **جێبهێلێت**. بەڵام لە چەند دەمژمێریکدا هەواڵەکە وەک بوومەلەرزە بە تاراندا بڵاوبووەوە، هەزاران کەس لە پێڕەوان و لایەنگرانی روویان لە ماڵەکەیکرد و داوایان کردلێی بە جێیاننەهێڵێت! ئاژاوە شاری داگرت، بازاڕی **تاران** بە نیشانەی نارەزایەتیی لەگەڵ بڕیارەکەی شا و، پشتیوانیکردن لە **ئایەتوڵلا ئاشتیانی** داخرا. شا داوای لە فەرماندەی **هێزی قەزاق "نایب السلطنە"** کرد، بڵاوە بە ئاپۆرەی خەڵک بکات. هێزی قەزاق رژانە نێو شەقامەکانەوە، بەڵام شالاوی خەڵک لە هێزی چەکدار سڵیان نەکرد و روویانکردە کۆشکی شا. کۆمەڵەخەڵکیکی دیکەش هێرشیانکردە سەر کۆشکی سەرۆکوەزیران و لەلایەن قەزاقەوە تەقەیان لێکرا و چەندین کەس کوژران و بریندار کران. بۆ یەکەمجار **ناسردینشا**، هەستی بە مەترسیی کرد، بە فەرمیی ڕێککەوتننامەکەی هەڵوەشاندەوە. بڕیارەکەی شا لە هەموو شارەکانی ئێراندا بڵاوکرایەوە...

کاتێک ئایەتوڵڵا ئاشتیانی دڵنیابوو بە نواندنی ئەم هەڵوێستەی، هێندەی دیکە، خۆشەویستی و پێگەی جەماوەریی لە نێو خەڵکدا بەرزتر و بەهێزتر بووە، هەنگاوێکی دیکەی نایە پێشەوە و، داوای لە دەوڵەت کرد، هەموو ئەو بەڵگەنامانە بنێرن بۆی کە لە نێوان حکوومەتی قاجاڕ و کۆمپانیاکانی ژری و بانک و ڕێگەی شەمەندەفەر ی وڵاتانی ئۆروپاییدا مۆرکراون، چۆنکە دەیەوێت بە تەواوەتیی لە نێوەرۆکی ڕێککەوتننامەکان ئاگادار بێت! هاوکات، داوای لە جەماوەری راپەڕیوی تارانیش کرد، هێمنی بپارێزن و، بگەڕێنەوە سەر کار و ژیانی خۆیان. پاشان لە راگەیەندراوێکدا کە لە ڕێگەی پێڕەوانییەوە لە نێو خەڵک بلاویکردەوە، مەرجی بۆ حکوومەت دانا و رایگەیاند: ئەگەر بێتوو حکوومەت هەموو ڕێککەوتننامەکان لەگەڵ وڵاتانی بێگانەدا هەڵنەوەشێنێتەوە، ئەوا ناچار دەبێ داوا لە خەڵک بکات بڕژێنە نێو شەقامەکانەوە!. هاوکات ئایەتوڵڵا شیرازی برووسکەی نارد بۆ نێوەندەکانی ئاینی و بۆ مەلاکان و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و قوتابخانەکانی ئاینی، داوای کردلێیان لە سەر دژایەتیکردنی ڕێککەوتننامەی تووتن بەردەوام بن، چۆنکە هێشتا ئەو پەیمانە بە تەواوەتیی هەڵنەوەشێنراوەتەوە. ئەوجا ئایەتوڵڵا ئاشتیانی، داوای لە ئایەتوڵڵا شیرازی کرد، نامە بنووسێت بۆ شا و داوای لێبکات، ڕێککەوتنی بانک و سازکردنی ڕێگەی شەمەندەفەر هەڵوەشێنێتەوە، دەسەلاتی بێگانەش لە ئێراندا بنبڕ بکات.

بەرپرسێکی ئینگلیز لە تاران بە ناوی "لاسلس" لە رۆژی (5)ی جۆنی ساڵی 1892ی زایندا راپۆرتێکی نارد بۆ دەوڵەتی بریتانیا و نووسی:

لە گەڵ سەرۆکوەزیرانی ئێران "ئەمین سوڵتان" قسەمکرد. بە بەڕێزیانم گوت، ئەگەر دەوڵەت بە ڕیکوپێکی مووچەی مانگانەی لەشکرەکەی بدات، ئەوا بە هاسانی دەتوانێ هێزی چەکدار لە بەرامبەر مەلاکاندا بەکار بهێنێ و سەرکوتیان بکات، دانی مووچە باری بژێوی و گوزەرانی سوپا باشتر دەکا و بێگومان دەسکەوتی باشی بۆ حکوومەت دەبێت. دەسەلاتی شا و حکوومەت لە مەترسیدایە! سەرۆکوەزیران دانی بەوەدا نا کە لەو رووەوە کەموکورتی زۆرن و، گوتیشی: "لە تاران هێزێکی 7000 کەسی نێونووس کراون، بەڵام لە کاتی پێویستدا تەنیا 2000 سەربازی ئامادەمان هەیە. زۆربەیان ئامادە نین شەڕ بکەن. ئەفسەر و فەرماندەکان نیوەی مووچەی مانگانەی سەربازەکان بۆ خۆیان هەڵدەگرن... لە کۆتاییدا ئەمین سوڵتان بەڵینی داپێم، پەژارە و دڵەراوکێی ئێمە (لاسلس) سەبارەت بە داهاتووی حکوومەت، بە ئاگاداریی بەڕێز ناسردینشا بگەیەنێت!.

پاش هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەی تووتن، بۆ ماوەی دەساڵ ئاژاوە و پشێویی نەما. ناڕەزایەتیی کۆمەلانی خەڵک بە تایبەتیی چینی جۆتکار و هەژاری وڵات لە دژی رێککەوتننامەی تووتن، دەرفەتێکی لەباری بۆ چینی ئاینیی رەخساند کە هاودەنگی لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵک بکەن، سوود وەرگرن لە

هەست و باوەڕی ئاینیی خەڵک، بە دەسنیشانکردنی درۆشم و پرۆپاگەندەی ئاینی و نەتەوەیی بە ناوی دەستێوەردانی دەوڵەتەکانی بێدین و کۆلۆنیالیستی بێگانە و، وابەستەبوونی حکوومەتی قاجارِ توانییان سەرۆکایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە حکوومەت بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و، لەپێناو بەرژەوەندیی چینایەتی و پتەوکردنی جێپێی خۆیان لەنێو حکوومەت و کۆمەڵگەدا بەکاری بێنن. لەوە بە دواوە بەهۆی تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەت لەلایەن مەلاکانەوە، چینی ئاینیی بوو بە سەرچاوەی هیوا و ئاواتی ملیۆنان خەڵکی روشوڕووتی وڵات بۆ گەیشتن بە ئازادی و ژیان و گوزەرانێکی باشتر.

بە فەرمانی ناسردینشا شەش وەزارەتخانە دامەزران کە راستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتیی شا خۆیدا بوون. یەکێک لەم وەزارەتانە نێوی لێنرا وەزارەتی اوقاف ئەوجا لە نیوەی بووجەی ئێران، دوو ملیۆن لیرەی بۆ مەلاکان و 300 هەزار لیرەی بۆ سەرتاسەری وڵات، 720 هەزار لیرەشی بۆ سوپا تەرخانکرد. نیوەکەی دیکەی بووجە و داهاتی وڵات، شا هەڵیدەگرت بۆخۆی.

کاروباری ئابووریی مەلاکان گەشەی سەند. 1200 مەلا و فەقێی دەنگخۆش بۆ خوێندنەوەی بەسەرهاتی ئیمامانی شیعە لە مزگەوتەکان دامەزرێندران. بە فەرمانی ناسرهدینشا، لە مانگی رەمەزاندا هەموو فەرمانبەرەکانی حکوومەت پشوویان بۆ بڕایەوە، بۆ ئەوەی لەو مانگەدا لە نوێژ و رۆژوو دوانەکەون و،

له مزگەوتەکاندا بەشداری لە پەرستکاری و ڕێوڕەسمی ئاینیدا بکەن. شا فەرمانیدا نگارکێشی بە نێوبانگ میرزا عەبدول حەسەنخان، تابلۆیەکی گەورە لە زێڕ و زیو، لە ئیمامی عەلی بکێشێت. پاش تەواوکردنی تابلۆکە هەموو وەزیرەکان و ئایەتۆڵلاکان و ناودارانی وڵات بانگێشتی کۆشکی شا کران و، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا، تابلۆکە گوێزرایەوە بۆ نێوکۆشکی شا و، لەوێ دانرا. بۆنەی مانگی محرم و ڕۆژانی عاشورا تاسووعا بەرفرەتر لە سەردەمی سەفەویی لەنێو گەڕەک و مزگەوتەکاندا دەسپێکرانەوە.

ناسردینشا، سەرەنجام لە ساڵی 1896ی زاینیی، لەلایەن کەسێکەوە بە نێوی میرزا ڕەزای کرمانی تێرۆرکرا، دەسەلات و تانج و تەختی پاشایەتیی، بە کۆمەڵێک کێشەی نێوخۆیی و دەرەکییەوە بۆ مظفرالدین شا ی کوڕی بە جێهێشت.

## پاشایەتیی موزەفەردینشا،
## سەرهەڵدانی "انقلاب مشروطه" (شۆرشی نوێخوازیی)!
## رۆڵی چینی ئاینی لە شۆرشی مەزنی مەشرووتە!

مزەفەردینشا پێنجەمین پاشای قاجاڕ لە دوای کوژرانی باوکی و لە پاش دەیانساڵ چاوەروانیی وەک یەکەم میراتگری باوکی، لە تەورێزەوە هاتە تاران و تانجی پاشایەتیی کردە سەری. لە سەردەمی ناسردینشا و کوڕەکەی (مزەفەرفەردینشا)، جگە لە دەولەتەکانی رووسیا و ئینگلیز، هەروەها دەولەتی فەرەنساش، توانی خۆی لە حکوومەتی ئیران نێزیک بکاتەوە و ئەویش لە سووچیکەوە لەو خوان و سفرە رەنگینە بێخاوەنەی ئیران بەشی بەرکەوێ. بۆ نموونە لە ساڵی 1883ی زاینەوە، ناسردینشا لە ڕێگەی باڵوێژی فەرەنسا لە تاران رازیبوو ئیمتیازی دۆزینەوە و دەرهێنانی ئاسەواری مێژوویی شووش بدات بە بازرگانێکی خەڵکی فەرەنسا بە نێوی مارسل ئەگۆست دیۆلا فۆوا. نێوچەی شووش لە باشووری رۆژهەڵاتی ئیران هەڵکەوتووە و مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریی ئیلامی یەکان. ئەم بازرگانە فەرەنسەییە لە گەڵ ژنەکەی و چەندین کۆنینەناسی ولاتەکەی بۆ ماوەی دووساڵ دەسیانکرد بە هەڵکۆڵین و پشکنینی شوێنەکە و توانییان کەل و پەلێکی زۆر بە نرخی تێدا بدۆزنەوە. کاتێک دەولەتی فەرەنسا بە گرنگیی شوێنەکەیزانی دوای مردنی ناسردینشا رێککەوتنێکی تازەی بۆ ماوەی نادیار لەگەڵ مزەفەردینشا مۆرکرد. دەستەیەکی تازە لە فەرەنساوە بە

سەرۆکایەتیی کێنت دەمۆرگان، چوون بۆ شووش و لە ساڵی 1899 تاکو ساڵی 1902ی ز توانییان سەرجەم پێنجهەزار (5000) دانە ئاسەواری مێژویی بەنرخ، لە 180 سنووق بار بکەن و بیانگوێزنەوە بۆ مۆزەی لۆور لە فەرەنسا.

مزەفەردینشا بۆ دابینکردنی بووجەی سەفەرەکانی بەرەو ئۆروپا و مووچەی سوپا و داوودەزگەی حکوومەت وەک باوکی هەموو جارێک ناچار دەبوو پووڵ لە ئینگلیز و رووسیا قەرز بکات. ئەو دوو وڵاتەش سوودی زۆریان دەخستە سەر قەرزەکەیان، شا کە نەیدەتوانی قەرزەکانیان بداتەوە ناچار بوو ملبدا بۆ بەستنی رێککەوتننامەی پڕخێروبێرتر لە گەڵیان. بۆ نموونە لەساڵی 1898 دا هەندازیارێکی رووسی بە ناوی نیکۆلای کۆرمانۆڤ، رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ شادا مۆرکرد و بۆ ماوەی (70) ساڵ، هەڵێنجانی کانزاکانی هەموو ئازەربایجان کەوتەدەستی. بریتانیاش توانی رێککەوتننامەی دارسی لە گەڵ حکوومەتی قاجاڕدا مۆر بکا و، هەڵێنجانی نەوتی ئیران بۆ ماوەی (60) ساڵ درا بە کۆمپانیا ئینگلیزییەکە. ئەم دیاردەی بە هەرزان و تاڵانفرۆشییەی سامان و بەروبووی ئێران لە نێوان حکوومەتی قاجاڕ و کۆمپانیاکانی بێگانە، هەموو سەرچاوەکانی دیکەی ئابووریی وڵات، وەکو گومریک و راوەماسیی لە ئاوی زەریای مازندەران و تووتن و کشتوکاڵیشی گرتبووەوە. کۆی ئەو قەرزانەی کە مزەفەردینشا و باوکی، تاساڵی 1904 لە وڵاتانی ئینگلیز و رووسیایان وەرگرتبوو، گەیشتبووە 4188281 لیرە.

له سەردەمی مزەفەردینشادا، بیروباوەڕی ئاینی و بۆنەی مانگەکانی (محرم و صفر)، زیاتر پەرەیانسەند. هەر گەڕەکێک، لە ڕێپێوانی مانگی محرم، بە هەڵبەست و دەنگبێژ و شەیپوور و باڵەبانی خۆیەوە بەشداریدەکرد. هەر گەڕەکێکیش کۆمەڵێک پالەوان و چەقۆکێش و شەقاوە و شەڕفرۆش و سەرۆک پاڵەوانی تایبەت بەخۆی هەبوو کە راستەوخۆ فەرمان و ڕێنوێنییان لە مەلا و پێشنوێژی گەڕەکی خۆیان وەردەگرت. کاربەدەستان و گەورەکانی وڵات لە ماڵان کۆ دەبوونەوە، خەڵک و مەلاکانیش لە مزگەوتەکان. هەر گەڕەکێک ئالایەکی بۆخۆی هەڵبژارد بوو. لە کاتی ڕێپێوان و شینگێڕانی ئیمام حسێندا، هێندێک جار شەڕ و لێکدان روویدەدا. چۆنکە دەستەی هەر گەڕەکێک دەیویست پێشانیدا، لە دەستەودایرەی گەڕەکەکانی دیکە ئازاتر و گەورەتر و ڕێکوپێکترە. مەلاکانیش لە مزگەوتەکاندا هەرچییەک خووخدە و رەوشتی چاکە، دەیاندایە پاڵ ئیمامی عەلی و کوڕەکانی و بنەماڵەکەی و، هەرچی رەوشت و کرداری خراپیشە لە دنیادا هەیە، دەیاندایە پاڵ ئیمامی ئەبووبەکر و عومەر و عوسمانەوە و، وەک وەشانی تۆوی دەغڵ و دان، رق و بێزارییان بەرامبەر پێڕەوانی سوننە، لەنێو دڵ و مێشکی پێرەوانی ئاینزای شیعەدا دەچاند. شانۆگەریی سەرشەقام برەوی پەیداکرد و، لە هەموو شارەکاندا، بە ڕازاندنەوەی گۆڕەپانی شەری نابەرامبەری ئیمام حسێن، رووداوی عاشوورا و تاسووعایان پێشانی خەڵک دەدا. بەرە بەرە زنجیرلێدان و قەمەوەشاندن لە پشت و تەوقیسەر،

بوو به باو و، هەر گەڕەکێک، دەستەیەکی تایبەتی هەڵدەبژارد کە زنجیر و قەمەیان لەخۆ دەدا. مەلایەک کە نێوی "ئاخوند ئاغای دەربەندی" بوو، لە نەجەفەوە گەڕایەوە ئێران و، پەرتۆکی روضەخوانی (خوێندنەوەی هۆنراوە و پەخشانی ئاینیی بەدەنگی بەرز) ی لەگەڵ خۆی هێنا و بە هەموو ئێراندا بڵاوکرایەوە. ئەم مەلایە لەو پەرتۆکەیدا نووسیبووی: رۆژی عاشوورا وەکو رۆژەکانی دیکە نەبوو کە 24 کاتژمێرە، بەڵکو 72 کاتژمێر بوو. سالانی سال مەلاکان لە مانگی محرم دا ئەم وتەی مەلا ئاغای دەربەندییان دووپات دەکردەوە و، خەڵکیش بەهۆی باوەڕیان بە پیرۆزی و گەورەیی کارەساتی عاشوورا، بە وتەیەکی راست و ئاسایی وەریان دەگرت.

تەرخانکردنی بەشێکی زۆر لە بووجەی وڵات لەلایەن حکوومەتەوە بۆ چینی ئاینی و، بڕینەوەی مووچەی مانگانە بۆیان، بۆ ماوەی چەند ساڵێک مەلاکانی بێدەنگ کرد، بەڵام گرانی و هەژاری و برسێتیی خەڵکی هەژار رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر پەرەیدەسەند. دەوڵەتەکانی رووسیا و ئینگلیز بە مۆرکردنی گەلێک رێککەوتننامەی نوێ، داهات و سامانی ئێرانیان بە ئاشکرا تالان دەکرد. لە ماوەی پێنج ساڵدا پتر لە نیوملوێن ئێرانی بە ناچاری وڵاتیان بەجێهێشت و بۆ پەیداکردنی کار بەرەو وڵاتانی رووسیا و عوسمانی کۆچیان کرد. تێکەڵاوبوونی ئەم هەزاران کرێکارە لە رووسیا لەگەڵ کرێکارانی رووسی و نەتەوەکانی دیکە و ئاشنابوونیان بە بیری سۆسیالدیمۆکراتی

رووسیا لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە کاریکردە سەر بڵاوبوونەوەی هۆشیاری سیاسی و رۆشنبیریی لە نێو کرێکارانی ئێرانیدا. هەروەها توێژێکی رۆشنبیری دیکە لە دەرەوەی ئێران پێگەیشتن کە سەر بە چینی دەسەلاتدار و دەسترۆیشتووەکانی ئێران بوون و، بۆ کاری بازرگانی و سەیران، یان کوڕەکانیان بۆ خوێندن دەنارد بۆ فەرەنسا و ئینگلیز و ئاڵمان و هۆلاند و بەلجیکا و وڵاتانی دیکەی ئۆروپا. هەروەها توێژێکی خوێندەوار و رۆشنبیری دیکە لە نێوخۆی ئێران بەتایبەتیی لە تاران بە بیری سیاسی و ئازادی و دێمۆکراسیی هاوچەرخ ئاشنابوون. قوتابخانەی انجمن معارف لە تاران دامەزرا، نووسینەکانی رەخنەگرانەی میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە و ئاقاخانی کرمانی و پەرتۆکی سیاحت نامە ابراهیم بەیگ لەلایەن زەینەلعابدینی مەراغەیی و رۆژنامەی اختر لە ئەستەمۆڵ و قانون لە لەندەن و، سورەیا لە قاهیرە لە هۆشیارکردنی چینی خوێندەواردا رۆڵی بەرچاویان دەگێڕا. رۆشنبیران و خوێندەوارانی نێوخۆی وڵات، بە لاساییکردنەوە لە شێوازی خەباتی سیاسی و رۆشنبیریی شۆرشگێڕانی شۆرشی فەرەنسا، رۆژنامەیان دەنووسی و شەوان دەیانخستە نێو ماڵانەوە. لە کاتی مێوانی یان بە دانانی کۆڕ و کۆمەڵی نهێنیی، وتاری سیاسییان بۆ خەڵک دەخوێندەوە. لە نێو گەڕەک و شەقام و گۆڕەیانی شارەکاندا سەبارەت بە بارودۆخی وڵات و وابەستەیی رژێمی قاجار بە وڵاتانی زلهێزەوە قسەیان بۆ خەڵک دەکرد. تێکشکانی سوپای رووسیا لە بەرامبەر

سوپای ژاپۆن لەساڵی 1904– 1905 و سەرهەڵدانی راپەڕینی چینەکانی بندەستی رووسیا لە دژی دیکتاتۆریی نیکۆلای دووەم و حکوومەتەکەی، نێوبانگ و ترس و سامی رووسیای لە نێو خەڵکی ئیراندا شکاند و ئەو هومێد و گەشبینییەی دا بە خەڵک، کە لە ولاتی خۆیاندا دەتوانن لە دژی دەسەڵات و سوپای بێگانە راپەڕن.

لە ڕاستیدا هەر لەسەرەتای ساڵی 1900ی زاینەوە، بزاڤی جەماوەریی لە شارە گەورەکان بە تایبەتی لە تاران سەریانهەڵدا، کە رۆشنبیران رۆڵی گەورەیان لە ریکخستن و خستنەڕووی درۆشم و داخوازییەکانی خەڵکدا دەگێڕا. کاتێک چینی ئاینیی ئاگاداری سەرلەنوێ شەپۆلی نارەزایەتیی خەڵک بوون هەوڵیاندا ئەمجارەش سەرپەرشتی نارەزایەتیی خەڵک بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.

بەشی هەناردە و هاوردەکردنی بەروبووی وڵات و کاروباری گومرکی ئێران لەلایەن شاوە درابوو بە وڵاتی بلژیک و پیاوێکی بلژیکی کە ناوی (مسیۆ نووز) بوو، کرابوو بە سەرۆکی گومرکی ئێران. نیزامولسەڵتەنە سەرۆکوەزیرانی ئێران و مەلاکان دژی ئەم رێککەوتنەی نێوان شا و بەلژیک بوون، چۆنکە دەیانویست داهاتی گومرک بۆ خۆیان بێت. ئەوە بوو مەلاکان بەرە بەرە لە مزگەوتەکاندا دەسیانکرد بە دژایەتیکردن لە گەڵ مسیۆ نووز و گوتیان: رێککەوتننامەی گومرک لە دژی بەرژەوەندیی خەڵکی

ئێرانە. ئەم ناڕەزایەتی دەربڕینە لە وەرزی بەهاری ساڵی 1903 زیاتر پەرەی سەند.

لە یەکێک لە شەوەکانی مانگی محەرەمی ساڵی 1903دا، مەلایەک کە ناوی ئایەتوڵڵا سەید عەبدوڵڵا بێهبەهانی بوو، لە مزگەوتێکی تاران قسەی کرد و گوتی: تێکڕای زانایان و مەلاکان کە لێرەن، جەختدەکەن کە من فەرمانی کوشتنی ئەم بێژییە (حەرامزادەیە) دەربکەم. ئەم مەلعوونە (مسیۆ نووز) سووکایەتیی بە پێغەمبەری ئیسلام کردووە. پێویست ناکات من فەرمانی کوشتنی بدەم، بەڵکو ئەمە ئەرکی هەموو موسڵمانانە لە بەرامبەر سووکایەتیی بە پێغەمبەری گەورەیان بێدەنگ نەبن". ساڵێک دواتر، (1904) بازرگانەکانی تاران لە کۆبوونەوەیەکدا لە گەڵ سەعدولدەولە وەزیری حکوومەت و مسیۆ نووز ناڕەزایەتیی خۆیان بەرامبەر ڕێککەوتنی گومرک دەربڕی، لە وەرامیاندا مسیۆ نووز سووکایەتیپێکردن، ئەوانیش، مەلاکان و بازرگانەکانی تارانیان لە هەڵوێستی مسیو نووز ئاگادار کرد. لەوەوە بازاڕی تاران داخرا و خەڵکیش بۆ بیستنی فەرمان و فتوای مەلاکانroویان لە مزگەوتەکان کرد. لەم کاتەدا مزەفەردینشا کە بە سەردان چووبوو بۆ ئۆروپا، پاش چوارمانگ لە سەفەر گەڕایەوە و، بە سەر ئەم ڕووداوەدا کەوت.

کێشەی مسیۆ نووز و مووچەخۆرەکانی بلژیک لە کومرک تەواو نەبوو مەلاکان کێشەیەکیتریان لە بەرامبەر حکوومەتدا قوتکردەوە، ئەویش بانکی رووسیا لە تاران، قوتابخانەیەکی

وێران و گۆڕستانێکی کۆنی کڕیبوو کە لە پشتی بازاڕی کەوشدرووەکانەوە بوو. نوێنەری **بانکی رووسیا** پێش کڕینی ئەم دوو شوێنە دەچێتە لای **ئایەتۆڵڵا سەید تەباتەبایی** کە ئیزنی لێوەربگرێ، بەڵام **تەباتەبایی** قبوڵی ناکات. نوێنەری بانک دەچێتە لای ئایەتۆڵڵایەکی دیکە بەنێوی **شێخ فەزلۆڵڵا نووری، حەوسەتوپەنجا** تمەنی دەداتێ و رازیدەکات. **شێخ فەزلۆڵڵا قەباڵەیەک دەنووسێ و نێو و مۆری خۆی لەسەری دەنەخشێنێ و، دەیدات بە کابرای رووس.** بانکی رووسیا چەندین خانووی دیکەش لە دەوروبەری گۆڕستان و قوتابخانەکە دەکڕێ و، هەمووی وێراندەکا و دەسدەکات بە سازکردنی بینای بانک و باڵەخانە. **ئایەتۆڵڵا تەباتەبایی** و ژمارەیەک لە مەلاکان دەچنە لای وەزیری نێوخۆ، نارەزایەتیی خۆیان لەمەڕ وێرانکردنی گۆڕستانی موسڵمانان لەلایەن رووسیاوە دەردەبڕن. وەزیری نێوخۆ پاش لێکۆڵینەوە قەواڵە و مۆر و واژۆی **شێخ فەزلۆڵڵایان** پیشاندەدات. لە کۆتایی وەرزی پاییزی ساڵی 1905 ی زاین، مەلاکان خەڵکیکی زۆر لە گەڕەک و مزگەوتی پشت بازاڕ کۆ دەکەنەوە، مەلایەک ناوی **حاجی سەید محەممەد** دەبێ، قسە بۆ خەڵک دەکا و دەڵێ: **ئەی موسڵمانان، مردووەکانی ئێوە گۆڕبەگۆڕ دەکرێن، وەرن با هەموو پێکەوە بۆ دواجار بچینە سەر گۆڕەکانیان و دوا فاتیحایان بۆ داخەین!**

خەڵکەکە روو لە گۆڕستان دەکەن. زیاتر لە دووسەت کرێکار لە گۆڕستانەکەدا سەرقاڵی کارکردن دەبن، لە گەڵ بینینی

لێشاوی خەڵک رادەکەن. خەڵکەکە دارودیواری تازەسازکراو دەڕووخێنن و بە درۆشمدان شوێنەکە جێدێڵن. دەوڵەتی رووسیا داوای قەرەبووی بیست هەزار تمەن زیان دەکا، مزەفەردینشاش دەستبەجێ بیستهەزار تمەنەکەیان دەداتێ و دەمی رووسیا دەبەستێت، هاوکات داوا لە کاربەدەستانی حکوومەتەکەشی دەکات قەرەی مەلاکان مەکەون، مەیانئالۆزێنن. لەم سەروبەندەدا پشێویی شاری **کرمان** دەگرێتەوە و، چەند مەلایەک بۆ دەرهێنانی مزگەوتەکانی شار لە دەستی **شێخەکانی بنەماڵەی کەریمخانی زەند**، کۆمەڵێک خەڵک لە دژی **کریمخانیان** هاندەدەن و، لەوەوە دەبێتە شەڕولێکدانی قورس و خوێناویی، دەیان کەس لە لایەنگرانی هەردوولا دەکوژرێن و بریندار دەکرێن. لە تارانیش بە فەرمانی **عەینولدەولەی** سەرۆکوەزیران سووکایەتی بە بازاڕییەکان دەکەن و، کەسایەتییەکی نێوبازاڕ بە نێوی **حاجی سەید هاشم** لە گەڵ کوڕەکانی لە پێش چاوی خەڵک فەلاقە دەکرێن، گوایە نرخی قەند و شتوومەکیان بەگران فرۆشتووە، بەڵام ئەم لێدان و فەلاقەکردنە لەڕاستیدا بۆ ترساندنی بازاڕییەکان بوو کە شوێن فتوا و بڕیاری مەلاکان نەکەون. رووداوەکە بە زیان بۆ دەولەت شکایەوە و، بازاڕی تاران ئەم سووکایەتیکردنەی پێ قبوڵ نەکرا و رۆژێک دواتر بازار بە تەواوەتیی داخرا و لە **"مزگەوتی شا"** مانیان گرت. ژمارەیەک لە ئایەتۆڵلاکان و، مەلاناسراوەکان و خەڵکێکی زۆر بۆ پێشاندانی پشتیوانییان لە بازرگانەکان لە مزگەوتی شا کۆ بوونەوە.

حکوومەت بە یارمەتیی پێشنوێژی مزگەوتی شا و شێخ فەزلوڵڵا نووری و ژمارەیەک لە مەلاکانی لایەنگریان پیلانێکیان لە دژی مانگرتووەکانی مزگەوتی شا گێڕا، ئێوارەی ڕۆژی 21ی مانگی سەرماوەز سەدان گۆپاڵبەدەست و قەزاق هێرشیان کردە سەریان و دەسیانکرد بە لێدان و دارکاریکردن و بریندارکردنی خەڵک بۆ ئەوەی کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بهێنن. بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی مەلاکان بڕیاریاندا شوێنی مانگرتنەکەیان بگوێزنەوە بۆ مەزاری "حەزرەتی شاعەبدولعەزیم" لەنێزیکی تاران. (بە باوەڕی پێڕەوانی شیعە، شاعەبدولعەزیم برای ئیمام ڕەزایە کە مەزارەکەی لە شاری مەشهەد لە خۆراساندایە) ژمارەیەک لە ئایەتوڵڵاکان و، کەسایەتییە ناسراوەکانی ئاینیی لەوانە سەید عەبدوڵڵا بێبەهانی، سەید محەممەد تەباتەبایی، حاجی شێخ میرزا، سەدرعولەما، سەید جەمالەدین ئەفجەیی، میرزامستەفا، شێخ محەممەد کاشانی، سەیدمحەممەدرەزا قۆمی، لە گەڵ ژن و منداڵەکانیان بەرەو مەزاری شاعەبدولعەزیم کەوتنەڕێ و دوو هەزارنەفەر لە خەڵکی ئاسای و فەقێ و لایەنگرانیان لە گەڵیان چوون. لە تارانیش دوکاندار و بازرگانەکان بەردەوامبوون لە داخستنی بازاڕ و، نەکردنەوەی دوکانەکانیان.

سەرۆکوەزیران عەینولدەولە بە پاسەوانەکانی فەرمانیدا هەر دووکاندارێک دوکانەکەی نەکردەوە، دەرکی دوکانی بشکێنن و کەلووپەلی نێو دووکانەکەشی تاڵان بکەن! پاسەوانەکان بە زۆر دووکانیان بە خاوەکانی کردەوە. عەینولدەولە هەروەها داهاتی

چەندین مزگەوت و قوتابخانەی ئاینیی بڕیی کە پێشتر بە نێوی ئایەتۆڵڵا مانگرتووەکانەوە بوو، داهاتەکەی کرد بە ناوی ئیمام جومعەی تاران و، ئایەتۆڵڵا شێخ فەزلۆڵڵا نوورییەوە. پاشان کچی مزەفەردینشای لە ئیمام جومعەی تاران مارە کرد .

سەرۆکوەزیران بە شێوازی جۆراوجۆرە تێدەکۆشی کۆتایی بە مانگرتنی مەلاکان بهێنێت بەڵام لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبوو، سەرەنجام داوای لە حاجی میرزا نەسرۆڵڵا (ملک المتکلیمن1) کرد یارمەتیبدا بۆ ئەوەی بتوانێت کێشەکە چارەسەر بکات. حاجی میرزا نەسرۆڵڵاش کەسایەتییەکی ئاینی و کۆمەلایەتیی بە ناوی حاجی میرزا دەوڵەتئابادی نارد بۆ لای شەمسەدین بەگ باڵوێژی عوسمانی لە تاران کە داوای لێبکات، ببێت بە کۆتری ئاشتی لە نێوان حکوومەت و مەلاکاندا. باڵوێژی تورک لە وەرامی حاجی میرزادا دەڵێ: ئەگەر داخوازیی مەلاکان بەجێ بن ئامادەیە نێوبژیی بکات، بەڵام ئەگەر داخوازییەکانیان پێوەندیی بەخۆیانەوە بێت، دەبێ لێی ببوورن. حاجی میرزا یەحیاش، باڵوێژی تورک دڵنیا دەکات، داخوازیی مەلاکان شیاو و بەجێن و، پێوەندییان بە پرس و گیروگرفتەکانی وڵاتەوە هەیە و لە دیداری داهاتووماندا، بەڕێزتان لە نێوەڕۆکی داخوازییەکانی مەلاکان ئاگادار دەکەم!

حاجی میرزا یەحیا، پاش تەواوبوونی قسەکانی لە گەڵ باڵوێژی تورک، دێتە دەرەوە و چەند کەسێک دەنێرێت بۆ شاعەبدولعەزیم و، داوا لە ئایەتۆڵڵاکان دەکات ریزی بۆچوون و

پێشنیازەکانی خۆیان سەبارەت بە هۆی مانگرتنەکەیان بنووسن، بۆ ئەوەی باڵوێژی عوسمانی لەتاران بیانبینێ!

مەلا گەورەکان بۆچوون و پێشنیازەکانیان لە (7) خاڵدا دەنووسن و، دەینێرن بۆ حاجی میرزا یەحیا دەوڵەتئابادی کە بیدات بە شەمسەدین بەگی باڵوێژ. ریزی داخوازیی مەلاکان بەمجۆرە دەبێ:

1- لابردنی عەلائۆلدەولە داروغەی تاران.

2- لابردنی مسیۆ نووز لە سەرۆکایەتیی کومرکی ئێران.

3- پاش گەڕانەوەی مانگرتووەکان بۆ تاران کێشەیان بۆ ساز نەکرێت.

4- داهات و بەڕێوەبردنی قوتابخانەی ئاینیی "خان مروی" بگێڕدرێتەوە بۆ کوڕەکانی حاجی میرزا حەسەنی ئاشتیانی.

5- سەربازی درۆشکەوانی رێگەی قۆم—تاران سزا بدرێ لە بەر سووکایەتیکردنی بە چەند کەسایەتییەکی ئاینیی.

6- رێز لە حاجی مەلا محەممەد رەزا بگیرێ کە لە شاری کرمان، لەلایەن حاکمی شارەوە سووکایەتیی پێکرابوو.

7- لابردنی نرخی پوول (تەمر) ی دەوڵەتی لە مووچەی مانگانەی مەلاکان.

حاجی میرزا یەحیا دەوڵەتئابادی رووداوەکانی ئەو سەردەمەی لە پەرتۆکێکدا کۆکردووەتەوە و ناوی بیرەوەریی یەحیای لەسەر داناوە، دەڵێ: خوێندنەوەی داخوازیی مەلاکان، مرۆڤ سەرسام دەکات. لەلایەک بیر لە رادەی کورتبینییان دەکەمەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، لەوە بیر دەکەمەوە چۆن ئەو داخوازییانە بۆ باڵوێژی عوسمانی بخوێنمەوە کە پێشتر گوتوومە پێی، داخوازیی ئایەتوڵلاکان و زانایانی ئاینی کە بۆ جێبەجێکردنی

مانیانگرتووە، پێوەندییان بە کێشە و ئاستەنگەکانی وڵات و کۆمەڵگەوە هەیە!؟ بۆ ئەوەی حەیای خۆشم لە لای باڵوێزی ترک نەچێ، ناچارمام هێندێک گۆڕان لە داخوازیی مەلاکاندا بکەم ئەوجا پێشانی باڵوێژی بدەم. بۆ نموونە لە زمانی ئەوانەوە نووسیم: لە دامەزرانی حکوومەتی قاجارەوە کە سەت و چەند ساڵێک تێدەپەڕێ، چەندین سەرۆکوەزیران و وەزیرمان هەبوون و ئیستاش هەن، کە پێش دامەزرانیان سامانێکی کەمیان هەبوو، یان هیچیان نەبوو، بەڵام پاش ماوەیەک بوونەتە خاوەنی سامانی زۆر! دەبی بپرسین ئەگەر لە داهات و سامانی خەڵکی هەژار دەولەمەند نەبوون، ئەو سامانە زۆرەیان لە کوێوە هێناوە؟!. دەقی چاککراوی داخوازییەکانم برد بۆ باڵوێژی ترک، ئەویش پاش خوێندنەوەی نامەیەکی کورتی نووسی و لەگەڵ ریزی داخوازیی مەلاکاندا، بە تەتەری تایبەتی باڵوێژخانە ناردی بۆ مزەفەردینشا. تەتەری باڵوێژی عوسمانلی ناوی شەمسەدین بەگی ترک بوو، گەیشتە خزمەتی شا و بە ئامادە بوونی سەرۆکوەزیران و ژمارەیەک لە کاربەدەست و وەزیران، نامەی باڵوێژی عوسمانی خوێندرایەوە. مزەفەردینشا گوتی: ئەمڕۆ ئاگاداری کێشە و داخوازیی مەلاکان بوو. پاشان فەرمانی بە سەرۆکوەزیران کرد، نامەیەک بۆ باڵوێژی عوسمانی بنووسێ و دڵنیای کات داخوازیی بەڕێزانی مانگرتوو پەسندکراوە و، بەڕێزەوە دەهێنرێنەوە بۆ تاران.

لەم سەروبەندەدا دارۆغەی تاران (عەلائۆلدەولە) لەنێو بازاڕدا بازرگانێکی فەلاقە کرد، بازاڕی تاران داخرایەوە و دۆخی شار دیسان ئاڵۆز بوو. سەرۆکوەزیران پەیامی شای نارد بۆ مەلاکانی مانگرتوو بەڵام مەلاکان باوەڕیاننەکرد و گوتیان با شا نامەیەکی فەرمی لە بارەی گەڕانەوەیان بۆ تاران و جێبەجێ بوونی داخوازییان بنووسێت! سەرۆکوەزیران لەو بارەوە شای ئاگادار کرد ئەویش نووسی بۆیان، هەموو داخوازییەکانتان پەسندکراوە. پاشان نامەیەکیشی نارد بۆ وەزارەتی داد (عدالتخانە) و تییدا نووسی:

"بەڕێز ئەشرەف ئەتابەکی مەزن، هەروەک بەردەوام ئێوەمان لە مەبەستەکانی خۆمان ئاگادار فەرمووە، دامەزرانی مجلس (پەرلەمان) و ئامادە کردنی یاسایەک بە پێی دەستوور و ڕێسای ئاینیی کە بگونجێت لەگەڵ ئاسایش و دابینکردنی ژیانی خەڵک لە هەموو کار و ئەرکیکی دیکەی ئێستامان پێویستیی زیاتری هەیە. بەم پێیە بە ڕاشکاوییەوە پێتانیڕادەگەیەنم بۆ ئەم مەبەستە، یاسایەک بەپێی دەستووری پیرۆزی ئیسلامیی دابڕێژن کە بریتی بێت لە دیاریکردنی چوارچێوە و دەستوورەکانی پاکی ئیسلامی پیرۆز. ئەم یاسایە پێویستە لە هەموو وڵاتان و سنوورەکانی ژێر دەسەلاتی ئێران، بە شێوەیەک بخرێتە کار کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان چینەکانی خەڵک دانەنێت. لە بەڕێوەبردنی دادگەری و سیاسەتدا بەو شێوەیەی لە "نظامنامە" (قانون) دا ئاماژەی پێدەکەین، جیاوازی و هەڵاواردن لەنێو

کۆمەڵدا بە تەواوەتیی نەمێنێ. بۆ ئەمەش پێویستە لە نێو یاسادا نێوەرۆکی ئەم بابەتە بە تەواوەتیی شیبکرێتەوە و پاش ئامادەکردنی بۆ هەموو هەرێمەکان و شارەکانی بنێرن. لە سەر بناخەیەکی راست و درووست ئامادەکاریی بۆ دامەزرانی پەرلەمان بکرێت. ئەم چەشنە لە داخوازیی زانایانی ئاینیی کە بە ئاگاداریی ئێمەیان گەیاندووە لە لایەن ئێمەوە پەسندکراوە و، پەسند دەکرێت. دانیشتووانی سەرجەم هەرێمەکان لە دقی ئەم نووسراوەی ئێمە ئاگادار بکەن 18/10/1284ی هەتاوی (8/1/1906 ).

مانگێک دواتر لە ڕۆژی 22ی بەفرانباری 1284ی هەتاوی ژمارەیەک لە کاربەدەستانی حکوومەت و پیاوماقووڵانی تاران بە درۆشکەی تایبەتی کۆشک چوون بۆ مەزارگەی **شاعەبدولعەزیم** و نامەکەی شایان برد بۆ ئایەتوڵلاکان و بۆ ئەو خەڵکەی کە لەوێ مانیانگرتبوو. هەر ئەو رۆژە پێشنیوەڕۆ گەیشتنە لایان و حاجی شێخ محەممەد واعزی پێشنوێژ چووە سەر مینبەر و دەقی نامەکەی مزەفەردینشای خوێندەوە. لە گەڵ بیستنی نێوەرۆکی نامەکە، بە جارێ بوو بە سەڵاوەتلێدان و چەپڵەڕێزان و بە وتەی نازمولئیسلامی کرمانی پەرتۆکی مێژووی هۆشیاریی ئیرانی نووسیوە، دەڵێ: **لەو رۆژەدا و لە نێو مەزاری شاعەبدولعەزیم بۆ یەکەم جار درۆشمی زندەباد ملت ایران کەوتە سەر زاری خەڵکەوە.** ئێوارەی ئەو رۆژە شاری تاران بۆ پێشوازیی لە مەلاکان بە چرا و مافوور و قوماشی رەنگاورەنگ رازایەوە،

هەزاران کەس روویانکردە شوێنی حەسانەوەی ئایەتۆڵڵا بێبەهانی و ئایەتۆڵڵا تەتاتەبایی. پاش چەند رۆژێک بەسەر ئەم رووداوەدا، چەند کۆبوونەوەیەک لە نێوان شا و هەردوو ئایەتۆڵڵادا ئەنجامدران و بە وتەی نازمولئیسلامی کرمانی، نێوەرۆکی قسە و باسەکانیان، لە کەسانی دەوروبەریان و لە جەماوەری خەڵک شاردەوە کەس نەیزانی چییان باسکردووە و، گەیشتوونەتە چ ئەنجامێک؟

هاوکات لەگەڵ هەوڵی مەلاکان بۆ بە چەسپاندنی پێگەی سیاسی و سازان لەگەڵ رژێمی قاجار، هەروەها چینی تازەپێگەیشتووی رۆشنبیر و خوێندەواری وڵات، خاوەنی بەرنامە و ئامانج و ستراتیژێکی رۆن و پێشکەوتوو بوون، خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت بوون. خوازیاری دیمۆکراسی و دامەزراندنی پەرلەمانێکی هەڵبژاردەی خەڵک بوون. مانگی رەشەممەی 1284ی هەتاوی (1905ی زاین)، دەستەیەک لە رۆشنبیرانی ئێرانی، ئامانجی خۆیان لە سیپارەیەکدا بڵاوکردەوە و تێیدا نووسیبوویان: "تێدەکۆشین لە پێناو گەیشتن بە ئەنجامدانی ریفۆرم و چاکسازیی لە یاسای حکوومەت و، چەسپاندنی ئازادیی بیروڕا و راگەیاندن. بۆ پێشخسینی وڵات، پێویستە شا بڕیار بدا بۆ جێبەجێکردنی رێفۆرم و دەولەتی عەینولدەولەی سەرۆکوەزیرانی زۆردار و ملهۆڕ هەڵوەشێتەوە و، هەموو چەوسێنەران و بەرپرسانی ستەمکار سزابدرێن ...".

ئەوجا بۆ پێشخستنی ئامانج و بیروباوەڕی خۆیان و پێگەیاندن و رۆشنبیرکردنی خەڵک، دەیان کادریان نارد بۆ شارە گەورەکان، جگە لە تاران هەروەها چەندین شانە و کۆمیتە و کۆڕی رۆشنبیریی لە شارەکانی شیراز، یەزد، ئەسفەهان، مەشهەد و تەوریز پێکهێنران. دواتر، لەکاتی سەرهەڵدانی بزاڤی "ریفۆرمخوازیی" (انقلاب مەشروطە) دا ئەم کۆمیتانە توانییان رۆلی گەورە بگێڕن لە سەرپەرشتیکردنی جەماوەری راپەڕیو و لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ ودرۆشمی پێشکەوتووانە.

شۆرشی 1905ی رووسیا و بیری ئازادیخوازی و دیمۆکراسی و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و گەشەی پیشەسازیی وڵاتانی رۆژاڤای ئۆروپا، کاریگەرییان لە سەر رۆشنبیران و چینی خوێندەوار و، تەنانەت لە سەر هێندێک لە شازادە و کوڕەوەزیر و بەگزادە گەورەکانی ئێرانیی دانابوو. بۆ نموونە، شازادە مەحموودخانی عەلامیر ناسراو بە احتشام السلطنە لە ئێلی قاجاڕ کە ماوەی چەندین ساڵ لە پلەی باڵوێژ و، کاربەدەست و نێردراوی تایبەتی ناسردینشا و مزەفەردینشا، لە رووسیا و وڵاتانی دیکەی ئۆروپادا ژیابوو، لەسەردەمی شۆرشی مەشروتەدا، هاندەر و پشتیوانێکی بەهێز بوو بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی شۆرشەکە.

بە پێچەوانەی چینی ئاینیی کە لە هەموو رووداو و راپەڕینێکی خەڵکی برسی و رەشوڕووت سوودیان دەبینی بۆ چەسپاندنی زیاتری پێگەی سیاسی و کۆمەلایەتیی خۆیان، چینی رۆشنبیر

دەسخستنی ئامانجەکانی لە بردنە سەری ئاستی خوێندەواری و لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی و فەرهەرنگیی جەماوەردا دەدیت. بۆ یەکەمجار سروودی نیشتمانیی ئێران لەلایەن مسیۆ لۆمر موزیسیەنی سوپای فەرەنساوە ئامادە کرا و لە یەکێک لە سەردانەکانی مزەفەردینشا بۆ فەرەنسا، لە باڵوێژخانەی ئێران لە پاریس، لەلایەن کۆڕێکی ئێرانییەوە خوێندرایەوە.

مانگەکانی بەفرانبار و ڕێبەندانی ساڵی 1905 بە بێ کێشە و ئاڵۆزیی تێپەڕبوون. خەڵک چاوەڕوانی دامەزران و دەسبەکار بوونی پەرلەمانیان دەکرد. سەرۆکوەزیران دارۆغەی تاران (عەلائۆلدەولە)ی لەسەرکار لابرد کە خەڵک زۆرلێی بێزار بوون، بەڵام ئێدی داخوازییەکانی دیکەی مەلاکان و خەڵکی پشتگوێخست و ئامادە نەبوو جێبەجێیان بکات. کاروباری کۆشکی پاشایەتی و حکوومەت بە دەست عەینولدەولەی سەرۆکوەزیرانەوە بوو، چۆنکە مزەفەردینشا چەندین ساڵ بوو بە دەست نەخۆشیی سیلەوە دەیناڵاند. جگە لەوە شا مرۆڤێکی شەرمن و ساکار و ساویلکە بوو لە بڕیارداندا لاواز و ڕارایی بوو. ئەمانە وای لێکردبوو کە زۆر تێکەڵی کۆڕ و کۆمەڵ و کۆبوونەوە نەبێ و، هەموو کارەکان لە ڕێی سەرۆکوەزیرانەوە جێبەجێ بکات. لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کە سەبارەت بە سەردەمی قاجاڕ بلاوکراوەتەوە، نامەیەکی دوکتۆر سکات پزیشکی تایبەتی باڵوێژخانەی بریتانیای تێدایە لە ڕێکەوتی

19ی مای 1906 دا چووەتە لای مزەفەردینشا و باری تەندروستیی شای بۆ باڵویێزخانە نووسیوە و دەڵێ: "نەخۆشیی هەموو لەشی پاشای تەنیوە. شا لە ڕادەبەدەر چنگزە و زوو هەڵدەچێ و تووڕە دەبێت. باری دەرونیی زۆر ئاڵۆز و شێواوە. کاتێک یەکێک لە کاربەدەستەکان و وەزیرەکانی خۆی، بۆ نموونە سەرۆکوەزیران دەچنە لای، دەپەشۆکی و زمانی دەگیرێ و بەهاسانی ناتوانێ لەگەڵیان بدوێت". هەروەها سەربالۆیێزی بریتانیا دوو مانگونیو پاش ئەم راپۆرتەی دۆکتۆر سکات، بە بۆنەی ساڵڕۆژی لە دایکبوونی شاوە دەچێت بۆ کۆشک پیرۆزبایی لێبکا، چاوپێکەوتنەکەی خۆی لەراپۆرتێکدا دەنێرێ بۆ وەزیری دەرەوەی بریتانیا و، دەنووسێ بۆی:

"جێژنی لە دایکبوونی شا بەپێی بەرنامەی هەموو ساڵێک لە رۆژی (5)ی ئەگۆست بەڕێوە چوو بەڵام ئەمجارەیان ریوڕەسمەکە تەنیا چەند خولەکی خایاند. بە دیتنی روخساری شا، من و هەموو میوانەکان راچڵەکاین. دیار بوو شا ناتوانێ خۆی بەسەر پێوە راگرێت، چۆنکە پاڵی بە مێزێکەوە دابوو. یەکێک لە بەردەستەکانی باوەشێنی دەکرد. بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو، میوانەکان بە بەردەمیدا تێپەڕین و، پیرۆزباییان لێکرد، بەڵام شا هێزی قسەکردنیشی نەبوو. لە ژێر لێوەوە وەرامی میوانەکان و دیپلۆماتەکانی دەدایەوە. نەخۆشیی هەموو لەشی شای داگرتووە. یەکێک لە مێوانەکان بە ئەسپایی پێمیگوت: لە سەرە مەرگدایە، قسەکەشی راستبوو...!".

دێینەوە سەر گێرانەوەی کۆمیتەکانی سیاسی و رۆشنبیریی کە بە نهێنیی لە شارەکان پێکدەهاتن. ئەم کۆمیتانە، جگە لە پرۆپاگەندەکردن بۆ ئازادی و دیمۆکراسی و دامەزرانی حکوومەتێکی پەرلەمانیی، هەروەها خوازیاری چوونە دەرەوەی هێزەکانی کۆلۆنیالیستی و نەهێشتنی دەستێوەردانیان بوون لە کاروباری نێوخۆی ئێران. ئەم درۆشم و ئامانج و بیروباوەڕە سیاسییە، لە ماوەی ساڵێکدا کەوتبوونە سەرزاری خەڵک و ببوون بە ویست و داخوازیی جەماوەریی. ئەگەرچی **مزەفەردینشا** بە ناردنی نامەی فەرمیی کۆشک بەڵێنی دابوو بە ئایەتوڵلاکان و خەڵک کە پەرلەمان دادەمەزرێنێ، بەڵام حکوومەتەکانی **رووسیا** و **بریتانیا** و ئەو کۆمەڵە کاربەدەستە ئێرانییەی کاروباری سیاسیی وڵاتیان بەدەسبوو، دژی هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بوون. ئەوە بوو، کەوتنە پیلانگێڕان و سەرەتا، لە ڕێگەی **عەینولدەولەی** سەرۆکوەزیرانەوە، وەزیری **بازرگانیی (سەعدولدەولە)** لەسەر کارەکەی لابرا و، بێڕێزیی پێکرا و لە **تاران** دەرکرا، چۆنکە ئەم وەزیرە پشتیوانیی لە بازاڕ و لە ئایەتوڵلاکان دەکرد. پاشان **ئایەتوڵلا سەید جەمالەدینی واعزی** لە **تاران** دەرکرا و بە زۆر لە شاری **قۆم** نیشتەجێکرا. ئەوجا دەولەت کەوتە پیلانگێڕان لە دژی **ئایەتوڵلا تەباتەبایی** و **بێبەهانی** و لە مانگی محەڕەمدا هەوڵیدا ناکۆکیی بخاتە نێوانیانەوە.

کاتێک ڕێکخستنی ڕۆشنبیرانی ولات بە پێشێلکاریی سەرۆکوەزیریان زانی دەیان ڕاگەیەندراوەیان نووسی و لە تاریکی شەودا بە گەڕەک و ماڵاندا بلاویانکردەوە. لە ڕاگەیەندراوەکاندا جگە لە هێرش بۆ سەر دەولەتی عەینولدەولە و حکوومەتەکانی رووسیا و بریتانیا، هەروەها دەیاننووسی: "بێدەنگبوونی مەلاکان ئەوە دەگەیەنێ کە لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا لە گەڵ حکوومەت ڕێککەوتوون! کوا داخوازیی مەلاکان بۆ دامەزرانی پەرلەمان؟ دادپەروەریتان چی بەسەر هات؟ ئێوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆتان کلاوتان کردە سەر خەڵکی هەژار و برسیی!". مەبەستی سەرەکیی ڕۆشنبیران لە وروژاندنی ئەم پرسیارانە جگە لە هۆشیارکردنی خەڵک، هەروەها لەبەر ئەوەش بوو مەلاکان بهێننەوە مەیدان و بیاندەنەوە بە گژ ڕژێمدا. چۆنکە دەیانزانی ئایەتوڵلاکان خاوەنی پێگەی جەماوەریی بەهێزن و، بە بێ بەشداریکردنی ئەوان ناگەنە ئامانجی خۆیان.

مانگی ڕەشەمە کۆتایی هات و ساڵی 1285ی هەتاوی (1906ی زاین)، واتە ساڵی مێژوویی لە ژیانی سیاسیی گەلانی ئێران سەریهەڵدا! مانگی نەورۆز، شازادە مەحموودخانی عەلامیر (ئێحتشامولسەڵتەنە) کە لەسەرەوە نێویمان بەچاکی هێنا، لە ئەڵمانیاوە گەیشتەوە تاران و لە پێشدا چاوی بە هەردوو ئایەتوڵلا تەباتەبایی و بێبەهانیی کەوت، ئەوجا دیدارێکی ڕێکخست لە نێوان تەباتەبایی وسەرۆکوەزیراندا، بۆ ئەوەی وادە و بەڵێنی شا بە کردەوە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەو

کۆبوونەوەیەدا کە **شازادە عەلامیر** و چەند کەسێکی دیش بەشدار دەبن، **عەینولدەولەی سەرۆکوەزیر** قۆرئانێک دێنێ، دەستی لە سەر دادەنێ و دەڵێ: **"بەم قورئانە سوێند دەخۆم، هەموو توانای خۆم دەخە کار بۆ ئەوەی بە زوویەکی زوو پەرلەمان دابمەزرێ!".** ئەمانیش بە سوێندەکە دڵخۆشدەبن و هەموو لایەک لە نێوەرۆکی کۆبوونەوەکە و بەڵێن و سوێندخواردنی سەرۆکوەزیر، ئاگادار دەکەن.

**عەینولدەولە** بۆ جێبەجێنەکردنی بەڵێنی شا و سوێند خواردنەکەی خۆی هەوڵیدا کۆمەڵێک وەزیر و کەسایەتیی سەر بە حکوومەت لەگەڵ خۆی هاودەنگ کات، چۆنکە نەیدەویست چینی ئاینی و خەڵک بەگشتی وابیر بکەنەوە کە بە تەنێ ئەو دژی دامەزراندنی پەرلەمانە. ئەوە بوو لە سەرەتای مانگی گوڵان کۆبوونەوەیەکی لە **باخیشای تاران** سازکرد کە شازادەکان و وەزیری تایبەتی کۆشکی پاشایەتی و وەزیرەکان و چەندین کەسایەتیی ناسراو تێیدا بەشداربوون. سەرۆکوەزیرانroوویکردە بەشدارانی کۆبوونەوە و گوتی: **ئێمە سەرقالی جێبەجێکردنی فەرمانی شای خاوەنشکۆمانین سەبارەت بە ئەرک و پێداویستیی دامەزرانی پەرلەمان و، خەریکی پێداچوونەوەین بەسەر یاسای وڵاتدا، بەڵام مەلایانی بەڕێز، پەیتا پەیتا نامە دەنووسن بۆم و پرسیارملێدەکەن دامەزرانی پەرلەمان بوو بە چێ!؟ خەڵکیش بەردەوامن لە نووسین و بلاوکردنەوەی راگەیەندراوی سیاسیی لە دژی حکوومەت. من وای بە باشدەزانم گوێ بە داخوازییان نەدەین**

و له بەرامبەریاندا بوەستین. تەنانەت ئەگەر پێویستیکرد، چەک و هێز له دژیان بەکار بهێنین! ئیستا له ئیوه دەپرسم، رای ئێوه چییه؟. هەموو بێدەنگ بوون و ج کەسێکیان ورتەی لێوه نەهات. عەینولدەوله سەرلەنوێ پرسیارەکەی دووپات کردەوه، ئەو جارەیان ئێحتشامولسەڵتەنه هاته دەنگلێی گوتی: "بەرژەوەندیی دەولەت و ولات لەوه دایه که دەسنووسەکەی شا پێرەو بکرێ. ئەگەر بێتوو بڕیارەکەی شا جێبەجێ نەکرێت، گەل باوەڕی به وتەی شا و دەولەت نامێنێ و ئەمەش دەبێته مایەی ئاوڕوو چوون، که خەڵک سەرۆک و گەورەی وڵات به درۆزن بزانێت. جەماوەری خەڵک، گەورەکانیان، چینی ئاینیی هەر هەموویان داوای دامەزرانی پەرلەمان دەکەن. پێکهێنانی پەرلەمان به شێوەی راست و دروست، هیچ زیانێک به حکوومەت ناگەیەنێت.....".

وەزیری کۆشک ئەمیر بەهادۆر هاته قسه گوتی بەرژەوەندیی حکوومەت له جێبەجێ نەکردنی فەرمانی شادایه. ئەگەر پەرلەمان دامەزرێ، ئەوکاته کوڕی شا و کوڕی دوکاندارێک وەکیەک چاویان لێدەکرێت، ئەو کات هیچ حاکمێک ناتوانێ فەرمان بەسەر خەلکدا بدات. ئەو کات کەس ئامادە نابێ باج به حکوومەت بدات... باسەکەیان درێژەی کێشا. له نێویاندا تەنیا ئێحتشامولسەڵتەنه بوو که پشتگیریی داخوازییەکانی خەڵکی دەکرد و، ئەوانی دیکه سوور بوون لەسەر بەکارهێنانی توندوتیژی و پشتگوێخستنی داخوازییەکانی خەڵک. پاش چەند رۆژێک، بەفەرمانی شا و، بەبیانووی سەرهەڵدانی کوردان له

نێوچە سنوورییەکان، ئێحتشامولسەڵتەنە نێردرا بۆ کوردستان و لە تاران دوورخرایەوە.

لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا، سەرجەم قسەوباسی کۆبوونەوەی "باخیشا" گەیشتە دەرەوەی کۆشک و هەزاران راگەیەندراوە لە بارەی وتەکانی ئێحتشامولسەڵتەنە لە نێو خەڵکدا بلاوکرانەوە. خەڵک گوشاریان دەخستە سەر ئایەتۆڵلاکان و ئاگاداریان دەکردنەوە، کە حکوومەت سەرلەنوێ دەسیکردووە بە هێرشکردن بۆ ترساندن و رووخاندنی ورەی خەڵک. ئایەتۆڵلا تەباتەبایی نامەیەکی توندی نارد بۆ سەرۆکوەزیر و، تێیدا پاش ئاماژەکردن بە راستەرنەچوونی بەڵێنەکانی سەرۆکوەزیران، ئاگاداری کردەوە، چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان، پێوەندە بە دامەزرانی "مجلس" (پەرلەمان) و یەکێتیی نەتەوە و حکوومەت و یەکێتیی نێوان کاربەدەستانی حکوومەت و زانایانی ئاینیی... بەڵام سەرۆکوەزیر وەرامی نامەکەی نەدایەوە. ئەوجا هەردوو ئایەتۆڵلا بێبەهانی و تەباتەبایی، شەش نامەیان نووسی بۆ مزەفەردینشا و بە شەش رێگەی جیاوازدا ناردیان بۆی، چۆنکە دەیانزانی سەرۆکوەزیر عەینولدەولە جگە لە خۆی رێگە نادات چ کەسێکی دیکە شا ببینێت. بەڵام نامەکان هیچیان نەگەیشتنە دەستی شا. سەرۆکوەزیر لە زمانی شاوە نامەیەکی نووسی بۆیان، داوای لێکردن ئامۆژگاریی ئاژاوەچییەکان بکەن کە واز لە پشێویی بهێنن و، بگەڕێنەوە ماڵەکانیان و کارێکی وا نەکەن، تووڕەبوونی ئێمە هەموو لایەنێک بگرێتەوە! پاش خوێندنەوەی

نامەکە، مەلاکان دڵنیابوون کە ئەو نامەیە عەینولدەولە خۆی نووسیویەتی و نامەکانیان نەگەیوەتە دەستی شا.

بە کورتی شا بە ناو شا بوو، لە باتی شا عەینولدەولە فەرمانڕەوا و حاکمی وڵات بوو. عەینولدەولە بۆ ئەوەی تەواوی کاروباری ولات بخاتە ژێردەستی خۆیەوە بە بیانووی پارێزگاریی لە تەندروستی شا، پێوەندیی شای بە کۆمەڵگە و دنیای دەرەوە بڕیبوو. مزەفەردینشاش لەبەر نەخۆشی و لاوازیی کەسایەتیی خۆی، ڕێگەی بۆ سەرۆکوەزیر خۆشکردبوو کاروباری حکوومەت بسپێرێ بە خزم و دەستە و دایرەی خۆی و کەسانی گوێڕایەڵ و بێڕۆمەت و دژ بە خەڵک.

عەینولدەولە دەکەوێتە خولیای ئەوەی لە دوای مردنی مزەفەردینشا دەسەلات و شان و شکۆی خۆی و بنەماڵەکەی وەک خۆی بمێنێ بۆ ئەم مەبەستە، دەچێتە بنکلێشەی یەکێک لە کوڕەکانی مزەفەردینشا، کە جگە لە مێبازی و رابواردن چ پیشە و هونەر و زانستێکی نەبوو، پێیدەڵێ: **"ئەز مرۆڤێکی خاوەنئەزموونم و دنیام دیتووە و، لە سیاسەتدەزانم و شارەزاییی تەواوم هەیە لە ناسینی مرۆڤی زیرەک و لێهاتوودا، زۆر پەرۆشی داهاتووی ولاتەکەمانم. باوکی مەزنت نەخۆشە و، پاش مردنی شای گەورەمان، دەبێ کەسێکی شایستە و لێزان جێیبگرێتەوە. من براگەورەکەت (محەمەد عەلیشا) بە میراتگرێکی شیاو نازانم و جێنشینیی باوکت تەنیا شیاوی تۆیە و پاشایەتیی هەر لە تۆ دەوەشێتەوە! من لەم بارەوە لەگەڵ خاوەنشکۆ خوابیپارێزێ، قسەدەکەم. ئەتۆش دەبێ خۆت ئامادە بکەی کە لە داهاتوویەکی نێزیکدا ببێت بە شای ئێران...!".**

به‌لام **محه‌مه‌دعه‌لیشا** كه كوڕی گه‌وره‌ی **مزه‌فه‌ردینشا** بوو، به پێی یاسا و داونه‌ریتی وڵات، له پاش مردنی شا، ده‌بوو به شا. زۆری پێنه‌چوو **محه‌مه‌د عه‌لیشا** به‌م پیلان و فێڵبازییه‌ی سه‌رۆكوه‌زیری زانی و بوو به دوژمنێكی سوێندخواردوو له‌گه‌ڵی و به په‌له نامه‌یه‌كی نارد بۆ **مه‌لا بێبه‌هانی** و **مه‌لا ته‌باته‌بایی** و، پشتیوانیی ته‌واوی خۆی له داخوازیی خه‌ڵك و دژایه‌تیكردنی **عه‌ینولده‌وله** ده‌ربڕی.

هه‌ر دوو **ئایه‌تۆڵڵا** كه پێكه‌وه سه‌رۆكایه‌تیی ئۆپۆزسیۆنیان ده‌كرد، له مانگی **ئاپریلی** 1906ی زایینیدا، بڕیاریاندا هه‌موو شه‌وێك به نۆره له یه‌كێك له مزگه‌وته‌كاندا قسه بۆ خه‌ڵك بكه‌ن. پاش چه‌ند شه‌وێك له نێو خه‌ڵكدا قاو بڵاوبوو گوایه **ته‌باته‌بایی و بێبه‌هانیی**، به ته‌مان **فتوای جیهاد** ده‌ربكه‌ن! ئه‌م ده‌نگۆیه گه‌یشته گوێی **عه‌ینولده‌وله** و باوه‌ڕیكرد و فه‌رمانی به هێزه‌كانی قه‌زاقدا كه له ده‌ره‌وه‌ی تاران نیشته‌جێ كرابوون، له ئاماده‌باشدا بن. ئه‌وجا له نێو پێته‌خت فه‌رمانیدا له (9)ی شه‌و به‌ولاوه هاتووچۆی خه‌ڵك ڕێبه‌ند بكرێت! ماوه‌ی حه‌فته‌یه‌ك ئه‌م فه‌رمانه له‌لایه‌ن جاڕچییه‌كانه‌وه به كۆڵان و شه‌قامی شاردا بڵاوكرایه‌وه.

له مانگی پووشپه‌ڕ و له ساڵڕۆژی كۆچیدوایی "فاطمه" (هاوسه‌ری ئیمام عه‌لی) له مزگه‌وته‌كاندا بۆ ماوه‌ی سێ ڕۆژ ڕێوڕه‌سمی شینگێڕان و پێداهه‌ڵدانی بۆ ده‌گیرا. ئایه‌تۆڵڵا ته‌باته‌بایی له یه‌كێك له مزگه‌وته‌كاندا چووه سه‌ر مینبه‌ر.

هێندێک بە شان و باهۆی شادا هەڵیدا و، گوتی: "ئێمە دەزانین شای خاوەنشکۆمان دڵسۆزی گەلی خۆیەتی بەڵام بە هۆی نەخۆشییەوە دەنگ و باسەکانی ولات و، داخوازییەکانی ئێمەی پێڕاناگات. دەڵێن ئێمە شامان ناوێت، دەڵێن ئێمە نوێخواز و کۆماریخوازین! بەم وتانە دەیانەوێت دڵی شا لە ئێمە بڕەنجێنن. بەڵام ئێمە تەنیا داوای دامەزرانی مجلس (پەرلەمان) مان کردووە کە تێیدا کێشەی خەڵکی هەژار چارەسەر بکرێت. ئەگەر دە ساڵی دیکەش بخایەنێت، ئێمە لە داخوازیی رەوای خۆمان پاشگەز نابینەوە! ئێمە پەرلەمانمان دەوێت! ئێمە خوازیاری جێبەجێکردنی دەستووری ئاینی ئیسلامین. ئێمە پەرلەمانێکمان دەوێت کە تێیدا شا و سواڵکەر خاوەنی مافی یەکسان بن...!".

مانگێک دواتر لە مانگی جۆزەردانی، لە تاران، **حاجی شێخ محەممەدی بانگبێژ** کە لە ڕووخاندنی بیناکەی بانکی رووسدا رۆڵی سەرەکیی گێڕابوو، بە سواری گوێدرێژەکەیەوە بەرەو ماڵی خۆی دەڕوات، دەستەیەک قەزاق گەمارۆی دەدەن و دەیگرن. کاتێک دەگەنە بەر دەرگای **مزگەوتی حاجی عەبدولحەسەنی مێعمار**، کۆمەڵێک لە فەقێیەکانی مزگەوتەکە و دوکاندار و خەڵکی گەڕەک پێشیان پێدەگرن. فەرماندەی دەستەی قەزاق بە ناوی **ئەحمەدخانی یاوەر** بۆ ئەوەی کێشەیەک روو نەدات، **حاجی شێخ محەممەد** دەباتە نێو کێشکچیخانەی گەڕەکەوە. خەڵک گەمارۆی شوێنەکە دەدەن. هەواڵەکە دەگاتە گوێی **ئایەتوڵلا سەید بێبەهانی** و، ئەویش کوڕەکەی خۆی دەنێرێت کە

شێخ له دەستی چەکداری قەزاق رزگار بکات. حەشاماتەکە بە دیتنی کوڕەکەی **بێبەهانی** هێندەی دیکە ورەیان بەرز دەبێ و، هێرشدەکەنە سەر بیناکە و، تێکیدەدەن و، **شێخ محەممەد** رزگار دەکەن، دەبێت بە سەلاوەتلێدان و درۆشمدان لە دژی حکوومەت. **ئەحمەدخانی یاوەر** فەرمانی تەقە دەدا و، یەکێک لە قوتابییەکان بریندار دەبێت. فەقێیەکی دیکە بە نێوی **سەید عەبدولحەمید**، خۆی پێڕاناگیری و لە بەردەم فەرماندەی قەزاقەکاندا قوتدەبێتەوە و جنێوی پێدەدات. **ئەحمەدخانی** فەرماندەش گوللەیەک دەنیت بە سینگییەوە و دەیکوژێت. خەڵکەکە لاشەی **عەبدولحەمید** هەڵدەگرن و، **حاجی شێخ محەممەد** کە تاوێک لەوە پێش لە دەستی قەزاق رزگار کراوە، خوێنی **سەید عەبدولحەمید** دەساوێ بە دەست و رووومەتی خۆیدا و، دەکەوێتە پێش خەڵک و، بە شین و رۆ و درۆشمدان بەرەو مزگەوت دەڕۆن. هەواڵەکە بڵاودەبێتەوە و بازاڕی **تاران** بۆ پێشاندانی ناڕەزایەتیی دادەخرێت. **تەباتەبایی و بێبەهانیش** هەریەکەیان سەدان کەس لە پێڕەوان و لایەنگرانیان شوێن خۆیان دەخەن و، بەرەو مزگەوتی **حاجی عەبدولحەسەنی مێعمار** دەکەونەڕێ. حەشاماتێکی گەورە لە مزگەوت و دەوروبەری کۆدەبێتەوە. پاش چەند سەعاتێک **شێخ فەزلوڵای نووری** لە گەڵ ژمارەیەک لە لایەنگرانی دەگەنە مزگەوت. ئایەتوڵڵاکان لەوێ کۆبوونەوەیەک دەگرن، بڕیار دەدەن لە پێناو دامەزرانی **"مجلس"**دا مان بگرن. تەرمی **عەبدولحەمیدی** کوژراو دەشۆن و، لە نێو مزگەوت دایدەنێن و،

دەنگبێژ دەسدەکات بە چڕینی سترانی ئاینی و، دەبێت بە سینگکوتان (سینەزنی). دەولەت لە ترسی راپەڕینی خەڵک، لەشکر دەڕژێنێتە نێو شەقام و کۆڵان و گۆڕەپانەکانی پێتەخت و، شەو تاکوو بەیانی جاڕچییەکان بە شاردا دەگەڕێن و دەڵێن: "سبەینێ هەر کەسێک دوکانەکەی نەکاتەوە، تالان دەکرێ و خاوەنەکەشی سزا دەدرێ!". رۆژی دوایی لە گەڵ رۆناکی دادێ، خەلک دەبینن شار پڕی بووە لە چەکداری حکوومەت. سەرۆکوەزیر پەیامێک دەنێرێت بۆ مەلاکان کە واز لە مانگرتن بێنن بگەڕێنەوەماڵەکانی خۆیان، بەڵێنیشدەدا داخوازییەکانیان جیبەجێدەکات.

مەلاکان لەوەرامیدا دەنووسن بۆی: مەبەستی ئێمە دامەزرانی پەرلەمانێکی دادپەروەرانەیە کەس نەتوانێ کەسیتر بچەوسێنیتەوە. عەینولدەولە بۆخۆی بووە بە پەرلەمان و خۆی بڕیار دەدات و گوێ بە بڕیار و واژۆی شای وڵاتیش نادات. لەبەر ئەوە، ئێمە داوا دەکەین سەرۆکوەزیر لەسەر دەسەڵات لاببرێت!".

رۆژی پێنج شەممە 11ی جولای سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشەی حکوومەت، تەنیا نانەواخانەکان کرانەوە، بازاڕ بە تەواوەتیی داخرا. خەڵکیکی زیاتر بەرەو مزگەوتی حاجی حەسەنی مێعمار چوون. نێومزگەوت و حەوشە و کۆلان و سەربانی چوار دەوری مزگەوت لە خەڵک جمەی دێت. دوو فەقێ، کراسە خوێناوییەکەی عەبدولحەمیدی کوژراویان دڕاند و، دوو ئالایان لێ دروست کرد و، لە حەوشەی مزگەوت هاتنە دەرەوە، داوایان لە خەڵک کرد

شوێنیان بکەون، بوون بە دوو کەرتی چەندین هەزار کەسییەوە، کەرتێک بەرەو نێو بازاڕ چوون. کاتێک کاتێک گۆڕەپانیکی نێزیکی بازاڕ، سەربازەکان تەقەیان لێکردن، بەدەیان کەس بریندار بوون و چەندین کەسیش کوژران. حکوومەت لە ڕاگەیاندنێکی تایبەتدا ژمارەی کوژراوەکان بە 12 کەس مەزەندە کرد، خەڵکیش دەیانگوت 100 کەسیان لێکوژراوە. پاش ئەم ڕووداوە، حکوومەت پەنجا تۆپچی نارد بۆ نێو شار و دەستەیەک چەکدار کە ژمارەیان سەت سەرباز بوو، لە سەر بینای شمس العمارە بەرامبەر مزگەوتی حاجی حەسەنی مێعمار دایمەزراندن. بە فەرمانی سەرۆکوەزیر عەینولدەولە، ئاوی ئەو جۆگەیەیان بڕی کە بەرەو مزگەوت دەچوو. سەربازەکان دەوروبەری مزگەوتیان گەمارۆ ددا و ڕێگەیاننەدا خواردەمەنی و ئاو بچێت بۆیان. ئایەتوڵڵا تەباتەبایی و بێبەهانیی داوایان لە خەڵک کرد مزگەوت چۆڵ بکەن و بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان، چۆنکە لە ئەگەری هێرشی سەربازەکان بۆ نێو مزگەوت، خەڵکێکی زۆر دەکوژرێن. جگە لە ئایەتوڵڵاکان و ژمارەیەک لە مەلاکان و، ئەندامانی بنەماڵەیان، باقی خەڵکەکە لە مزگەوت دەچنە دەرەوە. دوو ڕۆژ دواتر دووکان و بازاڕیش کرانەوە.

عەینولدەولە هەستدەکات توانیویەتی هەڵچوونەکە دامرکێنێ، پەیامێک دەنێرێ بۆ مەلاکان کە واز لە مانگرتنەکەیان بهێنن و بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. مەلاکان لە وەرامیدا ئەم سێ

پێشنیازەی خوارەوە دەنێرن بۆی، داوای لێدەکەن لەم سێ پێشنیازە یەکیان قبوڵ بکات:

1 – دەوڵەت وەک پێشتر بەڵێنیداوە پەرلەمان دامەزرێنێ!

2 – ئێمە (مەلاکان) بکوژن و کارتان بەسەر خەڵکەوە نەبێ!

3– رێگەمان پێ بدرێت شار بەجێ بێڵین!

سەرۆکوەزیر لەهەر سێ پێشنیازەکە رادەمێنێ و رێگەی سێیەم پەسند دەکا! دیارە مەلاکانیش مەبەستیان هەر رێگەی سێیەمە، بە بێ کێشە رێگە بدرێن لە مزگەوت بچنەدەرەوە و لە شار دەرکەون. نووسینی ئەو دوو خالەی سەرەوە بۆ دڵخۆشکردن و خۆڵکردنە چاوی خەڵک بوو، کە بەردەوامن لە سەر داخوازیی خەڵک و، ئامادەن لە پێناو ئامانجەکانی خەڵکدا بکوژرێن.

لە ڕۆژی 14ی مانگی جولای (26جۆزەردان)، **ئایەتوڵڵا تەباتەبایی و بێبەهانی لەگەڵ شێخ فەزلوڵڵا نووری و کۆمەڵێک** لە مەلا و فەقێ و ئەندامانی بنەماڵەی مەلاکان کە ژمارەیان دەگەیشتە هەزار کەسێک لە تارانەوە بەرەو شاری قۆم کەوتنەڕێ و، پاش چوار رۆژ گەیشتنە قۆم و لەلایەن خەڵک و مەلاکانی نیشتەجێی شارەکەوە پێشوازیکران. هێزی چەکداری حکوومەت لە کۆڵان و شەقامی تاران مابوونەوەە و فەرمانی رێبەندکردنی هاتووچۆی شەوان بەردەوامبوو. روخساری شار وای پێشاندەدا کە راپەڕینەکە بنەبڕکراوە، لێ بارودۆخەکە لەڕاستیدا بە وێنەی پشکۆی بن خۆڵەمێش بوو. لە لایەن شانە نهێنییەکانی ئازادیخوازانەوە درۆشمی مەشروطە **(حکوومەتی یاسا)** کەوتبوونە

سەرزاری خەڵکەوە. لەکۆتایی مانگی جۆزەردانداو، چەند کەسێک لە بازرگان و دەولەمەندەکانی **تاران** وەک **حاجی محەممەد تەقی بنکدار و حاجی حسێنی** برای، کە لایەنگری مەلاکان بوون و، لە **تاران** مابوونەوە، لە ترسی **عەینولدەولەی سەرۆکوەزیر**، چوون بۆ **باڵویژخانەی ئینگلیز**، داوایان کرد سەربالۆیژی ئینگلیز پەنایان بدات. سەربالۆیژی **ئینگلیز** داواکەیانی قبوڵ کرد. رۆژێک دواتر چل کەس لە بازرگان و مەلاکان و رۆناکبیرانی **تاران** بەرەو باڵویژخانەی **ئینگلیز** رۆیشتن و، لە حەوشەکەیدا مانیان گرت. لە ماوەی حەفتەیەکدا سەدان کەسی دیکە بۆ پێشاندانی پشتیوانیکردن لە مانگرتووەکان روویان لە باڵوێژخانە کرد و، لە نێو حەوشە و کۆڵانەکانی دەوروبەریدا خێوەتیان هەڵدا. چێشخانەیەکی گەورە لە لایەن مانگرتووەکانەوە رێکخرا و، لەلایەن خەڵک و بازارییەکانەوە خواردەمەنیی دەبرا بۆیان. دەوڵەتی **عەینولدەولە** کە رێی بە خەڵک نەدەدا هاتوچۆی **مزگەوتی حاجی حەسەنی مێعمار** بکەن، کەچی بەرگریی لەو خەڵکە نەدەکرد کە دەیانویست بەرەو باڵویژخانەی ئینگلیز برۆن و، لەوی مانبگرن!؟

هۆی هەڵبژاردنی باڵوێژخانەی بەریتانیا بۆ مانگرتن ئەوە بوو، وڵاتی بریتانیا لەو سەردەمەدا بە وڵاتێکی ئازاد دەناسرا کە پشتگیریی لە دیمۆکراسی دەکا و لە نێوخۆی بریتانیادا ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ لە یاسادا چەسپابوون و پێڕەو دەکران و، هەڵبژاردنی پەرلەمانیی لەو وڵاتەدا لەئازادیی تەواودا

بەڕێوەدەچوون. لەکاتێکدا لە ولاتی رووسیادا، رۆشنبیران و ئازادیخوازان لەلایەن حکوومەت و هێزەکانییەوە سەرکوتدەکران و، شکەنجە و لەسێدارەدەدران. دیارە ئەم بۆچوونەی رۆشنبیران و خەڵکی ئێران بە گشتی لە بارەی ئینگلیزەوە هەڵە بوو، چۆنکە دەولەتی ئینگلیز لەنێوخۆی وڵاتەکەیدا رێزی لە دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ دەگرت، بەڵام لە دەرەوەی سنووری یاسایی وڵاتی خۆی، بەرامبەر گەلانی دنیا وەک دەوڵەتێکی کۆلۆنیالیستی داگیرکەر و چەوسێنەر و دژ بە ئازادیی مامەڵەی دەکرد.

دوور نییە مەبەستێکی شاراوە لە پشت ئەم هەڵوێستەی رۆشنبیرانی ئێرانی لە دەسنیشانکردنی باڵوێژخانەی بەریتانیا بووبێ و ویستبێتیان ناکۆکیی بخەنە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریی تێزاری رووسیا و بەریتانیاوە، چۆنکە ئەم دوو زلهێزە، وەکیەک لە ئێراندا خاوەندەسەلات بوون. بێگومان، بەریتانیا هەوڵیداوە بە تیرێک دوو نیشان بپێکێ، لەلایەک، خۆی لای خەڵکی ئێران بە لایەنگری ئازادی و دیمۆکراسی پێشانبدا و سەرپەرشتیی بزاڤی جەماوەریی ئێران بخاتە ژێردەستی خۆیەوە، لەلایەکی دیکەشەوە رووی خۆپێشاندانی خەڵک بە ڕەهەندی دژایەتیکردنی رووسیا و لاوازکردنی دەسەلاتی رووسیا لە ئێراندا بەرێت.

لە ماوەی نێزیک بە سێ هەفتە ژمارەی مانگرتووەکانی نێو باڵوێژخانە گەیشتە (13000) کەس، ژمارەی خێوەتەکانیش بوو بە (500). رۆشنبیران دەرفەتەکەیان قۆستەوە و دەسیانکرد بە پڕۆپاگەندەی سیاسی و هۆشیارکردنی مانگرتووەکان و

ئاشناکردنیان به بیروباوەڕی مۆدێرن و هاوچەرخانە. حەیدەرخانی عەمووئۆغلی و سەنیعولدەولە و چەندین رۆناکبیری دیکە، کارگێڕ و داڕێژەری سەرەکیی بوون لە پێگەیاندن و هۆشیارکردنی خەڵک. رۆشنبیرەکان لەنێو مانگرتووەکاندا دادەنیشتن و یاسای وڵاتی فەرەنسایان دەخوێندەوە بۆیان. ئەو خوێندەوار و رۆشنبیرانەی لە رۆژاڤای ئۆروپا خوێندبوویان و گەڕابوونەوە بۆ ئێران، باسیان لە ئازادی و دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و پێشکەوتنەکانی ئۆرووپا دەکرد. لە هەفتەی سێیەمدا داخوازینامەیەکیان نووسی و لە ڕێگەی سەربالۆێژی بەریتانیاوە ئاراستەی سەرۆکوەزیریان کرد. لە نامەکەدا داوای لابردنی شکەنجە و رزگارکردنی زیندانیی سیاسی و گەڕانەوەی مەلاکان لە قۆمەوە بۆ تاران و دامەزرانی پەرلەمانیان کردبوو.

لێرەدا جیاوازیی داخوازیی نێوان مەلاکان و رۆشنبیران و لایەنگرانی سێکۆلاریزم مان بۆ دەردەکەوێ. مەلاکان ڕێکەوتی 1906/7/22ی زایینی نامەیەک دەنێرن بۆ عەینولدەولەی سەرۆکوەزیر داوا دەکەن: پێویستە یاسای ئیسلامیی کە لە سەرووی هەموو یاساکانی جیهانە پێڕەو بکرێ، بۆ ئەوەی وڵاتی ئێران ببێ بە سەرچاوەی ئاوەدانی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و، وڵاتانی جیهان ئێرەی (حسود)ی بە وڵاتی ئێران بەرن!.

سەربالۆێژی بریتانیا راستەوخۆ نامەی مەلاکان دەداتە دەستی مزەفەردینشا و شای ئێران لە بارودۆخی وڵات

تێدەگەیەنێت. مزەفەردینشا بانگێشتی سەرۆکوەزیر دەکا و داوا دەکات لێی کۆبوونەوەیەک رێکبخات لە گەڵ وەزیری دەرەوە و وەزیرەکانی دیکەی وڵات. لەم کاتەدا میراتگری یەکەم **حەمەعەلیشا** کە لە شاری **تەوریز** دەژیا، داوا لە مەلاکان و کەسایەتی ئاینیی لە **تەورێز** و شارەکانی دیکەی **ئازەربایجان** دەکات دەیان نامە و برووسکە بنێرن بۆ **مزەفەردینشا** و پشتگیریی خۆیان بۆ مانگرتنی مەلاکان و، دژایەتیکردنیان لەگەڵ **عەینولدەولە** پێشانبدەن. **حەمە عەلیشا**، بۆخۆشی نامەیەک دەنێرێت بۆ باوکی و، دەنووسێ: **سەرچاوەی هەموو کێشەکان لە سەرۆکوەزیرانەوەیە بە هۆی ملهۆڕی ئەوەوە، خەڵکی ئێران لە حکوومەت و شای خاوەنشکۆمان بێزار و تووڕەن!.**

موزەفەردینشا پاش خوێندنەوەی نامەی کوڕەکەی، **عەینولدەولە** لە دەسەلات لادەبا. لە وەرامی نامەی کوڕەکەشیدا دەنووسێ:، **"فەرمانمدا بە وەزیری دەرەوە (موشیردەولە)، بچێ سەردانی مەلاکانی مانگرتوو بکات لە قۆم و، ئەوپەڕی رێزیان لێ بنێ و تکایان لێبکات بگەڕێنەوە بۆ تاران".**

**مزەفەردینشا** ڕۆژی 27ی مانگی جۆن (**جۆزەردان**) **نەسرۆڵلاخان موشیردەولەی** لە جێی **عەینولدەولە** کرد بە سەرۆکوەزیری ولات. **موشیردەولە**، تکای لە **سەرۆکهۆزی قاجاڕ (عەزدولملک)** کرد بچێت بۆ شاری **قۆم**، داوا لە مەلاکان **بکات بگەڕێنەوە بۆ تاران و ئاگاداریشیان بکا شای گەورەمان خوا بیپارێزێ! هەموو داخوازییەکانیانی پەسند کردووە!**

مزەفەردینشا مانگی گەلاوێژی ساڵی 1285ی هەتاوی (ئەگۆستی 1906ی زاین) بڕیارنامەی مشروطیت (دێمۆکراسی)ی ڕاگەیاند. ڕاگەیاندنی بڕیارنامەی مەشروتە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی لە دایکبوونی شا. خەڵک جێژنەکەیان کردە دوو جێژن و دوکان و بازاڕ و شەقام ڕازانەوە و، دەسکرا بە شایی و لۆغان. بەڵام پاش ئاگاداربوونی خەڵک لە نێوەڕۆکی ڕاگەیەندراوەکەی شا کە هیچ نێوێکی لە داخوازیی خەڵک نەهێناوە و، نێوی نەتەوە (ملت) یشی نەهێناوە، دەسکرا بە دڕاندنی بڕیارنامەکەی شا بە دیواری مزگەوت و شوێنە گشتییەکانەوە هەڵواسرابوون. حکوومەت هەستی بە گرژیی بارودۆخەکە کرد، ئەوە بوو لە شەوی 16ی گەلاوێژدا سەرۆکوەزیر لە گەڵ ڕێبەرانی ئاینیدا کۆبووەوە، ڕێککەوتن کە شا بڕیارنامەیەکی دیکە بڵاوبکاتەوە و بە ڕۆنی و بە ئاشکرا نێوی نەتەوە و داخوازییەکانیان بهێنرێت.

شا، لە ڕۆژی 22ی گەلاوێژ، بڕیارنامەیەکی تازەی نووسی کە دەقەکەی بەمجۆرەیە:

(بۆ بەڕێز سەرۆکوەزیران!

لە ئەنجامی چاککردنی دەستنووسی رابردووماندا کە فەرمانماندابوو بە دامەزراندنی پەرلەمانی هەڵبژاردەی خەڵک، بۆ ئەوەی تێکڕای خەڵک و هەموو تاکێکی نەتەوەکەمان لە دلسۆزی و پشتیوانیی پاشایان دڵنیابن، ئەمڕۆ رایدەگەیەنین، وەک پێشتر بڕیارمان دابوو، پەرلەمان بەو شێوەیە دابمەزرێ کە لە دەستنووسی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد. پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان، دەستوور و پێڕەو و بەندەکانی سیستەمی پەرلەمانی شۆرای ئیسلامیی

**لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئامادەبکرێت، بە چەشنێک لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوە و نیشتمان و یاساکانی ئیسلامی پیرۆزدا رێک بێت. ئەوجا پاش ئامادەکردنی، بینێرنە خزمەتمان کە پەسندی بکەین و، واژۆی پاشایەتیمان لەسەر دەقی یاسای پەرلەمان تۆمار بکەین، بۆ ئەوەی ئەم مەبەستە پیرۆزە، جێبەجێ بکرێت).**

خەڵک ئەم راگەیاندنەیان پەسندکرد و جێژن و شایی بۆ ماوەی سێ شەو و سێ رۆژ بەڕێوە چوو. مانگرتووەکانی حەوشەی باڵوێژخانەی ئینگلیز کۆتاییان بە مانگرتنەکەیان هێنا و، هاتنە دەرەوە. هاوکات ئایەتوڵلاکان، چ ئەوانەیان کە لە مەزاری **شاعەبدولعەزیم** مانیان گرتبوو چ ئەوانەی کە چووبوونە شاری **قۆم**، بەرەو **تاران** کەوتنەڕێ و، لە **ڕۆژی 23ی گەلاوێژ** بە سواریی درۆشکەی حکوومەت، گەیشتنەوە نێو شاری **تاران**.

هەروەک پێشتریش ئاماژەمان کردپێی، ئامانج و داخوازیی چینی ئاینیی لەگەڵ رۆشنبیران و جەماوەری برسی و رەشوڕووت جیاواز بوو. لەنێو چینی ئاینی، تەنیا کەسێکیان لایەنگریی لە شۆرشی نوێخوازیی دەکرد ئەویش **میرزا محەممەد حسێنی نائینی غەروی** بوو. ئەم مەلایە رۆڵێکی گەورەی لە رۆشنبیرکردنی خەڵکدا گێڕا و، بیروباوەڕی پێشکەتووانەی خۆی لە پەرتۆکێک بەناوی **تنبیە الامە و تنزیە الملە** دا بڵاوکردەوە. **محەممەد نائینی** لەو پەرتۆکەیدا ئاماژە بە سەروەریی یاسا و دەسەڵاتی خەڵک لە ڕێگەی پەرلەمانێکی ئازاد و هەڵبژاردەی خەڵک دەکا و، دەڵێ:

**شا و بنەماڵەکەی و دەستوپێوەندەکانی، پێویستە دەسەلاتی**

**سیاسییان لێبسەندرێتەوە و سیستەمێکی دیمۆکراتی جێنشینی سیستەمی دیکتاتۆریی قاجاڕ بکرێت...**

**لە ڕۆژی 26ی گەلاوێژ (ئەگۆستی 1906یزاین)، پەرلەمانێکی کاتیی بە بەشداریی (1000) کەس لە سەرۆکهۆزەکان و بازرگانە گەورەکان و ئایەتۆڵلاکان دامەزرا.** مەلاکان دەیانویست لە بۆنەی کردنەوەی پەرلەمانی کاتیدا دەسپێشخەری بکەن و ئەم سەرکەوتنە بەناوی خۆیانەوە بڵاوبکەنەوە، **ئایەتۆڵڵا بێبەهانیی** ڕادەسپێردرا بەناوی مەلاکانەوە پەیامێکی تایبەت پشێکێش بکات، بەڵام سەرۆکوەزیر بە نەخشەکەیانیزانیێ لە پێش هەمووان بە نوێنەرێتیی شا و حکوومەتەوە قسەیکرد و بیری دامەزرانی پەرلەمان و بیری نوێخوازیشی کرد بە بیرۆکەی شا و دەوڵەت و حکوومەتی قاجاڕ.

## بەربەرەکانێی دژوار لە نێوان حکوومەتی قاجاڕ و،
## پێڕەوانی شۆرشی مەشرووتە و،
## سەرهەڵدانی ناکۆکیی لە نێوان رۆشنبیران و مەلاکان!

پاش دامەزراندنی پەرلەمانی کاتیی دەستەیەک هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی یاسای هەڵبژاردن ئامادە بکەن. ئەندامانی ئەم دەستەیە بریتیبوون لە: **مورتەزاقولی سەنیعولدەولە، حەسەن ئەسفەندیاری، حەسەن پیرنیا، حسێن پیرنیا و حاجی مەهدیقولی هەدایەت.** ئەم کەسانە خوێندنی بەرزیان لە وڵاتانی **ئەڵمانیا و فەرەنسادا** تەواو کردبوو. جگە لەم چەند کەسە، **هەروەها محەمەدخان سدیق سەرۆکی قوتابخانەی زانستی سیاسی لە تاران، راوێژکار و یارمەتیدەریان بوو. (هەر ئەم دەستەیە پێڕەوی نێوخۆیی پەرلەمانیان ئامادەکرد).**

یاسای بنچینەیی وڵات رۆژی 21ی خەرمانان ئامادە کرا و بۆ ئاگاداریی کەسایەتی و بازرگان و جەماوەری خەڵک لە تاران و شارەکاندا بڵاوکرایەوە و، هەموو کەسێک دەیتوانی راوبۆچوونی خۆی لە سەری دەرببڕێت. پاش دوو هەفتە لە پەرلەماندا دەقی پێشنیازدەستوورەکە بۆ وەرگرتنی دەنگ لەسەری خوێندرایەوە. یەکەم کەس **ئایەتوڵڵا بێبەهانی** هەستایە سەرپێ و دژی نێوەرۆکی دەستوورەکە لێدوانیدا. رۆشنبیران و بازرگانەکان و کەسایەتییەکانی نائاینیی بەرپەرچی وتەکانی مەلابێبەهانییان دایەوە. لەو رۆژەوە، ناکۆکیی کەوتە نێوان چینی ئاینی و مۆدێرنخوازان و، دوو دەستەی نەیار لەنێو پەرلەماندا پێکهاتن.

خەڵکێکی زۆر چوون بۆ بەردەم ماڵی ئایەتوڵڵا بێبەهانی و چی قسەی تاڵ و جنێوی نێو کۆڵانە هەڵیانڕشت بۆی و بڵاوەیان کردلێی. کاتێک ئایەتوڵڵا تەباتەبایی ئەم بێڕێزییەی بەرامبەر هاوشان و هاوپەیمانەکەی بینیی، زانی بەرگەی تانە و جنێوی خەڵک ناگرێ، یەکودووی لێنەکرد و، پشتیوانیی خۆی بۆ یاساپێشنیازکراوەکە دەربڕی. ئایەتوڵڵا بێبەهانیش زانی بە تەنێ ماوەتەوە، ناچار ملیدا و، یاساکەی پەسندکرد. پاش رازیبوونی مەلاکان، مزەفەردینشا لە کۆتایی مانگی خەرماناندا واژۆ و مۆری خۆی لە سەر یاسای پەسندکراوی پەرلەمان تۆمار کرد.

لە یاسای نوێدا، تێکڕای دانیشتوانی ئێران بە سەر 6 چینی شا و شازادەکان و سەرۆکهۆزی قاجاڕ، چینی ئاینیی، بازرگانەکان، فیۆدالەکان، جۆتکار و بازاڕیی دابەشکرابوون. پەرلەمان بریتیبوو لە 156 کورسی، شەست کورسی بۆ تاران و، ئەوانی دیش بۆ شار و مەڵبەندەکان. کورسییەکانی تاران بەم شێوەیە دابەشکرابوون: شازادەکان و قاجاڕەکان 4 نوێنەر، زانایانی ئاینی 4 نوێنەر، بازرگانەکان 10 نوێنەر، فیۆدالەکان و جۆتکارەکان 10 نوێنەر، سەندیکاکان 22 نوێنەر.

بەو شێوەیە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەر رۆشنبیران و بازاڕییەکان و بازرگانەکان دەکەوت. نوێنەری هێندێک لە سەندیکاکانیش هەر لەلایەن رۆشنبیرانەوە دیاریکرابوون، چۆنکە جێباوەڕ و متمانەی خەڵک بوون. ئایەتوڵڵاکان تەنیا دەبوونە

خاوەنی چوار کورسیی. لە ماوەی بیست رۆژدا، زۆرینەی نوێنەرەکانی تاران هەڵبژێردران. ئایەتوڵڵاکان ویستیان رۆژی لە دایکبوونی یەکێک لە ئیمامەکان، لە گەڵ رۆژی کردنەوەی پەرلەمان ریکبخەن، بەڵام رۆشنبیرەکان رازینەبوون و گوتیان، بۆنەی ئاینی و نەتەوەیی نابێت تێکەڵ بە یەک بکرێن. ئەوە بوو سێ رۆژ دواتر و لە ڕۆژی یەکشەممە 1285/7/14ی هەتاوی (6/9/1906) مزەفەردینشا هنرایە نێو هۆڵی پەرلەمان، بەڵام لە بەر نەخۆشیی نەیتوانی قسە بکا، پەیامی خۆی دایە دەستی سەرۆکوەزیران کە لە باتی وی بیخوێنێتەوە.

لەم کاتەدا کوڕێ گەورەی مزەفەردینشا (محەممەد عەلیمیرزا)، لەگەڵ سەرۆکوەزیر کەوتنە پیلانگێڕان و، داوایان لە پەرلەمان کرد، پەسندی بکات پەرلەمانێکی دیکەش بە ناوی "مجلس سنا" دابمەزرێت. پاش لێدوان و دەمەقاڵە و باسێکی زۆر، بڕیاردرا پەرلەمانی سەنا بێتە دامەزراندن و شەست ئەندامی هەبێت، نیوەی خەڵک هەڵیبژێرێ و نیوەکەی دیکەشی شا هەڵیانبژێرێت!

سەرەنجام یاسای بنچینەیی ئێران لەلایەن سەرۆکوەزیرەوە لە رێکەوتی 1285/10/8 (مانگی دێسەمبەری 1907ی زاینی)، لە نێو چەپڵەڕێزان و شایی هەزاران رۆناکبیر و ئازادیخواز و خەڵک کە لە بەردەم پەرلەماندا کۆببوونەوە، گەیشتە نێو هۆڵی پەرلەمان.

دە رۆژ پاش ئەم رووداوە، مزەفەردینشا کۆچیدوایی کرد و محەممەد عەلیمیرزای کوڕی هاتە جێی باوکی و هەر لە یەکەم

ڕۆژەوە دەسیکرد بە گێچەڵ و پیلانگێڕیی بە نیازی لاوازکردنی دەسکەوتەکانی خەلک و جێبەجێنەکردنی ئەو بەڵێنانەی کە باوکی دابووی بە خەڵک.

**محەمەد عەلیشا**، لەکاتی بەڕێوەچوونی بۆنەی دەسپێکردنی پاشایەتییەکەیدا هیچ نوێنەرێکی لە پەرلەمانەوە بانگێشت نەکرد. سەرۆکوەزیر و وەزیرەکانی حکوومەتیشی ئاگادار کردبوو بڕیار و داواکارییەکانی پەرلەمان پشتگوێبخەن. ئەوە بوو، هەرکات پەرلەمان داوای لە وەزیرەکان دەکرد لە پەرلەماندا ئامادەبن و وەرامی پرسیاری ئەندامەکان بدەنەوە، وەزیرەکان بە بیانووی نەبوونی یاساوە، نەدەچوون بۆ پەرلەمان. لەمانگی ڕێبەندان دەنگۆی ناکۆکیی نێوان دەوڵەت و پەرلەمان گەیشتە تەورێز و خەڵک مانیان گرت، هاوکات سەتان برووسکەی نارەزایەتیشیان نارد بۆ حکوومەت لە تاران.. هەموو ڕۆژێک هەزاران کەس بۆ پێشاندانی پشتیوانیی لە ئەندامانی پەرلەمان، لە دەوروبەری پەرلەمان لە تاران کۆ دەبوونەوە، چاوەڕێی بارودۆخەکەیان دەکرد. پاش ئەنجامدانی چەندین دیدار و کۆبوونەوە لە نێوان شاندی پەرلەمان و حکوومەت، کەسێک بە ناوی **"حاجی موخبرولسەڵتەنە"** کە نوێنەری **شا** بوو، دواقسەی محەمەدشای بە ئاگاداریی شاندی پەرلەمان گەیاند و گوتی: **"شای گەورەمان دەفەرموون، من لە گەڵ مەشرووتە ڕازی نیم، لە بری ئەوە مەشرووعە پەسند دەکەم!"**. مەلاکان کە گوێیان لەم وتەیە بوو، گوتیان ئەمە باشترین چارەسەرە و، پشتیوانیی

خۆیان لە بۆچوونەکەی شا دربڕی. ئاشکرایە، بیروباوەڕی مەشرووتە، کۆمەڵگەی بەرەو سیستەمێکی عیلمانی و مۆدێڕن دەبرد و مەشرووعەش وڵاتەکەی بە پێی داونەرێت و یاساوڕێسای ئیسلام دەبرد بەڕێوە. پاش خوێندنەوەی نامەکەی شا، بۆ چەند چرکەیەک بێدەنگیی نێو هۆڵی پەرلەمانی داگرت، لە نەکاو یەکێک لە ئەندامەکانی بەرەی ڕۆشنبیران کە ناوی مەشهەدی باقر بوو، بەدەنگی بەرز هاواری کرد: "بەقوربانی باپیرتان بم! ئێمە خەڵکی بازاڕ و دەستوپێ قەڵەشاو و زەحمەتکێش، سەر لەم وشە عەرەبییانەی ئێوە دەر ناکەین. خوێنێکی زۆرمان لێڕژا و قوربانییەکی زۆرماندا هەتا بزووتنەوەی مەشرووتەمان بەم ڕۆژە گەیاند. ئامادەین هەزار هێندەی دیکە خوێن لە پێناویدا بدەین، بۆ ئەوەی شۆڕشەکەمان لە دەست نەچێت! لەبەر ئەوە داواتان لێدەکەم، واز لەم وشەی "مەشرووعەیە بهێنن و، لە سەری مەڕۆن!".

ئەندامانی بەرەی نوێخوازیی بە تێکڕا پشتی قسەکانی مەشهەدی باقریان گرت. مەلاکانیش بێدەنگ بوون. بەم شێوەیە، لەو یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەیەدا، نوێنەرەکانی خەڵک، بە سەر شا و دەولەت و مەلاکاندا سەرکەوتن.

## ململانێی نێوان لایەنەکانی نێو پەرلەمان

## لەبارەی نێوەرۆکی  یاسای بنچینەیی ولات!

بۆ مەبەستی دیاریکردنی چوارچێوەی دەسەلاتی شا و وەزیرەکان و چەندین خاڵی گرنگ و چارەنووسسازی دیکە، کومیسیۆنێک لە یاساناس و مامۆستایانی بواری زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتیی پێکهات. ئامانجی ئەندامانی کۆمیسیۆنەکە، داڕشتنی یاسای سیستەمێکی پەرلەمانی دیمۆکراتی بوو. بۆ ئەم مەبەستەش لە یاسای وڵاتی **بەلژیکا** کەڵکیانوەرگرتبوو. هەروەها **جاڕنامەی مافی مرۆڤ** و **یاسای فەرەنسایان** لە بەردەستدابوو. کۆمیتەیەک وەرگێڕ کە ژمارەیان پانزە کەس بوون، زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و بەلژیکییان بە باشیدەزانی. ماوەی شەش مانگ کاری ئامادەکردن و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی یاسا درێژەیکێشا. سەرئەنجام پاش زیادکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە، کۆمیسیۆن یاسای نوێی بۆ پەسندکردن و بڕیاردان لە سەری، نارد بۆ پەرلەمان. **خاڵە گرنگەکانیش ئەمانە بوون:**

**1- (بەندی8)- بەپێی یاسای بنچینەیی وڵات، تێکڕای دانیشتوانی ئێران، سەر بە هەر ئاین و چین و رەگەز و بیروباوەڕیک بن، لە بەرامبەر یاسادا خاوەنی مافی یەکسانن.**

**2- (بەندی20) - ئازادییە گشتییەکان وەک ئازادیی راگەیاندن، ئازادیی سازکردنی حیزب و رێکخراوەی سیاسی و سەندیکا، هەروەها ئازادیی تاک بە فەرمیی رادەگەیەنرێ و، یاسا پشتیوانییان لێدەکات.**

3- هێز و توانای حکوومەت لە گەلەوە سەرچاوە دەگرێ و نێوەندەکانی بڕیاردانیشی بریتین لە: دەسگەی یاسادانان، دەسگەی دادوەریی و دەسگەی بڕیاردان.

4- بە پێی ئەم یاسایە، مافی بڕیاردان و دادوەریی لە چینی ئاینیی دەسەندرێتەوە و، لە بری ئەوە، دەسگەی دادوەریی وڵات ئەو ئەرکە بەڕێوە دەبات. چۆنکە دادوەریی سەربەخۆ، یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیستەمی دێمۆکراسیی. دادوەرەکان لە کاری خۆیاندا سەربەخۆن و، دەولەت مافی دەستێوەردانی نییە لە کاروباری ئەم نێوەندەدا.

5- بە پێی یاسا، فەرمان و بڕیاری شا کاتێک جێبەجێدەکریت کە وەزیری پێوەندیدار بە بابەتەکەوە ئاگادار بێ و، واژۆی وەزیری لەسەر تۆمار بکرێت.

6- پەرلەمان، مافی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەی هەیە لە کار و ئەرکی پێسپێردراوی وەزیرەکاندا!

7- (بەندی 19) - خوێندن لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە تاکو پۆلی شەشەم، لە سەرتاسەری وڵات بە تەوزیمی (اجباری) دەکرێت.

دوای خوێندنەوەی ئەم بەندانەی سەرەوە لە نێو هۆڵی پەرلەمان، مەلاکان بە تەواوەتیی لە نێوەرۆکی شۆرشی مەشرووتە و بیروباوەڕی نوێخوازیی رۆشنبیران تێگەیشتن و زانییان جێبەجێبوونی ئەم یاسایە چەند زیان لە بەرژەوەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتییان دەدات. لەبەر ئەوە دەسیانکرد بە دژایەتی لەگەڵی و، لە نێو هۆڵی پەرلەمان، بوو بە هەراوزەنا و دەمەقرەی توند. پاش چەند رۆژێک، مەلاکان بۆچوون و پێشنیازی تایبەت بە خۆیان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا گەڵاڵە کرد و، لە نێو پەرلەماندا خوێندیانەوە:

**1- بەندی (8) کە دەڵێ، هەموو تاکێکی کۆمەڵ لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن، بە پێچەوانەی ئاینی ئیسلامە و، دەبێت لاببرێت!**

**2- لە بەندی (20) دا هاتووە: "دەبێت راگەیاندن ئازاد بێت". ئەمە راست نییە و هەڵەیە و، پێویستە راگەیاندن، راستەوخۆ لە ژێر چاودێریی زانایانی ئاینیدا بێت.**

**3- بەندی (19) هەڵەیە خوێندەوارکردنی خەڵک بە زۆرەملێ بە پێچەوانەی دەستووری ئیسلامە.**

**4- یاسای سەرەکیی ئێمە خەڵکی ئیران، قورئانە و دەبێت پێرەویی لە دەستوورەکانی قورئان بکەین.**

**5– پێویستە شاندێکی پێنج کەسی لە زانایانی ئاینیی، لە نێو پەرلەماندا چاودێریی بریارەکانی پەرلەمان بکەن، بۆ ئەوەی هەر بریارێک بە پێچەوانەی ئاینی ئیسلام بوو، بتوانن ڤیتۆی بکەن. (ئەم پێشنیازە لەلایەن ئایەتوڵڵا شێخ فەزلوڵلا نوورییەوە ئاراستەی پەرلەمان کرابووا).**

بەم شێوەیە مەلاکان کە تا ئەوکات لەگەڵ پێشکەوتنخوازان لە سەنگەر و بەرەیەکدا بوون، کەوتنەسەنگەری دژایەتیکردن و، بەرە بەرە لە گەڵ حکوومەتدا چوونە سەنگەرێکەوە. شا و دەوڵەتیش کە لە رۆژێکی وا دەگەران، دەسیانکرد بە دنەدان و تیژکردنی مەلاکان لە دژی لایەنگرانی نوێخوازیی. لە نێو مەلاکاندا بە تایبەتیی **شێخ فەزلوڵلا نووریی**، هەموو شەوێک لە مینبەری مزگەوتەوە لە دژی ئازادیخوازان وتاری دەدا و، بە کافر و بێدین نێویدەبردن.

جگە لە شا و بنەماڵەکەی و کاربەدەستانی حکوومەت و مەلاکان، هەروەها بریتانیا و رووسیاش بەرە بەرە دژایەتیی خۆیانیان لە گەڵ ئازادیخوازان و ئامانجەکانیان ئاشکرا دەکرد. هۆکەشی ئەوە بوو، ئازادیخوازان کە لە نێو پەرلەماندا زۆرینە بوون، داوای هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەو ڕێککەوتننامانەیان کرد کە لە نێوان شا و دەڵەتەکەی و رووسیا و ئینگلیزدا مۆر کرابوون و دەیانگوت ئەو دوو زلهێزە نابێ چیدیکە دەست لە کاروباری نێوخۆی ئێران وەربدەن. لە بەر ئەوە ئازادیخوازان کاتێکیانزانی، لە هەموو لایەکەوە لە لایەن نەیارانی نێوخۆ و دوژمنانی دەرەکییەوە گەمارۆ دراون.

شێخ فەزلۆڵڵا نووری کە پێشتر یاسایەکی ئیسلامیی نووسیبوو، دۆخەکەی بە هەلزانی و، بۆ پەسندکردنی ناردی بۆ پەرلەمان، بەڵام ڕۆشنبیران ڕێگەیاننەدا بخوێندرێتەوە، چۆنکە دەیانزانی خوێندنەوەی، هێندەی دیکە بارودۆخەکەیان لێ ئاڵۆزتر دەکات.

لەم سەروبەندەدا، ئازادیخوازانی تەورێز، هەڵیانکوتایە سەر لەشکرگەی حکوومەت و هەرچی چەکوچۆڵ و جبەخانەی تێدابوو تاڵانیان کرد. حەمەعەلیشا بۆ ترساندنی خەڵکی تەورێز، هێزێکی نارد کە سەرکوتیان بکا، هێزی حکوومەت لە تەورێز ژمارەیەک نوێنەر و لایەنگرانی مەشرووتەیان گرت و گوللەبارانیان کردن. لەوەوە پشێوی و ئاڵۆزیی لە شاردا سەریهەڵدا. خەلکی تاران بۆ پێشاندانی ناڕەزایەتیی دووکان و

بازاڕیان داخست و، چەندین هەزار کەس لە بەردەرکی پەرلەمان مانیان گرت. هاوکات لە تەوریزیش هەزاران کەس مانیان گرت و داوای جێبەجێبوونی یاسای مەشرووتەیان دەکرد. بەڵام **حەمەعەلیشا** کە بارودۆخەکەی لە سوودی خۆیدا دەبینی، بەردەوام بوو لە بەکارهێنانی زۆروزەنگ و پیلانگێڕان.

ئازادیخوازان بۆ کەمکردنەوەی گۆشاری نەیاران لە سەریان، لە ڕووی ناچارییەوە ملیان بۆ ئەو داخوازییەی مەلاکان دانەواند کە داوایان کردبوو **"لەنێو کەسایەتی و زانایانی ئاینیی، پێنج کەس دەسنیشان بکەن، بۆ ئەوەی هەموو بڕیار و یاساکانی پەرلەمان لەگەڵ یاسا و دەستوورەکانی ئیسلامدا بەراورد بکەن".**

بەڵام سەرەڕای ئەم پاشەکشەکردنەی پەرلەمان لە بەرامبەر مەلاکاندا، کەچی **شێخ فەزلوڵڵا** نووری وازی لە پرۆپاگەندەکردن لە دژی رۆشنبیران نەدەهێنا. خەڵک و لایەنگرانی مەشرووتە هەڕەشەی کوشتیان کردلێی. ئەویش لە تاران خۆی پێڕانەگیرا و هەڵات بۆ مەزاری **شاعەبدولعەزیم** لە شاری رەی **تاران**. پاش چەند رۆژێک سەدان مەلا و فەقێ چوون بۆ **شاعەبدولعەزیم** و ئەو شوێنەیان کردە بنکەی دژایەتیکردنی پەرلەمان و بەرەی پێشکەوتنخوازەکان.

## یەکەمین جێژنی ساڵڕۆژی شۆرشی نوێخوازیی!

بەرەی شۆرشی نوێخوازیی لە ساڵڕۆژی سەرکەوتنیان، بڕیاریاندا بۆنە و جێژنێکی گەورە بگرن. بۆ ئەم مەبەستە، ماوەی چەندین رۆژ لە تاران و شارە گەورەکان خەڵک کردیان بە جێژن و شایی. لە ساڵڕۆژی کردنەوەی پەرلەماندا، باڵوێژی وڵاتانی بیانی و وەزیرەکانی حکوومەت و کەسایەتی و نێودارانی تاران بانگێشتکرابوون. لە گۆڕەپانی "بەهارستان"، هەزاران چرا هەڵکرابوون و، شەربەت و شیرینی و ساردەمەنیی لەنێو خەڵک و بەشداراندا بڵاودەکرایەوە. پتر لە نیوملیۆن حەشامەتی بەشدار لە گۆڕەپانەکە، پەیتاپەیتا و بە یەکدەنگ، درۆشمی "زندەباد مشروطە" (بژی مەشرووتە)یاندووپات دەکردەوە. بە هۆی بەشداریی ژمارەیەک لە ئایەتوڵڵاکان لە ڕێوڕەسمەکە، مووسیقا و گۆرانی بڵاونەکرایەوە، بەڵام بەردەوام چەپڵەرێزان و هاواری بژی مەشرووتە بوو.

لەولاوە، ئایەتوڵڵاکان و لایەنگرانیان کە لە گەڵ پەرلەمان کەوتبوونە ناکۆکییەوە، ژمارەیەکی کەمیان لەو بۆنە گەورەیە بەشدارییانکرد، زۆربەیان چووبوون لە مەزاری **شاعەبدولعەزیم** مانیانگرتبوو.

شێخ فەزلۆڵڵا نووری هەموو رۆژێک دەچووە سەر مینبەر و لە دژی لایەنگرانی مەشرووتە قسەیدەکرد و، دەیگوت، ئەمانە دین و ئیمانیان نییە و بە تەمان ئێران بکەن بە کۆمۆنیست و بێڕەوشتی بهێننە نێو وڵاتەوە. دەیانەوێ نێروبەرانی لەوڵاتدا بکەن بە باو، کەس خاوەنی ژن و کچی خۆی نەبێت...!

دیارە شێخ فەزلۆڵلا لەلایەن حەمەعەلیشا و سەرۆکوەزیران (ئەتابەک) ەوە هاندەدرا و، پشتیوانیدەکرا.سەرۆکوەزیر تێدەکۆشی کەسایەتییەکانی ناوداری ئاینیی لەگەڵ خۆی بخا و، بەرەی پێشکەوتنخوازان لاواز بکا، لەم هەوڵدانەشیدا تا رادەیەک سەرکەوت و توانی جگە لە شێخ فەزلۆڵلا و دارودەستەکەی، هەروەها کەسایەتیی بە ناوبانگی ئاینی و کۆمەڵایەتیی "ئایەتۆڵلا بێبەهانی" یش، بکات بە نەیاری پێشکەوتنخوازان. رۆژ لەگەڵ رۆژ، ناکۆکیی نێوان پەرلەمان و سەرۆکوەزیران پەرەیدەسەند. دەنگوباسی ناکۆکیی نێوان پەرلەمان و دەوڵەت لە نێو خەڵکدا بڵاوبووەوە، خەڵک ئەتابەک و دەوڵەتیان بەوە تاوانبار دەکرد کە نایانەوێ مل بۆ داخوازییەکان دانەوێنن و، بەردەوام پیلاندەگێڕن. لەم کاتەدا لە تەورێز دیسان خەڵک لە دژی سەرۆکوەزیر و کاربەدەستانی حکوومەت راپەڕین، داوایاندەکرد ئەتابەک لە دەسەڵات بکشێتەوە. رۆژی 8ی خەرمانانی 1286، (31/8/1907)، کاتێک سەرۆکوەزیر لەگەڵ ئایەتۆڵلا بێبەهانی لە پەرلەمان دەهاتنە دەرەوە، لاوێک ناوی عەباس ئاغا بوو، بە دەمانچە هەڵیکوتایە سەریان و سێ گوللەی نا بە سەرۆکوەزیرانەوە و، لەجێدا کوشتی.

تێرۆرکردنی ئەتابەکی سەرۆکوەزیر، بوو بە هۆی ترساندنی شازادەکان و، کاربەدەستانی حکوومەت و، تەنانەت مەلاکانیش ترسیان لێنیشت، وازیان لە دژایەتیی ئاشکرای پێشکەوتنخوازان هێنا. شێخ فەزلۆڵلا نووری کە لەنێو مەلاکاندا بەدوژمنی ژمارە یەکی پێشکەوتنخوازەکان دەژمێردرا، لەگەڵ مەلاکانی هاوڕێی،

پاش بیستنی تێرۆری سەرۆکوەزیر، وازیان لە مانگرتن هێنا و گەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان.

لەم کاتەدا، پەرلەمان بڕیاریدا چەند بەندێک بخاتە سەر یاسای بنچینەیی وڵاتەوە. بەندەکان بریتیبوون لە: 1- ئازادیی ئاین. 2-جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت و دەوڵەت. 3- سەربەخۆبوونی وەزارەتی داد. 4- چەسپاندنی مافی یەکسان بۆ هاووڵاتیانی ئێران. 5- لە نێو مەلاکاندا ئەو کەسانەیان وا شیاوی کارکردنن لە وەزارەتی داد، وەک فەرمانبەری رەسمی وەربگیرێن و مووچەی مانگانەیان بۆ ببڕدرێتەوە. 6- دەسەڵاتی سیاسیی وڵات، لە بری شا، دەبێ لە دەستی سەرۆکوەزیراندا بێ، کە ئەویش لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت. 7- کابینەی دەوڵەت پاش دەنگی زۆرینەی پەرلەمان دەتوانێ دەست بەکار بکات. 8- پەرلەمان مافی هەیە لێکۆڵینەوە لە کارنامەی وەزیرەکان بکا و بانگێشتی پەرلەمانیان بکات.

هەروەک لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەمکردپێی، زۆربەی مادە و بەندەکانی یاسای نوێ بە هێندێک گۆڕانی کەمەوە، لە یاسای وڵاتی بەلژیکاوە وەرگیرابوو کە ئەو سەردەمە و ئێستاشی لەگەڵ بێ، یەکێکە لە پێشکەوتووترین یاسای وڵاتان لە جیهان.

پەسندکردن و جێبەجێبوونی ئەم هەشت بەندەی سەرەوە لەلایەن بەرەی نوێخوازییەوە دەسەلاتی شا و شازادەکان و سەرکۆوەزیرانی بەرتەسک دەکرد، هاوکات چینی ئاینیی بە تەواوەتیی لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتدا وەلا دەنرا. لەبەر ئەوە، ئەمدوو چینە دەسەڵاتدارە دیسانەوە کەوتنە دژایەتییەکی قووڵ و بنەڕەتیی لەگەڵ پەرلەمان. لە نێو

پەرلەماندا، ریزگرتن و فەرموو قوربان و ماجوموۆچ و دەس لەملانکردنی حەفتەکانی پێشوو، جێی خۆیاندا بە جنێو و هەڕەشە و گوڕەشەی ئاشکرا لە یەکدیی. **ئایەتۆڵڵا بێبەهانی** بە تووڕەییەوە لە هۆڵی پەرلەمان چوە دەرەوە، ئامادە نەبوو لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا بەشدار بێت بەڵام پێشکەوتنخوازەکان کە لە پێشدا بە ژیری و هۆشیاریی دۆخەکەیان هەڵسەنگاندبوو، بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری **تاران** لەدەستی خۆیاندا، پێتەختیان بە (144) **گەڕەک** دابەشکرد، لەهەر گەڕەکێکیش شۆرایەک لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردران و ئەم شۆرایانە سەرپەرشتی کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەڕەکی خۆیان دەبرد بەڕێوە. پاش تەشەنەسەندنی ناکۆکیی نێوان پێشکەوتنخوازەکان و مەلاکان، سەرۆکی هەموو شۆراکانی پێتەخت، چوونە پەرلەمان و مانیانگرت و داوای پەسندکردنی ئەو بەندانەیان کرد کە پەرلەمان بڕیاری دابوو لەسەریان. لە دەرەوەی پەرلەمانیش دەیانهەزار لە لایەنگرانی مەشرووتە کە لە لایەن شۆراکانەوە سەرپەرشتی دەکران، کۆبوونەوە و داوای پەسندکردنی بەندەکانی یاسای پێشنیازکراوی پەرلەمانیان دەکرد. **مەحموودخانی ئێحتشامولسەڵتەنە** سەرۆکی پەرلەمان پیاویکی رۆشنبیر و بوێر و ئازا بوو، لەنێو پەرلەماندا بە دەنگی بەرز گوتی: **"جگە لە وەزارەتی داد، رێنادەین لایەنێکی دی دەستوەرداتە کاروباری مەحکەمە و کێشە و پرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە (دیارە مەبەستی لەلایەنی دی – مەلاکان بوون). ئەو مەلایانەش لەخۆیان رادەبینن لە وەزارەتی داد کار بکەن، دەبێ بە فەرمی**

نێونووسکرێن و، له بری کارێک که دەیکەن، مووچەیان پێبدرێت. ئەم دەستووره هەموو ئایەتۆڵلاکان - لەوانە ئایەتۆڵلا بێبەهانیش دەگرێتەوە!".

له بەردەوامیی ناکۆکیی نێوان پەرلەمان و مەلاکاندا، سەرۆکی پەرلەمان هێرشیکردە سەر مەلا بێبەهانی و پێیگوت: "سەید ئاغای سووخۆر، خەڵک دەڕووتێنێتەوە و، رێگەنادات کاروباری ولات بەپێی یاسا بڕوات بەڕێوە!".

سەرەنجام بە هۆی پێداگریی پەرلەمان و پشتیوانیی خەڵک، حکوومەت و مەلاکان، ناچارمان پاشەکشە بکەن و، له ڕۆژی 15ی رەزبەری 1286ی هەتاوی (مانگی سێپتەمبەری 1907) تێکڕای بەندەکانی یاسای بنچینەیی وڵات، لەلایەن محەممەدعەلیشاوە ئیمزاکرا.

## فەرمانی حەمەعەلیشا بۆ داگیرکردنی پەرلەمان، شەڕی نێوخۆیی تاران و شارە گەورەکانی گرتەوە!

دوومانگ پاش واژۆکردنی بەندەکانی نوێی یاسا لەلایەن حەمەعەلیشاوە پەرلەمان پەسندکردنی کابینەی نوێی دەوڵەتی خستە دەنگەوە، زۆرینەی پەرلەمان دەنگی لەسەر کابینەی نوێ دا و **ناسرمولکی** بۆ سەرۆکوەزیران هەڵبژارد. پاش ئەم سەرکەوتنە یەک لە دواییەکانەی پەرلەمان، ئەوجا بەرەی نوێخوازیی هەنگاوێکی دیکەی بۆ پێشەوە نا و، بڕیاریدا بووجەی سالانە و دارایی وڵات ڕێکوپێک بکات. بۆ ئەم مەبەستە، شاندێکی پێکهێنا بە سەرۆکایەتیی **وسووقولدەولە**، ئەم شاندە ماوەی شەش مانگ لێکۆڵینەوەی ورد و تەواوی سەبارەت بە ڕێژەی داهاتی وڵات و، تێچووی کۆشکی پاشایەتی و دەسگەکانی سەر بە حکوومەتی ئەنجامدا و راپۆرتەکەیان دا بە پەرلەمان کە بیخوێننەوە و بڕیاری لەسەر بدەن. لە راپۆرتەکەدا نووسرابوو، **داهاتی ئێران (8) ملیۆن تمەنە، بەڵام رادەی مەسرەفی کۆشک و دەسگەکانی حکوومەت، (10/5) ملیۆن تمەنە. قەرزی دەرەوەش (30) ملیۆن تمەنە.** کۆمیسیۆنی دارایی هەروەها پێشنیاز پرۆژەیەکی ئابووریيان دایە پەرلەمان بۆ چاککردنی باری ئابووریی وڵات و، کەمکردنەوەی قەرزی دەرەوە، داوایان کرد پەرلەمان (4) ملیۆن تمەن لە 10/5ملیۆن مەسرەفی حکوومەت کەمبکاتەوە. بۆ نموونە، داوا کرابوو (300000) هەزار تمەن مەسرەفی کۆشکی پاشایەتیی کەمبکرێتەوە. هەروەها (800000)

هەزار تمەن مووچەی مانگانەی پێشووی حەمەعەلیشا ببڕدرێ، چۆنکە ئەو مووچەیە هی ئەوکاتە بوو کە حەمەعەلیشا لە تەورێز دەژیا و جێگری باوکی بوو، هێشتا نەببوو بە شا. لە بەر ئەوە ئێدی پێویست ناکات ئەو پارەیە وەربگرێت. (240000) هەزار تمەنی دیکە بۆ مزەفەردینشا بڕابووەوە، لەکاتێکدا ئەو مردبووا! جگە لەمانە (60000) هەزارتمەنی دیکە لە بووجەی کۆشک دەبوو کەمبکرێتەوە، کە بۆ بەخشینی خەڵات دیاریکرابوو. پاش راپۆرتەکەی شاندی دارایی، پەرلەمان بۆی ئاشکرابوو کە شا و بنەماڵەکەی چلۆن بە شێوازی جۆراوجۆرەوە پارەی وڵاتیان هەڵلووشیوە و، وڵاتەکەیان تووشی هەژاری و برسێتیکردووە و، لە پێناو خۆشگوزەرانیی خۆیاندا ملیۆنان تمەنی دیکەشیان لە وڵاتانی ئینگلیز و رووسیا قەرزکردووە.

کۆمیسیۆن پێشنیازیکردبوو، مووچەی شا لە مانگدا ببێت بە (30000) هەزار تمەن، مووچەی مانگانەی شازادەکان لە 115 هەزار تمەنەوە بکرێت بە 12 هەزار تمەن.

پڕۆژەپێشنیازی کۆمیسیۆنی دارایی، رۆژی (8)ی نۆڤەمبەری 1907، بەبێ هیچ گۆڕان و دەستێوەردانێک لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکرا.

لەم کاتەدا جگە لە شا و شازادەکان و کاربەدەستانی حکوومەت و مەلاکان، کاربەدەستی رووسیا (شاپشاڵ مامۆستا و راوێژکاری تایبەتی شا) و کاربەدەستی ئینگلیز (مارلینگ) لە تاران، ئەمانیش رێیان پێشانی حەمەعەلیشا دەدا کە چۆن و بە

چ ڕێگە و شێوازێک بتوانێت پەرلەمان و بەرەی پێشکەوتنخوازان تێکبشکێنێت.

حەمەعەلیشا جارێکیتر هێزی خۆی لە بەرامبەر لایەنگرانی مۆدێرنیتە تاقیکردەوە و، لە ڕۆژی پانزەی سەرماوەزی هەر ئەو ساڵەدا، ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی بۆ کۆشکی خۆی بانگێشتکرد و، پێیڕاگەیاندن، کاری پەرلەمان دیاریکردنی مادە و بەندەکانی یاسایە، بەڵام ئێوە (پەرلەمان) کاروباری بەڕێوەبردن و سەرۆکایەتیی وڵاتیشتان خستووەتە دەستی خۆتانەوە، لە کاتێکدا ئەمە خۆی پێچەوانەی یاسایە. هەروەها من سوێندم خواردووە کە ڕێز لە یاسا بگرم و ئێوە و ولات بپارێزم، ئیدی چ پێویستدەکات شۆرای گەڕەکەکان بمێنن؟ لە بەر ئەوە داوای ئێمە ئەوەیە شۆرای گەڕەکەکان هەڵوەشیننەوە؟!

ڕۆژیدوایی پەرلەمان کۆبووەوە، دوای هەڵسەنگاندنی لێدوانەکەی شا، نامەیەکیان نووسی بۆی، کە پەرلەمان لە سنووری دەسەلاتی خۆی لاینەداوە و، بەپێی یاسا بوونی ئەنجومەن و شۆرا و سەندیکا ڕەوایە، لەبەر ئەوە شۆرای گەرەکان وەک خۆیان دەمێننەوە!

شا، دوای خوێندنەوەی نامەی پەرلەمان، خەون و خواردنی لێهەڵگیرا و رق و بێزارییەکی بێسنوور مێشک و بیری داگرت و بڕیاریدا هەموو هەوڵ و توانای بخاتەگەڕ بۆ لە نێوبردنی پەرلەمان. لە ڕۆژی 1286/9/23ی هەتاوی (15ی دیسەمبەری 1907)، سەدان شەقاوە و لات و چەقۆوەشین و سەرسەری و

باجسێنی گەڕەکەکانی سنگلج و چالەمەیدانی تاران بە سەرۆکایەتیی موقتەدر نیزام و سەنیع حەزرەت، بە دار و گورز و قەمە و چەقۆ و خەنجەرەوە بەرەو پەرلەمان و قوتابخانەی "سپاسالار" کەوتنەڕێ. ناسرمولکی سەرۆکوەزیر زانی دۆخەکە بەرەو پشێویی دەچێ، خۆی کشاندەوە و، چوو لە ماڵی خۆی دانیشت. تیپەکانی شەقاوە و لات، کاتێ گەیشتنە بەردەرگای پەرلەمان، دەستیانکرد بە جێنودان بە ژن و منداڵ و کچی ئەندامانی پەرلەمان و بەردبارانکردنی حەوشە و دەرگە و پەنجەرەی پەرلەمان. پاسەوانەکانی پەرلەمان کە لەنێو دڵسۆزان و لایەنگرانی پێشکەوتنخوازان هەڵبژێردرابوون دەرگەی پەرلەمانیان داخست و لەسەربانی پەرلەمانەوە تەقەیان لە دەستەی لاتەکانی سەر بە حەمەعەلیشا کرد. شەقاوەکان لەگەڵ بیستنی دەنگی تەقە، بەرەو گۆڕەپانی "تۆپخانە" هەڵاتن.

لە گۆڕەپانی "تۆپخانە"، کە لە نێوەڕاستی شاری تاران هەڵکەوتووە، لەلایەن سوپاوە دەیان خێوەت هەڵدرابوو، سوپاسالار و کۆمەڵێک لە ئەفسەرەکانی سوپاش چووبوونە ئەوێ بۆ سەرپەرشتیکردنی پلانی رووخاندنی پەرلەمان. بۆ راکێشانی زیاتری خەڵک بۆ نێو گۆڕەپانەکە و رێکخستنیان بۆ هێرشکردنە سەر پەرلەمان، دەیان مەنجەڵی گەورە گەورەی برنج و گۆشت و شلە و شۆرباو سەر ئاور نرابوون و، هەواڵ و مزگێنی خواردنی خۆڕایی کۆڵان بە کۆڵان و ماڵ بە ماڵ دەگەڕا. لە رۆژی دووەمدا گۆڕەپانەکە لە حەشامات جمەی دەهات و هەزاران

چەکداری لێ کۆببووەوە. لەم نێوەدا کۆمەڵێک لە مەلاکانیش خۆیانگەیاندە تۆپخانە و، پاش خواردنی نیوەڕۆخوانی چەوری شاهانە، چوونە سەر مینبەر و، دوای گێڕانەوەی بەسەرهاتی سامناکی ئیمام حسێن لە کەربەلا، فتوای کوشتنی پێشکەوتنخوازانیان دەر کرد و گوتیان لایەنگرانی مەشرووتە، لایەنگری بکوژانی ئیمام حسێن و بنەماڵەکەین و، دژ بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و گەورەکانی ئیسلامن و دەیانەوێ وڵاتەکەمان بکەن بە کافرستان. لەبەر ئەوە کوشتنیان حەلاڵە!!

هێژای گۆتنە، کۆمەڵێک لە مەلاکان کە ئایەتوڵلا تەباتەبایی و بێبەهانیی نوێنەرایەتییان دەکردن، لە ململانێ و کێشمەکێشی نێوان شا و پەرلەمان، سیاسەت و هەڵوێستیان زۆر هەلپەرستانە بوو، لە ناکۆکیی هەردوولا سوودیان وەردەگرت بۆ دەستخستنی دەستکەوتی سیاسی و ئاینیی خۆیان و، چەسپاندنی باوەڕەکانی ئاینیی لە نێو یاسا و بەڕێوەبەریتیی کۆمەڵدا. لە لایەک دژی ئەوە بوون، هەموو دەسەڵات لە دەستی شادا بێ و، دیکتاتۆریی بەسەر وڵاتدا بسەپێنێ و حیساب بۆ چینی ئاینیی نەکا و، رووسیا و ئینگلیز سیاسەتی ئێران بگێڕن، لە لایەکی دیکەشەوە دژی ئەوە بوون، پێشکەوتنخوازان لە وڵاتدا باڵادەست بن و، جێ پێ بە چینی ئاینی و بەرژەوەندییان لێژ بکەن. وەک دواتر لە رەوتی رووداوەکانی شۆرشی نوێخوازیدا دەیبینین، بە رادەیەکی زۆریش لە جێبەجیکردنی ئەم سیاسەتەیاندا سەرکەوتن.

سەرۆکی پەرلەمان (ئێحتشامولسەڵتەنە) بە نیازی هێور کردنەوەی دۆخەکە براکانی خۆی عەلائۆلدەولە و موعینلدەولەی نارد کە چاویان بە شا بکەوێ و، گلەوگازندەی پەرلەمان لە هێرشی لاتوبەرەڵلاکانی تاران بە ئاگاداریی شا بگەیەنن و، داوای لێبکەن پێش بەو رووداوانە بگرێت. کاتێک ئەم دوو کەسە گەیشتنە لای شا پەیامی سەرۆکی پەرلەمانی پێڕابگەیەنن، ئامادە نەبوو گوێ لە قسەیان بگرێ، جنێوبارانی کردن و فەرمانیدا بە پاسەوانەکانی بیانبەستنەوە و فەلاقەیان بکەن. پاش لێدان و دارکاریکردنیان کۆت و زنجیری کردن و بۆ هەرێمی مازندەران دووریخستنەوە. لە رۆژی دواییدا، چەند وەزیرێک بە راسپاردەی پەرلەمان، چوون بۆ لای شا و داوایانکردلێی براکانی سەرۆکی پەرلەمان ئازاد بکات. بەڵام حەمەعەلیشا نە هەر ئەوانیشی لە جنێو و وشەی دزێو و ناشیرین بێبەشنەکرد بەڵکوو هەڕەشەی کوشتنی لێکردن. هەڵسوکەوتی شا لەگەڵ وەزیرەکان و براکانی سەرۆکی پەرلەمان، لە شاری تاران بڵاو بووەوە. شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازان کە لە مەبەستی شا تێگەیشتبوون، بەرەو پەرلەمان چوون، بۆ ئەوەی لە بەرامبەر هێرشی سوپا و گۆپاڵبەدەستەکانی شادا بیپارێزن. ژمارەی ئازادیخوازان لە دەوروبەری پەرلەمان گەیشتە بیست هەزار کەس. شۆرای سەرپەرشتیکردنی بەرگریی هەڵبژێردرا و هەزاران کەس بە سەرە، شەو و بە رۆژ کێشکیان دەدا. ئەم حەشامەتە زۆرە شۆرشگێرە تەنیا بیست دانە چەکیان پێبوو. شۆرای گەڕەکەکان

بۆ پەیداکردنی چەکی زیاتر ئاگادار کران، لە ڕۆژی 25ی بەفرانباردا (2700) چەکی سووکەڵەی جۆراوجۆر گەیشتە دەستی شۆرشگێرانەوە.

لەم کاتەدا، حکوومەت بۆ بزواندنی هەستی ئاینیی خەڵکەکە، شێخ فەزڵۆڵڵا نووریی دەهێنن بۆ مەیدانی تۆپخانە و، ئەویش دەستدەکات بە هاوار و گریان و پاڕانەوە لە خودێ، کە ئێرانی شیعە و ولأتی ئیمام حسێن لە بەرامبەر مەشرووتەخوازەکانی بێدیندا بپارێزێت.

لە گۆڕەپانی تۆپخانە کوڕێکی لاو لەلایەن گۆپاڵبەدەستەکانی لایەنگری شاوە گیرا، بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ئازادیخوازان. دەیان کەس لە لات و شەقاوەکان و لایەنگرانی شێخ فەزڵۆڵڵا نووری پەلاماریاندا دوای لێدان و بریندارکردنی ئەوجا کوڕی مەلا سەید نەقیب، ملی لاوی داماوی لە دواوە گرت و، هاواریکرد: "ئەی موسڵمانان، من یەکەم کەسم چاوی مەشرووتەخوازەکان دەردێنم! لە ڕۆژی قیامەتدا لە لای باپیرە گەورەم شاهیدیم بۆ بدەن!". ئەوجا بە خەنجەر هەردوو چاوی کوڕەکەی دەرهێنا، وەک قەساوی قوساوخانە دڵ و ورگی ئەنجن ئەنج کرد. بە دوایدا دەیان کەس لە لایانگیرانی شێخ فەزوڵڵا نووری، ئەندامەکانی لەشی لاوەکەیان بە قەمە و چەقۆ لە یەکدیی جیا کردەوە، بە دارەوە هەڵیانواسی.

دۆخەکە ئاڵۆز و هەستیار دەبێت، پەرلەمان بە هیچ شێوەیەک ئامادە نابێ لە بەرامبەر حەمەعەلیشادا پاشەکشە بکات. ئەم

هەڵوێستەش دەبێتە هۆی دڵگەرمیی زیاتری خەڵک و لایەنگرانی مەشرووتەخوازیی. لە ئازەربایجانەوە سەتان بروسکەی پشتیوانیی لە پەرلەمان دەگاتە تاران. ئازادیخوازانی شاری تەورێز، لە برووسکەیەکدا داوا لە حەمەعەلیشا دەکەن لە دەسەلات بکشێتەوە چۆنکە یاسای وڵاتی پێشێلکردووە و، سوێندی بە درۆ خواردووە. پەیتا پەیتا لە شارە گەورەکانی ئێرانەوە برووسکەی پشتیوانیی لە پەرلەمان، دەگاتە تاران. شاندێکی شەشکەسی لە پەرلەمانەوە بۆ چارەسەری کێشەکان دەچێت بۆ کۆشکی شا و، پاش لێدوانی زۆر و پێداگریی لە سەر داخوازییەکانیان سەرەنجام شا و حکوومەتەکەی پاشەکشە دەکەن و، رازیدەبن بەوەی کە داوا لە سوپا و دارودەستەی مەلاکان و دەستەکانی چاوبرسی و هەڵمەتەکاسە و شڕەخۆر و قەمەوەشێنەکانی تاران بکەن گۆڕەپانەکە چۆڵبکەن و بڕۆنەوە بۆ مۆڵگە و شوێن و ماڵی خۆیان. جێبەجێکردنی فەرمانی شا، لەلایەک شکستێکی سیاسیی گەورە بوو بۆ شا و، هێندەی دیکە رێز و کەسایەتیی شای لەنێو خەڵکدا هێنایە خوارەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، شکستێکی گەورەتر بوو بۆ مەلاکان، کە لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا، ریزی خۆیان لە خەڵک جیاکردەوە و، چوونە پاڵ شا و حکوومەتە زۆردار و وابەستەکەیەوە.

شاندی پەرلەمان، جگە لە ناچارکردنی شا بۆ چۆڵکردنی گۆڕەپانی تۆپخانە بە هێزەکانی، هەروەها لە ڕۆژی 30ی بەفرانبار (23ی دێسەمبەری 1907)، حەمەعەلیشای ناچارکرد

که بەخەتی خۆی، لە پشتی بەرگی قورئانێکدا بنووسێ: "بەم قورئانە سوێند دەخۆم رێز لە بناخەکانی شۆرشی نوێخوازیی دەگرم، پارێزگاریی لە یاسای بنچینەیی ئێران دەکەم!". ئەوجا لە ژێر سوێندخواردنەکەی ناوی خۆی نووسی و واژۆی کرد.

لەم کاتەدا چەند رۆژنامەیەک پەیدابوون کە بابەتی جۆراوجۆریان بڵاودەکردەوە، گرنگترینیان رۆژنامەی مجلس (پەرلەمان) بوو لەلایەن ئایەتوڵلا سەید محەممەد تەباتەبایی دەردەکرا و جیا لە خستنەڕووی روانگەی ئاینیی، هەروەها وتاری ئازادیخوازیشی تێدا بڵاو دەکرایەوە. دووەمیان رۆژنامەی صور اسرافیل بوو کە لەلایەن چەند سەرکردەیەکی شۆرشی نوێخوازییەوە بڵاو دەکرایەوە. بە وتەی عبداله مستۆفی کە لە پەرتۆکی (شرح زندگی من، یا تاريخ اجتماعی و اداری دوره قاجاريه) ئاماژەی پێکردووە دەڵێ: "حەفتەنامەی صور اسرافیل خوێنەری زۆر بوو، چاپی هێندێک لە ژمارەکانی دەگەیشتە 24000 دانە". رۆژنامەکانی دیکەی ئەو سەردەمە، بریتیبوون لە مساوات"، روح القدس، حبل المتين. بوونی ئەم رۆژنامانە، بە تایبەتی رۆژنامەی صور اسرافیل لە هۆشیارکردنی خەڵک و خستنەڕووی پیلانەکانی شا و رووداوەکانی ئێران رۆڵی کاریگەریان دەگێڕا.

هاتنی ساڵی 1287ی هەتاوی (1908) هاوکاتبوو لە گەڵ سەرهەڵدانی پشێوی و ئاڵۆزیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە سەرتاسەری وڵات. چەتە و رێگر لە زۆربەی هەرێم و ستانەکان پەیدابوون. لە هێندێک لە گەڕەکەکانی تارانیش، سەردەستەی

شەقاوەی هەر گەڕەکێک، هەروەک داروغەی شار باجیان لە دانیشتووانی شەقام و کۆڵانەکانی سنووری خۆیان دەسەند. سەرۆکوەزیر نزامولسەلسەڵتەنە کاتێک زانی توانای چاککردنی دۆخەکەی نییە، وازیهێنا و خۆی خانەنشین کرد. شازادەکان و تێکڕای گەورەکانی هۆزی قاجاڕ مەترسییان لێنیشت و بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وڵات، لە رۆژی 30 مای 1908 دا چوون بۆ لای "عضدالملک" (سەرۆکی هۆزی قاجاڕ)، کە راوبۆچوونی وی بزانن و، پێکەوە چارەیەکی ئەو بارە نالەبارە بکەن.

چەند رۆژ دواتر، باڵوێژی رووسیا و کارگێڕی سەرەکیی بریتانیا لە تاران، پاش وتووێژ و راگۆڕینەوە لەگەڵ یەک، چوون بۆ لای حەمەعەلیشا و، گوتیان پێی: "بیر و ئامانجی رێبەرانی شۆرا و ئەنجومەنەکانی تاران ئەوەیە بەرێزت لە پاشایەتیی بخەن و، حکوومەتێکی دیمۆکراتیک بهێننە سەرکار. گوتیشیان، ئەگەر شتێکی وا رووبدات، ئێمە (رووسیا و بریتانیا) پشتیوانیی لە بەرێزتان و لە مانەوەی پاشایەتیی قاجاڕ دەکەین!".

پاش ئەم دیدارە گرنگە سەرۆکوەزیری نوێ (موشیرولدەولە)، بە پەلە نێردرا بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی راپۆرتی تەواوی کۆبوونەوە سێقۆڵییەکەی حەمەعەلیشا و باڵوێژی بریتانیا و رووسیا بدات بە گوێی پەرلەماندا و ترس خاتە دڵیانەوە. رۆژێک دواتر، حەمەعەلیشا بە سواری درۆشکە لە گەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دەسوپێوەند و پاسەوانەکانی لە کۆشکی گوڵستان هاتە

دەرەوە، بەرەو کۆشکی باخیشا، رۆیشت کە لە نێوەڕاستی تاراندا هەڵکەوتووە، بۆ ئەوەی راستەوخۆ پیلانی رووخاندنی پەرلەمان سەرپەرشتی بکات.

لە بەیانیی رۆژی پێنج شەممەدا نەخشەی پەلاماردانی پەرلەمان کەوتە بواری جیبەجیکردنەوە. لە پێشدا، تیپێکی سەرباز رژانە نێو شار و دەسیانکرد بە هاوار و هەڕەشەکردن لە خەڵکی نێوشەقامەکان کە لە هاتووچۆدابوون، بە قۆناخە تفەنگ و دار و مستەکۆڵە بەربوونە لێدان و بڕینی گیرفانی خەڵک و پەیتاپەیتا تەقەیان بە ئاسماندا دەکرد. هاوکات دوو دەستە سواری چەکدار بەرەو پەرلەمان رێکەوتن و تیپێکی دیکەش بەرەو مەیدانی تۆپخانە کەوتەڕێ. قیڕە و هەراوزەنا و هاوار و قیژەی خەڵک و سەربازەکان، شاری تارانی بە جارێک شڵەژاند، دووکان و بازاڕ و قوتابخانەکان داخران و، خەڵک بە پەلە بەرەو ماڵانی خۆیان هەڵدەهاتن. جاڕی رەشبگیریی دەرکرا و، لە رۆژی هەینیدا سەربازەکان هەرکەسیان دەدیت بە دار وقۆناخی تفەنگ دایاندەپڵۆسی. محەممەد عەلیشا بەیانێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکیدا نووسیبووی: بەرژەوەندیی گەل لە لایەن کۆمەڵێک خۆفرۆشەوە یاریی پێدەکرێت. دەوڵەتی ئێران لە گەڵ دەولەتانی گەورەی دنیا هاوپەیمان و هاوبەرژەوەندە، هەموو ئەوانە لە نێو دەبەین کە خۆفرۆش و بێڕەوشتن.

پەرلەمان کەوتەخۆ، لەڕێگەی بروسکەوە شارەکانی ئێرانی لە پیلانی هاوبەشی حەمەعەلیشا و رووسیا ئاگادار کردەوە.

ئایەتۆڵڵا تەباتەبایی و بێبەهانیش بروسکەیان نارد بۆ ناوەندەکانی ئاینیی لە شارە گەورەکان و داوایانکرد لە بەرامبەر پیلانی حەمەعەلیشا بێدەنگ نەبن. لە ڕۆژی 12ی جۆنی 1908، حەمەعەلیشا پەیامێکی نارد بۆ پەرلەمان و داوایلێکردن دەبێ چوار کەس تەسلیم بکەن، یان لە ئێران بڕۆنە دەرەوە! ئەم چوارکەسە بریتیبوون لە: 1- میرزا جەهانگیرخانی شیرازی سەرنووسەری ڕۆژنامەی صوراسرافیل. 2- سەید محەممەد رەزا مساوات سەرنووسەری ڕۆژنامەی مساوات. 3- ئایەتۆڵڵا مەلک المتکلمین(1*). 4- مەلا جمال الدین واعظ.

پەرلەمان وەرامی داخوازییەکەی شای نەدایەوە و ئامادە نەبوو ئەو چوار کەسە تەسلیمی شا بکات. حەمەعەلیشا لە تۆڵەی پشتگوێخستنی فەرمانەکەی،دەستەیەک قەزاقی نارد و لە شەویخوێنێکدا هەڵیانکوتایە سەر ماڵی سلێمانخانی مەیکەدە، کە یەکێکبوو لە سەرکردەکانی ئازادیخوازان، لە ماڵەکەیدا خۆیدا گرتیان و دەستوپێیان بە زنجیر و قوفڵ بەستەوە و بردیان بۆ باخیشا. پاش گیرانی سلێمانخان، سەرکردە و کەسایەتییەکانی ناوداری شۆڕش، بۆ پاراستنی گیانیان و بۆ ئەوەی بتوانن لەو بارودۆخە هەستیارەدا بە بەشداریی زۆرینە بڕیاربدەن، وایان بە باشزانی هەموویان لە پەرلەمان بن.

پاش ئەوەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی ویلایەتی تەورێز بە پیلانی حەمەعەلیشای زانی، بە ناوی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و تێکرای دانیشتوانی تەورێز، ڕاگەیەندراوێکیان دەرکرد و لەڕێگەی

بێتەلەوە ناردیان بۆ تاران و بۆ شارە گەورەکان. لە نامەکەدا داوایان لە حەمەعەلیشا کرد بۆ کۆتاییهێنان بە کێشە و ئاڵۆزیی وڵات، واز لە دەسەڵات بێنێت!

لە ڕۆژی شەمە 3ی جۆنی 1908، سەدان چەکداری لایەنگری مەشرووتە لە تارانی پێتەخت خۆیانگەیاندە دەوروبەری پەرلەمان. هاوکات داوای یارمەتیی لە تەوریز کرا، بەڵام ئازادیخوازانی تەوریز، ڕۆژێک پێشتر، لەگەڵ هێزی چەکداری حکوومەت و چەکدارەکانی ئەنجومەنی ئیسلامی و لات و شەقاوەکانی گەڕەکی "دۆچی" تووشی جەنگێکی گران و خوێناویی هاتبوون.

حەمەعەلیشا ڕاگەیەندراوێکی دیکەی نووسی و لە ڕێگەی بێتەلەوە لە تاران و هەموو شارەکان بلاوکرایەوە. لە کۆپلەیەکی بروسکەکەدا نووسیبووی: ئەم پەرلەمانە، دژ بە نوێخوازییە! لەمڕۆ بەدواوە هەر کەسێک لە فەرموودەی ئێمە لابدات، بە توندترین شێوە سزا دەدرێت!. دوو ڕۆژ دوای ئەم ڕووداوانە، هێزەکانی قەزاق بەرەو پەرلەمان ڕێکەوتن و گەمارۆیاندا. هەشت تۆپی گەورەشیان هێنا لەبەرامبەر پەرلەماندا دایانمەزراند.

دوو ڕۆژ دواتر و لە ڕۆژی سێشەممە، لە گەڵ هەڵهاتنی هەتاو، شەڕێکی گران و خوێناویی دەسپێکرد. ئازادیخوازان توانییان چەند هێرشێکی لەسەر یەکی هێزی قەزاق تێکبشکێنن، بەڵام بە هۆی تۆپبارانی پەرلەمان و سەنگەرەکانی ئازادیخوازان لە لایەن هێزی قەزاق بە فەرماندەیەتیی سەرهەنگ "لیاخۆف"ی

رووسیی،  توانای بەرگریکردنیان نەما و پاش کوژرانی 1200 ئازادیخواز و، کوژران  وبرینداربوونی 250 چەکداری حکوومەت و، دوای چوار سەعات نەبەردی خوێناویی، هێزەکانی حکوومەت شانبەشانی ژمارەیەک چەکداری موسڵمان و سەدان شەقاوە و شڕەخۆری تاران ڕژانە نێو پەرلەمانەوە، لە کەلوپەلی نێو پەرلەمان لە مافوور و تابلۆ و شتی بەنرخی نێو ژوورەکانەوە هەتا بڕینی گیرفانی پەرلەمانتارە کوژراوەکان و دەرهێنانی پارە و سەعات و ئەنگوستیلەی دەستیان، هەتا دەرهێنان و ڕفاندنی کورسی و دەرگا و پەنجێرەی ژوورەکان، هەرچییەک بەرلەپیان کەوت، خڕیانکردەوە و لەگەڵ خۆیان بردیان. هۆدەکان و تەلاری کۆبوونەوەیان وێران کرد و لەو پەرلەمانە رازاوەی رۆژی پێشوو کەلاوەیەکیان لە پاش خۆیان بەجێهێلا.

ژمارەیەک لە ڕێبەرانی شۆرش کە توانیبوویان بە یارمەتیی هێندێک لە ئازادیخوازان، لە پەرلەمان رابکەن و خۆیان لە حەوشەی ماڵی ئەمینولدەولەدا بشارنەوە بە هۆی ئاشکراکردنیان لەلایەن خانەخوێکەیانەوە بە شوێنەکەیان زانرا و هەموویان دەسبەسەرکران. ئەم کەسانە بریتیبوون لە: **ئایەتوڵڵا بێبەهانی، ئایەتوڵڵا تەباتەبایی، حەکیم ئەلمولک، سەرۆکی پەرلەمان مومتاز ئەلدەولە، مەلک المتکلمین، میرزا جەهانگیرخان و میرزا قاسمخانی سەور.**

هێزەکەی حکوومەت ڕێبەرانی شۆرش و ژمارەیەک لە گیراوانی دیکەی بە دەستوپێبەستراویی گواستەوە بۆ باخیشا. لەوێ، پاش

شکەنجە و دارکاریکردنیان، ئەوجا دەستوپێ و ملیان لە زنجیر ئالاند و بردیانن بۆ لای شا. کاتێک مەلک ئەلمتکلمین و میرزا جەهانگیرخان بە دەستوپێبەستراوی و سەرولەشی خوێناوییەوە چاویان بە حەمەعەلیشا کەوت، بەدەنگی بەرز قسەی سووکیان پێوت، شایان بە هۆکاری ئاژاوەی وڵات و دەستێوەردانی بێگانە ناوبرد. شا فەرمانی کوشتنیانیدا و، هەر لەو ڕۆژەدا بە گوریس ئەم دوو کەسایەتییە ئازادیخوازە لە باخیشادا خنکێندران.

بۆ رۆژی دوایی سەرهەنگ لیاخۆف لە تاران فەرمانی ریبەندبوونی هاتووچۆی راگەیاند و راگەیاندراوێکیشی بڵاو کردەوە. لە راگەیاندنەکەدا نووسیبووی: "لەبەر ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان کە پێکهاتەیەک بوون لە بێڕەوشتەکان و، لە بەرامبەر هێزی حکوومەتدا وەستان و شەڕیانکرد، سزا دەدرێن، پەرلەمانیش بۆ ماوەی سێ مانگ دادەخرێ و، لە جێی ئەوانی پێشوو، کەسانی دیکە بۆ ئەندامەتیی پەرلەمانی نوێ هەڵدەبژێردرێن".

ئەگەرچی حکوومەت لە بەیانێکی فەرمیدا لێبوردنی گشتیی دەرکردبوو، بەڵام راوەدوونان و گرتن و لە سێدارەدانی ئازادیخوازان هەر بەردەوامبوو. کەسایەتییەکی ئازادیخوازی دیکە نێوی سوڵتان عولەمای خۆراسانی سەرنووسەری روح القدس بوو، پاش گیران و شکەنجەدانی دڕندانەی، ئەویشیان لە باخیشادا بە گوریس خنکاند. دادگەی سەربازیی لە باخیشا بە سەرۆکایەتیی شازادە مۆئەید سەڵتەنە و سەید موحسین، لە

ماوەی چەند ڕۆژێکدا سەدان ئازادیخوازیان لە سێدارەدا. ئایەتوڵڵا بێبەهانی و تەباتەبایی لە تاران دوورخرانەوە و ژمارەیەکی دیکەش لە ئازادیخوازان کە ڕێی هەڵاتنیان نەبوو، پەنایان بردە بەر باڵوێزخانەی ئینگلیز. بەکورتی، ئازادیخوازان بەرەوڕووی دۆخێکی گەلێک دژوار و سامناک هاتبوون.

ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی هەرێمی تەورێز، پاش ئەوەی لە کودەتاکەی حەمەعەلیشا و داگیرکردنی پەرلەمان و کوژرانی ژمارەیەک لە ڕێبەرانی شۆڕش ئاگاداربوون، بڕیاریاندا لە بەرامبەر شادا بوەستن و، بەربەرەکانێی بکەن. شاری تەورێز ببوو بە دوو کەرتەوە، نیوەی شار لە دەستی ئازادیخوازاندا بوو کە لەلایەن سەتارخان و باقرخانەوە دەبرا بەڕێوە. نیوەکەی دیکەش لە دەستی هێزی هاوبەشی حکوومەت و انجمن اسلامیه بە سەرۆکایەتیی میرسەید هاشم و حاجی میرزا حەسەنی پێشنوێژدا بوو، کۆنسولخانەی رووسیاش لە تەورێز پشتیوانیلێدەکردن و، ڕێوشوێنی پێشاندەدان.

لەماوەی چەند ڕۆژێکدا کە شەڕ و لێکدان لە تەورێز درێژەی کێشا، سەرکۆنسولی رووسیا پەیتاپەیتا پەیامی دەنارد بۆ ئازادیخوازان و، شکستی پەرلەمان و سەرکەوتنی حەمەعەلیشای لە تاران دەدا بە گوێیاندا و، داوایلێدەکردن، لەخۆڕا خۆیان و خەڵک بە کوشتن نەدەن، مەلاکانی ئەنجومەنی ئیسلامییەش، فتوایەکیان دەرکرد و گوتیان: هەر کەسێک لە بەرەی مەشرووتەدا بێت، خزمەتی بابی و ناموسڵمان و دوژمنانی ئیسلام دەکات. ئەو

کەسانەی وا لە گەڵ مەشرووتەدا نین، یان لە هاوکاریکردن لە گەڵ مەشرووتەخوازی دوژمنبەدین واز دەهێنن، پێویستە ئالای سپی لەسەرماڵەکانیان هەڵدەن، بۆ ئەوەی هێرش نەکرێتە سەر ماڵەکانیان".

ئەم بانگەشە و پرۆپاگەندانە کاریانکردە سەر بەشێکی زۆر لە لایەنگران و ئەندامانی ئازادیخوازان و خۆیان کشاندەوە و ئالای سپییان هەڵدا، بەڵام **سەتارخان** و **باقرخان** بە ورەی بەرزەوە هانی شۆڕشگێڕانیان دەدا کە فریوی ئەو درۆ و دەلەسانە نەخۆن و بەردەوام بن لە سەر وەرگرتنی داخوازییەکانیان.

لە **تەورێز**، شەڕ پێینایە حەفتەی دووەم، هێزی حکوومەت سەرەڕای زۆریی چەک و ژمارەی چەکداری نەیتوانی سەرکەوێت. سەرکۆنسولی **رووسیا** راستەوخۆ چووە دیداری **سەتارخان** و داوایلێکرد پەنا بباتە بەر کۆنسولخانەی **رووسیا**، گیانی دەپارێزرێت، بەڵام **سەتارخان** داواکەی دایە دواوە. مەبەستی سەرۆکی کۆنسولخانەی **رووسیا**، خافڵاندنی **سەتارخان** و هێزەکەی بوو، چۆنکە هێزێکی گەورەتری حکوومەت لە **تارانەوە** بۆ **تەورێز** بەڕێوە بوو، لە بەر ئەوە حکوومەت، نیازی وتووێژی نەبوو، بەڵکو پێویستی بەکات بوو بۆ بنەبڕکردنی خۆڕاگریی ئازادیخوازانی **تەورێز**.

سەرکوتی بێبەزەییانەی ئازادیخوازان و، لایەنگرانیان لەلایەن هێزی چەکداری حکوومەت بە سەرپەرشتیی ئەفسەرەکانی رووسیاوە، هێندەی دیکە رق و بێزاریی هەموو چین و توێژێکی

بەرامبەر حەمەعەلیشا و حکوومەتی رووسیا زیاد کرد. لە سەر داوای ئایەتوڵڵا تەباتەبایی و بێبەهانی و کۆمەڵێک لە ئایەتوڵڵا و مەلاناسراوەکانی نێوخۆی ئێران، ئایەتوڵڵاکانی گەورەی شیعە کە لە نەجەف و کەربەلا دادەنیشتن، لە فتوایەکدا رایانگەیاند: هێرشکردنی سەربازیی بۆ سەر دانیشتووانی شاری تەورێز، هەروەک هێرشکردنە بۆ سەر ئیمامی زەمان! نابێ هیچ موسڵمانێک هاوکاری رووسیا و هێزی حکوومەت بکا لە دژی موسلمانانی شاری تەوریز!

## ئازادکردنی شاری تاران لەلایەن هێزەکانی کوردی بەختیاری و، شۆرشگێڕانی گێلان، هەڵاتنی حەمەعەلیشا!

لەم کاتەدا، حەمەعەلیشا بە یارمەتیی شێخ فەزڵوڵڵا نووری بۆ چەواشەکردنی خەڵک شانۆگەرییەکیان خستەڕێ. لە پێشدا شا رایگەیاند، وایبەباشدەزانێ لە مانگی گەلاڕێزاندا هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ئەنجامبدرێت! ئەوجا شێخ فەزڵوڵڵا نووریش لە نێو خەڵکدا دەستیکرد بە کۆکردنەوەی واژۆ، کە مەشرووتەمان ناوێ و، داوا لە شا دەکەین واز لە پەسندکردنی مەشرووتە بهێنێت! پاشان لە بۆنەیەکی تایبەتدا کە شا بۆخۆشی تێیدا بەشدار بوو، تۆماری ناوەکانیان دایە دەستی کە واژۆی بکا و بە نووسین داواکە پەسند بکات! حەمەعەلیشا نووسی: لەسەر داوای تێکڕای دانیشتووانی موسڵمانی ئێران، واز لە دامەزراندنەوەی پەرلەمان دەهێنم!. پاشان نەخشەی خۆی بۆ دامەزرانی ئەنجومەنی بەرزی حکوومەتیی ئاشکراکرد و گوتی، نوێنەرەکانی ئەم ئەنجومەنە، لە پەنجا کەس پێکدەهێنرێن و دەسنیشانکراوی خۆم دەبن، مانگی دوو جار بۆ پێڕاگەیشتن بە کێشە و پێداویستییەکانی خەڵک کۆ دەبنەوە!

حەمەعەلیشا بە سەرکەوتنی لە تاران سەرخۆشبوو، سەرقاڵی چەسپاندنی زیاتری دەسەڵاتی سیاسیی خۆیبوو، لە ناکاو هەواڵی پێگەیشت کە ئازادیخوازان لە تەورێز، هێزی حکوومەت و مەلاکان و لایەنگرانی ئەنجومەنی ئیسلامی و شەقاوەکانی تەورێزیان تێکشکاندووە و، شاری تەورێز بە تەواوەتیی کەوتووەتە دەستی ئازادیخوازانەوە.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئازادکرانی تەوریز، ورەیەکی تازەی بە ئازادیخوازانی تاران و شارەکانی ئێران و خەڵک بەخشی. لە هەرێمی گێلان لە باکووری ئێران، کۆمیتەی سەتار پێکهێنرا و، بە یارمەتیی کۆمۆنیستەکانی رووسیا، لە قەفقازەوە کەوتنە هەوڵی کۆکردنەوەی چەک و چەکدارکردنی شۆرشگێڕانی نێوچەکە. تیپێکی چەکدار بە هاوبەشی لە گەڵ شۆرشگێڕانی ئەرمەن پێکهێنرا و، لەڕێکەوتی 19ی ڕێبەندانی ساڵی 1287ی هەتاوی (8/2/1909)، هێرشیانکردە سەر شاری ڕەشت نێوەندی هەرێمی گێلان، پاش کوشتنی حاکمی شار و ژمارەیەک لە چەکدارەکانی حکوومەت، شارەکەیان گرت و، لە ماوەی چەند رۆژێکیشدا هەرێمەکەیان بە تەواوەتیی ئازاد کرد. ئەم سەرکەوتنە، نە تەنێ لە ئێران، بەڵکو لە میدیای وڵاتانی ئۆروپادا دەنگیدایەوە و، ترس و پەژارەی زۆریشی خستە دڵی حەمەعەلیشا و کاربەدەستان و دەستەودایرەی حکوومەتەکەیەوە. ئازادیخوازان و شۆرشگێڕانی تاران، بە مەبەستی بەربەرەکانێی حکوومەت لە پێتەخت، سەرلەنوێ کەوتنەوە ڕێکخستنەوەی خۆیان.

لە مانگی بەفرانباردا هۆزی کوردەکانی بەختیاریی بە سەرۆکایەتیی سەردار ئەسعەد، شاری ئەسفەهانیان لە دەستی هێزەکانی ئێران دەرهێنا و ئەو شارە گەورەیان خستە دەستی خۆیانەوە کە لەو سەردەمەدا گەورەترین شاری ئێران بوو. شاندێک لە ئازادیخوازان چوون بۆ ئەسفەهان بۆ دیداری سەردار

ئەسعەد و گوتیانپێی: زۆرینەی دانیشتووانی تاران پشتیوانیی لە شۆرش دەکەن و، دەیان شانە و رێکخستنی نهێنیی چەکداریی لە گەڕەکەکان پێکهێنراون!

ئاشکرایە مەبەست و ئامانجی شاندی سەرۆکایەتیی شۆرش بۆ لای سەردار ئەسعەد لەبەر ئەوە بوو، بەرەی نوێخوازیی لە تاران دوای ئەو هێرشەی کرایە سەر پەرلەمان لە ڕووی هێز و چەک و چۆڵەوە کز و لاواز ببوون، پێوستیان بە سوپا و هێزی چەکدار بوو کە بە هانایانەوە بچێ. بەو قسانەیان هانی سەردار ئەسعەدیان دا کە بەرەو تاران لەشکر بکێشێ، دڵنیاشیان کردووە کە لە هێرشەکەیدا بە تەنێ نابێ و، زۆربەی خەڵکی تاران پشتگیریی لێدەکەن.

هێزێکی حکوومەت لە مانگی رەشەمە لە تارانەوە بەرەو تەورێز نێردرا و، لە سەروبەندی نەورۆزدا گەیشتە تەورێز و، شەڕێکی گەورە و خوێناویی سەرلەنوێ هەڵگیرسایەوە. هێزەکانی حکوومەت هەموو رێگەکانی هاتوچۆ و خواردنیان بۆ نێو شار گرت. پاش تێپەڕبوونی چەند حەفتەیەک برسێتی و کەمیی خواردەمەنیی لە شار سەریهەڵدا. باڵوێژی بریتانیا و ئینگلیز داوایان لە حەمەعەلیشا کرد، شەش رۆژ ئاگربڕ رابگەیەنێت، بۆ ئەوەی خواردەمەنیی بگاتە نێو شار و، ئەوان بتوانن لە نێزیکەوە لە گەڵ سەرکردەکانی شۆرش لە تەورێز، لەبارەی کۆتاییهێنان بە کێشەکە گفتوگۆ بکەن. شا سەرەڕای پەسندکردنی داواکەیان، هیچ هەنگاوێکی بۆ لابردنی گەمارۆدانی

شار هەڵنەگرت، ئەوە بوو دەوڵەتی رووسیا بڕیاریدا راستەوخۆ هێزێکی خۆی بنێرێتە تەورێز و داگیری بکات. دوور نییە، ئەم داگیرکارییە، بە پێی نەخشەیەکی نهێنیی لە نێوان حەمەعەلیشا و رووسیا و بریتانیا ئەنجامدرابێت بۆ ئەوەی پاش چەکداماڵینی ئازادیخوازان لەلایەن سوپای رووسیاوە، دواتر شارەکە بدەنەوە دەستی حکوومەتی تاران. ئازادیخوازانیش کە هەستیان بەم نەخشەیە کردبوو، نامەیەکیان نارد بۆ سەرکۆنسولی رووسیا و، نووسییان بۆی: "با هێزی رووسیا نەیەت بۆ تەورێز و، ئێمە خۆمان هەوڵدەدەین لە گەڵ شادا رێکبکەوین". بەڵام رووسیا بێگوێدانە پێشنیازی ئازادیخوازانی تەورێز، لە ڕۆژی 6ی گوڵاندا بە سێ تیپی سوارە و سەرباز و تیپێکی تۆپخانە گەیشتە نێو شاری تەورێز و، پاش یانزەمانگ، بەرخۆدانی بێوێنەی شاری تەورێز شکستی پێهێنرا. سەرکردەکانی شۆرش سەتارخان و باقرخان لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە پەنایان بردە بەر کۆنسولخانەی عوسمانی لە تەورێز.

پاش جێبەجێکردنی نەخشەی داگیرکردنی تەورێز، بریتانیا و رووسیا، دوو شاندی فەرمییان ناردە لای سەردار ئەسعەد لە ئەسفەهان و بۆ لای سپادار جەهانگیرخانی تەنکابۆنی فەرماندەی هێزی ئازادیخوازان لە گێلان، داوایان کردلێیان، "بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان. چۆنکە حەمەعەلیشا بەڵێنی بە هەردوو دەولەتی رووسیا و بریتانیا داوە، لە ڕۆژانێکی نێزیکدا پەرلەمانی تازە، بە پێی یاسای بنچینەیی

**پەسندکراوی پەرلەمانی پێشوو دادەمەزرێنێ. لەبەر ئەوە داواتانلێدەکەین، ئێوە چاوەڕوانی کردنەوەی پەرلەمان بکەن!".**

سەردار ئەسعەد لە وەرامیاندا دەڵێ: **"من لەگەڵ چ کەسێکدا کێشە و شەڕم نییە و جگە لە گێڕانەوەی دەسەلاتی پەرلەمان و جێبەجێبوونی داخوازیی ئازادیخوازان شتێکی دیکەم ناوێت. من دەڕۆم بۆ تاران، چاودێریی دامەزرانی پەرلەمان دەکەم، ئەگەر حەمەعەلیشا بە وادەی خۆی وەفای کرد، ئەوا ئێمەش چەکەکانمان دادەنێین، بەرەو ولاتی خۆمان دەگەڕێینەوە!".**

فەرماندەی شۆرشگێڕانی گێلان هەر ئەو هەڵوێستەی سەردار **ئەسعەدی بوو، لە وەرامی کاربەدەستانی رووسیا و بریتانیادا گوتبووی: دەچێ بۆ تاران چاودێریی دامەزراندنەوەی پەرلەمان دەکات!.**

**کاتێک رووسیا** لە بڕیاری سەرکردەکانی شۆرش ئاگادار بوو، **هێزێکی دیکە بەرەو گێلان نارد و هەزاران سەربازی لە شار و گوندەکانی گێلاندا بلاودەکەنەوە. بەلام هێزی ئازادیخوازان لە باتی ئەوەی خۆیان بە شەڕی سەربازی رووسیاوە خەریک بکەن، هێرشیان کردە سەر شاری قەزوێن کە لەنێزیکی تاران هەڵکەوتووە،شەڕوشۆرێکی گەورە و گران روویدا و، لە ماوەی شەو و رۆژێکدا ئەو شارەیان ئازاد کرد. هاوکات، سەردار ئەسعەدی بەختیاریی بە هەزار سوارەی چەکداری سەر بە هۆزەکەی، لە ئەسفەهانەوە بەرەو تاران کەوتەڕێ، پاش دوو رۆژ گەیشتە شاری قۆم ، هێزەکانی حکوومەت لەو شارە رامالدا.**

**بالوێژی بریتانیا و رووسیا**، به پەلە دەچن بۆ قوٚم بۆ لای **سەردار ئەسعەد**، داوایلێدەکەن لە بڕیارەکەی پەژیوان بێتەوە و، بگەڕێتەوە بۆ بەختیاریی، تەنانەت هەڕەشەش دەکەنلێی و، ئاگاداریشی دەکەن، بە تەما بێت بەرەو تاران بڕوات، ئەوا هەردوولایان ناچار دەبن، سوپای **بریتانیا** و **رووسیا** لە دژی بەکاربهێنن. **سەردار ئەسعەد** بێگوێدانە هەڕەشە و گوڕەشەیان، وتەکەی پێشووی دووپاتدەکاتەوە و،دەڵێ: **"نیازم نییە لە گەڵ شادا شەڕ بکەم، دەڕۆم بۆ تاران و، ئەو سوێند و بەڵێنەی کە شا داویەتی بۆ جێبەجێکردنی یاسای نوێ، بیری دەهێنمەوە!".**

بۆ رۆژی دواتر **سەردار ئەسعەد** لە گەڵ هێزەکەی بەرەو تاران کەوتەڕێ. ئینگلیزەکان پێشتر توانیبوویان یەکێک لە سەرۆکهۆزەکانی نێوچەی **لۆڕستان** و **بەختیاریی (میرمەفخەمی بەختیاری)**، هەڵفریوێنن، بە بەخشینی پارە و بەڵێنی کورسی و دەسەڵات پێی، هێزێکی بەکرێگیراوی پێدروست بکەن و، لە دژی ئازادیخوازان بەکاری بهێنن. **میرمەفخەم** لە گەڵ هێزەکەی رادەسپێرن پێش لەهاتنی لەشکری **سەردار ئەسعەد** بۆ نێو **تاران** بگرێت. **میرمەفخەمی بەختیاریی**، لە نێزیکی **تاران** و لە شوێنێک بەناوی **"حەسەنئاباد"**، بەهێزی تەیار وپۆشتەوە چەندین تۆپ دادەبەستێ و، چاوەڕوانی هاتنی سەردار ئەسعەد دەکات. سەردار ئەسعەد بە نەخشەکەی میرمەفخەم دەزانێ، چەندین نامە دەنێرێ بۆی، داوای لێدەکات لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیدا خوێنی براکانی نەڕێژێ و دژایەتیی ئازادیخوازان نەکات. بەڵام

میرمەفخەمی تینووی پارە و دەسەڵات، گوێنادا بە تکا و داواکەی سەردار ئەسعەد و، هەڕەشەیان لێدەکات. سەردار ئەسعەد بۆ ئەوەی تووشی شەڕی براکوژیی نەبێ، رێی چوونی خۆی بۆ تاران گۆڕێ و، هۆزەکەی بەرەو "رۆبات کەریم" برد کە لە باشووری تاران هەڵکەوتووە.

لە ماوەی چەند رۆژێکدا هێزەکەی سەردار ئەسعەد لەگەڵ هێزی سپادار تەنکابۆنی فەرماندەی ئازادیخوازانی گێلان، لە شارۆچکەی کەرەج دەگەن بە یەک. دەروازەکانی تاران لە هەموو لایەکەوە مەتەرێز و لەشکر و تۆپی حکوومەتی لێدامەزرابوون. باڵوێژ و کاربەدەستانی بریتانیا و رووسیا چەندین دیداریان لە گەڵ سەردار ئەسعەد و سپادار تەنکابۆنی دا ئەنجامدا و، داوایان لێدەکردن هێرش نەکەنە سەر تاران. حەمەعەلیشا لەشکرێکی (8000) کەسیی لە سوپا و شەقاوەکانی تاران، لە گەڵ دەیان تۆپ بۆ بەرگریکردن لە تاران و، کۆشکەکانی خۆی دامەزراندبوو. دوای چەندین رۆژ نەبەردی دژوار و خوێناویی، سەرئەنجام هێزی هاوبەشی کوردەکانی بەختیاری و گێڵان، لە ڕۆژی 22ی جۆزەردانی ساڵی 1288ی هەتاوی (13/7/1909)، پاش تێکشکاندنی هێزەکانی حکوومەت لە دەروازەی بهجت ئاباد ەوە رژانە نێو شار و لە ماوی دوو شەو و رۆژدا باکووری تاران و، کۆشکی بەهارستانیان ئازادکرد.

هێژای گوتنە دوو حەفتە بەر لە هێرشی کوردەکانی بەختیاری و چەکدارەکانی گێڵان بۆ سەر شاری تاران، یەکێک لە ژنە ئازا و

قارەمانەکانی هۆزی بەختیاری بە ناوی بیبی مریەمی بەختیاریی، لەگەڵ دەستەیەک چەکداری پەنجاکەسیی بە نهێنیی دەچنە نێوشارەوە، لە ماڵی یەکێک لە ئازادیخوازان بە ناوی "حسێن سەقەفی" خۆدەشارنەوە. لە ڕۆژی هێرشی هێزەکەی سەردار ئەسعەدی بەختیاری و جەهانگیرخانی تەنکابونی بۆ سەر شاری تاران، بیبی مریەمی فەرماندە، لەنێو دڵی تارانەوە، هەڵدەکوتێتە سەر هێزەکانی حکوومەت و دەیانکەسیان لەنێو دەبا و، لە گەلێک شوێنی گرنگ و ستراتژیی رایاندەماڵێ و، لە گرتنی تاراندا رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت.

مزگەوتی سوپاسالار لەلایەن سەردار ئەسعەدەوە دەکرێتە نێوەند و مەڵبەندی فەرماندەیەتیی جەنگ. لە شەوی سێیەمدا هێرش بۆ سەر لەشکرگە و داوودەزگەی حکوومەت درێژە دەکێشێ و، کوردەکانی بەختیاریی، بە هۆی دەستوبردی خێرا و ئازایەتی بێوێنەیانەوە روو لە هەر بەرەیەک دەکەن بە بەخشینی کەمترین زیانی گیانیی، دوژمن بەچۆکدادێنن و گەڕەک بە گەڕەک و شەقام بە شەقام یەک لەدواییەک ئازاد دەکەن. لە ڕۆژی چوارەمی شەڕەکەدا، حەمەعەلیشا بە پەلەپڕووزە بەرەو باڵوێژخانەی رووسیا هەڵدێ و، لەوێ دەیشارنەوە. بە دوای ویدا، ئەندامانی بنەماڵەی قاجاڕ و وەزیری جەنگ و وەزیرەکان و کاربەدەستانی حکوومەت، هەموویان بەرەو باڵوێژخانەی رووسیا هەڵدێن.

سەردار ئەسعەد بەیانێک بڵاودەکاتەوە و، تێیدا دەنووسێت: "حەمەعەلیشا ئێدی شای ئێران نییە، چۆنکە تانج و تەختی

جێهێڵاوه و هەڵاتووه". لە نێو کاربەدەستانی حکوومەتەکەی حەمەعەلیشادا تەنیا سەرۆکوەزیر ئەمینولدەولە بوو کە خۆی و ئەندامانی بنەماڵەکەی تەسلیمی سەردارەکانی شۆڕش بوون. ژنەڕاڵ لیاخۆف ی رووسی کە فەرماندەی سوپای ئێران بوو، بە نێوبژیوانیکردنی باڵوێژی بریتانیا و رووسیا، لە مزگەوتی سوپاسالار خۆی تەسلیمی سەردار ئەسعەد و سوپاداری گێلان کرد و، لە بەردەمیاندا چۆکیدادا و، شمشێرەکەی تەسلیم کردن.

دوای ئازادکردنی تاران و، هەڵاتنی حەمەعەلیشا و، رووخانی دەوڵەتەکەی، نێوبانگی فەرماندە بیبی مریەم بە هەموو وڵاتدا بڵاوبووەوە و لە کاتی گەڕانەوەشی بۆ هەرێمی بەختیاریی، لە لایەن دەیانهەزار کەس هۆزی لۆڕ و بەختیاری و گۆران و کەلوڕەوە پێشوازییەکی بێوێنە و مێژوویی لێکرا. (چەندساڵێک دواتر لە گەرمەی جەنگی دنیاگری یەکەمدا بە هۆی سەرکەوتنەکانی بە سەر سوپای رووسیا و بریتانیا لە کەنداو، لەلایەن سەرۆکی ئیمپراتۆری ئەڵمانەوە گەورەترین مەدالیای ئەڵمانیای پێدرا و پلەی ژنەڕاڵی شانازیی ئەڵمانیای پێبەخشرا).

ئاڵای ئێران لە کۆشکی رووخاوی پەرلەمان و نێوەندەکانی حکوومەت هەڵدرایەوە. دەیانهەزار خەڵکی شار رژانە نێو شەقامەکانەوە، هەتا درەنگانێکی شەو جێژن و سەما و شایی و هەڵپەڕکێ درێژەیکێشا.

لە ڕۆژی 18ی هەر ئەو مانگەدا، نێوەندێکی دەسەلاتدارێتیی لە (500) کەس پێکهات. ئەندامانیشی بریتیبوون لە ژمارەیەک

ئەندام پەرلەمانی پێشوو، فەرماندەکانی لەشکری ئازادیخوازان، بازرگانەکان، کەسایەتی و نوێنەری چین و توێژەکانی ئاینی و کۆمەڵایەتیی. نێوەندی بەرزی دەسەلاتداریێتیی، بە پێی بەندی (35) ی یاسای بنچینەیی وڵات، حەمەعەلیشای لە دەسەڵات و لە شایەتیی خست، کۆمیسیۆنێکی هەڵبژارد راگەیاندنێک ئامادە بکەن و تێیدا، بە فەرمیی حەمەعەلیشا و گەلانی ئێران لە بارەی خستنی شا لەلایەن نێوەندی دەسەڵاتداریێتییەوە ئاگادار بکرێن. نێوەرۆکی راگەیاندنی کۆمیسیۆن بەم شێوەیە بوو: بەو هۆیەوە کە حەمەعەلیشا تووڕەی و بێزاریی تێکڕای خەڵکی ئێرانی بەرامبەر بە خۆی بەوپەڕی خۆیگەیاندبوو، هەروەها هەڵاتنی بۆ باڵوێژخانەی رووسیا و داواکردنی لە بریتانیا و رووسیا کە گیانی خۆی و بنەماڵەی بپارێزن، بە مانای وازهێنانیەتی لە پاشایەتی ئێران. لە بەر ئەوە بڕیارماندا کوڕی حەمەعەلیشا (سوڵتان ئەحمەد میرزا) لە جێی باوکی بکەین بە شای ئێران، هەروەها چۆنکە سوڵتان ئەحمەدمیرزا منداڵە، رێزدار عضدالملک سەرۆکهۆزی قاجار پاشایەتیی دەکا تا ئەوکات ئەحمەدمیرزا دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری و دەتوانێ کاروباری پاشایەتیی بەرێ بەڕێوە.

نووسراوەکە نێردرا بۆ باڵوێژخانەی وڵاتان لە تاران و، هەروەها نێردرا بۆ شار و هەرێمەکان. نێوەندەکە هەروەها بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی وڵات، سپادار جەهانگیرخان تەنکابۆنی بۆ وەزیری جەنگ و سەردار ئەسعەد بەختیاریی بۆ وەزیری نێوخۆ هەڵبژارد.

حەفتەیەک پاش ئەم سەرکەوتنە گەورەیە، تێکڕای ڕێبەرانی شۆڕش لەگەڵ دەیانهەزار لایەنگری مەشرووتە چوونە سەرگۆڕی کوژراوانی ڕێگەی ئازادی (مەلک المتکلمین) و (جەهانگیرخان) و، گۆڕی گیانبەختکردووانی دیکە، ڕێز لە تێکۆشین و قارەمانەتییان گیرا. دادگەی شۆڕش دامەزرا بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانی بکوژانی ئازادیخوازان و تاڵانکردنی داراییان بەدەستی کاربەدەستان و بەکرێگیراوانی حکوومەتی حەمەعەلیشا. دادگەی شۆڕش بڕیاری کوشتنی دەرکرد بۆ مەفاخرەلموڵک حاکمی تاران و سەرفەرماندەی پاسەوانەکانی کۆشکی پاشایەتی. لە تەورێز سەید میرهاشم لەسێدارە درا. ڕۆژی 31ی جۆزەردان ئایەتوڵڵا شێخ فەزلوڵڵا نووری گیرا و پاش خستنەڕووی ڕۆڵی تێکدەرانەی لە دژایەتیکردنی شۆڕش و ئازادیخوازان، بەهۆی پێداگریی سەردار ئەسعەدەوە، حوکمی سێدارەی بۆ بڕایەوە و حوکمەکە لە گۆڕەپانی تۆپخانە بەڕێوە چوو. نێوەندی دەسەڵاتدارێتیی، هەروەها بە تێکڕای دەنگ بڕیاریدا حەمەعەلیشا لە ئێران دەربکرێت، چۆنکە مانەوەی لە ئێران دەبێتە هۆی ئاژاوە و بێڕەوشتیی زیاتر. حوکمەکە لە ڕۆژی 1288/6/18ی هەتاوی (9/9/1909) دا جێبەجیکرا و، حەمەعەلیشا لەگەڵ چل کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لە ژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی نوێنەری بریتانیا و ڕووسیا، بەرەو شاری "ئۆدسا" ی ڕووسیا ڕۆی و تانجوتەخت و وڵاتی بۆ هەمیشە جێهێڵا.

نێزیکەی دوومانگ پاش ئەم ڕووداوانە، لە مانگی گەڵاڕێزاندا خولی دووەمی پەرلەمان دامەزرا و بە تێکڕای دەنگ سەرۆکهۆزی قاجاڕ (عضد الملک)ی وەک جێگری ئەحمەوشا هەڵبژارد. پەرلەمان هەروەها پاش هەڵبژاردنی سپادار تەنکابۆنی بۆ سەرۆکوەزیرانی ئێران داوای لێکرد لە ماوەیەکی کورتدا کابینەی خۆی دەسنیشان بکات. سپادار تەنکابۆنی لەماوەی چەند ڕۆژێکدا کابینەکەی پێکهێنا و سەردار ئەسعەد وەک جاری پێشوو کرایەوە بە وەزیری نێوخۆ، چەند کەسێکی دیکەش لە ئازادیخوازان لە بەش و ئۆرگانەکانی دیکەدا کران بە وەزیر. زۆری پێنەچوو ناکۆکی کەوتە نێوان سپادار تەنکابۆنی و سەردار ئەسعەدەوە، هۆکەشی ئەوە بوو، سپادار و سەرۆکایەتیی شۆرش کە زۆرینەیان فارس بوون، نەیاندەویست لەوە بەدواوە سەردار ئەسعەد کە بەرەگەز کورد و، خاوەنی هۆزێکی گەورە و ئازا و شەڕڤان بوو، ناوبانگ و ڕۆڵی وەک خۆی بمێنێ و دەسەڵاتی سیاسی، یان لەشکریی وڵات بدرێتەدەستی. کاتێک سەردار ئەسعەد ئاگاداری نیازناپاکیی کۆنەهاوڕێیانی شۆرشگێڕی بوو، وازی لە کورسی و دەسەڵات هێنا و، بەرەو وڵاتی فەرەنسا سەفەری کرد، پاش ساڵێک گەڕایەوە بۆ هەرێمی لۆڕستان و بەختیاری، بە یەکجارەکیی وازی لە سیاسەت و دەسەلات هێنا و تا دواهەناسەی ژیانی لە نێو هۆز و گەلی خۆیدا ژیا.

لێرەدا لە پێوەند لەگەڵ ئەم سەربردە تاڵ و ڕەنج بەخەسارییەی سەردار ئەسعەد بەختیاریی، بە کورتی و بە چەند

دێڕیک ئاماژە بکەین بە بابەتێکی گرنگ، ئەویش  لە سەردەمی قاجاڕدا هیچ جۆرە هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر زمان و کولتووری گەلانی بندەستی قاجاڕ نەبوو. هەموو گەلانی بندەستی قاجاڕیی بە کوردیشەوە لە مەڵبەند و هەرێمی خۆیاندا لە پەیڤین بە زمانی خۆیان و پۆشینی جلوبەرگیان و لە بەڕێوەبردنی بۆنە و داونەرێتی خۆیان ئازاد و سەربەست بوون، هۆی ئەمەش هێشتا دەولەتی قاجاڕی وەک دەوڵەتێکی ناسیۆناڵی سەر بە رەگەزێکی تایبەت (جا فارس یان ترک) کارینەدەکرد. هەڵگیرسانی شۆرشی مەشرووتە (نۆژەنخوازیی) کە نێوەندەکەی لە تارانی فارسنشین بوو، کاریگەرییەکی گەورەی مێژوویی گێڕا لە پەرەپێدانی بیری ناسیۆناڵی فارس. هەموو گەلانی نافارس بە زانای یان بە نەزانیی دوای درۆشمی دیمۆکراسی و ئازادیی بۆ ئێران کەوتن و رۆڵیان گێرا لە سەرخستنی شۆرشی مەشرووتە، راستەوخۆ خزمەتی گەشەسەندنی ئیدۆلۆژیی رەگەزپەرستانەی فارسیان کرد و بناخەی تواندنەوەی رەگەزی خۆیان داڕشت. دوای دامەزرانی رژێمی ناسیۆناڵی فارس لەلایەن رەزاشاوە کە بە پاڵپشتیکردنی ئینگلیز بۆی مەیسەر بوو، سەردار ئەسعەد و بنەماڵەکەی نەک هەر تێداچوون و لۆڕستان جێنۆسایدی بەسەردا سەپێنرا، بەڵکوو زیاتر لە سەت ساڵ لەمەوبەر بە هۆی پێڕەوکردنی بیرۆکەی ئێرانچێتیی بنەماڵەی سانانی بەختیارییەوە سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردیی لەو هەرێمە گەورە و مێژووییەی کوردستان بناخەکەی داڕێژرا.

به درێژایی دەسەلاتی قاجارەکان لە ئێران، ناکۆکیی نێوان چینی ئاینی لە گەڵ **حەمەعەلیشا**، پتر لە شاکانی دیکەی قاجاڕ پەرەی سەند. هەروەها بێزاربوونی رۆشنبیران و هەموو چین و توێژی نێو کۆمەڵگە بەرامبەر حەمەعەلیشا و حکوومەتەکەی لە هەر کات و زەمانێکی دیکەی دەسەڵاتدارێتیی قاجاڕەکان زیاتر تەشەنەی سەند، هۆکەشی ئەوە بوو، حەمەعەلیشا لە بەرامبەر ژێردەستەکانی و خەڵکی خۆیدا لە رادەبەدەر ملهۆڕ و خۆبەزلزان و دیکتاتۆر بوو. هیچ حسێبێکی بۆ کاربەدەستانی حکوومەتەکەی و بۆ چینی ئاینی و بۆ مەلاکان نەدەکرد. جگە لەمانە، دەستێوەردانی ئاشکرای **رووسیا** و **بریتانیا** لە کاروباری سیاسی و ئابووریی ئێران کە زەمانی **فەتحعەلیشا** سەرچاوەی گرت، لە سەردەمی پاشایەتیی حەمەعەلیشادا ئێران زیاتر کەوتە ژێردەستی ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزەوە. **حەمەعەلیشا** هیچ کارێکی بە بێ پرس و ئاگاداریی مامۆستا رووسییەکەی نەدەکرد. ئەم هۆکارانە بە تێکڕا کارکردیان لە سەر پەرەگرتنی بێزاریی کۆمەڵانی خەڵک بەرامبەر حکوومەتی قاجاڕ و دەسەڵاتی بێگانە دانابوو. ئەمەش رێخۆشکەر بوو لە بەردەم پەرەسەندنی بیری ئازادیخوازی و دیمۆکراسی و یەکسانیی لە ئێران، کە لە رێگەی چینی رۆشنبیر و خوێندەوارەوە بڵاو دەبوونەوە و لە ڕەوتی خۆیدا، بوو بە هۆی پەیدابوونی بەرەیەکی فراوانی جەماوەریی لە دژی حەمەعەلیشا و دەسەلاتی بێگانە و ئەو راپەڕینە گەورەی لێهەڵقولا کە لە مێژوودا بە شۆرشی مەشرووتە نێوبڕۆیی.

## چارەنووسی ئەحمەوشا - دوایین شای قاجاڕ، چارەنووسی شۆڕشی نوێخوازیی!

وەک پێشتر ئاماژەمداپێی چۆنکە ئەحمەدشا دوای مردنی باوکی منداڵێکی تەمەن دوانزە ساڵان بوو، پەرلەمان بڕیاریدا تاکوو تەمەنی دەگات بە (18)، سەرۆکهۆزی قاجاڕ **عضدالملک** ئەرکی پاشایەتیی بەڕێت بەڕێوە. ئەحمەوشا سەردەمی منداڵیی لە تەورێز تێپەڕکرد، مامۆستاکەی ناوی سمیرنۆف ئەفسەرێکی سوپای رووسیا بوو لەبەر ئەوە ئەمیش کاتێک بوو بە شا وەک باوکی بەتەواوەتیی لەژێر کاریگەریی سیاسەتی رووسیا بوو.

مانگی ئەگۆستی ساڵی 1914ی زایینیی، شەڕی دنیاگری یەکەم سەریهەڵدا و، ئاگری شەڕەکە ئێرانیشی گرتەوە. ئینگلیز و رووسیا کە پێشووتر لە رێککەوتنێکی دووقۆڵیی نێوانیان لە ساڵی 1906ی زایینیی وڵاتی ئێرانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردبوو، لەشکرێکی زۆریان رژاندە نێو خاکی ئێرانەوە. خۆراسان و ئازەربایجان و بەشێک لە خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن سوپای رووسیاوە داگیرکران. هەزاران کەس لە تەورێز و خۆراسان و گێلان و کوردستان لەلایەن چەکدارەکانی سوپای رووسیاوە لەنێو بران. لە ئالیی دیکەوە سوپای عوسمانلی بەشێک لە خاکی  رۆژهەڵاتی کوردستانی داگیر کرد. سوپای بریتانیاش کەنداو و باشووری ئێرانی داگیرکرد. ئەم دۆخە نوێیە هاوکات، دەرفەتی هێنایە پێشەوە بۆ سەرهەڵدانی بزاڤی رزگاریخوازیی لەنێو هێندێک لە گەلانی ئێران

لەوانە نەتەوەی کورد. سمایل ئاغای شکاک (سمکۆ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بزاڤێکی رزگاریخوازیی دەسپێکرد و، گەلێک مەڵبەند و هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئازاد کرد. لە گێلان بزووتنەوەی میرزا کووچکخان سەریهەڵدا.

دەوڵەتی رووسیا لە ڕۆژی 7ی سەرماوەزی ساڵی 1290 (29/11/1911) لە نامەیەکی پڕ لە هەڕەشەدا، داوای لە حکوومەتی ئێران کرد، بە زوویەکی زوو مۆرگان شۆستێر و یاوەرەکانی لە ئێران دەر بکات. مۆرگان شۆستێر کارناس و شارەزای بواری ئابووریی خەڵکی ئەمریکا بوو، کە لە سەر داوای پەرلەمانی ئێران، دەوڵەتی ئەمریکا ناردبوونی بۆ ئێران، بۆ ئەوەی دەستەیەک خوێندەوار و بازرگانی ئێرانی بە سیستەمی ئابووریی نوێ ئاشنا بکەن. دەوڵەتی رووس لە نامەکەیدا هەروەها نووسیبووی، پێویستە لەمەودوا، حکوومەتی ئێران لە بەستنی پێوەندیی دەرەوە و هێنانی کارناسانی بیانی بۆ وڵاتەکەی، رەزامەندیی تەواوی رووسیا و بریتانیا وەربگرێت!

پەرلەمانی ئێران بە تێکڕای دەنگ بەرپەرچی نامەکەی رووسیایان دایەوە و، لە تاران و تەورێز و رەشت و خۆراسان خۆپێشاندانی نارەزایەتیی لە دژی رووسەکان کرا. بەڵام دەوڵەتی ڕووسیا بە سوودوەرگرتن لە ئاڵۆزیی نێوچەکە بە هۆی شەڕی جیهانییەوە، هێزێکی زیاتری رژاندە نێو ئێران و هێزەکانی رووسیا بێسلکردن دەسیانکرد بە کوشتن و قەڵاچۆ و دەستدرێژی و تاڵانکردنی سامانی خەڵک. ناسرموڵک کە جێگری ئەحمەوشا

بوو، پاش مردنی عەزدەلموڵک بوو بە سەرۆکی هۆزی قاجاڕ، لەلایەن رووسەکانەوە داوایلێکرا بە پشتیوانیی هێزی قەزاق و رووسیا پەرلەمان دابخات. ناسرمۆڵک هێزی بەکارهێنا و پەرلەمانی داخست، حکوومەتی سەربازیی راگەیاند. لە چەند رۆژێکدا رێکخراوە و سەندیکاکانی هەڵبژاردەی خەڵک و رۆژنامەکان داخران و، رەشەکوژی و شەوەزەنگ بە سەر تاران و شارەگەورەکاندا سەپێندرا. بەم شێوەیە شۆرشی مەزنی مەشرووتە دوای شەش ساڵ بە پیلانی هەر دوو دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ئینگلیز و رووسیا و کۆنەپەرستی نێوخۆ و حکوومەتی قاجاڕ لەنێو چوو. ئازادیخوازان و پێشکەوتنخوازان لەنێو بران، یان ناچارکران بێدەنگ بن، ژمارەیەک دەرەبەگی زۆردار و بازرگانی هەلپەرست و بێگانەپەرست و خۆبژێن جێیان گرتنەوە. رووسەکان لە تەورێز و قەزوێن و دەرەوەی تاران پرسگەیان دانا و باجیان لە خەڵک وەردەگرت. ئینگلیزەکانیش پاش داگیرکردنی باشووری ئێران، بازرگانی و هەناردەکردنی داهات و بەروبووی نێوچەکەیان بە تەواوەتیی خستە دەستی خۆیانەوە. بارودۆخی ئێران بەمشێوەیە بوو، بەڵام ئەحمەوشا وەک باوکی حەزی لە سەردانی وڵاتانی ئۆروپا بە تایبەتی ولاتی فەرەنسا بوو، بۆ دابینکردنی تێچووی سەفەرەکانیشی قەرزی لە رووسیا و ئینگلیز وەردەگرت. لەبەر ئەوە لە بەرامبەر داخوازیی کاربەدەستی ئەو دوو دەوڵەتەدا بە مۆرکردنی گرێبەستی گەورەتر و دەسخستنی داهاتی زیاتر لە ئێران، بێدەنگدەبوو.

ئەگەرچی ئینگلیز و رووسیا، پێکەوە لەسەر دابەشکردنی ئێراندا ڕێککەوتبوون، بەڵام ئینگلیزەکان لە ژێرەوە و بە نەپەنی خەریکی فێڵکردن بوون لە رووسەکان و، لە هەوڵی جێبەجێکردنی نەخشەیەکدا بوون، کە جێ بە رووسەکان لێژ بکەن و، بۆخۆیان ببن بە خاوەنی هەتاهەتایی ئێران. کۆتایی جەنگی جیهانی و رووخانی ئیمپراتۆریی رووسیا لەلایەن بلشویکەکان بە سەرۆکایەتی لینین، خەون و ئاواتی ئینگلیزی هێنایەدی. چۆنکە حکوومەتی نوێی رووسیا رایگەیاند، هەموو ئەو هێزانەی خۆی بۆ رووسیا دەگێڕێتەوە کە بۆ مەبەستی داگیرکردنی وڵاتانی دیکە نێردراون. ئەمە هەلێکی زێڕین و مێژوویی بوو بۆ ئینگلیز کە ئێران بە تەواوەتیی بخاتە ژێر دەستییەوە هاوکات بڵاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیستیی لە ئێران، دەولەتی ئینگلیزی والێکرد پەلە بکات لە هێنانە سەرکاری رژێمێکی دیکتاتۆر و ملهۆڕ و خاوەن هێزیکی پۆشتە و پەروەردەکراو کە بتوانێ بە نواندنی زۆروزەنگ رێ بگرێت لە بڵاوبوونەوەی ئیدۆلۆژیی کۆمۆنیستی و پارێزگاریی لە بەرژەوەندیی ئینگلیز بکات لە ئێران. ئەوە بوو ژنەرال ئایرۆنساید سوپاسالاری بیریتانیا لە ناوچەکە لە بەغداوە گەیشتە شاری قەزوێن و لە کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵیی لەگەڵ رەزاخان فەرماندەی قەزاق و ئایەتۆڵڵا تەباتەبایی نەخشەیەکی سیاسیی درێژخایەن بۆ ئێران داڕێژرا کە لە لاپەڕەکانی خوارەوە بە وردی باسی لێوە دەکەین.

## هەرەسهێنانی حکوومەتی قاجاڕ،

## بە دەسەڵاتگەیشتنی ڕەزاخان و، دامەزرانی ڕژێمی پەهلەویی!

وەک لە سەرەوە ئاماژەم کردپێی دەولەتی ئینگلیز لە هەڵسەنگاندنی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێران و نێوچەکە، ئەو بیرۆکەی لا گەڵالە بوو حکوومەتی ئەحمەدشای قاجاڕ بڕووخێنێ و لە جێی حکوومەتێک بێنێتە سەرکار بتوانێت بۆ ساڵانێکی زۆر پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانی بکات. بۆ ئەمەش پێویستی بە دوو کەسایەتیی بوو، یەکەمیان، کەسێکی سەربازیی لەنێو سوپادا ئەفسەر و سەربازەکان حسێبی لەسەر بکەن، هاوکات گوێڕایەڵی فەرمانیان بێ و سڵ لە کوشتنوبڕین نەکاتەوە. دووهەم کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەڵبژێرن، کە جێی ڕێز و متمانەی خەڵک بێ، بۆ ئەوەی ئەو حکوومەتە نوێیەی دایدەمەزرێنن، لەلایەن خەڵکەوە دژایەتیی نەکرێت.

بۆ نەخشەکەی ئینگلیز لەنێو ئەفسەرەکانی سوپادا "ڕەزاخانی میرپێنج" لە هەموویان شیاوتر و گونجاوتر بوو، لەنێو ئایەتوڵڵاکان و کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا، پەنجە خرایە سەر ناوی ئایەتوڵڵا تەباتەبایی. ئەوجا سەرپەرشتیکردنی نەخشەی گۆڕینی حکوومەت و ئەنجامدانی کودەتاکەش سپێردرا بە ژنەراڵی ئینگلیزیی (ویلیام ئێدمۆند ئایرۆنساید).

ئایرۆنساید لە بەغداوە دەچێت بۆ قەزوێن لە ڕۆژی 10ی ڕێبەندانی 1299 (30/1/1921) دا چاوی بە ڕەزاخان و مەلا

تەباتەبایی دەکەوێ. هەردوولایان بە نەخشەکەی ئایرۆنساید رازیدەبن. رەزاخان بەڵێندەدات، پاش داگیرکردنی تاران، پشتگیری ئایەتوڵڵا تەباتەبایی دەکا، ببێت بە سەرۆکوەزیران. تەباتەبایی کە ماوەی چەند ساڵێک لە ریزی چالاکانی شۆرشی مەشرووتەدا بوو، کورسیی دەسەلات سەرخۆشیکرد لە پێناو دەسەڵات و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی، لەگەڵ رەزاخانێک رێککەوت کە دواتر بوو بە کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم دەسەڵاتی خۆی و چینی ئاینیدا.

رەزاخان میرپێنج، نێوی تەواوی (رەزا سەواد کوهی) سالی 1256ی هەتاوی لە گوندی "ئالاشت"ی سەر بە پارێزگەی مازندەران هاتووەتە دنیاوە. باوکی (عەباسعەلی) ئەفسەری سوپای قەزاق بوو. پاش مردنی باوکی، دایکی لە مازندەران نامێنێ و رەزا هەڵدەگرێ و دێتە تاران و لە گەڕەکی "سنگلج" نیشتەجێ دەبن، ژیانێکی پڕ لە هەژاری و مەینەتییان دەبێ. رەزا لە تەمەنی لاوێتیدا دەبێت بە سەرباز و لەنیو سوپادا ئازایەتیی دەنوێنێ و، پاش ماوەیەک دەبێت بە گروبان (عەریف)، لە شاری مەشهەد، پاراستنی بانکی رووسیای پێدەسپێردرێت. ماوەیەکیش لە تاران پاسەوانی باڵوێژخانەی هۆڵەند دەبێت. لە گەمارۆدانی تەورێزەوە تا سەرکوتی راپەڕینی ئەردەوێل و زەنجان، دڕندەی و بێبەزەیی زۆر لە خۆی پێشاندەدا، کە ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی سەربازیی و، لەنێو هێزی قەزاق بە فەرماندەیەکی ناسراو و لێهاتوو ناوبانگ دەر دەکا.

ئایرۆنساید، ڕەزاخان لە چۆنێتیی نەخشەی داگیرکردنی تاران ئاگادار دەکا. هێزی قەزاق لە لەشکرگەی قەزوێن کۆ دەکرێنەوە، فیشەک و چەک و تەقەمەنیی ئەدەن بە هێزەکە و لەلایەن ئەفسەرەکانی ئینگلیزەوە، یەکی پێنجتمەن پوولیان پێ دەدەن کە لەو سەردەمەدا پوولێکی کەم نەبوو. ئەوجا ڕەزاخان قسەیان بۆ دەکا و دەڵێ: "بەرەو تاران دەکەوینە ڕێ، لە شوێنە گرنگەکانی تاران دادەمەزرێین، بۆ ئەوەی پێتەخت لە بەرامبەر ئاژاوە و پشێویی بپارێزین. فەرمانتان پێدەدەم، هەر هێزێکی چەکدار هاتە سەرڕێتان لەنێوی بەرن!".

لە مانگی ڕەشەممەی 1921یزایینیی، شاری تاران لەلایەن هێزی قەزاقەوە داگیرکرا. ئایەتوڵڵا تەباتەبایی بوو بە سەرۆکوەزیر و کابینەکەی پێکهێنا. بەڵام ئینگلیز نەخشەیەکی دیکەی لەمێشکدا بوو، خوازیاری دامەزراندنی حکوومەتێکی تەواو سەربازیی بوو بە سەرۆکایەتیی ڕەزاخان، چۆنکە تەنیا لەسایی حکوومەتێکی دیکتاتۆریدا دەیتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی خۆی لە ئێران رابگرێت. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، هەنگاو بە هەنگاو دەچووە پێش. لەپێشدا لە ڕێگەی رۆژنامەکانی سەر بە ئینگلیزەوە، پرۆپاگەندەی زۆر بۆ ڕەزاخان کرا و، نووسییان ڕەزاخان تەنیا کەسێکە دەتوانێت سوپایەکی بەهێز پێکبهێنێ و ئاسایش بۆ خەڵک دابین بکا و حکوومەتی یاسا بچەسپێنێت. ئیدی، باس هەر باسی ئازایەتی و لێهاتووی و نیشتمانپەروەریی ڕەزاخان بوو. کاربەدەستانی ئینگلیز و

لایەنگرانی ئینگلیز کە لەنێو داوودەزگەی حکوومەتدا بوون، ئەوانیش لەلای ئەحمەدشا، لە بارەی ژیری و زیرەکیی رەزاخان و رادەی دڵسۆزبوونی بەرامبەر **شای شاهان (ئەحمەوشا)** قسەیان دەکرد بۆی تا وایلیێهات بەرەبەرە گلۆڵەی **سەرۆکوەزیر ئایەتوڵڵا تەباتەبایی** خستە لێژی و، پاش سێ مانگ و دە رۆژ لە کارەکەی لابرا. ئەوجا لە سەر پێشنیازی باڵوێژی ئینگلیز، **ئەحمەوشا** داوای لە **رەزاخان** کرد پۆستی سەرۆکوەزیران قبوڵ بکات. رەزاخان، کە لە ماوەیەکی کورتدا فەرماندەی هەموو هێزی چەکداری ئێران و هاوکات ببوو بە سەرۆکوەزیران، تەنیا کۆسپێک لە بەردەمیدا مابوو، **ئەحمەوشا** بوو. پاش چەند رۆژێک رەزاخان داوایکردلێی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی سەردانی ئۆرووپا بکات. **ئەحمەوشا** کەوتەڕی و ماوەیەکی باش لە ئۆرووپا مایەوە. ئەوجا رەزاخان پەرلەمانی ناچار کرد مادەیەک پەسند بکات لە نەبوونی ئەحمەوشادا حکوومەتێکی کاتیی پێکبهێنرێ و، سەرۆکایەتیی حکوومەتەکەش بدەنە دەستی ویی (رەزاخان) دوە.

رەزاخان لە مانگی بەفرانباردا پەرلەمانێکی دامەزراند لە کەسانی دەسنیشانکراوی خۆی بوون و ناوی (مجلس مؤسسان) ی لێنا. ئەو پەرلەمانەش بە تێکڕا دەنگیدا بە رەزاخان کە ببێت بە شای ئێران. رەزاخان لە ڕۆژی 4ی گوڵانی 1305ی هەتاوی (25/4/1926) لە بۆنەیەکی تایبەتدا بوو بە شای ئێران و، نازناوی "پەهلەویی" بۆ پاشناو و نێوی بنەماڵەکەی هەڵبژارد.

بەم شێوەیە حکوومەتی شپرزە و بێسەروبەری ئەحمەوشا و بنەماڵەی قاجاڕ، بە نەخشەی ئینگلیز و بە هاوکاریی ئایەتوڵڵا تەباتەبایی کۆتایی پێهات. ئەحمەوشا دوور خرایەوە بۆ فەرەنسا دوو ساڵ دواتر بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچیدوایی کرد.

ئەمە پوختەی ئەو بەڵگەنامانە بوو کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و نووسەرانی ئێرانییەوە، سەبارەت بە چۆنێتیی بە دەسەڵاتگەیشتنی رەزاشا بڵاویانکردووەتەوە. بەڵام ژنی گەورەی رەزاشا واتە "تاج الملوک" لە بیرەوەرییەکانیدا، بە شێوەیەکی دی باس لە بەدەسەڵاتگەیشتنی رەزاشا دەکا!

"تاجەلملووک (6) " ئاوای دەگێڕێتەوە:

(رەزا لەسەرەتاوە، مرۆڤێکی خاوەن بیروباوەڕی ئاینی بوو، بەڵام دوایی باوەڕی سست بوو... مانگی (محرم) و رۆژانی (عاشورا) و (تاسوعا)، هەر گەڕەکێک دەستە و دایرەی زنجیروەشاندن و لەخۆدان و شینگێڕانی تایبەتی هەبوو. گەلێکجار، لە نێو دەستە و تیپەکانی لەخۆدان و شینگێڕانی ئیمام حسێن دەبووە مشتومڕ و دەمەقاڵەیان دەستهی کامە گەڕەک ومزگەوت بکەوێتە پێشی دەستەکانی دیکەوە. زۆربەی جاریش، دەمەقاڵە و مشتومڕی نێوانیان دەبووە هۆی شەڕ و لێکدان و، بە چەقۆ و دار وبەرد لێکبەردەبوون. لە رۆژانی مانگی "محرم" دا، رەزا دەستەیەک قەزاقی رێکوپێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، بە موزیک و باڵەبانەوە رێیان دەپێوا. دەستەی قەزاقیش وەک ئەوانی دی، قوڕیان دەساوییە روومەت و لەشیان و، رەزا لە پێش هەموویانەوە دەڕۆیشت. باڵای بەرز و لەشی داکوتراو و بەسامی، بەو دەسرە سۆرەوە کە سەرتەوێڵ و نێوچاوانی پێدەبەست، هێندەی دیکە سەرنجی خەڵکەکەی بۆلای رەزا و دەستەی قەزاقەکان رادەکێشا. قەزاقەکان درۆشمیان دەدا:

## ئەگەر کەربەلا قەزاقی لێ بوایە   حسێن بە تەنێ نەدەمایەوە

بەڵێ، لەو کات و سەردەمەدا بەڕێوەچوونی (عاشورا و تاسوعا)ی ئیمام حسێن بەو چەشنە بوو. ساڵێکیان، پێش رووخانی حکوومەتی قاجارەکان و، بەدەسەڵاتگەیشتنی رەزا، ئەحمەدشای قاجار بەسەردان چووبووە پاریس. لە نێوخۆی ئێران، ماوەیەک بوو بانگەشەی ئەوە دەکرا گوایە وەهابییەکانی سعوودیا پەلاماری مەزاری پەیامهێنەری ئیسلام—محەمەدیانداوە و، وێرانیانکردووە. لەو ساڵەدا و لە مانگی (محرم) دەستەودایرەی شینگێڕان لە هەموو لایەکەوە بەرەو گۆڕەپانی "تۆپخانە" کەوتنەڕێ. لە کاتی لەخۆدان و هاواری "یاحسێن یا حسێن"، بەرە بەرە درۆشمەکان گۆڕان و بوون بە مردن و نەمان بۆ وەهابی!. ئەوجا کۆمەڵێک خەڵک رەزایان گرتە قەڵادۆشکان و بە دەنگی بەرز هاواریاندەکرد: "بژی قەزاق، بژی قەزاق". "قەزاق حیجاز رزگار دەکا وەهابی وەدەر دەنێ!!. ئەوجا تێکرای دەستەکانی لەخۆدان، قەزاقیان پێش خۆیاندا و رەزایان نابووە سەرشان و شینگێڕانی عاشورای ئەو ساڵە بوو بە خۆپێشاندان لە دژی وەهابییەکانی سعوودییە. لەو سەردەمەدا تەکنیک و پیشەی وێنەگرتن و فیلمهەڵگرتنەوە و کامێرا، وەک ئەوڕۆکە پێشکەوتوو نەبوو. فیلمێک کە دەگیرا، دەنگی لەسەر تۆمار نەدەکرا، "سامت" (بێدەنگ) بوو. لەو رۆژەدا فەرمانبەرێکی باڵوێزخانەی ئینگلیز هاتوچووی ئەو حەشیمەتە زۆرەی لەسەر کامێرا تۆمار کرد. پاشان فیلمەکەیان بردبوو بۆ پاریس و پێشانی ئەحمەوشایان دابوو. ئەحمەوشا بینیبووی دەیان هەزار خەڵک رژاونەتە سەر جادە و هاواردەکەن و، بە تووڕەییەوە دەست رادەوەشێنن، بەڵام نازانێت دەڵێن چی و، بۆچی رژاونەتە سەر جادە!، چۆنکە فیلمەکە بێدەنگە. ئەحمەوشا لە کاربەدەستە  ئینگلیزییەکە

**دەپرسێ: ئەو خەڵکە بۆ وادەکەن و، چییاندەوێت، ئەو کەسە کێیە بەسەر شان و دەستی خەڵکەوەیە؟!**

**کابرای ئینگلیزیش دەڵێ: "قوربان ئەو خەڵکە لە دژی ئێوە درۆشم دەدەن و، دەڵێن، ئێمە ئەحمەوشامان ناوێ! ئەو کابرایەش، سەردەستەی هێزی قەزاقە و خۆشتان دەیناسن، نێوی رەزاخانە. خەڵکەکە دەڵێن، ئێمە "رەزا خان" مان دەوێ! ئێمە ئەحمەوشامان ناوێت!!".**

**بە بینینی فیلمەکە و بیستنی قسەکانی کاربەدەستە بریتانییەکە، ترس و پەژارە ئەحمەوشا دادەگرێ و دەپرسێت: "ئێستا چار چییە و دەبێ چ بکەین؟!". کابرای ئینگلیزیش دەڵێ: "قوربان، بەداخەوە بارودۆخەکە شێواوە، لەبەر ئەوە داواتانلێدەکەین بیری گەڕانەوەی ئێران لە مێشکتان بهێننە دەرەوە. ئێمە دڵنیاین بگەڕێنەوە بۆ ئێران، گیانی خاوەن شکۆ دەکەوێتە مەترسییەوە. لە بابەت داراییەکانتان، ژنەکان و کەنیزەکان و ئەندامانی بنەماڵەتانەوە، ئێوە پەشێو و نگەران مەبن، ئێمە لەو بارەوە کارهاسانیی دەکەین و، یارمەتییان دەکەین تا بتوانن بگەنەلاتان...".**

**بەو شێوەیە، بەبێ کێشە و شەڕ و خوێنڕشتن "رەزا" بوو بە شای ئێران و، تانجی پاشایەتیی لەسەرنا.. دواتر کە رەزا دەسەلاتی ولاتی بە تەواوەتیی گرتەدەست خۆی، زۆرجار کە هەردووکمان بە تەنیا پێکەوە دەبووین، بە پێکەنین و، کەیفخۆشییەوە، باسی ئەو رووداوەی دەگێڕایەوە کە بە هۆیەوە بوو بە شای ئێران، هەردووکمان پێدەکەنین...!!).**

رەزاشا (16) سال حکوومەتی کرد. لە بارەی کارنامەی شانزە ساڵەی حکوومەتەکەیەوە، بیروراکان وەکیەک نین. هەرچی لایەنگرانی سیستەمی پاشایەتییە، رەزاشا بە پیاوێکی مەزن دەدەنە قەلەم و دەڵێن رەزاشا توانیویەتی ئێران لە پشێوی و

خانخانی و پاشاگەردانیی رزگاربکا و کۆی کارە گرنگەکانیشی لەم خاڵانەی خوارەوەدا جێکردووەتەوە:

1- پێکهێنانی سوپای ئێران. 2- ناردنی خوێندکار بۆ دەرەوەی وڵات. 3- دانانی بناخەی بانکی نەتەوەیی ئێران. 4- خستنەکاری هێڵی شەمەندەفەری سەرتاسەریی ئێران. 5- هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی کاپیتۆلاسیۆن. 6- فەرمانی لابردنی چارشێو لەسەر ژنان. 7- کردنەوەی دەزگەی هەواڵنێریی فارس. 8- دامەزرانی زانستگەی تاران. 9- سازکردنی کارگەی تواندنەوەی هاسن. 10- دامەزرانی فەرهەنگستانی ئێران.

بەڵام ئازادیخوازان و، رۆشنبیران، هەروەها چینی ئاینیی، بە جۆرێکیکە دەڕواننە کارنامەی رەزاشا و بە مرۆڤێکی ملهۆڕ و دیکتاتۆر و خوێنڕێژ و دژ بە ئازادیی دەیناسن. راستییەکەشی هەر ئەمەیە و، رەزاشا لەلایەن ئینگلیزەوە بۆ ئەوە نەکرا بەشای ئێران کە دیمۆکراسی و ئازادیی بۆ دانیشتوانی ئێران دابین بکات، چۆنکە گەلانی ئێران خۆیان لەسایی هەڵگیرسانی بزاڤی مەشرووتەدا توانیبوویان پەرلەمانێک بهێننە سەرکار کە نوێنەری راستینەی چین و توێژەکانی خەڵک بوو. چەندین رۆژنامەی ئازاد، بەبێ هیچ سانسۆر و ڕێگرییەک بیرورای جیاوازیان بڵاودەکردەوە. ئەو کەشە ئازادەش لە ڕەوتی خۆیدا ئاستی هۆشیاریی سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵانی خەڵکی دەگەیاندە ئاستێک، کە بیر لە داهاتوویەکی گەش و مۆدێرن

بکەنەوە، ئابووریی خۆیی و دەسەڵاتدارێتیی سیاسیی خۆیی پەرەی دەسەند. ئەمانە هیچیان لەبەرژەوەندیی ئینگلیزدا نەبوون کە دوای دەرچوونی سوپای رووسیا لە ئێران، ببوو بە تاکەسواری گۆڕەپانەکە.

وڵاتی ئێران بۆ ئینگلیز نەتەنێ وڵاتێکی پڕخێروبێر و بەپیت و بەرەکەت و رەنگین بوو، هەروەها دوای دامەزرانی یەکێتیی سۆڤێت، گرنگییەکی زیاتری پەیداکردبوو. چۆنکە پەرەسەندنی بیری کۆمۆنیستیی لە ئێران، یەکێتیی سۆڤێتی دەگەیاندە لێوارەکانی کەنداو کە شادەماری بریتانیا بوو. کاتێک رەزاشا بەدەسەلاتگەیشت، لە ساڵی 1933ی زاینی لە جێی پەیماننامەی نەوتی "دارسی" کە لە سەردەمی قاجارەکاندا مۆرکرابوو، پەیماننامەیەکی تازەی لە گەڵ ئینگلیز مۆرکرد. ئەم رێککەوتنە تازەیە، هەروەک کۆنەکە مافی تەواوی هەڵێنجان و هەناردە کردنی نەوتی ئێرانی بۆ ماوەی (30) ساڵی دیکە دەدا بە ئینگلیز.

رەزاشا دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتەدەستی، هیچ رۆژنامەیەکی سەربەخۆی نەهێشت و هەمووی داخست. گرتن و شکەنجە و گوللەبارانی نەیارانی سیاسی دەسپێکرا و هەموو دەسکەوتەکانی شۆرشی نوێخوازیی لە نێوبرد. رۆناکبیر و ئازادیخوازی گەورە و ناسراو دوکتۆر تەقی ئەرانی لەگەڵ 52 کەس لە هاوڕێیانی کە بە گروپی (53) کەس نێویانرۆیوە، گیران و، جگە لە تەقی ئەرانی، چەندین کەسی دیکەیان لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژران. جەعفەرقولیخانی سەردار ئەسعەد، کوڕی گەورەی سەرداری

ئەسعەدی مەزن، لە تاران گیرا و، لە زیندانی "قەسر" لە سێدارە درا (کاتی لەسێدارەدانی تەمەنی 55 ساڵ بوو). هێزای گۆتنە، رەزاشا لە سەروبەندی داگیرکردنی تاراندا بۆ ئەوەی هۆزی بەختیاریی بێلایەن بکات، بوو بە هاوڕێی جەعفەرقولیخان و، لای وی خۆی بە لایەنگر و سەربازی سەردار ئەسعەد و بیروباوەڕی مەشرووتە دایە قەلەم! (ئەم بەسەرهاتە، لە کۆنەوە بەرامبەر سەرکردەکانی کورد پێڕەوکراوە و کورد وانەی لێوەرنەگرتوون!).

"ئایەتوڵڵا سەید حەسەنی مودەڕس" ئەندامی پەرلەرمانی سەردەمی مەشرووتە و کەسایەتیی بوێر و ئازادیخوازی سەردەمی رەزاشا، لە ریزی گەورەترین نەیارانی سیاسیی رەزاشادا بوو، لە نێو پەرلەمان و لەشەقام و گۆڕەپان و مزگەوت و لە هەموو شوێنێک دژی رەزاشا قسەی دەکرد و، بەدەسکردی بێگانە و مرۆڤێکی خوێنڕێژ نێویدەبرد. مودەڕس لەلایەن ئاسایشی رەزاشاوە دەگیرێ و، پاش شکەنجە و لێدانی زۆر رەزاشا دەچێت بۆ زیندان بۆلای و، لێیدەپرسێت: "سەید، تۆ، چیت لە من دەوێ؟!". سەید مودەڕس دەڵێ: "نەبوونی تۆم دەوێت!". مودەڕس پاش نۆساڵ مانەوە لە زیندان، سەرەنجام بە فەرمانی رەزاشا لە نێو زیندان خنکێندرا. رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ و شۆڕشگێڕی وەک فەڕۆخی یەزدی و میرزادەی عیشقی، ماوەیەک دوای گیرانیان لەسێدارە دران. دەیان سەرۆکهۆزی کورد لە لوڕستان و بەختیارییەوە تا بویەر ئەحمەد و سنە و کرماشان،

کوژران، یان گیران و له تاران دەسبەسەر کران. راپەڕینی هۆزی بەختیاریی لەنێو باروت و ئاگر و هاسندا نوقمی خوێن کرا و، ژنەڕالەکانی رەزاشا ناوی "قەساوی لۆڕستان" یان بەسەردا بڕا.

لەنێو زیندانی "قەسر" لە تاران، دوکتۆرێکی لێبووە بە ناوی پزشک ئەحمەدی. ئەم دوکتۆرە، بە فەرمانی سەرۆکی پۆلیس، دەیان گیراوی سیاسیی لە زیندانەکان بە ئامپولی هەوا کوشتووە. ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەردەمی حکوومەتی شانزەساڵەی رەزاشا لەنێو براون، بە (20000) کەس مەزەندە دەکرێت. رەزاشا هەر بەرامبەر خەڵک و نەیارانی بێبەزەیی نەبوو، بەڵکوو لە گەڵ کاربەدەست و ژنەڕالەکانیشی بەو شێوازە دڕندەیەتیی نواندووە. نەسرەتولدەولە و ئەمیرتاش و محەممەد حسێنی ئایرەم لە ریزی یارمەتیدەر و راوێژکارانی نێزیکی بوون، خزمەتی زۆریشیان بە سەقامگیریی حکوومەتەکەی کرد، بەڵام هەرسێکیانی کوشت. لە رۆژهەڵاتی کوردستان، شۆرشی بیست ساڵەی سەرکردەی ناوداری کورد – سمکۆخانی شکاک، کە بە هاوکاریی رووسیا و ئینگلیز و حکوومەتی دەسکردی ئینگلیز لە عێراق و رژێمی رەگەزپەرستی تورکیا و ئێران هەرەسی پێ هێنرا و، دواجاریش لە ئەنجامی پیلانێکی نامرۆڤانە ڕێکەوتی 21/6/1930 دا، سمکۆی شکاک لەگەڵ خورشیدئاغای هەرکی کوژران و، خوسرەوی کوڕیشی لە شوێنی رووداوەکە بریندار دەبێ و نیشتمانپەروەرانی هۆزەکەی دەربازی باکووری کوردستانی دەکەن.

سیاسەتی فەرهەنگیی ڕەزاشا، ڕاستەوخۆ کەوتە خزمەتی ناسیۆنالیزمی فارس و داسەپاندنی زمانی فارسی و لەنێوبردنی نەتەوەکانی نافارس و زمان و کولتووری ئەو نەتەوانەی کەوتبوونە نێو چوارچێوەی جۆگرافیای سیاسیی ئێرانەوە. لەم پێناوەشدا بۆ ئەوەی بەپێی بەرنامەیەکی ڕۆشن ئەم پلانە فەرهەنگییەی جێبەجێ بکات، لەساڵی 1313 (1934) سەردانی تورکیای کرد و، لە نێزیکەوە تورکیای نوێی بینی و پاش ئاشنابوونی بە بیروباوەڕی ڕەگەزپەرستانەی **ئەتاترک** و ڕژێمەکەی، لە گەڕانەوەیدا زمانی فارسیی کرد بە زمانی فەرمی و بەکارهێنانی زمان و جلوبەرگی کوردی و نەتەوەکانی دیکەی ڕێبەند کرد و، جلی ئۆروپایی (شەپقە بۆ پیاوان و لابردنی چارشێو لە سەر ژنان بوو بە بڕیاری فەرمیی حکوومەت). پاسەوانەکانی ڕژێم ڕێیانپێدرا لەنێو کۆڵان و سەرجادە و لە بازاڕدا، سووکایەتی بکەن بە ژنی چارشێوبەسەر، چارشێوەکە لە سەری لابەرن. خۆپێشاندانیکی گەورە بە هاندانی مەلاکان لە دژی ئەم سیاسەتە زۆرەملییە لە ستانی خۆراساندا سازکرا، بەڵام پۆلیس و ژاندارم هێرشیانکردەسەریان و سەدانکەسیان کوشت و، بریندارکرد و دەیان کەس لە ئایەتۆڵڵاکان و کەسایەتیی ئاینی و کۆمەڵایەتیی زیندانیکران، یان بۆ ستان و مەڵبەندی دوورتر دوورخرانەوە. بۆنەی مانگی محرم و شینگێڕانی پێڕەوانی شیعە لە **"عاشورا و تاسوعا"** ڕێبەند کرا و، تەنێ ڕێدرا بە ئەنجامدانی بۆنەکە لە ڕۆژێک ئەویش لەنێو

مزگەوتەکان بەڕێوە بچێت. ڕێگیرا لەوەی وەک رابردوو خەڵک بڕژێنە سەرجادە و خۆیان لە قوڕبگرن و بە قەمە و زنجیر لە خۆیان بدەن.

دوای تێپەڕبوونی چەند سەدەیەک، بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی چینی ئاینیی کەوتبووە بەر هێرشێکی گەورە و سیستەماتیکەوە. ئەو مووچە و بووجە تایبەتییانەی سەردەمی قاجاڕ بۆیان تەرخانکرابوو، نەما و بڕدرا. شانبەشانی هەوڵدان بۆ لاوازکردنی دەسەلاتی ئایەتوڵلاکان، رژێم هەروەها دەستیکرد بە پرۆپاگەندەکردن لە بارەی مێژووی پاشایەتیی لە ئێران و زلکردنی رۆڵی پاشاکانی ئێران لە رابردوودا و، بەردەوامیی ئەم رۆڵە مەزنە لەلایەن رەزاشاوە، بۆ مەبەستی پەرەپێدانی بیری شاپەرستیی لەنێو خەڵکدا.

ساڵی 1935 لەسەر داوای رەزاشا، کۆمەڵەی نەتەوەکان نێوی "پرشیا"ی گۆڕی بۆ "ئێران". رەزاشا بە لابردنی نێوی پرشیا و هەڵبژاردنی نێوی ئێران، نیازیوابوو هەموو نەتەوە نافارسەکان لە نێو زمان و کولتووری فارسدا بتوێنێتەوە و وەک کەمالییەکانی ترکیا بناخەی رژێمێکی ناسیۆناڵی فارس، یەکزمان (زمانی فارسی)، یەک مێژوو (دیرۆکی ساختەی فارسی) و یەک کولتوور (کولتووری فارس) دامەزرێنێت.

لە گەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دووەم، سوپای ئەڵمانیا توانی لە ماوەیەکی کورتدا سوپای چەندین وڵاتی گەورە و بچووک لە ئۆروپادا بشکێنێ و رژێمەکانیان بڕووخێنێ و، رژێمی

دەسنیشانکراوی خۆی لەجێیان دانێ و، خاکەکەیان داگیربکات. بڵاوبوونەوەی ئاگری جەنگ بۆ ئاسیا و ئەفریقیا و کردنەوەی پێوەندیی سیاسیی لە نێوان نازییەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ رژێمی ئێران، رەزاشای هێنایە سەر ئەو باوەڕەوە، کە ئەڵمان دەتوانێت ئینگلیز و رووسیاش بشکێنێ، بۆیە وای بە باشزانی ببێت بە هاوپەیمانی ئەڵمانی نازی و لە ئاغای پێشووی واتە ئینگلیز پشتهەڵکا، کە بە دەسەلاتی گەیاندبوو.

لەو سەردەمەدا، لە نێو گەلانی ناوچەکە، وەک کورد و گەلانی ئێران و عەرەب و هێند و... هتد، کە بندەستی بریتانیا و فەرەنسا بوون، هیتلەر زۆر خۆشەویست بوو. هیتلەر دەیگوت، ئێرانی و ئەڵمانی لە رەگەزێکی هاوبەشن و هەردووکیان لە رەگەزی "ئاری" ن. پەیمانی دۆستی و هاوکاریی لەنێوان هەردوو رژێمی ئەڵمانیا و ئێراندا مۆرکرا و، ئەڵمانەکان، دەسیانکرد بە سازکردنی هێڵی شەمەندەفەری سەرتاسەری و سازکردنی چەندین وێستگەی راگیرانی پاپۆڕ و رێگەوبان و سایلۆ (هەماری گەنم) و دامەزراندنی گارگەی تواندنەوەی هاسن و گەلێک کاری خزمەتگوزاری و پیشەیی دیکە لە تاران و لە شارە گەورەکانی ئێران.

هیتلەر لەلای خەڵکی ئێران هێندە خۆشەویستبوو، کە لە گۆڕەپانی تۆپخانەی تاران و لە شارە گەورەکاندا رۆژی سەعاتێک کۆ دەبوونەوە گوێیان لە وتەکانی پڕ لە قیرە و هاتوهاواری هیتلەر دەگرت، بێئەوەی وشەیەکی لێتێبگەن،

دەیانکرد بە چەپڵەڕێزان و هوتافکێشان. مۆدێلی قژی نازییەکانی ئەڵمانیا لەنێو لاوانی ئێرانیدا بوو بە باو، پیاوانیش سمێڵیان وەک هیتلەر دادەنا. شاژنی ئێران تاجەلملووک لە گەڵ شاندێکی فەرمیی، لە ئێرانەوە چوو بۆ دیداری هیتلەر و گەلێک دیاریی بە نرخ لەوانە مافوورێکی دەسکردی تەورێزی پێشکێشکرد کە زۆر وەستایانە وێنەی هیتلەر لە سەری نەخشێنرابوو.

مەبەستی سەرەکیی هیتلەر لە هاوپەیمانێتیکردنی لە گەڵ رەزاشا لەبەر ئەوە بوو لە نەوت و سووتەمەنیی ئێران بۆ دابینکردنی ماشێنی جەنگیی سوپای بە هێز و بەربڵاوی سوود وەربگرێت. لەوەش گرنگتر ئەڵمان لە رێگەی خاکی ئێرانەوە دەگەیشتە کەنداو، دەیتوانی بە هاسانی دەسبگرێ بە سەر کەنداودا و بریتانیا لەو نێوچەیە دەرپەڕێنێ و، بۆخۆی ببێت بە خاوەنی چاڵە نەوتەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین هەروەها لە باکووری ئێرانیشەوە، سوپای ئەڵمانیا گەمارۆی سەر رووسیای توندتر دەکرد. لە بەر ئەم هۆیانە، هاوپەیمانێتیی نێوان ئەڵمانیا و ئێران، چەندە بۆ ئەڵمانیا گرنگ بوو، هەر بەو رادەیەش ترسی گەورەی خست دڵی ئینگلیز و رووسیا و بەرەی هاوپەیمانانەوە.

بۆ رێگەگرتن لە نەخشەی هیتلەر هێزی هاوپەیمانان (ئەمریکا، بریتانیا و رووسیا)، لە شەوی نەورۆز و لە ڕێکەوتی 21/3/1941 رژانە نێو خاکی ئێرانەوە. سوپای بریتانیا و ئەمریکا لە باشوور و سوپای سۆری رووسیاش لە باکوورەوە ئێرانیان داگیرکرد.

بریتانیا له تاران نامەیەکی کورتی نارد بۆ ڕەزاشا که نێوەرۆکی بەم چەشنه بوو:

"داوا له بەڕێزتان دەکەین له پاشایەتیی بکشێنەوه و تانج و تەختی پاشایەتیی بسپێرن به کوڕی گەورەتان (محەممەد ڕەزا). ئێمه بۆچوونمان له بارەی کوڕی گەورەتان باشه و بەڕێزتان دڵنیا دەکەین له داهاتوودا له حکوومەتی وی پشتیوانیی دەکەین و چ نیاز و ئامانجێکی دیکەمان نییه بۆ داهاتووی بنەماڵەتان و بۆ ئێران".

ڕەزاشا له ژێر چاودێریی هێزەکانی بریتانیا بۆ لەنگەرگەی "گومبرۆن"، (بندرعباس) و لەوێوه به پاپۆڕ برا بۆ هێند، پاشان بۆ دورگەی "موریس" و لەوێشەوه بۆ ئەفریقای باشوور دوور خرایەوه. تاجەلملووک له بارەی دەرکردنی ڕەزاشای مێردی لەسەر تەختی پاشایەتی و ڕاگواستنی بۆ دەرەوەی ئێران و بەخشینی تەختی پاشایەتیی به میراتگری یەکەم (حەمەڕەزای کوڕی) له لایەن ئینگلیزەوه، ئاوا دەڵێ:

"باید عرض کنم مردم نه تنها از استعفای رضا و رفتن او از مملکت ناراحت نشدند و در برابر مداخله متفقین برای مجبورکردن رضا به استعفاء عکس العمل نشان ندادند، بلکه در کمال چشم سفیدی ابراز خوشوقتی و خوشحالی هم کردند و روزنامه ها هم که تا سوم شهریور 1320 دعاگوی رضا بودند شروع به هتاکی و فحاشی نمودند! رضا از این تغییرحالت مردم خیلی ناراحت بود. آقای محمود جم که پیرمرد سرد و گرم چشیده‌ای بود به رضا گفت که نباید ناراحت باشد این خاصیت عوام است که در ایام قدرت حکام مجیزگوی آنها هستند و در

ایام ضعف پنجه به روی آنها می‌کشند! در این مسافرت کلارمونت اسکرین از کارکنان کنسولگری انگلیس در کرمان که خیلی روان فارسی صحبت می‌کرد همراه ما بود و فوق العاده احترام و تکریم می‌کرد و تمام تلاش و سعی او این بود که رضا احساس راحتی کند. قرار ما این بود که به جزیره موریس برویم. آقای کلارمونت اسکرین بعدها کنسول انگلستان در تهران و وزیرمختار انگلستان در تهران شد و از پادشاه انگلستان عنوان پرطمطراق سر گرفت... واقعا جالب است، یک انگلیسی مثل بچه های جنوب شهر تهران فارسی حرف بزند و بهتر از هر ایرانی تاریخ مملکت ما را بداند. رضا خیلی از دامنه اطلاعات اسکرین تعجب کرده بود. یک شب به من گفت بیخود نیست که اینها بر دنیا حکومت می‌کنند. اسکرین علاوه بر فارسی به زبانهای اردو که مخصوص هندی ها بود و زبان پشتو که مخصوص افاغنه بود و زبان ترکی هم خیلی عالی حرف می‌زد. چون خیلی با ما خودمانی شده بود. یک شب رضا روی عرشه کشتی از او پرسید چرا انگلیسی ها مصرا از او خواستند تا خاک ایران را ترک کند. اسکرین گفت: این کمترین تنبیهی است که لندن برای اعلیحضرت رضا شاه درنظر گرفته است. ما انگلیسی ها خیلی وفادار هستیم. با آنکه اعلیحضرت رضا شاه نسبت به انگلستان کم لطفی کرده و در میانه راه خود را به آلمان نزدیک کردند معهذا انگلستان حاضر نشد اعلیحضرت را مجازات جدی کند. امیدوارم در آینده اعلیحضرت محمدرضا ولیعهد جبران مافات کرده و در برابر این گذشت و بزرگواری دولت فخیمه انگلستان خدمتگزار صادق پادشاه انگلستان باشند!

رضا مطابق عادت، صبح ها که ازخواب بلند می‌شد به اندازه یک پشت ناخن تریاک استعمال می‌کرد و ایضا" شب ها هم! کاپیتان انگلیسی و یکی دو صاحب منصب عمده هم که با رضا طرح دوستی ریخته بودند به کابین او می‌رفتند و

یکی دوبست می‌زدند. فایده این مسافرت یکی هم این بود که چند نفر از خدمه کشتی تا رسیدن ما به مقصد تریاکی شدند!

کوردییه‌که‌ی:

(هێژای گوتنه، کاتێک خه‌ڵکی ئێران ئاگاداربوون ره‌زاشا له ده‌سه‌ڵات لابراوه، له‌لایه‌ن ئینگلیزه‌وه بۆ ده‌ره‌وه‌ی ئێران ده‌برێت نه‌ک هه‌ر زیز و تووڕه نه‌بوون و هه‌ڵوێستێکیان ده‌رنه‌بڕی، به‌ڵکو به‌وپه‌ڕی رووقایمییه‌وه شادمانی خۆیان ده‌رده‌بڕی و، خۆشحاڵ بوون که ده‌یاندیت ره‌زاشا له ده‌سه‌ڵات لابراوه. هه‌روه‌ها، رۆژنامه‌کانی ولات که تا رۆژی سێی خه‌رمانانی 1320 (1941ی زاینی)، جگه له په‌سنبێژی و ستایشکردنی ره‌زاشا شتێکی دیکه‌یان نه‌ده‌نووسی، له‌گه‌ڵ ده‌ستبه‌سه‌رداگرتنی له‌لایه‌ن ئینگلیزه‌وه، ده‌سیانکرد به سووکایه‌تی و جنێودان پێی. ره‌زاشا له‌م رووووه‌رگه‌ڕانه‌ی خه‌ڵک لێی، زۆر زیز و تووڕه بوو. به‌ڕێز مه‌حموودی جه‌م که پیرێکی خاوه‌نئه‌زموون بوو، تاڵی و سوێری رۆژگاری چێشتبوو، به ره‌زاشای گوت: "نابێ دڵت له خه‌ڵک بڕه‌نجێ، "خاصیت عوام" (تایبه‌تمه‌ندیی خه‌ڵکی نه‌خوێنده‌وار هه‌روایه). کاتێک خۆری ده‌سه‌لاتدار له دره‌وشانه‌وه‌دایه، کڕنۆش ده‌به‌ن بۆی و ستایشی ده‌که‌ن، کاتێکیش گڵۆڵه‌ی ده‌که‌وێته لێژیی، به‌پلار دایده‌گرن. له‌و سه‌فه‌ره‌ماندا کاربه‌ده‌ستێکی ئینگلیزیمان له‌گه‌ڵدا بوو، نێوی "کلارمۆنت سکرین" بوو. ئه‌م که‌سه پێشتر له کۆنسولخانه‌ی بریتانیا له شاری کرمان کاریده‌کرد. سکرین فارسییه‌کی باشیده‌زانی، زۆر به تۆره بوو.

زۆر ڕێزی له ڕەزاشا دەگرت و هەوڵێدەدا خەم و پەژارەی له دەسدانی حکوومەت و دوورخستنەوەی له دڵ بڕەوێنێ. به پێی بڕیار، پاپۆڕەکەمان بەرەو دورگەی موریس دەچوو. بەڕێز کلارمۆنت سکرین، دواتر بوو به سەرکۆنسول و وەزیرموختاری بریتانیا له ئێران و، نازناو و پلەی "سێر" (بەڕێز)ی له پاشای ئینگلیز وەرگرت. بەڕاستی سەرمان سووڕدەما، کاتێ دەماندیت سکرین وەک کەسێکی به ڕەگەز و زمان فارس، که هەر له منداڵییەوە له گەڕەکەکانی باشووری تاران له دایکبووبێت، ئاوا به فارسییەکی پاراو قسەی دەکرد و، له هەر ئێرانییەک پتر شارەزای مێژووی ئێران بوو. ڕەزا سەری له زانیاری و هۆشیاریی سکرین سووڕمابوو. شەوێک گوتی پێم: "له خۆڕایی نییه ئەمانه حوکمڕانیی دنیا دەکەن!". سکرین جگه له فارسی، هەروەها زمانی ئۆردوو که زمانی تایبەتی هێندییەکانه، زمانی پەشتوونی ئەفغان، هەروەها زمانی ترکیشی زۆر باشدەزانی. پێوەندییەکی دۆستانه له نێوانماندا دروست ببوو. شەوێک ڕەزا پرسی لێی: "بۆچی بریتانیا، پێی لەسەر ئەوە داگرت که ئێران به جێ بێڵێت!؟".

سکرین له وەرامی ڕەزاشادا گوتی:

"ئەمه کەمترین سزا بوو دەوڵەتی بەریتانیا بۆ خاوەن شکۆ ڕەزاشا هەڵیبژارد. ئێمه خەڵکی ئینگلیز، سۆز و پەیمانی خۆمان بەجێدێنین. له گەڵ ئەوەیکه ڕەزاشا بەرامبەر ئینگلیز ناسوپاسی نواند و، له نیوەی ڕێدا بەرەولای ئەڵمان بایدایەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، دەوڵەتی بریتانیا نەیویست،

بەرێزتان سزای توند بدات. هیوادارم لە داهاتوودا، میراتگری تانج و تەختتان خاوەنشکۆ محەمەدڕەزا قەرەبووی هەڵەی رابردووی ئێوە بکاتەوە و، لە بەرامبەر ئەم لێبوردنەی دەولەتی گەورە و شایستەی بریتانیا مەزن، خزمەتکارێکی بە ئەمەگ بێت بۆ پاشای ئینگلیز!".

رەزا، وا ڕاهاتبوو، بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستا، بەقەد سەرەنینۆکێک تلیاکی دەکێشا. شەوانەش دیسان بە قەد نۆکێک تلیاکی دەخوارد. کاپیتانە ئینگلیزەکە و دوو کاربەدەست و خاوەن پلەوپایە کە لەماوەی سەفەرەکەمان لە نێو پاپۆڕەکەدا لە گەڵ رەزا ببوونە دۆست و، پێوەندییەکی باش لە نێوانیاندا دروستببوو، دەچوونە ژوورەکەیەوە و لە گەڵی تلیاکیان دەکێشا. سوودی ئەم سەفەرەمان ئەوە بوو، تا گەیشتنمان بە دورگەی مووریس، چەندین فەرمانبەری نێو پاپۆڕەکە بوونە تلیاکی!!

رەزاشا رۆژی 4ی گەلاوێژی 1323ی هەتاوی (26/7/1944 ی ز)، لە وڵاتی ئەفریقای باشوور بە جەڵتەی دڵ مرد. دوومانگ دوای مردنی رەزاشا، بە رەزامەندیی کارگێڕی بریتانیا لە تاران حەمەڕەزا کوڕە گەورەکەی رەزاشا چووە سەر تەختی پاشایەتی و بوو بە شای ئێران.

## دەستپێکردنی حکوومەتی حەمەڕەزاشا و،

## ڕۆڵی کۆلۆنیالیزمی جیهانیی لەپەرەپێدانی ئاین و ئاینزاکاندا!

حەمەڕەزاشا ڕێکەوتی 1941/9/16ی زاینی لەلایەن بریتانیا و ئەمریکا لە جێی باوکی دانرا و بوو بە شای ئێران. جەنگی جیهانیی دووەم کە بە سەرکەوتنی هاوپەیمانان و، ژێرکەوتنی بەرەی نازێتیی کۆتاییهات. جیهانی بەرەو کێبەرکێ و ململانێی نوێ لە نێوان ڕۆژاڤا و ڕۆژهەڵات ڕاکێشکرد.

سەرکەوتنی سوپای سۆری یەکێتیی سۆڤێت، بە سەر سوپای ئەڵمانی نازی لە جەنگی بە نێوبانگی "ستالینگراد"، لە مانگی ڕێبەندانی 1942ی زاینی و رووخانی دەوڵەتی نازێتی لە ئەڵمان کە گەلانی سەر بە یەکێتیی سۆڤێت و سوپای سۆر، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان تێیدا گێڕا لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە درۆشم و نانگەشەی یەکێتیی سۆڤێت کە پشتیوانی گەلانی چەوساوە و بندەستە و دژی سەرمایەداری جیهانییە، هەست و ڕێز و خۆشەویستیی گەلانی بندەست و ئازادیخوازان و شۆرشگێرانی جیهانی بۆلای سۆڤێت و بیروباوەڕی کۆمۆنیستی ڕاکێشا و، ڕەوتی گەشە و پەرەسەندنی بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی لە جیهان، خێراتر کرد.

گرنگیی هەڵکەوتوویی ئێران لە باری جیئۆپۆلیتیکەوە ترسی خستە دڵی دەوڵەتانی ڕۆژاڤا بەتایبەتی بریتانیای مەزن کە لەو سەردەمەدا گەورەترین دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی جیهان بوو. پەرەسەندنی بیری کۆمۆنیستیی دەبوو بە هۆی گۆڕینی سیستەمی

سیاسی و هاتنەسەرکاری رژێمێکی کۆمۆنیستیی لایەنگری سۆڤێت لە ئێران، بەوەش کارەساتی دەخولقا بۆیان و بەرژەوەندییان لە کەنداو و لە نێوچەکە بەگشتیی دەکەوتە مەترسییەوە. حیزبی توودەی ئێران کە پێڕەوەیی لە ڕێبازی کۆمۆنیستی دەکرد و، جێبەجێکەری سیاسەتەکانی رژێمی سۆڤێت بوو لە ئێران، دوای دامەزرانی دەسیکرد بە بڵاوکردنەوەی بیری یەکسانی و ئازادیخوازی و، دروشمی نۆژەنکردنی وڵات و چاککردنی باری گوزەران و بژێوی و ئاسایشی خەڵک و، دەیگوت جێبەجێکردنی ئەم داخوازی و ئامانجانە بە نەهێڵانی ئیمپریالیزم و بڕینی دەستی رژێمی وابەستە و کۆنەپەرستی نێوخۆ مسۆگەر دەبن. بەرنامە و دروشمەکانی حیزبی توودە، ئەندام و لایەنگری زۆری لێکۆکردەوە و لەماوەیەکی کەمدا بوو بەگەورەترین رێکخراوەی سیاسی و جەماوەریی لە ئێران. ئەو ئاڵوگۆرانە کاربەدەستانی بریتانیای ناچار کرد تا خێراتر بکەونە هەوڵ بۆ پێشگرتن لە تەشەنەسەندنی زیاتری بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی لە ئێران.

مانگێک دوای شکستی سوپای نازیی لە شاری ستالینگراد باڵوێژی بریتانیا لە ئێران (بۆلارد Bolard) نامەیەک و گەلاڵەی بەرنامەیەکی پێشنیازکراویدا بە عەلی سوهەیلی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی ئێران. لە بەرنامەکەدا نووسیبوویان: بە مەبەستی پێشگرتن و پووچەڵکردن دروشمەکانی چاکسازیی حیزبی توودەی ئێران بە پێویستیدەزانین دەوڵەتی ئێران، هێندێک ڕیفۆرم لە نێوخۆی ولات ئەنجامبدا.

بابەتێکی گرنگ کە لە بەرنامەکەی حکوومەتی ئینگلیزدا جەختی کرابووەسەر، داوا لە حکوومەتی ئێران کرابوو تا "ئاین" وەک چەکێکی گرنگ و کاریگەر بەرامبەر گەشەکردنی بیری کۆمۆنیستی بەکار بهێنریت!

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ، جەنگی درێژخایەنی بەنێو "جەنگی سارد" لە نێوان بلۆکی رۆژهەلاّت و رۆژاڤادا، هەر لە سالاّنی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە بناخەکەی دارێژراوە.

"بۆلارد" هەروەها لە ڕێکەوتی 27ی رەشەممەی سالّی 1321ی هەتاوی (1942زاینی)، راپۆرتێک لە بارەی بارودۆخی ئێرانەوە دەنێرێ بۆ سەرۆکوەزیرانی بریتانیا و دەلّێ:

"حیزبی توودەی ئێران، لە هەلّبژاردنەکانی خولی چواردەی پەرلەمانیدا، پێشانیدا خاوەنی رێکخستن و پێگەی جەماوەریی یەکجار گەورەیە و بە رادەیەکی زۆر توانیویەتی هەست و بیروباوەڕی چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەلّ بورووژێنێ و، دەنگی نارەزایەتییان لە دژی حکوومەت و دەسەلاّتدارانی ئێران، یەکبخات...".

پێویستە ئەوەش بلّێین بەکارهێنانی ئاین لە دژی بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی هەر تایبەت بە ئێران نەبوو ولاّتانی کۆلۆنیالیستیی لە شەڕ و کێبەرکێی نێوانیان پێشووتریش چەکی ئاینیان لە دژی یەکتر بەکار هێنابوو. لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لە ئاینی ئیسلام، بۆ مەبەستی هاندان و کۆکردنەوەی کۆمەلاّنی موسلّمان و بردنیان بەرەکانی جەنگ کەلّک وەرگیرابوو. بۆ

نموونە دەوڵەتانی یەکگرتوو (ئەڵمان و عوسمانلی)، هەست و بیروباوەڕی ئاینیی موسڵمانانیان لە دژی **وڵاتانی هاوپەیمان (بەریتانیا و ئینگلیز و فەرەنسا و رووس)**، بە کاردەهێنا و بە ناوی **جەنگی بەرەی ئیسلام لە دژی کافران**، لای خەڵکی رەشورووتی ولاتانی ئیسلامی، رواڵەتێکی پیرۆز و رەوایان بە جەنگەکەیان دەبەخشی. لە لایەن دەولەتی ئەڵمانەوە رێکخراوێکی ئیسلامیی دامەزرابوو ناوی **"یەکێتیی ئیسلام"** بوو، بووجە و داراییەکەشی لەلایەن دەولەتی ئەڵمانەوە دابیندەکرا. کاری ئەم رێکخراوەیە ئەوە بوو گەلانی رۆژهەڵاتی ناڤین کە زۆرینەی موسڵمانن، لەدژی بریتانیا و رژێمەکانی هاوپەیمانی هانبدا. هەر لەو پێوەندەدا گۆڤاری **"کاوە"** بە سەرپەرشتیکردنی **حەسەن تەقیزادە** و گۆڤاری مانگانەی **"جیهانی ئیسلام"** لەمانگی نۆڤەمبەری ساڵی 1916ی زاینی بە سەرپەرشتیکردنی **شێخ عەبدولعەزیز چاویش میسری و عەبدولمەلیک حەمزە** لە شاری **بەرلین** بە زمانی عەرەبی و ترکی و فارسی دەستیان بەوەشان کرد.

**حەسەن تەقیزادە** سەرنووسەر و بەرپرسیاری گۆڤاری **"کاوە"** سەبارەت بە نێوەرۆکی پرۆژەکە دەڵێ:

**(مەبەست لە وەشانی گۆڤارێک بە ناوی کاوە بۆ ئەوە بوو ببێت بە گۆڤارێکی سیاسی لە دژی دوژمنەکانی ئەڵمان و، پرۆپاگەندەی بۆ سەربەخۆیی ئێران دەکرد و بیری هاوپەیمانێتی و هاوڕەگەزیی ئێران و ئەڵمانی، بڵاودەکردەوە. دیارە دەولەتی ئەڵمان بە چەندین زمانی دیکەی رۆژهەلاتی ناڤین رۆژنامە و**

**گۆڤاری بڵاودەکردەوە و بووجەی هەمووشیان دەولەتی ئەڵمان دابینی دەکرد). ئەم کۆپلەیەی خوارەوەش لە هەموو ژمارەکانی گۆڤاری "کاوە" دا دەنووسرا:**

**"پێویستە ئێرانییەکان ئەم راستییە بزانن، خودێی گەورە بە دەستی پیرۆزی خۆی، لە "غیب" (پێوار) ەوە، پشتیوان و هاریکاری سوپای عوسمانییە لە جەنگیدا بەرامبەر کافران. سوپای عوسمانی برای موسڵمانی ئێرانییەکانن. تێکڕای ئەندامانی سوپای عوسمانی لە فریشتە و مرۆڤچاکانی خودێ و، لە پەری و مەلایکە پێکهاتوون و، بۆ یارمەتی و رزگارکردنی براموسڵمانەکانیان لە ئێران، شەڕی کوفر و دوژمنی ئیسلام و دوژمنی خودا دەکەن. خوێنی سەربازی عوسمانی کە لە داوێنی چیاکانی ئەڵوەند و بێستوون دەڕژێنە سەرزەوین، خوێنی پاکی نەتەوەیەکی بەڕێز و پاکژ و نەجیب و خانەدانە کە لە پێناو ئازادکردنی برایانی موسڵمانی خۆیان و، رزگارکردنیان لە بندەستیی ئەنجامدەدرێت....".**

دەولەتی ئینگلیزیش دوای سەرکەوتنی شۆرشی کۆمۆنیستیی 17ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917یزاینی و هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆیی لە رووسیا، ژمارەیەکی زۆر لەمەلاکان و موسڵمانانی لە نێوچەی **"ترکمەنستان"** کۆکردەوە بۆ تێکدانی بارودۆخی نێوخۆی رووسیا و دژایەتیکردنی کۆمۆنیستەکان کە تازە دەسەڵاتیان گرتبووە دەست. لەبەر ئەوە، ئینگلیز پێشتر ئەو تاقیکردنەوە و ئەزموونەی هەبوو، دەیزانی لە نێو وڵاتانی ئیسلامیدا کاریگەرترین چەک لە بەرامبەر گەشەی بیری کۆمۆنیستیی، تەنێ چەکی ئاینە. ئەوە بوو، پڕۆژەیەکیان لە ئێران دارشت، کە دواتر پرۆژەکە بە **"پشتوێنی کەسک"** نێوبانگی دەرکرد.

لە مانگی خەرمانانی ساڵی 1944ی زاینی، فەرمانبەرێکی دەزگەی سیخوڕیی بریتانیا بە ناوی رابین زینر لە پلەی ئەندامی جێگری راگەیاندنی باڵوێژخانەی ئینگلیز، گەیشتە تاران. دوو حەفتە پاش هاتنی رابین بۆ تاران، دوو کەسایەتیی ناسرا و بە نێوبانگی ئاینیی، (سید زیا تەباتەبایی و ئایەتوڵڵا قۆمی) کە لە عێراق و فەلەستین دەژیان، لەلایەن ئینگلیزەوە هێنرانەوە بۆ ئێران.

سەید زیائەدینی تەباتەبایی لە سەردەمی دەسەلاتی رەزاشادا ماوەیەک هاوکاری رەزاشای کردبوو، دوای ئەوەی رەزاشا کەوتە دژایەتیکردنی مەلاکان و وێزەی نەیارانی، لەلایەن ئینگلیزەوە نێردرا بۆ فەلەستین. بەڵام پاش دامەزرانی حکوومەتەکەی حەمەڕەزاشا، دەوڵەتی ئینگلیز لە فەلەستینەوە هێنایەوە بۆ ئێران و، ئەویش بە پێی ئەرکێک سپێردرابووپێی هاوکات لەگەڵ هاتنەوەی، دەسیکرد بە بانگەشە و بڵاوکردنەوەی درۆشمی ئاینی و نەتەوەیی و، حەشیمەتێکی زۆر لە موسڵمان و نەتەوەپەرستی لە خۆی کۆکردەوە. ئەوجا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی کە لە ڕیکەوتی 16ی مانگی رەشەمەی ساڵی 1322ی هەتاوی (1944زاینی) دا بەڕێوەچوو، بە نوێنەرێتی دانیشتووانی شاری یەزد بوو بە ئەندام پەرلەمان. لەنێومجلس (پەرلەمانی ئێران) یشدا، بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکی بەرەی ئیسلامیی. بەوەش، هەر دوو بەرەی جبهه ملی ایران (بەرەی نیشتمانیی ئێران – بەسەرۆکایەتی دوکتۆر محەمەد موسەدق کە

سیکۆلار بوون) و حیزبی توودەی ئێرانی سەر بە سۆڤێت کە تا پێش هاتنەوەی سەید زیائەدین و ئایەتوڵڵا قۆمی زۆرینەی خەڵکیان لە پشت بوو، کەوتنە کەمایەتی و بوون بە ئۆپۆزسیۆن لە نێو پەرلەمان.

ژۆرژ لنچافسکی کە لە ساڵانی نێوان 1320– 1322ی هەتاوی (1942– 1944 زاینی) لە تاران ئەندامی بەشی راگەیاندنی باڵوێزخانەی کۆماری کۆمۆنیستی لهستان (پۆلۆنیا) بوو، لە ساڵەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهانیی لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیەوە، کرا بە بەرپرسی لێکۆڵینەوە و چاودێریی جموجوڵ و چالاکی سیاسی و دیپلۆماسیی ئەمریکا و رۆژاڤا لە ئێران. ژۆرژ لنچافسکی لە راپۆرتێکیدا لە بارەی گەرانەوەی سەید زیائەدینی تەباتەبایی بۆ ئێران، نووسیبووی:

**سەید زیائەدین کارتی براوە و جۆکەری دەستی ئینگلیزە لە دژی ئیدۆلۆژیی کۆمۆنیستیی. سەید زیا پێش گەڕانەوەی بۆ ئێران، لە شاری "حەیفا"ی فەلەستین دەژیا کە ئەوکات کۆلۆنی ئینگلیز بوو. ئینگلیزەکان لەوێوە هێنایانەوە بۆ ئێران و بە ماوەیەکی کەم حیزبی وطن (وڵات)ی دامەزراند. پاشان بە نوێنەرێتی شارەکەیان (یەزد)، بوو بە ئەندام پەرلەمان و، نێوی حیزبەکەی گۆڕی بۆ اراده ملی (ڤینی نەتەوەیی). بەرنامەی حیزبەکەشی بریتیبوو لە: پارێزگاریکردن لە ئیسلام و پەرەپیدانی ئاینی ئیسلام و پێرەویکردن لە یاسا و دەستووری ئیسلامی لە نێو کۆمەڵگە و، کردنەوەی قوتابخانەی ئاینیی.**

هاوكات ئايەتۆڵلا قۆمی كە ئینگلیز لە تاراوگە لە (نەجەف) وە هێنایانەوە بۆ ئێران، ئەویش پشتیوانیی خۆی لە بەرنامە و درۆشمەكانی سەید زیا دەربڕی و، رایگەیاند:

"دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی زانای گەورەی ئیسلام سەید زیائەدین و دەستوور و داونەریتی ئیسلامی دەبێ لە نێو كۆمەڵگەدا بەڕیوەبچن".

شایانی باسە ئایەتۆڵلا قۆمی سەردەمی رژێمی رەزاشا لە ئێران دوور خرابووەوە، چۆنكە دژایەتی ئەو یاسایەی كردبوو كە رەزاشا دەریكردبوو كە دەبوو هەموو پیاوێک كڵاو و جلوبەرگی ئۆروپایی لە بەر بكا و، ژنانیش چارشێو و رووبەندیان لابەرن!".

پشتیوانیكردنی هاوبەشی ئینگلیز و حكوومەتی دەسكردی حەمەڕەزاشا لە چینی مەلاكان، سەرلەنوێ بارودۆخێكی زۆر گونجاو و لەباری رەخساندەوە بۆیان. ئایەتۆڵلا قۆمی لە شاری مەشهەدەوە، نامەیەكی نارد بۆ سەرۆكوەزیران ( عەلی سوهەیلی) و تێیدا چەند خاڵی دەسنیشانكردبوو، داوایكردبوو پێویستە دەولەت جێبەجێیان بكات. پاشان كۆمەڵێک لە مەلاكانی شاری خومەین لە مانگی خەرمانانی ساڵی 1944ی زایینیی نامەیەكی دیكەیان نارد بۆ سەرۆكوەزیران عەلی سوهەیلی و تێیدا نووسییان:

"ئێمە هەموومان، كە پێرەویی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەكەین، خوازیاری ئەوەین تا وتە و فەرموودەكانی پێشڕەوان و زانایانی گەورەی ئیسلام لەنێو

یاسای بنچینەیی ئێراندا بگونجێ و، داو و نەریت و فەرهەنگ و ڕێبازی ئیسلامی لە کۆمەڵگەدا بچێت بەڕێوە. ئێمە خوازیاری ئەوەین تا چارشێو و ڕووبەند، بەسەر ژناندا "تەوزیمی" (اجباری) بکرێت....".

لەنێو ئەو مەلایانەی کە ژێری نامەکەیان واژۆ کردبوو ناوی سەید مۆرتەزا پەسندیدە (برا گەورەکەی ڕۆحوڵلا خومەینی) تێدابوو.

کابینەکەی سەرۆکوەزیران (عەلی سوهەیلی)، پاش وەرگرتنی پێشنیاز و داخوازیی ئایەتوڵلا قۆمی و مەلاکانی دیکەی ئێران، کۆبووەوە و بڕیاریدا پەروەردەی ئاینیی ببێت بە بەشێک لە وانەی قوتابخانە و خوێندنگەکانی سەرتاسەری وڵات و بە فەرمی بچێت بەڕیوە و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوجا عەلی سوهەیلی بۆ دڵنیاکردنی ئائەتوڵلا قۆمی دەقی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی دەوڵەتی ناردبۆی کە بەمجۆرە بوو:

تصويبنامه هيئت وزيران

بتاريخ 12 –6- 22 حضرت آيت الله قمى

---------- ---------------

شماره 11326

در جواب تلگرافيه كه از مشهد مقدس مخابره فرموده بوديد، محترما زحمت ميدهد

تلگراف در هيئت وزيران مطرح و تصويب دولت بشرح زير اشعار مى شود:

1- آنچه راجع به حجاب زنان تذکر فرموده‌اند دولت عملا این نظریه را تامین نموده است و ده‌ستور داده شده که متعرض نشوند.

2- در موضوع ارجاع موقوفات خاصه اوقاف مدارس دینیه به مصارف مقرره آن از چند ماه قبل دولت تصمیم گرفته است که بر طبق قانون اوقاف و مفادها عمل نماید و ترتیب این کار هم داده‌شده و این تصمیم دولت تعقیب خواهد شد.

3- در باب تدریس شرعیات و علم به آداب دینی، برنامه‌های آموزشی با نظر اشخاص مجتهد و جامع الشرایط چنانچه در قانون شورای عالی فرهنگ قید شده منظور خواهد شد و راجع به مدارسی که عنوان مختلط دارند در اول ازمنه امکان پسران و دختران از یکدیگر تفکیک خواهند شد.

4- در باب تعمیر بقاع مطهره بقیع به وزارت امور خارجه دستور مؤکد داده شده که اقدامات خودشان را تعقیب و نتیجه را بعدا باطلاع خاطر شریف خواهد رسید.

5- در باب اصلاح ارزاق عمومی کشور دولت مشغول اقدام است که از هر حیث آسایش عامه تامین شود.

**نخست وزیر: علی سهیلی**

**کوردییه‌که‌ی:**

(**بڕیارنامه‌ی ده‌سته‌ی وه‌زیران**"

نامه‌ی ژماره:(**11326**)

---

ڕێکه‌وتی: **1322/6/12**ی هه‌تاوی (**1944**ی زاینی)

**حه‌زره‌تی ئایه‌تۆڵڵا قومی**

له وه‌رامی بروسكه‌ی به‌رێزتان كه‌ ئه‌ركتان كێشابوو له‌ شاری "مه‌شهه‌د"ی پیرۆزه‌وه‌ ناردبووتان له‌مباره‌یه‌وه‌ به‌رێزتان ئاگادار ده‌كه‌ین، بروسكه‌كه‌تان له‌ كابینه‌ی وه‌زیران خوێندرایه‌وه‌ و به‌ تێكڕای ده‌نگ په‌سند كرا و، بڕیارماندا:

**1- ئه‌وه‌ی كه‌ به‌ڕێزتان له‌ باره‌ی به‌كارهێنانی چارشێو و رووبه‌ند بۆ ژنان پێشنیازتان كردبوو، پێشنیاز و فه‌رمووده‌كه‌تان په‌سندكرا و، ده‌ستوور دراوه‌ به‌ر به‌ هه‌ر جۆره‌ ناڕه‌زایه‌تی ده‌ربڕینێک بگیرێت.**

**2- هه‌موو موڵک و داهاتی مه‌زاری ئیمامه‌كان و ئه‌سحابه‌، به‌ تایبه‌تیی بووجه‌ و پێویستیی قوتابخانه‌ ئاینییه‌كان، له‌ چه‌ند مانگی رابردوودا ده‌وڵه‌ت بڕیاری له‌ باره‌یانه‌وه‌ داوه‌ و، به‌ پێی یاسا، ده‌وڵه‌ت دابینی ده‌كات. هه‌روه‌ها داهات و بووجه‌ی ئه‌و نێوه‌ندانه‌ له‌لایه‌ن زانایانی ئاینی خۆیانه‌وه‌ كۆنتڕۆڵ و سه‌رپه‌رشتی ده‌كرێن.**

**3- هه‌ر به‌و جۆره‌ی له‌ یاسای كۆمیسیۆنی به‌رزی فه‌رهه‌نگیی وڵاتدا هاتووه‌، پاش راوێژكردن و بیرورا وه‌رگرتن له‌ گه‌ڵ زانایانی ئاینیی كه‌ مه‌رج و پێوانه‌كانی زانابوونیان تێدابێت، خوێندنی ده‌ستوور و رێسای ئاینیی له‌ قوتابخانه‌كاندا به‌ڕێوه‌ ده‌چن. له‌ باره‌ی خوێندنی هاوبه‌شی كوڕان و كچان له‌ قوتابخانه‌كان، بڕیارماندا به‌ زووترین كات قوتابخانه‌كانی كوڕان و كچان له‌ یه‌كدی جیا بكرێنه‌وه‌.**

**4- له‌ باره‌ی ئاوه‌دانكردنه‌وه‌ و نۆژه‌نكردنه‌وه‌ی ئاسه‌وار و مه‌زاری ئیمامان و ئه‌سحابه‌ و شوێنه‌ پیرۆزه‌كان له‌سه‌رتاسه‌ری وڵات و، له‌ ده‌ره‌وه‌، به‌ وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌مان راگه‌یاند پاش لێكۆڵینه‌وه‌ی هورد له‌ سه‌ریان، بووجه‌ و ژماره‌یان به‌راورد بكات و، راپۆرته‌كه‌شی پێشكێشی به‌ڕێزتان بكه‌ن.**

5- له بارەی چاککردنی باری ژیان و گوزەران و ئاسایشی دانیشتووانی وڵات و جێبەجێکردنی خواردەمەنی و پێویستیی تێکڕای خەڵکی ئێران، دەوڵەت سەرقاڵی جێبەجێکردنیانە.

سەرۆکوەزیران: عەلی سوهەیلی).

.................................

داخوازیی مەلاکان و نێوەرۆکی وەرامی نامەی سەرۆکوەزیرانی رژێمی حەمەڕەزاشا بۆ ئایەتوڵڵا قۆمی، پێماندەڵێ کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی و دەسپێکی حکوومەتی حەمەڕەزا کوڕی رەزاشای لە دەسەڵات لابراو، بەردی بناخەی بووژاندنەوەی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی چینی ئاینیی دانرا، ئەمەش بە نەخشەی ئینگلیز و بۆ رێگەگرتن بوو لە بڵاوبوونەوەی ئیدۆلۆژیی کۆمۆنیستی و هاتنەسەر کاری رژێمێکی کۆمۆنستی سەر بە سۆڤێت لە ئێران.

کاتێک ئایەتوڵڵا قۆمی لە نەجەف و کەربەلاوە گەڕایەوە بۆ ئێران دەسبەجێ درۆشمی دژ بە کۆمۆنیستی بەرز کردەوە و رایگەیاند:

"دژی هەبوونی حیزبی توودەی ئێران و، بیروباوەڕەکەیەتی، چۆنکە ئەو حیزبە لەگەڵ دەستوور و یاسای ئیسلام دژایەتی دەکا و لە ئیسلامەوە زۆر دوورە...".

ئایەتوڵڵا قۆمی، ماوەی دووساڵ و نیو لە ئێران مایەوە و، پاش دڵنیابوون لە ئەنجامی سەرکەوتووانەی کار و ئەرکەکانی، گەڕایەوە بۆ نەجەف و کەربەلا لە عێراق.

بەڵام حیزبی توودە بە پێچەوانەی هەڵوێست و دژایەتی توندی ئایەتوڵڵا قومی لەگەڵی، کەچی لە رۆژنامەکانیدا بە شان و باهۆ و کەرامەتی قومی و تەباتەبایی هەڵیدەدا. سەرکردەیەتیی حیزبی توودەی ئێران کە هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە سیاسەتێکی سەربەخۆی نەبوو، جێبەجێکەری سیاسەتەکانی یەکێتیی سۆڤێت بوو لە ئێران، بوێر و سەربەخۆ نەبوو، نەیدەتوانی دژی ئەو هەوڵانە بێت کە دەبوونە هۆی پاشخستنی کۆمەڵگەی ئێران. رۆژنامەی سەر بە حیزبی توودە (رهبر)، جگە لەوەی پیرۆزبایی گەرمی ئاراستەی هەردوو ئایەتوڵڵا قۆمی و تەباتەبایی کرد کە گەڕابوونەوە بۆ ئێران، هەروەها هەلپەرستانە بۆ فریودان و راکێشانی خەڵک بۆ لای حیزبەکەی، تێدەکۆشی وەک حیزبێکی (عیلمانی–ئیسلامیی) خۆی پێشانی خەڵک و ریبەرانی ئاینیی بدا و، پشتیوانیی لە درۆشمەکانی ئایەتوڵڵا قۆمی و بیروباوەڕی ئاینیی رەشەخەڵکەکە دەکرد. بۆ نموونە: رۆژنامەی (رهبر یزد ارگان کمیته ایالتی حزب توده ایران – سال اول شماره 30، مورخ 1322)، (1944ی زاینی)، لە ساڵڕۆژی کوژرانی ئیمامی عەلی، وتارێکی نووسی کە بەشێکی بەمجۆرە بوو:

هزار و سیصد و بیست و دو سال پیش، روز بیست و یکم ماه رمضان یک ضایعه عظیمی در جهان اسلام اتفاق افتاد و علی پیشوای مسلمین، راد مرد بزرگ راه آزادی بشر پس از 63 سال عمر که همه آن را در راه آزادی و نجات مردم صرف کرده بود، در مسجد کوفه شهید شد. نه فقط علی بلکه همه پیشوایان مذهب مقدس اسلام در تمام مدت عمر مشقت و زحمت تحمل نمودند...

کوردییەکەی: (1322 ساڵ لەمەوبەر لە رۆژی (21)ی مانگی رەمەزان کارەساتێکی ئێجگار مەزن لە دنیای ئیسلام روویدا، گەورەپیاوی رێبازی ئازادیی مرۆڤایەتی، پێشەنگی موسڵمانان، کە 63 ساڵی تەمەنی لەپێناو ئازادی و رزگاریی مرۆڤدا بەختکردبوو، لە مزگەوتی شاری کووفە شەهید بوو. نەک هەر عەلی بەڵکوو تێکرای رێبەرانی پێشەنگی ئیسلامی پیرۆز، هەموو ژیانیان بە دژواری و مەینەتیی لێ رۆیوە).

لەم نێوەدا هێندێک لە رۆشنبیران و ئازادیخوازانی ئێرانی بە چەپ و راستیانەوە دژی ئەم هاوکارییە (سێ سێچوکڵە)ی نێوان بریتانیا و شا و مەلاکان بوون. لە سەروویانەوە قانووnناس، مێژوونووس و لێکۆڵەوەری لائیک ئەحمەد کەسرەوی (2*) کە لە نێزیکەوە ئاگاداری بارودۆخ و رووداوە سیاسییەکانی ئەودەمی ئێران بوو، بۆچوونەکانی خۆی لە رۆژنامەی "پرچم" (ئاڵا) دا دەخستەڕوو ئەحمەد کەسرەوی لەبارەی هاتنەوەی ئایەتوڵڵا قۆمی ئەم دێڕانەی نووسی و، بڵاویکردەوە:

"وەک بڵێی ئەم بەڕێزە (ئایەتوڵڵا حسێنی قۆمی) قارەمانی جەنگی ستالینگرادە و، بە سەرکەوتوویی لە شەڕ گەڕاوەتەوە کە رادیۆی ئێران بەم چەشنە بە شان و باهۆیدا هەڵدەڵێ و زلیدەکا و رێی بۆ خۆشدەکات. کەس نەیپرسی، چوون و هاتنەوەی (مەلایەک) چ نرخ و سوودێکی بۆ خەڵک هەیە کە رادیۆی ئێران هێندەی لەسەر دەڕوات؟!؟ ئەرێ! هاتنەوەی مەلایەک لەوانەیە سوودی هەبێت! ئەویش ئەوەیە، حاجییە دەوڵەمەندە بەڕێز و پیرۆزەکان و مەشهەدییە نوێژخوێنەکانی نێوبازاڕ، کە لەم چەند ساڵەی رابردوودا توانیویانە دانەوێڵە و پێداویستی و خواردەمەنیی لە هەمارەکانیان بشارنەوە و، پاشان

بەنرخی گرانتر بیانفرۆشنەوە بە خەڵکی رەشورووت و کەمدەرامەت و لەو رێگەوە هەزاران بنەماڵەی هەژار و رەبەن و برسی، لەبەریەک هەڵوەشێنن و، لەبن دیواری کۆڵاناندا بکەونە سواڵکردن لێیان، بۆ خۆشیان ملیۆنان تمەن پووڵ پاشەکەوت بکەن و، بڕۆن بۆ خزمەتی ئاغایان کە ئەم ئایەتوڵڵا قۆمییەیە و، بە بەخشینی هێندێ پووڵ و یارمەتی بە سنووقی "ئیمام"، خۆیان لە تاوان و ناپاکی، بشۆنەوە و، بەوە هیچ جۆرە پەژارە و هەستی شەرمەزارییەک لەدڵیاندا نەمێنێت!! ئەوە بوو دیتمان، ئایەتوڵڵا قومی پێینایە هەر شارێکەوە، ئەم توێژە دەوڵەمەندە گیرفانبڕە، ماڵی هەژارخورە، چوونە پێشوازی و چەک و دەستەی ئەسکەناس (پارەی کاغەز) یان پێشکێشکرد و دڵ و ویژدانی خۆیانیان ئاسوودە کرد...".

ئەحمەد کەسرەوی هەروەها رەخنەی توندی ئاراستەی حیزبی توودەی ئێران کرد و، لە رۆژنامەی (پرچم) دا، نووسی:

"ئێمە ئەوەمان لە بیر نەچووەتەوە، کاتێک ئایەتوڵڵا قۆمییان بەو شێوازە تایبەتییە، بۆ بەهێزتر کردنی کۆنەپەرستیی هێنایایەوە بۆ ئێران ئێوە (حیزبی توودە) لە رۆژنامەکەتاندا زۆرتان بە باڵای بێ شان و شکۆی ئایەتوڵڵا قۆمیدا هەڵگوت و، بە یەکەمین و گەورەترین زانا و کەسایەتیی ئایینیی نێوتان هێنا... ئایە ئەمە بەهێزکردنی کۆنەپەرستیی نییە؟! ئەگەر ئێوە بەم هەڵوێستە هەڵە و نابەجێیەی خۆتاندا نەچنەوە و رەخنە لە خۆتان نەگرن، ئەوکات ناچار دەبم پێتان بڵێم، ئێوە لە مانا و نێوەرۆکی کۆنەپەرستیی تێنەگەیشتوون..!".

بەرە بەرە مەلاکان لە نێو مزگەوت و قوتابخانە ئایینییەکان دەسیانکرد بە پرۆپاگەندە دژی ئازادیخوازان و رۆشنبیران و دژایەتیکردنی خوێندنی کچان لە قوتابخانە و خوتبەدان لە

مزگەوتەکان دژی کارکردنی ژنان لە کارگە و نێوەندەکانی خزمەتگوزاری و، هەروەها دژایەتیکردن لەگەڵ کردنەوەی سینەما و مووزیک و شانۆگەری و...هتد، ئەوەش بوو بە هەوێنی نووسینی پەرتۆکێک لەلایەن ئەحمەد کەسرەوی بە ناوی شیعەگەریتی و تێیدا سیاسەتی مەلاکانی بە هوردی دەسنیشانکرد کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، تێدەکۆشن کۆمەڵگەی ئێران بە پاشکەوتووی و نەزانی و نەخوێندەواری بهێڵنەوە. لێرەدا کۆپلەیەک لە پەرتۆکی شیعەگەریتیی وەک نموونە دەنووسینەوە:

**"... ئایا ئێوە مەلا ناناسن؟! ئەوانە خەڵکانێکن لە نێو ئەم ولاتەدا بێکار و بەتاڵ، دەخۆن و دەنوون و، توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکیان نییە. هەموو بیر و توانایەکیان لەو پێناوەدا دەخەنەگەڕ کۆمەڵگە فێری زانست و پێشکەوتن نەبێ. هەر هەنگاوێک کۆمەڵگە بۆ پێشکەوتنی خۆی هەڵیدەگرێ، خێڵی مەلا بەربەرەکانێی دەکەن. لە بیرمان ناچێتەوە چییان بەسەر انقلاب مشروطه (شۆرشی نوێخوازیی) هێنا! چەندەیان خوێن رشت! ئەمانە ساڵانێکی زۆر لە دژی چوونی کچان و کوڕان بوون بۆ قوتابخانە و، مێشک و بیری خەڵکیان دەشۆردەوە و دەیانگوت: منداڵەکانتان مەنێرن بۆ قوتابخانە، با فێری وانەی بێدینی نەبن! بەڵام ئێستا دەبینین کچ و کوڕی خۆیان دەنێرن بۆ قوتابخانە!! ئەگەر بە هوردی لە هۆکاری خەڵکئازاردانی چینی مەلا بکۆڵینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مەلا هیچ کار و پیشەیەکی ناسراو و ڕەواپێدراوی لەنێو کۆمەڵدا نییە. نە توانای دروون و رستنی هەیە نە توانای کڕین و فرۆشتن و کاسپیکردن، نە دەتوانێ لە کارگەیەک کار بکات، نە دەتوانی شتێک بێنێتە بەرهەم. قانوونی وڵاتیش هیچ جێگەیەکی لەنێو کۆمەڵدا بۆ دیارینەکردوون و، لێی رانەدیون**

کاریان پێ بسپێرێ. لە خۆیان دەپرسیی، دەڵێن: "ئێمەی مەلا پێشەنگ و ڕێپێشاندەری خەڵکین و، ڕێی ئاین و خودێناسی فێری گەل دەکەین، بەڵام ئەوەشیان درۆیە!".

ئەحمەد کەسرەوی، پەرتۆکەکەی لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی 1943ی زاینیدا بلاوکردەوە، بەلام کاربەدەستانی ئێران پێشیان لە بڵاوبوونەوەی گرت، کەسرەویش لەو پێوەندەدا وتارێکی ڕەخنەگرانەی ئاراستەی دەوڵەت کرد و، پەرتۆکێکی تازەی بە ناوی (بەهاییگەری، شیعەگەری، سۆفیگەریی) بڵاوکردەوە و، لە پێشەکییەکەیدا نووسی:

"... ئەگەر حکوومەت، حکوومەتێکی خێرخواز و دڵسۆزی خەڵک بوایە، ڕێی لە بڵاوبوونەوەی ئەم پەرتۆکە نەدەگرت و، لەگەڵ مەلاکاندا بۆ دژایەتیکردنی من کۆبوونەوەی سازنەدەکرد، چۆنکە من لەو پەرتۆکەمدا لە گیروگرۆ و چارەڕەشیی کۆمەڵانی ڕەشوڕووتی ئێران دواوم. ئەم پەرتۆکەی من پڕە لە وشەی بەپێز و بەنرخ و، تێیدا ڕێگەی ڕاست و ڕۆناکم پێشانی خەڵکی چەوساوەی ئێران داوە. ئەم پەرتۆکەم لەوە دەدوێ کە چلۆن خەڵکی ئێران بە تێنەگەیشتووی و بە نەزانیی کەوتوونەتە داوی کۆمەڵێک بیرچەوت و فێڵزانەوە. تا زەمانێکیش ئەم دواکەوتووییە لەنێو کۆمەڵدا ڕیشەکێش نەکرێن، بارودۆخی کۆمەڵگەی ئێران نەک هەر باش نابێ، بەڵکوو لە داهاتووشدا خراپتر دەبێ.

لەم کاتەدا ڕۆحوڵڵا خومەینی کە مەلایەک بوو لە قوتابخانەی پەروەردەی ئاینیی شاری قۆم مامۆستای فەلسەفە بوو لە مانگی گولانی 1323ی هەتاوی (1944ی زاینی)، نامیلکەیەکی بەناوی "بخوان و بە کار ببند" (بیخوێننەوە و بیبە بەڕێوە!) نووسی و

لە نێو مەلا و خوێندکاری قوتابخانە ئاینییەکاندا بڵاویکردەوە. رۆحوڵڵاخومەینی لە نووسراوەکەیدا فتوای کوشتنی ئەحمەد کەسرەوی دەرکرد و بە مفسد فی الارض نێویبرد. داواشی لە دەولەتی ئێران کرد، پێش لە بڵاوبوونەوەی پەرتۆکی دژ بە ئاین بگرێ و، نووسەرەکانیان لە سێدارە بدات. لێرەدا دوو کۆپلە لە سیپارەکەی رۆح الە خۆمەینی دادەنێم:

"... هەمووتان بینیتان کە چۆن تەورێزییەکی بەرەڵلا و سەرسەریی لە پەرتۆکەکانیدا ئەو هەمووە جنێوەی داوە بە ئێوە و، سووکایەتی بەرامبەر جیهانی شیعە و ئیمامانی شیعە کردووە و، بە ئاشکرا گاڵتەی بە هەموو بەهاپیرۆزەکانمان کردووە، بەڵام ئێوە مەلاکان، متەقتان لەخۆتان بڕیوە و، بێدەنگ ماون! ئێوە سستی و بێباوەڕی و بێدەرەتانی بەسەرتاندا زاڵبووە. کۆمەڵێک سەرلێشێواوی بێشەرم لە چوارقوڕنەی وڵاتەوە کەوتوونەتە دژایەتیکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و، بیری بێدینیی بڵاودەکەنەوە. ئەم بێدەنگییەی ئێوە مەلاکان، بارودۆخێک سازدەکا کە حاڵ و گوزەرانمان لە سەردەمی حکوومەتی رەزاخان خراپتری بەسەردێ، سەرلێشێواوی بەسەرماندا زاڵ دەبێت و، بێدەرەتان دەمێنینەوە... پێویستە کارێکی وابکرێت، ئەگەر لە هەر شار و گوند و قوژبنێکی ئەم وڵاتە، بێڕێزی و سووکایەتییەک بەرامبەر ئاین کرا، چینی مەلاکان یەکدڵ و یەکدەنگ، بە ناوی پارێزگاریکردن لە نیشتمان، لە دژی راپەڕن... دەبی رابین! بزووتن و رابوون لە پێناوی خودێ و دەستووری خودێ، دەبێتە بزاڤێکی خودایی (قیام الە). تەنیا ئەم وشەی "قیام الله" یە کە جیهان بەرەو رێگەی راست و رزگاریی دەبات...

داوا لە دەوڵەتی ئێران دەکەین، رێگە لە بڵاوبوونەوەی پەرتۆک و بڵاوکراوەی دژ بە ئاین بگرێت. ئێمە چاوەڕوانین کە حکوومەتی ئیسلام لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە

پەرتۆک و گۆڤار و نووسراوەکانیاندا دژایەتیی ئیسلام دەکەن، بەپێێ دەستوور و بڕیارەکانی ئاینی ئیسلام لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکات. ئەو کەسانەی نووسینی ژەهراوی بڵاودەکەنەوە، لەپێش چاوی موسڵمانان لەسێدارەیان بدات. پێویستە ئەم ئاژاوەگێڕانە کە بێرەوشتترین مرۆڤی سەرڕووی زەوینن، لەسەر گۆی زەویی پاک بکرێنەوە و لەنێو ببرێن، بۆ ئەوەی پیلانگێڕان نەتوانن ئاگری ئاژاوە و چەندبەرەکی بڵاوبکەنەوە و، نەوێرن دەستی خیانەتکارانەیان بەرەو دیاردە و نێوەپیرۆزەکانی ئیسلام درێژبکەن... والسلام رۆح الە خومەینی".

بەڵام کەسرەوی سەرباری فتوا و هەڕەشەی کوشتن لێی، بەردەوامبوو لەسەر نووسینەکانی و رەخنەی توندی ئاراستەی کاربەدەستانی دەولەت و چینی ئاینی و، دەستێوەردانی بریتانیا و رووسیا لە کاروباری نێوخۆی ئێراندا دەکرد ئەوەش دەنگی نارەزایەتی چینی ئاینی و هەروەها کاربەدەستانی ئێرانی لە دژی کەسرەوی لێکەوتەوە. مەلاکان لە هەموو لایەکەوە کەوتنە وروووژاندن و بزواندنی هەستی ئاینیی خەڵکەکە و گوتیان کەسرەوی قورئانی سووتاندووە! هاوکات گوشاریان خستەسەر حکوومەت کە رێ لە بڵاوبوونەوەی پەرتۆکەکانی کەسرەوی بگرێ و، بێدەنگ نەبێت.

موحسین سەدر سەرۆکوەزیرانی ئێران کە لە سەردەمی انقلاب مشروطیت (شۆرشی نوێخوازیی) بە هۆی کوشتن و برینی ئازادیخوازان بە قەساوی باخیشا نێوبانگی دەرکردبوو، لە رۆژی 23ی جۆزەردانی ساڵی 1324ی هەتاوی (1945ی زاینی)، نامەیەکی نارد بۆ وەزیری دادی ئێران و، داوای گرتنی ئەحمەد

کەسرەوی کرد. رۆژی دوایی (24/3/1324 ی هەتاوی)، محەمەد سادق تەباتەبایی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران نامەیەکی نووسی بۆ وەزیری داد و لە نامەکەیدا نووسیبووی پێویستە ئەحمەد کەسرەوی بگیرێت و بدرێتە دادگە، چۆنکە بێڕێزی بە ئیسلام و زانایانی ئیسلام و پێشڕەوانی ئیسلام دەکات. هاوکات، کۆمیتەی بازاڕ و بازرگانەکانی شاری تاران، ناڕازینامەیەکیان لە بارەی نووسراوەکانی ئەحمەد کەسرەوی نارد بۆ وەزارەتی داد. رۆژنامەکانی حکوومەت و رۆژنامەکانی سەر بە حیزب و کەسایەتییەکان بەردەوام نامەی نێوان ئایەتوڵڵاکان و کاربەدەستان و، بیرورای لایەنگرانی هەردوولایان بڵاودەکردەوە. کەسرەویش لە رۆژنامەی "پرچم"، بەنووسینی پەرتۆک و وتار، بەرپەرچی دەدانەوە کە بەنێوبانگترینیان بخوانند و داوری کنند (بیخوێننەوە و دادوەری بکەن). وایلێهات دژایەتی نێوان کەسرەوی و، مەلاکان، بوو بە گەرمترین باسی نێو کۆڕ وکۆمەڵی سیاسی و رۆشنبیری و ئاینیی. لە ئەنجامدا مەلاکان کە دەست و پشتیوانێکی بە هێزیان لە نێو حکوومەت و کۆمەڵانی خەڵکدا هەبوو گوشاریان خستە سەر دەوڵەت. سەرۆکوەزیر موحسین سەدر فەرمانیدا هەموو پەرتۆکەکانی ئەحمەد کەسرەوی کە ژمارەیان 13 پەرتۆک بوون، کۆبکرێنەوە و بسووتێندرێن. پەرتۆکی "شیعەگەرێتیی" لە ریزی ئەو سیانزە پەرتۆکەدا بوو. دوابەدوای ئەوەش لە لایەن دادگەوە بانگێشت کرا بۆ لێپرسینەوە لەگەڵی.

پاش ئەم گەلەکۆمە هاوبەشەی رژێم و چینی ئاینیی لە دژی کەسرەویی، ئەوجا ژمارەیەک لە زانایانی ئاینی و ئایەتوڵڵا ناسراوەکانی شیعە، لە شاری **نەجەف** پلانی تێرۆرکردنی **ئەحمەد کەسرەویی** دادەڕێژن کە چۆنێتییەکەی بەمجۆرە دەبێت:

رۆژێک لە شاری **نەجەف**، کۆمەڵێک لە مەلاکان و چەند فەقێیەک، لەوانە **نەواب سەفەوی** (3*) دەچنەلای **ئایەتوڵڵا شێخ عەبدولحسێنی ئەمینیی** و لەبارەی نووسینەکانی ئەحمەد کەسرەوی پرس و ڕای پێبکەن. **ئایۆتۆڵڵا شێخ عەبدولحسێنی ئەمینی** (4*)، دەڵێ:

**"پیاوێک نییە، ئەم دومەڵە شێرپەنجەیە لەنێو بەرێ کە هەموو رۆژێک سووکایەتیی بە ئیمامەکان و گەورەکانی ئیسلام دەکات؟!".**

**نەواب سەفەوی** دەڵێ، من ئامادەم ئەم فتوای ئێوە جێبەجێ بکەم!. مەلاکان دەیدوێنن و هەڵیدەسەنگێنن و کاتێک لە بڕیاردانەکەی **نەواب سەفەویی** دڵنیا دەبن، پووڵی رێگەی بۆ کۆدەکەنەوە و رێنوێنیی پێویستی دەکەن. **ئایەتوڵڵا مەدەنی** (13) دینار، **ئایەتوڵڵا حاجی سەید عەبدولقاسمی خۆیی** (2) دینار و، **ئایەتوڵڵا ئەمینیش** (50) **دیناری** پێدەدەن سەرفی گەڕانەوە و، پێداویستیی ئەنجامدانی تێرۆرکردنی کەسرەوی بکات. **نەواب سەفەوی** بە وەرگرتنی فتوای فەرمیی بەرەو ئێران دەگەڕێتەوە و دەگاتە تاران.

**نەواب سەفەویی** لە تاران رۆژی 10ی رەشەممەی ساڵی 1324ی هەتاوی (1/3/1946) بە دەرکردنی راگەیاندراوێک لە

ژێر ناوی دین و انتقام (ئاین و تۆڵە) دامەزرانی ڕێکخراوەی فیدایییەکانی ئیسلام ڕادەگەیەنێت.

دە ڕۆژ دواتر و لە ڕۆژی 20ی ڕەشەممەی 1324ی هەتاوی (1946ی ز)، ئەحمەد کەسرەویی، لە گەڵ هاوڕێیەکی نووسەری بە ناوی حەدادپوور پێشنیوەڕۆ دەگەنە نێو هۆڵی دادگە، لە کاتی دەستپێکردنی لێپرسینەوەدا، نەواب سەفەوی و برایانی ئیمامی و چەندین حیزبوڵلایی دیکە، بە چەک و خەنجەر و قەمەوە دەڕژێنە نێو ژووری دادگە، کەسرەوی و هاوڕێکەی (حەدادپوور) دەدەنە بەردەسڕێژی گوللە و دەیانکوژن. بەوەش وازیان لێناهێنن و سنگ و لەشیان بە قەمە و چەقۆ لەتوکوت دەکەن... پۆلیسی تاران بکوژانی کەسرەوی و حەدادپوور دەگرێت، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت، لەسەر داوای ئایەتۆڵلاکان لەزیندان ئازاد دەکرێن.

دوو مانگ پێش ڕووداوی تێرۆرکردنی کەسرەوی، سەرۆکوەزیرانی ئێران گۆڕا و قوام السلطنه هاتەجێی موحسین سەدر کە ئەمیش هەر جێی باوەر و دەسنیشانکراوی بریتانیا بوو. قەوامولسەڵتەنە لە مانگی گەلاوێژی ساڵی 1946 ئالۆگۆڕی لە کابینەکەیدا کرد و، سەرۆکی حیزبی توودەی ئیران ئیرەج ئەسکەندەری و دوو ئەندامی تری کۆمیتەی سەرۆکایەتیی ئەو حیزبەی لە کابینەکەیدا جێکردەوە. ئەم دوو کەسەی سەر بە حیزبی توودە دوکتۆر فەرەیدوون کەشاوەرز و دوکتۆر مورتەزا یەزدی بوون. ئیرەج ئەسکەندەری کرا بە وەزیری پیشە و هونەر.

قەوامولسەڵتەنە پاش ئەوەی بە نەخشەی ئینگلیز، توانی لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکی ساختە، ستالین – دیکتاتۆری یەکێتیی سۆڤێت بخاپێنێ و کۆماری سەربەخۆی کوردستان و ئازەربایجان لەبەر یەک هەڵوەشێنێ و، دەسەلاتی حکوومەت و سوپای ئێران، بە سەر نێوخۆی ئێران و سنوورەکانیدا بسەپێنێ، ئەوجا کەوتە هەوڵی لاوازکردنی حیزبی توودە و پاش چەند مانگێک، کابینەکەی هەڵوەشاندەوە و وەزیرەکانی حیزبی توودە و ئەندامێکی حیزبی ئێران کە ناوی ئەڵڵایار ساڵحی بوو لە کابینەکەی وەلانا و کەسانی دیکەی دانا کە لە هێڵی سیاسی و ئامانج و بەرژەوەندیی بریتانیا و مەلاکانەوە نێزیک بوون.

وەلانانی سەرۆکایەتیی حیزبی توودەی ئێران لە کابینەی قەوامولسەڵتەنە و لێسەندنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی لێیان، پێشزەوینەی هێرش و پیلانێکی گەورەتر بوو لە دژی ئەو حیزبە. لە ڕۆژی 15ی ڕێبەندانی سالی 1327ی هەتاوی، (1949ی ز)، کەسێک بە ناوی ناسر فەخر ئارائیی لە نێو زانستگەی تاران بە دەمانچە هەڵیکوتایە سەر شا و، لە نێزیکەوە شەش گوللەی نا بە شاوە بەڵام بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە شای نەپێکا، تەنانەت برینداریشی نەکرد. ساواک و پاسەوانەکانی شا دەستبەجێ کابرایان کوشت. ساواک و میدیای ڕژێم ڕایانگەیاند تێرۆریستەکە ئەندامی حیزبی توودەی ئێران بووە و، حیزبی توودە نەخشەی کوشتنی شای داڕشتووە. بە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی تێرۆری شا، شاڵاوی گرتن و شکەنجە و لە سێدارەدانی

ئەندامانی حیزبی توودە دەسپێکرا و، ڕێی چالاکی سیاسیشیان لێگیرا. (هێژای گۆتنە، دوای ڕووخانی ڕژێمی شا، ئاشکرابوو ناسر فەخرئارایی نەک هەر پێوەندیی بە حیزبی توودەوە نەبووە، بەڵکو زۆر دژی حیزبی توودە و، بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی بووە. حیزبی توودەش نە ئەو کات و، نە دواتریش پێویندیی حیزبەکەی بەو ڕووداوەوە نەگرتووەتە ئەستۆ). بەلای ئینگلیز و لایەنگرانییەوە کە لەنێو ئۆرگانەکانی دەسەڵاتدارێتیی ئێراندا بوون، گرنگ ئەوە بوو، ئۆپۆزسیۆنێکی بە هێزی وەک حیزبی توودە لەنێو ببرێ و، مەترسیی ئیدۆلۆژی کۆمۆنیستی و یەکێتیی سۆڤێت لەسەر ئێران نەمێنێ.

نێوەرۆکی ئەو نامە و راپۆرتانەی باڵوێژ و فەرمانبەرەکانی بریتانیا لە تاران لەو سەردەمەدا ناردوویانە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ولاتەکەیان ناوی چەندین سەرۆکوەزیرانی ئێران، لەوانە (عەلی سوهەیلی) و (موحسین سەدر) و (قەوامولسەڵتەنە) یان هێناوە و وەک کاربەدەستانی باوەڕپێکراو و پاسەوانی بەرژەوەندیی بریتانیای مەزن لە قەڵەمیان داون. حەمەڕەزاشاش کە تازە هێنابوویانە سەردەسەلات و هەمووی یەک – دوو ساڵێک بوو بریتانیا باوکی حەمەڕەزاشا (رەزاشا)ی بە تاوانی هاوکاری و پشتیوانیکردن لە هیتلەر و ئەڵمانی نازی بۆ دورگەی موریس لە باشووری ئەفریقا دوورخستبووەوە، هێند بێدەسەڵات و لاواز بوو کە تەنێ چاودێریی رەوتی ڕووداوەکان و سیاسەتی بریتانیای دەکرد.

تێرۆری کەسرەوی و لە سێدارەدان و زیندانیکردنی سەتان ئەندامی حیزبی توودە، داخستنی رۆژنامە و چاپەمەنیی ئازاد و سەربەخۆ، چەند لە قازانجی بریتانیا و رژێمی شا بوون، هێندەش لە خزمەتی بەرژەوەندیی چینی ئاینیدا بوو. کۆسپ و گیروگرۆی سەردەمی رەزاشا لەسەر چینی مەلاکان لابران و، جارێکیدیکە بەفەرمیی رێگە درا تا موسڵمانانی شیعە بە ئاشکرا، رێورەسمی مانگی (محرم) و شینگێڕانی عاشورا و تاسوعا لەنێو مزگەوت و شەقام و گۆڕەپانی شارەکاندا ببەن بەڕێوە. ساڵی 1947 کۆمیتەیەکی دە کەسی ئایەتوڵلاکان و نوێنەرانی حکوومەت پێکهاتن بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی ئاینی لەنێو قوتابخانە و خوێندنگەکان کە بە پێی نەرێت و دەستووری ئاینزای شیعە ببرێ بەڕێوە.

چینی مەلاکان کاتێک لە پشتیوانی سیاسی و دارایی بریتانیای مەزن و دەوڵەتی ئێران دڵنیابوون، ئەوجا بە ئاشکرا و بەربلاوتر پەرەیاندا بە چالاکیی ئاینیی دا و لە ساڵی 1947ی زاینی مرکز تبلیغات اسلامی (نێوەندی پرۆپاگەندەی ئیسلامیی) لە شاری تاران دامەزرا و، چەندین لقی دیکەشیان لە شارەکانی دیکەی ئێران کردەوە. ئەم نێوەندە یانزە پەرتۆکی سەبارەت بە ئیدۆلۆژیی ئیسلامیی لە (60000) دانەدا بڵاوکردەوە. دوابەدوای ئەوە دەسکرا بە وەشانی گۆڤارێکی حەفتانە بە ناوی نور دانش (تیشکی زانست). هەر لەو ساڵەدا بە هۆی پشتیوانیکردنی زیاتری دەوڵەت لە نێوەندەکانی ئیسلامیی، حەفتەنامەیەکی دیکە

بەناوی ئیسلام بڵاوکرایەوە. لەمانگی گوڵاندا، رۆژنامەیەکی دیکە بە ناوی **وظیفه** (ئەرک) دەستی بەوەشانکرد. بابەتەکانی نێو ئەم رۆژنامانە تایبەت بوون بە وتاری ئاینی و لێکدانەوەی کێشەکانی کۆمەڵگە و ناساندنی رەوشت و داوونەریتی ئیسلامیی بە خەڵک.

بەم شێوەیە پرۆژەی دەولەتی بریتانیا کە بریتیبوو لە رێنوێنیکردنی دەوڵەتی ئێران و بەکارهێنانی مەلاکان بۆ دژایەتیکردنی کۆمۆنیستەکان و رێگرتن لە بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو. ئەم دۆخە تازەیە، دەرەتان و، کەشێکی گونجاوتر و لەبارتریشی بۆ توێژێک لە مەلاکان رەخساند، بۆ ئەوەی بتوانن بە دوور لەچاوی ساواک، پرۆپاگەندە بۆ بیری بنچینەگرانەی ئیسلامیی بکەن.

دەتوانین بڵێین، هەر لە سەرەتای ساڵی 1941ی زاینییەوە کە حکوومەتی ئێران بەهاندان و پێشنیازی بریتانیا و لە ڕێگەی مەلاکانەوە، پلانی دارشت بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئیسلامی و پەرەپێدانی کولتووری ئیسلامیی لەنێو کۆمەڵگەدا، لە نێو مەلاکان و نێوەندە ئاینییەکان لە ئێران و لە شارەکانی شیعەنشینی عێراق وەک نەجەف و کەربەلا، بەرە بەرە، توێژێک لایەنگری بیری بنچینەگریی ئیسلامیی پێگەیشتن کە بە شێوەیەکی بنەڕەتییانە بیریان لە بەرژەوەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی درێژخایەنی چین و رێبازەکەیان دەکردەوە و باوەڕیانوابوو ئەگەر دەیانەوێ خەڵک گیرۆدەی دیاردەکانی فەرهەنگ و ژیانی

ڕۆژاڤایی نەبن و لە ئیسلام دوور نەکەونەوە، دەبێ تێبکۆشن بۆ هێشتنەوەیان لەنێو بیروباوەڕ و فەرهەنگی ئیسلامیی، هاوکات بەخشکەی و بە نهێنیی کاربکەن بۆ لاوازکردنی پشتگیریی خەڵک لە حکوومەتی نێوەندی و بەهێزتر کردنی پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان لەنێو جەماوەردا، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست و لە بارودۆخی گونجاودا، پشتیوانیی خەڵک بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بەکاربێنن.

بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی تاران لەساڵی 1947، دا راپۆرتێک دەنێرێت بۆ سەرۆکایەتیی پۆلیس و بۆ دەزگەی سیخوڕیی ئێران (ساواک) و، تێیدا دەنووسێت:

**بە پێی ئەو زانیارییانەی دەسمانکەوتوون هێندێک لە مەلاکان لەم دواییانەدا لە (بین النهرین) ەوە پەڕیونەتەوە بۆ باشووری ئێران و بەرەو ستانی فارس (مەبەست ستانی شیرازە – نووسەر) هاتوون و لە مزگەوتی شارەکان و گوندەکان قسەیان بۆ خەڵک کردووە و گوتوویانە: دەبێ وڵاتەکەمان بە پێی یاسا و رێسای ئیسلامیی بچێ بەڕێوە. هەروەها نابێ ژنان بە بێ رووبەند و چارشێو لە ماڵ بچنە دەرەوە. لە نێو خەڵک دەنگۆیەکی وا هەیە گوایە مەلاکان دەیانەوێ نامە بۆ "شاهنشاه" (پاشای پاشایان) بنێرن، داوای لێبکەن کە ئەمساڵ لە باتی بەخشینی جەژنانە و نەورۆزانەی سەریساڵ بە مەلاکان، باشترین جەژنانە ئەوەیە بۆیان، شا فەرمان بدات دەرگەی قوتابخانەی کچان، سینەما و شانۆگەرییەکان دابخرێن. هەروەها لە خەڵک دەڵێن گوایە:**

ئایەتۆڵلا و مەلاكان و زانایانی ئاینیی لە دەوڵەت و كاربەدەستان زیز و تووڕەن و دبێژن لە باوەڕی ئیسلامی و لێوەشاوەیی دەوڵەت كەوتوونەتە گومانەوە و باوەڕیانوایە دەوڵەت ناتوانێ و نایەوێت، دەستوور و فەرهەنگی ئیسلامیی بە سەر ولاتدا بچەسپێنێ!

لەنێو تێكڕای كاربەدەستانی حكوومەتی ئێران لە ساڵانی 1941 – 1953، واتە بۆ ماوەی دووانزەساڵ، تاكە كەسێك لە بەرامبەر موسڵمانانی دەمارگرژ بەتایبەتیی بەرامبەر لایەنگرانی ڕێكخراوەی **فیدائییەكانی** ئیسلام و نەهێشتنی دەسەلاتی ئینگلیز لە ئێران، هەڵوێستی نواند و دژایەتییكردن، تەنێ دوكتۆر محەممەدی موسەدق بوو.

## بزافی دوکتۆر محەمەدی موسەدق
## و دەرکردنی ئینگلیز لەئێران!

دوکتۆر محەمەدی موسەدق خوێندنی زانستگەی لە بواری مافناسی لە فەرەنسا تەواو کردبوو. ساڵی 1915ی زاینیی لە سەردەمی رژێمی قاجاریدا بوو بە ئەندام پەرلەمانی ئێران. ساڵی 1924 کرا بە وەزیری دەرەوەی ئێران. ساڵی 1944ی ز هەڵبژێردرایەوە بۆ ئەندام پەرلەمان. لە نێو پەرلەماندا بوو بە سەرۆکی کۆمیسیۆنی نەوت، ئەوجا داوای هەڵوەشاندنی رێککەوتننامەی نێوان کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز-ئێران (بریتیش پێترۆلیۆم کۆمپانی) کرد و رایگەیاند: داهاتی ئێران لەلایەن ئینگیزەوە بە تاڵان دەبرێ. پێویستە داهات و سامانی ولات تەرخان بکرێت بۆ ئاوەدانکردنی وڵات، دەسەڵاتی بێگانەی بە سەرەوە نەمێنێت. پاشان کۆمەڵێک لە رۆشنبیران و تێکنۆکراتی نەتەوەپەرستی ئیران لە دەوری موسەدق کۆبوونەوە رێکخراوێکیان دامەزراند بە ناوی جبهە ملی ایران (بەرەی ناسیۆناڵی ئێران). ساڵی 1329یەهەتاوی (1950)، سەرۆکوەزیر رەزمئارا تیرۆرکرا و لە بەر پشتیوانیی گەرموگوڕی خەڵک لە دوکتۆر موسەدق، حەمەڕەزاشا بە ناچاری و نابەدڵیی دوکتۆر موسەدقی بۆ سەرۆکوەزیرانی ئێران دەسنیشانکرد.

دەسەڵاتداری سەرەکیی لە ئێران، دەوڵەتی بریتانیا بوو کە دەستی بە سەر هەڵینجان و داهاتی نەوت و سامانی ئێراندا گرتبوو بریتانیا وڵات و سامانی ئیرانی بە موڵکی خۆیدەزانی و

سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا (وینستۆن چرچیل)، گوتبووی، سووتەمەنیی پاپۆڕەکانی جەنگیی بریتانیا لە ئاستی هەموو جیهان، دەبێ لە نەوتی ئێران دابین بکرێن.

دوکتۆر موسەدق راپەڕینێکی جەماوەریی لە دژی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان لە ئێران بەرپاکرد و، پاش بە ناسیۆناڵکردنی نەوتی ئێران لە ژێر گوشاری سیاسیی دەوڵەتی موسەدق و خۆپیشاندانی بەرفرەی خەڵک، ئینگلیز لە ئێران چووە دەرەوە. دەولەتی ئینگلیز بۆ گوشار خستنەسەر موسەدق، چەندین پاپۆڕی جەنگیی هێنایە کەنداو و، ڕێی لە بەردەم فرۆشتنی نەوت و کەلوپەلی هاوردە و هەناردەی ولات گرت، کە ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی ئابووریی ئێران تووشی زیانی گەورە بێت، بەڵام پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک، لە موسەدق، کەشێکی تەواو دژەکۆلۆنیالیستیی پێکهێنابوو. وینستۆن چرچیل داوای هاوکاریی لە ترۆمەن – سەرکۆماری ئەمریکا کرد، بەڵام ترۆمەن بە هۆی بیری ئازادیخوازی و پشتیوانیکردنی لە گەلانی بندەست، بەرپەرچی ئینگلیزی دایەوە. دەوڵەتی ئینگلیز یەکلایەنە دەستی بە پیلانگێڕان کرد، بەڵام موسەدق پاش ئاگاداربوون لە نەخشە و پیلانی ئینگلیز بۆ تێکدانی دەوڵەتەکەی، لەساڵی 1953 باڵوێژخانەی ئینگلیزی لە تاران داخست. لەو نێوەدا، حەمەڕەزاشا کە بە یارمەتیی ئینگلیز، لەسەر تەختی پاشایەتیی دانیشتبوو، لەو راستینەیە ئاگاداربوو کە نەمانی دەسەڵاتی ئینگلیز لە ئێران، هاوکات دەبێت لەگەڵ نەمانی خۆی و

ڕژێمەکەی. لەبەر ئەوە هاودەنگی و هاوکاریی لەگەڵ سیاسەتی سەربەخۆییخوازانەی موسەدقدا نەکرد و، لەژێر گوشار و درۆشم و جنێوی کۆمەڵانی خەڵکی خۆپێشاندەر، لە ئێران رایکرد و، هەڵات بۆ بەغدا و پەنای بۆ فەیسەڵ مەلیکی عێراق برد کە ئەویش لە ترسی هەڵگیرسانی ئاژاوەی نێوخۆی عێراق، بە هانایەوە نەهات.

لە سەروبەندی هەڵاتنی شا بۆ بەغدا، هەڵبەستڤان و نیشتمانپەروەری گەورەی کورد مامۆستا هێمن یش، هۆنراوەیەکی بڵاو کردەوە و دەڵێ:

کەی سێبەری خودا بووی، ئەی سێبەری نەهاتی
لە سایەی تۆدا دیمان شەڕ و گرانی و قاتی
لە خزمەت باوکی خۆتدا لە پیاوکوشتن ڕاهاتی
هەر کە خەڵک لێت ڕاسا، بۆی دەرچووی و هەڵاتی
دەبرۆ ئەی شاهی خاین، بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ

لە سەروبەندی سەرهەڵدانی ناکۆکیی نێوان دەوڵەتی دوکتۆر موسەدق و بەریتانیا لە سەرەتاوە دەوڵەتی ئەمریکا، لایەنی دوکتۆر موسەدقی گرت و پشتیوانیکردلێی چەکوچۆڵی جەنگیشی فرۆشت پێی. دوکتۆر موسەدق لە ساڵی 1951 دا، سەردانی واشنتۆنی کرد. سەرۆکی ئەمریکا (ترۆمەن) لە نامەیەکدا بە فەرمی داوای لە ئینگلیز کرد، دەسدرێژی و هێرشی سەربازیی نەکاتە سەر ئێران. بەڵام تەواوبوونی خولی سەرکۆمارێتیی ترۆمەن، هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕینی سیاسەتی ئەمریکا لە

بارەی ئێران، چۆنکە رۆژی 20/7/1953 ئایزنهاور، بە فەرمیی خولی یەکەمی چوارساڵی سەرکۆمارێتیی دەسپێکرد و، سیاسەتی دەرەوەی تەواو پێچەوانەی سیاسەتی ترۆمەن بوو. هەر لە یەکەم مانگی دەسپێکردنی سەرکۆمارێتییەکەی لە ئینگلیز نێزیک بووەوە. کریستۆفەر مۆنتاگ ڤۆدهاوس (بەرپەرسیاری دەزگەی سیخوڕیی بریتانیا) سەردانی ئەمریکای کرد و لەگەڵ دوو دیپلۆماتی ئەمریکایی بە ناوی جان فاستر دالاس (وەزیری دەرەوە) و ئالێن دالاس (سەرۆکی CIA)، کە برای یەک بوون، دیداریکرد. سیاسەتی دەوڵەتی تازەی ئەمریکا، لایەنگریکردن بوو لە جەنگی سارد و، لەو باوەڕەدا بوون: ئەوی لە نێو بەرە و بلۆکی ئەواندا نەبێ، بە دوژمنی ئەمریکا لە قەڵەم دەدرێت!. ئەم بۆچوونەی رۆژاڤا، دەوڵەتی دوکتۆر موسەدقیشی دەگرتەوە و، موسەدق لە ئێرانیکدا ئالای سەربەخۆیی هەڵگرتبوو، کە لە سەر زەریای زێڕی ڕەش هەڵکەوتووە و، سەدان کیلۆمێتر سنوور و خاکی هاوبەشی لە گەڵ یەکێتیی سۆڤێتدا هەبوو، مانەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ و دژ بە ئیمپریالیستی دوکتۆر موسەدق، مەترسیی گەورەی بۆ سەر بلۆکی رۆژاڤا لە نێوچەکە دروستدەکرد. لەبەر ئەوە، ئەمریکاییەکان سەرەتا داوایان لە موسەدق کرد، سەرەتی (ئیمتیازی) چاڵەنەوتەکانی ئێران بکات بە ناوی کۆمپانیاکانی ئەمریکا. دوکتۆر موسەدق بەرپەرچی داواکەیانیدایەوە هۆکەشی ئەوە بوو، دوکتۆر موسەدق دەیویست سیاسەتێکی سەربەخۆ لە بەرامبەر دنیای دەرەوەدا بگرێتەبەر و،

نیازی نەبوو جێگۆڕکێ بەو دوو دەسەلاتە جیهانییە لە ئێراندا بکات. لە بەر ئەوە ئەمریکاییەکانیش لە موسەدق هەڵگەڕانەوە و لە گەڵ دەوڵەتی ئینگلیز نەخشەی رووخانی دەولەتی موسەدقیان دارِشت. بۆ ئەو مەبەستەش، ناوی رەمزی و نهێنیی **"تی پی ئاژاکس"** (TPAJAX) یان بۆ نەخشەکەیان هەڵبژارد.

لە نێوخۆی ئێران کۆمەڵێک لە کەسایەتی و ئایەتوڵلاکان، کە سەرەتا پشتیوانییان لە **موسەدق** دەکرد و تێکەڵ بە بزووتنەوەی **جبهه ملی ایران** ببوون، کاتێک ئاگاداری یەکگرتنی نێوان **ئەمریکا** و **ئینگلیز** لە دژی **موسەدق** بوون، هەر زوو لە بزووتنەوەکە کشانەوە و پشتیان لە **موسەدق** کرد. لەو چاخ و رۆژانەدا لەنێو کۆڕوکۆمەڵی ئاینی و جەماوەریی **ئایەتوڵلا کاشانی** بە پێشەوای ئاینزای شیعە دەناسرا و لە گەڵ ژمارەیەک لە ئایەتوڵلاکانی دیکە تا ساڵی 1952 هاوپەیمانی **موسەدق** بوون، هەروەها لە **جبهه ملی ایران** یشدا راستەوخۆ بەشداربوون بەڵام دوای ئاگاداربوون لە دژایەتیی هاوبەشی ئەمریکا و ئینگلیز لە دژی **موسەدق**، لە بەرەکە هاتنە دەرەوە، چوونە نێو بەرەی دژ بە **دوکتۆر محەمەد موسەدق**.

\

## پیلان و نەخشەی سێ کوچکەی
## (بریتانیا - ئەمریکا - مەلاکان)،
## بۆ رووخاندنی دەولەتی دوکتۆر محەممەد موسەدق!

لە نێوان ساڵەکانی 1952 بۆ 1953 هەردوو رێکخراوەی سیخوڕیی ئەمریکا و بریتانیا (CIA) و (M16)، لە گەڵ ئایەتوڵڵا کاشانی و ئایەتوڵڵا بروجردی و بێهبەهانی پێوەندییان گرت، ئەمریکا کاربەدەستێکی خۆی بۆ کێشەی ئێران دیاریکرد ناوی والێر بوو. ئینگلیزیش لەنێو داوودەزگەی حکوومەتی و لەشکری و کۆڕوکۆمەڵی ئاینی و سەرۆکهۆز و کەسایەتیی شارەکاندا رێکخستن و هاوڕێ و لایەنگری زۆر بوون، پلان و نەخشەی ئەوەیان بەدەستەوە بوو تا حکوومەتی موسەدق بڕووخێنن. نەخشەکە لە سەرەتاوە، بریتیبوو لە بەشداریکردنی مەلاکان لە ڕێگەی مزگەوتەکانەوە بۆ هاندانی خەڵک لە دژی حیزبی توودەی ئێران و دوکتۆر موسەدق. پڕۆپاگەندە لە دژی ئەو دوو لایەنە بکەن و بڵێن، حیزبی تووده و بەرەی ناسیۆناڵی ئێران بە سەرۆکایەتیی دوکتۆر موسەدق، پێکەوە دەیانەوێ کۆمەڵگەی ئێران بەرەو بێدینی و بێڕەوشتیی بەرن. ئەوجا لە ڕێگەی ژنەراڵ فەزلوڵڵا زاهدیەوە چاویانکەوت بە کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی سوپای ئێران، رازییانکردن تا پشتیوانیی لەنەخشەی کودەتا دژی دەوڵەتی موسەدق و حیزبی توودەی ئێران بکەن، چۆنکە دەیانەوێ ئێران بخەنە ژێردەستی رژێمی کۆمۆنیستیی روسیاوە. لەلایەکی دیکەشەوە لە گەڵ شەعبان جەعفەری

پاڵەوانی زۆرخانە و سەردەستەی سەرسەری و چەقۆوەشێی تاران کۆبوونەوە. ئەم کابرایە لە بەر بێ مێشکی و کەلەپووتیی لەنێو جەماوەردا بە **شعبان بی مخ (شەعبان بێمێشک)**، ناوبانگی رۆیبوو، بە بەخسینی پارە و بەرتیل شەعبان بێمێشک و، دارودەستەکەیان رازیکرد کە لە رۆژی دیاریکراودا، بە دار و بەرد و چەقۆ و قەمە و تەور پەلاماری کۆمۆنیستەکان و لایەنگرانی موسەدق بدەن.

بە وتەی **والێر**، **ئایەتۆڵڵا کاشانی** پووڵ و بووجەی پێویستی پێدرا تا بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی پێسپێردراوی لە نێو مەلاکان و دەوروبەرەکەی بڵاویبکاتەوە. **ئایەتۆڵڵا بێهبەهانی** لە لایەن ئەمریکاوە پشتیوانیی دارایی کرابوو، راگەیاندراوەیەکی ساختەی بە ناوی **حیزبی توودەی ئێران** نووسی و لەنێو شاری **تاران** بڵاویکردەوە. بۆ دڵنیاکردنی رەشەخەڵکەکەش کە باوەڕ بێنن نووسینەکە هی حیزبی توودەیە و لەلایەن حیزبی توودەوە نووسراوە، راگەیەندراوەکەی بە قەڵەمی سۆر نووسیبوو کە رەنگی سۆر نیشانەی بیری کۆمۆنیستییە. بێهبەهانی لە راگەیەندراوەکەدا بە ناوی حیزبی توودەوە هێرشی توندی کردبووەسەر چینی مەلا و، سووکایەتی زۆری بە ئاینی ئیسلام کردبوو، هەروەها نووسیبووی: دەبێ هەموو ئایەتۆڵڵاکان لەسێدارە بدرێن! ئەمریکا و ئینگلیز لە پلانێکی دیکەدا، حیزبێکی دەسکردی خۆیان بە ناوی حیزبی توودەی ئێران دامەزراند و، کۆمەڵێک خەڵکیان بە ناوی توودەیی و کۆمۆنیست راهێنا و ب

لە ڕێگەی مەلاکانەوە، پەنجا هەزار دۆلار کە لەو سەردەمەدا پوولێکی زۆر بوو، دراپێیان، ڕێنوێنییانکردن کە بڕژێنە سەر گۆڕەپان و شەقامەکانی تاران، بە دەنگی بەرز هاوار بکەن و درۆشم بدەن، خۆیان بە لایەنگری بەرەی ناسیۆنالّی ئێران و، حیزبی توودەی ئێران بدەنە قەلەم، جنێو و قسەی سووک بە ئایەتۆڵڵاکان بدەن، درۆشمی بژی موسەدق و بژی کۆمۆنیست بدەن و، بەدار و بەرد هێرش بکەنە سەر مزگەوتەکان و، شووشە و دەرگەی مزگەوتەکان بشکێنن!

ئەنجامدانی ئەم کارانە بۆ شکاندنی کەسایەتی و نێوبانگ و خۆشەویستیی دوکتۆر موسەدق بوو، هەروەها دەیانویست خەڵکی ئاسای و ڕەشوڕووتیش کە لایەنگیری حیزبی توودە بوون لەو حیزبە دوور بکەونەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی دەسپێکردنی نەخشەی کودەتادا خەڵک بێلان بوەستن، یان پشتیوانیی لە کودەتاچییەکان بکەن.

حیزبی توودەی ئێران لە نێو سوپا و داوودەزگەی حکوومەتیدا خاوەنی ڕێکخستنی بە هێز بوو، بە هۆردی ئاگاداری هەموو دیدار و چالاکییەک بوو لە لایەن ئەمریکا، ئینگلیز و مەلاکان ئەنجام دەدران ئەوە بوو ئەمیش پلانی دژەکودەتای بە ئەنجامدانی کودەتایەکی کۆمۆنیستی دارِشت رژێمی حەمەڕەزاشا بە یەکجارەکیی نەهێڵێ و، رژێمێکی کۆمۆنیستیی لە ئێران دابمەزرێنێ کە پشتیوان و لایەنگیری یەکێتیی سۆڤێت بێت.

ئەمریکاییەکان بە نەخشەکەی حیزبی توودەیان زانی، دوکتۆر موسەدقیان ئاگادار کرد کە حیزبی توودە نیازێکی وای هەیە و، هاوکاری نەکات لەگەڵیان! هاوکات حیزبی توودەش لە گەڵ دوکتۆر موسەدق پێوەندییان گرت، داوایانلێکرد، پشتیوانیان بێت بۆ رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا، بەڵام موسەدق رازینەبوو لە گەڵ توودەییەکان هاوکاریی بکا، چۆنکە دامەزراندنی رژێمی کۆمۆنیستی لەگەڵ بۆچوون و بیروباوەڕی موسەدق و حیزبەکەی بەرەی ناسیۆناڵی ئێران (جبهه ملی ایران) یەکیاننەدەگرتەوە. موسەدق وەک فارسێکی نەتەوەپەرستی تێکنۆکرات بیریدەکردەوە، دژی بوونی رژێمی پاشایەتیی نەبوو، بەڵکو دەیویست، بە وێنەی سیستەمی سیاسیی لە بریتانیا و وڵاتانی رۆژاڤا، شای ئێرانیش خۆی لە کاروباری سیاسییەوە وەرنەدا و سیستەمێکی پەرلەمانی لە وڵات دامەزرێ و کاروباری وڵات لە دەستی سەرۆکوەزیران و، دەولەت و پەرلەماندا بێت. لەبەر ئەوە نەچووە ژێرباری داواکەی حیزبی توودە.

چەند رۆژێک پێش ئەنجامدانی کودەتای هاوبەشی ئەمریکا و بریتانیا و لایەنگرانی رژێمی پاشایەتیی، کۆبوونەوەیەکی نهێنیی لەلایەن ئەفسەرانی ئەمریکا و ئینگلیز و ژنەراڵ فەزلوڵڵا زاهدی و کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی لایەنگری شا، لە باکووری تاران لە ماڵی کەسایەتییەکی ئەو سەردەمە بە ناوی مۆئتەمەنەلمولک ئەنجامدرا. حیزبی توودە لە ڕێگەی رێکخستنییەوە کە لە نێو سوپادا هەیبوو، ئاگاداری نەخشەکە بوو، شوێن و ژمارەی

بەشدارانی کۆبوونەوەکە، بە ناو و پلەی سەربازیشیانەوە زانی، ئامانجی کۆبوونەوە و ناوی هەموویانی نارد بۆ دوکتۆر موسەدق ئەمیش سەرزارەکی، بەڵێنی لێکۆڵینەوە و، گرتنیانیدا بەڵام بە کردەوە هیچ کردەیەکی نەنواند و هەڵوێستی دەرنەبڕیی.

نەخشەی کودەتا لە ڕۆژی دیاریکراو، ڕۆژی 19ی گەلاوێژی 1953ی ز، (28 مرداد 1332 شمسی)، لەلایەن ئەمریکا و ئینگلیز و، لە ڕێگەی سوپای ئێران بە فەرماندەیەتیی ژنەراڵ زاهدی و، پشتیوانیی چینی مەلاکان و، دارودەستەی سەرسەری و شەلاتییەکانی تاران، لە دژی دەوڵەتەکەی موسەدق بە ئەنجام گەیشت. پاش چەند ڕۆژ کە کودەتاچییەکان کۆنترۆڵی وڵاتیان گرتەدەست، حەمەرەزاشا لە وڵاتی ئیتالیاوە، گەڕایەوە بۆ ئێران و لەنێو ئاپۆرەی دەیان هەزار کەسی و، پێشوازی و چەپڵەڕێزان و فرمێسکی شادیی هەر ئەو خەڵکەی بەر لە ساڵێک بە جنێو و قسەی سووک لە ئێران دەریانپەڕاندبوو، بەرەو کۆشکی پاشایەتیی گوڵستان بەڕێکرا.

چەند هەفتەیەک پاش کودەتا، (600) ئەفسەر و مامۆستای زانستگە و خوێندکاری زانستگەکان کە لایەنگری دوکتۆر موسەدق بوون، لەلایەن هێزەکانی حەمەڕەزاشاوە گیران. لە نێویاندا (60) کەسیان گوللەبارانکران. لەنێو وەزیرەکانی کابینەی دوکتۆر موسەدق، وەزیری دەرەوە دوکتۆر حسێنی فاتمی بە فەرمانی شا گوللەبارانکرا. فاتمی زۆر دژی شا و بنەماڵەکەی بوو، لە کاتی هەڵاتنی شا بۆ بەغدا، فاتمی قسەی کرد و گوتی:

"ئەو ترسنۆکەی بەرەو بەغدا هەڵاتووە، بەردەستێکی پیس و چڵکاوخۆری ئینگلیزە کۆشکی بۆگەنی حەمەڕەزاشا و بنەماڵەکەی ئێرانیان وێران کردووە، کۆمەڵانی خەڵکیان تووشی هەژاری و برسێتی کردووە. ئەم شا بێدەمار و خۆفرۆشە، ئێرانی بە بێگانە فرۆشت. دەبێ بهێندرێتەوە بۆ ئێران و لەلایەن خەڵکەوە بە تاوانی خیانەتی بە ئێران، لەسێدارە بدرێت!".

لە بەر ئەوە حەمەڕەزاشا هەر لە یەکەم رۆژی گەڕانەوەی بۆ ئێران فەرمانی گرتنی دوکتۆر فاتمی دەرکرد و دەسبەجێ لە سێدارەیدا. (لە دێڕەکانی خوارووتردا رووداوەکانی پاش کودەتا زیاتر دەدوێین).

دوای سەرکەوتنی کودەتا، ئەمریکا بوو بە شەریکی سەرەکی و 40% (لە سەتا چل)ی نەوتی ئێران بە باڵای پێنج کۆمپانیای ئەمریکایی بڕا. چۆنکە ئەمریکا بە بەخشینی پووڵ و بووجەی تایبەت بۆ سەرخستنی کودەتا زۆرینەی ژنەڕاڵەکان و ئایەتوڵڵا گەورەکانی کڕیبوو. شیرکەتی نەوتی ئێران–ئینگلیز دوای کودەتا نێوەکەی گۆڕی و بوو بە شیرکەتی نەوتی ئینگلیز، کە ئەمیش 40%ی داهاتی بەرکەوت. دوای ئەوە کۆنسرسیۆمێکی نێودەولەتیی لەلایەن شیرکەتەکانی هۆڵەندی و فەرەنساییەوە دامەزرا و 60 بیلیۆن دۆلاریان دا بە ئینگلیز تا 60%ی رێککەوتننامەی نەوت بە ناویانەوە مۆربکات. ئەوجا کۆنسرسیۆم لە گەڵ ئێراندا رێککەوتن کە 50%ی داهاتی بدات بە دەولەتی ئێران، بەڵام هەتا رژێمی شا مابوو، کۆنسرسیۆم رێی بە

ئێرانییەکان نەدەدا چاویان بە دەفتەر و دەستەک و حسێب و کتێبی کۆنسرسیۆم بکەوێ. لە بەر ئەوە کۆنسرسیۆم لە گۆترە و، کورد گوتەنی : (خوا وەکیلی و هەرسێ تەلاقم کەوتبێ لەگەڵت درۆ ناکەم، لە گەڵ ئێران حسێبی داهات و دەرکەوتی دەکرد!!).

ئەنجامی کودەتا، بۆ وڵاتانی گەورەی رۆژاڤا سوودی گەورەی بە دواوە بوو، لە نێوخۆی ئێرانیش، براوەی سەرەکیی مەلاکان بوون، چۆنکە بە هۆی بەشداریی راستەوخۆیان لە جێبەجێکردنی نەخشەی کودەتا، پێگەی خۆیان لە نێو داودەزگەی حکوومەتی و کۆمەڵایەتیی پتر قایمکرد. ئەمریکا و ئینگلیزیش دوای لەنێو بردنی دەوڵەتی موسەدق و خانەنشینکردنی و دوای لێدان و گرتن و زیندانیکردنی ئەندامانی حیزبی توودە و، بەرەی ناسیۆناڵی ئێران و لە سێدارەدانی دەیانکەسیان لە دادگەی سەربازیی رژێم، ئیدی لە بارەی نێوخۆی ئێرانەوە دڵنیابوون کە هیچ مەترسییەک لە بەردەم رژێمی حەمەڕەزاشا و بەرژەوەندییەکانی ئەوان، لە ئێراندا نییە و نەماوە. لە بەر ئەوە کاری دەزگەکانی سیخوڕیی ئەو دوو وڵاتە زلهێزە لە ئاستی نێوخۆی ئێران گەیشتە ئاستێکی نزم، ئەوەش دەرفەتێکی گونجاو و لە باری رەخساند بۆ مەلاکان تا دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و پێگەی کۆمەڵایەتییان پتر بچەسپێنن. ئەو کەش و هەوایە، هاوکات زەوینەیەکی باشی پێکهێنا بۆ ئەو بەشە لە مەلا و فەقێ و خوێندکارانی ئاینیی کە لە بنەڕەتدا دژی رژێمی حەمەڕەزاشا بوون و، بیرۆکەی دامەزراندنی حکوومەتی ئاینیی لە مێشکیاندا بوو لەوانە رۆحوڵڵا

**خومەینی و پاشماوەی ئەندامانی "فداییان اسلام"، کە بە سەربەستیی زیاترەوە، لە گەڵ یەکدی و لە گەڵ موسڵمانانی هاوبۆچوون و لایەنگریان پەرە بدەن بە ڕێکخستن و بیروباوەڕی بنچینەگرانەیان.**

## هۆکاری دژایەتیی
## چینی ئاینیی (مەلاکان)
## لە گەڵ پرۆژەی "شۆرشی سپی" کە حەمەڕەزاشا دایهێنا!

تا سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردووی زاینی کۆمەڵگەی ئێران هێشتا لەنێو چوارچێوەی فەرهەنگی دواکەوتووانە و داخراوی فیۆدالیدا مابووەوە. سیستەمی سیاسی و کۆمەلایەتیی، سیستەمێکی نیوە فیۆدال-نیوە سەرمایەداری بوو. لە سالانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوودا بەگ و بەگزادە بەشی سەرەکیی حکوومەت و دەسەلاتدارانی ولاتیان پێکدەهێنا و، پتر لە 60% ی زەویوزار و کێڵگەکانی ئێرانیان بەدەستەوە بوو. بەشێک لە ئایەتوڵلاکان سەر بە چینی فیۆدال بوون و، مانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتیی پێوەستبوو بە بەرژەوەندی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوورییانەوە. دەولەتی بریتانیا وەک رابردوو، لە ڕێگەی نوێنەر و لایەنگرانییەوە لەنێو حکوومەت و مەلاکاندا، رۆڵێکی کارا و گرنگی لە هەڵسووڕانی سیاسەتی ئێراندا دەگێڕا. چین و تویژی دیکەش هەبوون لەو سەردەمەدا دژی گۆڕان و گەشەی سیستەمی سەرمایەداریی مۆدێرن و هاوچەرخ بوون، ئەمانەش ئەو پیشەکارانە بوون کە خاوەنی کارگەی بچووک و دەستی و خۆجێی (مانۆفاکتۆر) بوون و، گەشەکردنی پیشەسازیی رۆژاڤا لەئێران، زیانی بە بژێوی و داهاتیان دەگەیاند. ئەم مەترسییەشیان لەجێی خۆیدا بوو، چۆنکە پاش جێبەجێکردنی پرۆژەی "شۆرشی سپی" و، بە ماوەی

چەند ساڵێک، زیانێکی گەورە لە چینی پیشەسازی خۆجێی درا. بە پێی راپۆرتی وەزارەتی ئابووری و دارایی ئێران کە لە ساڵی 1355ی هەتاوی (1976 ی ز) بڵاوکرایەوە، سەرجەم 219000 کارگەی دەستی (مانۆفاکتۆر) لە ئێراندا کاریاندەکرد، بەڵام تەنێ 24%ی پێویستییەکانی کۆمەڵگەیان بۆ دابیندەکرا، لە کاتێکدا 6626 کارگەی مۆدێرنی پیشەیی 76%ی بەرهەمی پیشەییان بازاڕی ئێرانی داگیرکرد. لایەنی دیکە لە سەرەوە ئاماژەمان کردپێی، بنەماڵەی فیۆداڵە گەورەکان بوون کە هەر لە کۆنەوە، موڵک و زەوینێکی زۆریان داگیر کردبوو. ئەمانە لە شارەکان و لە گوندەکان خاوەنی سەرمایە و داهاتێکی زۆر بوون و لە رووی سیاسیشەوە بەهێز و خاوەندەسەڵات بوون. لە بەر ئەوە، هەر گۆڕانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی، راستەوخۆ بە واتای زیانگەیاندنبوو لە بەرژەوەندیی ئەم سێ چینەی نێومانبردن.

حەمەرەزاشا کەوتبووە خولیای ئەوەیکە لە دەسەڵاتی ئینگلیز و مەلاکان و فیۆداڵەکان کەم بکاتەوە، هاوکات بە ئەنجامدانی هێندێک رێفۆرم، رواڵەتێکی مۆدێرن و پێشکەوتووانە بدات بە وڵاتەکەی. پیشەسازییەکی هاوچەرخ، جێنشینی پیشەسازی کلاسیک و مانۆفاکتۆر بکات. رێژەی نەخوێندەواریی لە وڵات کەم بکات کە زۆرینەی دانیشتوانی ئێرانیان پێکدەهێنا. هەروەها هێندێک مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بۆ ژنان دابین بکا و، مافی دەنگدان و خۆهەڵبژاردنیان پێبدات. زەوی و زاری دەرەبەگەکان بە سەر جۆتکار و خەڵکی کەمدەرامەت و ڕەشایی گوندەکاندا

دابەشبکات. سنوور و چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەروەت و سامانی زۆر و زەوەندی ئایەتۆڵلاکانیش دابنێت، بیانخاتە ژێر چاودێرییەوە.

شا، ئەم بیرۆکەیەی لە پەرتۆکێکدا بڵاوکردەوە و نێوی لێنا "انقلاب سفید"، (شۆرشی سپی)، یان (انقلاب شاه و ملت).

**پرۆژەی "شۆرشی سپی" سەرەتا لەم شەش مادەیە پێکهاتبوو:**

**– ریفۆرمی زەوی و دابەشکردنی زەویی گوندەکان و کێڵگەی دەوروبەری شارەکان لە نێوان ئەو کەسانەی کاری لە سەر دەکەن.**

**– بە ناسیۆناڵکردنی (ملی کردن) دارسانەکان و لەوەڕگەکانی وڵات.**

**– گۆڕینی یاسای کارگەکانی وڵات لە دەوڵەتییەوە بۆ شەریکە و، فرۆشتنی بەش (سهم) و (دانگ)ی کارگەکان بە کەسانی پارەدار و خاوەنسەرمایە کە ببن بە پشتیوانی دارایی بۆ چاکسازیی ئابووریی.**

**– بەشدارکردنی کرێکارانی ولات لە سوودی کارگەکان.**

**– چاککردنی یاسای هەڵبژاردن، بەشداریی گشتیی کۆمەڵ لە هەڵبژاردن بە تایبەتیی مافی دەنگدان بۆ ژنان لە هەڵبژاردن.**

**پێکهێنانی سوپای زانست. ئەم سوپایە لە خوێندکاری قوتابخانەکان پێکدەهات و دوای تەواوکردنی پۆلی (6) دوانێوەندیی (بەکالۆریا) لە بری دووساڵ چوون بۆ سەربازیی لە قوتابخانەی گوندەکاندا ئەرکی مامۆستایەتییان دەبرد بەڕێوە.**

دواتر چەندین مادە و تێبینیی لێ زیاد کرا ئەوجا بۆ ئاگاداریی خەڵکی ئێران و دنیای دەرەوە پرۆژەکەی شا بڵاوکرایەوە و، پرۆپاگەندەی زۆریشی لە بارەوە کرا. بە پێی قانوونی

دابەشکردنی زەویی، فیۆداڵەکان تەنیا گوندێکیان بۆ دەمایەوە، هەموو موڵک و زەوینەکانی دیکەیان لە نێو جۆتکارەکاندا دابەش بکرێت. پرۆژەی دابەشکردنی زەوین بە سێ قۆناخ لە سالانی نێوان 1341 تاکو 1350ی هەتاوی (1962 – 1971) ئەنجامدرا. بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵەی شا و وەزیر و کەسانی نێزیک و دەستوپێوەندی شا ئەم یاسایە نەیگرتنەوە. هێندێکیان زەوی و زاری زۆرتریان داگیرکرد، سامانیان پارێزرا و دەستی بۆ نەبرا.

ئەو چین و لایەنانەی بەرژەوەندییان لە گەڵ پرۆژەکەی شادا نەدەگونجا، کەوتنە جمووجوڵ و دەربڕینی نارەزایەتیی. لەلایەن مەلاکانەوە ئایەتوڵڵا محەممەد تەقی خوانساری کە یەکێک بوو لە ناودارانی بەنێوبانگی شیعە، داوای لە ئاخوەند رۆحوڵڵا خومەینی کرد، تا نامەیەک بنووسێت بۆ شا، بەڵام نێوەرۆکی نامەکە زۆر توندنەبێ، ئامۆژگارینامەیەک بێ و، بنووسە بۆی:

"ئەم کردەوەی ئێوە، واتە دابەشکردنی زەوی و مافی دەنگدان بۆ ژنان، بە پێچەوانەی قورئانە. بەرژەوەندیی ئیسلام و ئێران لەوەدایە کە ئەم بڕیارانە هەڵوەشێنیتەوە، چۆنکە هەروەک گوترا بە پێچەوانەی دەستووری قورئانن. پێویستە شا، کەسایەتی و زانایانی ئایینیی لە دەستی خۆیدا رابگرێ، ولات بە بێ رێبەر و پێشرەوی ئایینیی نابرێت بەڕێوە. ئەگەر پێشڕەوانی ئاین نەبن، ئەوا بیری کۆمۆنیستی بە سەر وڵاتی ئێمەدا زاڵ دەبێت، کە بناخەی وڵاتەکەمان لەسەر رێبازی پیرۆزی "شیعە اثنی اعشری" (شیعەی دوانزە ئیمامی) دامەزراوە. ئەرکی شا و حکوومەت ئەوەیە، ئاسایش و هێمنی وڵات بپارێزن و رێگە نەدەن ولاتەکەمان بکەوێتە دەستی بێگانە کە بێن و حکوومەت بکەن بە سەرماندا. ئەوە

پێشەوایانی ئاینی و چینی مەلاکان بوون کە لە رابردوودا سنگیان کردبووە قەڵخان بۆ پێشگرتن لە کۆمۆنیزم و پاریزگاریکردن لە وڵات، بێگومان لە داهاتووشدا هەروا دەکەن...!".

لێرەدا ئایەتۆڵڵا خوانساری بە ناردنی ئەو نامەیە بە پێنووس و دەسخەتی خومەینیی، وەبیری حەمەڕەزاشای دێنێتەوە، رووداوەکانی سەردەمی سەرۆکوەزیران دوکتۆر موسەدق و کودەتای (28 ی مرداد 32)، لە بیری خۆی نەباتەوە و، لە بیری نەچێ کە ئەوە مەلاکان بوون هێنایانەوە سەرتەختی پاشایەتیی! هاوکات هەڕەشەی ئەوەشی لێدەکات و، دەڵێ: هەروەک چۆن لە رابردوودا، لە بەرامبەر کۆمۆنیزم، سنگی خۆمان کردە قەڵخان، بێگومان لە گەڵ تۆش هەروا دەکەین و بەربەرەکانێت دەکەین!

لە مانگی رەشەممەی 1341ی هەتاوی (1963ی ز) ژمارەیەک لە مەلاکان لە گەڵ مەلا رۆحوڵڵا خومەینی کۆبوونەوە و، بڕیاریاندا، نارازیبوونی خۆیان لەگەڵ سیاسەتەکانی شا دەرببڕن، داوا لە خەڵک بکەن نەورۆزی ئەوساڵ جێژن نەگرن و، ماتەمینیی گشتیی رابگەیەنن! دوای دەرکردنی ئەم داخوازییە، هەزاران راگەیەندراوە چاپکران و، لە ڕێگەی فەقێ و لایەنگرانی ئاینییەوە لەنێو خەڵکدا بڵاوکرانەوە. مەلاکان دەیانزانی بێ پشتیوانیی جەماوەر، ناتوانن دژایەتیی شا بکەن. لەبەر ئەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا پێداگرییان لەسەر سازکردنی رێکخستنی جەماوەریی دەکرد و، ماوەی سێ مانگ خەباتێکی نهێنی چڕوپڕیان کرد بۆ سازکردنی رێکخستن لە نێو قوتابخانە

ئاینییەکان و، پێڕەوانی باوەڕپێکراوی ئاینیی. مانگەکانی گوڵان و جۆزەردان دەیانهەزار خۆپێشاندەر لە شارەکانی ئێران ڕژانە سەر جادەکان و، پشتیوانیی خۆیان بۆ هەڵوێستی ئایەتوڵلاکان دەربڕیی. لە ڕۆژی 13ی جۆزەردانی 1342، (3/6/1963) ڕۆحوڵلا خومەینیی لە قوتابخانەی فەیزییەی قۆم لە دژی شا قسەیکرد، بە ئاشکرا ڕەخنەی توندی ئاراستەی ڕژێمی شا و، دەسەلاتی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاڤا لە ئێران کرد.

لە دوای ڕووخانی حکوومەتەکەی دوکتۆر موسەدق، ئەمە یەکەمجار بوو کەسێک بوێرێت بە ئاشکرا سووکایەتیی بە شا و ڕژێمەکەی بکا و، بە دەسکردنی ئەمریکا و ڕۆژاڤا بیانداتە قەڵەم. حەمەڕەزاشا، فەرمانیدا بە ژەنەڕاڵ ئۆوەیسی ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکات. هێزەکانی سوپا و ساواک و پۆلیس هێرشیانکردە سەر خۆپێشاندەران، لە قۆم و مەشهەد و تاران سەتانکەس کوژران و بریندارکران، ژمارەیەکی زۆرتریش گیران و خرانە زیندانەوە.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و شکەنجەکانی ساواک لە سەر گیراواندا، توانییان حیزبێکی نهێنی و توندڕەوی ئاینیی بدۆزنەوە. ناوی "حزب ملل اسلامی"، (حیزبی گەلانی ئیسلامی) بوو کە لە ساڵی 1962 لەلایەن چەندین مەلا و کەسایەتی ئاینی وەک سەید محەمەد کازم مووسەوی برووجردی، عەبدولقاسم سەرحەدیزادە، محەمەد جەواد حوجەتی کرمانی و چەند کەسیتر دامەزرابوو. ئەم حیزبە بڕوای بە ڕێبازی چەکداری و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی حکوومەتێکی ئیسلامیی بوو.

پێوەندیی نێزیکیشیان لە گەڵ خومەینی و ئەو مەلایانەدا هەبوو کە حکوومەتی شا نەیتوانیبوو بیانکرێت. دوای گیرانی سەرۆکایەتی و ئەندامەکانیان، حیزبی گەلانی ئیسلامیی هەڵوەشایەوە، دواتر ڕێکخراوێکی تازەیان بە ناوی ڕێکخراوەی حیزبوڵلا دامەزراند. مەلا ڕۆحوڵلا خومەینی و، ئایەتوڵلا قۆمی لە مەشهەد و ئایەتوڵلا محەلاتی لە شیراز گیران و زیندانیکران. ساڵی 1964ی ز، لەسەر بڕیاری شا، ڕۆحوڵلا خومەینیی لە ئێران دەرکرا. سەرەتا نێردرا بۆ ترکیا، پاشان لە ئێراق گیرسایەوە و، ماوەی نێزیک بە (13) ساڵ لە ئێراق ژیا.

## ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئایەتۆڵڵا ڕۆحوڵڵا خومەینیی، لە سەردەمی ڕەزاشا و حەمەڕەزاشا!

سەید ڕۆحوڵڵا خومەینی ڕۆژی 21ی سێپیەمبەری ساڵی 1902ی زاینی لە شاری خومەین سەر بە پارێزگەی ئەراک لە بنەماڵەیەکی ئاینیی لە دایکبووە. باپیری نێوی سەید محەمەد بووە و، لە شاری نیشابوری خۆراسان ژیاوە پاشان چووە بۆ وڵاتی هێندستان و چەند ساڵێک لەوێ ژیاوە و، گەڕاوەتەوە بۆ ئێران، لە شاری "خومەین"، نیشتەجێ بووە. هەر لەبەر ئەمەشە هێندێکجار ناوی هێندیی‌یان لکاندووە بە پاشناوی بنەماڵەیانەوە. بۆ نموونە یەکێک لە براکانی کە ناوی نوورەدین بوو، تا کاتی مردنی بە سەید نوورەدین هێندی بانگکراوە. ڕۆحوڵڵا خومەینیی دوو برا و دوو خوشکی هەبووە و، براگەورەکەی ناوی ئایەتۆڵڵا سەید مورتەزا پەسەندیدە بوو.

شاری خومەین، مێژوویەکی چەندین هەزارسالەی هەیە و لە مێژووی کۆندا نێوی "میدیا" بووە و، لەلایەن یۆنانییەکانەوە بە "میدیا" نێوبراوە و سەرجەم دانیشتوانەکەی کورد بوون. لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی ئیسلامی و لە جۆگرافیای ئیسلامیدا، بە "جبال" و "جبل" و "قهستان" و "عراق عجم" نێوی هاتووە.

ڕۆحوڵڵا خومەینیی لە ساڵانی نێوان 1940 – 1950 دوو پەرتۆکی "کشف الاسرار" و "توضیح المسائل"ینووسی و بڵاوی کردەوە. هەردوو پەرتۆکەکەی تا کاتی ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا چاپنەکران، لێ بە ناوی خواستەمەنی لەلایەن

قوتابییەکانییەوە لە ناملیکەی جیا جیا و لە چەند بەشێکدا بلاوکرانەوە. خومەینیی نیزیکی (30) ساڵ، بە نهێنیی کاری بۆ بڵاوکردنەوەی بیری بنچینەگرانەی خۆیکرد. لەکات و سەردەمێکدا کە هێشتا مەلایەکی نەناسراو بوو، نەگەیشتبووە پلەی **ئایەتۆڵلا و مرجع تقلید**، ناملیکەیەکی نووسی: (بخوان و بەکار ببند) "بیخوێنەوە و بەکاری بێنا"، لە نووسراوەکەیدا فتوای کوشتنی ئەحمەد کەسرەوی دەرکرد. کە ئەوەش بە پێچەوانەی دەستووری ئاینزای شیعەوە بوو، چۆنکە مەلایەک نەگەیشتبێتە پلەی **ئایەتۆڵلا و مرجع تقلید** (پێشڕەوی ئاینیی) ناتوانێ فتوای کوشتنی کەسێک دەربکات!

سالانی نێوان 1941 – 1951، بۆ **خومەینی** ساڵانێکی گرنگ و پڕبایەخ بوون و لە پێگەیاندن و دەولەمەندکردنی ئەزموون و بیروباوەڕیدا کارکردی زۆریان هەبوو، هاوبیروباوەڕی **ئایەتۆڵلا کاشانی و فیداییەکانی ئیسلام** بوو کە ئەمانە ئیسلامی بنچینەگر بوون. **ئایەتۆڵلا کاشانی** کارکردی زۆری لەسەر روانگە و بیروباوەڕی خومەینی داناوە و خومەینیی ئەوی وەک مامۆستای خۆی تەماشای کردووە. پاش گەڕانەوەی نەواب سەفەوی لە عێراقەوە بۆ ئێران، ئایەتۆڵلا کاشانی، رەزامەندیی خۆی بۆ دامەزراندنی رێکخراوەی فیداییەکانی ئیسلام پێشاندابوو. لە نێوان ئەو ساڵانەدا بە وتەی هاوژینی نەواب سەفەویی، رۆحوڵلا خومەینی زۆر جار چووەتە ماڵیان و، لە گەڵ نەواب سەفەویدا بە چەندین سەعات پێکەوە دواون و قسەیان کردووە.

**ویکچوون و پێوەندیی توندوتۆڵی نێوان خومەینی و دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەی فداییەکانی ئیسلام لە نێوەرۆکی کشف الاسراری خومەینی و، پێرەوپرۆگرامی ڕێکخراوەی فیداییەکانی ئیسلام (راهنمای حقایق) دا دەردەکەوێ، کە لە نووسراوەکەی خومەینیی وەک سەرچاوەیەک بۆ نووسینی پرۆگرامی ڕێکخراوەکەیان کەڵکیان وەرگرتووە. فدائیان اسلام بە سەرۆکایەتیی نواب صفوی لە مانگی گەلاڕێزانی ساڵی 1329ی هەتاوی (1950ی ز) دامەزرا و بیروباوەڕی خۆیان لە 90 لاپەڕەدا بۆ ئاگاداریی پێڕەوانی ئاینزای شیعە بڵاوکردەوە.**

**لێرەدا، دوو کۆپلە لە هەردوو پەرتۆکی "کشف الاسرار" و راهنمای حقایق" دەخەینەڕوو!**

**لە کشف الاسرار، لە بارەی نووسینی قانوونی بنچینەیی ولات و کۆمەڵگەوە دەڵێت:**

**"چ کەسێک، جگە لە خودێ مافی یاسادانانی نییە. تاکە یاسایەک کە مرۆڤ لە بەرامبەریدا دەبێ ملکەچ بێ و پێڕەویی لێ بکات و ڕێزی لێبگرێت، ئەو یاسایەیە کە لە "شرع" ەوە هاتبێت. هەموو ئەو قانوونانەی مرۆڤ دایڕشتوون، پووچ و بێکەڵکن. ئاینی ئیسلام، هەموو ئەو قانوونانەی کە لە دنیا، لەلایەن دەستەیەک مرۆڤی مێشکڕزیو و نەزانەوە نووسراون، دەیانخاتە ژێرپێ و ڕەتیاندەکاتەوە، هیچ یاسایەک لە جیهان بە یاسا دانانێت، جگە لە یاسای ئیسلام نەبێت کە خودێ ناردوویەتی بۆ کۆمەڵی مرۆڤ. یاسای ئیسلام، بۆ ئێستا و داهاتوو و بۆ هەموو سەردەمەکان هاتووە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان، لەم وڵاتە بچکۆلەی ئێمە (ئێران) قانوونی ئیسلام بچێت بەڕێوە، ڕۆناکاییەکەی**

سەرتاسەری وڵات دادەگرێت و، ئێران دەبێتە سەرکاروانی پێشکەوتن و، پێشڕەوی شارستانێتیی لە هەموو جیهان..!".

ئەوجا راهنمای حقایق، لەبارەی قانوونەوە دەڵێ:

"مافی یاساداڕشتن تەنێ لە ئەستۆی خودێدایە. یاسایەک کە لە مێشکی رزیو و بۆگەنی مرۆڤ سەرچاوە بگرێت، دژایەتی تەواوی دەبێت لەگەڵ زانست و هزر و بەها و بناخەپیرۆزەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام. لەبەر ئەوە نووسینی یاسا لەلایەن مرۆڤەوە، بە هیچ شێوەیەک "شرعیت" (رەوایەتیی) نییە. ئەگەر لە وڵاتی ئێراندا دەستووری ئیسلام بەڕێوە بچووبایە، بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگەی ئێران هەر لە یەکەم رۆژی دروستبوونییەوە هەتا دواڕۆژەکانی کۆتایی جیهان، نوقمی تیشک و رۆناکی دەبوو...

پەرتۆکی کشف الاسرار لەبارەی دەوڵەت و پەرلەمانەوە دەڵێ:

"شێوەی دامەزران و بەڕێوەچوونی دەوڵەت و مجلس (پەرلەمان) لە ڕۆژی ئەمڕۆدا بەم شێوەیە، کە ئەم دەسگە دەسەلاتداریتییانە، لەلایەن کۆمەڵێک مرۆڤی بیرنەخۆش و بێدینەوە دادەمەزرێن. کۆپی یاسای وڵاتانی ئۆروپایی دەگرن و بە لاساییکردنەوە لە وڵاتانی ئۆروپا، دەیانەوێت لە ئێران یاسای وڵاتانی ئۆروپایی ببەن بەڕێوە، یان کەسانێک هەڵدەستن و، لەخۆیانەوە یاسا دادەتاشن. ئەوجا ئێوەش چاوتان دەبەستن و، ئەو یاسایە دەپەرستن کە بەهیچ شێوەیەک بیروباوەڕی خەڵکی ئێمە لەگەڵ ئەو یاسایانەدا یەک ناگرێتەوە...

بەلام ئەگەر پەرلەمان لەلایەن زانایانی ئاینی و خاوەن ئیمانەوە پێکبێت، کە دادپەروەربن، لە پیسی و خراپەکارییەکانی ئەم دنیایە بێوەری بن، جگە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە، بیر لە بەرژەوەندیی خۆیان نەکەنەوە، پاشای وڵات و سوڵتانێک بۆ رێبەری وڵات هەڵبژێرن کە لە یاسای خودێ لانەدا و، خۆی دوور

بگرێت له ستەم و چەوساندنەوەی خەڵک، ئایا دامەزرانی پەرلەمانێکی وا چ زەرەرێکی هەیە؟! "

هەروەها سەبارەت بە وەزارەتی داد و، دادپرسی لە "کشف الاسرار" دا دەڵێ:

"ئەگەر تەنێ بۆ ماوەی یەک ساڵ، قانوونی (قصاص و دیات) و دەستووری ئیسلامیی لە وڵاتدا بچن بەڕێوە، تۆوی بێڕەوشتی و دزی و لەشفرۆشیی ژنان و کردەوەی دزێو و ماڵوێرانکەر لە وڵاتدا نامینن و، بنبڕدەکرێن. کەسێک دزی دەکات دەبێ دەستی ببڕدرێت. ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ بە "قصاص" (سزادانی تاوانکار) دەپارێزرێت. ئەگەر ژن و پیاوێک بێناموسی دەکەن، بە قامچی بدرێ لێیان، ئیدی لە وڵاتدا هێندە نەخۆشی "جنسی" (سێکسی) نامێنێت. بەزەیی منداڵانە نابێت لەنێو قانووندا جێی بۆ بکرێتەوە. بڕینی دەستی دز و تاوانکار، لەلایەک خزمەت بە چاککردنی هەست و رەوانی کەسە دەستبڕاوەکە دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە خراپەکاری و بێڕەوشتیی لەنێو وڵاتدا بنبڕدەکات".

لەبارەی دادپرس (قاضی) ئیسلامییەوە دەڵێ: دەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

1- کەسێکی خاوەن هۆش بێ و، تەمەنی هەرزەکاریی تێپەڕ کردبێت.

2- بڕوا و باوەڕی تەواوی بە ئاینی ئیسلام هەبێت.

3- زۆڵ (حەرامزادە) نەبێت.

4- دەبێ پیاو بێت، واتە ژنان مافی ئەوەیان نییە ببن بە دادپرس و دادستان.

5- دادپەروەر بێ و لە یاسا لانەدا و لەو یاسایانەی خودێ دایناون، سەرپێچی نەکات.

6- دەبێ زانا بێ و، یاسای تایبەت بە دادپرسی و یاساکانی ئیسلام بزانێت.

7- پێویستە توانای وەرگرتن و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی هەبێت.

وەک لێرەدا دەبینین، لەروانگەی خومەینییەوە، کە دواتر بوو بە ئایەتوڵڵا (5*) و ئیمام ژن و زۆڵ و ناموسڵمان، ناتوانن ببن بە دادپرس!

لە "کشف الاسرار"، لە بارەی "منکرات" (ئەو دیاردانەی دزێو و ناپەسندن) و لەنێو کۆمەڵدا دەبێت رێ لە بڵاوبوونەوەیان بگیرێت، هاتووە:

"ژنان، بێ رووبەند و چارشێو نەبن، دەبێ خۆیان داپۆشن. کارکردنی ژنان لە دەرەوە و، لەنێو دەسگەکانی خزمەتگوزاری و هتد،موسیقی، شانۆگەریی، سینەما، سەمای بالە، هەڵپەرکێ و خواردنەوە و کڕین و فرۆشتنی خواردەمەنیی ئەلکۆلی، هەروەها هێندێ لە رۆمانەکان، شیعری گۆرانی و گۆرانی خوێندن، ئەمانە حەرامن و، دەبێ پێش لە بڵاوبوونەوەیان بگیرێت".

هەروەها لەبارەی کارکردنی ژنان لە "کشف الاسرار" دا هاتووە:

"ژنان دەتوانن لەنێو کۆمەڵگە و لە نێو کارگە یان لە نێوەندەکانی خزمەتگوزاری کاربکەن، بە مەرجێک سەرۆک و بەڕێوەبەر و هەموو فەرمانبەرەکانی شوێنەکە ژن بن و، پیاویان تێدا نەبێت. هەروەها نێوەندەکانی پەروەردە و قوتابخانە و خوێندنگەکانی کچان و ژنان، پێویستە مامۆستا و بەڕێوەبەرەکانیان هەموویان ژن بن. بەشداریکردنی ژن لە قوتابخانەی کوڕان و، لە گەڵ پیاوانی دیکە کارێکی زۆر هەڵەیە. مەلاکان دەیانەوێ پێش بە حەزی شەیتانیی ئێوە بگرن. ئەو ژنە جوانانەی کە لە پشتی کورسی فەرمانگەکانن،

**ئەوە مەلاکانن کە دەزانن ئەو شوێنانە سەرچاوە و بنکەی بێڕەوشتین، لە بەر ئەوە دەیانەوێ پێشی لێبگرن...!".**

لەبارەی تەمەنی بەشوودانی کچ دەڵێ: "کچ لە تەمەنی (9) سالدا دەتوانێ مێرد بکات. کوڕیش لە تەمەنی (14) ساڵ و (6) مانگدا دەتوانێت ژن بهێنێت...".

لەبارەی هونەرەوە دەڵێ:

**"ڕێگە بە کاری سینەما و مووزیکی دەدرێ، بە مەرجێک پێوانە و دەستووری ئیسلامی تێدا ڕەچاو بکرێت. دوو جۆرە مووزیک هەن، جۆرێکیان مووزیکی مشروع (ڕێپێدراو)ە، جۆرەکەی دیکەشیان مووزیکی غیرمشروع (ڕێپێنەدراو)ە. مووزیکی ڕێپێنەدراو مێشک و دەمار و هێز و توانای ڕۆح و ڕەوانی مرۆڤ سست و بێهێز دەکا و زیانێکی گەورە لە مرۆڤ و لە کۆمەڵگە دەدات. ئەوانەی گوێ لە مووزیکی نامشروع دەگرن، یان لەو بوارەدا کاردەکەن ئەندامەکانی لەشیان وەک ئەندامەکانی لەشی ژنان ناسک و لووس و لاواز دەبێت. لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆری پسپۆڕان و مووزیکناسانی گەورەی دنیا، زۆر لاواز و ناسک و ترسنۆکن و مێشکێکی ئاڵۆزیان هەیە، دەچنە ریزی ترسنۆکترین ژنانەوە مێشکیان لە سەرچاوەی زانستی و بەکەڵک بەتاڵ دەبێت. لەبەر ئەوە پێویستە روو بکرێتە مووزیکی ڕێپێدراو. مووزیکی ڕێپێدراو بریتییە لە: "خوێندنەوەی وشەکانی شیرین و "فضیلت پرور" (زانست و هۆشپەروەر)ی قورئان. گوێگرتن لە بانگی نوێژ و، بانگ و سەڵاو و لاڵانەوە و سکاڵای ئاینی بە دەنگی بەرز، ئەمانە پەرە بە زانست دەدەن و، ڕاستییەکان فێری مرۆڤ دەکەن و لەگەڵ ڕەوانی کۆمەڵگەشدا دەگونجێن و هاودەنگییان دەبێت لە گەڵی...".**

ئێستا سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی چەند کۆپلەیەک لە "توضیح المسائل" رادەکێشم:

"مساله 2392: انسان نمی تواند بدون اجازه زن خود، با خواهرزاده و برادرزاده او ازدواج کند. ولی اگر بدون اجازه زنش آنان را عقد نماید و بعد به زن بگوید به آن عقد راضی هستم اشکالی ندارد".

(پرسی 2392: مرۆڤ ناتوانێ بێ ئیزنی ژنەکەی خۆی، لە گەڵ خوشکەزا و برازای ژنەکەی زەماوەند بکات. بەڵام ئەگەر بێ ئیزنی ژنەکەی لە خۆی مارەیکردن و دواتر بە ژنەکەی گوت بەو مارەکردنە رازیم، کارەکەی راست و رەوایە).

"مساله 2394: اگر انسان پیش از آنکه دختر عمه یا دختر خاله خود را بگیرد با مادر آنان زنا کند دیگر نمی تواند با آنان ازدواج کند".

(گەر مرۆڤ، بەر لەوەی لە گەڵ پوورزا و مەتییەزا (میمکەزا)ی خۆی هاوسەرگیری بکات، لە گەڵ دایکیان گانی کردبێت، ئێدی ناتوانێ بیانخوازێت).

"مساله 2395: اگر انسان با دختر عمه یا دختر خاله خود ازدواج نماید و پیش از آن که با آنان نزدیکی کند با مادرشان زنا نماید عقد آنان اشکال ندارد".

(ئەگەر مرۆڤ پوورزا و مەتییەزای خۆی کردبێ بە هاوژینی، پاشان لەگەڵ دایکیان گان بکات، پەیمانی ژنومێردێتیی وەک خۆی دەمێنێ و، هەڵناوەشێتەوە).

"مساله 2410: اگر کسی دختر نابالغی را برای خود عقد کند و پیش از آن که 9 سال دختر تمام شود با او نزدیکی و دخول کند، چنانچه او را افضا نماید، هیچ وقت نباید با او نزدیکی کند.

(پرسی 2410: گەر کەسێک کیژوولەیەک لە خۆی مارەبکا، بەر لەوەی تەمەنی کچەکە بگات بە 9 ساڵ، لەگەڵی جووت بێ، لە پاش و پێشەوە بیگێت، ئیدی نابێ لێی نێزیک بێتەوە).

"مساله 2412: زنی که عقد دائمی شده باشد، نباید بدون اجازه شوهر از خانه بیرون رود و باید خود را بر هر لذتی که شوهرش می خواهد، تسلیم نماید و بدون عذر شرعی از نزدیکی کردن او جلوگیری نکند و اگر در اینها از شوهر خود اطاعت کند، تهیه غذا و لباس و منزل او و لوازم دیگری که در کتب ذکر شده بر شوهر واجب است و اگر تهیه نکند چه توانایی داشته باشد، یا نداشته باشد، مدیون زن است".

(پرسی 2412: ژنێک کە مارەکراوی هەمیشەییە، نابێت بێ ئیزنی مێردەکەی لە ماڵ بچێتەدەرەوە. دەبێ بە تەواوەتیی ملکەچی حەز و ویستی مێردەکەی بێت. ئەگەر کێشەیەکی ژنانەی نەبوو، پێویستە هەرکات مێردەکەی ویستی ئامادەی جووتبوون بێت. ئەگەر داخوازیی مێردەکەی بەجێ بگەیەنێ، ئەوا دابینکردنی خواردەمەنی، جلوبەرگ، خانوو، لە گەڵ هەموو پێداویستییەک کە لە پەرتۆکەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، لە ئەستۆی مێردەکەی دەبێت. ئەگەر مێردەکەی دابینی نەکات بۆی دارا بێ، یان نەدار ئەوا قەرزداری ژنەکەی دەبێت).

"مساله 2413: اگر زن در کارهایی که در مساله پیش گفته شد اطاعت شوهر را نکند، گناهکار است و حق غذا و لباس و منزل و همخوابی ندارد، ولی مهر او از بین نمی رود".

(ئەگەر ژن لەو ئەرکانەی لە سەرەوە ئاماژەماندا پێی ئەرکی خۆی و فەرمانی مێردەکەی بەجێنەهێنا، ئەوا تاوانبارە و دەبێ لە خواردەمەنی، جلوبەرگ، شوێنی ژیان و نووستن لە گەڵ مێردەکەی، بێبەش بکرێت، بەڵام مارەییەکەی نافەوتێت!).

"مساله 2421: صیغه کردن زن اگرچه برای لذت بردن هم نباشد، صحیح است"

(پرسی 2421: مزیارکردنی ژن تەنانەت بۆ چێژوەرگرتنیش نەبێ، راست و بەجێیە).

"مساله 2423: زنی که صیغه می شود اگر در عقد شرط کند که شوهر با او نزدیکی نکند، عقد و شرط او صحیح است و شوهر می تواند لذت های دیگری از او ببرد. ولی اگر بعدا به نزدیکی راضی شود، شوهر می تواند با او نزدیکی کند".

(پرسی 2423: ژنێک کە صیغە دەکرێ گەر لە مارەکردنەکەیدا مەرجی ئەوە بێ کە نابێ مێردەکەی لە گەڵی جووت بێ، ئەوا مەرج و مارەییەکەی راستە و، مێردەکەی دەتوانێ چێژ و خۆشیی دیکەی لێوەر بگرێت. بەڵام ئەگەر دواتر ژنە رازی بوو مێردەکەی دەتوانێ لەگەڵی جووت بێت).

"مساله 2424: زنی که صیغه شده، اگر چه آبستن شود حق خرجی ندارد".

(پرسی 2424: ژنی مسیار، تەنانەت ئەگەر زگی پڕ بوو، نابێ بژێویی ژیانی بدرێتێ!).

"مساله 2459: مستحق است در شوهردادن دختری که بالغه است یعنی مکلف شده عجله کنند. حضرت صادق علیه‌السلام فرمودند: یکی از سعادتهای مرد آن است که دخترش در خانه او حیض نبیند".

(پرسی 2459: پێویسته لە بە مێردداني کچی عازەودا پەلە بکرێت. حەزرەتی ئیمام سادق فەرموویان: یەکێک لە بەختەوەری پیاو ئەوەیە کچەکەی بدات بەشوو، بەرلەوەی لە ماڵی باوکیدا تووشی عادەتی مانگانە بێت).

"مساله 2731: اگر وارث میت یک دختر و یک پسر باشد، مال را سه قسمت می کنند، دو قسمت را پسر و یک قسمت را دختر می برد و اگر چند پسر و چند دختر باشند، مال را طوری تقسیم می کنند که هر پسری دو برابر دختر ببرد".

(پرسی 2731: ئەگەر وەرەسەی مردوو کوڕێک و کچێک بێ، دارایيیەکەی دەکرێ بە سێ بەشەوە، دوو بەش بۆ کوڕەکە و، بەشێکیش دەدرێ بە کچەکە. ئەگەر چەند کور و چەند کچ بن، دارایيیەکەی وا بەش دەکرێت، کە هەر کوڕێک دوو بەرامبەری کچی بەرکەوێت).

هێژای گۆتنە، بە خوێندنەوەی ئەو چەند پرس و بابەتانەی ئایەتۆڵلا خومەینیی لە پەرتۆکەکەی (توضیح المسائل) نووسیویەتی، ژن وەک مرۆڤ ناو نابات، بە پیاو دەڵێ مرۆڤ. بە کورتی، ئەوە چەند نموونەیەک بوو لە روانگەی ئاینی و

کۆمەڵایەتیی رۆحۆڵڵا خومەینیی کە دەیان ساڵ پێش بە دەسەڵاتگەیشتنی، لە قەتابخانە ئاینییەکاندا بڵاویکردووەتەوە، وەک دەستوور و رێسای ئیسلامیی لەلایەن پێڕەوانییەوە پێرەو کراوە و دەکرێت.

## شا پەرە بەتوانای سەربازیی دەدا و،

## ئێران دەبێتە ژاندارمی نێوچەکە!

لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ شای ئێران دۆخێکی لە باری رەخساند ئامانج و ستراتیژی سیاسی و کۆمەلایەتی و سەربازیی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئێران بوو بە کڕیاری سەرەکیی هەموو چەشنە چەک و چۆلی مۆدێرن لە ولاتانی رۆژا بە تایبەتیی لە ئەمریکا. هەر لە سەردەمی ژنەڕاڵ ئایزنهاوەر سەرۆکی ئەمریکا، لەبەر گرنگیی جێئۆپۆلیتیکی ئێران کە لە سەر زەریای زێڕی رەش و لە باشوورەوە لەسەر کەنداو هەلکەوتووە و لە باکووریشەوە دراوسێی یەکێتیی سۆڤێت بوو، بۆ رۆژاڤا بە گشتی و بۆ ئەمریکا بە تایبەتیی پەروەردە و پۆشتە و پەرداخکردنی سوپای ئێران بۆ بەربەرەکانێی سۆڤێت و پاراستنی بەرژەوەندیی رۆژاڤا لە خۆرهەلاتی ناڤین بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەبوو، بە هەموو شێوەیەک پالپشتی رژێمی شایان دەکرد و ئەمریکا ئامادە بوو جگە لە چەکی ئەتۆم هەموو جۆرە چەکێک بدات بە شا، هەروەک لە ڕۆژانی 30 و 31ی مانگی مەی (گولانی) 1972 سەرکۆماری ئەمریکا ریچارد نیکسۆن لە گەڵ هێنری کیسینگەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، دوای گەڕانەوەیان لە سەردانی رۆژهەلاتی دوور، چوون بۆ تاران و لە گەڵ حەمەڕەزاشا لەبارەی پرۆژەی کڕینی چەک لە ئەمریکا و

پەروەردە و تەیار و پۆشتەکردنی سوپای ئێران گفتوگۆیەکی چڕوپڕیان ئەنجامدا و، سەرۆکی ئەمریکا لەو دیدارەیدا جەختی لەسەر پێویستیی هاوکاریی سەربازیی نێوان ئەمریکا و ئێران کرد و گوتی: جگە لە کەل و پەل و کەرستەی چەکی ئەتۆم، ئەمریکا ئامادەیە هەموو چەشنە چەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو بفرۆشێت بە ئێران. بەڵام سەرەڕای ئەم پێوەندییە توندوتۆڵەی نێوان شا و ئەمریکا، وەک ئاماژەمداپێی لە کۆتایی سالانی شەستەکانەوە شا هەوڵیدا خۆی لە ژێر وابەستەیی ئەمریکا و رۆژاڤا بهێنێتەدەرێ و لە ڕێگەی داهاتی نەوتەوە خەون و پڕۆژەکانی بهێنێتەدی.

لە سالێ 1970 کاروانی پاپۆڕی چەک و کەرستەی جەنگیی ئەمریکا بۆ ئیران کەوتەڕێ و (88 ملیۆن دۆلار)، ساڵی 1971 (1/065 ملیۆن دۆلار)، ساڵی 1972 (1/375 ملیۆن دۆلار)، ساڵی 1973 (1/525 ملیۆن دۆلار)، ساڵی 1974 (3/68 ملیۆن دۆلار)، لەساڵی 1975 دا ئەم رێژەیە گەیشتە 6 ملیارد و 325 ملیۆن دۆلار. بووجەی ساڵانەی ئێران کە لە ساڵی 1970دا 17%ی بۆ کڕینی چەک و چۆڵ دیاریکرابوو، لە ساڵی 1975 دا، ئەم رێژەیە گەیشتە 41%. سوپای ئێران بریتیبوو لە سێ بەشی هێزی ئاسمانی و زەریای و وشکانی . سوپای وشکانی لە 250000 کەس پێکهات و بە سەر چوار لەشکری تانک و زرێپۆش، چوار لەشکری ئاسایی، چوارتیپی سەربەخۆ و هێزی تایبەتدا دابەشکران. هێزی وشکانی خاوەنی 1900 تانک. 800

تانکی چیفتنی ئینگلیزی، 600 تانکی M60 و 400 تانکی M47 و 250 تانکی سکۆربیۆن کە بە تایبەتیی بۆ نێوچەی کوێستان و شەڕی پارتیزانی سازکراوە. هەروەها هەزاران راکێتی دژەتانک و سەدان هەلیکۆپتەری OH 50، UH1، VH17 ی کۆبرا و CH47 شنۆک لە گەڵ دامەزرانی چەندین پێگەی مۆدێڕن و گەورەی هوانیروز لە ئەسفەهان و کرماشان و مزگەوتی سلێمان و کرمان کە هاوتای پێگەکانی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی گەورەی ئۆرووپا بوون. هەروەها هاتنی چەند هەزارێک پسپۆڕ و تێکنسییەنی ئەمریکا بۆ ئێران لە گەڵ کڕینی دەیان ملیۆن کەل و پەلی یەدەکی فڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەر و تۆپ و تانک و ئۆتۆمۆبیل و... هتد، بەشێک بوون لە پڕۆژەی نۆژەنکردنی سوپای ئێران.

لە پێوەندیی لە گەڵ هێزی زەریایی پێگەیەکی گەورە و مۆدێڕن لە بەشی خوارووی رۆژهەڵاتی ئێران و لەسەر لێواری زەریای عوممان لە "کنارک چاه بهار" سازکرا کە لەو سەردەمەدا پتر لە 800 ملیۆن دۆلاری تێچوو. لە دوای پێگەی **دیگۆگارسیا** لە ئۆقیانووسی هێند پێگەی **چابەهار** گەورەترین و پێشکەوتووترین پێگەی زەریایی بوو لە ئاسیا. پتر لە بیست هەزار سەرباز و ئەفسەر و فەرمانبەر لە بەشی هێزی زەریایی دامەزران و چەندین پاپۆڕی مۆدێڕنی جەنگیی وەکو پاپۆڕی راکێتهاوێژی **"ئارتمیس"** کە هەڵگری راکێتی سام بوو، چوار پاپۆڕی راکێتهاوێژی MK2، و SSM و SAM و بیست پاپۆڕی 20 تۆنیی هێرشبەری خێرا،

لەگەڵ هەزاران راکێتی هاریۆن و 12 فڕۆکەی F27–4 لە گەڵ 50 هەلیکۆپتەر چەندین پاپۆڕی کۆکردنەوەی ماین، 20 پاپۆڕی ئاوی – خاکیی بەشێک بوون لە توانای هێزی زەریایی ئێران. حەمەڕەزاشا گەشکە دەیگرت کاتێک بە جل و بەرگی سەرفەرماندەیەتیی هێزی زەریایی ئێران لە مانۆڕەکانی هێزی زەراییدا ئامادە دەبوو.

شا لە وتوویژێکی لەساڵی 1975 رایگەیاند: "ئێمە پەرەمان بە گەورەکردنی هێزەکانمان لە کەنداوی فارس داوە. ئەم هێزەی ئێمە دووجار لە هێزی بریتانیا گەورەترێکە، کە کاتی خۆی بریتانیا لە کەنداودا داینابووا!".

بووجەی زەریایی ئێران وەک بووجەی هێزی وشکانیی ساڵ لە دوای ساڵ هەڵدەکشا. لە ساڵی 1963 دا 5/5 ملیۆن دۆلار، لە ساڵی 1968 دا 55 ملیۆن دۆلار. لە نێوان ساڵەکانی 1973بۆ 1978 پتر لە (1) ملیارد و 200 ملیۆن دۆلار تەرخانکرا بۆ هێزی زەریایی. گۆڤاری بەرگریی نیشتمانیی فەرەنسا لە مانگی رەشەمەی ساڵی 1976 وتارێکی بلاوکردەوە و تێیدا ئاماژەی بە سازکردنی پێگەکانی زەریایی ئێران لە کنارک چاەبهار و لەنگەرگەی عباس کرد و نووسی: دوای چوونە دەرەوەی هێزی زەریایی بریتانیا لە کەنداو، هێزی زەریایی ئێران ئەو بۆشاییەی پڕ کردووەتەوە".

هێزی ئاسمانیی ئێران، پتر لە دوو هێزەکەی دیکە بووجەی بۆ تەرخانکرا. سوپایەکی سەد هەزار کەسی و 460 فڕۆکەی

جۆراوجۆری جەنگی و بارهەڵگر کەوتنە خزمەتی هێزی ئاسمانییەوە. 190 فڕۆکەی F4 و 170 فڕۆکەی بۆمباهاوێژی F5 لەگەڵ 170 فڕۆکەی سووپەر مۆدێرنی F14، (13) فڕۆکەی بۆئینگی 707 و (9) دانە، بۆئینگی 747ی تایبەت بە گەیاندنی سووتەمەنیی، لەگەڵ چەندین فڕۆکەی گەورەی نەفەر و بارهەڵگری C–130 لەگەڵ 150 هەلیکۆپتەر و سەدان راکێتی پێشکەوتووی رایبێر، فۆنیکس، سایندویندر، تایگێر، سێپرۆ، ماوریک، کندر و تامهۆنگ لەلایەن کۆمپانیاکانی نۆرسرۆپ، لاکهید، جەنەراڵ ئەلیکتریک، گرۆنمەن و بێلی سەر بە ئەمریکا و بریتانیا فرۆشران بە ئێران.

حەمەڕەزاشا جگە لە ئەمریکا و بریتانیا، هەروەها لە یەکێتی سۆڤێت و ئەڵمانیا و ئیسرائیلیش تەکنۆلۆژیای جەنگیی کڕیی. لە کاتی سەردانی بۆ بریتانیا لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی 1972 لە کۆنفراسێکی رۆژنامەگەری لە وەرامی رۆژنامەنووسێکدا گوتی:

**"ئێمە بە دوای باشترینەکاندا دەگەڕێین. بۆ وێنە تانکی چێفتێن. ئێمە دوو جۆرە راکێتی (تایگێرکەت" و "سیکەت" مان لە بریتانیا کڕیوە و، ئامانجی ئێستەمان کڕینی راکێتی (رایبێر)" ە.**

جۆرج باڵ، جێگری وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا لە بارەی فرۆشتنی چەک و تێکنۆلۆژی ئەمریکاوە بە ئێران وتبووی: "لە ساڵی 1953 وە، کە شا گەڕێندرایەوە بۆ سەر تەختی پاشایەتیی، هەتاکو ساڵی 1972 بە تەواوەتیی لە ژێر فەرمانی ئێمەدا بوو. ئێمە بە شامان دەگۆت، پێویستی بەو چەکە هەیە،

یان نییەتی! بەڵام لەو ساڵە بەدواوە، واتە لە مانگی جۆنی 1972 دا، ریچارد نیکسۆن سەرکۆماری ئەمریکا، رایگەیاند: شای ئێران، خۆی لیستی پێداویستییەکانی سوپای ئێران دیاریدەکات! ئەوەبوو لافاوی هەناردەی چەکوچۆڵی پێشکەوتووی ئەمریکا بۆ ئێران کەوتەڕێ و لە ماوەیەکی کورتدا، سوپای ئێران چووە ریزی پێشکەوتووترین سوپای وڵاتانی جیهانەوە.

پشتیوانیی ئەمریکا لە شای ئێران و، بڕیاری فرۆشتنی هەموو جۆرە چەکێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو پێی، لە نێو رژێمەکانی دیکتاتۆر و پاشکەوتووی هاوپەیمانی ئەمریکا لە جیهان کەموێنە بوو. ئەمریکا بە هەموو شێوەیەک هەوڵیدەدا کە شا ببێت بە خاوەنی هێزێکی ئازا و تۆکمە و دەستوەشین لە خۆرهەڵاتی ناڤین. ئەم بۆچوونەی ئەمریکا بێگومان لەوەوە دەهات کە ئەمریکا بە تەواوەتیی لەدڵسۆزیی شا دڵنیا بوو، ولاتی ئێرانیش ئەگەرچی زۆرینەی موسڵمانن، بەڵام عەرەب نین و، مەترسیی بۆ سەر بەرژەوەندیی ئەمریکا و ئیسرائیل، لەئێستێ و داهاتوودا کەمترێکە لە گەلی عەرەب و مەلیک و سەرۆکەکانیان. لە ڕووی سیاسەتی داگیرکاریشەوە، ئەمریکا باوەڕی بەو شێوازە کلاسیکە سەربازییە نەمابوو کە وەک رابردوو بە ناردنی سەرباز و چەکوچۆڵ بۆ ئەو سەری زەریاکان و کیشوەرەکان، هێژمۆنی و دەسەڵاتی خۆی بە سەر وڵاتاندا بسەپێنێ. لە شێوازی نوێدا پێویستی بە هێزێکی پەروەردەکراوی خۆجێیی هەبوو کە لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر جۆرە ئاڵۆزی و کێشەیەک لە

نێوچەکە، بتوانێت بە هێزی وابەستەی خۆجێی دایمرکێنێ و بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ و رێ لە پەرەگرتنی جموجۆڵی ئیدۆلۆژیی کۆمۆنیستی و شۆرشی کۆمۆنیستیی لە نێوچەکەدا بگرێت. هەروەک لە مانگی دێسەمبەری 1973، لە سەر داوای **سوڵتان قابووسی عوممان، حەمەڕەزاشا**، هێزێکی چەندین هەزارکەسیی کۆماندۆی نارد بۆ ئەو وڵاتە و دوای دوو ساڵ شەڕ و لێکدان، بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی (زۆفار)، لەلایەن سوپای ئێرانەوە تێکشکێندرا.

شای ئێران کە لە نێوچەکەدا ئەم رۆڵە گرنگە کەوتبووە ئەستۆیەوە دەیویست پێشانیدا لە بەرامبەر دنیای دەرەوەدا سیاسەتێکی سەربەخۆی هەیە و لە گەڵ هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژاڤا، وەکیەک پێوەندی و دانووستانی هەیە. بۆ ئەمەش لەگەڵ **یەکێتیی سۆڤێت** پێوەندی و رێککەوتننامە لە ئاستی نزم و خوارەوە لە سەرەتای شەستەکانەوە دەستپێکردبوو، بەڵام هەردوولایان باوەڕ و متمانەیان بە یەکدیی نەبوو، بۆیە لە گەرمەی **"شەڕی سارد"**دا پێوەندیی نێوان **سۆڤێت** و ئێران **"ئاشتی سارد"** (Cold Peace) بوو. بۆ راگرتنی ئەم ئاشتییە ساردەش، یەکێتیی سۆڤێت فرۆشتنی چەکوچۆڵی لە ساڵی 1966ەوە بۆ ئێران دەسپێکرد و تا ساڵی 1970 سەرجەم 344 ملیۆن دۆلار چەکوکەرستەی جەنگیی بە ئێران فرۆشت. لە ساڵی 1970 سەرجەم 550 ملیۆن دۆلار راکێتی PC و Sam7 و ئۆتۆمۆبیلی سەربازیی بە ئێران فرۆشت. دواجارێک کە یەکێتیی سۆڤێت چەک

و پێداویستیی جەنگیی فرۆشت بە ئێران، مانگی ڕەزبەری ساڵی 1976 بوو کە سپادار (ارتشبد) تۆفانیان سەردانی مۆسکۆی کرد و بایی 550 ملیۆن دۆلار، کامیۆنی تانکهەڵگر و راکێتی دوورهاوێژی Sam 7ی کڕیی.

لە پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل ساڵی 1975 ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان شا و ئیسرائیل واژۆکرا کە ئیسرائیل لە بەرامبەر وەرگرتنی نەوت، لە ناردنی کەل و پەلی شەڕی پارتیزانی و ئەلیکترۆنی و دژەراکێت و ناردنی تێکنێسیەنی فڕۆکە، یارمەتیی ئێران بدات.

سازکردنی سوپای چەند سەتهەزار کەسی و، کۆکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرە فڕۆکە و تانک و چەکوچۆڵە، لەلایەک حەمەڕەزاشای تووشی لەخۆباییبوون و لووتبەرزی و بەرزەفڕیی کرد، لەلایەکی دیکەشەوە، تووشی نەخۆشیی چەککڕینی کرد. کاتێک دەیدیت بووە بە خاوەنی ئەو هەموو چەکوچۆڵە مۆدێرن و جۆراوجۆرە، گەشکە دەیگرت. لە وتووێژ و دیمانەکانیدا خۆی پێهەڵدەکێشا. بۆ نموونە لە ساڵی 1974 دا ئاڕنۆ دۆبرچگۆیۆ سەرنووسەری گۆڤاری Newsweek وتووێژێکی لەگەڵ حەمەڕەزاشا ئەنجامدا و، شای ئێران وەرامی پرسیارەکانی بەمجۆرە دایەوە:

**"ئێمە گەورەترین مشتەریی ئەمریکاین لە کڕینی چەک. 80 فڕۆکەی F14 و 500 هەلیکۆپتەرمان لە ئەمریکا کڕیوە. پێشتر 80 فڕۆکەی فانتۆممان کڕیوە کە هەریەکەیان بایی 2/5 ملیۆن دۆلارن. ئێمە بە تەماین سەدان فڕۆکەی دیکە بکڕین کە نرخی هەریەکەیان 5 ملیۆن دۆلارە. دەمانەوێ ژمارە**

**فڕۆکەکانمان بگەیەنینە 500 دانە. پێویستمان بە 50 دانە فڕۆکەی C-130ی بارهەڵگر هەیە. هەروەها 800 تانکی "چیفتەن" مان لە بریتانیا کڕیوە. ئێمە دەمانەوێت ئاڵوگۆڕ لە 800 تانکی M47 و M60 دا بکەین. پێویستمان بە ئامادەکردنی سوپایەک هەیە کە خاوەنی 1700 تانکی پێشکەوتوو بێت. بەندەر (لەنگەرگە)ی "چابهار" دەکەینە گەورەترین لەنگەرگەی زەریای و سەربازیی لە ئۆقیانووسی هێند. ئێمە هەروەها بۆمبای لێزەر و تلویزیۆنیمان کڕیوە و، زۆر پرۆژەی دیکەمان بە دەستەوەیە و جێبەجێکردنیان هێز و تواناکانمان چەندین بەرامبەر زیاد دەکەن. ئێمە دەبینە خاوەنی پێشکەوتووترین چەکوچۆڵی جەنگیی لە ئاستی جیهاندا و جگە لە چەکی ئەتۆم، هەموو جۆرە چەکێکی دیکە لە ئەمریکا وەردەگرین".**

تەرخانکردنی دەیان ملیارد دۆلار بۆ کڕینی چەکی پێشکەوتوو، سازکردنی سوپای چەندسەتهەزارکەسی و دامەزراندنی دەسگەی سیخوریی "ساواک" و سازکردنی سوپایەکی تایبەتی پاسەوانی شا بە ناوی "گارد جاویدان" بە هاوکاریی هەندازیاران و پسپۆڕانی لەشکریی ئەمریکا، دڵنیاییەکی تەواوی دابوو بە شا، پێیوابوو جگە لەوەی دەوڵەتەکانی جیهان و نێوچەکە حیسابی لەسەر دەکەن، هەروەها لە ئالیی نێوخۆشەوە بۆ هەتاهەتایە مانەوەی دەسەڵاتی خۆی و بنەماڵەکەی لە بەرامبەر نەیارانیدا مسۆگەر کردووە.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی
## قەیرانی ئابووری و سیاسیی لە سەردەمی شادا چیبوون؟!

سەرکوتکردنی بزاڤی مەلاکان و پێڕەوان و لایەنگرانیان و، دوورخستنەوەی خومەینیی بۆ عێراق، کۆتایی بە جموجۆڵ و پەرەسەندنی بیری بنچینەگرانەی ئیسلامیی نەهێنا و، ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ، بیری دژایەتیکردنی شا و حکوومەتەکەی لەنێو چینی ئاینی و تێکڕای ڕۆناکبیران و کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان بە گشتیی تادەهات زیاتر پەرەی دەسەند، چۆنکە دوای کودەتاکەی (28 مرداد 32) کە بە هاوکاریی ئینگلیز و ئەمریکا و مەلاکان و بەشێک لە سوپا، دەوڵەتی دوکتۆر محەممەد موسەدق رووخێندرا و، دوای ئەو شەپۆلی گرتن و، شکەنجە و لەسێدارەدانانەی کە سەتان ڕۆناکبیر و ئازادیخواز لە نێوبران و، ڕێگیرا لەبەردەم چاپەمەنیی ئازاد و بیروڕای ئازاد و ڕادەربڕینی ئازاد، لەوەوە رق و بێزارییەکی زۆر بەرامبەر شا و ڕژێمەکەی و بەرامبەر ئەو زلهێزانەی کە یارمەتیی شایان دەدا لەنێو دڵ و مێشکی کۆمەلانی خەڵک وەک پشکۆی بنخۆڵەمیش مابوونەوە.

حەمەڕەزاشا کە بە هۆی پشتیوانیی ڕۆژاڤاوە ببوو بەخاوەنی سەدانهەزار هێزی چەکدار و هەزاران جۆرە چەکی مۆدێڕنی جەنگی و لە میدیاکانی نێوخۆ و دەرەوە، نێوبانگی خۆی بیستبووەوە، بەڕادەیەک تووشی نەخۆشی بەرزەفڕی و لەخۆباییبوون ببوو کە تەنانەت گوێی بۆ ڕاوێژ و پێشنیازی هیچ وەزیر و کاربەدەستێکی حکوومەتەکەشی ڕانەدەگرت. هەموو

دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و دارایی و لەشکری و یاسایی خستبووە ژێردەستی خۆیەوە. ئازادیی رادەربڕین و، ئازادیی چاپەمەنی و راگەیاندنی بە تەواوەتیی بەربەستکرد. هەموو رۆژنامەکان داخران و تەنیا دوو رۆژنامەی "اطلاعات" و "کیهان" مانەوە، کە ئەوانیش لە ژێر چاودیریی راستەوخۆی "ساواک" دا بوون.

لە میدیای رژێمەوە، نەدەبوو هیچ قسە و نووسینێک بە پێچەوانەی ویستی شا، بڵاوبکرێتەوە. دەبوو هەموو دەنگ و باسێک لەبارەی پێشکەوتنی ولات و خۆشگوزەرانی خەڵکی ئێران بێت کە لەسایی سەری شای شاهانەوە پێکهاتووە. ئەگەر وەزیر و کاربەدەستێک پرۆژەیەکی باشی پێشنیاز بکردایە، دەبوو بە نێوی شاوە بڵاوبکرێتەوە.

سەیر لەوەدابوو، شا سەبارەت بە رۆژنامەکان و میدیای دەرەوەش هەر بەم چەشنە بیری دەکردەوە و، پێیوابوو دەبێ ستایشی بکەن و، بەشان و باڵیدا هەڵبڵێن و، نابێ رەخنە لە سیاسەتەکانی بگرن. کاتێ رۆژنامەی ولاتێکی ئوروپایی وتارێکی رەخنەگرانەی لەبارەی سیاسەتەکانی شاو بڵاو دەکردەوە، ئەسەدۆڵلا عەلەم (7*) وەزیری کۆشک و تەلاری رادەسپارد، تا باڵوێژی وڵاتەکە بانگهێشت بکا و بێزاریی شا و دەوڵەتی ئێرانی پێڕابگەیەنێت و رەخنە لەو دەوڵەتە بگرێت کە رێگەیداوە لە رۆژنامەکەیاندا بەرامبەر شای ئێران شتی خراپ بڵاوبکەنەوە!! بە وتەی ئەسەدۆڵلا عەلەم کاتێک شا ئاگادار دەبوو رۆژنامەیەکی

**ئینگلیزیی، یان وڵاتێکی دیکەی ئۆروپا لەبارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، بابەتێکی نووسیوە، یەکسەر دەیگوت، ئەوە دەولەتی ئینگلیز، یان فیسارە دەوڵەت فێری کردووە. عەلەم دەڵێت: "سەرئێشەی بەردەوامم ئەوە بوو، لەسەر داوای شا هەموو جارێک دەبوو باڵوێژی وڵاتانی ئۆروپا و ئەمریکا بە تایبەتیی ئینگلیز بانگهێشتبکەم و ئاگاداریان بکەمەوە، کە شاهەنشا لە نووسینی فڵانە نووسەر و فیسارە رۆژنامە توورەیە"!.**

**ئەسەدۆڵڵا عەلەم لە کۆپلەیەکی دیکەی بیرەوەرییەکەیدا دەڵێ:**

**هیچیەکێک لە باڵوێژەکانی بەریتانیا لە تاران، نەیانتوانی بۆ جارێکیش بە شای بسەلمێنن، کە لە ولاتی بریتانیادا رۆژنامە و رۆژنامەنووس، سەربەست و سەربەخۆن!.**

هەروەک لە سەرووتر ئاماژەم کردپێی شا لە سیاسەتی ئابووری و داراییشدا پرسی بەکەس نەدەکرد، گاڵتەی بە پێشنیاز و بۆچوونی ئابووریناسان و پسپۆڕانی ئابووریی دەکرد و بە کەسانێکی نەشارەزا و بیرتەسک و ترسنۆک تۆمەتباری دەکردن. هەر لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانی زایینییەوە، سێ پڕۆژەی دەستنیشانکرد بۆ پێشخستنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران، کە بریتیبوون لە: **1- گەشەی خێرای ئابووری 2 - راگرتنی نرخێکی گونجاو و ستاندارد بۆ شتومەک. 3- چاکسازیی ژیانی کۆمەڵگە. ماوەی پێنج ساڵیشی دانا بۆ جێبەجێکردنی قۆناخی یەکەمی سێ پڕۆژەکە. لە ساڵی 1975 شا لە وتووێژی لەگەڵ**

ڕۆژنامەنووسی بەنێوبانگی میسر (محەممەد حەسەنێن هەیکەل) دا گوتی: ئێران دەبێ لە ماوەی (10) ساڵدا بگات بە ئۆرووپا و لە ماوەی (20) ساڵیشدا بگاتە ئەمریکا".

بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی فەرمانیدا هەڵێنجان و هەناردەی نەوت فراوانتر بکرێت، لەوەوە پووڵێکی زۆر هاتە خەزێنەی حکوومەتەکەیەوە و دەسیکرد بە کڕینی لە ڕادەبەدەری کەلوپەلی جەنگی و، هێنانی خواردەمەنی و کەلوپەل و پێداویستییەکانی نێومالّ لە وڵاتانی دەرەوە، ئەویش بە ڕادەیەکی وەها کە ریزی پاپۆڕەکان، بەسەرە دەوەستان و، هێندێکجار بە دوومانگ و سێ مانگ، لە لێوارەکانی کەنداو لەنگەریان دەخست. نەبوونی بەرنامەیەکی ئابووریی گونجاو و نەبوونی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و هەندازیار و کرێکاری پسپۆڕ، پاش چەند ساڵێک زیانی گەورەی لە ژێرخانی ئابووریی ولات گەیاند و ڕێی گەشەسەندنی لێگرت و، نەوت، وەک تاکە سەرچاوەی دارایی و دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێران مایەوە. قەیرانی ئابووری و کێشەی بێکاری و، کێشەی خانووبەرە، چوونە ریزی نەبوونی ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵەوە و، بوونە دیاردەی زەق و بەرچاوی کۆمەڵگەکەوە.

بارودۆخی کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی، لەو سەردەمەدا بەو شێوەیە بوو بەلاّم حەمەڕەزاشا، وای نەدەدیت، چۆنکە ئاگاداری بارودۆخی نێوخۆی وڵاتەکەی نەبوو، ئاگاداری پەرەسەندنی

**ڕێژەی بێکاری و گرانی نەبوو. ڕاستیی ئەم وتەش لە بیرەوەریی ئەسەدوڵڵا عەلەم دا دەردەکەوێ کە دەڵێ:**

**"کەس نەیدەوێرا شا لە چۆنێتیی ڕاستینەی بارودۆخی نێوخۆی ئێران ئاگادار بکات. شا لەخەڵک دابڕابوو نەیدەزانی خەڵک چۆن دەژین و چۆن بیر دەکەنەوە! بە پێچەوانەوە، وایدەزانی توانیویەتی ئێران بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز لەنێو ولاتانی دنیا".**

لێرەدا نووسینی چەند کۆپلەیەک لە بیرەوەریی ڕۆژانەی "ئەسەدوڵڵا عەلەم" ڕۆناکایی زیاتر دەخاتە سەر باسەکەمان:

**ڕۆژی دووشەممە 22/10/1974 هێنری کیسینگەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هاتە کۆشکی نیاوەران بۆ خزمەتی شای پاشاکان. من چەند ساتێک لەلایان مامەوە. پاشان، شای شاکان فەرموویان پێم: "بە وەزیری دەرەوە ڕابگەیەنە، بە تەنێ لەگەڵ کیسینگەر دادەنیشم، پێویست ناکات وەزیری دەرەوە لە کۆبوونەوەکەماندا بەشداربێت!".**

**ئەوجا عەلەم دەڵێ:** ئەز هاتمە دەرەوە تا فەرمانەکە بە وەزیری دەرەوەمان ڕابگەیەنم، بەڵام لە دڵەوە بەزەییم هاتەوە پێیدا. بە خۆمم گوت: دەبێ هەموو کەسێک خۆیی و بیانی، بێدین و دیندار و جوو بیزانن کە ئەم ولاتە تەنیا سەرۆکێکی هەیە و بەس! جا وەزیری دەرەوە بێت، یان کاربەدەستێکی دیکە پێی خۆش بێ، یان پێی ناخۆش بێت، پێی دەشکێ، یان نا، ئەوە کەیفی خۆیەتی!

**ڕۆژی چوارشەممە 6/3/1975 پاشای پاشاکان دەستووریان فەرموو بە وەزارەتی دەرەوە ڕابگەیەنم کە جگە لە خۆم هیچ کاربەدەستێکی ئەو**

وەزارەتخانەیە مافی دەستێوەردانی لە کاروباری دەرەوەی وڵاتدا نییە. هەروەها فەرموویان، براکەی سەرۆکوەزیران (هۆوەیدا) کە نوێنەری ئێمەیە لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، نابێ راپۆرتی خۆی بدات بە سەرۆکوەزیران، تەنانەت بە تەلەفۆنیش نابێ شتێکی بۆ بگێڕێتەوە، بەڵکو پێویستە راستەوخۆ لەگەڵ من پێوەندیی بگرێت...!"

رۆژی چوارشەمە 22/10/1975ی هەتاوی پاشای پاشاکان، رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی پێشاندام و گوتی: نووسیویەتیی: رۆشنبیرانی ئێران خوازیاری گۆڕانکاریی بنەڕەتیین لە کۆمەڵگەی ئێراندا. ئەوجا پاشای پاشاکان بە پێکەنینەوە گوتیان: "نازانم رۆشنبیران چ جۆرە (گوو) یەکن!!.

(رۆژی هەینی 23/1/1976 "شەوی رابردوو لە گەڵ ئەولمەجی مەجیدی سەرۆکی رێکخراوی بەرنامە و بووجەی ئێران دیدارم کرد، چۆنکە دەبوو سەبارەت بە چەند پرۆژەیەک قسەی لەگەڵ بکەم، کە لەلایەن شای پاشاکان گوترابووپێم. مەجیدی لە قسەکانیدا، لە کەمیی بووجە قسەی کردبۆم و گوتی:

"زۆر بەداخەوە بەشی زۆری بووجەی ئێران لە ساڵانی رابردوودا، بەفیڕۆ چووە دراوە بە پڕۆژەی بێکەڵک و لابەلا. ئەوساڵیش (25) میلیارد تمەن کەمیی بووجەمان هەیە. بۆ نموونە، چوار هەزار ترێلی کڕدراوە، بەڵام هێشتا هاژۆر (شۆفێر)مان نییە بۆیان، هەروا داکەوتوون. بووجەی سەرسووڕهێنەر دراوە بۆ کڕینی شەکر و گەنم و خواردەمەنیی دیکە لە دەرەوە، بەڵام من وەک سەرۆکی بەرنامە و بووجەی ولات، ئاگام لە هیچیان نییە. هێندە ئاگام لێیە کە زۆر قەرزداری وڵاتانی دەرەوەین. وابزانم دوو میلیارد دۆلار قەرزدارین...).

ئەوجا با بێینە سەر مجلس (پەرلەمان) کە بەرزترین نێوەندی دەسەڵات و یاسادانانە، بەڵام لە لایەن حەمەڕەزاشاوە کرابوو بە دەسگەیەکی گوێرایەڵ و ملکەچی بڕیار و سیاسەتی شا. ئەندامانی پەرلەمان دەسنیشانکراوی شا و ساواک بوون. شا هەروەها پەرلەمانێکی دیکەشی دامەزراند بە ناوی (مجلس سنا)، کە ئەندامەکانی راستەوخۆ لەلایەن خۆیەوە هەڵدەبژێردران.

حەمەڕەزاشا ساڵی 1971، ساڵژمێری هەتاویی کە لە ئێراندا پێرەودەکرا، گۆڕی بۆ ساڵژمێری ئێرانی و سەرەتای ساڵژمێریی ئێرانی بردەوە سەر دامەزرانی یەکەمین حکوومەتی فارس (کۆرشی هەخامەنشی) و، ئیمپراتۆریی مادەکانی پشتگوێ خست، چۆنکە لە ڕەگەز و بنەچەی کوردانن. پاشان سەرۆکی زۆربەی وڵاتانی جیهانی بانگێشتی ئێران کرد و، لە کۆشکی رووخاوی شاکانی هەخامەنشی (تەخت جەمشید) لە نێزیکی شێراز بۆنە گەورەی سازکرد کە دوو میلیارد دۆلاری تێچوو، ناڕەزایەتییەکی زیاتری لەلایەن خەڵکەوە بە دواوە بوو.

کۆی ئەو هەنگاوانەی شا بە تاقی تەنێ ئەنجامیدەدان، لە لایەک کاربەدەستان و وەزیر و ژنەڕاڵەکانی سوپاکەشی هەستیان دەکرد بێدەسەڵاتن و لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا خاوەن بڕیارنین و، تەنێ جێبەجێکەری بڕیار و فەرموودەی شان، کۆمەلانی خەڵکیش رۆژ لە گەڵ رۆژ بە هۆی پڕۆپاگەندەی بەردەوامی چینی ئاینیی لە مزگەوتەکان و نێوەندە ئاینییەکان، هەروەها بەرەی چەپ و کۆمۆنیستەکانیش لەنێو خوێندکاران و چینی رۆناکبیریی بە

گشتیی هۆکاربوون شا خۆیی و بیانی لەگەڵ نەبێ و بە تەنێ کەشتیوانی ئەو پاپۆڕە بێت لە چەند لاوە کون و کەلەبەری تێکەوتووە و بەرەو باهۆز و تۆفان دەچێت.

لێرەدا بۆچوونە نێو ناخی پشێوی و ئاڵۆزیی هزری سیاسی و کەسایەتیی شا پێمباشە دوو کۆپلە لە بیرەوەریی دایکی شا (تاج الملوک) بخوێنینەوە:

"دەزگەی ساواک" ئەمریکاییەکان دروستیانکرد. ئەمەش بە نهێنیی حەمەڕەزا پێمیگوت. هەروەها گوتی، من دەبێ، ڕێزی خۆم بگرم. کاتێ ئەمریکاییەکان ڕێزم دەگرن و پشتیوانیی دەکەن لێم و، داوای زانیاریم لێدەکەن، منیش دەبێ ویستی ئەوان جێبەجێ بکەم. چۆنکە ئەوان خاوەندەسەڵاتن و کەسیان زۆرە و، بە هاسانی دەتوانن ئەو زانیارییانە دەستبخەن، جا باشتر وایە من خۆم ڕاستەوخۆ زانیارییان پێبدەم. هەر ئەم سەرۆکی "ساواک" ە مان (مەبەست ژنەراڵ نەسیرییە - نووسەر) لەگەڵ جێگرەکەی و بەڕێوەبەرانی دیکەی ساواک و دەسگەکانی دیکە، هەموویان لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا پێوەندییان هەیە و، هەموو زانیارییەکیان پێدەگەیەنن. بۆ شاردنەوەی پێوەندیشیان، دێنەلام و پرسە گورگانەیەکیشم پێدەکەن، دەڵێن: ئەمریکا یان ئینگلیز داوای فڵانە زانیاری دەکەن، ئایا بیاندەینێ، یان نا!!؟ منیش دەڵێم: "بیاندەنێ! لەکاتێکدا دەزانم، پێشتر، زانیارییەکەیان داوەپێیان!".

(ڕۆژێک "محەمەد ڕەزا" م بینی، زۆر زیز و پەشێو بوو. خەم و ماتەم دایگرتبوو. لێی چوومە پێشێ و، گوتم: "ڕۆڵە خەمبار دەتبینم!؟". محەمەد ڕەزا سەری هەڵبڕی و گوتی: "دڵم خۆشە، شای ولات و دەسەڵاتداری وڵاتم!!

ئەمریکاییەکان بێپرس و ئاگاداریی من، فڕۆکەی جەنگیی فانتۆم، لە لەشکرگەی ئێمە هەڵدەگرن و دەیبەن بۆ جەنگی ڤێتنام! منیش ئاگام لێ نییە و، فەرماندەی سوپا باسی ناکا، ساواک ئاگادارم دەکات!!).

## ئامانجی حەمەڕەزاشا، لە پێکهێنانی
## "حزب رستاخیز" (حیزبی ژیانەوە)  چی بوو؟

رۆژی 11/12/1353 (2/3/1975) حزب رستاخیز ملت ایران (حیزبی ژیانەوەی نەتەوەی ئێران) بە فەرمانی حەمەڕەزاشا دامەزرا. پێش دامەزرانی ئەم حیزبە سێ حیزبی کارتۆنی (حزب ایران نوین، حزب مردم، حزب پان ایرانیست) دامەزرابوون بەڵام دوای راگەیاندنی دامەزرانی حیزبی رستاخیز لەلایەن شاوە، ئەم سێ حیزبە هەڵوەشاندنەوەی خۆیان راگەیاند و تێکەڵ بە حیزبی ژیانەوە بوون.

شا لە سەروبەندی سازکردنی حیزبی ژیانەوە، لە پەیامێکیدا گوتی: "بوون بە ئەندام لە حیزبی ژیانەوەدا تەوزیمی (اجباری) یە و هەموو ئێرانییەک کە تەمەنیان لە سەرووی (18) ساڵە، دەبێ ببن بە ئەندام. هەر کەسێک نایەوێ ببێ بە ئەندام، لە ئێران بچێتە دەرەوە، ئەگەر نەڕوات، ئەوا جێی زیندان دەبێت. دەبێ هەموو کەسێک خۆی ساخکاتەوە و، بڕیاری خۆیبدات!". بە دوای ئەم پەیامەی شا، دەولەتیش لە میدیاوە رایگەیاند، ئەو کەسانەی نایانەوێ ببن بە ئەندام، پەساپۆرتان بۆ ئامادە کراوە، بە زووترین کات لە وڵات بچنە دەرەوە.

بە پێی بڕیاری شا، فەرمانبەری هەموو نێوەندەکانی ئابووری و پەروەردە و، کۆمەلایەتی و لەشکری و دانیشتوانی شار و گوندەکان بوون بە ئەندامی حیزبی ژیانەوە. کەسانی ژێر 18 سالیش ناوی ئەندامی وابەستەی حیزبیان لێنرا. بە پێی ئەم

بڕیارە، بێ پرسوراکردن بە خەڵکی شار و گوند، بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە تێکڕای هاووڵاتیانی ئێرانی لە شەو و ڕۆژێکدا بوون بە ئەندامی حیزبی ژیانەوە!

حەمەڕەزاشا، بە لاساییکردنەوە لە سیستەمی وڵاتانی رۆژاڤا، لە پێشدا پشتگیریی لە بوونی چەند حیزبێک لە ئێراندا دەکرد و، ئەو سێ حیزبەی پێکهێنا کە ناومانهێنان، بەڕێوەبردنیشیانی دایە دەستی کەسانی باوەڕپێکراو و گوێڕایەڵی خۆی. پێکهێنانی ئەم حیزبانەش بۆ پێشاندانی روخسارێکی دیمۆکراتییانە بوو بە دنیای دەرەوە. بەڵام دواتر کە هەستی مەزنیخوازی و بەرزەفڕی و لووتبەرزییەکەی گەشەی کرد بە مافی سرۆشتی خۆیدەزانی کە روانگەی سیاسی و بیروباوەڕی خەڵکیش کۆنترۆڵ بکا و، ڕێنەدا بیروباوەڕی دیکە لە وڵاتدا بوونیان هەبێت، ئامرازی گەیشتن بەم بیرۆکەشی لە سازکردنی حیزبێکدا بینییەوە کە لە ژێر چاودێریی راستەوخۆی خۆیدابێ و لەلایەن کەسانی ملکەچ و ئاڵقەلەگوێوە ببرێت بەڕێوە.

شا لەپەرتۆکێکدا بە ناوی "پاسخ بە تاریخ"، (وەرام بە مێژوو)، بیروڕای خۆی بۆ پێکهێنانی حیزبی ژیانەوە بەم شێوەی خوارەوە خستەڕوو:

**"ئێمە لەو باوەڕەداین تێکڕای خەڵکی ئێران دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان کە ئاسایش و بەختەوەریی تاک بە تاکی ئێمە دابیندەکەن، یەکێتییەکی نەتەوەیی پێکبهێنن و هەمووما بە هێڵێکدا بڕۆین کە لە خزمەتی گەشە و پێشکەوتنی نیشتمانەکەماندا بێت. نابێ کار بۆ لاوازکردنی یەکدیی**

بکەین. لە سیستەمی چەندحیزبیدا بە هۆی جیاوازیی بیروڕاوە، پەرتەوازە بوون و ناکۆکیی زۆرن. هەر دەستەیەک کە لە حیزبێکدان، لەگەڵ ئەوانەی دیکەدا لە سەر دەستخستنی دەسەڵات و حکوومەت شەڕ و ئاژاوە سازدەکەن. هەر دەستەیەک دەیەوێت قسەی خۆی بسەلمێنێ لە ئاکامدا ناکۆکیی وڵات دادەگرێت. لە کاتێکدا لە وڵاتی ئێمە، دوای سازکردنی حیزبی ژیانەوە، ئیدی چ باسێک لە شەڕ و ناکۆکیی نییە و نامێنێت".

لێرەدا شا بۆ رەوایەتیدان بە داڕشتنی سیستەمی تاکە سەرۆک و تاکەحیزب لە ئێران، بۆ چەواشەکردنی خەڵک پەنا دەباتە بەر لێکدانەوەی درۆ و چەوت بەرامبەر سیستەمی سیکۆلاری وڵاتانی رۆژاڤا و وەک دیکتاتۆرێک ناڕاستەوخۆ پشتگیریی لە سیستەمی یەکسەرۆک و یەکحیزبی وڵاتانی کۆمۆنیستیی دەکا، هەرچەند لە رووی سیاسی و ئیدۆلۆژیشەوە لە گەڵیان زۆر ناکۆک و ناتەبا بوو.

شا هەروەها لە کاتی دامەزرانی حیزبەکەی، لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەگەریدا گوتی:

"تێکڕای چین و توێژەکانی خەڵکی ئیران، مافی رەوای خۆیانە لە حیزبێکی هاوبەشدا کۆببنەوە و وەکیەک لەخۆپێگەیاندن و گەشە و پێشکەوتندا بەشداربن. ئێمە دەبێ ریزی ئێرانییەکان بە باشی بناسین و، لە یەکدیی جیایان بکەینەوە. ریزی ئەوانەی کە باوەڕیان بە یاسای بنچینەیی وڵات و سیستەمی پاشایەتی و "شۆرشی سپی" هەیە، لەوانە جیا بکەینەوە کە بڕوایان بە یاسا و سیستەمی پاشایەتی و شۆرشی سپی نییە. ئێمە ئەورۆ بناخەی حیزبیکی نوێ دادەڕێژین و، بەجێیە نیوی بنێین "حیزبی ژیانەوەی نەتەوەی ئێران". گەلی

ئێمە دەبێ هۆشیاریی سیاسیی پەیدا بکات، چۆنکە ئێمە ڕێنادەین چ دەستەیەک سەر بە دەرەوەبن و لە دەرەوە رابێن و دوور لە مەرج و یاساکانی سیستەمی پاشایەتیی، سازی و ڕێکخستن دامەزرێنن. لەبەر ئەوە، ئێمە خۆمان شتێک پێکدێنین کە هەموو هێزەکان لە ژێر چەترێکدا ڕێکبخات کە ئێمە پێکمانهێناوە، بۆ ئەوەی بتوانن تێیدا کۆببنەوە و، چالاکیی بکەن".

شا، لەسەرەتاوە سەرۆکوەزیران ئەمیرعەباس هۆوەیدای بۆ ماوەی (20) مانگ کرد بە سەرۆکی حیزبی ژیانەوە دواتر جەمشێد ئاموزگار لە کۆنگرەی دووەمی حیزب کە ڕێکەوتی 6/11/1976 بەسترا، بوو بە سەرۆکی حیزبەکە و فەرەیدوون مەهدەوی وەک جێگری سەرۆک هەڵبژێردرا. سەرۆکایەتیی حیزبی ژیانەوە، هەوڵی زۆریدا بیروباوەڕ و ئامانجی شا لەنێو خەڵکی ئێران بڵاو بکەنەوە بەڵام سەرەڕای بەخشینی بووجە و دامەزرانی هەزاران مووچەخۆر و کردنەوەی هەزاران نووسینگەی گەورە و گچکە لە شار و شارۆچکەکانی ئێران، نەک هەر لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی نەکرالێی، بەڵکوو پاش چەند مانگێک لەنێو سەرۆکایەتیی حیزبی ژیانەوە، لەسەر دەسەلات و پووڵ و کورسی، ناکۆکی و دەستەگەریی سەریهەڵدا و دوای ئەوەی چەند جارێک ئاڵوگۆڕ بە سەرۆک و جێگرەکانی کرا سەرەنجام جەمشێد ئاموزگار لە مانگی رەزبەری ساڵی 1357ی هەتاوی (ئۆکتۆبەری 1978)، لە سەرۆکایەتی کشایەوە و جێگرەکەی (جەواد سەعید) هاتەجێی، لێ ئەمیش لەبەر کێشە و ناکۆکیی دوای پێنج رۆژ وازیهێنا، سێ حەفتە دواتر و لە مانگی گەلاڕێزاندا، حەمەڕەزاشا

**ناچار بوو دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ و شەش مانگ حیزبی ژیانەوەی نەتەوەی ئێران هەڵوەشێنێتەوە.**

**بە هەڵوەشاندنەوەی حیزبی ژیانەوە تێکرای خەڵکی ئیران، وەک چۆن بێئاگاداریی خۆیان و بێ پڕکردنەوەی فۆرمی ئەندامەتی و، بێ خوێندنەوەی پێڕەوپڕۆگرامی حیزب ببوون بە ئەندام، هەرواش بێ پرس و راکردن پێیان، لە ئەندامەتیی حیزب خران!!**

## بارودۆخی ئۆپۆزسیۆن و پێکهاتەی بەرەی دژ بە رژێمی شا، لە نێوخۆ و لە دەرەوەی ئێران، لە چ ئاست و رادەیەکدا بوو؟!

نەیاران و ئۆپۆزسیۆنی دژ بە رژێمی شا بە گشتیی لە دوو تەوەری جیاواز و ئۆپۆزسیۆنی کلاسیک و نوێ پێکهاتبوون:

**1- ئۆپۆزسیۆنی کلاسیک: لە حیزبی توودەی ئێران و بەرەی ناسیۆنالی ئێران (جبهه ملی ایران)، پێکهاتبوون. ئەم دوو لایەنە سیاسییە هەر لە دامەزراندنی رژێمی پەهلەوی لەلایەن رەزاشاوە تا کودەتای دژ بە دەوڵەتی دوکتۆر محەمەد موسەدق لە رۆژی 19/8/1953 بە نەیار و ئۆپۆزسیۆنی گەورە و سەرەکیی رژێم دەناسران.**

**2- بەرەی نوێی ئۆپۆزسیۆن، لە دوای ئەنجامدانی پرۆژەی (شۆرشی سپی) شا و، سەرکوتی بزاڤی ئاینیی لە ساڵی (1964یزاینی) سەریهەڵدا. ئۆپۆزسیۆنی نوی لەنێو خۆیدا لە دوو لایەن و تەوەری بیروباوەڕ و ئیدۆلۆژی جیاواز پێکهاتبوون: 1- ئیسلامیستەکان. 2- کۆمۆنیستەکان.**

**سەرەتا لە دەستەی یەکەم، واتە لە بەرەی چەپی کلاسیکەوە دەسپێدەکەین!**

وەک پێشتریش ئاماژەمکردپێی، لە کاتی ئەنجامدانی کودەتای دژ بە دەوڵەتی موسەدیق، حیزبی توودە لە نەخشەی کودەتا ئاگادار بوو، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، بێهەڵوێستبوو، بێدەنگبوونی هەڵبژارد، بوو بە چاودێری رەوتی رووداوەکان. رژێمیش لە رێگەی سیخور و لایەنگرانییەوە (3) ساڵ دواتر، واتە لە ساڵی 1956ی زاینیی، رێخستنی پانوبەرینی حیزبی توودە لەنێو سوپا و کۆڕوکۆمەڵی جەماوەری و رۆشنبیریدا شناسایی کرد و هەزارانی لیگرتن و راپێچی زیندانەکان کران. دوای ئەوەش

کۆمەڵێک لە بەڕێوەبەران و ئەفسەرانی نێوداری توودە، وەک خوسرەوی روزبە، وارتانی ئەرمەنی، سەرهەنگ سیامەک ( دەڵێن شیعری گۆرانی مرا ببوس (من ماچکە)ی بەر لەسێدارەدانی هۆنیوەتەوە). هەروەها موبەشری و شووشتەری و دەیانی دیکە لەسێدارە دران، کەسانی وەک عەموویی، غەنی بلووریان، شەڵتووکی، پەرویزی حکمەتجوو، سەفەرخانی قارەمانی و، عەزیز یۆسفی و سەدانی دیکە لە سەرکردە و ئەندامان و کادرە ناسراوەکان زیندانی درێژخایەنیان بۆ بڕایەوە. ئەو بەشە لە سەرکردەیەتی و ئەندامانی حیزبی توودە، کە بەر شاڵاوی گرتن نەکەوتن و، توانییان خۆیان بشارنەوە، بەرەو یەکێتیی سۆڤێت و ولاتانی کۆمۆنیستیی رایانکرد. بەوەش لە ئێران دابڕان و، لە دەرەوە نەیاندەتوانی خەبات بۆ زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی رێکخستنی حیزبی توودە بکەن. دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێکیش شا و یەکێتیی سۆڤێت لە پێوەندی سیاسی و دیپلۆماسییاندا لە یەکدی نێزیک بوونەوە و، کۆشکی کرملین و کۆشکی کۆماریی وڵاتانی دیکەی کۆمۆنیستیی پێشوازیی گەرم و گوڕیان لە شا دەکرد. ئەوەش هێندەی دیکە بوو بە هۆی ساردبوونەوەی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی توودە بەرامبەر بیروباوەڕی حیزبەکەیان و بەرامبەر وڵاتی دایک کە یەکێتیی سۆڤێت بوو. پاش ئەو رووداوانە، حیزبی توودە تا دەهات بەرەو لاوازبوون دەچوو. لە شارەکاندا وەک تاک و شانەی چەنکەسی و زۆر نهێنی و بێ ئەنجامدانی چالاکییەک سەرقاڵی ژیانی ئاسایی

بوون. ئەوجا، بەرەی ناسیۆنالّی ئێران (جبهه ملی ایران) کە لە سەردەمی دوکتۆر موسەدیّق گەشە و ناوبانگی زۆر بوو، پاش کوودەتا، هەروەک حیزبی توودە ڕێی چالاکی سیاسیی لێگیرا و، بەربەند کرا، بەڵام شا لە گەڵ بەرەی ناسیۆنالّی ئێران وەک حیزبی توودە مامەلە و هەڵسوکەوتی نەکرد و سزای سووکتر و کەمتری دان. دوکتۆر موسەدق، بە سێ ساڵ زیندان حوکم درا و تا کاتی مردنی لە ساڵی 1967 لە گوندەکەی خۆی (ئەحمەد ئاباد) لە نێزیکی قەزوێن، ژیا و لە ژێر چاودێریی ساواک بوو. هاوڕێیانی دیکەشی زیندانی کورتخایەنیان بۆ بڕایەوە. لەنێو کابینەکەی موسەدق تەنێ دوکتۆر فاتمی لە سێدارە درا.

دوکتۆر فاتمی، وەزیری دەرەوەی دەولەتی موسەدیّق و، سەرنووسەری ڕۆژنامەی "باختر امروز" بوو. فاتمی چ بە نووسین و چ بە ئاخافتن، دژایەتی شا و خۆشکی شا (ئەشرەف) یدەکرد. حەمەڕەزاشای بە کەسایەتییەکی لاواز و بەکرێگیراوی بێگانە نێودەبرد. لەوەوە شا و بنەماڵەکەی زۆر رقیان لە فاتمی بوو. دوابەدوای کودەتا و گەڕانەوەی شا بۆ ئێران، فاتمی گیرا و، لەلایەن شاوە فەرمانی لەسیدارەدانی دەرکرا و لەسێدارە درا.

بەرەی ناسیۆنالّی ئێران، بە پێچەوانەی حیزبی توودە، زووتر و خێراتر ڕێگەی تواندنەوە و پووکانەوەی گرتەبەر، چۆنکە شێوازی ڕێکخستن و خەباتی جەماوەریی بەرەی ناسیۆناڵ، وەک حیزبی توودە نەبوو. زۆرینەی ئەندامەکانی بەرەی ناسیۆنالّی ئێران لە کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و،

چینی خوێندەوار و تێکنۆکرات و دەسڕۆیشتووی شار بوون. بۆ دەسخستنی دەسەلاتی سیاسیش بڕوایان بە خەباتی نهێنی و سازکردنی شانە و ڕێخستنی نهێنیی نەبوو. لە ڕوانگەی ئەم بەرەیەوە، دەبوو ئاڵوگۆڕ لە سەرەوە پێکبێت، نەک لە ڕێگەی شۆرش و راپەڕینی خوێناویی جەماوەرییەوە. لەبەر ئەوە کاتێک بەرنامەی کودەتا دەسپێکرا و لەلایەن چەکدارەکانی لایەنگری حەمەڕەزاشاوە پەلاماردران، نەیانتوانی بەرگریی بکەن و خۆیان دا بە دەستەوە. دواتریش کە حەمەڕەزاشا، دیکتاتۆری و ستەمی کردە پیشە و هیچ چەشنە ئازادییەکی لە وڵاتدا نەهێشت، سەرکردەیەتی و ئەندامانی بەرەی ناسیۆناڵ، جگە لە دەرکردنی چەند راگەیاندراوەیەک لە ژێر ناوی ڕێگەی موسەدیق، ئیدی هیچ جۆرە جموجۆڵێکی سیاسییان لێنەبینرا.

به کورتی، ئەمە بارودۆخی ئۆپۆزسیۆنی کلاسیک بوو. ئیستێ دێمە سەر باسی ئۆپۆزسیۆنی جیلی نوێ!

ساڵانی نێوان 1339–1340ی هەتاوی (1960–1961)، لەلایەک لەسەر داوا و پێشنیازی "جان ئێف کێنێدی" سەرکۆماری ئەمریکا، لەلایەکی دیکەشەوە بە هۆی دڵنیابوونی خۆی لە پاکتاوکردنی نەیارانی نێوخۆیی، شا تارادەیەک لە گوشاری سیاسی و شەوەزەنگ و رەشبگیریی ساواکی کەمکرد، ئەوەش دەرفەتێکی تازەی بۆ ڕۆشنبیران و نەیارانی رژێم رەخساند، تا هەناسەیەکیان وەبەر بێتەوە و زات بدەنەبەر خۆیان، کۆڕ و کۆمەڵەی سیاسی و ڕۆشنبیریی دامەزرێنن. ژمارەیەک لە

ئەندامان و لایەنگرانی "**جبهه ملی ایران**" بە تایبەتیی ئەندامانی کەمتەمەنتریان کە دژی سستی و دەستەوەستانی سەرکردەیەتی و ئەندامانی کۆن بوون، جیابوونەوە لە **ساڵی** 1961 ڕێکخراوێکی ئیسلامی– ڕۆناکبیرییان بە ناوی "**نهضت آزادی ایران**" دامەزراند. لە دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوەیە یەکێکیان **هەندازیار مێهدی بازرگان** بوو دوای ڕووخانی ڕژێمی **حەمەڕەزاشا** بوو بە یەکەمین سەرۆکوەزیرانی **کۆماری ئیسلامیی ئێران**. ڕێکخراوەی "**نهضت**"، پتر لەنێو خوێندکارانی زانستگەکان بە تایبەتیی لە تاران پەرەی سەند، بەڵام نەیتوانی لەنێو چینەکانی دیکەی کۆمەڵدا ڕێکخستن ساز بکات. **ڕێکخراوی نهضت** بە نیشانەی پشتگیریکردن لە **ئایەتۆڵڵا خومەینی** و چینی مەلاکان و ئیسلامیستەکان، دژی **پرۆژەی شۆرشی سپی**، هەڵوێستیگرت و، لە خۆپێشاندانەکانی تاراندا بەشدارییان کرد، چەند دانەیەک ڕاگەیەندراویان لە دژی شا بڵاوکردەوە. بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا هەموویان لەلایەن ساواکەوە گیران و، خرانە زیندانەوە.

لایەنێکی دیکەی ئیسلامیی کە نەیاری سەرسەختی ڕژێمی شا بوون و لە دژایەتیکردنی ڕژیمی شادا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا و، توانییان لەنێو خوێندکاران و تا ڕادەیەکیش لەنێو بازاڕ و بازرگانەکانی تاران ڕێکخستن دامەزرێنن، **سازمان مجاهدین خلق ایران (ڕێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێران)** بوو. دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوەیە بە پێچەوانەی **ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران (لە جێی خۆیدا باسی ئەمیش دەکەم!)**، زۆربەیان

سەر بە چینی ئاینیی شار و گوندەکان بوون. دووکەس لە ئەندامەکانی سەرەکی و دامەزرێنەری رێکخراوەی موجاهدین (محەمەد حەنیفنژاد و سەعید موحسین) پێشتر ئەندامی "نهضت آزادی ایران" بوون و بە هۆی ئەنجامدانی چالاکیی سیاسییەوە گیرابوون و، ماوەیەک لەزیندان مابوونەوە. رێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران هەر لەسەرەتاوە بە بیری ئاینزای شیعەگەرێتییەوە دامەزرا و باوەڕی بە دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامیی-سۆسیالیستیی هەبوو، واتە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی دادپەروەرانە و دوور لە جیاوازیی چینایەتیی. لەبەر ئەوە رژێمی شا بە "مارکسیستی ئیسلامی" ناویدەبردن. روانگە و بۆچوونەکانی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی و مێهدی بازرگان، لەسەر رێکخراوەی موجاهدین کارکردی فرەیان هەبوو.

لە سەرەتای چلەکانی هەتاویدا لە شاری تاران و چوارڕێیانی "لالەزار"، مزگەوتێکی لێبوو بەنێوی (مسجد هدایت)، کە ببوو بە مەکۆ و شوێنی کۆبوونەوەی سیاسەتکار و موسلمانانی نەیاری رژێم. زۆربەی بەیاننامەی سیاسیی دژ بەرژێم لەم مزگەوتەدا بڵاودەبوونەوە. ئایەتوڵڵا تاڵەقانی پێشنوێژ و ئیمامی مزگەوتی هیدایەت بوو. هەروەها چەندین مەلای پایەبەرزی ئاینی و، کەسایەتی سیاسی و ئاینی وەک ئایەتوڵڵا موتەهەری و ئایەتوڵڵا بەهەشتی و دوکتۆر موفەتێح و مێهدی بازرگان و دوکتۆر سەحابی و ... هتد، لەم مزگەوتەدا، گەلێک جار دەچوونە سەر مینبەر و گوتاریان پێشکێشدەکرد. رێبەران و

ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهدینیش بەردەوام هاتوچۆی ئەم مزگەوتەیاندەکرد و، گوێیان لە گوتاری سیاسی و ئاینیی دەگرت. لەبەر ئەوە هەر لەسەرەتاوە، پێوەندییەکی نێزیک – وەک پێوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی، لەنێوان **ئایەتۆڵلا تاڵەقانی** و ئەندامەکانی موجاهدینی گەلی ئێراندا دروستببوو. **ساڵی 1342ی هەتاوی (1963 ی ز)**، لە هێرشێکی پۆلیس و ساواک بۆ سەر **مزگەوتی هیدایەت**، **ئایەتۆڵلا تاڵەقانی** و، زۆربەی ئەو کەسایەتی و خەڵکەی هاتوچووی مزگەوتەکەیان دەکرد، گیران و، لەلایەن دادگەی رژێمی شاوە حوکمی زیندان، یان دوورخستنەوەیان بۆ بڕایەوە. دوای چوار ساڵ **مزگەوتی هیدایەت** داخرا، بەڵام لەو ماوەیەدا لە ڕێگەی کۆبوونەوەکانی نێو مزگەوتەوە سەتان لاوی خوێندکار بە بیروباوەڕی ئاینی و شۆڕشگێرانە و دژ بە سیستەمی رژێمی پاشایەتیی پێگەیشتن.

**ڕێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێران** ئەگەرچی ئایدۆلۆژیی ئیسلامییان هەڵبژاردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، بەرادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی بیری کۆمۆنیستی و خەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی وەک **ڤێتنام و کووبا و چین و فەلەستین** و... هتد دابوون. لای ئەم ڕێکخراوەیە، **ئەمریکا و ئیسرائیل** دوژمنی ژمارە یەک بوون و حەمەڕەزاشاش نوێنەر و ئاڵقەلەگوێی ئیمپریالیزم و، زایۆنیزم بوو.

ناوبانگی لێهاتوویی و خۆشەویستیی ڕێبەرانی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕی جیهان، وەک **هۆشی مینە سەرۆکی ڤێتنام، ماو**

سەرۆکی وڵاتی چین و چەگوارا و لێنین و عەبدولناسر و... هتد، جێی خۆیان لەنێو دڵی هەموو شۆرشگێڕانی چەپ و ئازادیخوازی جیهان و تەنانەت شۆرشگێڕانی موسڵمانی نێو وڵاتە ئیسلامییەکان لەوانە ئێرانیش کردبووەوە. لەبەر ئەوە زۆر ئاسایی بوو کە موجاهدینیش لەو سەردەمەدا تێرۆر و بەربەرەکانێی چەکداریی نێو شار، بکاتە ستراتیژ و بەرنامەی خەباتەکەی. بۆ پێشخستنی خەباتی چەکدارییان و، بە مەبەستی راهێنان و پێگەیاندنی ئەندامەکانیان، دەستەیەکی چەند کەسیی لە ئەندامەکانیان جیاکردەوە کە بەرەو فەلەستین بڕۆن. ئەوە بوو،ساڵی 1969 – 1970ی زاینی، شەش ئەندامی موجاهدین، فڕۆکەیەکی ئێرانیان بەرەو وڵاتی ئۆردەن رفاند و خۆیانگەیاندە فەلەستین و، لەوێ تێکەڵ بە شەڕکەرانی فەلەستین بوون و، پاش تەواوکردنی راهێنان و فێربوونی جەنگی چریکی، بەرەو ئێران گەڕانەوە. شایانی باسە لە ماوەی چەند ساڵێکدا، موجاهدین توانییان بە هەزاران ئەندام لەنێو هەموو توێژەکانی نێوکۆمەڵ بە تایبەتیی لەنێو خوێندکارانی زانستگەکان و دوکاندار و بازرگان و چینی هەژار و قوتابخانەکانی ئایینی و نائاینی، لە دەوری رێکخراوەکەیان کۆبکەنەوە. لەو ساڵانەدا، موجاهدین گەورەترین رێکخراوەی نەیاری رژێم بوو کە لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێدەکرا. دەزگەی "ساواک" و بەڕێوەبەرێتیی پۆلیس، ئاگاداری و زانیاری تەواویان لەبارەی پەرەسەندنی رێز و خۆشەویستیی موجاهدین لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا کۆ

کردبووەوە، بە تەواوەتیی هەستیان بە گەورەی و مەترسیی ئەم ڕێکخراوەیە کردبوو. لەبەر ئەوە نەخشەی دۆزینەوەی تێکڕای ڕێکخستنی موجاهدین داڕێژرا. سیخوڕ و خەوەرچنەکانی ساواک کەوتنەخۆ بۆ دزەکردنە نێو ڕێکخستنی موجاهدین و، سەرەنجام لە مانگی خەرمانانی ساڵی 1972، ساواک توانی بە هۆی کەسێکەوە بە ناوی **"شامورادی دلفانی" کە کوردی کرماشان بوو،** سەروبنی ڕێکخراوەکە دەسنیشانبکا و لە شالاوێکی سەرتاسەریی بۆ سەریان، تێکڕای ئەندامانی سەرکردەیەتی و نێزیک بە هەشتا ئەندام و کادری لێهاتووی مەجاهدین بگرن. بە ماوەیەکی کورت دوای گیرانیان، زۆربەیان گوللەبارانکران. تەنیا کەسێک لە ئەندامانی سەرکردەیەتیی موجاهدین، بەر شاڵاوی ساواک نەکەوت و رایکرد، **ئەحمەد ڕەزایی بوو،** کە ئەویش ساڵێک دواتر لە ئەنجامی پێکدادانێکی چەکدارانە لەگەڵ ساواک و پۆلیسدا کوژرا.

پاشماوەی ئەندامانی خوارەوەی ڕێکخراوەی موجاهدین، سەرلەنوێ ڕێکخراوەکەیان زیندووکردەوە، بەڵام زۆری نەخایاند لە پایزی ساڵی 1976 ساواک و پۆلیس ئەمانیشیان شناسایکرد و، هەموویان گیران و، کەوتنە ژێر شکەنجەی ساواکەوە. وەک دواتر زانرا، گیرانیان بە هۆی ئەندامێکی سەرکردەیەتیی موجاهدین بە نێوی **"وەحید ئەفراختە"**وە بوو کە لە کاتی لێپرسینەوە لەگەڵی، بەرگەی شکەنجەی ساواکی نەگرتبوو، ناوی هاوڕێیانی و شانەنهێنییەکان و، تەنانەت ناوی ئەو مەلا و

ئائەتۆڵلانەشی درکاندبوو کە لەمزگەوتی "هێدایەت" دیبوونی. جارێکی دیکە ئایەتۆڵلا تاڵەقانی و ئایەتۆڵلا مونتەزری و چەندین مەلای دیکەی وەک لاهووتی و هاشمی رەفسەنجانی و... گیرانەوە، هێندێکیان بەرەو زیندان و هێندێکی دیکەشیان بۆ شارە دوورەکان دوورخرانەوە.

رێکخراوی موجاهدین، هەتا دوای هەڵوەشاندنەوەی لەلایەن ساواکەوە، چەندین تەقینەوە و چالاکیی چەکدارییان ئەنجامدا و چەندین ئەندام و کاربەدەستی رژێمیان تێرۆرکرد. هەروەها لە ساڵی 1355ی هەتاوی (1976ی ز)، دوو پسپۆڕی سەربازیی ئەمریکایان لە تاران تیرۆر کرد.

جگە لە رێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران، رێکخراوەیەکی بچووک لەنێو مەلاکان بەنێوی "مؤتلفه اسلامی" لەساڵی 1341 – 1342ی هەتاوی بەملاوە دامەزرا کە ئەمانەش رێگەی تێرۆر و بەربەرەکانێی چەکدارییان گرتەبەر. زۆربەی ئەندامانی سەرەکیی ئەم رێکخراوەیە، لەئەندامان و لایەنگرانی پێشووی "رێکخراوەی فیداییەکانی ئیسلام" پێکهاتبوون. بناخەی بیروباوەڕی رێکخراوەی مؤتلفەی ئیسلامیی – هەروەک فیداییەکانی ئیسلام و موجاهدینی گەلی ئێران، لەسەر رێبازی شیعەگەرێتی و ئیسلامی سیاسیی دامەزرابوو. کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتیی رێکخراوەکە، لیستی ناوی تێکڕای کاربەدەستانی رژێمی شایان نووسیبوو کە بە سەرە و یەکە یەکە تێرۆریان بکەن. لە پێشدا بڕیاری کوشتنی سەرۆکوەزیرانی ئێران حەسەنعەلی مەنسوور یاندا، لە مانگی

ڕێبەندانی ساڵی 1343 (1965ی زاینیی)، تەقەیان کردلێی، کوشتیان بەڵام ئیدی فریای کوشتنی کاربەدەستی دیکە نەکەوتن، چۆنکە دوای تێرۆری حەسەنعەلی مەنسوور، ساواک هەموویانی دۆزییەوە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و شکەنجە کردنیان، بکوژانی سەرۆکوەزیر و ئەندامانی سەرکردەیەتیی شناساییکران. سێ کەس لە سەرکردەکانیان (محەمەد بوخارایی، ڕەزا سەفار هەرەندی و مورتەزا نیکنژاد) لە سێدارەدران و، سەرجەم ئەندامانی دیکەشیان زیندانی درێژخایەن و کورتخایەنیان بۆ بڕایەوە.

**ئەوجا با بێینە سەر جیلی تازەی ئۆپۆزسیۆنی سەر بە بیری کۆمۆنیستیی!**

ئۆپۆزسیۆنی سەر بە بیری کۆمۆنیستی زۆرینەیان لە چینەکانی خوارووی کۆمەڵگە و لە بنەماڵەی ئەندام و لایەنگرانی پێشووی حیزبی توودەی ئێران پێکهاتبوون کە بەهۆی لاوازیوونی ڕێکخراوەی و، هەڵەکانی پێشووی حیزبی توودە، دابڕابوون لێی بیریان لە ڕێکخراوەیەکی تازە و، شێوازێکی تازە لە خەباتی رامیاریی دەکردەوە. یەکەم کەسێک کە توانی ئەو شێوازە نوێیە فرمووڵە بکا و بیخاتە چوارچێوەی تیۆرییەوە، بێژەن جەزەنی بوو. بێژەن جەزەنی، شێوازی خەباتی شۆرشگێڕی بە ناوبانگ چێگوارا و فیدل کاسترۆ سەرۆکی ولاتی کۆبای، بۆ وڵاتی ئێران شیاو و گونجاو زانی. لەنێو ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی ئێراندا، بێژەن جەزەنی، بە داڕێژەری بیری خەباتی چەکداریی دادەنرێت. جەزەنی کە خوێندکاری بەشی فەلسەفە بوو لە زانستگەی تاران،

بۆ پێشخستنی بیروباوەڕ و روانگەی خۆی لەنێو خوێندکاران و، رۆشنبیراندا، پەرتۆکێکی نووسی بە ناوی "جمع بندی مبارزات سی ساله اخیر و تحلیل موقعیت اقتصادی فعلی جامعه" (شرۆڤەی خەباتی سی سالەی رابردوو، لێکدانەوەی بارودۆخی ئابووریی ئێستای کۆمەڵگە).

بێژەن جەزەنی لە پەرتۆکەکەیدا، شەڕی چەکدارانەی وەک بەرزترین شیوازی خەبات دەسنیشانکرد. بەوتەی خۆی بۆ لەنێوبردنی "رژێم بۆرژرا-کمپرادور ایران" (رژێمی سەرمایەداریی وابەستەی ئێران) و بە دەسەڵاتگەیاندنی چینی کرێکار و دامەزراندنی حکوومەتێکی کۆمۆنیستیی، پێویستە پەناببرێتە بەر شەڕی چەکداریی. بیروباوەڕی بێژەن جەزەنی لەنێو رۆشنبیرانی چەپ و خوێندکارانی زانستگەکاندا زۆر زوو پەرەیسەند. ساڵی 1968ی زاینی، بە هۆی هاوکاریکردنی یەکێک لە هاوڕێیانی جەزەنی لەگەڵ ساواک، بێژەن جەزەنی و ئەندامانی کۆمەڵەکەی گیران و خرانە زیندانەوە، پاش ماوەیەک بیژەن جەزەنی لەگەڵ چەندین کەس لە هاوڕێیانی لە پیلانێکی ساواکدا درانە بەر دەسترێژی گوللە و کوژران.

دوای کوژرانی جەزەنی، دوو کەس لە هاوڕێیانی (حەمید ئەشرەف و سەفایی فەراهانی) توانییان لە دەستی ساواک رابکەن و، پاشماوەی هاوڕێیان و لایەنگرانی جەزەنی لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، بڕیار دەدەن بزووتنەوەیەکی شۆرشگێڕی و، شەڕی پارتیزانی لە دژی رژێم دەسپێبکەن. ئەوە بوو لە مانگی

ڕێبەندانی 1349ی هەتاویی (1970)، هەڵیانکوتایە سەر پێگەیەکی ژاندارمری لە باکووری ئێران بە ناوی سیاهکل، پاش کوشتنی پاسەوانەکانی نێو پێگەکە دەسدەگرن بە سەر چەک و تەقەمەنیی نێو پێگەکە. حەمەڕەزاشا، فەرمانیدا بە زووترین کات بیاندۆزنەوە و لەنێویان بەرن. بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی بڕیارەکەی براکەی خۆی (شاپوور غولامڕەزا)ی ناردە نێوچەکەوە. لە شەو و ڕۆژێکدا هەزاران چەکداری رژێم گەمارۆی نێوچەکەیاندا و، بە یارمەتیی دانیشتووانی شارەدێی سیاهکەل و گوندەکانی دەوروبەری، هەموویانیان دۆزینەوە کە لە نۆ کەس پێکهاتبوون. لە ئەنجامی شەڕ و تەقەدا دووکەسیان لێکوژرا و، حەوت کەسەکەی دیکەشیان بە دیل گیران و بۆ گرتووخانەی "ئێڤین" لە تاران بەڕێکران. دوای شکەنجەدان و دارکاریکردنی بێبەزەییانەیان، ئەوجا لەگەڵ شەش شۆرشگێڕی دیکە کە ئەوانیش پێشتر لە شارەکانی دیکەی ئێراندا گیرابوون، هەموویان پێکەوە گوللەباران کران.

دوای لەنێوبردنی ئەم دەستە شۆرشگێڕە، ژنەڕاڵەکانی سوپا و شارەوانی و سەرۆکایەتیی دەزگەی پاراستن (ساواک)، لە ڕێگەی میدیا و راگەیاندنەکانی رژێمەوە رایانگەیاند: خراپەکاری و تێرۆریزم لە ئێران بە تەواوەتیی شکستیهێنا و بنبڕ کرا!. بەڵام ئەمە دوور بوو لە راستییەوە، چۆنکە ساڵی 1972 چەندین کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەکەی بێژەن جەزەنی، لەوانە حەمید ئەشرەف، ئەحمەدزادە و پەرویز پوویان لە

کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا لە تاران، ڕێکخراوەیەکی کۆمۆنیستییان دامەزراند و، ناویان لێنا **"سازمان چریکهای فدایی خلق ایران"**. ئەوجا لە پێداچوونەوە و لێکدانەوەی تازەیان لەبارەی بارودۆخی سیاسی و چۆنێتیی دەسنیشانکردنی بەربەرەکانێکردنی ڕژێم، شێوازی تیرۆر و شەری پارتیزانیی نێو شاریان جێنشینی شێوازی خەباتی پێشوو کرد. بۆ بە درۆخستنەوەی پرۆپاگەندەی ڕژێم، هەر لەو ساڵەدا، هێرشیانکردە سەر بنکەیەکی پۆلیس لە **تاران** لە گەڕەکی **(قلهک)** چەندین پاسەوانیان بریندار کرد و، چەک و چۆڵی نێو بنکەکەشیان لەگەڵ خۆیان برد. ساڵێک دواتر و لە مانگی گوڵانی 1973، **"ژنەراڵ فرسیۆ – سەرۆکی دادپرسیی سوپای ئێران"**یان لە پێش خانووەکەی دایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوشتیان. ئەو دوو ڕووداوە لە رووی سیاسییەوە گورزێکی قورس و کاریگەری لە رژێمی شا و **ساواک** وەشاند. **ساواک** و پۆلیسی شا کەوتنەخۆ و هەزاران سیخوڕیان لە نێو تاراندا بڵاوکردەوە و دوای هەوڵێکی زۆر حەشارگەی **پەرویز پوویان (مێشک و تیۆرسیەنی ڕێکخراوەکە)** دۆزرایەوە و دوای چەندین سەعات تەقەکردن سەرەنجام **پەرویز پوویان** کوژرا.

ڕێکخراوەی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران لە ماوەی دوو ساڵێکدا توانییان لە چەندین شاری گەورەی **ئێران** وەک **تاران، ئەسفەهان، تەوریز، مەشهەد** و **شیراز** شانەی نهێنیی دامەزرێنن. بەڵام گیرانی پەیتاپەیتای ئەندامانی سەرکردەیەتی و کاردەکانیان لە شەڕ و پێکدادانەکاندا، ئاستی خەبات و چالاکیی ئەم

ڕێکخراوەیەی بە تەواوەتیی لاواز کردبوو. ساڵی 1971 برایانی ئەحمەدزادە و مفتاحی چوارکەس بوون گیران و گوللەبارانکران. بەم شێوەیە، دەستەی سەرۆکایەتیی ڕێکخراوەی فداییەکانی ئێران، جگە لە حەمید ئەشرەف، هەموویان تێدا چوون ...

بە کورتی، ساواک و پۆلیسی شا لە ساڵی 1355 بۆ 1356ی هەتاوی، (1977 – 1976ی ز)، توانییان هەردوو ڕێکخراوەی چریکەکانی فیدایی و موجاهدینی گەلی ئێران و ڕێکخستنەکانی تایبەت بە مەلاکان تێکبدەن و لەنێویانبەرن. لەنێو زیندانەکاندا، هەزاران گیراوی سیاسیی، کە زۆربەیان ئەندامی چریکەکانی فیدایی و موجاهدین بوون، لەنێو خۆیاندا تووشی ناهومێدی و سەرلێشێواوی و دابڕان و ناکۆکیی هاتن. لەئاکامدا چوار ڕێبازی جیاواز لەنێو موجاهدین سەریانهەڵدا و لە ساڵی 1977 لقێکی لێ جیابووەوە بە ناوی سازمان پیکار در راه آزادی طبقه کارگر (ڕێکخراوی تێکۆشین لە پێناو ئازادیی چینی کرێکار)، کە بە تەواوەتیی ڕێبازی چەپ و هێڵی مارکسیست–لێنینیستی گرتەبەر. ڕێکخراوی چریکی فیداییش هەروەک موجاهدینی بەسەرهات، بوو بە چەندین لق و پارچەی ناتەبا و دژ بەیەکەوە.

پێش ئەوەی ئەم کەرتبوون و ناکۆکییانە لەنێو گیراوانی سیاسیدا سەرهەڵبدەن، تێکرایان بەراست و چەپ و موسڵمان و دیمۆکراتەوە لەنێو خۆیاندا یەکگرتوو بوون، بێجیاوازی و بە یەکدەنگ داخوازییان بەرەوڕووی کاربەدەستانی نێو زیندانەکان دەکردەوە، بێگوێدانە بیروباوەڕی یەکدیی، شۆرا و کۆمیتەی

**هاوبەشیان لەنیو خۆیاندا هەڵدەبژارد، بەڵام کاتێک ناکۆکی و چەندبەرەکیی کەوتە نێویانەوە ئیدی یەکگرتووی و یەکڕیزییان تێکچوو، ئەوەش دەرفەتی لە باری بۆ مەلاکانی زیندانی و بۆ کەسایەتییەکی بە ناوبانگی ئاینیی وەک ئایەتۆڵلا تاڵەقانی رەخساند، تا سوود لە بارودۆخەکە وەرگرن ریزی موسڵمانەکان لە ریزی کۆمۆنیستەکان دابڕێنن و لە دەوری تەیاری مەلاکان کۆیان بکەنەوە و پەرە بە دابڕانی زیاتری نێوان گیراوانی موسڵمان و کۆمۆنیست بدەن...**

## تووشبوونی حەمەڕەزاشا بە نەخۆشیی "شێرپەنجە"
## و روانگەی هاوپەیمانەکانی!
## (رژێمی پەهلەویی بەرەو رووخانی یەکجارەکیی هەنگاودەنێت!)

**حەمەڕەزاشا**، لە نیوەی ساڵی 1969ی زاینیی، لە سەردانێکی بۆ **فەرەنسا**، بەرێگەی پزیشکەکانییەوە ئاگادار بوو کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە. لەلایەن شا و بنەماڵە و دەست و پێوەندەکانییەوە، بڕیاردرا هەواڵەکە بە نهێنیی بمێنێتەوە، بەلام دوای ماوەیەک، هەواڵەکە لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی دیپلۆماسیی بلاوبووەوە. دەولەتی ئەمریکا لە ساڵی 1970 ئاگاداری نەخۆشییەکەی شا بوون. نەخۆشیی شا ساڵ دوای ساڵ، پتر کاریدەکردە سەر جەستە و رەوانی. بە وتەی **چارلز کۆگان** ئەفسەری پێشووی **"سیا"**، قەیرانی ئێران لەو سەردەمەوە سەریهەڵدا کە هەواڵی تووشبوونی شا بە شێرپەنجە لە لایەن فەرەنساوە راگەیەندرا. دیپلۆماتێکی دیکە **(دەیڤید لانگ)** لەو کات و رۆژانەدا، لە بەشی زانیاری و پاراستنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاریدەکرد، دەڵێ: **"نەخۆشینی شا پێویستی بە تێڕامانی هورد و کوور دەکرد. ئایا دەبوو دەست لەسەر دەست دابنێین و چاوەڕانی ئەوە بین شا لەنێو نووسینگەکەیدا بمرێ!؟ راستییەکەی ئێمە دەمانزانی شا نەخۆشە بەڵام بێدەنگبووین! لە کاتێکدا دەبوو رێگە چارەیەکی گونجاومان رەچاو بکردایە!"**.

**ساڵی 1976 جیمی کارتر، نوێنەری حیزبی دیمۆکرات بوو بە** سەرکۆماری **ئەمریکا** و دەسبەجێ رایگەیاند: **سەردەمی دیکتاتۆری**

و داگیرکاری و پێشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە جیهان، بەسەر چووە و دەبێ پێشی لێبگیرێت!. لە ساڵی 1977، جیمی کارتر دیدارێکی لەگەڵ حەمەڕەزاشا ئەنجامدا و، داوای کردلێی پەرە بە مافی مرۆڤ و دیمۆکراسی لە ئێران بدا و، گوشاری کەمتر بخاتە سەر چینی مەلاکان! شا، بەڵێنی بە جیمی کارتر دا کە پێشنیاز و داخوازییەکانی جێبەجێدەکات. دوای ئەو دیدارەی شا و جیمی کارتر، هەروەها "سایرۆس وێنس" وەزیری دەرەوەی دەولەتی جیمی کارتر، لە مانگی گوڵانی 1977 دا، چوو بۆ دیداری شا و، جارێکی دیکە پێشنیاز و داخوازیی دەوڵەتی ئەمریکا لەبارەی پێویستیی ئەنجامدانی ریفۆرم لە ئێران، بەگوێی شادا دایەوە!

دەوڵەتی ئەمریکا لە ڕێگەی (CIA) و چاودێرانی سیاسی خۆی لە ئێران ئاگاداری پەرەسەندنی شەپۆلی نارەزایەتیی کۆمەلانی خەڵک بەرامبەر رژێمی شا بوون، هەستیان بە مەترسی کردبوو. لەبەر ئەوە بە دوای جێگرەوە و ئەلتەرناتیڤدا دەگەڕان تا لە ئەگەری سەرهەڵدانی پشێوی لە ئێران و رووخانی رژێمی شا بناخەی حکوومەتی داهاتوو دابڕێژن، جیڤان کۆڵ مامۆستای زانستگەی میشیگان دەڵێ: هەر لە ساڵی 1976وە ئەمریکا لە ڕێگەی باڵوێژخانەکەیەوە، پێوەندیی لە گەڵ ئەندامانی کۆنی بەرەی ناسیۆناڵی ئێران و ئایەتوڵڵاکاندا دەگرت، زۆرجار سەردانی باڵوێژخانەیان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمریکا لەو باوەڕەدا نەبوو نارەزایەتیی مەلاکان بتوانێت کۆسپ و کێشە بۆ سەر دەسەلاتی حەمەڕەزاشا دروسبکات. دیپلۆماتێکی دیکەی

ئەمریکایی (چارلز ناس) لە سالآنی 1974 – 1978 سەرۆکی دەستەی کاروباری ئێران بوو، دەڵێ: "لێکۆڵینەوەکانی کۆمیتەی ئاسایشی رێکخراوی "سیا" لە بارەی ئێران، ناڕاست بوون. لە هەموو راپۆرتەکاندا ئاماژە بە مەلاکان کرابوو کە ناتوانن هیچ مەترسییەک بۆ سەر شا دروست بکەن، دڵنیابوون کە شا بە هاسانی و بێ کێشە، دەساڵی داهاتووش لەگەڵ خەڵکەکەی دەژی".

لەنێو وڵاتانی رۆژاڤا، یەکەم وڵاتێک هەستیپێکرد رژێمی شا بەرەو رووخان دەچێت دەوڵەتی بریتانیا بوو، کە ئەویش بە هۆی مێژوویەکی نێزیک بە 150 ساڵی لەگەڵ رژێمەکان و کۆمەڵگەکەی ئێراندا بووی خوێندنەوەی تەواوی لەبارەی پەرەسەندنی بێزاری و لاوازیی سیستەمی پاشایەتیی هەبوو. ئەوجا دەوڵەتی ئیسرائیل دووساڵ بەر لە رووخانی رژێمی شا، دڵنیابوون کە تەمەنی حکوومەتی پەهلەوی بەسەر چووە. ئەمەش لە وتە و راپۆرتی "لابرانی" باڵوێژی پێشووی ئیسرائیل لە تاران دەردەکەوێت، کە لە دیداری لەگەڵ "هێڵمز" باڵوێژی ئەمریکا لە تاران، لە ساڵی 1976 و لەگەڵ سناتۆری ئەمریکایی (پێرچێت) باس لە خراپی بارودۆخی ئێران دەکا و دەڵێ: "ئێمە پێماننناوەتە سەردەمی دوای رژێمی شاوە، دەبێت خۆمانی بۆ ئامادە بکەین!".

لای دەوڵەتی ئەمریکا ئاشکرابوو کە بە نەمانی رژێمی شا، ئەمریکا لە نێوچەکەدا هاوپەیمانێکی گەورە لەدەست دەدا و بە

رادەیەکی زۆریش، زیان لە بەرژەوەندیی ئەمریکا لە ئێران و، لە نێوچەکە دەدرێت هەروەک دواتر گەیاندی. بەلای ئەمریکاوە رێگە چارەی دەرباز بوون لەو قەیرانە سیاسییە ئەوە بوو شا ناچار بکەن رێ لە بەردەم کرانەوەی دیمۆکراسیدا بکاتەوە و بە هێنانە کایەی کەشێکی نوێی دیمۆکراسی ئۆپۆزسیۆن بتوانێت لە دەسەڵاتدا بەشدار بێ، پەنا نەباتە بەر هاندانی جەماوەر بۆ راپەڕین و، شەڕ و توندوتیژیی. هەموو جارێکیش لە دیدارەکانیان لەگەڵ شا داوایان دەکردلێی کە چاکسازیی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتدا بکات، بەڵام شا وەک هەموو دیکتاتۆرێک پێشنیازی دڵسۆزانەی کەسانی نێزیک و هاوپەیمانی خۆی، بە پیلان و فێڵلێکردن بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی لە قەلەم دەدا، بڕوای بە رێفۆرم و گۆڕانکاری و دابەشکردنی دەسەڵات و، پرس و راوێژکردن نەبوو. سەرزارەکیی بەڵێنی بە کاربەدەستانی ئەمریکا دەدا، بەڵام تێیدامابوو لەچ رێگە و بە چ شێوازێک رێفۆرم و گۆڕان بکات کە دەسەلاتەکەی وەک خۆی بمێنێت!؟ پاش دیدارەکەی سایرۆس وێنس و شا، لە هەموو ئێران قاو بڵاوبووەوە دەوڵەتی واشنتۆن فەرمانیداوە بە شا، تا ڕێ لە بەردەم ئازادیی راگەیاندن و بیروڕا دەربڕین بکاتەوە.

سەرەنجام حەمەڕەزاشا ساڵی 1976 لەژێر گوشاری دەوڵەتی ئەمریکا هێندێک لە گوشار و زۆروزەنگی کەمکردەوە، رۆژی 16ی مانگی گەلاوێژی 1356ی هەتاوی (7/8/1977)، سەرۆکوەزیر ئەمیر عەباس هۆوەیدای پاش 13 ساڵ لە سەرۆکوەزیرانی لابرا

و جەمشید ئاموزگار لە جێی دانرا، کە ئەمیش هەر گوێڕایەڵ و دەسنیشانکراوی شا خۆی بوو. لە ڕۆژی 31/12/1977 لە کاتی سەردانی سەرکۆماری ئەمریکا جیمی کارتر بۆ تاران، خۆپێشاندانێکی گەورە لەلایەن خوێندکارانی زانستگەی تارانەوە بەڕێوە چوون کە لە میدیای دەرەوە دەنگیدایەوە. سەرۆکوەزیران جەمشید ئاموزگار نەیتوانی هیچ بەرنامەیەکی چاکسازیی ئەنجامبدا، چۆنکە بڕیاری هەر گۆڕان و چاکسازییەک دەبوو لە شاوە وەربگرێت. شا بۆخۆشی بەرنامەیەکی ڕۆشن و ئامادە کراوی بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرم نەبوو، هەر ئەوەش تووشی سەرلێشێواوی کرد و کۆنترۆڵی حکوومەتەکەی لە دەستدەرهێنا. لەسەر داوای کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان شا ڕێگەیدا نوێنەرانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ بچنە نێو بەندیخانەکان و لە نێزیکەوە لەگەڵ گیراوانی سیاسی بدوێن و لە گیر و گرۆیان ئاگاداربن. هەروەها بە چاودێریی ساواک ڕێگە درا ڕۆژنامەکان ناڕەزایەتی خەڵک و کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئازادیی سیاسی و ڕۆژنامەگەریی بە شێوازێک بنووسن کە زیانی بۆ پەز نەبێ، لێ ئەو بارودۆخە تازەیە بوو بە دەسپێکی دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتیی بە شێوازی ئاشکراتر لە جاران.

بە خوێندنەوەی ئەو دیدار و پێشنیاز و داخوازییانەی دەوڵەتی ئەمریکا لە شایان دەکرد، دڵنیا دەبین پڕۆپاگەندەی لایەنگرانی ڕژێمی پاشایەتی و شاپەرستەکان دوای چل و چەند ساڵێک لە دژی جیمی کارتر دەیکەن، ناڕاستە کە دەڵێن: "ڕژێمی شا

نەدەڕووخا، دژایەتیی جیمی کارتر بوو بە هۆی ڕووخانی!" ئەمە وانییە و لە ڕاستیدا وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، جیمی کارتر و دەوڵەتی ئەمریکا دژی شای ئێران و ڕژێمی پاشایەتیی نەبوون. دەوڵەتی ئەمریکا سەرکوتکردنی ئاشکرا و گوللەبارانی نەیاران و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ڕژێمی شایان بە زیانەزانی بۆ سەر حکوومەتەکەی، دڵنیابوون کە بەردەوامکردنی دیکتاتۆری و ڕێگرتن لە ئازادی و دیمۆکراسی لە لایەن شا و ڕژێمەکەیەوە نەک هەر نایپارێزێ، بەڵکو بەرژەوەندیی ئەوانیش لە ئێران دەخاتە مەترسییەوە!

هێژای گۆتنە لە ساڵانی دیکتاتۆری و شەوەزەنگی حەمەڕەزاشا زانستگەکانی ئێران بە گشتی و زانستگەی تاران بە تایبەتیی نێوەندی چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیری بوون. خۆپێشاندانی خوێندکار و، گرتن و بەندکردن و شکەنجەدانیان لەلایەن پۆلیس و ساواکەوە ببوو بە دیاردەیەکی ئاسای و بەردەوام. دوای هەڵبژاردنی جیمی کارتر بۆ سەرکۆمارێتیی ئەمریکا و، لێدوانی ئاشکرای لە میدیای ولاتەکەی لەبارەی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، خۆپێشاندانی خوێندکاران لە ئێران تین و گوڕی زێتر بوو، هاوکات نەیارانی ڕەنگاوڕەنگی ڕژێم کە لە ساڵانی دیکتاتۆریی حەمەڕەزاشا هەڵاتبوون، یان لەنێو زیندان بوون، یان لە ترسا بێدەنگییان هەڵبژاردبوو، هیوایەکیان وەبەرهاتەوە و، سەر لە نوێ چالاکیی سیاسیی لە مێشکیاندا چەکەرەی کرد. ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەی

مۆئتلفەی ئیسلامی و موسڵمانەکانی نەیاری رژێم، بە تایبەتیی ئەو مەلا و فەقێ و خوێندکارە موسڵمانانەی کە هاتووچۆی نەجەف و کەربەلا و شارە پیرۆزرکانی شیعەیان دەکرد لە عێراق لە گەڵ ئایەتوڵلا خومەینیی پێوەندییان هەبوو، یان لایەنگری بوون، لە سەرەتاوە چەند نامیلکەی خومەینییان هێنا بۆ ئێران و لە قوتابخانە ئاینییەکان چاپیانکرد و لەنێو لایەنگرانی ئیسلامی و کەسانی باوەڕپێکراویان بلاویانکردەوە. دەسگەی ساواک، ئەم چالاکییانەی بیستەوە و، کەوتە پەل و پۆ شوێنی بلاوکردنی نامیلکەکان و ناوی ئەو کەسانە بزانێ کە بڵاویانکردووەتەوە. هەروەها رژێم بڕیاریدا لە ڕێگەی میدیا و راگەیاندنەوە کەسایەتیی خومەینیی لەنێو جەماوەردا بشکێنێ. رۆژی یەکشەمە 18/9/1356ی هەتاوی (8/1/1978) لە رۆژنامەی (اطلاعات) وتارێک بە ناوی (ئێران و کۆنەپەرستیی سۆر و رەش) بڵاوکرایەوە و نووسەری وتارەکە (ئەحمەد رەشیدی موتڵەق) هێرشیکردە سەر بیروباوەڕی چەوت و کۆنەپەرستانەی خومەینیی. رۆژێک دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکە سەتان کەس لە شاری قۆم بە هاندان و بەشداریی راستەوخۆی مەلاکان خۆپێشاندان کرا و داوای گرتنی نووسەری وتارەکە و داخستنی رۆژنامەکەیان کرد. هێزەکانی پۆلیس و سوپا، هێرشیان کردە سەریان، ژمارەیەک گیران و بڵاوەیان بە خەڵکەکە کرد. (دواتر زانرا نووسەری وتارەکە حەمەڕەزاشا بووە، بە ناوی خواستەمەنییەوە ئەو وتارەی نووسیوە!). مانگێک دواتر لە

ڕۆژی 18/2/1978ی زاینی ژمارەیەکی زۆر مەلا و فەقێ و خەلکی ئاسای و بازاڕی شاری قۆم، ڕژانە سەر جادەکان و داوای ئازادکردنی گیراوانی سیاسی و دروشمی ئیسلامییان بەرز کردەوە بەڵام ئەوجارەیان هێزەکانی ڕژێم دەسیانلێکردنەوە، ژمارەیەک کوژران و دەیانکەسیش بریندار و دەسبەسەر کران. ئەم ڕووداوە لە ئاستی نێوخۆی وڵات و لە ئاستی دەرەوەش دەنگیدایەوە. لە چلەی کوژراوانی قۆم لە ڕۆژی (30)ی ڕێبەندانی ساڵی 1356ی هەتاوی (1978ی ز) لە شاری تەورێز لە ئازەربایجان خەڵکێکی زۆر ڕژانە سەر جادە کە ئەمیش هەر بە هاندان و دەسپێشخەریی مەلاکان بوو. چەندین بانک و بینای دەوڵەتی و سینەما و چەندین دووکانی مەیفرۆشی وێرانکران و، ئاگریان تێبەردرا.

لە شەوی ڕووداوەکەدا، شا لەسەر تەلەفزیۆن قسەی کرد و وێڕای سەرکۆنەکردن و هەڕەشەکردن لە خۆپێشاندەرانی تەورێز، گوتی: (مانگ تیشک دەهاوێژێ و، سەگیش پێی دەوەڕێت...!).

لە چلەی کوژراوانی شاری تەورێز لە ڕۆژی 12/19 /1356ی هەتاوی، لە تاران و یەزد و مەشهەد و شیراز، خۆپێشاندان بەڕیوەچوون. بەرە بەرە خۆپێشاندان و مانگرتن وەک ئاگر و پووش هەموو شارەکانی ئێرانی تەنییەوە. میدیای دەرەوە، بە تایبەتی ڕادیۆی BBC بەشی فارسییەکەی هەموو ڕۆژێک هەواڵی ڕووداوەکان و مانگرتن و خۆپێشاندانی شارەکان و، نێوەندەکانی خوێندکاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیی، بە هوردی بڵاودەکردەوە. لەبەر ئەوە لە سەرتاسەری ئێرانەوە گوێی لێدەگیرا. ڕادوێی

BBC، رۆڵێکی گەورەی لە ڕێخستنی خۆپیشاندانەکاندا هەبوو، چۆنکە، کاتێک لە شارەکان خەڵک گوێیان لێدەگرت، ئاگاداری وتە و پەیامی تازەی ئایەتوڵڵا خومەینی و دەنگ و باسەکان و خۆپیشاندان و هەواڵی ژمارەی کوژراو و بریندارانی شارەکانی دیکە دەبوون، ئەوجا لە مزگەوت و گۆڕەپانی شارەکان کۆدەبوونەوە و، ڕێپێوان ڕێدەخرا و، شاڵاو بۆ سەر بانک و داو و دەسگەی حکوومەت دەسپێدەکرا. ڕۆژی 5ی خەرمانانی ساڵی 1357 ی هەتاویی، (27/8/1978) جەمشید ئاموزگار بە فەرمانی شا لابرا و شەریف ئیمامی لە جێی دانرا، بەڵام خۆپیشاندان بڕانەوەی بۆ نەبوو. مانگی خەرمانان، ڕژێم لە تاران و شارە گەورەکان، ڕێبەندی هاتوچۆ (منع التجول) ی دانا. خەڵک بێگویدانە بڕیاری سوپا، ڕژانە نێو شەقامەکانەوە و، لە "گۆڕەپانی ژاڵە" لە تاران، لەرۆژی 17ی خەرمانان، لە ئاکامی تەقەو دەسڕێژی گوللەی پۆلیس و سەرباز دەیان کەس کوژران و برینداربوون.

ڕۆژی 12ی ڕەزبەر، دەوڵەتی عێراق لەسەر داوای حەمەڕەزاشا، خومەینیی لە عێراق کردە دەرەوە و خومەینی بەرەو فەرەنسا ڕۆی.

حەمەڕەزاشا کاتێک بەتەواوەتیی ئاگاداری بارودۆخی سامناکی دەسەڵات و چارەنووسی ڕژێمەکەی بوو لەرۆژی 15ی گەڵاڕێزانی 1357ی هەتاویی، هاتە سەر تەلەفزیۆن و، داوای لێبوردنی لە خەڵک کرد و گوتی: "پەیامی ئێوەم بیست!"، ئەوجا بەڵێنیدا

**چاکسازی و ریفۆرم ئەنجامدەدات. بەڵام خەڵک بە وێنەی لافاوێکی پان و بەرین و ئەرخەوانەسوور ئاسای لێهاتبوو، گێڕانەوەی بۆ شوێنی خۆی ئەستەم بوو. پەیامی شا بە نیشانەی لاوازیی رژێم درایە قەڵەم و خەڵکێکی زیاتر رژانە سەر جادەکان. زۆری نەخایاند، مانگرتنی کرێکارانی پاڵاوگە و چاڵە نەوتەکانی ئێران دەسپێکرد، بەوەش رژێم بەرەورووی مەترسیی گەورەتر بووەوە.**

**شا، سوپای خستەکار و لە رۆژی 15/8/1357ی هەتاوی بەرامبەر بە (6/11/1978) دەوڵەتێکی تازەی بە سەرۆکایەتیی ژنەراڵ غوڵامڕەزا ئەزهاری پێکهێنا، ئەوجا لە تەلەفزیۆن و میدیاوە دەسکرا بە هەڕەشەکردن لە خەڵک، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو و چوارسووچی دەسەلات و حکوومەتەکە لە گرێژەنە دەر چووبوو. کۆمەڵانی خەڵک، بێگوێدانە هەڕەشەی دەوڵەت و سوپا، شەو و ڕۆژ لە جادە و گۆڕەپانی شارەکان بوون. پاش چەند مانگێک هێرش بۆ سەر نێوەندەکانی لەشکری و کۆمەڵایەتی دەسپێکرا. کاتێک حەمەڕەزاشا لە کارکردی دەولەتی سەربازییش ناهومێد بوو، ئەوجا وەک دوا ڕێگەچارە، ڕێیدا بە ئەندامیکی کۆنی بەرەی ناسیۆناڵی ئێران (جبهه ملی ایران) بە ناوی شاپوور بەختیار (8) کە دەولەتێکی تازە لە لایەنگرانی دیمۆکراسی و سیکۆلار دامەزرێنێ، لێ شا ئەو هەنگاوەشی درەنگ هەڵگرت، چۆنکە ئایەتوڵڵا خومەینیی لە ڕێگەی مەلاکان و پێرەوانییەوە توانیبووی لە ماوەی چەند مانگێکدا ڕێبەرێتیی بزاڤی جەماوەریی**

بخاتە ژێردەسیيەوە. شاپوور بەختیار نەک هەر نەيتوانی بە وتە و گفت و بەڵێن بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی پێش بە شەپۆلی خومەينیزم بگرێت کە لە ماوەيەکی کەمدا بە مليۆنان لايەنگر و دەروێشی خۆبەخشی پەيدا کردبوو بەڵکوو لە رووی سياسيشەوە زيانی لە خۆيدا و جەماوەری راپەڕيو، پێوەندی و هاوکاريی هەرکەسێکيان لەگەڵ شا بە نيشانەی خيانەتکردن لە ئامانجەکانی گەل دەدايە قەڵەم. هەر ئەوەش بوو هێشتا دەوڵەتی دانەمەزراندبوو لە هەموو ئێرانەوە درۆشمی شاپور بەختيار نوکر بی اختيار (شاپوور بەختيار بەردەستی بێدەسەلات) بەرز بووەوە. خۆپێشاندانەکان لە هەموو ئێران گەيشتنە ئاستێک کە مليۆنان ئێرانی لە هەموو رەگەز و نەتەوە و چينە جياوازەکان شانبەشانی يەک بەشدارييان دەکرد. خەڵک جگە لە ڕووخانی رژێمی پاشايەتيی بيری لە درۆشم و داخوازيی ديکە نەدەکردەوە، بۆيە هيچ هێزيک نەيدەتوانی پێش لە ڕووخانی رژێم بگرێت. لە هەموو شارەکان تەقە و لێکدان بۆ سەر بنکەکانی پۆليس و ساواک دەسپێکرا. جگە لە سووتاندنی بانکەکان هەروەها سينەما، مەيخانە و مەيفرۆشييەکانيش دەسووتێندران، ديارە لەمەدا مەلاکان هانی خەڵکياندەدا، بير و هزری خەڵک بۆ دژايەتيکردن لە گەڵ ئەوی پێياندەگۆت (ناشرعی) و (حرام) رابێنن و لە دوا ڕۆژدا بۆ ئەنجامی پڕۆژەی سياسيی گەورەتر بە کاريان بێنن.

سوپای ئێران کە حەمەڕەزاشا زۆر دڵنیابوو لێی، پێیوابوو بە ئاماژە و چاوداگرتنێک، نەک هەر خەڵکی رەش و ڕووتی نارازیی سەرجادە و شەقامەکان لە شەو و ڕۆژێکدا دەمکوت دەکات، بەڵکوو ئامادەیە هەموو رۆژهەڵاتی ناڤینیشی بۆ داگیر بکات، کەچی جگە لە دوو لەشکری تایبەتی پاشایەتی **گارد جاویدان** و هێزی سەربازگەی **باخیشا** لە **تاران**، لە هەموو **ئێران** سوپا لە کێشەی نێوان رژێم و خەڵک بێلایەن مایەوە و، لە کوشتن و بڕینی خەڵک دەستی پاراست و لە سەدان شار و شارۆچکە هەزاران سەرباز و گرووبان و ئەفسەر بۆ پێشاندانی دەربڕینی هاودەنگییان لەگەڵ خەڵک بە چەکی دەسیانەوە، یان بێ چەک، تێکەڵ بە زەریای کۆمەڵانی راپەڕیو بوون.

**رۆژی**26/10/1357 (16/1/1979)، **حەمەڕەزاشا** بڕیاریدا لە ئێران نەمێنێ لەگەڵ شاژن و منداڵەکانی بە چاوی پڕ لە ئەسرینەوە لەنێو گریان و پەژارە و شینی کۆمەڵێک لە ژنەراڵ و دەسوپێوەندی لە فڕۆکەخانەی **مێهرئاباد** لە **ئێران** چووە دەرەوە چاوەڕێبوو وڵاتێکی کۆنەهاوپەیمانی پێشوازیی بکا لی هیچ دەوڵەتێک وەرینەدەگرت. رۆژنامەی **"نیۆیۆرک تایمز" شای بە هاووڵاتییەکی هۆڵەندی شوبهاند کە لەنێو تۆفاندا بۆ دۆزینەوەی لێوارێک دەگەڕێت!"**.

**ژنەڕال ئەزهاری** وەک سەرۆکی **شورای سلطنت** (دەستەی **نوێنەرێتیی پاشایەتیی**) کە رۆژی 27/10/1978 دامەزرابوو لە نەبوونی شا لە ئێران وڵات و حکوومەت ببابەڕێوە، لە بەرامبەر

تەوژمی ملیۆنان خۆپێشاندەر لە سەرتاسەری ئێران خۆی پێڕانەگیرا و بێدەسەلات مایەوە، ئەوی لە ژنەڕال و وەزیر و کاربەدەستان توانییان بە پەلەپڕووزە رایانکرد و خۆیانگەیاندە دەرەوەی وڵات، بەشیکی دیکەش خۆیان شاردەوە، کۆمەڵێک لە ژنەڕاڵ و وەزیر و کاربەدەستان و هەروەها سەرۆکوەزیران ئەمیر عەباس هۆوەیدا گیران و لەلایەن دادگەی شۆرشی ئیسلامییەوە گوللەباران کران. سەرەنجام رێکەوتی 22/11/1357 بەرامبەر بە (11/2/1979) رژێمی پاشایەتیی بە یەکجارەکیی رووخا و، جێژن وخۆشی و شادمانی هەموو ئێرانی گرتەوە.

دەولەتی ئەمریکا ریگەیدا بۆ ماوەیەکی کەم شا بچێتە ولاتەکەیەوە چۆنکە نەخۆشیی شێرپەنجەی شا هەموو لەشی داگرتبوو، لە نەخۆشخانەیەکی ئەیالەتی تێگزاس خرایە ژێر چاودێریی پزشکییەوە بەڵام لە بەر هەڕەشە و گوڕەشەی رژێمی ئیسلامیی ئێران لە ئەمریکا و داوای تەسلیمکردنەوەی شا بە ئێران، ئەمریکا شای نارد بۆ وڵاتی پاناما. دەوڵەتی پاناماش زۆریرانەگرت، ماوەیەک لە وڵاتی مەکزیک مایەوە سەرنجام بەرەو وڵاتی میسر چوو. شا ئیدی ئێرانی نەدییەوە، لە تەمەنی 61 ساڵی رێکەوتی 27/7/1980 لە شاری قاهیرە کۆچیدواییکرد و لە مزگەوتی "رفاعی" لە وڵاتی میسر ناشتیان.

شای ئێران کە سالانێکی زۆر خزمەتی گەورەی بەرژەوەندیی رۆژاڤا بە تایبەتی ئەمریکای کردبوو، چاوەروانبوو بە گەرمیی پێشوازیبکرێ و، وەک وەفایەک بۆ دڵسۆزییەکانی، یارمەتیبدەن

بگەڕێتەوە سەر تەختی پاشایەتیی، بەڵام لەنێو سەرۆکەکانی جیهان ئەوە تەنێ ئەنوەر سادات سەرکۆماری پێشووی میسر بوو کە پەنایدا و ئامێزی بۆ کردەوە چۆنکە حەمەڕەزاشا لە سەردەمی دەسەڵاتیدا یارمەتی دارایی بە میسر کردبوو.

## بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان
## لە دواسالی تەمەنی رژێمی حەمەڕەزاشا!

مانگەکانی کۆتایی تەمەنی رژێمی پاشایەتیی بوو بە دەسپێکی کەشێکی ئازادی سیاسیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و لە هەردوو پارێزگەی ورمێ و سنە بە تایبەتیی. چەند حیزبێکی ئێرانی و کوردی وەک حیزبی توودەی ئێران، رێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێران، رێکخراوی چریکی فیدایی گەلی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان، هەروەها حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران پاش سالانێکی زۆر توانی بە ئاشکرا بێتەوە نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و، بە هۆی پێشینەی مێژوویی سیاسی و نەتەوەیی رابردووی بە خێرایی لە هەموو شار و مەڵبەندێکی کوردستان گەشەی کرد و بوو بە حیزبی سەرەکیی رۆژهەڵاتی کوردستان.

خۆپیشاندانی شارەکانی کوردستان پارێزگەی سنە و پارێزگەی ورمێ سەرەتا لەلایەن خوێندکاران و رۆشنبیرانی هێڵی چەپ بە درۆشمی نان، کار، ئازادیی، ئازادکردنی زیندانیی سیاسیی دەسپێکران. ستانەکانی ئیلام و لۆڕستان و کرماشان تا دەگاتە لۆڕستان، کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی سەر بە ئاینزای شیعەن هەر لە سەرەتاوە مەلاکانی شیعە مزگەوتەکانیان کرد بە نێوەندی کۆبوونەوە و رێکخستنی خۆپیشاندان و زەقکردن و بەرزکردنەوەی درۆشمی ئیسلامیی.

له ستانه‌كانی سنه و ورمێ، مزگه‌وته‌كان كرابوون به‌ نێوه‌ندی كۆبوونه‌وه‌ و ئاڵوگۆڕی بیروڕای سیاسیی. ڕۆشنبیرانی چه‌پ و دیمۆكرات ریزی خۆیان و ته‌نانه‌ت مزگه‌وتی خۆشیان له‌ ئیسلامیسته‌كان جیا كرده‌وه‌. مامۆستایانی سه‌ر به‌ ئاینزای سوننه‌ و لایه‌نگرانی ئیسلامی سیاسیی له‌ كوردستان كه‌ دژایه‌تیی شایانده‌كرد و به‌ره‌به‌ره‌ تێكه‌ڵاوی خۆپیشاندانی شاره‌كانی كوردستان بوون، هێندێكیان لایه‌نگری **مامۆستا شێخ عێزه‌دین حسێنی** بوون كه‌ له‌ شاری **مه‌هاباد** ده‌ژیا، هێندێكی دیكه‌ش لایه‌نگری كه‌سایه‌تییه‌كی ئاینیی خه‌ڵكی شاری **سنه** بوون به‌ ناوی **ئه‌حمه‌و موفتیزاده‌**.

**شێخ عێزه‌دین حوسێنی** (9*) مامۆستای ئاینیی بوو، هاوكات مرۆڤێكی دیمۆكرات و ئازادیخواز و نیشتمانپه‌روه‌ر بوو. له‌ خۆپیشاندانی شاره‌كان دژی رژێمی پاشایه‌تیی، هه‌روه‌ها دوای دامه‌زرانی كۆماری ئیسلامیی له‌ په‌یام و وته‌كانیدا باسی یه‌كێتی و یه‌كڕیزیی كوردی ده‌كرد به‌ هه‌موو پێكهاته‌كانییه‌وه‌. له‌ نێوان كوردێكی موسڵمانی خه‌باتكار و كوردێكی كۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ جیاوازیی نه‌ده‌كرد. له‌به‌ر ئه‌م روانگه‌ و هه‌ڵوێسته‌ زانایانه‌ی له‌ ماوه‌یه‌كی كه‌مدا بوو به‌ خۆشه‌ویستی ڕۆشنبیران و كۆمۆنیست و دیمۆكرات و جه‌ماوه‌ری خوازیاری ئازادیی له‌ كوردستان.

**ئه‌حمه‌د موفتیزاده‌** (10*) له‌ شاری **سنه** ده‌ژیا، هه‌ر له‌ سه‌رده‌می رژێمی **حه‌مه‌ڕه‌زاشا** پێوه‌ندیی نێزیكی له‌گه‌ڵ ژماره‌یه‌ك له‌ ئایه‌تۆڵڵا و مه‌لاكانی شیعه‌ی نه‌یاری شادا هه‌بوو. له‌گه‌ڵ

پەرەسەندنی نارەزایەتیی گەلانی ئێران لە دژی رژێمی پاشایەتیی پێوەندیی نێوان موفتیزادە و مەلاشیعەکان پتەوتر و فراوانتر بوو، چەندین مەلا و **ئایەتوڵڵای شیعە** هاتنە کوردستان بۆ لای **ئەحمەد موفتیزادە** پێکەوە پلانیان دارشت رووی داخوازیی خەڵکی کوردستانیش وەک هەرێم و نێوچەکانی ئێران بۆ لای داخوازیی ئاینی و بیروباوەری ئیسلامیی بەرن. **ئایەتوڵڵا** سەفدەری بۆ شاری سنە و، **ئایەتوڵڵا** جەننەتی بۆ شارەکانی سەقز و بانە دەسنیشانکران.

**ئەحمەد موفتیزادە** بە وەرگرتنی رێنوێنی لە مەلاشیعەکان دوو بنکەی سیاسی و چەکداریی لە نێوچە سوننەکانی کوردستان دامەزراند و، ناوی مکتب قورئان و کۆمیتەی شۆرشی ئیسلامیی لێنان، نوێنەرەکانی دەسنیشانکراوی **ئایەتوڵڵا** خومەینیی (**ئایەتوڵڵا** سەفدەری و **ئایەتوڵڵا** جەننەتی) چوون بۆ لای و لەرێگەی پشتگیریی موفتیزادەوە بە شارەکانی سونەنشینی کوردستاندا دەگەران، قسەیان بۆ خەڵکدەکرد، داوایان لە خەڵک دەکرد وەک شوێنەکانی دیکەی ئێران لە ژێر چەتر و سێبەری رێبەرێتیی **ئایەتوڵڵا** خومەینیی کۆببنەوە. **ئەحمەد موفتیزادە** دەستی بە جەولە کرد، لە شار و هەرێمەکانی بۆکان، سەقز، کرماشان، مەهاباد، بانە، مەریوان و کامیاران و قورووە چەندسەت مامۆستا و فەقێ و دەرەبەگ و کۆمەڵێک چەکدار لە دەوری کۆ بوونەوە، شاری سنە بوو بە نێوەند و چەقی چالاکیی سیاسی و ئاینیی موفتیزادە و پێرەوانی. لەلایەن ئایەتوڵڵاکانەوە

بووجەی تایبەت بۆ خۆی و پێڕەوانی و بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییان بڕایەوە و ئەو بووجەیە ڕاستەوخۆ لە نێوەندی ئاینیی قۆم دەنێردرا بۆیان و لە لایەن ئەحمەد موفتیزادەوە بە سەر پێڕەوانی و چەکداری بنکەکانی کۆمیتەی ئیسلامی و مکتب قورئان بڵاو دەکرایەوە.

بەشێک لە ڕۆشنبیرانی کوردی سەر بە هێڵی چەپ (مارکسیست-لینینیست) لە شارەکانی سەر بە هەردوو پاریزگەی سنە و ورمێ نێوەندێکیان بە ناوی جمعیت دفاع از آزادی زحمتکشان (کۆمەڵەی پارێزگاریکردن لە ئازادیی زەحمەتکێشان) دامەزراند. دامەزرێنەری ئەم نێوەندە فەرهەنگی سیاسییە فواد مستەفا سوڵتانی (11*) و ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوون کە هێشتا ناوی ڕێکخراوەکەیان ئاشکرا نەکردبوو.

لەگەڵ نەمانی دەسەڵاتی ڕژێمی پاشایەتیی بەرەی سەر بە ئەحمەو موفتیزادە و بەرەی چەپ لە پارێزگەی سنە تێدەکۆشین کار و باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان بەرنبەڕێوە. لە بەر ئەوە لە چەند شارێکی کوردستان بە تایبەتی لە سنە، سەقز، مەریوان و دیواندەرە دژایەتیی نێوان ئەم دوو بەرەیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە هەڵکشاندا بوو. مەلاشێعەکانی قۆم و تاران لە سەروبەندی ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی و لە مانگەکانی سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئەحمەد موفتیزادەیان وەک نوێنەری پاوەڕپێکراوی خۆیان و بنکەکانی چەکداری و سیاسی سەر بە

موفتیزادەیان بە بوونی سیاسی و چەکداریی خۆیان لە قەلەمدەدا و پشتگیرییان لێدەکرد.

**فواد مستەفا سوڵتانی** هەر لە زیندانی سنە توانا و کەسایەتی خۆی وەک سەرکردەیەک پێشاندابوو لە سەرپەرشتیکردنی مانگرتنی بەندکراوانی زندانی سنە رۆلی کاریگەریی گێڕابوو. لە مانگی گەلاوێژی ساڵی 1979 لە گەڵ هاوڕێیانی بەندکراوی لە زیندان ئازاد کرا. لە ماوەی نیزیک بە دوومانگ لە مەریوان، سنە، سەقز و دیواندەرە **یەکێتیی جۆتیاران**ی سازکرد و هێزێکی چەکداری لێ پێکبهێنان و لە دژی بەگزادە و فیودالەکانی کوردستان رێکیخستن. لە نێوچەکانی دیواندەرە و سەقز شەڕ و لێکدانی هەلە و نابەجێ لە نێوانیاندا هەلگیرسا لە دێڕەکانی خوارەوە دەچینە سەری!

**کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان** رێکخراوێکی تازەدامەزراوی کوردستانی بوو لەلایەن کەسایەتییەکەی نەتەوەیی بە ناوی مەلا سەید رەشید حسێنی (12*) لە سەروبەندی رووخانی رژێمی پاشایەتیی لە شاری سەقز دامەزرا. دەیان خوێندکار و رۆشیبیری نێوچە جیاجیاکانی کوردستانی لێ کۆبووەوە و قورسای و چەقی چالاکی و خەباتی لە شاری سەقز بوو.

**حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!**

**حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران** کۆنترین و بەناوبانگترین حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان، دوای رووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدکرانی پێشەوا قازی و ژمارەیەک لە کاربەدەست و

وەزیرەکانی کۆمار کە لە ساڵی 1947 دا ڕوویدا تا کاتی دەسپێکردنی خۆپێشاندانی گەلانی ئێران لە دژی رژێمی حەمە ڕەزاشا، ساڵانێکی دوور و درێژی لەنێو شەوەزەنگ و تیرۆر و دیکتاتۆریی زەقی پەهلەویدا تێپەڕ کردبوو. بە هۆی هێرشی ساواک و سوپا بۆ سەر ئەندامان و ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەی حیزب، زەبرێکی کاری و گەورەی لێدرابوو. لە نێوخۆی وڵات، ڕێکخستن و شانە نهێنییەکانی لەدەستدابوو. زۆربەی ئەندامانی لێهاتوو و نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی کە لە باشووری کوردستان دەژیان، لەلایەن سەرۆکایەتیی شۆرشی ئەیلوول تەسلیم بە ئێران کرابوون یان تێرۆر کرابوون, یان دوورخرابوونەوە. بەشێکی دیکەش لە کادر و پێشمەرگەیان لە سەردەمی شۆرشی ئەیلوول و دوای هەرەسهێنانی شۆرش دەسیان لە هەموو شوێنێک دابڕابوو، بە ناچاری خۆیان تەسلیم بە رژێمی شا کردبوو، وازیان لە چالاکیی سیاسی و حیزبیی هێنابوو، سەرقاڵی کار و ژیانی ئاسایی خۆیانبوون. هێندێکی دیکەش لە سەرکردەیەتی و کادرەکانی لە ئورووپا دەژیان، یان لە بەغدا دانیشتبوون و چاوەڕوانی قەزا و قەدەریان دەکرد. لە بەر ئەوە لە کاتی پەرەسەندنی خۆپێشاندانی گەلانی ئێران پەرتەوازە بوون، هاوکات کاریگەریی ترس و سام و دیکتاتۆریی رژێمی حەمەڕەزاشا بە رادەیەک لە سەریان مابوو خۆپێشاندانی سەرتاسەریی کۆمەڵانی خەڵک لە دژی رژێمی شایان بە رووداو و هەڵچوونێکی کاتیی تەماشا دەکرد و لەو باوەڕەدا بوون رژێمی

شا بە رادەیەک بە هێز و خاوەندەسەڵاتە، خۆپێشاندانەکان بە هاسانی سەرکوتدەکا، وەک ساڵانی پێشوو دەسدەکات بە گرتن وکوشتن و لەسێدارەدان.

بە کورتی راپەڕینی گەلانی ئێران سەرتاسەری شار و نێوەندەکانی ئابووری و پیشەیی و کۆمەڵایەتیی داگرتبوو، لێ سەرکردەیەتیی حیزب لە دوورەوە، لە ڕێگەی رادیۆ و رۆژنامە و راگەیاندنەکانەوە، چاودێریی رەوتی رووداوەکانی دەکرد.

لەمبارەوە عەبدوڵلا حەسەنزادە سکرتیری پێشووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە پەرتۆکی "نیوسەدە تێکۆشان" لاپەڕە (109) دا ئاوای نووسیوە:

(ئەوەی راست بێ تەنیا کەس کە بەبێ قەید و شەرت ئامادە بوو بگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و کاری حیزبی بکا خوالێخۆشبوو سید رسوول دهقان (سەید رەسووڵ بابی گەورە) بوو. ئەو هەر لە بەهاری 1357 دا بە تاقی تەنیا گەڕایەوە کورستانی ئێران و بۆ ماوەی زیاتر لە دوومانگ لە ناوچەکانی مەهاباد و نەغەدە و پیرانشار لەنێو خەڵکدا کاری کرد. هاوڕێیانی دیکە دوو بەش بوون. بەشێک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوون کە بەڕاستی زۆر بەکەمی خۆیان لە کاری عەمەلی دەدا. بە جۆرێک کە هەتا ئاخر و ئۆخری پاییزی 1357، (دێسەمبەری 1978) نەگەڕانەوە کوردستان. بە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حەوتوویەک لەنێوخۆی ولاتدا نەببوون...).

گیروگرۆی دیکەی حیزبی دێمۆکرات ئەوە بوو هەر لە دوای رووخانی کۆماری کوردستان، تا سەردەمی شۆرشی ئەیلوول و پاش هەرەسهێنانی شۆرش و تا کاتی رووخانی رژێمی

حەمەڕەزاشا، لە باشووری کوردستان، لە ئۆرووپا و لە گەڕەکی "کەڕادە"ی شاری بەغدا دەژیان، لە بری ئەوەی بە روانگەیەکی نەتەوەییەوە یەکێتی و تەبایی نێوان خۆیان پارێزن و، تێبکۆشن بۆ پێگەیاندنی خۆیان و ئەندامانیان، رێکخستن و پێگەی جەماوەریی حیزبی دێمۆکرات لە رۆژهەڵاتی کوردستان ببووژێننەوە، بۆ ئەوەی لە ئەگەری سەرهەڵدانی بارودۆخێکی تازەی سیاسیی، بە لێوەشاوەیی و ئەزموونێکی زیاتر لە رابردوو، کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵات بگرنەدەست، کەچی کێشەی نێوان باڵەکانی مەلایی و جەلالی و لایەنگیری لە حیزبی توودەی ئێرانیان کردبوو بە کێشە و سەرقاڵیی سیاسیی بۆ خۆیان. ساڵانێکی زۆریان بە ناکۆکی نێوخۆی و دژایەتیکردنی یەکدیی تێپەڕ کردبوو. لە بەر ئەوە کاتێک رژێمی حەمەڕەزاشا لەنێو چوو سەرکردەیەتیی حیزب بە سەر بارودۆخێکدا کەوت کە بە هیچ شێوەیەک خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو.

سەرکردەیەتیی حیزب لە کۆبوونەوەیەکیدا کە لە شاری بەغدا گرتی بڕیاریدا کۆمیتەیەکی تازە پێکبهێنێ لەو کەسانەی ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ نێوخۆی وڵات. ئەم کۆمیتەیەش ناویاننا "کۆمیتەی زاگرۆس". بەڵام دوای گەڕانەوەی ئەم کۆمیتەیەش بۆ نێو شارەکان، لەبەر لێکدانەوەی هەڵەی سەرۆکایەتیی حیزب لە بارەی بارودۆخی سیاسیی رژێمی شا و ئێران بە گشتیی، بڕیار دەدات لە رۆژهەڵات بە نهێنیی خەباتی سیاسی بکات!

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەم پێوەندییەدا پتر ڕۆناکایی دەخاتە سەر ئەم بابەتە و، لەلاپەڕەی (122)ی "نیوسەدە تێکۆشان" دا دەڵێت:

(کاتێک بۆ ڕۆژی 2ی ڕێبەندانی 1357 لە مەهاباد خەڵکمان بۆ ڕێپێوان و کۆبوونەوە لە مزگەوتی سوور بانگهێشتن کردبوو، شەوی دووی ڕێبەندان پێشنیارم کرد، کە بەیانی بچم لە مزگەوتی سوور بە ناوی خۆم قسە بۆ خەڵک بکەم، کەچی بەو بیانووەوە کە "زاگرۆس" بڕیاریداوە ئێمە بە نهێنی بژین، دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ویش دا کاک غەنی موافەقیان لەسەر نەکرد. ڕووداوەکان ئەوەندە خێرا دەچوونە پێش کە ئێمە پێیان ڕانەدەگەیشتین. بەتایبەتی کە هەم ماوەیەکی زۆر بوو لە وڵات دوور بووین و هەم بە هێندێ بڕیاری وشک دەست و باڵمان بەسترابوو. بۆیە زۆرم نەگوتوە ئەگەر بڵێم وەختێک ڕژێمی شا ڕووخا لەڕاستی دا بەسەرمان دا ڕووخا، چونکە لە هیچ بارێکەوە خۆمان بۆ ئامادە نەکرابوو کادری پێویستیشمان بۆ وەڵامدانەوەی ئەرکەکانی ئەو قۆناخە بۆ پەروەردە نەکرابو کە هیچ، هەر نەشمان بوو...).

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پاش پتر لە (30) ساڵ خەباتی نهێنیی، مانگی ڕەشەمەی ساڵی 1357 (2/3/1979) لە شاری مەهاباد میتینگی گەورەی گرت. دوکتۆر ئەوڕەحمان قاسملوو لە بەرامبەر جەماوەرێکی دەیانهەزار کەسیدا گوتی: **لەمڕۆوە، خەباتی ئاشکرای سیاسی و یاسایی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەسپێدەکات!**

پەرەگرتنی خۆپێشاندانی شارەکانی پارێزگەی سنە و ورمێ لە دژی ڕژێمی پاشایەتیی، سەرەتایەکیش بوو بۆ چەکەرەکردنی

ناکۆکیی ئیدۆلۆژی و حیزبایەتیی لە کوردستان. بە هۆی نزمبوونی ئاستی هۆشیاری سیاسی لاوان و خەڵک بە گشتی، زۆربەی ئەو درۆشمانەی لەنێو کۆڵان و شەقامەکان کەتبوونە سەرزارانەوە چ پێوەندییەکیان بە پرس و ئامانجی نەتەوەییی کوردەوە نەبوو. رۆژ، رۆژی هوتافکێشان و هەڵچوون و دەمارگرژیی بوو لەسەر بیروباوەڕی ناقۆڵا و چەوت. درۆشمی کۆمۆنیستی و راست و چەپ و سووپەرچەپ و درۆشمی ئیسلامیی دەگەیشتنە ئاسمان، ئالای زەرد و سۆر و کەسک و داس و چەکوچنیشان و، شەبەقی سووری ئەنوەر خۆجەی وڵات رەبەنی ئاڵبانی دەشەکانەوە، لێ ئاڵای کوردستان و درۆشمی نەتەوەیی ناوی لە کوولەکەی تەڕیشدا نەبوو. لە ڕێگەی ئەندامان و لایەنگرانی سەر بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و بە هاندانی دۆستانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک کاک سەلاح موهتەدی گەلێک درۆشم دەکەوتنە سەر زارانەوە لە دژی بارزانی و (قیادە موقت) بێئەوەی بزانری چ ئامانجێک لە پشت ئەو درۆشمانەوەن و لە سوود و بەرژەوەندیی کێ و چ لایەنێکدان؟ ئەوەش لە رەوتی خۆیدا رۆژهەڵاتی کوردستان و بزاڤە ساوا و بێئەزموونەکەی لە ناکۆکییەکەوە وەردا کە زۆر بە زیانی یەکڕیزیی کورد و بەرژەوەندییەکانی شکایەوە. لە سەروبەندی رووخانی رژێمی پاشایەتی و بە دەسەلاتگەیشتنی رژێمی کۆماری ئیسلامیی، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە پشتیوانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و یەکێتیی جووتیارانی سەر بە

کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، هانی جۆتکاری گوندەکانی نێوچەی تیلەکۆی سەر بە دیواندەرەیاندا بچن بە گژ دەرەبەگی گوندەکان و زەوییەکانیان لێ زەوت بکەن، ئەمەش بە لاساییکردنەوەی یەکێتیی سۆڤێتی سەردەمی لینێن و ستالین کرا، بە تەمابوون بە پەلە و لە چەند رۆژێک لە گوندەکانی کوردستانیش کەلخۆز/کالخۆز دامەزرێنن، لێ ئەوە نەهاتە دی دەرەبەگ دەسیاندایە چەک، چەندین کەس لە هەردوولا کوژران لە نێویاندا یەحیا خاتوونی کەسایەتی ئەکادمی و رۆشنبیری ناسراوی سەقز کە چووبوو بۆ شەڕ و تەقە دژی ئاغاکان، هەروەها مەلا سەید رەشید حسێنی سەرۆکی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان کە رێکخراوێکی تازەدامەزراوی نەتەوەیی بوو، بێ هەڵسەنگاندنێکی بارودۆخی هەستیاری رۆژانی سەروبەندی رووخانی رژێمی پاشایەتیی کە کورد پێویستی بە یەکڕیزیی بوو، نەک سازکردنی کێشەی خۆکرد و تێکدەرانە، لە رۆژی 17/8/1979 ئەم دوو کەسە کوژران و لە شاری سەقز نێژران. هاوکات لەگەڵ ئەم رووداوانەی سەقز، دەرەبەگی نێوچەی مەریوان لە تەک لایەنگیرانی ئەحمەد موفتیزادە و قیادە موقت کەوتنە هەوڵی داگیرکردنی شاری مەریوان کە لە دەستی خەڵک و شۆرای هەڵبژاردەی خەڵکدا بوو! ئەمانە و ناکۆکیی قووڵی نێوان حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان کە بناخەی کێشەکەیان دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی شۆرشی ئەیلوول و دژایەتیی ئەحمەد تۆفیق سەرۆکی حیزبی

دێمۆکراتی کوردستان لە دژی لایەنگیرانی حیزبی توودە وەک دوکتۆر ئەوڕەحمان قاسملوو، ئاماژە بوون بۆ ئەوەی بزانرێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو ڕۆژانێکی ئالۆزی سیاسیی هەنگاو دەنێت، لێ کاڵفامی سیاسی و نەتەوەیی، ڕێگربوون لەوەی کەسێک درک و هەست بەو مەترسییانە بکا کە لە ڕۆژانێکی نێزیک بەرەوڕووی بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵات دەبوونەوە.

سەرەڕای ئەو کەمایەسییە نێوخۆییانەی ئاماژەمانکردپێی، کوردستان پێی نابووە دۆخێکی سیاسیی جیاوازتر لە هەرێمەکانی دیکەی ئێران. لەگەڵ هەموو هەوڵێکی ئەحمەد موفتیزادە و ئایەتوڵلاکان، دوو پارێزگەی سوننەنشینی کوردستان نەچووە ژێر ڕکیفی خومەینی و مەلاکانی تارانەوە. خاڵی هاوبەشی کورد لەتەک جەماوەری ئێران خەباتی هاوبەشبوو بۆ ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا.

**ئایەتوڵلا خومەینیی** بەر لە هاتنەوەی بۆ ئێران نێزیک بە چوارمانگ لە گۆندێکی نێزیکی پاریس بە ناوی **نۆفڵ لۆشاتۆ (Neauphle-le-Château)** مایەوە. لەو ماوەیەدا بۆ زانینی ڕوانگە و بۆچوونی خومەینیی دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیی خوازیاری دامەزراندنی چ چەشنە حکوومەتێکە!؟ هەواڵنێری ڕۆژنامە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژاوا و هەروەها ڕێکخراوەی ئەمنستی ئینترناشناڵ دەیان وتووێژیان لەگەڵ کرد. لەنێو کۆی ئەو دیمانە و گفتوگۆیانەدا چەند کۆپلە، لە چەند دیمانەی

دەنووسمەوە بۆ بیرهێنانەوەی را و بۆچوونی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی بەر لە چوونی بۆ ئێران و دوای چوونی بۆ ئێران!

**ڕێکەوتی دووشەممە** 23/10/1978 **وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی گاردیەن** (The Guardian)**، نۆفل لۆشاتۆ-پاریس: لە کۆماری ئیسلامیدا، ژنان وەک پیاوان هەموو مافێکیان دەبێت. لە خوێندن و کار وپیشە وەک پیاوان بەشدار دەبن.**

**ڕێکەوتی هەینی** 1978-10-27 **وتوویژ لەگەڵ دەسگەی هەواڵنێری جیهانیی ڕۆتێرز** ((Reuters) **نۆفل لۆشاتۆ -پاریس: لە ئێرانی ئیسلامیدا، چینی ئاینیی (مەلاکان) لە حکوومەت و دەسەلات بەشداریناکەن، تەنێ چاودێریی بەڕێوەچوونی کاروباری وڵات دەکەن. ئەز خۆم چ پلە و دەسەڵاتێکم نابێت. لەگەڵ گەڕانەوەم بۆ ئێران، دەچمەوە حەجرەی مزگەوتەکەم لە شاری قۆم بە پیشەی مامۆستایەتی ئاینیی خۆمەوە سەرقاڵ دەبم.**

**ڕێکەوتی** 17/11/1978 **وتووویژ لەگەڵ دەسگەی هەواڵنێری ئاسۆشیتێد پرێس** (Associated Press-AP) **نۆفل لۆشاتۆ- پاریس: جگە لەوەی خوازیاری دەسەڵات نیم و، بیر لە دەسەلات ناکەمەوە، هەروەها باری تەمەن و تەندروستیشم ڕێگەنادا پێم دوای ڕووخانی ڕژێمی ئێستا لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا ڕۆڵێکم هەبێت. دەولەتی ئیسلامیی ئێمە، دەوڵتێک دەبێ دیمۆکراتیک و ئازاد.**

**ڕیکەوتی** 10/11/1978 **وتوویژ لەگەڵ ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، نۆڤل لۆشاتۆ، پاریس: لە کۆماری ئیسلامیدا کۆمۆنیستەکانیش لە دەربڕینی بیرورای خۆیان ئازاد و سەربەستن.**

**ڕێکەوتی شەممە** 13/01/1979 **وتوویژ لەگەڵ تلەویزیۆنی ئیتالیا، نۆڤل لۆشاتۆ-پاریس: ڕژێمی داهاتوو، کۆماری دەبێت، وەک هەموو وڵاتانی دیکەی**

**کۆماریی لە دنیا، دەستووری ئیسلام، دەستوورێکی پێشکەوتووە، هاودەنگ و هاوڕایە لەگەڵ دێمۆکراسی و هەموو دیاردەکانی شارستانێتیی (تمدن).**

**ڕێکەوتی یەکشەممە 05/11/1978 گفتوگۆ لەگەڵ تلەویزیۆنی ئەڵمان، نۆفڵ لۆشاتۆ-پاریس: ڕژێمی داهاتووی ئێران، لە سیستەمی دیکتاتۆری پاشایەتییەوە دەگۆڕدرێت بۆ سیستەمێکی دێمۆکراسی و دەبێتە هۆی ئاسایش و هێمنی لە خۆرهەلاتی ناڤین.**

بە کورتی، ئایەتوڵڵا خومەینیی بەر لە گەڕانەوەی بۆ ئێران، وتە و لێکدانەوەکانی تەژیبوون لە بیری ئازادیخوازی و بەڵێنی دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی ئازاد و دێمۆکرات. میدیای ڕۆژاڤا بە بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەی سەرسامبوون و توێژی ڕۆناکبیر و ئازادیخوازی ئێرانیش بە وتەکانی دڵخۆش و گەشبین بوون دوای دەسەڵاتی دیکتاتۆریی دەیان ساڵەی ڕژێمی پەهلەویی، کەشێکی ئازادی سیاسیی لە ئێران دێتە ئاراوە، بۆ زۆرینەی خەڵکی باوەڕداری موسڵمانی ئێرانیش گرنگنەبوو ئایەتوڵڵا خومەینیی چدەڵێ و چ بەڵێنێکدەدات؟ چۆنکە خومەینی بۆیان ببوو بە پەیامهێنەری سەردەم و ڕێپێشاندەرێکی گەورە و پیرۆز و نوورانی و جێگری ئیمامی زەمان لەسەر ڕووی زەوین، ئاواتیان گەڕانەوەی بوو بۆ ئێران.

## گەڕانەوەی ئایەتوڵلا خومەینیی لە پاریسەوە بۆ ئێران!

لە رۆژی 11/11/1357 (1/2/1979) ئایەتوڵلا خومەینیی گەڕایەوە بۆ ئێران و لەنێو پێشوازیی ملیۆنانکەس بە هەلیکۆپتەر چوو بۆ گۆڕستانی "بهشت زهرا" و لەوێ بۆ خەڵک قسەی کرد، هێرشیکردە سەر شاپوور بەختیار دواسەرۆکوەزیری رژێمی پاشایەتیی، داوایکردلێی دەوڵەتەکەی هەڵوەشێنێتەوە، ئەگینا لە دەمی دەدات! مانگی رێبەندان خۆپێشاندان لە سەر شەقام و جادەکانەوە گوێزرایەوە بۆ شەڕی چەکدار و هێرشبردن بۆ سەربازگە و فەرمانگە و بنکەی پۆلیس و ژاندار و ساواک و بەندیخانەکان. رۆژی 22ی رێبەندانی ساڵی 1357ی هەتاوی (11/2/1979ی ز) بوو بە رۆژی رووخانی دیکتاتۆرێکی بە ناوبانگی سەردەم و دوژمنێکی گەورەی نەتەوەی کورد، هاوکاتیش بوو بە دەسپێکی دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامیی بنچینەگری شیعە بە سەرۆکایەتیی چینی ئاینیی، ئەو چینەی کە لە (500) ساڵی رابردوودا بەشێکبوو لە دەسەلاتی سیاسیی نێو کۆشکی پاشاکان و دەسەلاتدارانی ئیمپراتۆریی سەفەوی و قاجاڕ و دوای ئەزموونێکی دوور و درێژی چەندسەت سالە توانیی لە سالانی کۆتایی سەدەی بیستەم، رژێمێکی مەلافەرمانی کۆنەپارێز و بنچینەگر لە ئێران دامەزرێنێ و بیرۆکەی ئیمپراتۆریی شیعەی سەردەمی سەفەویی زیندوو بکاتەوە.

سيروان كاوسى

# ميْژووى (500) سالّەى

# دەسەلاّتداريْتى و هەرەسهيْنانى ئيمپراتۆريى

# شيعه

## له ئيمپراتۆريى سەفەوييەوه

## تا هەرەسهيْنانى ئيمپراتۆريى رۆحۆلّلا خومەينيى!

## بەرگى (2)

ناوی پەرتۆک:

مێژووی (500) ساڵەی دەسەڵاتدارێتی و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی

شیعە

نووسەر: سیروان کاوسی

تایپ و رازاندنەوەی بەرگ: سیروان کاوسی

بەرگی (2)ی لە مانگی مانگی سەرماوەزی ساڵی 2022

لە شاری کۆنکان-باکووری تایلاند تەواو کراوە.

مافی چاپکردنەوەی تەنێ بەدەست نووسەرە.

## پێشەکیی بۆ کتێبی "مێژووی پانسەد ساڵەی دەسەڵاتداریێتیی و هەرەسهێنانی ئیمپراتووری شیعە"...

**حیسامەدین (هیوا) خاکپوور**

گێڕانەوەی مێژوو و مێژوونووسی لە زار و زمانی مرۆڤ و نەتەوەی بندەست و خامۆشکراو و بەپەراوێزخراو، بە چەندین هۆکار سەرنجڕاکێشیی تایبەتی خۆی هەیە. سەرەکەیترین و گرینگترینی ئەو هۆکارانە، شکاندن و ڕووخاندنی نەزم و ئەپیستیمەی دەسەڵات-مەعریفە و ڕژێمی حەقیقەتیی مرۆڤ و نەتەوە باڵادەستەکانە کە هەموو شتێک و لەوانە مێژوونووسی بە سوودی خۆیان دەسکاری و چەواشە دەکەن. بەشێوەیەک کە دەنگی مرۆڤی بندەست خامۆشکراو و نەبیستراو و نەبینراو دەمێنێتەوە و یان لە باشترین حاڵەتدا دەستەمۆ و ملکەچی گێڕانەوە باڵادەستەکان دەکرێت. بە باوەڕی من سیروان کاوسی لە دووتۆی ئەم پەڕتووکە دووبەرگییەدا بە سەرباسی « مێژووی پانسەدساڵەی دەسەڵاتداریێتی و هەرەسهێنانی ئیمپراتووری شیعە»، ڕێک ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت و هەوڵ دەدات مرۆڤی کورد لەپەڕاوێزخراوەیی گێڕانەوە مێژوویە باڵادەستەکان دەربهێنێت و بیکاتە چەق و ناوەندی ئەم گێڕانەوەیە. لەم کتێبەدا نووسەر بە زمانێکی ڕەوانبێژانە و ڕوونبێژانە و بە پشتبەستن بە سەرچاوەی جۆراوجۆری عەرەبی و ئینگلیسی و فارسی، تێدەکۆشێت گێڕانەوەیەک بە ناوەندێتیی مرۆڤی کورد لە درێژایی دەسەڵاتداری شیعە لەم ماوەی پانسەد ساڵەدا بخاتە ڕوو. نووسەر لە بەرگی یەکەمدا بە هاتنە سەرکار و بەدسەڵاتگەیشتنیی بنەماڵەی سەفەوییەکان دەست پێدەکات و بە گەڕانەوەی ئایەتۆڵڵا خومەینی لە پاریسەوە بۆ ئێران

کۆتایی پێدێنێت. لە بەرگی دووهەمدا زێدەتر مێژووی هاوچەرخی بە دەسەڵاتگەیشتنی ئیسلامی سیاسیی بە فۆرمەتی شیعیزم و لە جەستەی کۆماری ئیسلامیدا باس دەکات کە بە دامەزراندنی دەوڵەتی کاتی بە فەرمانی خومەینی ئاگرەکەی خۆش دەبێت. لەم کتێبەدا گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی ئەم چل پەنجا ساڵە لە بە دەسەڵاتگەیشتینی کۆماری ئیسلامی بە پێوەنداریی بە نەتەوەی کورد ڕیوایەتێکی تایبەتی لێدەکرێت و زانیاریی تایبەت دەخرێتە بەردەستی خوێنەر. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کتێبە بە جەخت لەسەر بەرگیی دووهەم، دەتوانم چەندین خاڵی بەرچاو ئاماژە پێبدەم:

- نووسەر وەکوو مرۆڤێکی سەربەخۆ هەوڵیداوە تا ئەو جێگەی دەتوانێت خۆی لە بەردەفرکێیی حیزبحیزبێنە و لایەنگری لەم و داشکاندنی ئەو بپارێزێت و ڕەوایەتێکی ڕاستوێژانە بە دەستەوە بدات. هەر چەند باوەڕم وایە هیچ گێڕانەوەیەک خاڵی و سەربەست لە بەها نییە، بەڵام گێڕانەوەی وا هەیە یەکسەرە لایەنگریی و شەڕومارەکە نانەوەیە. بەڕای من کاوسی تەواوی هەوڵی خۆی خستووتە گەڕ کە سەربەخۆیی هزری خۆی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و هەروەها تێرامان و ڕەخنە لەو ڕووداوانە، بپارێزێت.

- سیروان کاوسی بە پشتبەستن بە خۆهۆشیاریی نەتەوەیی، جیا لە گێڕانەوەی ڕێکوپێکی هەندێک لە ڕووداوە مێژووییەکان، هەوڵیداوە ڕوانگەی ڕەخنەیی خۆیشی لە باسەکاندا بێنێتە ئاراوە. بۆ وێنە لە تایتێڵی « جینوسایدی شار و هەرێمەکانی نەغەدە و هۆکارەکانی» کاتێک باس لە میتینگی حیزبی دیمۆکرات لە ستدایۆمی شاری نەغەدە دەکات، ڕوانگەی شیکاریی ڕەخنەییانەی خۆیشی دەهێنێتە ئاراوە و بە وردی تیشک دەخاتە سەر لایەنە

هەڵەکانەی ئەو بڕیارەی حیزب. تەقریبەن دیکەی ڕووداوەکانیش هەر بەو سوێنگە نیگایەوە دەگێڕێتەوە و دەیخوێنێتەوە.

- خاڵێکی ڕاکێشەری دیکەی ئەم کتێبە جگە لەوەی کە نووسەر بۆ خۆی شایەتحاڵی هەندێک لە ڕووداوەکانی شۆڕشی 1979ی ئێران بووە و لەگەڵ زۆریەک لە ڕێبەران و گەورەکانی ئەو ڕووداوانە ئەزموونی ژیانکراوی هەبووە، بۆ وێنە شێخ عیزەدین حسەینی گلەیی و ڕەخنەی خۆی لە هەندێک لە دەورووبەرییەکانی، لای نووسەری ئەم کتێبە گێڕاوەتەوە. زیاد لەمەیش بە باشی زانیویەتی کە "مەلا و موکەلا"ی نەتەوەی باندەست واتە ئێرانییەکان، ڕوانینیان بۆ کورد یەکێکە و هەموویان نایانهەوێت، کورد ژیانێکی سەربەخۆ و بەختەوارانەی هەبێت و بە کورتی و بە کوردی هەموویان لەمەڕ مەسەلەی کورد، سەروبنی تووڕێکن. بۆ نموونە وتەکانی "ئەندازیار سەحابی" بۆ سەلماندنی باسەکەی خۆی دەگێڕێتەوە کە دەیگوت: گەر پێم بڵێن خودموختاری کوردستان واژۆ بکە، وەکوو ئەوە وایە بڵێن هەر دوو دەستت ببڕنەوە. ئەم نموونە و دەیان نموونەی دیکە لە چەپ و ڕاستی و نیوەڕاست و ئیسلامی دێنێتەوە، کە هەموویان ڕوانگەیان بۆ یەکپارچەیی ئێران و بنبڕکردنی کورد وەکیەک وایە.

- نووسەر لە ڕوانگەی خۆیەوە و تا ئەو جێگەی بە گرینگی دەزانێت ڕووداوەکان نەقڵ دەکاتەوە تا دەگات بە ڕووداوی مێژوویی گۆڕانساز و دەورانسازی "مەرگی ژینا ئەمینی" بە دەستی کۆماری ئیسلامی و هەوڵ دەدات بۆچوونەکانی خۆی لەسەر ئەو ڕووداوە گرینگە کە لە بۆچوونێکی نەتەوەیی سەربەخۆخوازە سەرچاوە دەگرێت، بنووسێتەوە. قەڵەمی نووسەر ناتوانێت هیوای خۆی بە بەرەی نوێیی نیشتمانپەروەری لاو و خوێندەوار و زانستی لە ڕۆژهەڵاتی

کوردستان بشارێتەوە و لە ئاکامی باسەکەیدا بە شیکاری هەندێک باسی پێوەندیدار و ڕەتدانەوە تەنانەت ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی دەرەوە، دەبێژێت جیلی نوێیی نیشتمانپەروەر، سەرەوەری سیاسیی خۆی گەرەکە و بەس.

بە کورتی و بە کوردی مێژوونووسی بە گێڕانەوەی ژێردەستان و چەوساوەکان و بەپەرۆیزخراوەکان، ئەرکێکیی زۆر ئەستەم و پڕبایەخە و نووسەر زۆر بە درووستی لە کتێبیکی دیکەیدا بە ناوی "هۆکارەکانی بە دەوەڵتنەبوونی کورد" ئاماژە بەو جۆرە مێژوونووسییە و گرینگایەتییەکەی دەکاتن: « دۆزینەوە و ساخکردنەوەی مێژووی پڕلە سەروەریی کورد، کار و ئەرکێکی ماندوونەناسانەیە و پشوودرێژی و زانایی و بیری وردی دەوێ کە خشت بە خشتی ئەم مێژووە ونبووە لە ژێر خۆڵوبەردوداری داڕووخاوی هەزارانساڵە دەربهێنرێ و بە بڕژانگی چاو تەپوتۆز و خۆڵی لەسەر لاببرێ و سەر لە نوێ وەکوو خۆی بنووسرێنەوە. بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد پێناسەیەکی هەبوون و کەسایەتیی خۆی بکا، ڕابردووی ڕاستینەی خۆی بزانێ و ڕێچکەیەکی ڕووناک بەرەو ڕزگاریی خۆی دەسنیشان بکات».

سپاسی ماندوونەناسی مامۆستا سیروانی هێژا دەکەم و هیوامە خوێنەران بتوانن لەم کارە پڕبەهایە کەڵکی تایبەت وەرگرن و وردە وردە بەردەبناغەی لەخۆڕامان و خۆهۆشیاری نەتەوەییی لەسەر دابمەزرێنن.

## بەرگی (2)

### دامەزرانی دەوڵەتی کاتیی بە فەرمانی ئایەتوڵڵا خومەینیی!

**ئایەتوڵڵا خومەینیی** هەر لە لە یەکەم رۆژەکانی سەرکەوتنی شۆرشەوە دەسیکرد بە گوللەبارانکردنی هەموو ئەو ژنەراڵ و کاربەدەستە گەورانەی رژێمی پێشوو کە دەسبەسەر کرابوون، ئەوجا لە رۆژی 15ی رێبەندانی 1357ی هەتاوی ( 4/2/1979) فەرمانیدا بە دامەزراندنی دەولەتی کاتیی. **هەندازیار مێهدی بازرگان** بوو بە سەرۆکوەزیر، (11) کەس لە حیزبەکەی **بازرگان (نهضت آزادی)**، (11) کەس لە **جبهه ملی ئێران (بەرەی نەتەوەیی ئێران)**، (4) کەس لە **انجمن اسلامی (جڤاتی ئیسلامیی)**، هەروەها (4) **نوێنەری مەلاکان**. لەگەل راگەیاندنی دامەزرانی دەوڵەتی کاتیی لە رێگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە، فەرماندەی سوپای **حەمەڕەزاشا** وەفاداربوونی خۆی بەرامبەر خومەینی و شۆرشی ئیسلامیی دەربڕی. سەرۆکوەزیرانی دەسنیشانکراوی شا، **شاپوور بەختیار** خۆی شاردەوە، لە ئێران هەڵات و لە ولاتی **فەرەنسا** نیشتەجێ بوو.

هاوکات لەگەڵ تێکۆشینی بە پەلەی **خومەینی** و پێرەوانی بۆ پتەوکردنی بناخەی حکوومەتی تازە دامەزراوی ئیسلامیی کەشێکی رۆناکبیری و شۆرشگێڕی لە تاران و لە شارەکانی ئێران و لە کوردستان سەریهەڵدابوو. رێکخراوە و حیزبی مارکسیست و دێمۆکرات بە ئاشکرا بنکە و بارگەیان دامەزراندبوو. میتینگ و

سەمینار دەبەستران و گفتوگۆ و دەربڕینی راوبۆچوونی سیاسی لە زانستگە و کۆڕ و کۆمەڵەی رۆشنبیری و سیاسیی بازاڕی گەرمبوو. دەیان رۆژنامەی حیزبی و ناحیزبی و راست و چەپ و ئیسلامیی دەستیان بە وەشانکرد. رێکخراوەی **چریکی فیداییەکانی گەلی ئێران** دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی دەرفەتی بۆ رەخسا بە ئاشکرا لە هەموو پارێزگەکانی ئێران پەرە بدات بە رێکخستنی رێکخراوەکەی، لە چەندین شار بە تایبەتیی لە **ستانی گوڵستان** شۆرای دامەزراند و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵاتیی لە دەستی شۆراکاندا بوو نەک رژێمی تازەدامەزراوی ئیسلامیی. هەرچی **رێکخراوەی موجاهدینی خەڵکی ئێرانیشە** لەنێو چینی خوێندکار و بازاڕی شارەکان گەشەی زۆریکرد. لە بەر روانگە ئاینییەکەی سەرەتا زۆریهەوڵدا **ئایەتوڵڵا خومەینیی** لە دەسەلاتی سیاسی بەشداریان بکا و رێز لە قوربانیدان و خەباتی خوێناوییان بگرێت کە سەردەمی رژێمی **حەمەڕەزاشا** ئەنجامیان دابوو. لە رۆژنامەکانیان خومەینی بە باوکی مەزن و پایەبەرز نێو دەهێنرا. چەند مانگ دواتریش کە خومەینیی لە دژی نەتەوەی کورد فەرمانی جیهادیدا، موجاهدین لە رۆژنامەی زمانڕەوشی رێکخراوەکەیان (مجاهد) نووسییان: ئەگەر ئیمام ئیزن بدات پێمان، ئێمە دژەشۆرش لە کوردستان سەرکوت دەکەین! بەڵام هەموو هەوڵێکیان بێئاکام بوو، چۆنکە ئایەتوڵڵا خومەینیی وەک مەلایەکی بنچینەگر باوەڕی بە دیمۆکراسی و دابەشکردنی دەسەلاتی سیاسی و رێزگرتن لە بیرورای جیاواز نەبوو. بیر و

ئامانجی دامەزراندنی حکوومەتێکی ئاینیی شیعە بوو بە پێی دەستووری سەرەتاکانی ئیسلام بچێت بەڕێوە، خومەینیی خۆی بە نوێنەری خودێ و پەیامهێنەری ئیسلام (محەمەد) و ئیمامی زەمان (مەهدی خۆبزرکرد) دەبینی لە سەر ڕووی زەوین. هەموو ئەو قسانەش لە پاریس و سەرەتای گەڕاندنەوەی بە گوێی خەڵکی ئێرانیدا، تەنێ بۆ مەبەستی ڕووخانی رژێمی پاشایەتی و گەیشتن بە دەسەلات بوو. ئەو ئەکادمی و تێکنۆکراتە موسڵمان و نامۆسڵمان و لائیکانەش کە لە پێناو پلە و پایەی کاتیی لە ژێر چەتری خومەینیی کۆبوونەوە پێڕەوپرۆگرامی حیزب و ڕێکخراوەکانیان وەک فەرشی سۆر خستە ژێر پێی ئایەتۆڵڵا خومەینییەوە، لە گەڵ خۆیان و خەڵک و ئەندام و لایەنگرانیان درۆیان کرد، لە هەموو ئەو نەهامەتییانەی دواتر بە سەر خەڵکی ئێران و کوردستان هاتن و دێن، تاوانبار و سووچبارن. بۆ نموونە جبهەی ملی ایران (بەرەی نەتەوەیی ئێران) کە سەردەمی خۆی لە لایەن دوکتۆر محەمەد موسەدقی فارسی دژ بە نەتەوەکانی نافارسی ئێران دامەزرا، بەندی (2)ی بەرنامەی بەرەکەیان دەڵێ: "**پێداگریی دەکەین بۆ دابینکردن و پارێزگاریکردن لە ماف و ئازادییەکانی بنچینەیی خەڵکی ئێران بە تایبەت ئازادی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی، هەڵبژاردن، ڕاگەیاندن و یەکسانیی مافی ژن و پیاو، هەروەها خەبات دەکەین لە دژی هەر چەشنە دەسدرێژییەک بۆ سەر مافی مرۆڤ!**". بەڵام وەک گوتم ئەم بەناو مۆدێرنخوازانە لەگەڵ خومەینیی ڕێککەوتن و یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی و خاڵی بنگەهینی یاساکە

(وەلی فەقیە) و هەموو دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیەیانپەسند کرد کە ڕێکەوتی 17/11/1979 سەردەمی سەرۆکوەزیران مێهدی بازرگان ئامادە و بڵاوکرایەوە.

کەمتر لە دوو مانگ دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتیی، لەسەر داوا و پێشنیازی ئایەتوڵڵا خومەینیی ڕیفراندۆمی سەرتاسەریی ڕاگەیەندرا. لەسەر پسوولەی دەنگدان نووسرابوو:

بسمه تعالی

دولت موقت انقلاب اسلامی

وزارت کشور

تعرفه انتخابات رفراندم

تغییر نام رژیم سابق به جمهوری اسلامی

که قانون اساسی آن از تصویب ملت خواهد گذشت

(بە ناوی خودێی گەورە. دەوڵەتی کاتیی کۆماری ئیسلامیی وەزارەتی نێوخۆ، پسوولەی هەڵبژاردن! گۆڕینی ناوی ڕژێمی پێشوو بە کۆماری ئیسلامیی، کە یاسا بنچینەییەکەی دواتر بە ڕەزامەندیی نەتەوە پەسند دەکرێت!).

پسوولەی دەنگدان "ئا" بە ڕەنگی سەوز، " نا" بە ڕەنگی "سۆر" لە سەرتاسەری ئێران بڵاوکرایەوە. ڕۆژانی هەینی و شەممە 10 و 11ی فروردین 1358 (30-31/3/1979) لە سەرتاسەری ئێران ڕیفراندۆم کرا. 99٪ی خەلکی ئێران دەنگیاندا بۆ دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی. دوای ئەم سەرکەوتنە ئایەتوڵڵا

خومەینیی رایگەیاند: لەم رۆژەوە دەولەت بوو بە دەولەتی (الله)، ئێرانیش بوو بە ولاتی (رەسوول الله).

لەو سات و رۆژانەی سەردەمی شۆرشی ئیسلامیی، ئاستی رێز و خۆشەویستی و پەرستنی خومەینیی لای خەڵکی ئێران بە رادەیەک بوو، کەس بیری بۆ ئەوە نەچوو، کاتێک سەرلەبەری خەڵکی ئێران بڕیاریانداوە رژێمی پاشایەتیی بڕووخێنن و رووخاندیشیان، بۆچی لە بەڵگەی دەنگداندا پرسیار لە خەڵک دەکرێتەوە، ئایە دەنگدەدەن بۆ گۆڕینی ناوی رژێمی پێشوو بە کۆماری ئیسلامیی!؟ ئەوجا بە کارهێنانی وشەی "ملت" (نەتەوە) بۆ سەرجەم نەتەوەکانی ئێران لە رۆژانی سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی، نەک بە نەزانی بەڵکوو بە زانابییەوە بوو، چۆنکە بۆ گەلی فارسی باندەستی دەسەلاتدار تەنێ نەتەوەیەک لە ئێران هەیە ئەویش فارسە. بەکارهێنانی وشەی "نەتەوە" بۆ ئێرانی فرەنەتەوە ئاماژەیەک بوو بۆ زانینی ئەو راستینەیە، وەزیر و ژنەڕاڵی لە سێدارەدراو لە تەک چینی مەلای تازە بە دەسەڵاتگەیشتوو، با خوێنی یەکیش بخۆن، بەڵام لە بارەی ئەوەی خۆیان ناویانناوە "تمامیت ارضی ایران" (یەکپارچەیی خاکی ئێران) هاوڕا و کۆک و تەبان و خاوەنی زمان و مێشکێکی وەکیەکن.

ئایەتۆڵلا خومەینیی دوای دەسنیشانکردنی دەوڵەتی کاتی و ئەنجامدانی رێفراندۆم بۆ دامەزرانی کۆماری ئیسلامی و، دوای سەقامگیربوونی دەسەڵاتی حکوومەتەکەی لە تاران، ئەوجا کاتی

هات ئاوڕێک لەو هەرێم و نێوچانە بداتەوە لەژێر دەسەڵاتی سوپا و هێزی چەکداری حکوومەتی نێوەندیدا نەبوون. کورد لە پارێزگەی سنە و ورمێی کوردستان، عەرەبەکان لە هەرێمی عەرەبنشینی خۆزستان، ترکمان لە پارێزگەی گوڵستان (پێشووتر سەر بە پارێزگەی خۆراسانی گەورە بوو، نێوەندەکەی شاری گونبەدکاووس، هاوسنوورە لە گەڵ وڵاتی ترکمانستان)، بەڕێوەبەرێتییەکی هەرێمی و خۆجێیان دامەزراندبوو. شۆراکانی هەڵبژاردەی شار و شارۆچکەکان، کار و ئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان دەبرد بەڕێوە و هێزی چەکداری حیزبەکان پارێزگارییان لە هەرێمی بندەسەڵاتی خۆیان دەکرد. بوونی ئەم هەرێمانە لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی، کێشە و ئاستەنگبوون لە بەردەم بەڕێوەچوونی بیروباوەڕ و ئامانجەکانی ئایەتوڵڵا خومەینیی.

## جەنگی یەکەمی کوردستان

## (نەورۆزی خوێناویی سنە!)

چل رۆژێک دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی، جەنگێکی لە ناکاو و چاوەڕواننەکراو لە شاری سنە روویدا کە لە وێژەی خەباتی سیاسیی رۆژهەلاتی کوردستان بە نەورۆژی خوێناویی سنە ناویرۆیوە.

هەروەک لە دێڕەکانی سەرووتر ئاماژەمداپێی، لە شاری سنە ناکۆکییەکی قووڵ کەوتبووە نێوان ئەحمەد موفتیزادە و بەرەی چەپی کورد کە لەنێو کۆمەڵەی پارێزگاریکردن لە ئازادیی زەحمەتکێشان کۆببوونەوە، ئەحمەد موفتیزادە لە پاریزگەی سنە و شاری کرماشان و هەروەها لە شاری پاوەی هۆرامان، چەندین بنکە و نووسینگەی بە ناوی کۆمیتەی شۆرشی ئیسلامی و مەکتەب قورئان دامەزراندبوو. باڵەخانەی پارێزگەی سنە لە دەستی چەکداری موفتیزادەدا بوو. ئەحمەد موفتیزادە و مەلایەکی شیعە بەناوی سەفدەری کە نوێنەری رۆحۆڵلا خومەینیی بوو لە پارێزگەی سنە، پێکەوە لە پێوەندی و پیلانگێڕانی بەرەەوامدا بوون بۆ لاوازکردنی بەرەی چەپ لە شارەکە و بە هێزکردنی پێگەی رژێمی تازەدامەزراوی ئیسلامیی لە سنە و لە کوردستان بە گشتیی.

ئامانجی ئەحمەد موفتیزادە لە چوونی بەردەوامی بۆ لای ئایەتۆڵلا خومەینی و کاربەدەستانی ئێران بۆ ئەوە بوو کۆماری ئیسلامیی تەنێ موفتیزادە بە نوێنەری کوردی رۆژهەڵات و بە

سەرۆکی پێڕەوی ئاینزای سوننەی نەک هەر کوردستان، بەڵکوو هەموو ئێران بیناسن و لەگەڵ ئەو وتووێژ بکەن. موفتیزادە لە گەڵ سەفدەری و کۆماری ئیسلامیی نیازپاک و راستگۆ بوو، درۆی لە گەڵ نەدەکردن، دەیویست لە ڕووی دارایییەوە، هەروەها لە چەک و چۆڵیش پشتگیریی بکەن بتوانێت بەربەرەکانێی حیزبە کوردییەکان بکا و بە شەڕ راماڵیان بدات، بەڵام سەفدەری وەک نوێنەری دەسەلاتی تاران، هەروەها دەسەلاتدارانی تاران بڕوایان بە هیچ کوردێک، تەنانەت بڕوایان بە ئەحمەد موفتیزادەش نەدەکرد، نەیاندەویست موفتیزادە هێزێکی چەکدار لە شار و هەرێمەکە لە خۆی کۆبکاتەوە، ئامانجیان ئەوە بوو لە ڕێگەی موفتیزادەوە ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێو کورد بڵاو بکەنەوە. موفتیزادە بەکار بێنن بۆ دژایەتی حیزبەکان و ڕێگەی داگیرکردنەوەی پارێزگەی کوردستان خۆش بکەن.

دوای ماوەیەک موفتیزادە لە جیبەجێ نەبوونی داخوازییەکانی ناهومێد دەبێ، لە هەڵوێست و بیری سەفدەری دەکەوێتە گومانەوە، نامەیەک دەنێرێ بۆ سەرهەنگ سەفەری فەرماندەی سەربازخانەی سنە (سەفەری خەڵکی سنە بوو)، دەنووسێ بۆی:

بەڕێز سەفەری دوای سلاو، پاراستنی شار و نێوچەکە لە ئەستۆی چەکدارەکانی ئێمەیە. لەم چەند مانگەی رابردوودا چەکدارەکانی ئێمە چەک و تەقەمەنییەکی زۆریان لە خەڵکی نەشیاو وەرگرتووە و رادەستی سوپامان کردووە. ئێوە سەرزارەکی بەرداەوم بەڵێنم دەدەن پێماون، بەڵام بە کردەوە هیچ نابینین. چەندین جار بەنامە داوام کردووە پێویستمان بە چەک و تەقەمەنی و

کەل و پەلی سەربازیی هەیە، بەڵام هەموو جارێک بە وتە و لێدوانی لابەلا و سەیروسەمەر وەڵاممان دەدەنەوە! ئێمە دەبینین بە لێشاو چەک دەگاتە دەستی نەیارانمان لە شارەکە، چەک دەگاتە دەستی خەڵکی نەشیاو، بۆ ئاگاداریتان چەندین جار پیلانی ئاژاوەگێڕانمان پووچەڵ کردووەتەوە کە ویستوویانە هێرش بکەن بۆ سەربازخانەی شار. ئەم لێدوان و هەڵسووکەوتەی ئێوە بووە بە نوکتە و مەتەڵ بۆمان و سەری لێدەر ناکەین، باشوایە بیزانن ئەم کردەی ئێوە، بۆ ئێوە و بۆ ئێمەش مەترسیدارە! لەگەڵ ڕێزم بۆتان: ئەحمەد موفتیزادە.

سەرهەنگ سەفەری لە وەڵامی نامەکەی موفتیزادە دەنووسێ بۆی: بەڕێز موفتیزادە پێدانی چەک و تەقەمەنیی لە ئەستۆی بەڕێز سەفدەری و سەرۆکایەتیی سوپایە، من خاوەن بڕیار نیم...

دوای خوێندنەوەی نامەکەی فەرماندەی لەشکری سنە، موفتیزادە لە نیاز و مەبەستی ئایەتوڵڵا سەفدەری تێدەگات، بە چەکدارەکانی دەڵێ: بڕۆن بۆ بنکەی سەفدەری داوای چەکی لێبکەن! بۆخۆشی دەڕوات بۆ شاری سەقز بۆ کۆبوونەوەی مەلاکان. ژمارەیەک خەڵک و چەکدارەکانی موفتیزادە دەچنە بەر بنکەی سەفدەری و داوای چەک دەکەن! فەرماندەی بنکەی سەفدەری (شاتر محەمەد) و دوو لە کوڕەکانی تەقەیان لێدەکەن سێ کەس دەکوژن و چەند کەسێکیش بریندار دەکەن. سەفدەری بەرەو سەربازخانە هەڵدێ، خەڵک هێرشدەکەنە سەر بنکەی سەفدەری ئاگری تێبەر دەدەن و هەموو چەکدارەکانی نێو بنکەکە دەکوژن. ئاڵۆزی و پشێوی دەکەوێتە شار، سدیق کەمانگەر ئەندامی سەرکردەیەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە

هێزی پێشمەرگەوە دەسدەگرێ بە سەر رادیۆ و تلەویزیۆن و بنکەی فەرماندەیەتیی سوپا و نێوەندی پۆلیس و فڕۆکەخانەی سنە، لە رادیۆوە داوا لە خەڵک دەکات بۆ بەڕێوەبردنی شار هاوکاریی شۆراکان بکەن!

بە دامەزرانی شۆرای گەڕەکەکان، شار راستەوخۆ دەکەوێتە دەستی کۆمەڵە و رێکخراوە چەپەکانەوە. بە فەرمانی سەفدەری سوپا بە تۆپ و هەلیکۆپتەر شار بۆمباباران دەکا، سەتان کەس دەکوژرێن، چەند هەزار کەسیش بریندار دەبن. چەکداری سەربەخۆی کورد و چەکداری سەر بە حیزبەکان لەگەڵ خەڵک هێرشدەبەن بۆ نێوەندی ژاندارمری و دەسدەگرن بە سەر هەزاران چەک و چۆڵی نێوەندە سەربازییەکە. شەڕ پێدەنیتە رۆژێ سێیەم خەڵک هێرش بۆ سەربازخانەی شار دەبن، بەڵام سەرکەوتوو نابن، نێزیکی دووسەت کەس بە دیل دەگیرێن، هاوکات لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە خەڵک بە چەکی خۆیانەوە بۆ بەشداریکردن لە شەڕ و یارمەتیدانی خەڵکی سنە دەگەنە شارەکە و سەربازخانە گەمارۆ دەدەن. شار بەردەوام لە ژێر بۆمبارانی سوپادایە. ئایەتوڵڵا خومەینیی بە پەلە ئایەتوڵڵا تالەقانی، ئایەتوڵڵا بەهەشتی، حوجەتولئیسلام هاشمی رەفسەنجانی، سەرکۆمار بەنی سەدر و چەندین وەزیر و کاربەدەستی دیکە دەنێرێت بۆ شاری سنە. یاساناسی ناسراوی کورد، سارمەدین سادقوەزیری سەرۆکی کۆمەلەی کوردەکانی دانیشتووی تاران، دوکتۆر موزەفەر پەرتۆماه لەگەڵ چەندین کەسایەتیی دیکەی ئەکادمی کورد دەگەنە سنە بۆ ئەوەی بتوانن هاوکار بن بۆ

ڕێککەوتنێکی سیاسیی نێوان کورد و حکوومەتی تاران. مامۆستا شێخ عێزەدین حسێنی وەک سەرۆکی شاندی کوردستان لە مەهابادەوە دێت بۆ سنە و بە مەبەستی نەهێشتنی ناکۆکی نێوخۆیی کە لە سنە سەریهەڵدابوو لەگەڵ سدیق کەمانگەر و دوکتۆر حسێنی خەلیقی و چەند کەسایەتیی دیکەی خەڵکی سنە لەماڵی ئەحمەد موفتیزادە کۆدەبنەوە، ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش بڵاودەکەنەوە، داوا لە هێزی کورد دەکەن تەقە بوەستێنن بۆ ئەوەی بتوانن لە گەڵ شاندی حکوومەت بگەنە ئەنجامێک. بۆ ڕۆژی دوایی دەچنە هۆڵی کۆبوونەوە. غەنی بلووریان ناسراو بە مامە غەنی و مەلا عەولا حەیاکی (حەسەنزادە) وەک نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەگەنە شوێنی کۆبوونەوە، بەڵام سدیق کەمانگەر (ئەندامی سەرکردەیەتیی کۆمەڵە) ڕێگەیاننادا بچنە ژوورەوە، دەبێت بە دەمەقرە و هەردوولایان دەنگ لەیەک بەرز دەکەنەوە، بەڵام سدیقی کەمانگەر لەسەر هەڵویستی خۆی سوور دەبێ و دەڵێ ڕێگەتاننادەم بێنە ژوورەوە، چۆنکە حیزبی دێمۆکرات سەر بە ڕژێمی بەعسی عێراقە!! شاندی کۆماری ئیسلامیی ئاگاداری شەڕ و هەرا و کێشەکەیان دەبن. سەرەنجام سدیق کەمانگەر ڕازیدەبێ غەنی بلووریان بەشداری کۆبوونەوە بێت، بەڵام مەلا عەولا تا کۆتایی کۆبوونەوە لە دەرەوە چاوەڕواندەبێ! "بڕوانە بۆ گۆڤاری کۆنگرە ژمارە (30) لاپەڕە (29) ماڵپەڕی کۆنگرە www.kncsite.com ساڵی 2004 نووسینی سیروان کاوسی".

بەو شێوەیە هەر لە یەکەم رۆژانی گفتوگۆی نێوان کورد و شاندی کۆماری ئیسلامیی، کاربەدەستانی ئێران لە خاڵی ناکۆک و لاوازی نێوان لایەنەکانی کورد تێگەیشتن. هەر لە رۆژانی سەرەتا و دەسپێکی بزاڤی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لە بەرچاوی شاندی کۆماری داگیرکەری ئیسلامیی بە هۆی ناهۆشیاری سیاسی و زاڵکردنی ئیدۆلۆژی نانەتەوەی و بیرۆکەی شارپەرستی و نێوچەگەرێتی و پاوانخوازیی، بەردی بناخەی شەڕی نێوخۆیی دارێژرا و، زۆری نەخایاند ئەو روانگە چەوت و کارەساتهێنەرە زیانی زۆر گەورەی لە هیوا و ئاواتەکانی نەتەوەی کورد گەیاند.

لە کۆبوونەوەی سنە کە لە گەڵ شاندی رژێمی ئیسلامیی بەڕێوەچوو، **مامۆستا شێخ عیزەدین** لە (8) مادەدا داخوازیی ئەو رۆژ و سەردەمەی رۆژهەڵاتی کوردستانی بە ئاگاداریی **تاڵەقانی** و شاندی رژێمی ئیسلامیی گەیاند، وەک خوێندن بە زمانی کوردی لە پاڵ زمانی فارسی، پۆلیس و سەرباز لە کورد خۆی بێ و لە کوردستان خزمەت بکەن، کاربەدەستی شارەکان لە کورد بن، لەگەڵ چەند خاڵی دیکەی لەم چەشنە. **تاڵەقانی** دەڵێ: **ئەو داخوازییانەی ئێوە لە کۆماری ئیسلامیدا هەمووی جێبەجێ دەکرێت!** ئەوجا بڕیاردرا بۆ درێژەدان بە گفتوگۆی نێوانیان دەستەی نوێنەرێتیی کوردستان بچێت بۆ تاران.

## جینۆسایدی کورد لە شار و هەرێمی نەغەدە و هۆکارەکانی!

رۆژی 31/1/1358 بەرامبەر بە (20/4/1979) بە پێی بڕیاری سەرۆکایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەزاران کوردی نەغەدە و شار و شارۆچەکانی دیکە لە ستادیۆمی وەرزشی شاری نەغەدە کۆ بوونەوە بۆ گوێگرتن لە وتەکانی سکرتێری حیزب دوکتۆر ئەوڕەحمان قاسملوو. زۆربەی بەشدارانی خڕبوونەوەکە پێشمەرگە و خەڵکی چەکداری کورد بوون. چەند خولەک دوای قسەکانی دوکتۆر قاسملوو لە سەربان و نێو خانووەکانی دەوروبەری ستادیۆمەوە تەقە لە حەشیمەتی نێو گۆڕەپانەکە دەکرێت، چەند کەس دەکوژرێن و بریندار دەبن، خڕبوونەوە دەشێوێ، لەنێو ستادیۆمیشەوە تەقە دەسپێدەکا، سەرلێشێواوی و پشێویی دەکەوێتە نێو گۆڕەپانەکە و هەر کەس لە ئاستی خۆیەوە تەقە دەکات. شەڕ بە خێرایی هەموو شار دەگرێتەوە. لەشکری ورمێ، سوپای پاسداران و دارودەستەی مەلاحەسەنی ترکی رەگەزپەرست و دژ بە کورد کە ئیمامی مزگەوتی گەورەی ورمێ و هاوکاتیش نوێنەری رۆحوڵڵا خومەینی بوو لە پارێزگەی ورمێ، بەر لە کۆبوونەوەکە ئاگاداربوون و دەیانزانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە تەمایە لە ستادیۆمی شار میتینگی گەورە ساز بکات. لە بەر ئەوە بە پێی پیلانێکی لە پێشدا داڕێژراو، نەخشەی لەنێوبردنی سەرۆکایەتیی حیزب و قەڵاچۆی کورد لە شاری نەغەدە دادەڕێژن. سوپا و سوپای پاسداران بە پشتیوانیی تانک و هەلیکۆپتەر هێرشدەکەنەوە سەر

ئەو گەڕەکانەی کوردی لێدەژین. سەدانکەس دەکوژرێن و هەزاران بنەماڵە بەرەو شار و گوند و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان هەڵدێن. شەڕ چوار ڕۆژ درێژەیدەبێ، دەسدرێژی و تاڵانکردنی سامانی خەڵکی کورد بە نەغەدەوە ناوەستێ شارۆچکە و گوندەکانی کوردنشینی **تیکاپ، میاندووئاو، لاجان، شامات، شارویران، سندووس، بۆکان** و **مەهابادیش** دەگرێتەوە. شەڕ بە سەرکەوتنی ڕژێمی ئێران و ترکی هەرێمەکە و فراوانکردنی سنووری ترکان و قەلاچۆ و ماڵوێرانبوونی هەزاران بنەماڵەی کورد، کۆتایی پێهات.

ستادیۆمی وەرزشی شاری نەغەدە دوور لە گەڕەکی کوردان و لەنێو جەرگەی گەڕەکی ترکان هەڵکەوتبوو، واتە **حیزبی دێمۆکرات** سەرکردەیەتی و هەزاران کوردی بردە شوێنێکەوە کە لە چوار دەورییەوە بە نەتەوەی ترکی ئازەری گەمارۆ درابوو. چەندین کەسایەتیی کورد لەوانە پێشنوێژی مزگەوتی سوننە کە کورد بوو، لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ترکی شارەکە بە حیزبی دێمۆکراتیان ڕاگەیاندبوو بە باشی نازانن لە ستادیۆم کۆببنەوە، شوێنەکە بگۆڕن بۆ گەڕەک و گۆڕەپانی دیکەی شار کە کوردی لێدەژین، بەڵام حیزبی دێمۆکرات بە پێداگریی کۆمیتەی شاری نەغەدە، بێهەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە هەڵکشانی دەمارگرژیی نەتەوەیی ترک و بیری شیعەگەرێتیی لەنێو پێڕەوانی شیعەی پارێزگەکە، بێئەوەی بیر لە مەترسیی کۆکردنەوەی هەزاران چەکدار لە شوێنێکی بەرتەسک لەنێو گەڕەک و کۆڵانی ترکان

بکاتەوە، بە درۆشمی ئاشتیی نێوان کورد و ترک و درۆشمی سازکردنی برایەتیی نێوان کورد و ترک و، گەیاندنی پەیامی ئاشتی بۆ ترک! بوو بە ڕێخۆشکەری سەرکەوتنی پیلانی ڕەگەزپەرستانی ترکی هەرێمەکە و کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەمەش هەڵەیەکی مێژوویی گەورە بوو، ناسڕێتەوە و لە بیر ناکرێت. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دوای تێپەڕبوونی چل و چەند ساڵێک بەسەر کارەساتی شەڕی نەغەدە، تەنێ لایەنی بەرامبەر واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەست و پێوەندەکانی لە پارێزگەی ورمێ بە تاوانبار دەزانن، خۆیان لە ئاست هەڵەی خۆیان لا دەدەن. ئەمەش ئەو مەترسییە دێنێتە بەرچاو حیزبێکی سیاسیی جا بچووک یان گەورە ئامادە نەبێ دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت (وەک ئەوەی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵەی رامیاریی وڵاتانی رۆژاڤادا باوە) چاوەڕوانیی لێ دەکرێتەوە لە داهاتووشدا هەلەی رابردووی دووپات بکاتەوە. حیزبی دێمۆکرات ئێستەش لە یادی کارەساتی نەغەدەدا دەڵێ: **ئێمە بۆ گەیاندنی پەیامی ئاشتی نێوان دوو نەتەوەی برای ترکی ئازەری و کورد چووبووین!؟ ئێمە لایەنی ئاشتیخواز و دێمۆکراسیخواز بووین و لایەنی شەڕخواز شەڕی بە سەر دوو نەتەوەی برادا سەپاند!؟**

ئێمە وەک کورد، گۆمان لە نیازپاکیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ناکەین کە بۆ شەڕ نەچووبوو بۆ شاری نەغەدە، چۆنکە لە ساکاری و دڵسافی و ساویلکەیی خۆمان شارەزاین، لێ لە دنیای ئیمڕۆدا ئەوی ئەلفوبێی سیاسی بزانێ و،

سیاسەتکاری سەر بە نەتەوەیەکی بندەستی وەک کورد بێت، چۆنە دەرودراوسێی خۆی نەناسێ و، لە بیروئامانج و کردەوەی کۆن و تازەیان بەرامبەر نەتەوەکەی بێ ئاگا بێ!؟ بە ناوی گەیاندنی پەیامی برایەتی و ئاشتی، بیست هەزار چەکدار و بێ چەک بباتە نێو جەرگەی گەڕەکێکی نەیاری نەتەوەکەی بۆ ئەوەی پێی بڵێ: **بەم هێزەوە بۆ گەیاندنی پەیامی ئاشتی و برایەتیی هاتووم!!** حیزبی دێمۆکرات دەیتوانی بۆ گەیاندنی پەیامە ئاشتیخوازانەکەی داوای دیدار و کۆبوونەوە و دانانی سەمینار بکات بە هاوبەشی ترکی هەرێمەکە (**ئەگەر کەس و لایەنی دێمۆکرات و ئاشتیخواز لە نێویاندا بووبێ!؟**) نەک ئەوەی بڕیارێکی لەو جۆرە بدات کە لە دەسدانی خاک و قوربانیدانی زۆری لێ بکەوێتەوە.

بۆ ئەوەی لە هۆکاری ئەم بڕیارەی حیزب بە تەواوەتیی تێبگەین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ کۆنگرەی سێیەم کە هاوینی ساڵی 1971 لە شاری **کۆیە** بەڕێوە چوو، ناوی حیزب **"حیزب دێمۆکراتی کوردستان"** گۆڕدرا بوو بە (**حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**). **کتۆر قاسملوو** بوو بە سەرۆکی حیزب. لەو کاتەوە تا ئیمڕۆ کە دەکاتە (52) ساڵ، حیزبی دێمۆکرات لە بیری نەتەوەیی و بیری سەربەخۆیی کوردستان وازیهێنا و بوو بە **حیزبێکی کوردزمانی-ئێرانیی**. هۆی ئەم **گۆڕانە هزرییەش لە ژێر کاریگەریی ئیدۆلۆژیی کۆمۆنیستی و درۆشمی درۆزنانەی چەپی باندەستی کورد بە تایبەتیی حیزبی توودە بوو** کە

بانگەشەی برایەتیی گەلان و پێکەوەژیانی گەلانی دەکرد لە چوارچێوەی ئێران و، بیری سەربەخۆیی کوردستانیان بە پیلانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دەدایە قەلەم و دەیانگوت: بیری سەربەخۆیی کوردستان (تجزیه طلبی) یەکێتیی چینی کرێکار و یەکێتیی گەلانی ئێران تێکدەدا! بەهێزبوونی گەلان لە دژی ئیمپریالیزم بەوە دێتە دی کە یەکگرتوو بن! حیزبی توودە و حیزبی شیووعی و پارتی کۆمۆنیستی وڵاتانی داگیرکەر بە پشتیوانیی چەپی کورد، لە رۆژهەڵات و لە باشوور و لە رۆژاڤا و لە باکووری کوردستان سەرکەوتن، چۆنکە زۆرینەی چەپ و رۆناکبیری کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ ئەوەی بە کۆمۆنیستی وڵاتانی باندەستی بسەلمێنن پێشکەوتنخواز و شۆرشگێڕ و کۆمۆنیستن، بوون بە دوژمنی سەرەکیی رزگاری و سەربەخۆیی نەتەوە بندەستەکەیان و لە رێگەی چەپی کوردەوە "تمامیت ارضی" (یەکپارچەیی خاک) و سنووری دەسکردیان پارێزرا)، خەباتی نەتەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی گۆڕا بۆ مافی فەرهەنگی لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەر.

هەڵەی دیکەی حدکا بەکارهێنانی بەهەڵەی ناوی هەرێمەکانی کوردستانە لە میدیای حیزبی و لە زاری سەرۆکایەتی حیزب لە سەڵماس و ماکۆ و مەهاباد و شنۆ تا دەگاتە بۆکان و سەردەشت بە ئازەربایجانی رۆژاوا (آذربایجان غربی) ناو دەبات!

سیاسەتی بچووککردنەوەی قەوارەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی رژێمی رەزاشای دیکتاتۆر و دژ بە کورد

دەسپێکرد، لە سەردەمی رژێمی حەمەڕەزاشای کوڕی دریژە بە سیاسەتەکەی درا، کۆماری ئیسلامییش لە پێوەند لەگەڵ کورددا، پێڕەویی لە سیاسەتی رژێمی پێشوو کردووە و دەیکات. هاوکات لەگەڵ ئەم سیاسەتە رەگەزپەرستانەی رژێمی داگیرکەری ئێران، ترکی ئازەربایجان بە پێڕەویکردن لە ئیدۆلۆژی ترکیای فاشیست و ئەو کەشە رەگەزپەرستانەی لە ئازەربایجانی سەروو بە پاڵپشتیکردنی رژێمی ترکیا سەریهەڵداوە، ئازەربایجانی خوارووش خەون بە ساخکردنەوەی نەخشەی خەیاڵیی ئەو هەرێمە کوردییەوە دەبینێ رژێمی ئێران ناویناوە ئازەربایجانی رۆژاوا. جا کە سەرۆکایەتیی سیاسیی کورد بە زمانی خۆی لە رۆژی ئیمڕۆدا دان بە ئازەربایجانبوونی ئەو نێوچانەی کوردستاندا بنێ، واتای وایە ئەو دەڤەرە خاکی کوردستان نییە و خاکی ئازەربایجانە و کوردی تێدا دەژی. ئەمە هەڵەیەکی سیاسیی گەورەیە و حیزبی دێمۆکرات پێویستە بە ئاگا بێتەوە، بیرۆکەی خەیاڵیی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئێرانێکی دێمۆکرات، لە داهاتوودا کارەساتی زۆر گەورەتر لە نەغەدە بۆ نەتەوەی کورد دەخولقێنێت.

هێژای گۆتنە لەلایەن نەتەوەییەکانی کوردەوە ساڵانێکە بۆ ئەو دەڤەرەی کوردستان ناوی پارێزگەی ورمێ بەکار دەبرێ، ئەمەش وەک بەرپەرچدانەوە و بەرگریکردن لەو دەڤەرەی کورد و کوردستان لە بەرامبەر سیاسەتی رەگەزپەرستانەی ترک و فارس.

به کورتی، شەڕی نەغەدە بوو بە سەرەتای جێنۆسایدی کورد لەو شارە. لە درێژەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی هاوبەشی دەسەڵاتدارانی فارس و ترکی هەرێمەکە، گوندەکانی قاڕنێ، قەڵاتان، ئیندرقاش، سۆفیان و سەرۆکانی و چەندین گوندی دیکە قەڵاچۆکران. لە ماوەی (43) سالی رابردوودا رێژەی دانیشتووانی کوردی نەغەدە بەردەوام رووی لە کەمبوونە. ئەمەش بە هۆی دانەمەزراندن لە کارگە و فەرمانگەکان و نەبوونی خزمەتگۆزاریی لە گەڕەکی کوردان، هەروەها گۆڕینی ناوی گەڕەک و کۆڵان و گوند و ئاسەواری مێژینەی ناوچەکە لە کوردییەوە بۆ ترکی و فارسی. هەڵاواردن لە بەڕێوەبردنی داو و دەسگەی حکوومەت. سەرباری ئەمانەش بە هۆی هەڵکشانی دەمارگرژیی نەتەوەیی ترکەوە، ترسێکی بەردەوام لەنێو کوردی شاری نەغەدە و دەوروبەری هەیە، چارەنووسی خۆی لێڵ و نادیار دەبینێ. ئەم کەند و کۆسپانە بوونەتە هۆکار کوردی نەغەدە روو بکاتە دەڤەر و هەرێمی دیکەی کوردستان و شاری نەغەدە جێ بهێڵن.

شاری نەغەدە مێژوویەکی کۆنی (7000)ی هەیە. لە کۆندا ناوی سندۆس (سندژ) بووە بە واتای قەڵای شەهێن، وەک سنەدژ (ساناندژ/سنە، وەک شاهیندژ و هیتد. لە نەغەدە و دەوروبەری ئاسەواری مێژوویی زۆر دۆزراونەتەوە و مێژوویان دەگەریتەوە بۆ چەند هەزار ساڵێک پێش ئێستا. هاتنی ترکان بۆ سەرووی کوردستان و دەڤەری نەغەدە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی هێرشی سوپای

مەغۆل. **لە** دوو سەدەی رابردووش بەملاوە کە **ترک لە نەغەدە نیشتەجێبوون**، **پێکهاتەی شار و دەوروبەری بوو بە دوو نەتەوەی کورد و ترک** (**هۆزی قەرەپەپاخ**). **هاتنی هۆزی قەرەپەپاخ بۆ نەغەدە** دەگەڕێتەوە بۆ نێزیکەی (200) ساڵ لەمەوبەر **فەتحعەلیشای قاجار** کە بە رەگەز **ترک** بوو، لە **ترکمانستانەوە** ئەم هۆزەی نارد بۆ **نەغەدە** و دەسیانگرت بە سەر زەوی و زاری دانیشتووانی کوردی نێوچەکە.

## یەکالاکردنی دەسەڵات لەلایەن چینی ئاینی و راگەیاندنی فتوای جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد!

لە سەروبەندی رووخانی رژێمی پاشایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە زۆربەی شارەکانی هەردوو پاریزگەی ورمێ و سنە بنکە و بارگەی دامەزراند. هەر لە سەرەتاشەوە سەرۆکایەتیی حیزب، وەک حزبێکی ناسراوی خاوەن رابردوو دەیروانییە پلە و پێگەی مێژووی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و خەباتی خوێناویی دەیان ساڵەی، بە مافی سروشتی و رەوای خۆیدەزانی، خۆی گوتەنی: (رێبەری جووڵانەوەی گەلی کورد بێت لە کوردستانی ئێران!)، بەڵام دوو کێشەی نەخوازراو هاتبوونە سەررێی ئەم ویست و هیوایەی حیزب، یەکەمیان: بەرفرەبوونی ناوبانگ و رێز و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شێخ عێزەدین حسێنی بوو نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە ئاستی کۆڕوکۆمەلەی سیاسی و میدیای ئێران و دەرەوەی ئێرانیش بە دەمڕاست و گوتەبێژ و سەرۆکی بزاڤی رۆژهەڵاتی کوردستان نێوی رۆییبوو. دووەم: سەرهەڵدان و گەشەکردنی خێرای رێکخراوێکی تازەدامەزراوی سەر بە هێڵی چەپی توندئاژۆی مارکسیست-لینینیست بوو بە ناوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران. کۆمەڵە سەر بە رێبازی مائۆ تسەتۆنگ رێبەری وڵاتی چین بوو، بە لاساییکردنەوە لە بۆچوونی مائۆ لە بارەی وڵاتەکەی، کۆمەڵەش سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێرانی بە نیوەکۆلۆنی-نیوە دەرەبەگایەتی دەزانی، حدکایشی

به نوێنەری چینی دەرەبەگ و سەرمایەداری کورد لە قەڵەمدەدا. کۆمەڵە هەروەها ئامانج و ستراتیژی هەڵگیرسانی شۆرشی جۆتکاری بوو لە گوندەکانەوە بەرەو داگیرکردنی شارەکان و دامەزراندنی کۆماری دیمۆکراتیکی گەل لە ئێران.

کۆمەڵە لە سەرەتای خۆئاشکراکردنییەوە بۆ گەشەکردنی ڕێکخراوەکەی هاوکاری و پێوەندیی نێزیکی لە گەڵ شێخ عێزەدین حسێنی هەبوو، هاوکات ئەرکی پاراستنی شێخی بە ئەستۆ گرتبوو. لە باشووری کوردستانیش مامجەلال تالەبانی پشتگیری و گەشەی کۆمەلە و پاراستن و پشتیوانیکردنی شێخ عێزەدینی لە بەرژەوەندیی خۆی و یەکێتیی دا دەدیت، چۆنکە (ی.ن.ک.) پێویستییەکی زۆری بە پاشبەرەیەک بوو بۆ حەوانەوەی نەخۆش و بریندار و دەسخستنی چەک و کۆ کردنەوەی دراڤ کە لەو کات و رۆژانەدا یەکێتیی لە دۆخێکی زۆر دژواردا دەژیا. یەکێتیی هەروەها کەوتە هەوڵدانێکی بەرفرە کە بتوانێ لە ڕێگەی کۆمەڵە و دۆستانی نێزیکییەوە لە رۆژهەلات پێگەی سیاسی و ناوبانگی خۆی بە هێز بکا، نەیارە کۆنەکەی (بنەماڵەی بارزانی) و (قیادە موقت) لە رۆژهەڵات لاواز بکا، ئەگەریش بۆی چووەسەر لە رۆژهەڵات دەریانپەڕێنێ! لە ئاستی ئێرانیش چەندین نامەی نارد بۆ کاربەدەستانی ئێران و ئەوە بوو چەند رۆژێک دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامیی، مامجەلال چوو بۆ تاران و لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران کۆبوونەوەی کرد، لە وتوویژی لە گەڵ رۆژنامەی (اطلاعات) رێکەوتی 12/3/1979 گوتی: "بنەماڵەی

بارزانی و هاوکارەکانی وەک جەوهەر نامیق و کەریم سەنجاری سەر بە ساواک و سیخوڕی ئیسرائیلن، سامی عەبدولڕەحمانیش پیاوی میتی ترکیایە!".

کاربەدەستانی ئێران چاودێریی ڕەوتی ناکۆکیی نێوان لایەنەکانی کوردی باشوور و ڕۆژهەلاتیان دەکرد، ئەگەرچی ئامادەبوون چاویان بە تالەبانی بکەوێ و داوای لێبکەن دەست لە کاروباری ڕۆژهەلاتی کوردستان وەرنەدا بەڵام متمانەیان نەدەکرد پێی، لەبەر چەند هۆیەک متمانەیان بە قیادە موقت و بنەماڵەی بارزانیی بوو. سەرلەبەری ئەندامانی سەرکردەیەتی و بنەماڵەیان و هۆزی بارزان و ئەندامانی حیزبەکەشیان لە شارەکانی ئێران و لە پارێزگەی ورمێ دەژیان. بنەماڵەی بارزانی و قیادە موقت و خەڵکەکەی و لایەنگرانی جێگە و شوێنی دیکەیان نەبوو بۆی بچن. لەبەر ئەوە چارەنووسیان گرێدرابوو بە بڕیاری ڕژێمی ئیسلامیی ئێرانەوە. کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی ڕۆژهەلات دەبوو لەم دۆخە هەستیارەی بنەماڵەی بارزانی و قیادە موقت و خەڵکەکەی تێبگەن، چەند دەتوانن هەوڵبدەن بۆ دڵنیاکردنیان کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێتە گۆڕەپانێک بۆ دژایەتیکردنیان!

بە کورتی، ئەو درۆشمانەی لە خۆپێشاندانی شارەکانی پارێزگەی ورمێ و سنە لە ڕێگەی ئەندامانی ئاشکرا و نائاشکرای کۆمەڵە لە دژی بارزانی و قیادە موقت و بە پشتیوانی لە مامجەلال لەنێو خەڵک بڵاو دەکرانەوە، وەک درۆشمی: (کێ بوو سلێمانی کوشت؟ کێ بوو دوکتۆر شوانی کوشت؟ بارزانی بوو

بارزانیی)، (مامجەلال تاڵەبانی تۆ هیوای کوردستانی!) ئەمانە و گەڕانەوەی مامۆستا ئەوڕەحمان زەبیحی (13*) هاوڕێی دێرین و نێزیکی تالەبانی و برایم ئەحمەد و نەیاری بنەماڵەی بارزانیی بۆ رۆژهەڵات و سەردانی بۆ لای شێخ عێزەدین و سەلاح موهتەدی ئاماژەی روون بوون بۆ هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی مامجەلال و یەکێتیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بەو شێوەیە هەر لە رۆژانی سەرەتای بزاڤی رۆژهەلاتی کوردستان، کۆمەلە لایەنێکی کاریگەر بوو بۆ تێوەگلانی بزاڤە ساواکەی رۆژهەلات لە کێشەی خوێناوی و تەژی لە کارەساتی شەڕی نێوخۆیی باشووری کوردستان و، بە نەزانی لە گواستنەوەی گۆڕەپانی شەڕی نێوان یەکێتی و قیادە موقت لە باشوورەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان رۆڵی دیار و بەرچاوی گێڕا.

لێرەدا پێویستە ئەو راستییە بڵێین کە لەو کات و رۆژانەدا شێخ عێزەدین حسێنی کوردێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز و، بیروباوەڕی دوور بوو لە سیاسەتی درۆ و شەڕ و کێبەرکێی حزبایەتیی، ئاگاداری ئەو پیلانە چەوت و ناتەوەییانە نەبوو لە تەنیشت و دەور و بەرییەوە بەڕێوە دەچوون، پاش ماوەیەک کە بە وردی ئاگاداری کێشەکانی دەروبەری بوو، لە چەندین شوێن و جێگە لای ژمارەیەک کەسایەتی و هاوڕێ و پێشمەرگەی ولاتپاریز کە جێ متمانەی بوون، لەوانە نووسەری ئەم دێڕانە (سیروان کاوسی) گلەیی و گازندەی خۆی لە کردەوەی چەوت و ناڕاستی رێکخراوە و کەسایەتیی دەوروبەری نەدەشاردەوە.

هەوڵ و تێکۆشینی چەند لایەنەی (ی.ن.ک.) لە رۆژهەلات، لە لایەک حدکای مکوورتر کرد تێبکۆشێ بۆ پشتگوێخستنی شێخ عیزەدین و کۆمەڵە و لە ئاستی کوردستان و ئێران و دەرەوەی وڵات وەک نوێنەری راستینەی پرسی کورد بناسرێت، لەلایەکی دیکەشەوە، پیلانگێڕیی ئاشکرا و بەر بڵاوی یەکێتیی لە دژی قیادە موقت و بنەماڵەی بارزانیی لە رۆژهەلات کە بە هاوکاریی کۆمەلە و دۆستەکانی و زۆرینەی چەپی کوردی رۆژهەڵات بەڕێوە دەچوو، بوو بە هاندەر و پاڵنەریکی بە هێز کە قیادە موقت (سەرکردەیەتیی کاتیی) لە رژێمی تازەدامەزراوی کۆماری ئیسلامیی نێزیک بێتەوە. درێژەی ئەو دوو بەرەکییە کە کورد خۆی داڕێژەریبوو کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش ئاگرەکەی خۆشدەکرد بۆی، ئەنجامەکەی بوو بە لەشکرکێشیی سوپای پاسداران و سوپای ئێران، قیادە موقتیش بوو بە چۆخەسۆری بەر لەشکری داگیرکەر لە مەریوان و، پارێزگەی ورمێ سەتان پێشمەرگەی رۆژهەلات لە ئاکامی ئەو هێرشەدا تێداچوون، پارێزگەی ورمێ و بەشێک لە پارێزگەی سنە داگیر کرایەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بوو بە براوەی شەڕی براکوژیی کوردان...

لە رۆژی 28/3/1979 دەستەیەک لە نوێنەرانی حدکا بە سەرۆکایەتیی دوکتۆر ئەوڕەحمان قاسملوو چوون بۆ تاران و قۆم بە ناوی حیزبەکەیانەوە لەگەڵ خومەینی و کاربەدەستانی ئێران

وتوویژیان کرد. له بارەی ئەنجام و نێوەرۆکی گوتوبێژیان له گەڵ کاربەدەستانی ئێران غەنی بلووریان دەڵێ:

"بەر له ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی جۆری حکوومەت له ئێران چووین بۆ شاری قۆم بۆ دیدار لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینیی. له دەسپێکی دانیشتنەکەمان بێئەوەی خومەینی پرسیار بکات کێین و چیمان دەوێ؟ گوتی: هیچ جیاوازییەک له نێوان چین و توێژەکانی ئێران نییه، ئێمه هەموو موسڵمانین و خاوەنی مافی وەکیەکین...!". دوکتۆر قاسملوو گوتی: بەڕێز، ئێمه نوێنەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانین، هاتووینەته خزمەتت بفەرمووی، وتەی نوێنەری خۆتان قبووڵه که له شاری سنه گوتی: خەڵکی کوردستان له ڕێگەی هەڵبژاردنی شۆرایەکی فەرمیی دەتوانن کاروباری خۆیان بەرنبەڕێوە. ئایەتوڵڵا تاڵەقانی له شاری سنه ئەم پەیامه پیرۆزەی به خەڵکی کوردستان دا، داوای ئێمه له بەڕێزتان ئەوەیه ئەگەر پەیامەکەی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی جێی ڕەزامەندیی ئێوەشه به فەرمی رایبگەیەنن بۆ ئەوەی ئێمه هەواڵی ئەم مزگێنییه گەورەیه به خەڵکی کوردستان رابگەیەنین و هانیان بدەین له ڕێفراندۆمی سەرتاسەریی بۆ دیاریکردنی سیستەمی سیاسی داهاتووی ئێران بەشداری بکەن!". ئایەتوڵڵا خومەینیی دوای تەواوبوونی قسەکانی دوکتۆر قاسملوو گوتی: ئەم داخوازییەی ئێوه ئەرکی دەوڵەتی هەندازیار بازرگانه، من ماندووم، دەبێ بڕۆم!

چووین بۆ لای بازرگان به ڕووی گەشەوه هات به پیرمانەوه، گوێی بۆ قسەکانمان شل کرد، ئێمەش کۆی قسەوباسێک له گەڵ خومەینیی بوومان گێرامانەوه بۆی. لەو دیدارەماندا تێگەیشتین، هەندازیار بازرگان ئەو هزر و روانینەی هەیه لەگەڵی بگەینه ئەنجامێکی باش، بەڵام کێشەکەی ئێمه ئەوه بوو

بە دەستی بەتاڵ چووین بۆ قۆم و تاران، هیچ نووسراوێکمان بەدەستەوە نەبوو وەک داخوازیی خۆمان بیدەین بە سەرۆکوەزیر و کاربەدەستانی رژێم. بە زمان پێشنیازی خۆمان گوت، ئەوانیش بە زمان و بەڵێندان وەڵامیان داینەوە، ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو، سەرەڕای ئەوەش کە خومەینیی دژایەتینەکردین و لەگەڵ سەرۆکوەزیر بازرگان توانیمان دیدار بکەین و بەشی زۆری قسەکانی ئێمەی پێ باش بوو، ئەمە شتێکی باش بوو، سەردانەکانمان بێسوود نەبوون. (بڕوانە بۆ پەرتۆکی بیرەوەریی غەنی بلووریان "ئاڵەکۆک" لاپەڕە 364 و 365).

لێرەدا دەتوانین کۆبوونەوەی شاندی حدکا لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی لە چەند لایەن و تەوەرێکەوە بدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لێ خاڵی گرنگی ئەو کۆبوونەوەیە پێمانیدەڵێ، سەرەرای ئەوەی کە دوکتۆر قاسملوو مرۆڤێکی زانا و سیاسەتکار بوو، زانایییەکەی بە هیچ لەونێک لەگەڵ رۆحۆڵلا خومەینیی بێ ئاگا لە سیاسەت و دنیای ئیمڕۆ بەراورد نەدەکرا و ناکرێت، بەڵام کە تۆ هەزار جار زانا و بلیمەتتر بی، مادام سەر بە نەتەوەیەکی بندەستی، ناچاری روو بنێی لە ناتێگەیشتووترین و دڕندەترین کاربەدەستی نەتەوەی باندەستی خۆت، جا ئێران بێت، ترکیا بێت، یان عێراقی سەردەمی سەددام وەک یەکە و جیاوازییان نییە، دەبێ بچێتە خزمەت، پێی بڵێی قوربان بۆ ئەوە هاتووین، ئەم داخوازییانەمان هەیە، بە فەرمی بفەرموون ئەو سووکەڵە مافەی داوای دەکەین ئێوە پەسندی دەکەن! کە دیارە نەک هەر خومەینیی، سبەینێ کوڕەکەی حەمەڕەزاشاش بگەڕێتەوە سەر دەسەڵات، هەر ئەوە هەڵوێست و بۆچوونی دەبێ

و له داهاتووشدا هەر کوردەکەیه کە دەبێ به ملکەچی و لارەملیی بچێته خزمەتی و تکای لێ بکا لایەک له حیزبەکەی و له مافی کورد بکاتەوە، ئەوکاتیش وەک ئەزموونی تاڵ و تفتی سەتان جارەی رابردوو بێ ئەنجام و بێ دەسکەوت دەست له ئەژنۆ درێژتر بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بڕیاری شەڕی چەکداریی بۆ زەمەنێکی نادیار بداتەوە.

سەرەڕای ئەو بە چاوینزم روانینەی خومەینیی بەرامبەر شاندی حیزبی دێمۆکرات پێشانیدا، سەرۆکایەتیی حیزب بڕیار دەدا داوا له خەڵکی کوردستان بکا له رێفراندۆمی دیاریکردنی حکوومەتی داهاتووی ئێران بەشداری بکەن، بەڵام شێخ عێزەدین حسێنی له رۆژی 26/3/1979 راگەیەندراوێک بڵاو دەکاتەوە، تێیدا دەڵێ: **له بەر ئەوەی هێشتا نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران روون نییه لێمان، له رێفراندۆم بەشداری ناکەم.**

کۆمەله و رێکخراوی چریکی فیدایی گەلی ئێران هەر ئەم هەڵوێستەیان نواند و رایانگەیاند له رێفراندۆم بەشدار نابن. دوکتۆر قاسملوو دوای ئاگاداربوون له هەڵوێستی شێخ عیزەدین له بڕیاری حیزب پاشگەز دەبێ و رایدەگەیەنێ حیزب له رێفراندۆم بەشداری ناکات! ئەمەش بێگومان هەڵوێستێکی بەجێبوو، چۆنکە له بەرامبەر رژێمی تازەی تاران کورد پێویستی به یەکبوون بوو، نەک دووبەرەکیی. ئەو یەکدەنگییه بۆ نێومالّی کورد و بەرامبەر رژێمی ئێران پێویست و بەجێ بوو. راپرسیی رۆژانی (30–31/3/1979) له ئێران و له کوردستانیش

بەڕێوەچوو. لە پاریزگەی سنە، خەڵک کەمتر لە 13% بەشدارییانکرد، زۆربەی دەنگەکانیش "نا" بوو بۆ کۆماری ئیسلامیی.

یەکڕیزیی کورد و بایکۆتکردنی ریفراندۆم لەلایەک، لە ئالی دیکەشەوە جگە لە چەککردنی نێوەندی ژاندارمری سنە، هەروەها گرتنی سەربازخانەی مەهاباد بە تۆپخانە و تانک و هەزاران پارچە چەک و پێداویستیی سەربازییەوە، لەگەڵ تاڵانکردنی چەکوچۆڵی سەدان پێگەی گەورە و بچووکی دیکەی سەربازی و چەکداربوونی خەڵک، لەمانەش گرنگتر رۆژهەڵاتی کورستان چۆنکە پاڵیداوە بە باشووری نیشتمانەکەی و سەردەمەکەش عێراقی سەردەمی رژیمی بەعس و سەددام حسێن بوو، رژێمی ئێران مەترسیی ئەوەی دەکرد سەددام حسێن و حیزبەکانی رۆژهەلات بگەن بە رێککەوتنێکی هاوبەش لە دژی رژێمی کۆماری ئیسلامیی. ئەمانە رێبەرانی کۆماری تازە دامەزراوی ئیسلامیی ئێرانی ناچار کرد بە فەرمیی بکەونە هەوڵی گفتوگۆ لەگەڵ کورد. لەلایەن هاشم سەباغیان وەزیری نێوخۆی دەوڵەتی کاتیی، شێخ عێزەدین حسێنی بانگهێشتکرا بۆ تاران.

شێخ عێزەدین نێزیک بە دوو مانگ دوای رێفراندۆم، لە مانگی گوڵاندا چوو بۆ تاران و قۆم، لە گەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی و سەرۆکوەزیر بارزگان و وەزیری نێوخۆ و چەندین بەرپرسی دیکەی کۆماری ئیسلامیی گفتوگۆی کرد. رۆحوڵڵا خومەینی لە

کۆتایی کۆبوونەوەکە بە شێخ عێزەدین دەڵێ: هێمنی و ئارامیی کوردستانم لە تۆ دەوێ! شێخ عیزەدین لە وەرامیدا دەڵێ: منیش خودموختاریی کوردستانم لە تۆ دەوێ!.

لە تاران خوێندکارانی زانستگەی پیشەیی شەریف سەمینارێک بۆ شێخ عێزەدین رێکدەخەن چەندین هەزار خوێندکار و رۆشنبیر و لایەنگری سەر بە حیزبەکان بەشداری سەمینارەکە دەبن. شێخ عێزەدین لە بەشێک لە قسەکانی دەڵێ: "ئەو ئاینەی خەڵک بە گژ یەکدادەدات، ئاینی خودێ و ئاینی ئاسمانیی نییە. سانسۆر و بەربەستکردنی چاپەمەنیی ئازاد، نموونەن بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستیی. پێشێلکردنی ئازادی لە هەر جل و بەرگێکدا بێت ئێمە شەرمەزاری دەکەین. ئێمە پشتیوانی لە چالاکیی هەموو حیزب و رێکخراوەی سیاسی و کۆمەلایەتی دەکەین. شۆرشی هێشتا بە ئامانجەکانی خۆی نەگەیشتووە، چۆنکە ئامانج لە شۆرش گۆرانکاریی بنەڕەتییە...!".

بیروباوەڕ و هەڵوێستی بوێرانە و دیمۆکرات و ئازادیخوازانەی شێخ عیزەدین لەنێو کۆڕ و کۆمەڵەی سیاسی و گەلانی ئێراندا دەنگدانەوەی زۆری بوو، هێندەی دیکە پێگە و نێوبانگی شێخی بڵاوکردەوە بە ئاشکرا بوو بە دەنگی رەوای نەتەوەکەی و هەموو ئازادیخوازان و گەلانی ئێران. کاتێک گەڕایەوە بۆ کوردستان، خەڵکی گوندەکان لە جادەی نێوان شارەکان بۆ پێشوازیکردنی ریزیان بەستبوو، لە شارەکان پێشوازیی گەورە و مێژوویی لێکرا و گەیشتەوە مەهاباد. مانگێک دواتر لە رۆژی 26/5/1979 وتارێکی بڵاوکردەوە و نووسی: رژێمی ئیسلامیی ئێران لە باتی

**ڕێگەچارەی ئاشتییانەی پرسی کورد، سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی چەک و تەقەمەنییە لەنێو بەکرێگیراوانی لە کوردستان. ئەگەر وریا نەبین ڕژێم دەیەوێ تووشی شەڕی نێوخۆییمان بکات!**

جگە لە **کوردستان** کە دەسەڵاتدارانی ڕژێم پێوەی سەرقاڵ ببوون هەروەها لە پارێزگەی **گوڵستان**، گەلی **ترکمان** لە ژێر کاریگەریی ڕێکخراوەی **چریکی فیدایی گەلی ئێران** و لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شۆراکانەوە نێوچەیەکی خۆموختاریان دامەزراندبوو. دوای چەند جارێک شەڕ و ئاگربەس و وتووێژ لە نێوان نێوەندی بەڕیوەبەرێتیی **گەلی ترکمان** و ڕژێمی ئێران، سەرەنجام سوپا و سوپای پاسداران و هێزی ژاندار بە تۆپ و تانک و فڕۆکە لە سەرەتای مانگی بەهار و لە ڕۆژی **3/4/1979** هێرشکرایە سەر پارێزگەی گوڵستان، شاری **گونبەدکاووس** وێران کرا چەند سەت کەس تێداچوون و، ژمارەیەکی زۆریش بریندار و بەدل گیران، لە نێویاندا چەندکەس لە بەرپرسانی ڕێکخراوی **چریکی فیدایی گەلی ئێران** و بەرپرسی **شۆراکان** لە لایەن **مەلا سادق خەڵخاڵی** نوێنەری تایبەتی **ڕۆحوڵڵا خومەینیی** بۆ گوللەباران و کوشتن و تۆقاندن لەسێدارە دران. هەرێمی خۆیبوونی ترکمان لەنێوبرا و، **چریکی فیدایی گەلی ئێران، دوای ئەو شکستەی لە ستانی گوڵستان تووشی هات، قورسایی هێزی چەکدار و بەشێک لە کادر و ئەندامانی گواستەوە بۆ کوردستان.**

دوای لەنێوچوونی هەرێمی خودموختاری **ترکمان**، ئەوجا سەرە هاتە سەر هەرێمی ژێردەسەلاتی عەرەب لە **خۆزستان**

(باشووری ڕۆژاوای ئێران). گەلی عەرەب لە هەرێمی خۆزستان زۆربەیان لە شار و شارۆچکەکانی ئەهواز، خۆرمشار، ئابادان، شادگان، هۆوەیزە، ماشەهر، حەمیدیە و شووش لە باشووری خۆراوای ئێران دەژین.

مێژووی نیشتەجێبوونی عەرەب لە باشووری خۆراڤای پەلاتی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ دوای لەنێوچوونی ئیمپراتۆریی ساسانی و سەردەمی دەسەلاتدارێتیی دوو بنەمالەی ئۆمەوی و عەباسی کە هۆزەکانی عەرەب لە دەشتی کاکیبەکاکیی بەردەڵان و زیخ و لمەوە بەرەو وڵاتانی ڕەنگین و زەنگین و بە پیت و بەرەکەت هێرشیانهێنا، لە خۆزستانیش وەک زۆر وڵاتی دیکەی ناعەرەب، عەرەبی تێدا نیشتەجێ بوو. لە سەردەمی ئیمپراتۆری سەفەویی، عەرەبی خۆزستان وەک زۆر گەل و نەتەوەی دی بە زۆری شمشێر بوون بە شیعە بەڵام بە درێژایی چەندین سەدە زمان و کولتووری خۆیان پاراست و لەنێو فارس و گەلانی سەردەستی دیکە نەتوانەوە. هەر لە کۆنیشەوە بیری دامەزرانی هەرێمی سەربەخۆ لەنێو زۆرینەی شێخ و سەرۆکهۆزەکان هەبووە و هەیە. لە سەروبەندی سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامیی، هزری سەرخۆبوون لە نێویاندا سەریهەڵدایەوە. چەندین ڕێکخراوە بۆ بووژانەوەی بیری نەتەوەیی عەرەبی دامەزران، دیارترینیان بریتیبوون لە: بەرەی ڕزگاریخوازی ئەهواز (جبهە التحریر اهواز)، ڕێکخراوی رامیاری گەلی عەرەبی موسڵمانی ئێران (سازمان سیاسی خلق مسلمان ایران) و، ڕێکخراوی موجاهدینی عەرەبی موسڵمان. ئەم

سێ ڕێکخراوەیە لە بەرەیەکی هاوبەشیان دامەزراند و پێکەوە لەگەڵ هەموو عەرەبی خۆزستان لە دەوری کەسایەتییەکی ئاینی و کۆمەڵایەتیی عەرەب بە ناوی ئایەتوڵا شێخ شوبەیر خاقانی کۆبوونەوە.

به فەرمانی شێخ شوبەیر خاقانی پارێزگاری لە سنووری نێوچەی عەرەبنشینی نێوان عێراق-ئێران سپێردرا بەو سێ ڕێکخراوە چەکدارەی عەرەب. دوای زیاتر لە نیو سەدە واتە لە سەردەمی ڕەزاشا و شێخ خەزعەڵ سنووری نێوان عەرەبی ئێران-عێراق، کەوتەوە دەستی عەرەبی خۆزستان. ڕژێمی سەددام بە بەلەم بە لێشاو هەموو چەشنە چەکی سووکەڵەی نارد بۆیان. گفتوگۆی ئەمانیش وەک گەلی ترکمان لە گەڵ ڕژێمی ئیسلامیی نەگەیشتە ئەنجام، چۆنکە ڕۆحوڵڵا خومەینی و دەوڵەتەکەی بڕوایان بە هیچ چەشنە سازانێک لەگەڵ نەتەوەکانی نافارسدا نەبوو. لە ڕۆژی چوارشەممە 30/5/1979 بۆ ماوەی سێ ڕۆژ سوپای پاسداران و هێزی زەریای و سوپای ئێران هێرشیانکردەوە نێوچەی عەرەبەکان، شەڕ و پێکدادانی گەورە لە شاری خۆرمشار ڕوویدا، بە وتەی دانیشتووانی شارەکە سەدان کەس بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی کوژران و لاشەیان فڕێدرایە نێو چەمی کاروون. دوای کۆتایی جەنگی خۆرمشار، جبرووتی فەرماندەی سوپای پاسدارانی خۆزستان، ژمارەی کوژراوی بە (70) کەس و ژمارەی بریندارییشی بە (400) کەس مەزندە کردبوو.

به کورتی له ماوەی نێزیک به پێنج مانگ دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی، هەرێمی ژێر دەسەلاتی ترکمان له باکووری خۆرهەلاتی ئێران و خۆزستان له باشووری رۆژاڤای ئێران له لایەن هیزی چەکداری ئێرانەوە داگیرکرانەوە. مایەوە سەر کوردستان که دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی بۆ داگیرکردنەوەی له بیری نەخشە و پیلانێکی بەربڵاوتردا بوون بۆی.

جگه له حیزبی توودەی ئاڵقه لەگوێی یەکێتیی سۆڤێت که هەر له سەروبەندی گەڕانەوەی رۆحوڵلا خومەینی بۆ ئێران له پێناو بەرژەوەندی یەکێتیی سۆڤێت سیاسەتی هاوکاری و چوونه ژێر چەتری کۆماری ئیسلامیی هەڵبژارد، بەرەی چەپی سەر به رێبازی مارکسیست-لێنێنیست و پێرەوی ستالین و مائۆ به ئێرانی و کوردەوە که باوەڕیان به دامەزرانی رژێمی کۆمۆنیستی بوو له ئێران، دوای شکانی بزاڤی ترکمان و عەرەب کوردستانیان به دواپێگه و قەڵای بەرخۆدانی خۆیان له دژی کۆماری ئیسلامیی دەزانی. له ماوەی چەند مانگێک کوردستان بوو به بنکه و پێگەی ئۆپۆزسیۆنی چەپی دژ به رژێمی ئیسلامیی. نازناوی "کوردستان سنگر انقلاب" (کوردستان مەتەرێزی شۆرش)یان بەخشییه کوردستان، که مەبەستلێی ئەوە بوو کوردستان گۆڕەپانی بەرخۆدانه بۆ پارێزگاری له شۆرشی لەدەسچووی گەلانی ئێران. ئەمانیش (چەپی شۆرشگێڕی ئێران) له کوردستانەوە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیی دەکەن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی شۆرشی گەلانی ئێران! هەروەها شۆرشی ئیسلامیی به سەرۆکایەتی رۆحوڵلا خومەینییان به "قیام" (هەڵچوون/رابوون/بزاڤ) له

قەڵەمدەدا نەک بە شۆرش. ئەم بۆچوونە هەڵەیەش لەوەوە دەهات کە کۆمۆنیستەکان تەنێ خەباتی چینایەتی و بە دەسەڵاتگەیشتنی چینی پرۆلیتاریا و چەوساوەیان بە شۆرش دەزانی، هەموو هەوڵ و بزاڤی دیکەیان بە کۆنەپەرست و ناشۆرشگێڕ نێوناسدەکرد و دەیانگوت لە خزمەتی بۆرژوازی و ئیمپریالیزمدایە و خزمەتی چینی کرێکار و سۆسیالیزم ناکا، چاویان لە ئاست ئەو راستییە دەنووقاند کە ئەوی لە ئێران روویدا شۆرشێکی لەسەتاسەت ئیسلامی و سەرکەوتنی ئیدۆلۆژی ئیسلامی سەر بە ئاینزای شیعە بوو لە ئێران.

ئەمە لە لایەک، لە ئالیی دیکەوە، لە قەڵەمدانی کوردستان وەک مەتەرێزی شۆرشی ئێران درۆشم و بیرۆکەیەکی دیکەی هەڵە بوو بۆ بە لاڕێدابردنی زیاتری خەباتی نەتەوەی کورد. بۆچی دەبێ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی شوێنی دیکەی نەبێت لە وڵاتەکەی خۆی خەباتی تێدا بکا، بێتە کوردستان و حیزبی سیاسیی کورد پێشمەرگەی خۆی بکا بە پاسەوان و بەردەستیان، بە قووتی خەڵکی رەشووڕووتی کوردەواریی بژین، لە کوردستان بە درۆشم و بەرنامە و ئیدۆلۆژیی چەوت و دژ بە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد، ئەلفوبێی ئێرانچێتیی فێری حیزب و رێکخراوەی کوردی بکەن؟ حیزب و رێکخراوەی کوردیش دڵخۆش بێت بەوەی کە لە خەباتی دژی کۆماری ئیسلامیی بە تەنێ نییە و هێز و لایەنی سیاسیی ئێرانی هەن کە پەیمانی هاوکاری و هاوخەباتی لە گەڵیاندا ببەستێ!

ڕۆحۆڵڵا خومەینی و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی هەر لە مانگی پووشپەڕی ساڵی 1979، لە ڕێگەی دەسگەی ڕاگەیاندنی وابەستەیانەوە پلانی هێرشی سەرتاسەریی بۆ کوردستانیان داڕشت. چەند حەفتەیەک تلەویزیۆن و ڕۆژنامەکانی سەر بە ڕژێم هەواڵی ناڕاستیان لە بارەی کوردستانەوە بلاو دەکردەوە. بۆ نموونە ڕۆژی دووشەممە 9/6/1979 ڕۆژنامەی (اطلاعات–چاپ دوم) لەسەر لاپەڕەی یەکەمی بە خەتی گەورە نووسیبووی: "دمکراتها (حیزبی دێمۆکرات) هێرشیانکردە سەر شارەکانی سەقز، سەردەشت، بیجاڕ، زەنجان، مەراغە، تیکاپ و میاندووئاو".

ئەمە لە کاتێکدا لە شارەکانی سەقز و تیکاپ و سەردەشت و بیجاڕ کە چوار شاری کوردستانن، حیزبی دێمۆکرات بە ئاشکرا بنکەی دانابوو، هەموو ڕۆژێک ئەندام و لایەنگیر و خەڵکی ئاسایی سەردانی دەکردن، ئەوجا شارەکانی مەراغە و زەنگانیش لە کوردستانەوە دوورن کە حیزب بتوانێت هێرش بکاتە سەریان. جگە لەم چەشنە پڕۆپاگەندانە، ڕژێم هەوڵیدەدا ئەو کێشەی لە گەڵ کورد هەیەتی بەناوی پێوەندیی کورد و ئەمریکا و ئیسرائیل پێشانی خەڵکی ئێرانی بدا و دۆخی سیاسیی کوردستان بە پیلانی زایۆنیزم و ئیپریالیزم بداتە قەلەم، بۆ ئەمەش ناوبەناو لە ڕۆژنامەی (کیهان) و (اطلاعات) دەیاننووسی چەندین سیخوڕی ئیسرائیل لە کوردستان لە لایەن هێزی چەکداری ئێرانەوە دەسبەسەر کراون!

ڕێکەوتی 27/5/1358 بەرامبەر بە (18/8/1979) لە شاری تاران هێزی چەکدار و هەزاران کەس لە پێڕەوانی ڕۆحوڵلا خومەینیی هێرشیانبرد بۆ سەر نێوەندەکانی ڕۆشنبیری و ئەکادمی و کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامە و گۆڤار و هەروەها نووسینگە و بنکەی چریکی فیدایی گەلی ئێران، نێوەندی یەکێتیی مافناس و یاسازانان، یەکێتیی نووسەران، ڕۆژنامەی صدای معاصر، ڕۆژنامەی برووسکە، ڕۆژنامەی آیندگان، ڕۆژنامەی چلنگر، حەفتەنامەی پیغام امروز، ڕۆژنامەی آهنگر، نووسینگەی جبهه دمکراتیک ملی ایران، زانستگەی تاران و چەندین شوێنی دیکە، بە درۆشمی الله اکبر خومەینیی رهبر هەرچییەکی تێدا بوو سووتێندرا و فڕیدرانە سەر جادە و شەقام و کۆڵانەوە. هەرکەسێکیش بەر لەپیان کەوت دەسبەسەریان کرد و بران بۆ بەندیخانە و شکەنجەگەکانی رژێم.

ئەم هێرشە بەربڵاوەی رژێم بۆ سەر نێوەندەکانی ڕۆشنبیری و چاپەمەنیی ئازاد و دێمۆکرات بۆ ئەوە بوو لە کاتی هێرشکردن بۆ سەر کوردستان، ئەم دەسگە و نێوەندە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییانە نەتوانن ڕووی ڕاستینەی ئامانجی رژێم بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن و، تاوانەکانی سوپای ئێران بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە چاو خەڵکی ئێران و دنیای دەرەوە بشارنەوە.

ڕۆژیک دوای داخستنی ڕۆژنامە و نێوەندەکانی ڕۆشنبیریی لە تاران، لە ڕۆژی 28 مرداد 1358، (19/8/1979) ئایەتوڵلا

ڕۆحوڵڵا خومەینیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی لە بەردەم کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی فراوان کە لە تەلەفزیۆنی فەرمیی ڕژێم ڕاستەوخۆ بڵاودەکرایەوە، فتوای جیهادی لە دژی نەتەوەی کورد دەرکرد. لە پێشدا سوورەی ( **الفتح 48**) **ئایەتی (29)ی قورئانی خوێندەوە: "اشداء علی الکفار رحماء بینهم" ئەوجا فتواکەی بەم وشانە دەربڕی: "این توطئەگرها در سطح کفار واقع هستند. این توطئەگرهای در کردستان و غیره در سطح کفار واقع هستند. با آنها باید با شدت رفتار کرد. دولت با شدت رفتار کند! ژاندارمری با شدت رفتار کند. ارتش با شدت رفتار کند. اگر با شدت رفتار نکنند، ما با آنها با شدت رفتار می کنیم".** (**بڕوانە بۆ لینکی فتوای جیهادی ڕۆحوڵڵا خومەینی لە بەشی سەرچاوە**)

کوردییەکەی: (**ئەم پیلانگێڕانە لە ڕیزی پێشەوەی بێدینانن. ئەم پیلانگێڕانە لە کوردستان و شوێنی دیکە لە ڕیزی پێشەوەی بێدینانن. دەبێ بە زۆر وەڵامی ئەمانە بدرێتەوە. دەوڵەت بە زۆر هەڵسووکەت بکات لە گەڵیان، ژاندامری بە توندی بەرەنگاریان بێتەوە، سوپا بە زۆر بەرەوڕوویان بێت، ئەگەر بە توندی بەرەڕوویان نەبنەوە، ئێمە بە زۆر بەرەروویان دەبینەوە**).

بە دوای فتواکەی خومەینیی، ئەوجا سەرکۆمار ئەولەسەن بەنی سەدر لە گۆڕەپانی ئازادیی شاری تاران فەرمانیدا بە سوپای ئێران و گوتی: **تا کوردستان سەرکوت نەکەن، مافی ئەوەتان نییە پۆتینەکانتان لە پێ دەربێنن!**

هەر ئەو ڕۆژە دەیانهەزار کەس لە پێڕەوانی ڕۆحوڵڵا خومەینیی خۆبەخشانە لەگەڵ هێزی چەکداری ئێران بەرەو کوردستان هێرشیانهێنا. **ڕێکخراوەی موجاهدینی گەلەی ئێران بۆ**

پێشاندانی بەجێهێنانی فتواکە و نیازپاکییان بەرامبەر ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی، سەتان ئەندامی موجاهدینی نارد لە فڕۆکەخانەی کرماشان و پێگەی ئاسمانیی هەوانیرووزی کرماشان مانەوە، ئەگەر پێویستیان بە هێزەکەیان بوو بەکاریان بهێنن.

لەشکری بێژوماری ئێران سەرەتا ڕوویکردە شاری پاوە و نێوچەی هەورامان. چوار ڕۆژ بەر لە دەرکردنی فتواکەی ڕۆحوڵڵا خومەینیی لە شاری پاوە و دەوروبەری بە تایبەتیی لە شارەدێی قۆریقەڵا (لە نێوان ڕوانسەر و پاوە هەڵکەوتووە) شەڕەتەقە لە نێوان ئازادیخوازانی شار و پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە لە دژی لایەنگرانی ئەحەمەو موفتیزادە و بنکەی ژاندارمری و ژمارەیەک مەلا و موسڵمانی سەر بە ڕژێمی ئیسلامیی ڕوویدابوو. بەشداریی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە لە شەڕی پاوە هۆکاربوو جگە لە دوو پێگەی سەر بە ڕژێم نەبێ، تەواوی شار بکەوێتە دەستی خەڵک و پێشمەرگەوە. دوای فەرمانەکەی خومەینیی، سوپای ئێران بە فەرماندەیەتیی مستەفا چەمران گەیشتە هەرێمەکە بە هەلیکۆپتەر هێز گوێزرایەوە بۆ شاری پاوە، لە ئاکامی هێرشی بەربڵاوی سوپای ئێران گەمارۆی سەر ئەو دوو پێگەیە شکا و لە ماوەی سێ ڕۆژدا شار بە تەواوەتیی کەوتە دەستی هێزەکانی ئێرانەوە. ژمارەیەک کوردی شارەکە دەسبەسەر کران و لە لایەن سادق خەڵخاڵییەوە گوللەبارانکران.

لێرەدا پێویستە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین، بۆچی لەشکری ئێران لەباتی ئەوەی لە پێشدا بەرەو شارە گەورەکانی وەک سنە و سەقز مەهاباد و بۆکان بڕوات، روویکردە شارۆچکەی پاوە کە لە نێوچەیەکی دوورەدەست و شاخاوی و سەخت و رژد هەڵکەوتووە!؟ کە سەربازخانەی گەورە و نێوەندی دیکەی گرنگی لێ نەبووا؟ ئەمە لە لایەک، لە ئالیی دیکەشەوە ناکۆکیی نێوان بەرەی چەپ و حیزبە سیاسییەکان لە دژی لایەنگرانی رژێمی ئیسلامیی لە شاری سنە زۆر قووڵتر و بەربلاوتر بوو لە ناکۆکیی ئەو دوو لایەنە لە شاری پاوە. لە شارەکانی سەقز و سنە و مەریوانیش وەک پاوە ناکۆکی و دژایەتیی توند لەنێوان لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی و بەرەی خەڵک و حیزبە سیاسییەکاندا هەبوو، بۆچی پاوە لەلایەن رژێمی ئیسلامییەوە ئەو گرنگی و بایەخی پێدرا بەر لە هەر شوێنێکی دیکەی کوردستان داگیر بکرێتەوە!؟

هەورامان لە نێوان شاری کرماشان و مەریوان و سنە هەڵکەوتووە، بەلای رۆژاڤاشەوە هاوکەوشەنە لەگەڵ هەورامانی ئەو دیو (باشوور) و دەشتی شارەزوور و شاری هەڵەبجە. لە هەورامانەوە بەرەو ناوچەی ژاوەرۆی سنە و کامیاران و مەریوان و کرماشان لە سەدان چیای سەرکێش و دۆڵ و داوێنی سەخت و چەندین لووتکەی بەرزی وەک عەوالان و شاهۆ و داڵەهۆ پێکهاتووە. بۆ رژێمی ئێران هەرێمی هەورامان و ئەو دەڤەرە بە گشتی بە نێوچەیەکی گرنگی ستراتیژیی دەژمێردرا و، گەر ئەو

هەرێمە بەربڵاوە سەختە لە دەستی حیزب و هێزی چەکداری کورد بمایە، پێگە و شوێنی خۆیان تێدا قایم دەکرد، وەک سالانێک دواتر پێ کێ کێ  بە هۆشیاری و دووربینی چوو بۆ **قەندیل**، ئەوا **هەورامان** و ئەو نێوچە سەختەی زاگرۆسیش، دەبوو بە قەڵایەکی سەخت و پۆڵایین کە گرتنی بۆ سوپای ئێران زۆر ئەستەم دەبوو.

دوای داگیرکردنی **پاوە** لەشکرێکی گەورە بە فەرماندەیەتیی **مستەفا چەمران** شاری **مەریوانی** داگیر کرد. هێزێکی پۆشتە و پەرداخی دیکە لە **کامیارانەوە** بەرەو پارێزگەی **سنە** چوو. لە شاری **سنە** بە پێی بۆچوون و لێکدانەوەی **کۆمەڵە** و **رێکخراوی چریکی فیدایی گەلی ئێران** بڕیاریاندا لەنێو شاردا شەڕ نەکەن. چوونە دەرەوە. سوپای رژێم بێ تەقە شاری داگیر کرد. بەشێکی سوپا لە **سنە** مایەوە، بەشەکەی دیکەی بەرەو جادەی **سەقز** کەوتەڕێ. هاوکات هێزێکی دیکەی رژێم لە **تاران** و **هەمەدانەوە** بەرەو جادەی شاری **بیجاڕ** چوون لە گوندێکی سەر جادەی **سەقز** بە ناوی **ئێرانشا** لەگەڵ هێزەکەی لە سنەوە هاتبوون یەکیانگرت و هێرشیانبرد بۆ **سەقز**. لە شاری **سەقز** بۆ ماوەی چوار رۆژ بە پشتیوانی و هاوکاریی پێشمەرگەی **یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان** بەرگرییەکی کەموێنە و مێژوویی کرا، بوو بە شەڕێکی ورەبەخش بۆ پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان. بە پێی راپۆرتی هێزەکانی رژێم لە **سەقز** لە ماوەی ئەو چوار رۆژەدا زیاتر لە (1200) کەسیان لێکوژرا.

لەسەروبەندی لەشکرکێشیی سوپای ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردستان، رۆحوڵڵا خومەینی بە نامەیەکی فەرمیی شێخ سادق

خەڵخاڵی کرد بە حاکم شەرع (دادپرسی ئیسلامی) و ناردی بۆ کوردستان و، نووسی بۆی:

بسمه تعالی ٢٦ع ١/٩٩

جناب حجت الاسلام آقای حاج شیخ صادق خلخالی دامت افاضاته.

بجنابعالی ماموریت داده میشود تا در دادگاهی که برای محاکمه متهمین و زندانیان تشکیل میشود حضور بهمرسانده و پس از تمامیت مقدمات محاکمه با موازین شرعیه حکم شرعی صادر کنید.

روح الله الموسوی الخمینی.

کوردیەیەکەی: (بە ناوی خودێ

26ع 1/99

بەڕێز حوجەت الئیسلام(*) حاجی شێخ سدیق خەلخالی، چاکە و بەخشەندەییتان بەردەوام بێت.

بەڕێزت ئەرکدار کراوی ئامادەبی بۆ پێراگەیشتن بەو دادگەیەی کە بۆ لێپرسینەوەی تۆمەتباران و زیندانییەکان پێکدەهێنرێت. دوای تەواوبوونی کاری لێپرسینەوە و دادگەییکردنیان، بە پێی یاسا و پێوەرەکانی ئیسلام بڕیار لە سەریان بدەن.

ڕۆحوڵڵا مووسەوی خومەینی.

(*- حوجەت الائیسلام پێشناو و نازناوی توێژێکی مەلای شیعەیە کە پلەی ئاینییان لە ئایەتوڵڵا نزمترە).

(بڕوانە بۆ دەقی نامەکەی خومەینیی لە بەشی سەرچاوەدا دانراوە-ن). لە گەڵ داگیرکردنی شارەکانی پاوە، سنە، مەریوان و سەقز، شێخ سادق خەڵخاڵی لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا زیاتر لە (50) کەسی

گوللەبارانکرد. ئەو کوردانەی حوکمی کوشتن بەسەریاندا سەپێندرا لە سیاسی و ئەندامی حیزبەکان و دووکاندار و کاسپکار و کرێکار و هاژۆری تاکسی پێکهاتبوون، گرنگ نەبوو کێن و چییانکردووە؟ گرنگ ئەوە بوو کوردستان داگیر بکەن، خەڵک چاوترسێن بکەن، لە حیزبەکان و لە بیری نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازیی دوور بکەونەوە.

به کورتی، لە ماوەی (15) رۆژ لە شاری **پاوە تا مەهاباد** داگیرکرا (19/8/1979–4/9/1979) و خۆرهەڵاتی کوردستان پێینایە قۆناخی یەکەمی بەرخۆدانی چەکداریی کە لە مێژووی خەباتی نوێ و وێژەی سیاسیی رۆژهەلاتدا بە **(شەڕی سێ مانگە)** تۆمار کراوە.

بڕیاری حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بۆ دەسپێکردنی شەڕی پارتیزانی و پشتیوانیی دڵسۆزانە و هاوکاری مێژوویی خەڵکی شار و گوندی کوردستان لەگەڵ پێشمەرگە، بوو بە هۆی شکستی یەک لە دوایيەکی سوپای ئێران لە هەموو بەرەکانی شەڕ. **رۆحۆڵڵا خومەینی (وەلی فەقیە)** بە پەلە شاندیکی نارد بۆ کوردستان و، لەسەر داوای فەرماندەکانی سوپاکەی، لە رۆژی هەینی 26/8/1358ی هەتاوی (17/11/1979یزایینی) ناچارما فتوای جیهادەکەی بۆ قەڵاچۆکردنی خەڵکی کوردستان دابووی، لە بیری خەڵکی چاو و گوێبەستراوی ئەوکاتی ئێرانی بەرێتەوە، ئاگربەس رابگەیەنێت. پەیامێکی بڵاوکردەوە و، نووسی:

**"پیام به خواهران و برادران کرد**

26 آبان 1358، (17/11/1979یزاینی)

سلام بر خواهران و برادران کرد!

اینجانب می دانم که در حکومت موقت هم آنطور که خواست شما و ملت است رسیدگی نشده و من امیدوارم که برای همه‌ی ملت و برای شما برادران کرد وسائل رفاه حاصل شود.

از هیأت ویژه می خواهم که به مذاکرات خود با کمال حسن نیت ادامه دهند؛ و با شخصیتهای مذهبی و سیاسی و ملی و سایر قشرها تماس بگیرند، تا تأمین خواسته‌های آنان، که خواست ما نیز هست به طور دلخواه بشود؛

اسلام بزرگ تمام تبعیض ها را محکوم نموده. در پناه اسلام و جمهوری اسلامی حق اداره‌ی امور داخلی و محلی و رفع هر گونه تبعیض فرهنگی و اقتصادی و سیاسی متعلق به تمام قشرهای ملت است، من جمله برادران کرد، که دولت جمهوری اسلامی موظف و متعهد به تأمین آن در اسرع وقت می باشد".

سەرچاوە: (صحیفه امام، ج 11 ص 55 سایت 'پرتال امام خمینی').

کوردییەکەی: (پەیامێک بۆ خوشک و برایانی کورد

ڕێکەوتی: (17/11/1979)

سڵاو لە خوشک و برایانی کورد!

دەزانم تەنانەت لە حکوومەتی کاتییشدا وەک پێویست داخوازیی ئێوە لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرا. هیوامواپە بۆ هەموو نەتەوە و بۆ ئێوە برایانی کورد خۆشگوزەرانی دابین بکرێت.

داوا لە شاندی تایبەت دەکەم لە وتووێژەکانی بەردەوام و نیازپاک بێت، پێوەندیی بگرێ بە کەسایەتیی ئاینی و سیاسی و نەتەوەیی و توێژەکانی

دیکەوە، بۆ ئەوەی داخوازییەکانیان دابین بکرێن کە داخوازیی ئێمەشن، ڕەزامەندیی هەموو لایەکی لە سەر بێت).

ئیسلامی مەزن هەموو هەڵاوردنێکی شەرمەزار کردووە. لە ژێر چەتری ئیسلام و کۆماری ئیسلامیدا مافی بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆیی و خۆجێی ڕەچاو دەکرێت، هەر چەشنە هەڵاواردنێکی فەرهەنگی، ئابووری و سیاسی سەر بە هەموو چین و توێژەکانی نەتەوە بنەبڕ دەکرێت بە برایانی کوردیشەوە، کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی پێبەند و ئەرکدارە بە زووترین کات دابینی بکات).

سەرچاوە: (سەحیفە ئیمام، بەرگی 11، ل 55، ماڵپەڕی "پۆرتاڵی ئیمام خومەینی").

کەمتر لە مانگێک دوای پەیامەکەی خومەینیی، لە ڕۆژی شەمە (20)ی سەرماوەزی ساڵی 1358 (11/12/1979یزاینی) شاندی حکوومەتی ئێران بە سەرۆکایەتیی داریووش فرووهەر (وەزیری کار لە دەوڵەتی کاتی و ڕێبەری حیزبی ناسیۆناڵی ئێران، بە ڕەچەڵەک کوردی لۆڕستان) گەیشتە شاری مەهاباد. بە پێچەوانەی وتووێژەکانی پێشوو کە لە شاری سنە بەڕێوەچوون، ئەمجارەیان شاندی ئێران شاری مەهابادیان هەڵبژارد ئەمەش وەک لاوازکردنی ڕۆڵی بەرەی چەپ بوو بە سەر وتووێژەکان کە لە کۆمەڵە و ڕێکخراوی چریکی فیدایی گەلی ئێران پێکهاتبوون. لە دەسپێکی کۆبوونەوەی مەهاباد، شاندی کۆماری ئیسلامیی هەوڵیدا ناکۆکیی بخاتە نێو دەستەی نوێنەرێتیی گەلی کوردەوە، دوای ئەوەی مامۆستا شێخ عێزەدین پێکهاتەی نوێنەرانی کورد بە شاندی حکوومەت دەناسێنێ، هەندازیار هاشم سەباغیان وەزیری

نێوخۆ و ئەندامی شاندی حکوومەت، روو دەکاتە دوکتۆر قاسملوو دەڵێ: ئەو دوو حیزبە کۆمۆنیستن و ئێمە رازی نین کۆبوونەوەیان لەگەڵ بکەین! دوکتۆر قاسملوو لە وەرامیدا دەڵێ: پێکهاتەی دەستەی نوێنەرێتیی کورد، پێوەندیی بە کورد خۆیەوە هەیە. گەلی کوردستان لە خۆپێشاندانێکی سەرتاسەریی کە رۆژی (6ی خەزەڵوەر) بەڕێوەچوو، پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەم پێکهاتەیەی ئێستا دەربڕیوە! بە قسەکەی دوکتۆر قاسملوو شاندی رژێم بێدەنگدەبن و کۆبوونەوە دەسپێدەکەن.

ماوەی زیاتر لە چوارمانگ رژێمی ئیسلامی لە باتی وتووێژ بۆ رێککەوتن و چارەسەرکردنی پرسی کورد، سیاسەتی ناکۆکی و تەفرەدانی پێڕەو کرد. دووڕوویی و ناپاکییەکی تەواو لە قسە و لێدوانی شاندی رژێم بەدیدەکرا. لە کوردستان شتێکیان دەگوت بە دڵی کورد بێت، لە تارانیش پێچەوانەی ئەوە لێدوانیاندەدا. ئەم راستینەیەش کاتێک زیاتر ئاشکرابوو کە گۆڤاری "چشم انداز ایران" (دیمەنی ئێران) لە چەند ژمارەیەکی تایبەت بە کوردستان وتووێژی لەگەڵ دەستەیەک لە کاربەدەستانی ئەوکاتی ئێران ئەنجامدا و، نووسەری ئەم دێڕانە (سیروان کاوسی) لە گۆڤاری کۆنگرە-زمانڕەوشی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، ژمارە (37)، (38) (39)ی ساڵی 2006-2007 لە ژێر سەردێڕی ململانێی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە بە دوور و درێژی لەسەری نووسیم و خوێنەرەوە دەتوانێ لە ماڵپەری کۆنگرە بیانخوێنیتەوە! لێرەدا چەند دێڕێک لە لێدوانی

ئەو سەردەمەی کاربەدەستانی ئێران وەک نموونە دەنووسینەوە کە ئامانج و بیروباوەڕیان بەرامبەر پرسی کورد چۆن بووا؟

جگە لە هاتنی شاندی فەرمیی رژێمی ئیسلامیی بۆ مەهاباد، رۆحۆڵلا خومەینیی نوێنەرێکی تایبەتی خۆی بە ناوی ئایەتۆڵلا شێخ حسێن کرمانی دەنێرێ بۆ کوردستان لە نێزیکەوە چاودێریی رەوتی کۆبوونەوەکان بکات. شێخ حسێن کرمانی لە دیمانەی چشم انداز ایران (دیمەنی ئێران) ژمارەی تایبەتی کوردستان وەرزی پایز، ساڵی 1384 ژمارە () لاپەڕەی (9) دا دەڵێ:

**بە منیان گوت شاندێکی نیازپاکیی دەوڵەت دەچێت بۆ کوردستان، منیش بڕۆم لە نێزیکەوە لە گەڵیان بم، ئەندامی شاندەکە نەبم، بەڵام چاودێرییان بکەم بزانم چ دەکەن!؟ منیش چووم رۆژێکیان بانگی بەڕێز ھەندازیار ھاشم سەباغیانم کرد، گوتم کارێکی تایبەتم ھەیە پێت! من بووم و ھاشم سەباغیان و ھەندازیار سەحابی! گوتم: ئێوە بەراستی بە تەمان لەگەڵ ئەمانە گفتوگۆ بکەن؟ ئایە ئەمانە بە فەرمیی دەناسن و بایەخیان پێدەدەن؟ ئێوە حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە بە فەرمیی دەناسن!؟ دەتانهەوێ چ بکەن!؟ ھەندازیار سەباغیان گوتی: ئێمە لە دۆخێکی باشدا نین، دەبێ سەرقاڵیان بکەین کێشەکە لەوەی کە ھەیە گەورەتر نەبێ تا سنوورەکانمان دەگرینەوە، سوپای ئێران گرد و کۆ دەکەین، ئەوکات ئەمانیش بێدەنگ دەبن!**

ھەندازیار عیزەتۆڵلا سەحابی ئەندامی دەستەی شۆرای شۆرشی ئیسلامی و ھاوکات ئەندامی شاندی رژێم بوو بۆ دانووستان لە گەڵ کورد. لە وتوویژی لەگەڵ گۆڤاری چشم انداز ایران (دیمەنی ئێران) ژمارە (1) دەڵێ: **ماوەیەک لەمەوبەر لە کەناڵی**

"صدا و سیما" (تلەویزیۆنی فەرمیی رژێمی ئیسلامیی) لە بارەی خودموختاریی کوردستانەوە پرسییان لێم، گوتم: ئەگەر بمەوێت خودموختاریی بۆ کوردستان پەسند بکەم، وەک ئەوە وایە پێم بڵێن دەبێ هەردوو دەستت ببڕینەوە. دەهێڵم دەستم بە بڕین چێ بەڵام ئامادە نابم خودموختاریی بۆ کوردستان واژۆ بکەم...! دوای دیدارم لەگەڵ ئیمام خومەینیی، هەروەها لە مەهاباد زۆرکەس لەوانەی کە نیازپاک بوون، پێشوازیی گەرمیان لەم وتە و بۆچوونەم کرد!".

بە کورتی، ئەوە تێڕوانینی رۆحۆڵڵا خومەینیی و دەوڵەتی کاتیی بوو بەرامبەر پرسی کورد، تەنێ وەک گاڵتەپێکردن بە کورد ناوی شاندەکەیان نابوو "هیئت حسن نیت" (دەستەی نیازپاکیی!!).

هەوڵی بەردەوامی شاندی رژێم بۆ دابڕانی حیزبی دێمۆکرات لە شێخ عێزەدین و کۆمەڵە و چریکی فیدایی سەریگرت. بێئاگاداری شێخ عێزەدین و ئەو دوو لایەنە سیاسییەی دیکە، مامە غەنی بلووریان و مەلاعەولا حەیاکی و چەند کادرێکی دیکەی حیزب چوون بۆ تاران بۆ وتووێژ و داخوازیی پێشووی دەستەی نوێنەرێتیی گەلی کورد کە لە (26) مادە پێکهاتبوو، مافناس و یاسازانی ناوداری کوردستان دوکتۆر سارمەدین سادقوەزیری (14*) ئامادەی کردبوو بۆیان، حیزبی دێمۆکرات (26) مادەکەی گۆڕی بۆ (6) مادە و دایان بە کاربەدەستانی ئێران، ئەوانیش رەزامەندیی خۆیان بە وتە دەردەبڕن بۆ داخوازییەکانی حیزب. دوای ئەو کۆبوونەوە دوو جاریتر مەلا عەولا حەیاکی سەردانی تاران دەکاتەوە. گفتوگۆ بەردەوامدەبن، لە تارانیشەوە ئایەتوڵلا

کرمانی زاوای رۆحۆڵڵا خومەینیی دەچێت بۆ شاری مەهاباد و بە سەرۆکایەتیی حیزبی دێمۆکرات دەڵێ: **ئیمام خومەینیی منی کردووە بە نوێنەری خۆی لەگەڵ ئێوە قسە بکەم. هەموو دەسەلاتێکی بڕیاردانی داوەپێم، لەبەر ئەوە ئێوە وا بزانن راستەوخۆ لەگەڵ ئیمام خومەینیی قسە دەکەن، داخوازییەکانی ئێوە پەسند دەکرێن، بەلام ئیمام خومەینیی بڕوای پێتان نییە! ئێمە دەزانین کە ئێوە وەک حیزبی دێمۆکرات سەر بە رژێمی بەعسی عێراقن، بەڵگەمان لایە کە ئێوە چەک و چۆڵتان لە عێراق وەرگرتووە، بۆ ئەوەی دڵنیابین ئێوە واز لە پێوەندیتان لەگەڵ رژێمی سەددام دەهێنن، پێشنیازی ئێمە ئەوەیە هێزی چەکداری حیزبی دێمۆکرات ماوەی ساڵێک ئەرکی پارێزگاریی لە سنووەرکانی کوردستانی ئێران لە گەڵ عێراق (سنووری دەسکردی نێوان رۆژهەلات و باشووری کوردستان-ن) بگرێتە ئەستۆی خۆی. ئێمە چەک و پێداویستیی سەربازیی دەدەین پێتان و، هەر هێزی خۆتان لە سنوورەکان دەبێت، سوپای ئێران لە گەڵتان نابێت!**

سەرکردەیەتیی حیزب کۆدەبنەوە لەسەر پێشنیازی **ئایەتۆڵڵا کرمانی** بڕیار بدەن. جگە لە **غەنی بلووریان** کە پشتیوانیی لە پێشنیازەکەی رژێمی تاران دەکا، هەموو ئەندامانی سەرۆکایەتیی حیزب دژ دەبن، لەبەر ئەوە **ئایەتۆڵڵا کرمانی** بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە بۆ **تاران.** هەر لە درێژەی قسەوباسی کۆبوونەوەکەدا دوکتۆر قاسملوو دەڵێ: **رژێمی بەعس بانگهێشتنیان کردووم بۆ دیدار و کۆبوونەوە بچم بۆ بەغدا!** غەنی بلووریان دەڵێ: **نابێ بچی ئەمە سووکایەتییە، ئێمە حیزبێکی سەربەخۆین، ئەوجا ئێمە لە کۆنگرەی (4)، کە رێکەوتی 3/11/1358، (23/1/1980) لە مەهاباد گرتمان (5) خاڵمان**

**پەسند کرد کە پێش کۆنگرە خۆت نووسیبووتن، ئێستا چۆن دەتوانی بڕیاری خۆت و کۆنگرە پێشێل بکەی!؟**

بۆ ئاگاداریی خوێنەرەوە بڕیارەکانی کۆنگرەی (4) ئەمانە بوون:

1 - **حیزبی دێمۆکرات لە کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتیوانیی دەکات!**

2 - **حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئیمام خومەینیی بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەزانێت.**

3 - **حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سنوورەکانی ئێران لە کوردستان پارێزگاری دەکات.**

4 - **حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دژی ئیمپریالیزم خەبات دەکات.**

5 - **حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران داوای دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی دەکات بۆ کوردستان!**

سەرکردەیەتیی حیزب بە زۆرینەی دەنگ بڕیار دەدا وەڵامی بانگهێشتی بەعس بدرێتەوە، **مەلا عەوڵا حەیاکی** لە باتی **دوکتۆر ئەوڕەحمان قاسملوو** دەچێت بۆ **حاجی ئۆمەران**، چۆنکە ڕژێمی عێراق ئەوێیان بۆ دیدار لە گەڵ **دوکتۆر قاسملوو** ڕەچاو کردبوو. **مەلا عەوڵا** دەگاتە **حاجی ئۆمەران**، بە هەلیکۆپتەر دەیبەن بۆ **کەرکووک**. دوای حەفتەیەک **مەلا عەوڵا** دەگەڕێتەوە و گەڵاڵەیەکی پێشنیازکراوی بەعس لەگەڵ خۆی دێنێ بۆ **مەهاباد** و لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی **حیزب** دەیخوێنێتەوە.

ئەو مەرجانەی رژێمی بەعسی عێراق لە حیزبی دێمۆکرات داوایکردبوون، بریتیبوون لەم (7) خالەی خوارەوە:

**1 - دەبێ دوو ئەفسەری ئێمە بۆ گەیاندنی چەک و چۆڵ و پێداویستیی دیکە لە گەڵ ئێوەدا بن.**

**2 - دەبێ دوو ئەندامی دەفتەری سیاسیی ئێوە لە گەڵ ئێمە بێ، بۆ راوێژ و پێشنیاز و گۆڕینەوەی سەرنج و بیروڕامان لە گەڵ یەک.**

**3 - حیزبی دێمۆکرات پێویستە زانیاریی تەواو بدات پێمان لە بارەی نێزیکبوونەوەی سوپای ئێران بۆ سەر سنوورەکانمان، هەروەها ناردنی هێز بۆ سەربازخانە و پێگە سەربازییەکانیان. ژمارەی سەرباز و جۆری چەک و شوێنی مانەوەیان بدەن پێمان.**

**4 - حیزبی دێمۆکرات دەبێ ئێمە لە جۆری فڕۆکە و هەلیکۆپتەری سەربازیی ئێران ئاگادار بکا لە چ وڵاتێکەوە دابینی دەکەن؟**

**5 - حیزبی دێمۆکرات دەبێ درۆشمی رووخانی رژێمی ئیسلامیی ئێران بەرز بکاتەوە!**

**6 - حیزبی دێمۆکرات دەبێ رێ لە هاتووچۆی پێشمەرگەی شمال عراق (باشووری کوردستان) بگرێ، رێگەیاننەدا لە خاکی ئێرانەوە هاتووچۆی نێو خاکی عێراق بکەن.**

**7 – حیزبی دێمۆکرات هەروەها چۆنێتیی پێوەندیی ئێران لە گەڵ دەوڵەتانی دیکەمان بۆ روون بکاتەوە. ناوی ئەو وڵاتانەمان بۆ ئاشکرا بکا کە چەک بۆ ئێران دابین دەکەن. هەروەها جۆری ئەو چەکانەی دەدرێن بە ئێران بۆمانی ئاشکرا بکات.**

لێرەوە سەرکردەیەتیی حیزبی دێمۆکرات تووشی دووبەرەکی و دوو بۆچوونی جیاواز بوون. دوو ڕێگەیان لەبەر دەم خۆیان دانا: **ڕژێمی ئێران! یان ڕژێمی عێراق؟** زۆرینە دەنگیدا بۆ پێوەندیی لەگەڵ **ڕژێمی بەعسی عێراق.**

لێرەدا ئەو پرسیارە بەرەوڕوومان دەبێتەوە، کاتێک **ئایەتۆڵڵا کرمانی** داوایلێکردن بۆ پێشاندانی ناوابەستەییان بە ڕژێمی بەعسی عێراق و نیازپاکییان بەرامبەر ڕژێمی ئیسلامیی، ساڵێک سەر سنوورەکان بپارێزن، بۆچی دەمیان بەسترا و بیریان بۆ ئەوە نەچوو داوایەک هاوتای پێشنیازەکەی ڕژێم بە نووسراوە بدەن بە **ئایەتۆڵڵا کرمانی** و دەوڵەتی ئێران!؟ بۆ نموونە دەیانتوانی داوا لە دەوڵەتی ئێران بکەن لە ماوەی ئەو یەکسالەدا پاراستنی سنوورەکان و سەربازخانەی شارەکانی سەرسنوور تەسلیمی **حیزبی دێمۆکرات** بکرێ، هەروەها پۆلیسی هەموو شارەکانی کوردستان لە کورد بێت. وەلامی دەولەتی ئێران بۆ سەرۆکایەتیی حیزبی دێمۆکرات دەبوو بە بەڵگەیەکی روون و ڕێی لەبەردەم جیابوونەوە و ناکۆکیی نێوخۆی حیزب دەگرت.

لە بارەی بانگهێشتنەکەی ڕژێمی عێراقیشەوە **حیزبی دێمۆکرات** دەیتوانی بە ناردنی نامەیەک ئاگاداریان بکا سەرقاڵی گفتوگۆین لە گەڵ دەوڵەتی ئێران لەبارەی مافی کوردی ئەم بەشە کە لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیی لە هەموو مافێکی بێبەشکراوە، نەک ئەوەی تەنگەتاو بن و بڕیاری پەلە بدەن و تووشی دابڕان و ناکۆکیی نێوخۆیی بن! بە تایبەتیی کە ئەو حەوت بەندەی ڕژێمی عێراق داوای جێبەجێکردنیانی کردووە، ئەوپەڕی شەرمەزارین بۆ

کورد و بۆ سەرۆکایەتیی حیزبی دێمۆکرات. نێوەرۆکی نامەکەی بەعس، چاوەروانیی ئەوەی لە حیزبی دێمۆکرات بووە ببێت بە سیخوڕ و بەردەستی بەعس و، وەک هێزێکی بە کرێگیراوی رژێمی عێراق دەور ببینێت!

ئەوە روانگە و بۆچوونی رژێمی عێراق بوو بەرامبەر حیزبی دێمۆکرات، ئاشکرایە پلانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش ئەوە بوو، پێشمەرگە هەموو شار و نێوچەکانی لە ژێردەستیدایە چۆڵ بکا، بچێ لە سەرسنوورەکان جێگیر بێ، سوپای ئێران بێ تەقە و شەڕ کوردستان داگیربکاتەوە ئەوجا هێزی پێشمەرگە لە لێواری سنوورەوە بەرەو باشوور راماڵ بدا. بۆیە سەرۆکایەتیی حیزبی دێمۆکرات پێویستبوو وەک حیزبی سەردەمی پێشەوا قازی بە رۆڵ و ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆی رابێ، ریزەکانی خۆی لە پەرتبوون بپارێزێ، نیوەرۆکی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ ئێران بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکا، بەرەیەکی نەتەوەیی پێک بهێنێ بۆ پارێزگاریی لەو خاکە پان و بەرینەی رۆژهەلاتی کوردستان لە دەستی کورددا بوو. لێ ئەوە نەکرا!

سەرۆکایەتی حیزب نەگەیشتنە بڕیارێکی هاوبەش، **غەنی بلووریان** لە گەڵ شەش ئەندامی مەکتەبی سیاسی و چەند سەت کادر و ئەندام و ژمارەیەک پێشمەرگە لە حیزبی دێمۆکرات جیا بوونەوە و بە ناوی **حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (پێڕەوانی کۆنگرەی** (4) دەسیان بە خەباتی سیاسی کرد، هەوڵیاندا بە ناوی حیزبی دێمۆکراتەوە وتووێژی نێوان دەولەت و حیزب درێژە پێبدەن بەڵکوو بتوانن بێشەڕ و خوێنڕشتن مافی

خودموختاریی بۆ کوردستان وەر بگرن. لێ ئەو هزر و ئاواتەی **غەنی بلووڕیان** بیریلێدەکردەوە نەک هەر وا دەرنەچووا بەڵکوو بە جیابوونەوەشی لە حیزب زیانی گەورەی لە کەسایەتیی خۆی و لە حیزبی دێمۆکرات و لە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد دا، چۆنکە دوای نەمانی **پێشەوا قازی**، **غەنی بلووریان** خۆشەویست و جێی رێزی خەڵک و پێشمەرگە و سیاسەتکاری هەردوو دیوی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

## شەڕی دووەمی کوردستان و دووەم فتوای جیهادی
## رۆحۆڵڵا خومەینیی لە دژی نەتەوەی کورد!

لە رۆژی 29/4/1359ی هەتاوی، (20/7/1980) رۆحۆڵڵا خومەینیی پەیامێکی تازەی لە بارەی کوردستانەوە بڵاوکردەوە، کە پەیامی شەڕ بوو، گوتی:

**ملت ما انقلابی عمل کردند و ما نکردیم. ما یا مقصریم یا قاصر. اگر آن روزی که می‌خواستند در کردستان بروند برای مذاکره، من به آنها تذکر دادم که اگر بخواهید مذاکره کنید، باید با موضع قدرت بروید. اول باید ارتش و پاسدارها و اینها احاطه کنند آنها را، محاط قرار بدهند، بعد شما بروید صحبت کنید. مسامحه شد. این اسباب این شد که آن گرفتاری طولانی برای ما پیش آمد، و آن قدر ضایعه واقع شد.**

کوردییەکەی:

**"نەتەوەی ئێمە شۆڕشگێرانە کاری کرد، بەڵام ئێمە نەمانکرد. ئێمە یان تاوانبارین، یان سست و لاواز. ئەگەر ئەو رۆژەی کە دەیانویست بڕۆن بۆ کوردستان بۆ گفتوگۆ، من دام بە گوێیاندا ئەگەر بتانهەوێ گفتوگۆ بکەن، دەبێ هەڵوێستتان بە هێز بێت. لە پێشدا دەبێ سوپا و پاسداران و ئەمانە گەمارۆ بدەن ئەوان. زاڵ بن بە سەریاندا، ئەوجا ئێوە بڕۆن قسە بکەن. سستی و کەمتەرخەمی کرا. ئەمە هۆی ئەمە بوو کە ئەو کێشە درێژخایەنە تووشمان بێت و ئەو هەموو زیانە روویدا".**

**تێبینیی: (دەقی وتەکانی خومەینی و شێوازی ئاخاوتنی بە زمانی فارسی بەم شێوەیە بوو کە وەرمگێرایە سەر زمانی کوردی!).**

نێزیک بە مانگێک دوای پەیامەکەی خومەینیی، لە سەرەتای مانگی گوڵانی 1980 دۆخی نە شەڕ-نە ئاشتیی کۆتاییهات. سوپای ئێران بە هەموو هێزێکییەوە لە چەند قۆڵەوە بەرەو کوردستان هێرشیهێنا. لە پارێزگەی کرماشانەوە تا پارێزگەی ورمێ بوو بە گۆڕەپانی پێکدادانی پێشمەرگە و سوپای ئێران. بە ناوبانگترینی شەڕی شارەکان لە سنە روویدا و بۆ ماوەی (24) رۆژ فڕۆکە و تانک و تۆپ بێوەستان شاریان بۆمباباران کرد، شار بە تەواوەتیی وێران کرا و هەزاران ژن و منداڵ و پیر و لاو و پێشمەرگە کوژران و بریندار بوون، تا ئێستاش ژمارەی تەواوی کوژراوی شەڕی سنە روون نییە. نەخۆشخانەکان پڕبوون لە لاشەی کوژراو و بریندار. لە بەر چڕبوونی ئاگری چەکی دوژمن زۆر لە کوژراوەکان لە حەوشەی ماڵان، لە شیو و تەپۆڵکەی نێزیکی گەڕەکی شار نێژران. شەڕی نێو شار بڕیارێکی هەڵە بوو، دەبوو لە دەرەوەی شارەکان رێ لە هاتنی سوپای ئێران بگیرایە. راستیی ئەم بۆچوونەش لە سەدان شەڕی گەورە و بچووکی پێشمەرگەدا دەرکەوت کە دوای گرتنەوەی شارەکان لە جادە و رێگەی گوندەکان روویاندا، پێشمەرگە سەرکەوتووتر بوو. گەلێکجار کاروانی گەورەی سەربازیی لە جادەیەک هێرشکراوەتە سەری توونا بووە، وەک ئەو هێزەی هەوابوردی شیراز لە جادەی میاندووئاو-بۆکان کە لەلایەن شارەزای بواری سەربازیی فەرماندەی ئازا و نیشتمانپەروەر سەرهەنگ چیا رابی تێداچوو، یان شەڕی "دەشتی دارێ" لە جادەی سەقز-بانە،

شەڕی **دارساوێن** لە جادەی **سەردەشت**، شەڕی **سەنگەسەر** لە گوندی **دەرمان**، شەڕی **تەنگی گرژاڵ** لە سەر جادەی **سەردەشت–پیرانشار**، شەڕی **کەلیخان** کە دەیان تانک و سەتان پارچە چەکی قورس و سووک کەوتنە دەستی پێشمەرگە و سەدان کەس لە هێزی ئێران شپرزە بوون، سەریانلێشێوا و بەرەو نێو دارسانی چواردەوری جادەکە هەڵاتن. ئەمانە نموونە بوون بۆ دەیان بەرخۆدانی مێژوویی پێشمەرگە لە هەموو دەڤەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پێشمەرگە بە گیانی خۆی بەرگریی لە بست بە بستی خاکی ڕزگارکراوی کوردستان دەکرد. بەڵام کێشەی سەرەکیی پێشمەرگە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتیی، نەبوونی ستراتیژێکی نەتەوەیی و سیاسی و چەکداری بوو لەلایەن سەرکردەیەتییەوە. سەرۆکایەتیی حیزبەکان (**کۆمەڵە و دیمۆکرات**) کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان وەک ڕژێمێکی داگیرکەر چاو لێنەدەکرد کە کوردستانی داگیر کردووە. ئامانجی حیزبی دیمۆکرات لە شەڕکردن، ڕازیکردنی کۆماری ئیسلامیی بوو بە وتووێژ و بە فەرمیناسینی حیزب و داننانی ڕژێم بە مافی کولتووریی گەلی کورد. **کۆمەڵە** وەک ڕێکخراوێکی چەپی توندئاژۆ حیزبی دیمۆکراتی بە بۆرژوا و نوێنەری چینی دەرەبەگ و کۆنەپەرست و بە حیزبێکی **سازشکار** (**بەرژەوەندخواز**) دەزانی، هەر لە بەر ئەم بۆچوونەشی بوو کاتێک **حیزبی دیمۆکرات** تاکلایەنە لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی کەوتە گفتوگۆکردن، **کۆمەڵە** خەڵک و لایەنگرانی بردە سەر شەقامی شاران و درۆشمی "مردن

بۆ سازشکار" یاندەدا. کۆمەڵە هەروەها رژێمی ئیسلامیی بە بۆرژوازی و کۆنەپەرست دەزانی، کوردستانیشی بە قەلا و سەنگەری بزاڤی کۆمۆنیستی بۆ هەموو ئێران لە قەلەمدەدا و باوەڕیوابوو لە کوردستانەوە بە هاوکاریی چەپی شۆرشگێڕی ئێران دەتوانێ رژێمی ئیسلامی بڕووخێنێ و کۆماری دێمۆکراتیکی گەل لە جێی دامەزرێنێ. حیزب و کۆمەڵە ئامادە بوون لەگەڵ هەر گوچەڵ و گرییشەبازێکی فارس کۆببنەوە و ببن بە هاوپەیمان لە گەڵی، بەلام چاویان بەرایی نەدەدا یەکتری ببینن. هەردووکیان وەک یەک بێگوێدانە پشتیوانی و دڵسۆزی و هیوا و ئاواتی نەتەوەکەیان و خۆڕاگریی پێشمەرگە، لەنێو ئەندام و پێشمەرگە و لایەنگرانیان تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکی و شەڕیان لە دژی یەکتر بڵاو دەکردەوە.

بە پێچەوانەی سیاسەتی چەوتی کۆمەلە و حیزب، کۆماری ئیسلامیی پلانێکی تۆکمە و وردی بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان داڕشتبوو کە بریتیبوون لە: داگیرکردنەوەی شارەکان و دامەزراندنی پێگەی سەربازیی لە نێو شار و لە چوار دەوری شارەکان. داگیرکردنەوەی جادەی نێوان شارەکان و دانانی پێگە لە سەر جادەکان. هێرشبردن بۆ سەر هەرێمەکان بۆ دابڕاندنی پێشمەرگە لە جادەی نێوان گوندەکان کە نەتوانن بە ئۆتۆمۆبیل هاتووچۆ بکەن. هێرشبردن بۆ سەر بنکە و بارگەی سەرکردایەتی حیزبەکان و ناچارکردنیان بە کشانەوە و لەدەسدانی خاکی ئازادکراوی زیاتر. جگە لەم هەولە سەربازییانە هەروەها

گەمارۆی ئابووریی دەخستە سەر ئەو دەڤەر و نێوچانەی پێشمەرگەی لێبوون، ڕێگریدەکرد لە چوونی هەر چەشنە خواردەمەنی و سووتەمەنی و پێویستی خەڵک وەک ئارد و ڕۆن و شەکر و چا و بەنزین و نەوت، کە جگە لە پێشمەرگە هەروەها قورسایی دەخستە سەر ژیانی دانیشتووانی گوندەکانی بنکە و بارگەی پێشمەرگەی لێبوون. ئەوجا سازکردنی هێزی جاش و سیخوڕ لە شارەکان و لە گوندەکان، شناسایکردنی ئەندام و ڕێکخستن و لایەنگرانی حیزبەکان. خستنەڕێی شەپۆلی گرتن و ڕەشەکوژی و شکەنجە و گوللەبارانکردن و ڕاگوێزانی زۆرەملیی بەشێک لە بنەماڵەی شۆڕشگێران بەرەو شارەکانی باشووری ئێران بە مەبەستی پاکتاوکردنی شارەکان لە شۆڕشگێران و داسەپاندنی کەشی ترس و تۆقاندن و ڕەشەکوژیی بەسەر خەڵکی کوردستان.

بە کورتی، کۆماری ئیسلامیی هەموو قۆناخەکانی پلانی سەربازیی لە کوردستان سەرکەوتووانە بردە پێشەوە، شارەکان یەک لەدوایییەک داگیر کرانەوە و تەنێ شاری بۆکان بەدەست پێشمەرگەوە مابوون، بەڵام ڕووداویکی چاوەڕواننەکراو لە تارانی پێتەخت قەوما کە کورد هیوایەکی وەبەر هاتەوە، ئەویش سەرهەڵدانی ململانێی ئاشکرای خومەینیی بوو لە دژی سەرکۆمار بەنی سەدر و ڕێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران. لە ڕۆژی 30/3/1360،(20/6/1981) شاری تاران بە تەواوەتیی شڵەژا و موجاهدین بوو بە نەیاری خومەینی و، زیاتر لە نیو ملیۆن

لایەنگر و ئەندامی هێنایە سەر شەقامەکانی تاران. چاوکانیی ڕووداوەکە ئەوە بوو بەنی سەدر بە پشتیوانیی موجاهدینی گەلی ئێران و، ئایەتوڵڵا تالەقانی و بەشێک لە هێزی چەپ و دێمۆکرات و تێکنۆکرات و بەرەی نەتەوەیی ئێران، بە تەمابوون ڕێبگرن لەوەی خومەینیی هەموو دەسەڵاتێکی ولات بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. ئەو کەسایەتی و کاربەدەستانەی دژی پەسندکردنی بەندی وەلی فەقیە لە نێو یاسای بنچینەیی ئێران بوون، بریتیبوون لە ئایەتوڵڵا مەحموود تالەقانی، ئایەتوڵڵا مکارم شیرازی، ئەولەسەن بەنی سەدر، هەندازیار سەحابی ئەندامی شۆرای شۆرش و سەرۆکی وەزارەتی بەرنامە و بووجە، گولزادە غەفووری، سەید ئەحمەد نووربەخش، ئاخوند مورتەزا حائری، موقەدەم مەراغەیی پێکەوە دەنگی "نا"یاندا بە "وەلی فەقیە".

لە کوردستان کۆمەلە و حیزبی دێمۆکرات بە جیا و بە پەلە کۆبوونەوەی نێوخۆییان بەست و پلانیان داڕشت بۆ ئازادکردنی شارەکان. سەرۆکایەتیی کۆمەلە چەند سەت ئەندام و پێشمەرگەی لە قوتابخانەی شەقامی میراوای بۆکان کۆ کردەوە و پێی ڕاگەیاندن ڕژێم لەرزانە (کەوتووەتە لەرین/ لاوازبووە)، دەبێ ئامادە بین حیزبی دێمۆکرات بە تەنێ شارەکان و پێگە و سەربازخانەکان نەگرێتەوە. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە پێویستە دەسپێشخەری بکا، بە خێرایی دەسبگرێت بەسەر سەربازخانە و شوێنە گرنگەکانی کوردستان. ئەم دڵنیابوونەشیان بە تێکچوونی

دەسەلاتی رژێم ئیسلامی لە تاران بە رادەیەک بوو، کۆمەڵە هەڵسا بە سازکردنی تەلارێکی گەورە لە دۆڵی ئاجیکەند و لە تەنیشت گوندی خانەقای بۆکان، بە پووڵی ئەوکات زیاتر لە ملیۆنێک تمەنی تەرخانکرد بۆ سازکردنی تەلاری کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی داهاتووی کۆمەلە. نیو سالۆنەکەیان بە پەیکەری مارکس و ئەنگڵس و لێنین و ئالآی داس و چەکوج نیشان رازاندەوە، بەڵام خەون و هەڵسەنگاندنی هەڵەی کۆمەلە و حیزبی دێمۆکرات ماوەکەی کورتبوو، چۆنکە رۆحۆڵلا خومەینیی فەرمانی گرتن و کوشتنی بەنیسەدر و کاربەدەستانی هاوڕێی بەنیسەدر و، حیزب و رێکخراوەکانی هاوپەیمانی دەرکرد. هەزاران ئەندامی موجاهدین و هەموو ئەوانەی سەر بە بەنیسەدر بوون، گیران و بەروەڕووی شکەنجە و کۆمەڵەکوژیی بوونەوە. مەسعوود رەجەوی سەرۆکی موجاهدین و سەرکۆمار بەنیسەدر هەڵاتن و گەیشتنە فەرەنسا. بەشێکی زۆری موجاهدین بەرەو کوردستان چوون، حیزبی دێمۆکرات پێشوازی و مێوانداریکردن و بە بڕیاری دوکتۆر ئەوڕەحمان قاسملوو حیزب بە فەرمیی بوو بە ئەندام لە شۆرای نەتەوەیی بەرگریی ئێران کە موجاهدین دایمەزراندبوو، لە نێوچەی ئالانی سەردەشت بنکە و بارگەیان دامەزراند و، لەسەر رێگەی ئەو گوندانەی لێی دەمانەوە پرسگەیان دانا کە ئەمە بوو بە هۆی نارەزایەتیی خەلکی گوندەکان و پێشمەرگەی حیزبە کوردییەکان.

ماوەی دوو مانگ دوای هێرش بۆ سەر موجاهدین و بەرەی دێمۆکراتەکان لە تاران، سوپای ئێران بەرەو شاری **بۆکان** و دۆڵی **ئاجیکەند** هێرشیهێنا. دوای شەڕ و رووبەڕوونەوەی سەخت و خوێناویی، پێشمەرگە پاشەکشەی کرد و، نێوچەی بۆکانیش داگیر کرا.

به کورتی، سوپای ئێران لە ساڵی 1980وە تا وەرزی هاوینی ساڵی 1983 لە ماوەی سێ ساڵدا 95%ی خاکی رۆژهەڵاتی کوردستانی داگیر کرد. لە مانگی رەزبەری هەر ئەو سالەدا لە رۆژی 12/10/1983 دواهێرشی راماڵدانی حیزبەکان لە نێوچەی **"ئالان"ی سەردەشت** بەڕێوە چوو کە بە **(دۆڵی ئەحزاب)** ناوی ڕۆیبوو. جگە لە سەرکردەیەتی و نەخۆشخانە و رادیۆ و دەسگەی چاپەمەنی و پێویستی بنکە و بارگە **(تدارکات)**ی **کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات**، هەروەها نووسینگەی **مامۆستا شێخ عێزەدین**، رێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێران بە خۆی و شووراکەیەوە، **(شورای ملی مقاومت ایران)**، حیزبی رەنجبەرانی ئێران (مائۆئیستی ئێرانی بوون)، رێکخراوی چریکی فیدایی گەلی ئێران (لقی کەمینە/اقلیت)، چەندین نیشتمانپەروەری سەربەخۆ، هەروەها بنەماڵەی پێشمەرگە و خەڵکی شار و گوندەکانی دیکە لە بێژوێ، بێتووش، مەزناوێ و ئەشکان و چەند گوندێکی دیکەی ئالان نیشتەجێ بوون.

لە کاتی هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر نێوچەی **ئالان**، پێشمەرگەی هەر حیزب و رێکخراوەیەک لە ئاستی خۆیەوە شەڕی

دەکرد و ئەرکی پاراستنی بنکە و بارگە و سەرکردەیەتی خۆیبوو. زۆربوونی پێشمەرگە و شەڕکردن بە شێوازی عەشایری لەو دۆڵە بەرتەسک و باریکەدا شڵەژاوی و ئاڵۆزیی لێکەوتەوە هەتا لە گوندی سنجوێ لە خوارووی گوندی بێژوێ دەستەیەک چەکداری موجاهێد دەکەونە نێوان پێشمەرگە و پاسداری ئێرانی، موجاهێدەکان جنێو بە رۆحۆڵڵا خومەینی دەدەن، ئەوانیش جنێو دەدەن بە سەرۆکی موجاهدین، پێشمەرگە دەزانن سەر بە موجاهدینن، تەقەیان لێناکەن لە گەمارۆی پاسدارانی ئیسلامیی رزگاریان دەکەن. پێشمەرگەیەک روویان تێدەکا، دەڵێ: **کێشەی خۆمان کەم نەبوو هی ئێوەشی هاتە سەر، تارانتان چۆڵکرد و شەڕە جنێوەکەتان هێناوە بۆ ئێرە!؟**

حەفتەیەک شەڕ و هێرشی بەردەوام و تۆپبارانی سوپای ئێران، تێکڕای حیزبەکان و حەشیمەتەکەی ناچار کرد بەرەو باشووری کوردستان هەڵبێن. چڕبوونی بۆمبابارانی ئێران و بڕیاری کشانەوەی حیزبەکان بەرەو باشوور هێندە بە خێرای و بە پەلە روودرا کە زۆر کەل و پەل و بەڵگەنامە و نامیلکەی نێوخۆییان لێ بەجێما.

بەو شێوەیە ساڵی 1983، بوو بە ساڵی راماڵدانی رێبەرێتیی حیزبەکان بەرەو باشووری کوردستان، هەروەها بوو بە ساڵی دەسپێکی دابڕانێکی درێژخایەن بوو لە خەڵک و خاک و گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵات کە تا ئێمڕۆش کە لە سەرەتای ساڵی 2023 زاینیداین ژیانی ئاوارەی و چاوەڕوانیی حیزبەکان بۆ گەڕانەوە کۆتایی نەهاتووە.

دوای ئەم ڕووداوانەی کوردستان دەگەڕێینەوە بۆ تاران کاتێک ڕۆحۆڵڵا خومەینیی دەسەلاتی بە تەواوەتیی خستە ژێر دەستی خۆی و چینی مەلا، فەرمانیدا بە گرتن و لەنێوبردنی دوا حیزبی سیاسی کە لە دەرەوەی بازنەی بیروباوەڕ و ئیدۆلۆژیی چینی ئاینی و مەلاکان بوو، کە دیارە مەبەست لێی حیزبی توودەی ئێرانە.

حیزبی توودە هێند چاکەی دەرحەق بە کۆماری ئیسلامیی ئەنجامدا کورد گوتەنی؛ برا بۆ برای ناکا! ئەم حیزبە هەر لە دەسپێکی دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە ڕێگەی بەردەستیکردن و سیخوڕیکردن و پشتگیریکردنی هەموو بڕیارەکانی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامیی هەڵبژارد. بۆ بابەتی سەرپۆشی ژنان (حجاب) ڕایگەیاند: حجاب کردنە سەر بڕیارێکی دژ بە ئیمپریالیستییە و، پێویستە بۆ دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم ژنان لە ماڵەوە خواردن لێ بنێن و کاری بەرگدوورین بکەن. بۆ پێشاندانی نیازپاکی و دڵسۆزیی بەرامبەر خومەینی و کۆماری ئیسلامیی، مەلا سادق خەڵخاڵی بکوژ و جەلاوی ناسراوی وەک کاندیدی حیزبەکەی دەسنیشانکرد بۆ هەلبژاردنی پەرلەمانی ئێران. لە بەرنامەی پرسیار و وەرامی حەفتانە کە هەموو حەفتەیەک لە ڕۆژنامەی مردم (خەڵک) بڵاودەکرایەوە، لە بارەی پشتگیریکردنی حیزبی توودە لە مەلا سادق خەڵخاڵی پرسیار لە سکرتێری حیزبی توودە کیانووری دەکرێ، ئەویش دەڵێ: "خەڵخاڵی خزمەتێکی گەورەی کرد بە قەلاچۆکردنی دژە شۆرش و بکوژان و بە کرێگیراوانی ڕژێمی پێشوو.

دەنگماندا بە سادق خەڵخاڵی، چۆنکە لە سەردەمێکدا کە سەرۆکی دادگەی شۆرش بوو، ئازایەتیی بێوێنەی نواند و چەندسەت کەس لە گرنگترین و بە ناوبانگترین سیخوڕەکانی ئیمپریالیزمی لە سێدارە دا...!!".

حیزبی توودە هەروەها نەخشەی "کودەتای نۆژە"ی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئاشکرا کرد  کە لە لایەن ئەمریکا و بەشێک لە ئەفسەرانی سەر بە رژێمی پاشایەتییەوە رێکخرابوو. پلانی گرووپی سادق قوتبزادەی بۆ رژێم خستەڕوو کە بە تەمابوون خومەینی تێرۆر بکەن و رژێمێکی دیمۆکراتی ئیسلامیی دامەزرێنن. لە دابەشکردنی رێکخراوی چریکی فیدایی گەلی ئێران و، راکێشانی زۆرینە (اکثریت)ی رێکخراوەکە بۆ چوونە ژێر چەتری کۆماری ئیسلامیی رۆڵی گەورەی گێڕا. حیزبی توودە هەر لە تاران بنکە نهێنییەکانی رێکخراوی موجاهدینی بۆ دەزگەی پاراستن و سوپای پاسداران ئاشکرا کرد. لە کوردستانیش توانی (حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ,پیڕەوانی کۆنگرەی4 بە سەرۆکایەتیی غەنی بلووریان) بۆ لای کۆماری ئیسلامیی راکێشێ و بە ناوی بیروباوەڕی دژ بە ئیمپریالیستیی پشتگیریی رژێمی خومەینیی بکەن، بەڵام سەرەرای ئەم خزمەتە گەورە و بە نرخانە، رۆحوڵڵا خومەینیی وەک چۆن هەموو حیزب و رێکخراوەی چەپ و سووپەرچەپ و دیمۆکرات و لائیک و تێکنۆکراتی بەکار هێنا بۆ دامەزراندنی بناخەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرامبەریان پێنەزان و سپڵە و بێبەزەی و دڵڕەق دەرچوو، بەرامبەر حیزبی توودەش هەر ئەو هەڵوێستەی پێشاندا و فەرمانیدا بە گرتنی سەرۆکایەتی حیزبی

تووده و، گرتن و شکەنجە و گوللەبارانی ئەندام و کادرەکانی و ناچارکردنی کیانووری سکرتێری حیزبی تووده کە لە سەر تەلەفزیۆن بڵێ: **"حیزبەکەی (حیزبی توودەی ئێران) لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانییەوە سیخوڕی یەکێتیی سۆڤێت بووە، کار و پیشەی خیانەتکردن بووە بە خەڵکی ئێران!".**

بە کورتی، **ڕۆحۆڵڵا خومەینیی** تا ژیاندا مابوو بە پشتبەستن بە تێرۆر و کوشتنی بە کۆمەڵ و شکەنجە و سێدارە و ترس و تۆقاندن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە سەر هەر چوار قوڕنەی ئێراندا داسەپاند. بڵاوکردنەوەی دروشمی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و، داواکردن لە گەلانی وڵاتانی عەرەبی نێوچەکە دژی ڕژێمەکانی بە کرێگیراوی **ئەمریکا** و **زایۆنیزم** ڕاپەڕن، شەڕی هەشت ساڵەی **عێراق-ئێران**ی لێکەوتەوە. ئاگری شەڕ ڕێکەوتی 22/9/1980 هەردوو وڵاتی گرتەوە چەند ملیۆنێک لە ئەنجامی ئەو شەڕە درێژخایەنە کوژران و برینداربوون. ماڵوێرانی و زیانی گەورەی ئابوریی لە هەر دوو وڵاتەکە بە تایبەتیی لە ئێران کەوت. ڕێکەوتی 18/7/1988 **ئایەتۆڵڵا خومەینیی** لە پەیامێکی تێکەڵ بە ژارەوە ئاگربەسی ڕاگەیاند **بڕیارنامەی (598)ی نەتەوە یەکگرتووەکانی** پەسندکرد و ئامادە بوو لە تەک ڕژێمی بەعسی عێراق وتووێژ بکات، لێ سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییەی لە سایی شەڕی درێژخایەنی **عێراق-ئێران** بە سەر خەڵکی ئێراندا هات، کارینەکردە سەر لاوازبوونی پێگەی ئاینی و پیرۆزیی خومەینی لە نێو پێڕەوانی ئاینزای شیعە لە ئێران و لە

خۆرهەڵاتی ناڤین. خومەینیی دوای چەند سەت ساڵ ئاواتی جینی ئاینزای شیعەی هێنابووەدی رژێمێکی ئیسلامیی شیعەی بە رێبەرێتیی چینی ئاینیی دامەزراندبوو، بە ئەنجامدانی شۆرشی ئیسلامی و سەرخستنی شۆرشەکە نەک هەر باوەڕ و متمانە بەخۆکردنی گێڕایەوە بۆ چینی مەلا و پێڕەوانی ئاینزای شیعە، بەڵکوو بوو بە هۆی سەرهەڵدانەوەی بیری بنچینەگری ئیسلامی و بیری دامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە نێو پێڕەوانی هەر دوو ئاینزای شیعە و سوننە لە سەرتاسەری وڵاتانی ئیسلامیی. زۆربەی ئەو رووداوە گەورانەی لە چل ساڵی رابردوو لە نێوچەی خۆرهەڵاتی ناڤین روو دران، چاوکانییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیدۆلۆژیی خۆمەینیزم و بۆ سیاسەتی بنچینەگرانەی ئیسلامی سەر بە ئاینزای شیعە لە ئێران.

**رۆحۆڵڵا خومەینیی رێکەوتی 12/3/1368، (2/6/1989)** لە تەمەنی (86) ساڵیدا لە شاری **تاران** کۆچیدواییکرد، لە نێو ئاپۆرەی چەندین ملیۆن پێڕەوانی لە گۆڕستانی **بەهەشتزارا** نێژرا.

خومەینیی پێش مردنی **ئایەتۆڵڵا حسێنعەلی مونتەزری** لە جێنشینی خست، چۆنکە **مونتەزری** نامەیەکی نارد بۆ **خومەینیی** و بە ئاشکرا باسی لە دەسدرێژی بۆ سەر کچانی زیندانی و شکەنجە و بێڕەوشتیی جەلاوەکانی خستەڕوو کە چۆن بەندکراوان لە ژێر شکەنجەدا دەکوژن. **مونتەزری** هەروەها دژی بڕیاری خومەینی بوو بۆ گوللەبارانکردنی بە کۆمەڵی گیراوانی سیاسی

که هاوینی 1367یهەتاوی، (July–August 1988) له ماوەی دوو مانگدا له نێوبران و ژمارەیان به هەزاران کەس بەراورد دەکرێت.

**خومەینیی** دوای لابردنی **مونتەزری** له وەلی فەقیه جێنشین، به فەرمی و به نووسراوە کەسی دیکەی دەسنیشان نەکردبوو. بۆیه چەند رۆژێک دوای مردنی، مەلاکان بۆ پرسی هەڵبژاردنی وەلی فەقیه تازە چەندجارێک کۆبوونەوە نەگەیشتنە ئەنجام، له دوا کۆبوونەوەدا **هاشمی رەفسەنجانی** له نێو کۆڕی مەلاکان، وتەیەکی به ناوی خومەینییەوە گێرایەوە که پێی وتووە دوای مردنی، **سەید عەلی خامنەیی** باشترین بژاردەیه ببێ به وەلی فەقیه و **سەرۆکی کۆماری ئیسلامی**! زۆرینه به گێرانەوەکەی **هاشمی رەفسەنجانی** رازیبوون، **سەید عەلی خامنەیی** بوو به جێنشینی **خومەینیی** و سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

خامنەیی له شاری **مەشهەد** له بنەماڵەیەکی هەژار و ئایینیی هاتووەته دنیا، باپیر و رەگەز و بنەچەی ترکی ئازەربایجانن. هەر له منداڵییەوە نراوەته بەر خوێندنی ئایینی. ساڵی 1337ی **هەتاوی** (1959) له تەمەنی (19) ساڵیدا دەچێ بۆ نێوەندی ئایینیی شاری **قۆم** بۆ درێژەدان به خوێندن، لەوێ دەبێت به قوتابیی **رۆحوڵڵا خومەینیی**. له نێزیکەوە له کەسایەتی و باوەڕی بنچینەگرانەی خومەینیی تێدەگا و هەر لەوساتەوە دەبێ به پێڕەوی رێبازەکەی. خامنەیی له بزووتنەوەی **رۆحوڵڵا خومەینی** چالاکانه بەشدار بوو، رێکەوتی 15/3/1342هەتاوی،

(6/6/1963) لە مزگەوتێکی شاری قۆم دژی پڕۆژەی شۆرشی سپی حەمەڕەزاشا قسەی کرد. دوای دەسبەسەرکردنی خومەینی لەلایەن ساواکەوە هەزارانکەس لە تاران و شارە گەورەکان خۆپێشاندانیانکرد، سوپا هێرشیکردە سەر خەڵک، دەیانکەس کوژران و بریندار بوون و سەدانکەس خرانە زیندانەوە. (3) خاڵی سەرەکیی لە وتە و بۆچوونی خومەینی دژی پڕۆژەی شۆرشی سپی شا بوون، بریتیبوون لە: 1- دژی دابەشکردنی زەوین بوو (تقسیم اراضی). 2- دژی دەنگدانی ژنان بوو، (مافی دەنگدانی تەنێ بۆ پیاو بە رەوا دەزانی. 3- خومەینی باوەڕیوابوو پڕۆژەی شۆرشی سپی ئیسرائیل و ئەمریکا دایانڕشتووە بۆ وابەستەکردنی زیاتری ئێران.

بە کورتی، سەید عەلی خامنەیی لە سالانی زووەوە بۆ خومەینی و قوتابییەکانی خومەینی و توێژی مەلای بنچینەگر ناوێکی ئاشنابوو. دوای ئەوەی رەفسەنجانی (هاوبیروباوەڕ و هاوڕێی دێرینی خامنەیی) وەسیەتی زارەکیی خومەینیی بۆ مەلا گەورەکان گێڕایەوە هەموویان لە بیروباوەڕی بنچینەگرانە و دڵسۆزیی خامنەیی بۆ رێبازی خومەینیی دڵنیابوون لێی. بە تایبەتیی دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی، خامنەیی لە هەموو پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژکردنی نەیارانی کۆماری ئیسلامیی بەشداربوو. لەو مەلا پێشەنگانە بوو دوای دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینی لە دژی نەتەوەی کورد، هاتە کوردستان و شانبەشانی هێزی جاش و پاسدار لە سەرکوتکردنی نەتەوەی

کورد بەشداربوو. کاتێکیش بوو بە سەرۆکی کۆماری ئیسلامی و لەسەر کورسییەکەی خومەینیی دانیشت، توانی خەون و ئاواتی رۆحوڵڵا خومەینیی بهێنێتەدی، ئێران بکات بە نێوەندی سەرۆکایەتیی دنیای شیعە و، ئیمپراتۆریی ئیسلامی سەردەمی سەفەویی زیندوو بکاتەوە. گەشەی زۆر بدات بە پیشەسازیی جەنگی و سازکردنی رێکخستن و رێکخراوە و هێزی چەکداری وابەستە بە ئێران لە ولاتانی خۆرهەڵاتی ناڤین و ناردنی چەک و چۆڵ بۆ رێکخراوە و هێزی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وڵاتانی دنیا. ئیدۆلۆژی و کردەوەی بنچینەگرانەی ئیسلامیی بگەیەنێتە ئاستێک ببێ بە سەرئێشە و مەترسیی بۆ ئیسرائیل و وڵاتانی هاوپەیمانی رۆژاڤا لە خۆرهەڵاتی ناڤین. رژێمی ئێرانی بندەسەڵاتی خامنەیی لە ریزی پێشیوەی سەرەڕۆترین و خوێنڕێژترین رژێمەکانی دیکتاتۆر و دژ بە ئازادییە لە سەرتاسەری جیهان. لەنێوخۆی ئێران هێزێکی بێڕەوشت و بێبەزەی و خوێڕێژی پێگەیاندووە کە سڵ لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە ناکەنەوە. دەسدرێژیکردن بۆ سەر کچان و کوران لە بەندیخانەکان بووە بە دیاردەیەکی ئاسایی بۆ جەلاو و شکەنجەکارانی رژێمی خامنەیی. لە ئاستی دەرەوەی ئێرانیش زمانی دیپلۆماسی رژێمی ئیسلامیی زمانی هەڕەشە و ملهوڕیکردن و گاڵتەکردنە بە دنیای دیمۆکرات و بێڕێزیکردنی ئاشکرایە بە یاسا و پرنسیپی پەسندکراوی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی. بەدیلگرتنی هاوولاتیانی رۆژاڤا و گلدانەوەیان بۆ مەبەستی

سیاسی و بەرژەوەندی ئابووریی بووە بە دیاردە و بابەتێکی ئاشکرا لای کۆڕ و کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی. رژێمی خامنەیی هەروەها لایەنێکی کاریگەرە لە دژایەتیکردنی رۆژاڤا بە هاوکاریی ولاتانی چین و رووسیا و ڤێنزۆئێلا و سووریا و رژێمی کۆمۆنیستی کورەی باکوور.

# هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی شیعە و رێیەک بۆ چارەسەری پرسی کورد!

لە کات و رۆژانێکدا ئەم وشە و دێڕانە لەسەر کاغەز ریز دەبەستن، **کۆماری ئیسلامیی ئێران** بەرەو یادی (44) مین ساڵی دامەزرانی دەچێت. لە کات و رۆژانێکدا کۆماری ئیسلامیی یادی (44) ساڵەی دامەزرانی دەکاتەوە لە لایەک تووشی تەقینەوەی بورکانی رق و بێزاریی گەلانی ئێران بووە بە گەلی خۆشییەوە (فارس). ئەگەر رۆژانێک ملیۆنان ئێرانی بە فتوای مەلایەکی وەک خومەینیی کلیلی بەهەشت لە مل بەرەو **کوردستان** و بەرەو بەرەکانی جەنگی **عێراق-ئێران** هێرشیاندەبرد و، گۆڕەپانەکانی ماین (Mine)یان بە جەستەی خۆیان پاک دەکردەوە، ئیمڕۆکە شوێنە گشتییەکان بوون بە گۆڕەپانی کوشتن و سووکایەتیکردن بە چینی مەلا لە لایەن کچان و کوڕانی مێردمنداڵی ئێرانەوە. لە ئاستی نێودەولەتییشدا هاودەنگییەکی کەموێنە لە نێوان وڵاتانی دنیای ئازاد و دیمۆکرات هاتووەتە ئاراوە بۆ ئەوەی پێکەوە گوشاری ئابووری سەر ئێران چڕتر و بەربڵاوتر بکەن.

راپەڕینی تازەی گەلانی ئێران چەندین تایبەتمەندیی هەیە کە لە بزاڤ و خۆپیشاندانی سالانی رابردوو جیای دەکاتەوە. بزاڤی ئەمجارەی ئێران شۆرشی ژیانەوەیە، شۆرشی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە و لە مێژووی دێرینی هەزاران ساڵەی رۆژهەڵاتی ناڤین بە یەکەمین شۆرشی ژیانەوە (رێنێسانس **Renaissance**) ئەژمار دەکرێت. پێکهاتەی سەرەکی و زۆرینەی حەشیمەتی ئەم

بزاڤە ژنان و چینی خوێندکاری قوتابخانە و زانستگەی شارانن کە نەک هەر چینی بەسالاچووی گەلانی ئێرانیان تووشی سەرسووڕمان کردووە، بەڵکوو سەرنجی رژێمەکان و میدیای وڵاتانی دێمۆکرات و سەرنجی گەلانی دنیایان بۆ دژایەتیی ئاشکرایان لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی و ئیدۆلۆژیی ئیسلامیی راکێشاوە و، بە ئاشکرا داوای دامەزرانی سیستەمی نائاینی و لائیک دەکەن. فڕێدانی مێزەری مەلا لە شوێنە گشتییەکان و، قژبڕین و سووتاندنی رووسەری و رووبەند لەلایەن کچانی قوتابی و خوێندکارەوە بووە بە بابەتی سەرەکیی میدیای نێودەوڵەتیی، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە کە ئاین یان هەر ئیدۆلۆژییەک جگە لە ئیدۆلۆژیی ئازادیی، بۆ مانەوەی لە دەسەلات و حوکمڕانیی پەنا دەباتە بەر توندوتیژی و پێشێلکردنی ئازادیی خەڵکەکەی، مانەوەی لە دەسەلات تا سەر نابێ و چارەنووسی رووخان و لەنێو چوونە.

ئەو باوک و دایکانەی (44) ساڵ لەمەوبەر بڕیاریاندا کۆماری ئیسلامیی دامەزرێنن و سەروماڵیی بەرگرییان لە رێبەری رژێمی ئیسلامیی دەکرد، ئیمڕۆکە کوڕ و کچ و نەوەکانیان هاتوونەتە سەر شەقامی شاران و داوای رووخان و نەمانی دەکەن. بوێری و ئازایەتی و لێکدانەوەی زانستانە و ئامانج و بڕوای پتەوی وەچی ئیمڕۆ بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتیی، ئاماژەی روونن بۆ داڕمانی بناخەکانی سیسستەمی یەکێک لە سەرەڕۆترین و خوێنڕێژترین رژێمەکانی کۆتایی سەدەی (20) و چارەکی یەکەمی سەدەی (21).

بەردی بناخەی ئەم شۆرشە تاکهەڵکەوتەی خۆرهەڵاتی ناڤین، لە سەقز شاری دێرینی کوردستانەوە سەریهەڵدا، لە بۆنەی بە خاکسپاردنی ژینا ئەمینی کچە کوردی شاری سەقز کە لە تاران ڕێکەوتی 16/8/2022 بە دەستی بەگرێگیراوانی ڕژێمی ئیسلامی کوژرابوو، هەزارانکەس لە خەڵکی ئازادیخوازی سەقز لە گۆڕستانی گوندی ئایچی کۆبوونەوە، بە درۆشمی داگیرکەری ئێرانی تۆ بکوژی ژینامانی رق و بێزاربوونی خۆیان بەرامبەر تاوانەکە دەربڕیی. ئەو خۆپێشاندانەی سەقز بوو بە هۆی تەقینەوەی رقی کەڵەکەبووی گەلانی ئێران و لە ماوەی چەند رۆژێکدا وەک ئاگر بە پووشەوە بنێی وا بوو، چوار قوڕنەی ئێرانی گرتەوە.

هاوکات لە گەڵ پەرەسەندنی خۆپێشاندان لە سەرتاسەری ئێران، ئۆپۆزسیۆنی دژ بە کۆماری ئیسلامیی (بەرەی سیستەمی پاشایەتیخوازەکان/سلطنت طلبان) بە پشتگیریی چەندین کاناڵی فارسیزمانی ایران اینترنشنال، صدای آمریکا-بخش فارسی، BBC persian دەنگوباسیان بوو بە پرۆپاگەندەکردن بۆ کوڕەکەی حەمەڕەزاشا (ڕەزاشای دووەم)، ئەمە لەکاتێکدا ئەم کاناڵانە بە بووجەی وڵاتانی رۆژاڤا دامەزراون، لێ دەستەی بەڕێوەبردنیان فارسی ڕەگەزپەرست و پانفارسیزمی دەمارگرژن و، مێژوویەکی سەت ساڵە لە پشتی بیری ڕەگەزپەرستانەی ئەم گەلەوەیە، دوای دامەزرانی دەوڵەتی ناسیۆناڵی فارس/ئێران لەلایەن دیکتاتۆری بەناوبانگ ڕەزاشای پەهلەویی چەندین وەچی

فارس بە بیری دەولەتداری و لووتبەرزی و دەمارگرژی و ئیدۆلۆژیی رەگەزپەرستییەوە پەروەردە کراون. جا ئەم کانالانە لە ئۆرووپا و لە ئەمریکاوە تێدەکۆشن لەلایەک رووی داخوازی و ئامانجی گەلانی ئێران بەرەو لای بیری ئێرانچێتی و پاراستنی یەکێتیی خاکی ئێرانی بەرن، لە لایەکی دیکەشەوە بەرەی لایەنگرانی پاشایەتیی بە سەرۆکایەتیی کوڕەکەی حەمەڕەزاشا وەک باشترین بژاردە و جێگرەوەی کۆماری ئیسلامیی بە خەڵکی ئێرانی بناسێنن. ئیدی چ باسێک لە دامەزرانی سیستەمی سیکۆلار و مافی گەلانی بندەست و ژیان و مافی وەکهەڤی نییە. درۆشمەکان لە دەوری مردن بۆ دیکتاتۆر، بێشەرەف بێشەرەف، لەگەڵ زۆر جنێوی نێو بازاڕ و کۆڵان لە زاری خەڵکی خۆپێشاندەری شارانی ئێرانەوە بەرگوێ دەکەون.

میدیای فارس و گەلی فارس لە ماوەی چل و چەند ساڵی رابردوودا سیاسەتی پاکتاوکردن و گرتن و کوشتنی رۆڵەکانی کوردیان وەک هەواڵ و رووداوێکی کەمبایەخ بڵاوکردووەتەوە، لێ چەند رۆژێک دوای کوژرانی ژینا ئەمینی، وەک بەرنامە و نەخشەی لە پێشدا داڕێژراو وێنەی ژینا (مهسا ئەمینی) لە ڕێگەی میدیای فارسی دژ بە رژێمەوە بە هەموو ئێران و وڵاتانی دنیا بڵاوکرایەوە، وێنەی ژینا چووە سەر نەخشەی ئێران و درۆشمی نە اسلام نە قرآن جانم فدای ایران، هەروەها درۆشمی ژن، ژیان، ئازادی کە درۆشمی ژنانی شۆرشگێڕ و ئازادیخوازی رۆژاڤای کوردستان بوو، گۆڕیویانە بۆ: زن زندگی آزادی، مرد میهن آبادی

(ژن ژیان ئازادی، پیاو، نیشتمان، ئاوەدانی). ئەمەش تەنێ لەبەر ئەوە بڵێن ژینا و کورد ئێرانین و ئەوان (ئۆپۆزسیۆن) لەسەر کوژراوی کورد دێنەدەنگ و بە کوژراوی خۆیانی دەزانن! کە ئەمە سیاسەتێکی کۆن و هەلپەرستانەیە بەرامبەر کورد پێشانی دەدەن و، پێویستە کورد بە هۆشیارییەوە مەمەڵە لە گەڵ ئەم چەواشەکارییانەی فارسی باندەستی بکات.

رژێمی ئیسلامیی لە بەرامبەر راپەڕینی سەرتاسەریی گەلانی ئێران توندوتیژتر لە ساڵانی رابردوو سیاسەتی کوشتن و بڕین و گرتن و شکەنجە و سێدارەی پێڕەو کردووە. عەلی خامنەیی سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی خۆپێشاندانەکانی بە پیلانی ئەمریکا و ئیسرائیل، جیابوونەوەخوازان (تجزیەطلبان/کورد) نێوناسکرد. چەند جارێک بنکە و بارگەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی لە باشووری کوردستان بۆمباباران کراوە و چەندین ئەندام و پێشمەرگەیان بوونەتە قوربانی. ئامانجی رژێمی ئێران ئەوەیە رووی کێشە و ئاستەنگی بەرەورووی بوونەتەوە بەرەو کوردستانی بەرێ و، وای پێشانبدا سەرچاوەی ئاژاوە و پشێویی ئێران ئەم حیزبە کوردییانەن کە لە ئێران، نەخشە و پیلانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەبەن بەڕێوە.

جگە لە بەرەی پاشایەتیخواز، لە ماوەی ئەم پێنج مانگەی بە سەر خۆپێشاندانی بەردەوامی گەلانی ئێران تێدەپەڕێ رێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێران نە رەنگی هەیە و نەدەنگ. موجاهدین تا ئەم سالانەی دوایی بەهێزترین بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوو دژ بە

کۆماری ئیسلامیی. دوای ئاڵوگۆڕەکانی عێراق و دوای نیشتەجێکردنی زۆرینەی ئەندامانیان لە وڵاتی **ئەڵبانی** لەلایەن ئەمریکا و چاودێکردنیان، ئەو دەور و کارکردەی پێشوویان نەما، ئەوجا خۆپێشاندانی چینی لاوان و وەچی ئیمڕۆی کۆمەڵگەی ئێران کە بە وەچی ئینتەرنێت ناسراون بە درۆشمی **نا بۆ رژێمی ئیسلامیی،** نەک هەر بەرەی ریفۆرمخوازی نێو کۆماری ئیسلامییان تێپەڕکرد، بڵکوو دژی دامەزرانی هەر چەشنە سیستەمێکی ئیسلامین لە ئێران بە ئیدۆلۆژیی ئیسلامیی موجاهدینیشەوە. ئەمە ئاوا، ئەوجا با بێینە سەر باسی بەرەی چەپ و کۆمۆنیست کە لە رۆژانی سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامیی لە ساڵی 1979 لەوپەڕی بەهێزبوونیدا بوو، هێشتا **یەکێتیی سۆڤێت** مابوو، پێڕەوانی کۆمۆنیزمی **کووبا** و **لاتین ئەمریکا** و **مائۆئیستەکان** و **حیزبی توودە** خاوەنی پێگەی جاوەریی بوون، دوای قەڵاچۆکردنیان لەلایەن رژێمی خومەینی و دوای نەمانی **یەکێتیی سۆڤێت** و **یوگسلاڤیا** و پەرەگربوونی بیری ئازادیخوازی و دیمۆکراسی لە جێی بیری کلاسیکی کۆمۆنیستی و هەڵاتنی بەلێشاوی کۆمۆنیستەکان بەرەو رۆژاڤای ئۆرووپا، شکانی نێوبانگ و ئیدۆلۆژیی کۆمۆنیستی لەنێو زۆرینەی سیاستەکار و شۆرشگێڕانی جیهان، بە گشتی هۆکاربوون بەرەی چەپ ئیمڕۆکە نەتوانێ چ دەور و کارکردێک لەسەر رەوتی رووداوەکان بگێڕێت. لەبەر ئەو هۆیانەی ئاماژەمداپێی کوڕەکەی **حەمەڕەزاشا** هەلێکی مێژوویی هەڵکەوتووە بۆی بتوانێ رژێمی رووخانی پاشایەتیی

بگێڕێتەوە سەر دەسەڵات و، بە ناوی دامەزرانی دەوڵەتی گشتگیر و سیکۆلار پشتیوانی خەڵکی ئێران و وڵاتانی ڕۆژاڤا بەرەو لای خۆی ڕاکێشێ.

**لە پێوەندیی لە گەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک چۆن کوژرانی دڕندانەی ژینا ئەمینی بۆ گەلانی ئێران، بوو بە ئیمامی مەهدی ڕاستینە و ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتییە بێوێنەی لێ خولقا، لە کوردستانیش ژینا بوو بە شۆڕشی هەستانەوە و هۆشیاریی نەتەوەیی. شۆڕشی ژینا شۆڕشی لاوان و جیلی تازە پێگەیشتووی کوردستانییە، شۆڕشی یەکگرتنی جیلی نیشتمانپەروەری دوێنێ و ئیمڕۆیە،** شانەبەشانی یەک لە زانستگە و خوێندنگە و مزگەوت و گۆڕستان و شەقامی شاران سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەخوێنن، دروشمی **هەتا کوردێک بمێنێ کوردستانیش دەمێنێ، کوردستان کوردستان گۆڕستانی فاشیستان،** بە خوێن و قوربانیدان دیواری ترس و شەوەزەنگی داگیرکەیان رووخاند و بە ئاشکرا جاڕی سەربەخۆیی دەدەن. هاووڵاتییەکی نیشتمانپەروەری شاری **بۆکان** قسە بۆ خەڵکدەکا و دەڵێ: **کۆماری ئیسلامیی لە تاران فاشیستە لە کوردستانیش داگیرکەر!** ئەم دروشمانە و زۆر دروشمی نەتەوەیی دیکە ئاماژەی روونن بۆ زانینی ئەم ڕاستینەیە جیلی ئەمڕۆی کوردستان و نیشتمانپەروەرانی نێوخۆی وڵات زانستکارانە و بابەتانە لە کێشەی کوردستانی داگیرکراو و بندەستیی نەتەوەی کورد دەڕوانن، دڕندەیەتیی داگیرکەر هەمووی هێناوەتە سەر بیرێکی هاوبەش کە تەنێ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی

سەربەخۆی کوردستانە کەسایەتی و ژیان و ئاسوودەی و خاک و هەبوونی کورد دەپارێزێ. بە دڵنیاییەوە ئەمە دەسپێکێکی پیرۆز و مێژووییە  کە کورد بتوانێت لە دوای سەت ساڵ قوربانیدانی بێئەژمار و جێنۆسایدی هەمەچەشنەی کوردستان، دوای رووخانی رژێمی داگیرکەری ئێران، بە هۆشیاری و بە ئامانج و بەرنامەی نەتەوەییەوە بۆ دیاریکردنی داهاتووی سیاسیی خۆی هەنگاو هەڵبگرێت.

لە بزاڤێکی سەرتاسەریی وەک ئیمڕۆکەی ئێران، داخوازیی کۆمەڵایەتیی هاوبەش وەک ئازادی بۆ ژنان و مافی یەکسانبوونی نێوان نێر و مێ دێنە ئاراوە و، دەبێ پشتیوانی بکرێت لێیان، لێ داخوازی و ئامانجی نەتەوەی کورد لە بنەڕەتدا جیاوازە لەگەڵ داخوازی و ئامانجی نەتەوەکانی باندەستی، چۆنکە بزوێنەر و دینەمۆی هەموو بزووتنەوەکانی کورد چ لە سەردەمانی کۆن و، چ لە ماوەی (100) ساڵ لەمەوبەر کە بە فەرمیی لە نێوان چوار دەوڵەتی دڕندە و دژ بە ئازادیی دابەشکرا، بۆ مەبەستی رزگاریی خاک و نەتەوەکەی هەڵگیرساوە، هێنانی ئیدۆلۆژی و بیرۆکەی داتاشراوی دیکە نەیتوانیوە و ناتوانێت ئەم راستینەیە لە نێوەرۆکی خەبات و ئامانجی شۆرشی نەتەوەی کورد بشواتەوە. ناکۆکیی سەرەکیی لە کوردستان لە نێوان نەتەوەی کورد و داگیرکەرانیدایە ئەو ناکۆکییەش بە گۆڕینی رژێمەکانی داگیرکەر، یان بە درۆشمی نازانستانەی فیدراڵی لە وڵاتانی داگیرکەر، یان بەشداریکردن لە بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی وڵاتانی داگیرکەر

چارەسەر ناکرێت. تاکە ڕێگە پچڕانی دەسەلاتی داگیرکەرانە لە کوردستان و سڕینەوەی ئاسەواری دواکەوتووی و دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستانە لەسەر خاکە پیرۆزەکەی، ئەو خاکەی لە ماوەی (100) سالی رابردوودا بە لانیکەم زیاتر لە دوو ملیۆنێک کورد خوێنیان رژاوەتە سەر خاکی نیشتمان و ئەنفال و بێسەروشوێن کراون. لە بەر ئەوە خاکی کوردستان پیرۆزە و رۆڵەکانی کورد پۆستاڵی نگریسی داگیرکەر بە سەرییەوە ناهێڵن و وەک گلێنەی چاو بست بە بستی دەپارێزن.

دەمێنێتەوە سەر حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، لە پێناو خوێنی بێئەژماری نەتەوەکەیان، لە پێناو دابینکردنی ژیانێکی سەربەرزانە و ئاوڕوومەندانەی ئەوتۆ کە شیاوی مرۆڤی کورد بێت، لە پێناو پاراستنی نیشتمان و نەتەوەکەیان لە دەسدرێژی و جینۆسایدی بەردەوام، پێویستە پێداچوونەوەی ورد بکەن بەسەر مێژووی (40) ساڵی رابردوویان، سەردەمی گەمەی حیزبحێزبێنە و حیزبپەرستی و شەڕی نێوخۆیی، سەردەمی نێوچەگەرێتی، سەردەمی درۆشمی خۆ بە ئێرانیزانتر لە هەر ئێرانییەک، سەردەمی بیرۆکەی چەوتی کۆمۆنیستی و بەیتوبالوورەی کوردستان دەنگ و بنکەی شۆرشی کۆمۆنیستیی ئێرانە، سەردەمی بە کوشتندانی رۆڵەی کورد بۆ هێنانەدی دیمۆکراسی بۆ ئێران، سەردەمی ئێرانچێتیی و سیاسەتی درێژەدان بە کۆیلەتیی کورد، تێکڕای ئەمانە هەمووی بە خەبات و درۆشمی نەتەوەیی لاوانی شارەکان فڕیدرانە نێو زبڵدانی کۆڵان

و شەقامی شارەکان و سووتێندران و لە گۆڕ نران. لە ئیلامەوە بۆ شار و شارۆچکە و گوندەکانی ورمێ لاوانی کورد جاڕی ئازادی و سەربەخۆیی بە گوێی حیزبە سیاسییەکانی و داگیرکەرانی کوردستاندا دەدەن.

لە نێو چینی خوێندەواری کوردستان، پێڕەوانی ڕێبازی سەربەخۆیی کوردستان، ڕۆشنبیری راستینە و توێژی راستگۆ و پاگژ و دڵسۆز و چرای ڕێگەی رزگاریی نەتەوەکەیانن، ئەرکی گەورەی مێژووییان لە ئەستۆیە، بێ پشوودان هزری نەتەوەیی و بیری دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆیی کوردستان وەک شیلەی هەنگوین لە نێو شانەی مێشکی تاک بە تاکی لاوان و هەموو چینەکانی دڵسۆزی نیشتمان بڵاوبکەنەوە، هۆشیاریی نەتەوەیی مەرجی سەرەکییە و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان لەسەر بنچینە و هزری نەتەوەیی پتەو دێتەدی.

بە رووخانی رژێمی کۆماری ئیسلامیی، دەسەڵاتداریێتیی ئاینی و ئیدۆلۆژیی (500) ساڵەی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی لە ئێران هەرەسدێنێ، ئەمەش دەبێت بە یەکێک لە رووداوە گەورەکانی مێژووی خۆرهەڵاتی ناڤین و وڵاتانی ئیسلامیی بە گشتیی، دەبێت بە رووداویکی گەورەی وەک ئەوەی لە یەکێتیی سۆڤێت روویدا و، هەرەسهێنانی بوو بە هۆی گەلێک گۆڕانکاریی لە دنیا. بە رووخانی کۆماری ئیسلامیی ئیدۆلۆژیی بنچینەگرانەی ئاینیی لە دنیای ئیسلام بەرەو لاوازبوون و شکان دەچێ، جوگرافیای سیاسیی ئێرانیش وەک دەوڵەت و وڵاتێکی دەسکردی دەستی ئیمپریالیزم لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە. بای گۆڕان لە کوردستانەوە سەریهەڵدا و، بە هەموو خۆرهەڵاتی ناڤیندا بڵاودەبێتەوە، ئەو کوردستانەی هەزاران ساڵە لانکی شارستانێتی و سەرهەڵدانی چەندین مرۆڤی مەزنی وەک

زەردەشت، پاپەکی خۆرمدین، سۆرەووەردی، شرەفخانی بتلیسی، سوڵتان سەهاکی کاکەیی، حاجی قادری کۆیی، نادر نادرئۆف، جەلیلی جەلیل، میر جەلادەت بەدرخان، ئاپۆ عوسمان سەبری، مووسا عەنتەر، جەمال نەبەز و سەدان زانا و بلیمەتی دیکەیە، کوردستانیش نیشتمانی کەونارانی کورد چاوکانیی چەندین ئاینی مرۆڤانەی وەک میترائیزم و زەردەشتی و مانیزم و کاکەیی و یارسان و ئارەوی بووە! نەتەوەیەک بەو شارستانێتییە رەنگین و زەنگینەوە شایانی ئەم کۆیلەتی و بندەستی و سووکایەتی و بێڕێزییە نییە کە داگیرکەرانی کوردستان ئیمڕۆکە لە سەرتاسەری خاکی کوردستان بەرامبەر بە گیان و کەسایەتی و هەبوونی نەتەوەی کورد پێڕەوی دەکەن.

کورد دەبێ ببێت بە خودانی خاک و سامانی هەزارانساڵەی و، ئەوەی کە ماویەتی و بە تالان نەچووە، بپیارێزێ، خۆی و خاکی لە فەوتانی یەکجارەکیی رزگار بکات!

کۆتایی.

# ژێدەرەکان!

(1*) - ملک المتکلمين ناوی تەواوی حاجی میرزا نەسرۆڵلا بەهەشتی، ساڵی 1277ی هەتاوی لەشاری ئەسفەهان هاتووەتە دنیاوە. دوای تەواوکردنی قوتابخانەی ئاینیی لە تەمەنی 23 ساڵیدا بەرەو هیندستان کۆچیکرد. لە هێند لە شاری بەمبەیی قوتابخانەیەکی دامەزراند و، پەرتۆکێکی نووسی بە ناوی "من الحق الی الحق"، کە بەدڵی گروپی ئیسلامیی "ئیسماعیلیە" نەبوو، لەبەر ئەوە کەوتنە دژایەتیکردنی و ناچارما بگەڕیتەوە بۆ ئێران. ماوەیەک لە بووشەهر و ئەسفەهان مایەوە و لە مزگەوتەکان و لە نێو خەڵکدا پرۆپاگەندەی بۆ بیری ئازادیخوازی و یەکسانی و کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە دەکرد. لەوەوە دەسەڵاتدار و چینی دەوڵەمەندی ناوچەکە کەوتنە دژایەتیکردنی و، ناچار ما بەرەو تاران بڕوات. لە تارانەوە دەچێ بۆ ئازەربایجانی سەر بە رووسیا و، لە شاری باکۆ قوتابخانەیەکی زانستیی دادەمەزرێنێ بۆ پەروەردەکردنی ئەو لاو و خوێندکارە ئێرانییانەی لەوێ دەژیان، یان لە ئێرانەوە بۆ خوێندن دەچوون بۆ باکۆ. لەم قوتابخانەیەدا، ئەو ئازادی و دیمۆکراسییەی لە ئۆروپادا هەبوو بۆ قوتابییەکان شیدەکردەوە، بیری ولاتپارێزی و پێشکەوتن و سەربەخۆیی ئێران دەبرایە مێشکیانەوە. لە کاتی سەرهەڵدانی نارەزایەتیی جەماوەریی لە دژی حکوومەتی قاجار، گەڕایەوە بۆ ئێران و بە پەیام و وتەی دڵنشین و شۆرشگێرانەی رۆڵێکی گەورەی لە هاندانی جەماوەری خەڵک لە دژی دەسەلاتی گەندەڵی قاجاریدا دەگێڕا.

ئەم کەسایەتییە ئاینییە، لە ریزی ئەو تاقوتۆقە کەسایەتییە ئاینییانەدا بوو کە هەست و بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازیی، بەسەر بیروباوەڕی ئاینییەکەیدا زاڵبوو. ئەمەش وایکردبوو لەلایەک لەنێو ئازادیخوازان و

مرۆڤدۆستان و نیشتمانپەروەرانی ئێرانیدا وەک رێبەرێکی مەزن و راستبێژ تەماشا بکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە، شا و بنەماڵە و کاربەدەستانی حکوومەت، بە دوژمنی گەورەی خۆیانی بزانن.

لە ڕاستیدا لە سەردەمی مەشرووتەوە تاکو رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا، بوونی ژمارەیەک مەلای ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر لە ریزی خەڵک، هۆکار بوو کە ئازادیخوازان و لایەنگرانی سیستەمی عیلمانی، بەرامبەر تێکڕای چینی ئاینیی رەشبین نەبن و، حیسابی مەلاکانی "درباری" (کۆشکنشینەکان) لە "مەلا شۆرشگێڕ و ئازادیخوازەکان" جیا بکەنەوە. ئەم بۆچوون و روانگەیە ئەوڕۆکەش هەر هەیە و، تەنانەت لەنێو حکوومەتی پڕ لە ستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چەند کەسانێک وەک ئایەتوڵلا تالەقانی و ئایەتوڵلا مۆنتەزری و سانعی و .. هتد هەن کە خەڵک رێزیان لێدەگرێ، ئەگەرچی پشتگیرییان لە هەبوونی حکوومەتی ئیسلامیی کردووە، لێ دژی سەرکوتی ئازادیخوازان و کوشتن و بڕینی رۆڵەکانی خەڵک بوون لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە).

ملک المتکلمین، پاش یەکەم هێرشی گەورەی حکوومەت بۆ سەر رێبەرانی شۆرشی مەشرووتە، گیرا و، بە فەرمانی حەمەعەلیشای قاجاڕ لە سەربازگەی "باخیشا" ی تاران، خنکێندرا.

(2*) - ئەحمەد کەسرەوی ساڵی 1269ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی 1890ی زایینی، لە گەڕەکی "هەمکاوار" لە شاری تەورێز، لە بنەماڵەیەکی ئاینی هاتووەتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتای لە تەورێز تەواو کردووە، لە تەمەنی 22 ساڵیدا بووە بە مامۆستای زمانی عەرەبی، هەروەها زمانی ئینگلیزیشی بە باشی زانیوە. دواتر فێری زمانی "ئێسپرانتۆ"ش بووە. ماوەیەک فەرمانبەر بووە لە وەزارەتی داد، پاشان بۆ سەرۆکی دادگەی شاری زەنجان

دیاریکراوە. لەو شارەدا، بە هۆی دەستێوەردانی مەلاکان لە کاروباری دادپرسی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەرەنگاریان بووەتەوە. ماوەی ساڵێک سەرۆکی دادگەی ستانی خوزستان بووە. لەو کاتەدا "شێخ خەزعەل" سەرۆک عەشیرەتی گەورەی عەرەبەکان لە باشووری رۆژاڤای ئێران (خوزستان)، کەسیکی خاوەندەسەلات بوو لەو نێوچەیە. شێخ خەزعەل دەیویست خوزستان بکات بە هەرێمی سەربەخۆ، لەبەر ئەوە دژی نیشتەجێبوونی هێزی چەکدار و فەرمانبەرەکانی دەوڵەتی نێوەندیی (فارس) بوو لە خۆزستان.

کەسرەوی و فەرمانبەرەکانی دادگە بە فەرمانی شێخ خەزعەل لە خوزستان دەردەکرێن، کەسرەوی بەرەو تاران دەڕوا و، ماوەی 10 ساڵ لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران سەرۆکایەتیی دادگەی پێدەسپێدرێت. ماوەیەکیش دەبێت بە پارێزەر. ساڵی 1308ی هەتاوی (1939ی ز) دەکرێت بە مامۆستای بەشی زمان و مێژوو لە زانستگەی تاران. کەسرەوی کە ماوەی چەندین ساڵ، شار و هەرێمەکانی ئێران گەڕابوو، لە نێزیکەوە لە کێشە و هۆکارەکانی دواکەوتوویی ئێران ئاگادار دەبێ. ئەوە بوو لە ساڵی 1320 ی هەتاوی (1941ی زاینی) کۆمەڵێکی رۆشنبیریی لە تاران دادەمەزرێنێ و، رۆژنامەی "پرچم" دەبێت بە ئۆرگانی کۆمەڵەکەی. لە رۆژنامەی "پرچم" دا، دەستدەکات بە وتارنووسین لە دژی داوونەریتی کۆن، رۆڵی مەلاکان لە دواخستنی کۆمەڵگە دەخاتەڕوو. هێندەی پێناچی، ناوی کەسرەوی بە هەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە و خەڵکێکی زۆر، دەبنە دژ، یان لایەنگری. لە ساڵی 1324ی هەتاوی، بە نەخشەی مەلاکان تەقەی لێدەکەن، بەڵام ناکوژرێت. مەلاکان و موسڵمانانی توندئاژۆ بە مەبەستی هاندان و وروژاندنی خەڵک لە دژی، تاوانی قورئانسووتاندن دەدەنە پاڵی.

کەسرەوی جگە لە نووسینی وتار لە "پرچم"، کە خۆی سەرنووسەری بوو، گەلێک بەرهەمی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و بابەتی رەخنەگرانەی بڵاوکردووەتەوە کە بەشێکی بریتین لە: "ئاین"، "لە بارەی ئیسلامەوە)"، "بیخوێننەوە و، هەڵیسەنگێنن"، "لەبارەی ئەدەبیاتەوە"، "فەرهەنگ چییە؟"، "فەرهەنگ یان فێڵبازی!؟"، "لەبارەی رەوانەوە"، "دین و دنیا" ، "پاشاکانی بێ ناو و نیشان"، "مێژووی شۆرشی مەشرووتەی ئێران"، "مێژووی پێنج سەت ساڵەی خوزستان"، "مێژووی 18ساڵەی ئازەربایجان"، "مێژووی شێر و خۆر"، "شێخ سەفییەدین و رەگەز و بنەچەی"، "مێژووی دەمنە و قلیان"، "مشعشعیان"، "دروستبوونی ئەمریکا"، "شیعەگەرێتیی"، "بەهاییگەری، "شیعەگەری و، سۆفیگەرێتیی". جگە لەم پەرتۆکانە، دەیان وتار و نووسراوەی دیکەی لە گۆڤارەکانی عەرەبی و فارسیدا بلاوکردووەتەوە. کەسرەوی هەروەها زمانی فارسی و ترکیی ئازەری، عەرەبی، ئینگلیزی، ئەرمەنی، ئەلفوبێ و زمانی "پەهلەویی" زانیوە. سەرەنجام لە تەمەنی 57 ساڵیدا، لەنێو ژووری دادگە، بە پیلانی مەلاکان و بە هاودەستیکردن لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران، لەلایەن نەواب سەفەوی و، ئەندامانی دیکەی رێکخراوەی "فیداییەکانی ئیسلام" ەوە تێرۆرکرا.

(3*) - "سید مجتبی میرلوحی" ناسراو بە نەواب سەفەوی، کوڕی سەید جەواد لە ساڵی 1303ی هەتاوی (1924) لە گەڕەکی "خانی ئاباد"ی شاری تاران هاتووەتە دنیاوە. لە تەمەنی 17 ساڵیدا چووە بۆ نەجەف و ماوەی چوارساڵ لە قوتابخانەی ئاینیی نەجەف خوێندووتەتی، دوای وەرگرتنی دەستووری فتوای کوشتنی نووسەری بەنێوبانگ ئەحمەد کەسرەوی، لەلایەن "ئایەتۆڵلا شێخ عەبدولحسێنی ئەمینی" یەوە، بەرەو ئێران گەڕاوەتەوە. چووە

بۆ تاران، لەگەڵ ئایەتوڵلا شێخ محەممەدی تاڵەقانی پێوەندیی گرتووە و، ئەوی لە نەخشەی کوشتنی کەسرەوی ئاگاداری کردووە. ئایەتوڵلا شێخ محەممەد تاڵەقانی چوارسەت تمەن پووڵی داوەپێی، دەمانچە و فیشەکی پێبکڕێت. نەواب دوای کوشتنی ئەحمەد کەسرەوی، دەگەڕێتەوە بۆ نەجەف لەلایەن ئایەتوڵلاکانی دانیشتووی نەجەف پێشوازییەکی گەرمی لێدەکرێت. دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ئێران. ساڵی 1324ی هەتاوی بە پرس و راوێژ لەگەڵ ئایەتوڵلا کاشانی، رێکخراوەی "فیدائییەکانی ئیسلام" دادەمزرێنێ. فیدائییەکانی ئیسلام، چەندین کاربەدەستی گەورەی ئێرانیان تێرۆرکرد. دواجار هەوڵی کوشتنی سەرۆکوەزیران (عەلا) یاندا بەڵام سەرنەکەوتن و گیران و رێکەوتی (16/1/1956)، نەواب سەفەوی، لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی لە زیندانی "قزڵ قەلعە" لەسێدارە دران.

(4*)- ئایەتوڵلا شێخ عەبدولحسێنی ئەمینی، خەڵکی تەورێز بوو، زۆربەی ژیانی لە شاری نەجەف و کەربەلا بردەسەر. ماوەی چل ساڵ تەمەنی خۆی تەرخانکرد بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی رەوایەتیدان بە ئاینزای شیعە. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لە پەرتۆکێک بەناوی "الغدیر فی الکتاب و السنە و الادب" دا کۆکردەوە. ئەم پەرتۆکە، سەرچاوەیەکی بایەخدارە بۆ پێڕەوانی ئاینزای شیعە و بە ناوی (دائرە المعارفی شیعە) بووە بە وانەی قوتابخانە ئاینییەکان.

(5*)- وشەی "ئایەتوڵلا" لە ئێران، یەکەم جار لەلایەن پاشای مەغۆل (ئەلجایتۆ)وە بەکار هێنرا. ئەلجایتۆ، لەلایەن زانایەکی شیعە بە ناوی "مەلا عەلی" یەوە بوو بە موسڵمانی شیعە و، ناوی خۆی گۆڕی بۆ "سوڵتان محەممەد خودابەندە". سوڵتان محەممەد، ناوی خوازراوی ئایەتوڵلای لەسەر مەلا عەلی دانا. بەڵام بەکارهێنانی ئەم وشەیە، بۆ ماوەیەکی زۆر بەکار نەهێنرا.

هەروەها وشەی ئاخوند لە دوو وشەی (آقا) کە دواتر بووە بە (ئا)ی مەغۆلی و وشەی (خوند)، لە وشەی (خوێندەوار)ی کوردییەوە وەرگیراوە. ئەم دوو وشە مەغۆلی و کوردییە، تێکهەڵکێشی یەککران و وشەی (ئاخوند)ی لێداتاشرا و، لەوە بە دواوە، لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی ئاینیی بە تایبەتی و کۆمەڵگەی ئێران بە گشتیی، بوو بە نازناوی مەلاکان و شارەزایانی ئاینی و، بوو بە وشەی رێزلێنان لە گەورەتر. بۆ وێنە، ئێستاش لەنێو فارسدا دەڵێن "ئا غولامرەزا" (آقا غولامرضا)، "ئا تەقی" (آقا تەقی).

دواتر، پاشاکانی سەفەویی، نازناوی "شێخ الائیسلام" یان بەخشییە مەلای شارەگەورەکان. لە سەردەمی قاجارەکاندا، نازناوی "حجت الاسلام" بوو بە باو. وشەی "مەلا" کە لەنێو کورددا باو بوو، لە زەمانی سەفەوییەکاندا بوو بە پێشنێوی ئیمام و پێشنوێژی مزگەوتەکان و شارەزایانی ئاینیی. لە سەردەمی حکوومەتی قاجارەکان، بە تایبەتیی لە سەردەمی شۆرشی مەشرووتەدا، مەلاگەورەکان کە خۆیان لە ئاستی پێشەوای ئاینیدا دەبینی، ناوی "مەلا و ئاخوند"یان بۆ خۆیان بەکەمزانی، سەرلەنوێ وشەی ئایەتوڵلا قوتکرایەوە و چەند مەلایەکی شیعە بە پلەی ئایەتوڵلا گەیشتن. ئەوجا ناوی مەلا و ئاخوند هەرمایەوە و، بەو کەسانە دەگوترا، کە لە رووی زانیاریی ئاینییەوە لە پلە و ئاستێکی نزمتردا بوون. سەید محەممەد برووجردی، یەکەم کەسێک بوو کە لە سەردەمی حکوومەتی حەمەڕەزاشا، نازناوی "آیت اله عظمی"ی پێدرا.

(6*) - "تاج الملوک" کچی تەیموورخانی ئایرملوو بە رەگەز ترکمانە. باوکی لە دەرەبەگە بەناوبانگەکانی "سواد کوە"ی سەر بە "مازندەران" بوو، هاوکات فەرماندەی لەشکری قەزاقیش بوو. تاجەلملووک، لە تەمەنی (18)ساڵیدا بووە بە هاوسەری رەزاخان. دوای بەدەسەلاتگەیشتنی رەزاشا، نازناوی

"ملکە مادر" (شاژنی دایک)ی پێدراوە، لەبەر ئەوە خاوەن ڕێز و دەسەلاتی تایبەت بووە. لە ڕەزاشا چوار منداڵی بووە، دوو کوڕ و دوو کچ.

بیرەوەرییەکانی تاج الملوک (ژنی ڕەزاشا و دایکی حەمەڕەزاشا)، سەرەتا لە سایتی "پیک نێت"دا بڵاوکرایەوە، دواتر لە شێوەی پەرتۆک بڵاوکرایەوە. تاجلملووک، دەیان ساڵ لە نێزیکەوە ئاگاداری هەموو جۆرە ڕووداو و ئالوگۆڕەکانی سیاسیی نێوخۆی ئێران بوو. پێوەندیی گەرم و دۆستانەی لەگەڵ دەیان ڕێبەر و سەرکۆماری وڵاتان و کاربەدەستانی نێوخۆیی و دەرەکییەوە بوو. تاج الملوک لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا، کەسایەتی و هەڵسوکەوتی هەموو ئەو کاربەدەستانەی کە دیونی، چ ئەوانەی کاربەدەستی وڵاتانی بیانی بوون، چ ئەوانەی ئێرانی بوون بە ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆشییەوە، بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان و، بێ پێچ و پەنا خستووەتەڕوو. درکاندنی ئەو ڕاستییە شاراوانەش وایکرد کە نەوەکانی و بووک و تەنانەت کچەکانیشی لەخۆی توورە و زیز کرد.

(7*) - ئەسەدوڵلا عەلەم، لەدایکبووی شاری "بیرجەند" سەر بە ستانی خۆراسانە. دوای تەواوکردنی خوێندن لە زانستگەی کشتوکاڵیی شاری "کەرەج" بوو بە ستانداری ستانی بەلوچستان و سیستان. بنەماڵەی عەلەم لای بنەماڵەی شا ناسراو بوون و، باوکی عەلەم، کاتی خۆی خزمەتی زۆری بە ڕەزاشا کردبوو. ئەسەدوڵلا عەلەم، لەو نێزیکایەتییە کەڵکیوەرگرت و، خۆی لە شا نێزیک کردەوە. ساڵی (1950ی ز) بوو بە وەزیری کشتوکاڵ و، دواتر بوو بە وەزیری نێوخۆ. پاش سەرهەڵدانی دژایەتیی نێوان ئینگلیز و شا لەگەڵ دوکتۆر موسەدق، ئەسەدوڵلا عەلەم پشتی لە شا نەکرد. ساڵی (1962ی زاینی) لەلایەن شاوە کرا بە سەرۆکوەزیرانی ئێران. عەلەم، زۆر باشدەیزانی چۆن دڵی شا ڕابگرێ. لەبەر ئەوە بە پێچەوانەی موسەدق و ئەمینی (سەرۆکوەزیرانی پێشوو)، هیچ

**کارێکی بەبێ پرس و ئیزنی شا ئەنجام نەدەدا. لە نامەکانیدا، یان لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ شا، بە  پیشوای مقتدر من( پێشەوای دەسەڵاتداری بەهێزی من) نێوی دێنا. شا پتر لە هەرکەسێک بڕوای بە عەلەم دەکرد. عەلەم، جگە لە ئەنجامدانی کار و ئەرکی حکوومەتیی، هەروەها ئەرکێکی گرنگی دیکەشی لەلایەن شاوە پێسپێردرابوو!! ئەو ئەرکەش ئەوە بوو، خانوویەکی نهێنی و شاراوەی بۆ شا ئامادە کردبوو، دوور لە چاوی خەڵک و شاژن و دەستوپێوەندەکانی، کچ و ژنی جوان و کەشخەی دەبردە خانووەکەوە و، "سایە خدا و شاهنشا آریامهر" یش، چەند ساتێک لە گەڵیان رایدەبوارد. بەڵام پاش ماوەیەک، "فەرەح" (شاژن) بەم پیشە لاوەکییەی عەلەم دەزانێ و، لەپێش چاوی کۆمەڵێک کاربەدەست و، دەستوپێوەندی کۆشکی شا، بە زللە، لە "عەلەم" دەدا و، قسەی سووکی پێدەڵێت!**

**تاج الملووک دەڵێ: "عەلەم، سەر بە ئینگلیز بوو. ئەوەشی نەدەشاردەوە و بە ئاشکرا بە شای دەگوت: "راوێژکاری نێزیکی دەولەتی بریتانیایە و لە شاژنی بەریتانیا نیشان و نازنێوی "سێر" (Sir) و "لۆرد" (Lord)ی (پێبەخشراوە!".**

**ئەسەدۆڵلا عەلەم، مانگی نەورۆزی ساڵی 1357ی هەتاوی (1978ی ز)، بەهۆی تووشبوونی بە شێرپەنجەی خوێن، ساڵێک پێش رووخانی رژێمی پەهلەویی، لە تاران کۆچیدوایی کرد.**

**(8*)- شاپوور بەختیار، بە رەگەز کورد و، لە بنەماڵەی سەرۆک خێڵەکانی نێوچەی بەختیارییە. بەدرێژایی مێژوو، هۆزەکانی بەختیاری، هەوڵی پاراستنی خۆیان و خاکەکەیان داوە و، بەرەنگاری دوژمنان و داگیرکەران بوونەتەوە.**

(120) ساڵ لەمەربەر، لەشەڕ و لێکدانی نێوان بەختیاری و سوپای ئێرانی قاجاریدا، باپیری شاپوور بەختیار بە ناوی "ضل السلطان" کوژراوە.

کاتێک رەزاشا بەدەسەڵات گەیشت، بەلاساییکردنەوە لە ئەتاتورکی سەرۆکی ترکان، هەوڵیدا بە زووترین کات دەولەتی ناسیۆناڵی فارس پێکبێنێت. ئەوە بوو هێرشی بۆ سەر ئەو نێوچانە دەستپێکرد کە راستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێراندا نەبوون و، لەهەرێمەکەی خۆیاندا سەربەخۆ بوون. پاش شەڕوشۆڕێکی گەورە و گران کە چەندین مانگی خایاند، ساڵی 1313ی هەتاویی، راپەڕینی بەختیاری بە گوللە و باروت نوقمی خوێنکرا و، بەهەزاران کەس کوژران و، فەرماندەکانی سوپای ئێران، بەهۆی دڕندەیەتییان نازناوی "قەساوی لۆڕستان" یان پێدرا. ئەوجا رەزاشا، ئەندامانی بنەماڵەی سەرۆک هۆزی بەختیاری، لەوانە باوکی شاپوور بەختیاری لەسێدارە دا.

شاپوور بەختیار، لەکاتی دەستپێکردنی بزاڤی دژە کۆلۆنیالیستی لەلایەن دوکتۆر موسەدقەوە، بوو بە ئەندامی بەرەی ناسیۆناڵی ئیران. پاش کودەتاکەی دژ بە موسەدق، لەلایەن رژێمەوە چەندین جار گیرا و، جارێکیان ماوەی سێ ساڵ لە زیندان مایەوە.

شاپوور بەختیار، ئەگەرچی بەرەگەز کورد بوو، بەڵام لەرووی بیروباوەڕەوە، ناسیۆناڵیستێکی ئێرانی بوو، بڕوای تەواوی بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران هەبوو. رۆژی 16ی بەفرانباری 1357، بوو بە سەرۆکوەزیرانی رژێمی شا و، ماوەی 37 رۆژ ئەو پۆستەی بەدەست بوو. چەند رۆژێکی مابوو بۆ سەرکەوتنی یەکجاریی شۆرشی ئیسلامیی، خۆی شاردەوە و، لەلایەن ئەندامانی بەرەی ناسیۆناڵ و دۆستەکانییەوە، توانی خۆی بگەیەنێتە ئۆروپا. شاپوور بەختیار، سەرئەنجام، لەرۆژی 6ی ئەگوستی ساڵی 1992ی زاینی، لەلایەن

تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ولاتی فەرەنسا لەنێو ماڵەکەی خۆی تێرۆرکرا.

(9*)- مامۆستا شێخ عێزەدین حسێنی: ساڵی 1922 لە شاری بانە لە بنەماڵەیەکی سیاسی و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لەبەر نەبوونی قوتابخانە بە منداڵیی چووەتە قوتابخانەی ئاینیی. سەردەمی لاوێتیی دەبێت بە فەقێ و بۆ درێژەدان بە خوێندنی ئاینیی دەچێ بۆ نێوچەی بۆکان، کەسایەتی و بیروباوەڕی نیشتمانپەروەرانەی هەر زوو سەرنجی سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ لای خۆی رادەکێشێ و لە شاری بۆکان بە ناوی خواستەمەنیی "هەوێن" دەبێت بە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف. دامەزرانی کۆماری کوردستان و هەڵدانی ئالای کوردستان لە پێتەختی کوردستان (مەهاباد) و لە شاری بۆکان، کاریگەریی زۆر لە سەر شێخ عێزەدین دادەنێ و تا دواهەناسەی ژیانی خۆی بە درێژدەری رێبازی پێشەوا قازی دەزانی. لە هەموو دیدار و لێدوانەکانیدا نێوی قازی محەمەدی بە پێشەوا قازی دەهێنا.

لە سەروبەندی پەرەسەندنی خۆپێشاندانی گەلانی ئێران لە دژی رژێمی پاشایەتیی و دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران، مامۆستا شێخ عێزەدین وەک سەرکردەیەکی بە توانا هاتە نێو گۆڕەانی سیاسیی کوردستان و، بۆ ماوەی نێزیک بە چوار سال رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی رۆژهەڵات و سەرۆکی شاندی کوردستان بوو بۆ وتووێژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران. وەرزی بەهاری ساڵی 1983 دوای ناهومێدبوونی لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشان، بڕیاریدا بە سازکردنی رێکخراوێکی نهێنیی کوردستانی. مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی لە بەغداوە چوو بۆ گوندی بێژوێی ئالانی سەر بە شاری سەردەشت. دوای چەند کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی

ئەورەحمان زەبیحی، سەعدئاغای ئیلخانیزادە و کەسایەتیی خۆشەویستیی شاری مەهاباد کاکە کەریم دانشیار و نووسەری ئەم دێڕانە (سیروان کاوسی) و خالید عەزیزی و چەند کەسێکیتر بڕیاردرا سەرەتا بۆ ماوەی ساڵێک بە ناوی نووسینگەی مامۆستا شێخ عیزەدینەوە خەباتی خۆی بەردەوام بکات، هێزی پێشمەرگەی سەربەخۆ پێک بهێنێ و، لە ژێر چاودێری و پارێزگاریی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە نەمێنێت. ئەز (سیروان کاوسی) وەک فەرماندەی نووسینگەی مامۆستا دەسنیشانکرام، بڕیاریش وابوو کاتێک ژمارەی پێشمەرگەمان بوو بە (25) کەس، بنکەیەکی دیکە لە گوندی سنجوێ لە خوارووی گوندی بێژوێ و لە سەر چەمی کەڵوێ دامەزرێنین، بەناوی نووسینگەی مامۆستاوە دەسبکەین بە جەولەی سیاسی. لەنێو ئەو مەلایانەی لەگەڵ مامۆستا شێخ عێزودین بوون، مەلاحەسەن نۆزهەتزادە (مەلا حەسەنی شکاک) و مەلا محەممەدی ئاجیکەند و مەلا عەباسی نەبێ، ئەوانی دی کە ژمارەیان هەشت بۆ نۆ مەلایەک بوون بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە سیخوڕی کۆمەڵە بوون. راوێژکاری سەرەکیی مامۆستا، بە ناوی مەلا (ع ع) پیاوی سەلاح موهتەدی بوو، جگە لەوەش دیلمانج و راوێژکاری مامۆستا بە ئاشکرا ئەندامی کۆمەڵە بوو.

لە یەکێک لەو کۆبوونەوانەی بوومان، بڕیاردرا ماشێنی پیتنووس (رۆنیۆ) بە نهێنی لە رێگەی یەکێتیی نیشتمانییەوە دابین بکەین بۆ بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوەی مامۆستا، چیدی پێویستمان بە دەسگەی چاپەمەنیی کۆمەڵە نەبێت. بۆ ئەم مەبەستە ئەز لە ئالانی سەردەشتەوە چووم بۆ شاربازێڕ. چوونەکەم هاوکاتبوو لەگەڵ هێرشی بەرەی جوود بۆ سەر شاربازێڕ و لەنێو یەکێتیش ئالای شۆرش تازە سەریهەڵدابوو. سالار و بەکری حاج سەفەر و چەند کەسێکیتر وازیانهێنابوو لە گوندی گوێزەڕەش و پارێزان دانیشتبوون. لە گوندی

گۆڕەدێم چاوم بە ئەبوو شەهاب کەوت ئەندامی سەرکردەیەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، عەلی کەریمی خوشکەزای مامۆستا ئەوڕەحمان زەبیحی لای خۆی گلدابووەوە. ئەبوو شەهاب گوتی: کاکە سیروان کۆمەڵە زۆر سپڵە دەرچوون، هەموو هاوکاری و دڵسۆزیی ئێمەیان لەبیر کرد، ئێمە لەو دیو بۆ پشتیوانی لە کۆمەڵە چەندین پێشمەرگەمان شەهید بوون، کەچی چەند فارسێکی ئێرانییان بە ئێمە گۆڕییەوە. بەڵێن بێ هەموو هاوکارییەکتان دەکەین، نەک هەر مەکینەی چاپ، بەڵکوو چەکیش چیتان پێویست بێ دەتاندەینێ. هەر ئەو ڕۆژە بە بێتەل لە گەڵ مامۆستا جەمال تاهیر قسەیکرد. جەمال تاهیر ئەندامی سەرۆکایەتیی کۆمەلەی ڕەنجدەران و پێشووتر بەرپرسی ڕێکخستنی سلێمانی بوو، تازە لە سلێمانی چووبووە دەرەوە، لە گوندی سەرشیوی ناوچەی ئالان دەمایەوە، داوایکرد من بگەڕێمەوە بۆ بێژوێ کەس دەنێرێ بە شوێنمدا لە سەرشیو کۆبینەوە. گەڕامەوە بۆ بێژوێ. هەموو قسەو باسێکم گێرایەوە بۆ مامۆستا شێخ عیزەدین و بۆ کاک کەریم دانشیار. درێژەی ئەم باس و ڕووداوانە دادەنێم بۆ بەرگی بیرەوەریم، ئەوەی لێرەدا گوتنی پێویستە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگی پڕ لە کێشە و سەرئێشەی بەردەوام لەنێو ئەندامانی نووسینگەی مامۆستا و گوشارخستنە سەر مامۆستا کە واز لە بیری دامەزرانی حیزبی نەتەوەیی و سەربەخۆ بهێنێ، زۆر مخابن ئەو هەوڵە پیرۆزە پەکی کەوت، ڕۆژێکیان مامۆستا بانگیکردمە نێو نووسینگە، فەرمووی: کاک سیروان دەسراگرە، ئیتر پێشمەرگە وەرمەگرە، ئەم کارە سەرناگرێ، کۆمەڵە دۆری لە گەڵ کردم، منیان بەکار هێنا بۆ بەهێزبونی خۆیان، ئەمانەی لە گەڵمن، لەگەڵم دەژین، لەسەر خوانێک لە گەڵم دادەنیشن، بەلام بیروهۆشیان لای کۆمەڵەیە، هەر قسە و باسێک لێرە دەکرێت حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە و کاک سەلاح و تەنانەت

یەکێتیی نیشتمانیش دەزانێ. ڕێکخراوە سازکردن و بەڕێوەبردنی بە ئەز ناکرێ سەرئێشە و کێشەی زۆرە!؟

مامۆستا شێخ عیزەدین تا لە ژیاندا ما لە بیروباوەڕی نیشتمانی و ئازادیخوازیی لاینەدا، هەموو ئاواتی ئازادیی نەتەوەی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بوو. ئەم کەسایەتییە دڵسۆزەی کوردستان لە تەمەنی (89)ساڵی لە شاری ئۆپسالای وڵاتی سوید کۆچیدوایی کرد، تەرمەکەی ڕۆژی 17/2/2011 برایەوە بۆ سلێمانی و لە گردی سەیوان نێژرا.

(10*) – ئەحمەد موفتیزادە: کوڕی مەلا مەحموود موفتی کوڕی مەلا عەولای دشەیی بوو، گوندی دشە سەر بە شاری پاوەی هەورامانە و لە سەردەمی باپیریدا ماڵیان چووە بۆ سنە و ساڵی 1933 ئەحمەو موفتیزادە لە شاری سنە لە دایکبووە، سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵی لە لایەن باوکی و هەروەها لە قوتابخانەی ئاینیی سنە و چەند شار و هەرێمی دیکەی کوردستان خوێندنی ئاینیی تەواو کردووە. لە سەردەمی ڕژێمی حەمەڕەزاشا وەک ڕەخنەگرێکی ئاینیی لەلایەن ساواکی ڕژێمی پاشایەتییەوە گیراوە و بەرەوڕووی زیندان و شکەنجە بووەتەوە. هەر لە سەردەمی ڕژێمی پەهلەویدا پێوەندیی نێزیکی لەگەڵ ئەو بەشە لە مەلاکانی شیعە هەبوو کە دژی ڕژێمی پاشایەتیی بوون. لە سەروبەندی خۆپێشاندانی سەرتاسەریی گەلانی ئێران لە دژی ڕژێمی پاشایەتی، ئەحمەد موفتیزادە پێوەندی و ئاستی هاوکاریی لەگەڵ ئایەتوڵڵاکانی تاران و قوم گەیشتە ئاستێک پشتگیرییان لێکرد بۆ دانانی کۆمیتەکانی ئیسلامی و مەکتەب قورئان لە شارەکانی کوردستان. پێش ڕووخانی یەکجارەکیی ڕژێمی پاشایەتیی چەند جارێکیش لە نێوەندی ئاینیی قومەوە پووڵ و پارەیان ناردبۆی بەسەر

ئەندامان و چەکداری بنکەکانی کۆمیتەی ئیسلامیی دابەشی بکات. دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامیی، پێوەندیی نێوان موفتیزادە و مەلاکانی دەسەڵاتدار لە تاران بە تایبەتیی لە گەڵ رۆحۆڵڵا خومەینیی نەک هەر بەهێزتر و قووڵتر بوو، بەڵکوو هەر کات موفتیزادە دەچوو بۆ تاران، لە تەنیشت رۆحۆڵڵا خومەینی وەک کەسێکی باوەڕپێکراو شانبەشانی ئەحمەد خومەینیی (کوڕی خومەینی) و بکوژی ناسراو سادق خاڵخاڵی و مەلاکانی نێزیک لە خومەینیی دادەنیشت. لەو کات و رۆژانەدا گەورەترین سەرئێشەی رۆحۆڵڵا خومەینی و کاربەدەستانی ئێران پرسی کورد و چۆنێتیی داگیرکردنەوەی کوردستان بوو، بۆ گەیشتن بە ئامانجی داگیرکارییان لە رادەبەدەر پێویستیان بە کەسایەتییەکی باوەڕپێکراوی وەک ئەحمەد موفتیزادە بوو، دەیانزانی کەسێکی دەسەلاتخواز و هاوکات موسڵمانێکی بنچینەگری سەر بە ئاینزای سوننەیە و دژی ئیدۆلۆژی کۆمۆنیستی و بیری نەتەوەیی کوردە، ئەمانە بۆ کۆماری ئیسلامیی خاڵی بەهێزی ئەحمەد موفتیزادە بوون، ناوبەناویش لە میدیای ئێرانەوە بە ناوی زانا (علامە) موفتیزادە رێبەری پێڕەوانی سوننەی کوردستان و ئێران نێویان دەهێنا. سەرزارەکیی بەڵێنیاندابوو پێی پرۆژەی خودموختاریی ئیسلامیی بۆ کوردستان لە گەڵ ئەو واژۆ دەکەن، چۆنکە حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە و چریکی فیدایی دژ بە شۆرش (ضد انقلاب) و بەکرێگیراوی بەعس و زایۆنیزم و ئیمپریالیزمن.

بە کورتی، رێزدانان و پێشوازیکردنی مەلاکانی تاران لە ئەحمەد موفتیزادە ئەو بیرۆکەی بردبووە مێشکییەوە کە رۆحۆڵڵا خومەینی و کاربەدەستانی ئێران رێز لە خەبات و تێکۆشینی لە پێناو سەقامگیرکردنی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان دەگرن و لە بەڵێنی خۆیان لانادەن و پشتی تێناکەن،

هەر لەم بۆچوونەشییەوە بوو کە لە مزگەوتی جامێعای شاری سنە بەو پەڕی دڵنیابوونەوە دەڵێ: هەموو قسەوباسێکم لە بارەی کوردستانەوە لە تەک ئیمام خومەینی و کۆماری ئیسلامیی تەواو کردگە، خودموختارییەکە ها لە گیرفانما!!

لە بەرامبەر ناوی پێشمەرگە کە لە کۆماری کوردستانەوە وەک هێزی پارێزەری نیشتمان و نەتەوەی کورد هەڵبژێردرابوو، ئەحمەد موفتیزادە ئەو هێزە چەکدارەی لە کۆمیتەی ئیسلامیی شاران کۆی کردبوونەوە، ناوی "پێشمەرگەی موسڵمان"ی لەسەر دانان. لە کاتی هێرشی سەرتاسەریی سوپای ئێران بۆ کوردستان، زۆربەی چەکدار و ئەندامانی مەکتەب قورئان و کۆمیتەی ئیسلامیی بوون بە جاش و سیخوڕی سوپای پاسداران و دەسگەی پاراستنی ڕژێم لە کوردستان. لەگەڵ دەسپێکی بزاڤی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەحمەد موفتیزادە بناخەدانەری هێزی جاش و کولتووری جاشایەتیی بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ناوی ئیسلام و دژایەتیی کۆمۆنیست و بێدینانەوە ڕەوایەتیی دا بە دیاردەی خیانەتکردن لە نیشتمان و لە نەتەوەی کورد. ئیمڕۆکە دوای چل و چەند ساڵێک، جاش و هێزی بەکرێگیراوی ڕژێم لە کوردستان بوونەتە چینێکی خاوەن سەرمایە و دەسڕۆیشتوو. چاو و گوێی دەسگەی پاراستنی کۆماری ئیسلامین و چاوکانیی بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر و کاری ناپەسند و بێڕەوشتین لە کوردستان.

لە گەڵ دەسپێکی گفتۆگۆی نێوان شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مامۆستا شێخ عیزەدین لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی کە لە (8) مادەدا داخوازیی نەتەوەی کوردیان دابوو بە کاربەدەستانی ئێران، ئەحمەد موفتیزادەش بە یاوەریی چەند مەلایەکی دیکە لە کرماشان و هەورامان بە زمانی فارسی گەڵاڵەیەکی (8) مادەییان ئامادە کرد و ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 6/12/1358 یەهتاوی،

(25/2/1980) ناردیان بۆ رۆحۆڵڵا خومەینی و دەولەتی ئێران و بۆ ئاگاداریی کۆمەڵانی خەڵکیش لە رۆژنامەکاندا بڵاویان کردەوە. (8) مادەکەی ئەحمەد موفتیزادە بەم شێوەیە داڕێژرابوو:

به ناوی خودێ بەخشندە و دلۆڤان

1- ئێمە داوا دەکەین دەوڵەت قورس و قایم بێت لە تێکشکاندنی خۆفرۆشانی حیزبی دێمۆکرات و چریکی فیدایی و کۆمەڵە!

2- ئێمە داوا دەکەین هێزی گەلێری و شۆرشگێڕی وەک پێشمەرگەی موسڵمان بە هێزتر بکرێن بۆ رزگارکردنی کوردستانی لەدەسچووومان کە لەلایەن دژە شۆرشەوە دەستی بەسەردا گیراوە!

3- ئێمە داوا دەکەین سوپای ئێران زەوینەی هاوکاریی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی موسڵمان پێک بهێنێ، پێکەوە تێبکۆشن بۆ گێرانەوەی ئەو خەڵکەی بەناچاریی لە زێدی خۆیان هەڵاتوون و کۆچیان کردووە. (مەبەست لایەنگرانی ئەحەمد موفتیزادە و بنەماڵەکانیانە کە دوای سەرکەوتنی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی سێ مانگە لە کوردستان هەڵاتن و زۆربەیان لە شاری کرماشان نیشتەجێ بوون. نووسەر).

4- ئێمە داوا دەکەین دەرفەتی زیاتر بە حیزبەکانی دژ بە شۆرش مەدەن، چۆنکە بە هێزتر دەبن و کوردستان لە ئێران جیا دەکەنەوە و ئامانجی دژ بە ئیسلامیان بەهێزتر دەکەن.

5- ئێمە داوا دەکەین هەر چەشنە وتووێژێک لەگەڵ رێبەرانی بێدین لە نێوچەکە را بگرن، بەخشینی سەرەت (امتیاز)ی یەکلایەنە لەلایەن شاندی نیازپاکیی دەولەت بە رێبەرانی بێدین بە زیان دەزانین.

6- ئێمە داوا دەکەین فەرمانگەکانی پەروەردە و خوێندن لە کرماشان و لە کوردستان لە کۆمۆنیستەکان و کەسانی دژ بە شۆرشی ئیسلامی پاک بکرێنەوە.

7- ئێمە داوا دەکەین دەولەت پەلە بکات لە پاکتاوکردنی ئەندامانی دژ بە شۆرش لەنێو سوپای کوردستان بە تایبەتیی لە ژاندارمری، کە ئەمانە ڕێگرن کۆتایی بە کارەسات لە کوردستان بهێندرێت.

8- ئێمە داوا دەکەین فەرمان و بڕیاری ئیمام خومەینیی لەبارەی داخستنی سنوورەکان لەلایەن سوپای ئێرانەوە جێبەجێ بکرێن، بۆ ئەوەی دژ بە شۆرشی ئیسلامیی نەتوانن چەک هاوردەی کوردستان بکەن هەروەک لە ماوەی (6) مانگی سەرەتای ڕووداوەکانی کوردستان ئەو کارە کرا و لە سنوورەکانەوە چەکی زۆر هێنرانە کوردستانەوە.

بە کورتی، ئەحمەد موفتیزادە بۆ سەرخستنی ئامانج و بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان هیچ نەما نەیکا و هەرچییەکی لەدەسهات درێخینەکرد. دوای ئەوەی سوپای ئێران لە ناکۆکیی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کۆمەلە سوودی بینی، هەموو شار و نێوچەکانی کوردستان بەرە بەرە داگیر کرانەوە، سەرۆکایەتیی حیزبەکانی بەرەو سەر سنوور و دواتر بۆ باشووری کوردستان ڕامالدران، ئەوجا کاریان بە موفتیزادە نەما و پشتگوێیانخست. ئەو هێزە چەکدارەی لە ڕێگەی کۆمیتەکانی ئیسلامیی لە دەوری خۆی کۆیکردبوونەوە، هەموویان خرانە ژێر سەرپەرشتیی سوپای پاسداران و دەسگەی ئیتلاعات و بوون بە مووچەخۆری ڕژێم، کەسی بە دەورەوە نەما. ئەویش دەسیکرد بە ڕەخنەگرتن و بە درۆزن لە قەلەمدانی کاربەدەستانی ئێران، بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ڕۆحۆللا خومەینیی مانگی گەلاوێژی 1361ی هەتاوی (August 1982) لە تاران گیرا و ماوەی (10) سالی ڕەبەق لە ژووری تاکەکەسیی دایاننا. بە هۆی

شکەنجەدانی زۆرەوە باری تەندروستیی تێکدەچێ و، دەبرێت بۆ نەخۆشخانە و سێ مانگ دوای ئازادبوونی، ڕێکەوتی 21/11/1371، (10/2/1993) لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تاران کۆچیدواییکرد.

پەند و هۆنراوەیەکی کۆن و پڕواتای کوردی هەیە کە لە گەڵ ژیان و چارەنووسی ئەحمەد موفتیزادە یەکدەگرێتەوە، دەڵێ:

ڕۆڵە قەت نەنووی بە لایەلایەی دوژمنی عەیارەوە

شیری دوژمن حەتمەن تێکەڵە بە ژەهری مارەوە

نیشتمانت دایکتە نەیدەی بە دەست ئەغیارەوە.

(11*)- فواد مستەفا سوڵتانی: سەردەمی خۆپێشاندانی گەلانی ئێران لە دژی ڕژێمی حەمەڕەزاشا و چەند مانگێک دوای دامەزرانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ناوی فواد مستەفا سوڵتانی وەک سەرکردەیەکی جەماوەری و لێهاتوو و زانا کەوتە ناوانەوە. فواد کوڕی محەمەد ڕەشید ڕۆژی 27/3/1948 لە گوندی "ئاڵمانە"ی سەر بە مەریوان لە دایکبوو. پۆلەکانی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان دەخوێنێ، قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندییش لە شاری سنە تەواو دەکات، ساڵی 1971 بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێ بۆ زانستگەی شەریف لە تاران، دوای تەواوبوونی خوێندنی زانستگە دەبێت بە ئەندازیار لە بواری کارەبا. هەر لە تاران و دوو ساڵێک پێش تەواوکردنی زانستگە (ساڵی 1969) لە ژێر کاریکەریی ئیدۆلۆژیی مائۆتسە تۆنگ سەرۆکی وڵاتی چینی کۆمۆنیست لە گەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ڕێکخراوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دادەمەزرێنێ. سەرەتای وەرزی پاییزی ساڵی 1974 لە تاران بە هۆی چالاکیی سیاسیی لەلایەن ساواکەوە دەگیرێ و بە (4) ساڵ زیندان حوکم دەدرێت. ساڵی

1977ی زایینی له تارانەوه دەینێرن بۆ زیندانی سنه. لەگەڵ دەسپێکی خۆپیشاندانی گەلانی ئێران، له زیندانی سنه له گەڵ بەشێک له هاوڕێیانی نێو زیندانیدا مانگرتن له خواردن رێکدەخات بۆ ماوەی (24) رۆژ. رێکەوتی 28/9/1978 به هۆی پەرەسەندنی خۆپێشاندانی گەلانی ئێران، فوادیش وەک هەزاران زیندانیی دیکه له بەندیخانەکانی ئێران ئازاد کران.

فواد مستەفا سوڵتانی له رۆژی ئازادبوونییەوه تا رۆژی کوژرانی سەرجەم (11) مانگ ژیا. رۆژی کوژرانی تەمەنی (30) بۆ (31) ساڵێک دەبوو، هەزاران پیاوی به تەمەنی شار و گوندەکان و خەڵکی چەوساوەی کوردستان ئەوی له نێزیکەوه دیبووی و دەیناسی به کوژرانەکەی شینی بۆ گێرا. لێرەدا ئاماژه دەکەین به ریزێک له خەبات و چالاکییەکانی فواد له ماوەی ئەو (11) مانگەی لەنێو نەتەوەەی ژیا.دوای ئازادبوونی له زیندان، جموجۆڵێکی سیاسیی بەرفرەی خسته شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوه. له چەندین شار کۆمەڵەی پارێزگاری له مافی زەحمەتکێشانی کوردستانی دامەزراند و، زۆرینەی چەپ و شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی سەربەخۆی کوردستانی لەو بنکانەدا کۆکردەوه، له چەند هەرێمێکی کوردستانیش یەکێتیی جۆتکارانی دامەزراند، هێزی چەکداری لێ پێکهێنان بۆ پاراستنی گوند و کێڵگه و زەوی و زاریان له بەرامبەر چینی دەرەبەگی کوردستان، دوای رووخانی رژێمی پاشایەتیی بەتەمابوون زەوییەکان له جۆتکارەکان بستێننەوه. له کێشەی نێوان شوورای شاری مەریوان و پیلانگێڕیی لایەنگرانی موفتیزاده و کۆماری ئیسلامیی لەو شاره، فواد مستەفا سوڵتانی داوای له خەڵکی شاری مەریوان کرد شار چۆڵبکەن، له دەرەوەی شار له هۆردووگایەک به ناوی کانی میران نیشتەجێ بن. تێکڕای دانیشتووانی شاری مەریوان به قسەیانکرد و له شار چوونه دەرەوه، هاوکات له شارەکانی

کوردستانەوە ڕێپێوانی پشتیوانیی بەرەو شاری مەریوان بەڕێوە چوو. چۆڵکردنی شار لەلایەن خەڵکەوە دەنگدانەوەی زۆری لە میدیای نێوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێران هەبوو. ئاکامەکەشی بە سوودی خەڵک شکایەوە و ڕژێمی ئیسلامیی قبووڵیکرد هیزەکانی لە شار بەرێتە دەرەوە.

بە پێشنیازی فواد مستەفا سوڵتانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان یەکەم کۆنگرەی خۆی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1978 لە شاری نەغەدە دەبەستێ. فواد هەروەها دامەزرێنەری یەکێتیی مامۆستایان بوو لە شاری مەریوان و لە گرتنی فەرمانگەی پۆلیس (شارەبانی) شاری مەریوان ڕاستەوخۆ بەشداریکرد و، بڕیاریدا بە گرتنی سەرجەم بەرپرسی فەرمانگەکانی ڕژێمی پاشایەتیی لە مەریوان. مانگی ریبەندانی ساڵی 1978 لە بۆنەی ناشتنی تەرمی حەمەحسێن کەریمی لە ڕێبەرانی کۆمەڵە لە شاری سەقز بەشداریکرد. حەمەحسێن کەریمی لە کاتی هێرشبردن بۆ سەر فەرمانگەی پیلیس لە شاری سەقز بریندار کرا و چەند ڕۆژێک دواتر لە نەخۆشخانەی سەقز گیانی لەدەسدا. هەر ئەو ڕۆژە بە پێشنازی فواد ڕاگەیەندراوەیەکی فەرمیی بە ناوی کۆمەلەوە نووسرا و بڵاوکرایەوە، ڕۆژی کوژرانی حەمەحسێنی کەریمی بوو بە ڕۆژی خۆئاشکراکردنی کۆمەڵە. کۆتایی مانگی ڕێبەندانی ساڵی 1978 فواد چوو بۆ شاری مەهاباد بۆ کۆبوونەوەی دەستەی نوێنەرایەتیی کوردستان، بە ناوی کۆمەڵەوە لە گەڵ مامۆستا شێخ عێزەدین حسێنی و حیزبی دێمۆکرات و چریکی فیدایی و سەلاحی موهتەدی بەشداریکرد لە نووسینی بڕیارنامەی (8) مادەی نوێنەرێتیی گەلی کورد وەک داخوازیی گەلی کوردستان درا بە شاندی کۆماری ئیسلامیی. خاڵی (8)ی بڕیارنامەکە لەبارەی بنەماڵەی بارزانی و قیادە موقت (سەرکردەیەتیی کاتیی) یەوەبوو کە تێیدا داوا دەکرێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێران دەربکرێن!

لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕێفراندۆمی سەرتاسەریی لە ئێران بۆ دەنگدان بە کۆماری ئیسلامیی، فواد لە شاری سنە بە هاوکاریی ئەندامانی کۆمەڵە لە ڕاگەیەندراوێکدا داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد بەشداری لە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیی نەکەن، بەم بۆنەشەوە ڕێپێوانێک لە شاری سنە بەڕێوە چوو هەزاران کەس بەشداری ڕێپێوانەکە بوون. لە سەرەتای وەرزی هاوینی ساڵی 1979 کۆبوونەوەی جۆتکارانی (66) گوندی مەریوان بە سەرپەرشتیکردنی فواد مستەفا سوڵتانی لە گوندی وەڵەژێر بەڕێوە چوو. لە مانگی گەلاوێژدا فواد چوو بۆ خڕی نێوزەنگ، چاوی بە جەلال تالەبانی کەوت، داوایکردلێی لە فێرکردن و پەروەردەکردنی پێشمەرگە بە جەنگی پارتیزانی یارمەتیی کۆمەڵە بکەن. سەرەتای مانگی خەرمانان فواد چوو بۆ شاری بانە لە کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوە و حیزبەکان بەشداری کرد بۆ چۆنێتیی بەرەنگاربوونەوەی سوپای ئێران دوای فەرمانی جیهادی خومەینیی. جەلال تالەبانی لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوو. لە ڕۆژی (3)ی مانگی خەرمانان ، کۆماری ئیسلامیی دوای داگیرکردنەوەی شاری مەریوان (9) کەس لە شۆرشگێرانی شار و هەرێمەکە لەنێویاندا دوو برای فواد بە ناوی ئەمین مستەفا سوڵتانی و حسێن مستەفا سوڵتانی گوللە بارانکرد. ڕۆژی (4)ی خەرمانان، فواد لە شآری بانە دەبێ، بڕیار دەدات بەرەو ناوچەی مەریوان بگەڕێتەوە، لە گەڵ مامجەلال قسە دەکات، ئەویش برایم جەلال ئەندامی سەرکردەیەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە گەڵ پەلێک پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی لەگەڵی دەنێرێ کە پارێزگاریی لێبکەن. فواد بە هاوڕێیانی دەڵێ: بۆ مەبەستی ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنی کۆمەڵە و ئەندامانی یەکێتیی جۆتکاران دەچێتەوە کە دوای داگیرکردنەوەی مەریوان بە گوندەکانی دەروبەری شاردا بلاو بوونەتەوە. چوار ڕۆژ لە ناوچەی مەریوان دەمێننەوە, بڕیار

دەدەن بەرەو بانە بگەڕێنەوە، رۆژی (9)ی خەرمانانی ساڵی 1358، (31/7/1979) لە جادەی نێوان مەریوان سەقز لە نێزیک گوندی کانێعمەت و بستام لەگەڵ کاروانی گەورەی تانک و تۆپ و هەلیکۆپتەری ئێران بەرەوڕوو دەبن. فواد و ئەندامێکی کۆمەڵە (تامۆرس) لەسەر جادەکە و دوور لە برایم جەلال و پەلە پێشمەرگەی یەکێتی و هاوڕێیانی دیکەیان تووشی شەڕ و تەقەی زۆر دژوار دەبن، لە ئەنجامدا فواد و هاوڕێکەی دەکوژرێن، بە هەلیکۆپتەر تەرمەکانیان دەبەن بۆ مەریوان. میدیای رژێم لە تاران هەر ئەو رۆژە هەواڵی کوژرانی فوادی بڵاوکردەوە.

بۆچی برایم جەلال و ئەو پەلە پێشمەرگەی یەکێتیی کە ژمارەیان (30) کەس بوون، لە سەر جادەکە لە فواد دوور کەوتبوونەوە؟ کاتێک لەگەڵ سوپای ئێران بەرەوڕوو بوونەوە بۆچی هەر فواد و هاوڕێکەی تووشی شەڕ بوون؟ بۆ سەرکردەیەتی و ئەندامانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ ماوەی چەند ساڵێک هەتا شەڕی نێوماڵی کۆمەڵە دەستی پێنەکردبوو، بە شک و گومانەوە دەیانڕوانییە رووداوەکە و باوەڕیانوابوو پیلانێکی لە پێشدا داڕێژراو هۆکار بووە فواد بەو هاسانییە و بە تەنێ بە دەستی سوپای ئێران تێدا بچێت.

بە نەمانی فواد مستەفا سوڵتانی، کۆمەڵە وەک جەستەیەکی بێسەری لێهات، بڕوا بە خۆ نەبوون، متمانە بە خۆ نەکردن و خۆ بەکەمزانین وەک نەخۆشییە گەورەکەی کورد لە بەرامبەر سیاسەتکار و سەرۆکایەتیی حیزب و رێکخراوەی گەلی باندەست، هاوکات زاڵبوونی بیروباوەڕی ئێرانچێتیی، هۆکار بوون سامان و دارایی کۆمەڵە، هێزی پێشمەرگە و سەربەخۆیی رێکخراوەکە شەشدانگی پێشکێشی کابرایەکی رەگەزپەرستی ئێرانی بە ناوی مەنسوور حیکمەت بکەن، ئەویش دوای ئەوەی دەستیگرت بە سەر رێکخراوەکەدا بوو بە مامۆستایان و

قوتابخانەی نانەتەوەیی و سەرلێشوێنی (مەدرەسەی ئۆکتۆبەر)ی دانابوو بۆیان، بەشێکی زۆری ئەندامانی لەگەڵ خۆی برد بۆ ئۆرووپا و دەستیکرد بە گاڵتەپێکردن پێیان، دوای ئەوەی هێندێکیان زانییان مەنسوور حیکمەت کڵاوی سەر کردوون، کەوتنە تاوانبارکردن و سووکایەتی و بێڕێزیکردن و تێرۆری کەسێتی و هەوڵی کوشتنی یەکتر و دابڕان و جیابوونەوەی یەک لەدوایییەک و تەنانەت دزیکردن لە ستۆدیۆی کانالی تلەفزیۆنی یەکتر لە ستۆکهۆڵم پێتەختی وڵاتانی سوید ئەمانە هەمووی دەرەنجامی سەرلێشێواوی سیاسی و تێەگەیشتن بوو لە نێوەرۆکی خەباتی نەتەوەی کورد. ئێستاکەش دوای چل و چەند ساڵ هەواڵ و مزگێنی یەکگرتنەوە بڵاودەکەنەوە، لێ وەک رابردوو بێ ئامانج و ستراتیژی نەتەوەیین! وەک رابردوو بە بیری ئێرانچێتییەوە دەڕواننە پرسی مێژینە و نەتەوە دابەشکراوەکەیان.

(12*)- مەلاسەید رەشید حسێنی: ناوی خواستەمەنیی (شەیدای کوردستان) ساڵی 1929یزاییینی لە گوندی هەمزەقەرەنیان، لە بناری کەلیخانی شاری بانە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر لە دایکبوو. مەلا سەید رەشێد ئەندامی سەرکردەیەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هاوڕێ و هاوبیری ئەحمەد تۆفێق سەرۆکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو. دوای هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوول و رێککەوتنی جەزایر لە ساڵی 1975، رژێمی بەعس ئەحمەد تۆفێق لەنێودەبا، مەلا سەید رەشید لە گەڵ چەندین هاوڕێی دیکەی حیزبی دێمۆکرات رادەستی رژێمی شای ئێران دەکرێن، چەندین ساڵ لە زیندانی ساواک دەمێننەوە، لە ئەنجامی راپەڕینی گەلانی ئێران مەلا سەید رەشید و هەزاران زیندانیی سیاسیی دیکە ئازاد دەکرێن. رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا هەل و مەرجێکی لەباری سیاسیی دێنێتە پێش کە مەلا سەید رەشید بتوانێت بیروباوەڕی

نەتەوەیی خۆی لە کۆمەڵگەی ناهۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی ئەوسای کوردستان بڵاوبکاتەوە. لە شاری سەقز بنکەی بووژاندنەوەی زمانی کوردی دادەمەزرێنێ بۆ فێرکردنی لاوانی شار بە زمانی کوردی، هاوکات کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان دادەمەزرێنێ وەک یەکەم ڕێکخراوەی سیاسی و نەتەوەیی دوای نەمانی کۆماری کوردستان لە دایکدەبێ. لە کۆنگرەی دامەزراندن کە ساڵی 1979 لە شاری سەقز بەڕێوە چوو، بە زۆرینەی دەنگ بە سەرۆکی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان هەڵبژێردرا. ئامانج و ستراتیژی سیاسیی ڕێکخراوەکە رزگارکردنی رۆژهەلاتی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆ بوو. لە ماوەی چەند مانگێک دەیان لاو و رۆشنبیر و ئازادیخوازی شاری سەقز و شارەکانی دیکەی وەک سەردەشت و بانە و سنە بوون بە ئەندام لەم ڕێکخراوە نەتەوەییە.

دوو رۆژ بەرلە دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینیی لە دژی نەتەوەی کورد، لە رۆژی هەینیی 17/8/1979، شەڕێکی نەخوازراو لە نێوان یەکێتیی جۆتیارانی ناوچەی تیلەکۆی دیواندەرە و دەرەبەگی هەوشار و تیلەکۆ بە تایبەتیی لە گوندی کەرەفتوو روویدا، کۆمەڵەی شۆرشگێڕ و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و چریکی فیدایی گەلی ئێران و، هەروەها کۆمەڵەی یەکسانیی چوون بۆ پشتیوانیکردنی یەکێتیی جۆتیاران. شەڕێکی نابەجێ و هەڵە بوو، لەو کات و رۆژانەی کورد کە دەبوو یەکبگرن بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای ئێران کە دوای جینۆسایدی نەغەدە و شەڕی خوێناویی سنە بە تەمابوو هەموو کوردستان داگیربکاتەوە، کاتی ئەوە نەبوو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان شەڕی یەکلاکەرەوەی چینایەتیی بخەنەڕێ. دەیانتوانی بە گفتوگۆکردن کێشەکە هێور بکەنەوە. دەرەبەگەکان کە دۆخەکەیان لە زیانی خۆیان بینی پەنایان برد بۆ کۆماری ئیسلامی و بوون بە جاش و چەکیان لە رژێم وەرگرت، لە ئەنجامی

شەڕەکەدا چەند کەسێک لە هەردوولاوە کوژران لەنێویاندا مەلا سەید ڕەشید و کەسایەتی و ڕۆشنبیر و ئازادیخوازی ناسراوی سەقز یەحیا خاتوونی کوژران و تەرمەکەنیان هێنرایەوە بۆ سەقز.

لەو کات و ڕۆژانەدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی، چینی لاو و خوێندکار بە تایبەتیی لەوپەڕی ناهۆشیاریی نەتەوەییدا بوون، کوژرانی مەلا سەید ڕەشید وەک کەسایەتییەکی خاوەنئەزموونی نەتەوەیی، زیانیکی گەورە بوو لە بڵاوبوونەوەی هزر و هۆشیاریی نەتەوەیی درا. لەو چەندسەت ئەندام و پێشمەرگەی لە دەوری کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان کۆببوونەوە، تاکوتەرایان نەبێ، هەموویان سەرەتا و دەسپێکی تێگەیشتنیان بوو لە هزری نەتەوەیی. دوای کوژرانی مەلا سەید ڕەشید زۆرینەی ئەندامەکانی بوون بە پێشمەرگەی کۆمەلەی شۆڕشگێڕ کە دەزانین ڕێکخراوێکی تۆخ ئێرانی و دژ بە بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان بوو. جا ئەم ئەندامانەی پێشووی کۆمەڵەی یەکسانیی لە نێو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕدا بوون بە چەپێکی تەندئاژۆی ئێرانخواز و دوای تێپەڕبوونی چل و چەند ساڵیکیش هێشتا لە پێڕەوکردنی بیرۆکەی چەوتیان بەردەوامن.

ئەوانەی لە کۆمەڵەی یەکسانیدا مان، ژمارەیان بە پەنجەی دەست دەژمێردران، لەنێویاندا کاک عەبدوڵڵا فەلاحی(عەبەی فەلاحی) خەڵکی سەقز، نووسەر و کوردیزانی کەموێنە و ئەندامی سەرۆکایەتیی یەکسانیی، دوای کوژرانی مەلا سەید رەشید، ئەرکی پارێزگاریکردنی کۆمەڵەی یەکسانیی گرتە ئەستۆی، زیاتر لە (40) ساڵ وەک گلێنەی چاوی یەکسانی و بیروباوەڕە پیرۆزەکەی پاراست، نەبوو بە کەسێکی خۆبژێن و هەلپەرست، درۆی لە گەڵ خۆی و بیروباوەڕی نەکرد، بە تەنێ و بە هەژاری و دوور لە زێد و نیشتمانەکەی

**کوردستان، لە شاری لەندەن ساڵی (2021) لەماڵەکەی خۆی بە جەڵتەی دڵ کۆچیدوایی کرد. کاک عەبەی فەلاحی (67) ساڵ ژیا، بە دڵێکی پڕ لە هیوا و خزمەتی بێوچان لەپێناو سەربەرزی و سەربەخۆیی نیشتمانەکەی**

**(13*)- ئەوڕەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما) ناوەکەی ئاوێتەی ناوی کۆمەلەی ژیانەوەی کورد و گۆڤاری نیشتمان و وشەی کوردایەتی و بیری سەربەخۆیی کوردستانە. نێزیک بە سەدەیەکە تێکۆشینی سیاسی و ئەدەبی و نەتەوەیی زەبیحی لەنێو چەندین جیلی رۆشنبیر و سیاسەتکاری یەک لەدواییەکی کوردستان وەک کوشتن و چارەنووسی بزر نەبووە و ناوی هەر ماوە و دەمێنێ. زەبیحی ساڵی 1916ی زایینی لە بنەماڵەیەکی هەژاری کوردەواری لە شاری مەهاباد هاتووەتە دنیاوە. سەردەمی منداڵی و خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی مەهاباد بووە، بە مێردمنداڵیی لای چەند مەلایەک خوێندوویەتی.**

**هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی و لاوابوونی دەسەلاتی رژێمی سەرەڕۆی رەزاشای پەهلەویی لە کوردستان، کەشێکی ئازاد دێنێتە ئاراوە بۆ رۆناکبیران و نیشتمانپەروەران بتوانن پەرە بدەن بە هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەییان. هەر لەو سەروبەندەدا کۆمەڵەی هیوا بە بیروئامانجی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان لە باشووری کوردستان دامەزرابوو. کۆمەڵەی هیوا کەسێکی نیشتمانپەروەر و ئەندامیکی سەرکردەیەتیی بە ناوی میر حاج دەنێرن بۆ رۆژهەلاتی کوردستان رێکخراوێکی نەتەوەیی هاوشێوەی هیوا لە رۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێت. میرحاج خەڵکی سلێمانی و ئەفسەری پێشووی سوپای عوسمانلی دەبێت، دەچێ بۆ شاری مەهاباد لە پێشدا لەگەڵ ئەوڕەحمان زەبیحی کۆدەبێتەوە! (پێدەچێ ئەوڕەحمان زەبیحی ئاگاداری کۆمەڵەی هیوا بووە و دوور نییە پێوەندیی گرتبێت لەگەڵیان، چۆنکە میرحاج راستەوخۆ چووە بۆ لای**

ئەوڕەحمان زەبیحی و لە پێشدا لەگەڵ ئەو کۆبوونەوەی کردووە). میرحاج داوای لێدەکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخراوەیەکی نەتەوەیی هاوپەیمان لە گەڵ حیزبی هیوا دامەزرێنن. زەبیحی لەگەڵ چەندین کەسایەتی و پیاوی نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد قسە دەکات، (12) کەس ئامادە دەبن، زەبیحی دەیانبات بۆ باخی سیسە لە تەنیشتی شار لە گەڵ میرحاج کۆدەبنەوە، میرحاج ئامانجی حیزبی هیوا و هزر و هۆشیاریی نەتەوەیی و پێویستیی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان شیدەکاتەوە بۆیان، بەرنامەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد کە پێشتر نووسیویەتی و جیاوازیی کەمی دەبێ لەگەڵ بەرنامە و پێڕەوی کۆمەڵەی هیوا. میرحاج هەروەها سوێندنامەیەکیش دەدات پێیان بیخوێننەوە و واژۆی بکەن. بەرنامە و سوێندنامەکە دەخوێننەوە و ناوی کۆمەلەی ژیانەوەی کورد هەڵدەبژێرن بۆی. هەموو سوێند دەخۆن و ڕازیدەبن خەبات بکەن بۆ هێنانەدی ئامانجی کۆمەڵە کە سەربەخۆیی کوردستانی مەزنە.

ناوی (12) کەسەکە بریتیدەبێ لە: حسێن فرووهەر، ئەوڕەحمان زەبیحی، تۆحید مەلا نەجمە، قاسم قادری، شاپەسندی، محەمەد سەلیمی، مەلا داوودی، محەمەد نانەوازادە، قادر مودەڕسی، محەمەد یاهوو، ڕەحمان حەلوی، کامیل ئیمامی. ئەم دووانزە کەسە دەبن بە دەستەی دامەزرێنەری (ک.ژ.ک)، حسێن فرووهەر دەبێت بە سەرۆکی ژێکاف و ئەوڕەحمان زەبیحی وەک جێگری سەرۆک هەڵدەبژێردرێت. کۆمەڵەی ژێکاف ڕێکەوتی 25/6/1321ی هەتاوی بەرامبەر بە ڕۆژی چوارشەمە 16/9/1942 خەباتی سیاسی و نەتەوەیی و ڕۆناکبیریی بە شێوازی نهێنیی دەسپێدەکا. هەر لە ڕۆژی دامەزرانی ژێکاف زەبیحی، هەژار موکریانی دەبا بۆ شوێنی کۆبوونەوە، لەوێ سوێندنامەکە واژۆ دەکا و دەبێت بە ئەندامی ژمارە (20)ی کۆمەلەی ژیانەوەی کورد. کۆمەلە ئەگەرچی بە نهێنیی

دەژی بەڵام بەخێرایی ناوبانگی لەنێو نیشتمانپەروەرانی شارەکانی کوردستان بڵاودەبێتەوە و سەدانکەس دەبن بە ئەندامی. ئامانج و ستراتیژی سیاسیی ژێکاف سەربەخۆیی بوو بۆ کوردستانی گەورە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە مەزن و بەرزەش لە چیای داڵانپەڕ، شێخ عوبەیدوڵڵا زینوێ، عەزیز شەمزینی و سەعید کانیمارانی بە نوێنەرێتیی باشوری کوردستان، ئەوڕەحمان زەبیحی و هەژار موکریانی و میرزا قاسم بە نوینەرێتی رۆژهەڵاتی کوردستان، قازی خدر بە نوێنەرێتیی باکووری کوردستان پەیمانی سێ سنوور دەبەستن، بەڵێن دەدەن پێکەوە خەبات بکەن بۆ رزگاریی کوردستانی گەورە و دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان.

دوای ئەوەی قازی محەمەد بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف و ناوی خواستەمەنیی بینایی پێدرا، کۆمەڵە زۆر گەورەتر بوو، سەرۆک خێڵ و کەسایەتییەکانی موکریان لە دەروی کەسایەتی و نێوبانگی قازی محەمەد کۆبوونەوە، ئەمەش بە رادەیەکی زۆر شێوازی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی ژێکافی گۆڕی و زۆرینەی سەرکردایەتی و ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف وەک پێشوو دەوریان نەما و خرانە پەراوێزەوە، لە بری ئەمان سەرۆکهۆز و شێخ و کەسایەتییەکان لە کۆماردا پلە و دەسەلاتیان پێدرا. دوای هەرەسهێنانی کۆمار لە ساڵی 1947ی زاینی و لەسێدارەدانی پێشەوا قازی و کۆمەڵێک لە وەزیر و سەرکردەکانی کۆمار، ئەوڕەحمان زەبیحی بەرەو باشووری کوردستان چوو. لێرەوە قۆناخێکی تازەی سیاسیی لە ژیانی زەبیحی دەستپێدەکات!

ئەوڕەحمان زەبیحی کەسایەتیی نەتەوەیی و سەرکردەی ناسراوی ژێکاف لە باشووری کوردستان بەرە بەرە لە حیزبابەتی و کێشەی نێوان مەلایی و جەلالییەوە گلا، بە کردەوە دوور کەوتەوە لەو ئامانجە پیرۆزەی کە سەربەخۆیی

کوردستان بوو. له سەردەمی شۆرشی ئەیلوول بوو به ئەندامی سەرکردەیەتیی پارتی و، دوای سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان مەلامستەفا و باڵی مەکتەب سیاسیی لایەنی برایم ئەحمەد و جەلال تالەبانی گرت، که شۆرش هەرەسیهێنا چوو له بەغدا و له ژێر دەسەڵاتی رژێمی بەعس نیشتەجێ بوو.

زەبیحی سەرەتای وەرزی هاوینی ساڵی 1983 له بەغداوە هات بۆ نێوچەی ئالانی سەردەشت و بۆ گوندی بێژوێ بۆ لای مامۆستا شێخ عێزەدین. ئەز له نووسینگەی مامۆستا به خزمەتی گەیشتم، هاتنەکەی بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی بوو بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان به بیروئامانجی نەتەوەییەوە. سەعدئاغای ئیلخانیزادە و کاک کەریمی دانشیار و ئەز (سیروان کاوسی) و کاک خالیدی عەزیزی و کاک سیامەندی موعەینی و چەند کەسانێکیتر کەم و زۆر ئاگاداری دامەزرانی سازییەکە بوون. بڕیاروابوو پرۆژەکە به نهێنی بمێنێتەوە تا ئەوکات هێزێکی چەکداری سەربەخۆ له دەوری نووسینگەی مامۆستا کۆدەکرێتەوە. وەک له ژێدەری ژمارە (9) ئاماژەمدا پێی ئەز وەک فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی نووسینگە دەسنیشانکرام. مامۆستا زەبیحی هەر زوو تێگەیەندرا ئەو مەلا و راوێژکارانەی له دەوری مامۆستان، جگه له یەک دووانیان نەبێ وەک مەلاحەسەنی شکاک (نۆزهەتزادە) ئەوانی دیکه هەموویان لەگەڵ کۆمەڵه و حیزبی دێمۆکراتن. مامۆستا زەبیحی دژی ئیدۆلۆژیی کۆمەڵه بوو، هاوکات له گەڵ حیزبی دێمۆکراتیش ناکۆک بوو، له گەڵیان نەدەگونجا، چۆنکه به کۆمۆنیستی سۆڤێتی و سەر به توودەی دەزانین. له بەر ئەوە وازیهێنا و ئیتر نەگەڕایەوە. مامۆستا شێخ عیزەدینیش بێکەس بوو، دەیزانی ئەوانەی دەورەیانداوە خۆبژێن و هەلپەرست و ناراستن لەگەڵی. بۆیە بڕیاریدا وەک کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و ئاینیی بمێنێ و واز له سازی و رێکخراوەی نەتەوەیی بهێنێت.

جگە لە کۆمەڵە و دیمۆکرات و شێخ جەلال (سەرۆکی ڕێکخراوەی ئیسلامیی خەبات و برابچووکی مامۆستا شێخ عیزەدین) کە ڕژێم بەعسی عێراق پووڵ و چەک و تەقەمەنیی دەداپێیان، هەروەها ڕژێمی بەعس تێدەکۆشی چەک و پووڵ بنێرێ بۆ سەرۆکهۆز و شێخ و دەرەبەگی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و هۆز و عەشیرەتەکان وابەستەی خۆی بکا و بیاندا بە گژ هێزەکانی ڕژێمی ئێران لە کوردستان. یەکێک لەمانە حامید بەگ خەڵکی جوانڕۆی نێزیکی کرماشان بوو. حامیدبەگ چەک و چۆڵێکی زۆر لە بەعس وەردەگرێ بەسەر هۆزی سەلاس و باوەجانی دابەشی بکات، بە پێشنیاز و ڕاسپاردەی مامۆستا ئەوڕەحمان زەبیحی بەشێک لەو چەکانە دەدات بە یەکێتیی نیشتمانی و بەشی کۆمەڵەش دەدات. حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و ڕێکخراوی چریکی فیدایی گەلی ئێران-لقی کوردستان ئەم بابەتەیان لا ئاشکرابوو، چریکی فیدایی بەناوی خەباتی دژ بە فیۆدال و دەرەبەگ هەڵیکوتایە سەر حامید بەگ و کوشتیان، لەمەوە گرژی و ئاڵۆزیی لە نێوان کۆمەڵە و چریکی فیدایی ساز بوو، حیزبی دیمۆکراتیش پشتگیریی چریکی فیدایی کرد. ڕژێمی بەعس بە چۆنێتیی دابەشکردنی چەک و چۆلەکەیان زانی کە چۆن حامید بەگ لەسەر داوای ئەوڕەحمان زەبیحی بەشی زۆری چەکەکەی داوە بە یەکێتی نیشتمانیی! دوای ئەو ئاشکرابوونە ئەوڕەحمان زەبیحی لەلایەن بەعسەوە گیرا و بێسەر و شوێنکرا. ئەوکات و ئیمڕۆشی لەگەڵ بێ، مانگ و ڕۆژ و تەنانەت ساڵی کوشتن و شوێنی ناشتنی نازانرێ!

مامۆستا ئەوڕەحمان زەبیحی بە هاتنی بۆ لای مامۆستا شێخ عیزەدین هەلێکی گەورە هاتەڕێی خۆی لە ژێر دەستی ڕژێمی داگیرکەری بەعس ڕزگار بکات، هەلێکی گەورە هاتەڕێی بە مانەوەی لای مامۆستا دوور بکەوێتەوە لە پێوەندیی چەوت و نانەتەوەیی کە هەیبوو لەگەڵ سەرکردەیەتیی یەکێتیی نیشتمانی و

شیووعی و حیزبی کوردزمانی عێراقی. دەیتوانی کۆڵەکە و پشتیوانێکی بەهێزبێت بۆ شێخ عێزەدین کە هەست بە بێکەسی نەکا و ئەو دەستە خۆبڕژێنەی لێ دوورخاتەوە کە نانی مامۆستایان دەخوارد و زوڕنایان بۆ لایەکی دی لێدەدا. با وەک مامۆستا کە دەرفەتی مانەوە لە رۆژهەلات و باشوور نەما بۆی، بچووبایە بۆ ئەورووپا و کۆمەلەی ژێکافی بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەکی سەردەم زیندوو بکردایەتەوە! لەگەڵ کەسایەتیی نەتەوەیی هەموو بەشەکانی کوردستان خەباتی بکردایە بۆ پێشخستنی ئامانجی پیرۆزی!

قامووسەکەی و هەرچی بەڵگەنامە و پەرتۆک و ئەرشیڤێک هەیبوو کەوتە دەستی بەعس و دەستی بەسەرداگیرا. مخابن ئەو کەسایەتییە نەتەوەییە خۆی کرد بە قوربانی حیزبی نانەتەوەیی، قەدر و پێگەی خۆی نەزانی و، بە لەنێوچوونی زیانی لە نەتەوەکەی دا.

(14*)- دوکتۆر سارمەدین سادقوەزیری: سیاسەتکار و یاساناس و مافناسی بەناوبانگی کورد ساڵی 1300(1921) لە شاری سنە هاتووەتە دنیاوە، خوێندی سەرەتای و ناوەندی و دواناوەندیی لە شاری سنە تەواو کردووە. پاشان لە زانستگەی تاران لە بواری مافی سیاسی و دادپرسی کۆمەلایەتیی خوێندنی تەواو کرد. سارمخان وەک پارێزەریکی سەرکەوتوو ساڵانێک لە وەزارەتی دادی سەردەمی رژێمی حەمەڕەزاشا کاریکرد، بەلام ناوبانگی زیاتری بە هۆی چالاکیی سیاسییەوە بوو. ساڵی 1949 بوو بە ئەندامی حیزبی توودەی ئێران. لە ئەنجامی کودەتای (28)ی گەلاوێژی ساڵی 1332، (19/8/1953) لە دژی دەوڵەتی سەرۆکوەزیر محەمەد موسەدق کە بە هاوکاریی ئەمریکا و مەلاکان و ئینگلیز بەڕێوەچوو. سارمخان گیرا و برا بۆ بەندیخانەی "فلک الافلاک) لە شاری خۆرمۆوەی لۆڕستان. فلک الافلاک ناوی قەلایەکی مێژووییە لە نێوەندی شاری

خۆرمۆوە هەڵکەوتووە و، لە سەردەمی حکوومەتی ئەتابەکانی کوردی لۆڕ نێزیک بە هەشت سەدە لەمەوبەر لە هەرێمی لۆڕستانی گەورە و مادسپیێندان (ئیلام) حکوومەتێکی سەربەخۆیان دامەزراندووە. لێرەدا کە ناوی ئیلام هات پێمباشە ڕۆنکردنێک لە بارەی ناوە رەسەن و مێژووییەکەیەوە بدەم. لە سەردەمی رەزاشای دیکتاتۆر و دژ بە کورد، رێکەوتی 29/2/1314، (20/5/1935) فەرهەنگستانی ئێران دامەزرا، لە راستیدا نێوەندێکی سیاسی-فەرهەنگی بوو بۆ تواندنەوەی مێژووی گەلانی نافارس بەتایبەتیی مێژووی کورد و سەپاندنی مێژوویەکی ساختە و دەسکرد و درۆینە بە سەر کورد و گەلانی دیکەی بندەستی فارسدا. لەو سەردەمەوە ناوی مادسپیێندان گۆڕا و بوو بە ئیلام.

رژێمی قاجارِ ناوی قەلای مێژوویی ئەتابەکانیان گۆڕی بۆ ئەم ناوەی ئێستا. رەزاشا دوای داگیرکردن و جێنۆسایدی لۆڕستان بە زۆری چەک و سووتاندن و قڕکردن، قەڵای فلک الافلاکی کرد بە زیندان و شکەنجەگە و شوێنی لەسێدارەدان. حەمەڕەزاشای کوڕیشی وەک زیندان و شکەنجەگەی شۆرشگێرانی کورد و ئێرانی هێشتییەوە، دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی قەڵاکە بوو بە مووزە و وەک ئاسەواری مێژوویی دەسنیشانکراوە.

جا پارێزەر و یاساناس سارمخانی سادقوەزیری دوای ماوەیەک لە زیندانی (فلک الافلاک) دەیگوێزنەوە بۆ زیندانی دوورگەی خارک لە کەنداو، ماوەی (14) مانگ لە زیندانی تاکەکەسی دەیهێڵنەوە، ئەوجا دەیبەن بۆ تاران، پاش چوار ساڵ مانەوە لە زیندان ئازاد دەکرێت. دوای ئازادبوونی لە ساڵی 1976 بەشداریدەکات لە دامەزراندنی نێوەندی پارێزەرانی ئێران و، هەڵدەبژێردرێ بۆ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی نێوەندەکە. هەر لەو سالەدا نێوەندی پارێزەرانی ئێران نامەیەکی سەرئاوالە دەنێرن بۆ شا و، داوایلێدەکەن شا و دەولەتی ئێران

به پێی نێوەرۆکی یاسای بنچینەی و بەندەکانی پەسندکراوی یاساکە کار بکەن، ڕێ بکەنەوە بۆ ئازادیی سیاسیی.

سارمخان لە سەروبەندی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە دژی ڕژێمی پاشایەتیی بەرەی دیمۆکراتیکی ئێران و کۆمەلەی کوردانی دانیشتووی تارانی دامەزراند، هاوکات سەرنووسەری گۆڤاری برووسکە بوو. کۆمەڵەی کوردەکانی تاران بوو بە نێوەندێکی سیاسی و رۆشنبیری و هاوکات پشتیوانیی لاوەکیی دەکرد لە مافەکانی کورد لە رۆژهەلاتی کورستان. لە کاتی شەڕی نەورۆزی خوێناویی سنە، لە سەر داوای ئەحمەد حاجی سەدرجەوادی وەزیری نێوخۆ و ئایەتۆڵا تاڵەقانی، لەگەڵ چەندین کەسایەتیی کورد و دەستەی نوێنەرێتیی کۆماری ئیسلامیی گەڕایەوە بۆ کوردستان، لەوێ پێشنیازی هەڵبژاردن و دامەزرانی شۆرای بەڕێوەبەرێتیی شاری سنەی کرد کە تالەقانی و نوێنەرانی ئێران پەسندیان کرد. دوای دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینیی و ئەنجامی سەرکەوتووانەی شەڕی پێشمەرگە بەرامبەر سوپای ئێران لە شەڕی (سێ مانگە) دا، سارمخان چوو بۆ مەهاباد و بڕیارنامەی (26) مادەی خودموختاریی نووسی و دای بە دەستەی نوێنەرێتیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی کە بەپێی ئەو داخوازییانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی گفتوگۆ بکەن.

سارمخان ئەگەرچی کورد بوو، لێ هەموو ژیانی لەپێناو دابینکردنی کۆمەڵەگەیەکی مۆدێرن و هاوچەرخ بۆ ئێران تێکۆشی کە کوردیش بتوانێ تێیدا بە وەرگرتنی نیوچەمافێکی سیاسی و کولتووری بە ئازادی بژیی، زانای و بوێری و راستگۆتن و هەڵوێستی روون و ئاشکرای سارمخان دژ بە دیکتاتۆریی هۆکار بوو ببێت بە جێی ڕێز و خۆشەویستی هەموو لایەنەکانی سیاسیی ئێرانی بە چەپ و راست و دیمۆکرات و ئیسلامی و تەنانەت کاربەدەستانی تێکنۆکرات و

باڵی ڕیفۆرمخوازی ڕژێم لە سەردەمی سەرۆکوەزیران مێهدی بازرگان. لەبەر ئەوە سارمخان چەند لەنێو ئێران و ئێرانی ناسراو بوو، نیو هێندە لەنێو نەتەوەکەی خۆی نەناسرا.

سارمخان سادقوەزیری دوای تێپەڕکردنی تەمەنێکی درێژی پڕ لە خەبات و تێکۆشین بۆ حیزبی توودە و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی دێمۆکرات لە ئێران، لە کۆتاییەکانی تەمەنی هاتە سەر ئەو بیرە بنەڕەتییەی کە تاکی کورد و حیزب و ڕێکخراوەی سیاسیی کورد پێویستە لەسەریان بیر لە پرس و کێشەی ئاڵۆز و پڕکارەساتی کورد و کوردستان بە گشتیی بکەنەوە. لە کۆبوونەوەی حیزبە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی کە لە دەرەوەی وڵات بۆ ڕێزگرتن گیرابوو بۆی، وتارێکی بە زمانی فارسی خوێندەوە و داوای یەکێتیی نەتەوەیی و هاوکاری و هاوخەباتی نێوان حیزبی سیاسیی هەموو بەشەکانی کوردستانی کرد. سارمخان لە وتەکانیدا چەندین خاڵی گرنگی خستنەڕوو کە گوێلێگرتن و پشتبەستن پێیان دەبنە مەرج و پێوانە بۆ دەربازبوونی کورد لەم دۆخە پڕکارەساتەی ئێمڕۆکە تێیدایە.

یاساناس و سیاسەتکاری مێژینەی کورد، سارمخان سادقوەزیری لە تەمەنی (97) ساڵی ڕێکەوتی 22/1/1397، (14/4/2018) لە وڵاتی سویس کۆچیدواییکرد.

بڕوانە بۆ لینکی دوا وتەکانی سارمخانی سادقوەزیری:

https://www.youtube.com/watch?v=ZlhqNFS8xCI

## وێنە:

**وێنە و بەڵگەنامەی ئەم پەرتۆکە پێوەندییان هەیە بە ڕووداوەکانی سیاسیی ئێران و کوردستان، لە سالانی سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران!**




**ڕۆحۆڵلا خومەینی ڕۆژی 1/2/1979 گەڕایەوە بۆ ئێران، دروشمی خدا، شا، میهن بوو بە خدا، قرآن، خمینی!**





رۆحۆڵڵا خومەینی هەندازیار مێهدی بازرگانی دەسنیشانکرد بۆ سەرۆکوەزیران. دەولەتی بازرگان دوای (11) هەلوەشایەوە، بازرگان گوتی: خاوەنی چ بڕیارێکی سیاسی نییە و، هەموو بڕیارێک لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەولەت دەدرێت!




محەمەد عەلی رەجایی پێڕەوی مەکتەبی خومەینی دوای بازرگان بوو بە سەرۆکوەزیر، 18مانگ دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی، تێکنۆکرات و دیمۆکرات دەرکران، دەسەلات کەوتە دەستی مەلاکان!

**شەڕی نەورۆزی خوێناویی شاری سنە، چل رۆژ دوای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، شەڕێکی نەخوازراو بەسەر دانیشتووانی شآردا سەپا، بە هۆیەوە سەدان کەس کوژران و بریندار بوون!**





**هاتنی شاندی کۆماری ئیسلامیی بۆ شاری سنە و دەسپێکی گفتۆگۆی نێوان کورد و رژێمی ئێران!**





جەماران، ئەحمەد موفتیزادە دووەم کەس دەستی راست لە ریزی خەڵخاڵی و خومەینییەوە دانیشتووە





**شەڕی نەغەدە لە ریزی جێنۆسایدی سەدانجارەی نەتەوەی کوردە، نەتەوەی کورد راهاتووە بە لەبیرکردنی کارەساتەکانی بەسەریهاتوون و دێن! هۆکار چییە!؟ بندەستی و کۆیلەتی!**









وێنەی ڕەگەزپەرستی بەناوبانگ مەلاحەسەنی ترکی ئازەری، لە چەپەوە یەکەم کەس، نوێنەری خومەینیی لە پاریزگەی ورمێ، بکوژی سەدان کورد لە شاری نەغەدە و لە پاریزگەی ورمێ!

**فتوای جیهادی رۆحۆڵلا خومەینی بۆ قڕکردنی نەتەوەی کورد، ڕێکەوتی 19/8/1979 هاوکات لەگەڵ دەرکردنی فتواکەی مەلا سادق خەڵخاڵی دەسنیشنکرد وەک دادپرسی ئاینیی بچیت بۆ کوردستان! بڕوانە بۆ لینکی فەرمانەکەی:**

https://www.youtube.com/watch?v=hepKKYUL3q4





بسمه تعالی

جناب حجة الاسلام آقای حاج شیخ صادق خلخالی دامت افاضاته

**فتوانامەی خومەینیی بۆ مەلا سادق خەڵخاڵی**

# ۱۶ تن از مسببان هجوم به پاوه اعدام شدند

# محاکمه و تیرباران عاملان حوادث کردستان

در کیهان امروز

اسامی زائران حج در استان تهران

کیهان

آماده باش کامل ارتش

خلخالی از امروز محاکمات را آغاز کرد



ستاد چمران، کنترل مرزها را برعهده گرفت



تشییع جنازه صدها هزار نفری

۶ فروند «اف ۱۴»...

---

اگر دشمن سرکوب نشود

امام: در کردستان فقط مسئله کمونیسم مطرح است

آیت‌الله صدوقی: امام در مذاکرات خود با آیت‌الله طالقانی من و وزیر کشور:



# امام به کردستان میرود

هلیکوپتر چمران را در بانه به گلوله بستند



۱۲ صفحه

کیهان

صهیونیسم در چهرهٔ احزاب فتنه‌انگیزی میکند

دموکراتها به پادگان سقز و لشکر ارومیه حمله کردند

ملاقات مهم فیدل کاسترو با دکتر یزدی

تهرانیها از طرح جدید ترافیک استقبال کردند

دولت من انقلابی است و انقلابی هم عمل میکند

محمد منتظری با ۶۰ همراه به لیبی رفت





کیهان بچه‌ها





# جزئیات نبرد خونین در سقز

عکسها و گزارشهای اختصاصی خبرنگاران «اطلاعات» از جنگ در سقز

۱۶ صفحه چاپ دوم

## اطلاعات

این عکسها صبح امروز با هواپیما به تهران رسید

### جشن‌های پرشکوه اولین عیدفطر پس از پیروزی انقلاب

آیت‌الله طالقانی:

### کسی که رو به روی انقلاب بایستد باید هلاک شود

### هشدار رهبر انقلاب به منافقین

- فرمانده ستون اعزامی هنگامی که برای مذاکره میرفت هدف گلوله قرار گرفت
- پس از ساعتها نبرد شهر سقز به تصرف ارتش جمهوری اسلامی درآمد
- زنان و کودکان شهر سقز با هلیکوپتر به مناطق امن انتقال داده شدند

**ماموّستا شێخ عیزەدین حسێنی، دوکتۆر ئەوڕەحمان قاسملوو، فواد مستەفا سوڵتانی سێ کەسایەتیی جیاواز و سێ بیروباوەڕ و جیهانبینینی جیاواز، هاوکات سێ ڕێبەری لێهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی (44) ساڵی رابردووی بزاڤی رۆژهەلاتی کوردستان بوون، کە لەنێو حیزب و ڕێکخراوە و لایەنگرانی خۆیان و لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان خاوەنی زۆرترین پێگە و نێوبانگی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بوون، لەم دەیانساڵەی رابردوودا بە نەمانی ئەم سێ کەسایەتییە، لەنێو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان ڕێبەری سیاسی و کۆمەلایەتیی دیکە هەڵنەکەوت، بەشێک یان زۆرینەیەکی جەماوەری کوردستان وەک دەمڕاست و ڕێبەری خۆیان لێی بڕوانن، ئەمەش کارکردی هەبوو لە سەرهەڵدانی قەیرانی ڕێبەری و قەیرانی سیاسیی لەنێو حیزب و ڕێکخراوەی سیاسیی رۆژهەلاتی کوردستان.**

**بزاڤی نوێی رۆژهەلاتی کوردستان کە زیاتر لە چوار مانگ لەمەوبەر بە کوژرانی کچی بە ڕۆمەتی کورد ژینا ئەمینی هەڵگیرسا، پێشانیدا قۆناخێکی جیاواز لە چل ساڵی رابردووی رۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکردووە، جیلی هۆشیار و نەتەوەیی و زانای نوێ، خوێندنەوەی نوێ و بابەتانەی بۆ پرسی کوردستان هەیە و پێمانیدەڵێن: سەردەمی جیلی کۆن و بیرکردنەوەی سیاسیی کۆن، سەردەمی حیزبحیزبێنە و حیزبپەرستی، شەڕەگەڕەک و شەڕی زاراوە و نێوچەگەرێتی و بەیت و بالووەری ئێرانچێتی، دۆرشمی بریقەداری چەوت و نانەتەوەیی برایەتی و پێکەوەژیان لەگەڵ نەتەوەکانی نادیمۆکرات و باندەستی کورد بەسەر چووە!**

**جیلی نوێ کۆیلەتی و بندەستی بە تاوان دەزانێ و بە دەستی بەتاڵ و بە باوەڕی پۆلایینەوە شانبەشانی پیاوان و ژنانی ولاتپارێزی کوردستان لە شەقام و گۆڕەپانی شارەکان لە بەرامبەر هیزی بێڕەوشتترین و درندەترین رژێمی سەردەم گیانی خۆیان لە پێناو بەدیهاتنی ئامانجی بەرزیان بەختدەکەن. ڕێبەرانی داهاتووی کوردستان لەنیو جەرگەی ئەم خەباتە خوێناوییەی شاران و لەنێو جیلی نوێی نەتەوەکەمان سەرهەڵدەدەن!**









# سەرچاوە

بۆ ئامادەکردنی ئەم پەرتۆکە، گەلێک سەرچاوەی جۆراوجۆر خوێندراوەتەوە و، لە نێویاندا، کەڵک لەم سەرچاوە کوردی و ئینگلیزی و فارسییانەی خوارەوە وەرگیراوە:


(1)- پەرتۆکی "ئێران و جیهان" (لە مەغۆلەوە تا قاجارییە)، بەشی (سەفەوییەکان و، بنەچە و وڵاتیان) – نووسینی: "دوکتۆر عەبدولحسێن نەوایی".

(2) – پەرتۆکی "تاریخ اجتماعی ایران" (جلد 2)، تالیف مرتضی راوندی.

(3) – پەرتۆکی "تاریخ ایران زمین" (از دوره صفاریان تا دوره قاجار)، ئامادەکردن و نووسینی: عبدالعلی معصومی.

(4) – پەرتۆکی "زندگی شاعباس اول" (بەرگی 2) لە پەرتۆکی "وقایع اتفاقیە" دوە وەرگیراوە.

(5) – پەرتۆکی زندگی شاعباس اول، بەرگی 2، لاپەڕەی 126، (تاریخ عەباسی).

(6) – پەرتۆکی "نادر صاحبقران" (نادر شاه بر مبنای اسناد خطی) نشر زیار 1384ی هەتاوی، نووسەر: ک. تەوحیدی.

(7)- پەرتۆکی (کەریمخانی زەند و سەردەمەکەی)، نووسینی: "دوکتۆر پەرویزی رەجەبی".

(8)- پەرتۆكی جنبش های كرد از ديرباز تا كنون (جلد اول) "نگارش و اقتباس: م – كاردوخ" چاپ اوپسالا – سوئد.

(9)- پەرتۆكی (روحانيت و تحولات اجتماعی در ايران) نووسەر: رضا مرزبان، چاپ اول، انتشارات فروغ، سال 1385 (2006). چاپ: چاپخانه مرتضوی/ شاری كۆڵن- ئاڵمان

(10) - وتاری "روحانيون سياسی يا اسلام سياسی - چند نكته پيرامون نقش روحانيون در انقلاب مشروطه" نووسينی: دوكتۆر جەمشيد فارۆقی.

(11) – لە بەڵگەنامەكانی بەريتانيا F O 371 LEP35069 ڕێكەوتی 12ی مارچی 1943/ ڕەشەممەی ساڵی 1321ی هەتاوی.

(12) - گۆڤاری ''كاوه'' چاپی بەرلين ژمارە (12) ڕێكەوتی 15/9/ 1916 لاپەڕە 2 و 4).

(13) - پەرتۆكی "دادگا"، لاپەڕە (50) نووسينی ئەحمەد كەسرەوی، چاپی يەكەم ساڵی 1325ی هەتاوی (1945ی زايينی).

(14) – پەرتۆكی (اسناد تاريخی جنبش كارگری/سوسيال دموكراسی و كمونيستی ايران) جلد 3 صفحه 168 و 169.

(15) – پەرتۆكی (ترور كەسرەوی) لاپەڕە 19 نووسينی: ناسر پاكدامن.

(16) – پەرتۆكی (بهائيگری، شيعيگری، صوفيگری) نووسينی: ئەحمەد كەسرەوی.

(17) – پەرتۆكی (مروری در ايران- انقلاب مشروطيت ايران)، نووسينی: ايرج پزشک زاد.

(18) - پەرتۆکی "نیوسەدە تێکۆشان" (ئاوڕێک لە رابردووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران) نووسینی: عەبدوڵلا حەسەنزادە (سکرتێری پێشووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران)، لە مانگی ئەگۆستی ساڵی 1995 دا چاپکراوە.

(19) – پەرتۆکی (تحلیلی از شرایط اجتماعی روستایی ایران) تهران، سال 1357.

(20) – پەرتۆکی (مقدمەای بر انقلاب اسلامی)، نووسینی: دوکتۆر سادق زیباکەلام.

(21) – پەرتۆکی (افسانە جامعە مدنی)، نوسینی: بهرام رحمانی، ناشر انتشارات فروغ، چاپخانەی "مرتضوی" لە شاری "کۆڵن" ساڵی 2001 لە ئەڵمان لە چاپدراوە.

(22) – ماڵپەڕی "حوزە هنری استان مرکزی – شهرستان خمین.

(23) – ماڵپەڕی ویکیپیدیا – ئایەتۆڵلا خومەینیی.

فیلمی (تیشک تی ڤی) حدکا لەبارەی شەڕی نەغەدە

https://www.youtube.com/watch?v=cLQvpySicHA&t=871s

سەرچاوە: فیلمی موفتیزادە لە تەنیشت خومەینیی قسە بۆ خەڵک دەکات

https://www.youtube.com/watch?v=Tdn9dg26W3M

(18*) – لینکی شەڕی خۆرمشار و سوپای پاسداران:

https://fa.wikipedia.org/wiki/%DA%86%D9%87%D8%A7%D8%B1%D8%B4%D9%86%D8%A8%D9%87_%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D9%87_%D8%AE%D8%B1%D9%85%D8%B4%D9%87%D8%B1

ویکیپیدیا- لینکی (ڕاپرسیی بۆ دەنگدان بە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران!)

https://fa.wikipedia.org/wiki/%D9%87%D9%85%D9%87%E2%80%8C%D9%BE%D8%B1%D8%B3%DB%8C_%D9%86%D8%B8%D8%A7%D9%85_%D8%AC%D9%85%D9%87%D9%88%D8%B1%DB%8C_%D8%A7%D8%B3%D9%84%D8%A7%D9%85%DB%8C_%D8%AF%D8%B1_%D8%A7%DB%8CC%D8%B1%D8%A7%D9%86

## بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر:

1- پەرتۆکی "ئەفیون" چاپی یەکەم و دووەم، لە سالی 2009 لە وڵاتی نۆرویژ چاکراوە. چاپی سێیەم، لە سلێمانی لەلایەن "سەنتەری ئاشتی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە"، لەساڵی 2012 چاپ و بلاوکراوەتەوە.

2 - "کۆبەرهەم – ژمارە 1" ساڵی 2011 لە شاری ئۆسلۆ، لە وڵاتی نۆرویژ چاپ کراوە.

3 - "هۆکارەکانی بە دەوڵەتنەبوونی کورد"، لە شاری کۆنکان – لە تایلاند، تایپ کراوە و لە شێوازی پەرتۆک. لە مانگی خەرمانانی 2015 لە شاری ئۆسلۆ، لە نۆرویژ چاپ کراوە و بڵاوکراوەتەوە.

4 - پەرتۆکی "زەلکاو"، مانگی گوڵانی ساڵی 2018 لە شاری "کۆنکان" لە "تایلاند"، نەکراوە بە کتێب، لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بۆ چەندین ماڵپەڕ لەوانە ماڵپەڕی رەنگین و زەنگینی "ئەمڕۆ" نێردراوە و، بڵاوکراوەتەوە!

5 - پەرتۆکی "کۆبەرهەم – ژمارە 2" لە تایلاند تایپ کراوە و کراوە بە پەرتۆک، لەسەر هێڵی ئینتەرنێت لە مانگی جۆزەردانی ساڵی 2019 بڵاو کرایەوە.

**6- پەرتۆکی "وتوویژ" مانگی پووشپەڕی 2020 لە باکووری ولاتی تایلاند تەواو کراوە و کراوە لە شێوازی پەرتۆک لەسەر هێڵی ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە.**

**❇- بۆ دەسکەوتنی هەر یەکێ لەم پەرتۆکانە، یان بۆ ناردنی هەر سەرنج و رەخنە و تێبینی و پێشنیازێکی دڵسۆزانە، لە رێگەی ئەم ئێمەیلەوە پێوەندیی بگرن:**

**بە سوپاسەوە:**

Sirwan.kawsi@gmail.com

**رروونکردنەوەیەکی پێویست:**

**ئەم پەرتۆکە بەرگی یەکەمی سەرەتا بە ناوی "مێژووی دەسەڵاتدارێتیی ئایینی لە ئێران" بڵاوکرایەوە، لەکاتی ئامادەکردنی بەرگی (2) ، بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لەم چەند مانگەی دوایی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێران روویاندا، بە پێویستمزانی ناوی پەرتۆکەکە بگۆڕم بۆ: (مێژووی (500) ساڵەی دەسەلاتدارێتی و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی شیعە!).**

***- سوپاس و پێزانینم بۆ برا و هاوبیری زۆر بەڕێز و خۆشەویست**

**کاک نێعمەت کاوسی بۆ بژارکردنی هەڵەی پیتنووس (تایپ)ی ئەم بەرهەمە!**

# History of 500 Years of Authority of the Islamic (Shiite) Empire and Its Collapse

## From the Safavid Empire
## to Khomeini's Islamist Empire

**Author: Sirwan Kawsi**

**Volume:**
**(1)and (2)**

**january 2023, Khonkaen**
**Thailand.**